سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا. مەریوان هەڵەبجەیی تایبەت بە کوردیپێدیا
www.kurdipedia.org

مەریوان
هەڵەبجەیی

# سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا

تێڕوانینێکی زانستیانە و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە
سەبارەت بە پێگەی ژن لە ئیسلامدا

چاپی دەیەم
2011

# Sex, Sharia and Women in the History of Islam

Tenth Edition

Mariwan Halabjaee

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org

ناوی کتێب :

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا.

تێڕوانینێکی زانستیانە و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە
سەبارەت بە پێگەی ژن لە ئایینی ئیسلامدا

بابەت : لێکۆڵینەوە
نوسەر : مەریوان هەڵەبجەیی
بەرگ و نەخشەسازی : دڵسۆزێک
تیراژ : 5000 دانە
چاپ : چاپی دەهەم 2011
ژمارەی سپاردنی 845 بۆ ساڵی 2005 ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە.

ئەم چاپە پێشکەشە بە کاکە ئدریس
بەسەرپەرشتی و ئەرکی ماددی و مەعنەوی ئەو هاتۆتە بەرهەم.
نموونەیان زۆر بێت.

www.xwdakan.net
www.xwdakan.com

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

## چەند دێڕێک سەبارەت بە چاپی دەهەم

خوێنەری بەڕێز" وا چاپی دەیەمی ئەم کتێبە کەوتەبەر دەستت، کتومت وەک چاپی هەشتەم و نۆیەم ئەم پێشەکییەم نوسیوەتەوە. وا گەیشتە چاپی دەیەم و جگە لەتەشهیرو تەکفیرو ناوزڕاندن و سوکایەتی و بوختان و..تاد. کەزیاتر لەبیروباوەڕی ئایینەوە نزیکن، تا ئێستا هیچ وەڵامێکی زانستی سەبارەت بەناوەڕۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە بڵاونەکراوەتەوە. بەر لە ماوەیەک بابەتێکی ڕۆژنامەی هەواڵ سەرنجی ڕاکێشام[1] نوسەرەکەی پەرەگرافێکی نوسیبوو، پێمخۆشبوو چەند دێڕێکی بەنموونە بهێنمەوە، ئەو دەڵێت:

کاتێک نوسەرێک ڕەخنەدەگرێت یان وەڵامی ڕەخنەیەک دەداتەوە، ئەگەر بەقورسیش دابەزێتە سەر بابەتەکەو ڕەخنەی توندیش لەبیروڕاو بۆچوونەکان بگرێت و نوسەریش تۆمەتبار بکات بەبێئاگایی لەزانیاری پێویست، هەر قبوڵەو واریدە، بەڵام کاتێک قەڵەمێک یان فەریکە قەڵەمێک دێت و بە بابەتەکە ناوێرێت و دەکەوێتە تەشهیرو ناوزڕاندی نوسەرو هەڵڕشتنی داخی دڵ بەکۆمەڵێک قسەوقسەلۆک کەزیاتر لەجوێنەوە نزیکن، بەڵکو هەر جوێنی تەواون بەڵام لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە نەک لەلاکۆڵان، ئەو کاتە ئەو نوسینە جگە لە(بێئەدەبی)و (نالایقی) هیچ وەسف و

[1] ڕۆژنامەی هەواڵ، ژمارە291، ل5، سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی

Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org



پێناسەیەکی تری پێناشێت. پێویستە مرۆڤ پێش ئەوەی (زانا) بێت (بەئەدەب) بێت، پێش ئەوەی (زانست) وەرگرێت (ئەدەب) وەرگرێت. کێشەکەش لەجەوهەردا نەبوونی ئاوەزی ئەدەب نییە بەڵکو بەداخەوە موسڵمان لەبەرامبەر بیروڕای جیاوازداو لەبەرامبەر خاوەنی بیروڕاکەیشدا پێی ڕەوایە بێئەدەبی بکات، پێی وایە خێری دەگات تەشهری پێبکات و ناوی بزڕێنێت، بەجیهادو غەزای دەزانێت گەر چەقۆشی لێنەدات قسەی وەک چەقۆی پێبڵێت. گەر موسڵمانێک هەبێت بەم شێوەیە هەڵسوکەوت نەکات و گفتوگۆی گونجاوو لەسەرخۆ بێت ئەوە دیارە بەجیا بیریکردووەتەوەو کاریگەری کلتورێکی تری لەسەرە جگە لەکولتوری ئیسلامی. بەداخەوە (تەشهرو تەکفیر) سەنعاتێکە کەتایبەتە بەمرۆڤی موسڵمانی ڕەسەنەوەو موسڵمان ئەگەر تەنها سود لەئیسلام ببینێت و تەنها ئیسلام سەرچاوەی بیرکردنەوەی بێت هەر بەو شێوەیە دەتوانێت وەڵامی بیروڕای جیاواز بداتەوە. ئەم گوتارەی تەشهیرو تەکفیرەی مەلاکان نموونەیەکی ڕەسەنی گوتاری ئیسلامیەو ئەدەبی ئیسلامی لەگفتوگۆدا بەلێهاتووی تەواو بەرجەستە دەکات. لەقورئانیشدا تەشهیرو تەکفیر هەیە: لەسورەتی (المسد1-5) باسی ئەبولەهەب و ژنەکەی دەکات، بزانە چۆن باسی کردوون. لەسورەتی (القلم10-16) باسی (وەلیدی کوڕی موغەیرە) دەکات کەیەکێک بوو لەپیاوە ماقول و ئاقڵەکانی مەککە، بزانە چ تەشهرێکی پێدەکات، پێی دەڵێت: (سووک) (تانەدەر) (فیتنەچی) (چاکەنەخواز) (دەستدرێژکار) (تاوانکار) (ڕەزاگران) ئینجا (بنەچەنادیار) ئینجا دەڵێت (لووتی دەبڕین).

نوسەر بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ئەمەش هەمووی لەسەر ئەوەی کەوەلیدی ناوبراو قەناعەتی بەئیسلام نەکردووەو بەئەقڵیدا نەچووەو پشتی بەئەقڵ و لێکدانەوەی خۆی بەستبوو! بەڵام دەقە قورئانییەکە بەدوای کەسێتی موغەیرەدا چووەو ئەوەی داوە بەڕویدا کەباوکی دیار نییەو پیاوێکی مەککەیی کردوویەتی بەکوڕی خۆی. ئەمە نموونەیەکی

ڕەسەن و زیندوو بەردەوامی گوتارو گفتوگۆی ئیسلامییە. مەلاکانیش واریسی پێغەمبەرانن! بۆیە گوتارو گفتوگۆکەیان ئاوایە. ئەگەر قورئان تانە بدات لە(ڕەزا)و (بنەچە)و (لوت)ی وەلیدی کوڕی موغیرە، ئیتر سەیر نییە مەلاکانیش کەلەو ئاوە زوڵاڵەیان خواردووەتەوە تانە بدەن لە(ڕەخنەگر).

چاپی یەکەمی ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی ساڵی 2005. ئێستا ساڵی 2011یەو واچاپی دەیەمی گەیشتە دەستت، ئەمەش لەکوردستاندا دەگمەنە. ڕەنگە چاپەکانی یەکەم و دووهەمی ئەم کتێبە دەیان هەزار کەس خوێندبێتیانەوە.

سەرباری هەبوونی کاتێکی زۆرو تێپەڕبوونی زیاتر لەپێنج ساڵ بەسەر بڵاوکردنەوەی یەکەم چاپی ئەم کتێبەدا تائێستا جگە لەکۆمەڵێک تەشهیر، تەکفیر، فتوا، جوێندان، ناوزڕاندن، گەڕان بەشوێن شێوەو شێوازی نهێنییەکانی ژیانم، باسکردنی خانەوادە، دروستکردنی کۆمەڵێک حیکایەت مەگەر تەنها خۆیان سەری لێدەرکەن، دواتر گەورەکردنیان و بڵاوکردنەوەیان لەکەناڵە جیاوازەکانی ئیسلامی و هەواداانیان، ئیتر نەمدیوەو نەمبیستووە یەک پەرەگرافی زانستی لەسەر ئەم لێکۆڵینەوەیەم نوسرابێت. ئەوەی هەیەو لەبەرچاوەو ئیسلامییەکانی کوردستان گرنگییەکی زۆریان پێدابێت ئەو بەناو نامیلکەیە بوو کۆمەڵێک مەلا کەلەلایەن بزوتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی و موفتی وپرۆژەی تیشکەوە ئامادەباشیان بۆ کردبوون بڵاوکراوەتەوە، کەلەڕاستیدا ئەو گەلەکۆمەیە نەبووایە هەرگیز وەڵامم نەدەدانەوەو خۆمم نەدەخستە ئەو ئاستە نزمەوە کەوەڵامی تەشهیرو جوێن بدەمەوە، هەر ئەم هۆیەش بوو وای لێکردم وەڵامێکی زانستی بەڵام جەرگبڕیان بدەمەوەو وەڵامەکەش هەر لەناو ئەم کتێبەداو لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکاندا دەتوانیت بیخوێنیتەوە.

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org



عەلی باپیر : من فتوای کوشتنی مەریوان هەڵەبجەییم نەداوە، فتوای کوشتنی ئەو لەسەر ڕای زۆربەی هەرە زۆری زانایانی موسڵمانان بوە نەک من. ئەو نوسەرەی کە بێئەدەبی دەکات بەپێغەمبەری خۆشەویستمان، گەر کافر بوو، ئەوە هەڵەی کردووە دەبێت داوای لێبوردن لەموسڵمانان بکات، گەر موسڵمانیش بوو، ئەوە پێی کافر دەبێت و دەبێت تەوبە بکات و پەشیمان ببێتەوە ئەگەرنا سزای ئەو جۆرە نوسەرانە بریتییە لەکوشتن.

سەرکەوتنی ڕەهای ئێمە لەوەدایە وەڵامی زانستی لەبەرامبەر ڕەخنەکانمان نابینین. هەرکەس بۆی لوابێت سوکایەتی پێکردوین و ویستویەتی چەقۆ لە گەردنمان بسوێت. گەر ئایینی ئیسلام ئایینێکی موتەکامیل بووایە، گەر خاوەنی کەمترین وەڵامی زانستی ڕەخنەکانمان بووایە، گەر حزبە ئیسلامییەکانیش خاوەنی کەمترین پرۆژەی دیموکراتی بوونایە، گەر پرۆژەی تیشکیش خاوەنی کەمترین پرۆژەی مەعریفی بووایە، هیچکامیان پەنایان بۆ سوکایەتی و هەڕەشەو تۆقاندن و کوشتن نەدەکرد، لەبری ئەوانە زۆر بەهێمنی و بەشێوەیەکی زانستی وەڵامێکی کورتی ئەکادیمییان دەدامەوەو لەجیاتی ماسولکەکانیان پەنایان بۆ لۆژیک دەبرد. ئەمەیە ئەخلاقی ڕاستەقینەی موسڵمانان، ئەمەیە دۆڕان.

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org



مەلا کرێکار لەیەکێک لەهۆڵەکانی نەرویج لەباوەشی ئافرەتێکدا بەناوی شابانە ڕەحمان

مەلا کرێکار : مستەحیلەو تەنازول لەیەک فەقەرەی ئەم ئیسلامە ناکەین، بەڕووی هەموو کەسێکدا گازو نینۆک و چنگمان لەقورڕقوڕاگەی ئەو کەسە قایم دەکەین کەبەرامبەر ئیسلامەکەمان ڕاوەستێت، ئەو مەریوان هەڵەبجەییەی سوکایەتی بەدینی ئێمە دەکات وەڵا ناژین گەر ئەو بژی.

ئەم کتێبە، پەڵەیەکی ڕەشە بەسەر دەق و مێژووی ئیسلام و نێوچەوانی هەوادارانییەوە، زۆربەی بابەتەکان سەبارەت بەپێگەی حەقیقی ژنانە لەئیسلامدا، ماناکانی سەربڕین، ئەتککردن، کڕوزانەوەو هاوار، پەیامی شاراوەی ئافرەتانی ژێر چەپۆکی یاساکانی ئیسلام و شمشێری موجاهیدەکانی موحەممەدی هەڵگرتووە، ئەو یاسا خودایانە نیشاندەدات لەسێبەریدا دیمەنی ئەو ئافرەتانە ببینین کەلەماڵەکاندا زیندانین و لەژێر مۆتەکەو یاساو خورافەکانی قورئان و حەدیس، قامچی و ماسولکەکانی مەلا، باوک، برا، مێرد، کوڕ، ئامۆزا، خاڵۆزا و نێرەسالارەکانی دیکە ئاهو هەناسەی بێکەسی هەڵدەکێشن، لەپێناوی ملکەچی و پاراستنی شەرەفە ڕژاوەکانی پیاوانی موسڵماناندا دەسوتێن و دەیانسوتێنن، لووت و گوێیان دەکەن، سەریان دەبڕن و ئیغتیصابیان دەکەن. بە بڵێسەی جەستە و خوێنی سووری ئەو ئافرەتانە نوسراوە کەڕازی نەبوون ببنە پارێزەری شەرەفی حەرەسەکانی خوا. حەقیقەتگەلێکی لەم چەشنەش کە بە لێکۆڵینەوەی زانستی و مێژوویی پێی گەیشتوین، بەدوعاو شمشێر،

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

بەفتوای عەلی باپیری کۆنە بەعسیی کوردکوژ، بەهەڕەشەکانی مەلا کرێکاری ئینسان سەربڕیی ئازادیکوژ، بەمزگەوتەکانی مەلا هادی ئیتڵاعات و نەتەوەکوژ، بەسوتاندنی کتێبەکەو بە خۆپیشاندان لەشارەکانی کوردستان لەناوناچن. ئەو شێوە توندوتیژییەی بەرامبەر بەئازادی ڕادەربڕین دەینوێنن مانای ئیفلاسی فکری خۆیان و دینەکەیانە تا دەگاتە ئەوپەڕی ئیفلاسی ئەخلاقیش.

ئەوانەی تائێستاش توندوتیژن بەرامبەر بەئازادی ڕادەربڕین بێئاگان لەوەی گالیلۆش بۆ هەمان مەبەست پەلکێشی دادگا کراو هەڕەشەی سێدارەیان لێکرد گەر لەو بیردۆزەی پەشیمان نەبێتەوە کە گوتبوی (زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە). ئەویش پەشیمانی خۆی ڕاگەیاند. ئەو کات ئەنستیوتە دینییەکان پەشیمانبوونەوەی گالیلۆیان بەسەرکەوتنێکی گەورەی خۆیان زانی, زۆر لەوە بێئاگاتر بوون لەوەی کە بیردۆزەکەی ئەو داهێنانێکی زانستییەو زانست و فکرو مەعریفەش بە تیرۆرو تۆقاندن لەناوناچن و ناشاردرێنەوە. ئەوەتا زەوی, بەپێچەوانەی خواستی ئیسلام و موسڵمانان خڕەو بەدەوری خۆریشدا دەسوڕێتەوە. ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان باڵادەستی ئیسلامگەراکان لەفرسەتێکی چاوەڕواننەکراودا هێزی ماسولکەیان بگاتە گەردنم, ڕەنگە وام لێ بکەن بپاڕێمەوەو دوای وێنەگرتنم بەکامێرایەکی شەق و شڕی ڤیدۆیی بە تیغی مێژوویان بمکەنە قوربانی، وەلێ ئەمە کارناکاتە ناوەڕۆکی کتێبەکە, ئەوەی نوسیومە حەقیقەتێکی زانستی و مێژوویی هەیەو پەیوەندی بەپەشیمانی و سەربڕینەوە نییە. بەشمشێرو کوتەک، بەفتواو دادگای شەرعی، بەخۆپیشاندان، بەکۆکردنەوەو سوتاندن، بەتیرۆرو تۆقان، هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەناوناچێت.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org


خۆپێشاندانی شاری هەولێر ڕۆژی دوو شەممە14-2-2006

گەر ئایینزاکانی ئیسلام توانیان یەک لەسەر شەشی زانیارییەکانی ئەم کتێبە بەناڕاست بسەلمێنن، لەمزگەوتێکدا پەشیمانی خۆم ڕادەگەیەنم و گۆشاوگۆش قەڵەمەکەم سەردەبڕم. بەختیار عەلی دەڵێت:

کێشەکەی مەریوان هەڵەبجەیی جارێکی تر ئەو دۆخە تراژیدییەی ئاشکرا کرد کە بزاوتە ئیسلامییەکان لە وڵاتانی ئێمەدا تیادەژین. ئاشکرایە ئەم بزاوتانە نەسوود لە مێژوو وەردەگرن, نەدەشتوانن لە ڕابردووەوە هیچ فێربن. بچوکترین وانەیەک دەبایە ئیسلامیەکان لە ڕابردووەوە فێریببن ئەوەیە سیاسەتی هەڕەشەکردن و گرتن و کوشتن لەگەڵ کتێب و فیکرو نوسین و نوسەراندا, هەمیشە بە سەرکەوتنی نوسەران و نوشوستی دەزگاو ئەنستیوتە دینییەکان کۆتایی هاتووە. بە درێژایی مێژوو وا بووەو هەر واش دەمێنێتەوە. دەزگاو هەیئەتە دینییە کۆنەکان حەلاجیان کوشت, بەڵام جیهانبینی حەلاج نەکوژراو سەدە دوای سەدە گەیشتە ئەمڕۆ, مردنیشی بوو بە سەمبولێکی مێژوویی, کە نەوە لە دوای نەوە ئیلهامی لێوەردەگرێت. چەندین سەدەیە ئیسلامیەکان ئەم حیکایەتە دووبارە دەکەنەوەو هەموو جارێکیش دەکەونەوە هەمان هەڵە.

لەبەرئەوەی لەکۆتایی ئەم کتێبەدا بەشێکی گرنگم بۆ ڕووبەڕووبونەوەی موسڵمانەکان بەرامبەر کەسایەتی خۆم و کێشەو گرفتەکانیان بەرامبەر کتێبەکە ئامادەکردووەو وەڵامێکی دورو درێژم دەربارەی هەموو لایەنەکان نوسیوە لێرەدا کۆتایی بەم پێشەکییە کورتە دەهێنم.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org



مەلا "هادی ساڵحی" کوڕی حاجی سەعیدە، خەڵکی گوندی "هەرمێدۆڵ"ە سەر بەناوچەی سەرشیوی سەقز، ئێستا دانیشتووی شاری سەقزە. لەڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەنوێژی هەینیدا چاپی پێنجەمی کتێبەکەی بەرزکردووەتەوەو بەهاوارەوە دەڵێت:

هەر کەسێک دژایەتی خواو قورئان بکات وەک ئەم کتێبە کردوویەتی، هەر قانونێکی لەپشت بێت، تا ئاخر قەترەی خوێنمان شەڕی لەگەڵ دەکەین، بەئیزنی خوای پەروەردگار یا خۆمانی لەسەر دائەنێین یامێشکیان لەژێر پاماندا ئەفلیقێنینەوە. وسەڵڵەلاهو عەلا سەییدینا موحەممەدە وعەلا ئالیهی وەسەحبیهی وەسەللەم



Marwan Halabjaee
xwdakan.com

کۆندۆلیزا رایس وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، دوای خۆپیشاندانەکەی موسڵمانانی سلێمانی و هەولێر لەدژی ئازادی ڕادەربڕین، لەڕاپۆرتی مانگی سێی 2006دا سەبارەت بەخۆپیشاندانەکەو نوسەری ئەم کتێبە لەدیرێکیدا دەڵێت:
کارکردن لەبواری ژنان، بەتایبەت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێویستی بەکەسە ئازاکانەو دەبێت ئەمریکا لە سەرانسەری جیهاندا هەمیشە پاڵپشتی ئەو ژنان و پیاوە ئازایانە بێت کە خەون بە ئازادییەوە دەبینن.




پاش هەڕەشەکەی مەلا کرێکار، ڕۆژنامەی داگبلادێتی بەناوبانگی نەرویجی چاوپێکەوتنی لەگەڵ مەریوان هەڵەبجەیی کردووەو تێیدا داوای ڕووبەڕووبونەوەی تەلەفزیۆنی و جەماوەری لەمەلا کرێکار کردووە بەڵام ئەو ڕازی نەبووە.

## ژن و شەرع یاخود شەرع و ژن
## دەروازەیەك بۆ سێکس و شەرع و ژن

بەبێ دابینکردنی پێگە هەمەلایەنەکانی ژنان، وەک مرۆڤێکی یەکسان لەگەڵ پیاواندا، ناتوانین قسە لەسەر ئازادییە گشتییەکانی مرۆڤایەتی بکەین.

وا دەخوازرێت بچینە ناو نەریتو بەهاو ئەقلێکی تەواو رەشۆکیەوە, بۆ ئەوەی بتوانین بڕوا بەو یاساو کلتورو ڕەوشتو بەسەرهاتە جەرگبڕانە بکەین کە لە مێژووی ئیسلامدا

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

ڕوویانداوە, لە دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی وەهادا بگوزەرێین کە بمانگێڕێتەوە بۆ زیاتر لە 1400 ساڵ تا بتوانین ڕووداوەکانی ئەو کاتە لەگەڵ لۆژیکی ئێستاماندا بگونجێنین, ئەو کات دەتوانین لە نزیکی ئەقڵی سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلامەوە ورد ببینەوەو خوێندنەوەیەك بۆ ئەم ئایینە بکەین.

کچێکی کورد (س) لەکوردستانی لکێنراو بە عێراقەوە, ئەگەرچی هیچ لە ئیسلام تێنەدەگەیشت, بەڵام موسڵمانێکی نوێژکەرو لەخوا ترس بوو. لەسەر کاری سیاسیی برایەکی, ساڵی 1986 لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە, دەستگیرکرا. ئەوکاتە شووی نەکردبوو, دوای چەند مانگێك کەسوکارەکەی توانیبویان لەئەمنی عامی بەغدا بیبینن و چەند خولەکێك قسەی لەگەڵ بکەن. بەو ماوە کورتە بۆیان دەرکەوت کچەکەیان لاقە (ئغتیصاب) کراوەو دووگیانە. پاش دادگاییکردنی بە بیست ساڵ, کچەکەیان بۆ زیندانە گەورەکەی ئەبوغرێب ناردووەو منداڵەکەشیان لەپارچە پەڕۆیەك ئاڵاندووەو ڕەوانەی کەسوکارەکەیان کردووە. ئەو لەگەڵ نەهامەتییەکانی زیندان دەژی تا بە لێبووردنی گشتی ساڵی 1988 ئازاد دەکرێت. دوای دوو ساڵ چاوی بە منداڵەکەی دەکەوێت. ساڵی 1997 بەمەبەستی ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژنامەوانی چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ سازکرد. ئەگەرچی تەواوی چاوپێکەوتنەکەم بەکامێرای ڤیدیۆیی وێنەگرت, بەڵام ئەو ئامادە نەبوو, بەهەر نرخێك بێت, ئەو کارەساتە جەرگبڕە بڵاوبێتەوەو ناوو ناونیشانی بکەوێتە ڕۆژنامەکان, بەو بەهانەیەی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە بە چاوێکی بێڕێز تەماشای دەکەن. منیش لەگەڵ بەشێك لە داخوازییەکانی بووم چونکە بە پاساوی ئەوەی شەرەفی لەدەست داوە دەکەوتە بەر چەپۆکی تانەو تەشەری ئیمانداراەکانی ئیسلام.

نوسینی ئەم کتێبە لەئازاری ئەو چاوپێکەوتنەوە سەرچاوی گرتووە. دیمەنەکە ڕوونو ئاشکرایە, مرۆڤێك دەستگیر کراوە, لەبەر ڕەگەزەکەی کە (مێ)یە, لەلایەن ئەمنەکانی سەر بە ڕژێمی بەعس, لەناو کابینەیەکداو لە فەرمانگەی ئەمنی شاری سلێمانی, دەستدرێژی کراوەتەسەرو لاقەیان کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا (س) ئامادە نییە ڕاستییەکان ئاشکرا بکات نەکا ببێتە هۆی ناوزڕاندنو سوکایەتی بۆ کەسێتییەکەی. (س) دەیزانی کە ئەو کۆمەڵگەیەی

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

ئەوی تێدا دەژی, كلتورێك بەسەریدا زاڵە كە ئافرەتانی لەم شێوەیە بە چاوێكی بێڕێز تەماشا دەكرێن. بەڵام ئەوەی نەدەزانی تاكەكانی ئەو كۆمەڵگەیە, لەكاریگەری گوتاری ئایینێكدا, كەپێی دەڵێن ئیسلام, لاقەو ئەتكی ئەویان كردووەو كەرامەتیان شكاندووە, هەر لەكاریگەری ئەو گوتارەشەوەیە كە بەچاوێكی بێڕێز تەماشای دەكەن. وەلیٚ (س) بزانێت یان نا بووە هۆی سەرەكی نوسینی ئەم كتێبە.

ئەگەرچی لە مێژووی سیاسیو كۆمەڵایەتی میللەتاندا (س) یەكەم ئافرەت نەبووە دەستدرێژی بكرێتەسەرو ئەتك بكرێت, بەڵام ئەو كۆمەڵگایانەی كە ئیسلام بەسەریدا زاڵ بووە كارەساتی لەم شێوەیەی زۆر تێدا روویداوە. لەناو میللەتێكی وەك كورددا (س)ینەكان بەدرێژایی مێژوو لەلایەن ئیسلامگەراكانەوە ئەتك كراون, هەركەس تەماشایەكی كورتی مەلەفە داخراوەكانی كۆمەڵەی زیندانە سیاسییەكانی كوردستانو عێراق بكات چەندین بەسەرهات دەخوێنێتەوە. ئەوەی سەردانێكی خێرای عێراقو ئەفغانی كردبێت بۆی دەردەكەوێت پرۆسەی ئەتككردن, بەتایبەتی لەلایەن گروپە توندرەوەكانەوە, بە ئاسانی بەرێوە چووەو ماوە ماوە, لێرەو لەوێ, هەواڵی لەو شێوەیە لە میدیاكاندا بڵاوكراونەتەوە.

لە ئیسلامدا ژنان تاوانباری سەرەكیو گوناهەكانی پیاوانن, بەپێی دەقەكان دەبێت پیاوان (راستكەرەوە) یان (بكوژ)ی ژنان بنو ژنانیش ملكەچی شەهامەتەكانی پیاوان بن, بەلایانەوە ئەم جیاوازییە سروشتكرد نییە بەڵكو دەستكردی خوایە. لە سورەتی النساء 34 نوسراوە:

الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ اللّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَآ أَنْفَقُواْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللّهُ وَاللاَّتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلاَ تَبْغُواْ عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً.

سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

پیاوان بژێوهێنەرو باڵاترو راستکەرەوەن بەسەر ژنانەوە,[2] ئەمەش بەهۆی ئەو رێزەوەی کە خوا بەخشیویێتی بە هەندێك (پیاو) بەسەر هەندێکی دیکەدا (ژن), پیاوان سامانیان هەیەو ئەرکی بەرێوەچوونو خەرجیی ماڵیان لەسەرە, ژنانی چاکو باشیش ئەوانەن هەمیشە گوێرایەڵو ملکەچی مێردەکانیانن, لەکاتی ئامادەنەبوونی مێردەکانیاندا (داوێن)یان دەپارێزن کە خوا پاراستوویەتی. (ئەی پیاوان) ئەو ئافرەتانەی کە یاخی دەبنو ترستان لەسەرپێچیان هەیە, (تەمێ, ئامۆژگارییەکی ترسناك)یان بکەن, لە جێگەی جووتبوونی سێکسییان دوور بکەونەوە, لێیان بدەن. خۆ ئەگەر ملکەچتان بوون, ئێوەش رێگەی تر مەگرنەبەر.

نموونەیەکی دیکە, کەلە سەرگوزشتەو نوسراوە باوەرپێکراوەکاندا هاتووە:

خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ إِلَى الْمُصَلَّى فَمَرَّ عَلَى النِّسَاءِ فَقَالَ يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ تَصَدَّقْنَ فَإِنِّي أُرِيتُكُنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ فَقُلْنَ وَبِمَ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ تُكْثِرْنَ اللَّعْنَ وَتَكْفُرْنَ الْعَشِيرَ مَا رَأَيْتُ مِنْ نَاقِصَاتِ عَقْلٍ وَدِينٍ أَذْهَبَ لِلُبِّ الرَّجُلِ الْحَازِمِ مِنْ إِحْدَاكُنَّ قُلْنَ وَمَا نُقْصَانُ دِينِنَا وَعَقْلِنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ أَلَيْسَ شَهَادَةُ الْمَرْأَةِ مِثْلَ نِصْفِ شَهَادَةِ الرَّجُلِ قُلْنَ بَلَى قَالَ فَذَلِكِ مِنْ نُقْصَانِ عَقْلِهَا أَلَيْسَ إِذَا حَاضَتْ لَمْ تُصَلِّ وَلَمْ تَصُمْ قُلْنَ بَلَى قَالَ فَذَلِكِ مِنْ نُقْصَانِ دِينِهَا.[3]

---

2 (الشاة أصابها القوام والمعوج عدله و أزال- ( القوام ) قوام كل شيء عماده ونظامه وما يقيم الإنسان من القوت وقوام الأمر ما يقوم به وهو قوام أهل بيته يقيم شأنهم- ( القوامة ) القيام على الأمر أو المال أو ولاية الأمر- ( القوام ) الحسن القامة والحسن القيام بالأمور- ( القويم ) المعتدل والحسن القامة.) المعجم الوسيط: إبراهيم مصطفى . أحمد الزيات . حامد عبد القادر محمد النجار, تحقيق / مجمع اللغة العربية. مادة(قوم,قوام)

3 بڕوانە ئەم مێژوونووسە بەناوبانگو باوەڕپێکراوانەی ئیسلام صحيح البخاري, كتاب الحيض, باب, ترك الحائض الصوم, حديث298. صحيح مسلم, كتاب الايمان , باب, بيان نقصان الإيمان بنقص الطاعات وبيان إطلاق, حديث79. الحاكم, المسترك على الصحيحين, كتاب الفتن والملاحم, حديث8783. سنن ابي داود, كتاب السنة, باب الدليل على زيادة الإيمان ونقصانه. حديث4679. سنن ابن ماجه, كتاب الفتن, باب فتنة النساء,



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

پەیامبەری خوا, بۆ شوێنگەنوێژ چووە دەرەوە, بەلای کۆمەڵێك ژندا تێپەڕی, پێیانی وت: ئەی ژنینە صەدەقە بکەن, چونکە واتان دەبینم بەشی زۆری ئەهلی دۆزەخ لە ئێوەن. ژنەکان پێیان وت: جا بۆ ئەی پەیامبەری خوا.؟ لە وەڵامدا پێی وتن: نەفرەت زۆر دەکەن, ناشوکری مێردو خزموخوێ دەکەن, لەوانەی کە ئەقڵ و دینیان نوقصانە, نەمدیوە لە ئێوە زیاتر ئەقڵی پیاوی ئاقڵ لاببات. ژنەکان وتیان: ئەی پەیامبەری خوا ئەبێ نوقصانی ئەقڵی ئێمە لەچیدا بێت.؟ لە وەڵامدا پێی وتن: ئایا بە دوو ژن یەك شاهێدی پیاو وەرناگیرێت.؟ وتیان: با. وتی: ئەوە لەنوقصانی ئەقڵەکەیەتی. ئەی ئەگەر کەوتە تەرییەوە (سووڕی خوێنی مانگانەی ژنان) لە نوێژو ڕۆژوو دوور ناکەوێتەوە.؟ ژنەکان وتیان: با. پێی وتن: ئەوەش لەنوقصانی دینەکەیەتی.

لە سیرەکانیشدا هاتووە کە موحەممەد, جگە لەوەی لەگەڵ هەژدە ژندا جووتبوونی سێکسی کردووە, ویستویەتی لەگەڵ بیستو حەوت ژنی دیکەدا هاوسەرگیری بکات. گەر موسڵمانان پرسیار لە مەلاو شارەزایانی ئیسلام بکەن کە بۆچی موحەممەد ئەم هەموو ژنەی هێناوە.؟ لە وەڵامدا دەڵێن:

یەکەم : بەشی هەرە زۆری ژنەکانی بێوەژن بوون کەس نەیخواستوون.

دووهەم : ناشرین بوون کەس جووتیان نەدەبوو.

سێهەم : هەژار بوونو کەس ئامادە نەبوو نانیان بداتێ.

بۆ ڕاستیو دروستی ئەم پاساوانە باشتر وایە خۆمان مێژووەکەیان بخوێنینەوەو هەر خۆمان لە ڕاستییەکان بکۆڵینەوە. گەر کەسێك ئەم کتێبە بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت بەشێکی باشی ژنەکانی پەیامبەر لە کەنیزەك و دیاری پاشاو دەستکەوتی جەنگ پێکهاتبوون. تۆ لەسەردەی ژنەکانیشی لە دەوڵەمەندیو جوانیدا بەناوبانگ بوون. بۆ نموونە یەکێك لە ژنەکانی موحەممەد ناوی ڕێحانەیە. وەرگێڕە ئیسلامییەکان دەڵێن: بێوەژنێکی لێقەوماو بوو, پەیامبەری خوا بەزەیی بە حاڵیدا هاتۆتەوە, شەرەفێکی گەورەی پێ بەخشیوەو کردوویەتی بەیەکێك

حديث4003. الآداب للبيهقي, باب التغليظ في اللعن, 334. سنن الترمذي, أبواب الإيمان, باب في استكمال الايمان والزيادة والنقصان, حديث2745



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

لەژنەکانی خۆی. بەڵام لە راستیدا ڕێحانە بیوەژن نەبوو, بەڵکو مێردو باوکو براو کوڕو هەموو کەسوکاری, لە کۆمەڵکوژییەکەی (بەنی قورەیزە)دا بەفەرمانی موحەممەد سەر براون. هەژاریش نەبووە, بەڵکو ژنی دەوڵەمەندترین هۆزی ناوچەکە بووەو ئەو دەستکەوتانەی لەو شەڕەدا چنگی موحەممەدو موسڵمانەکان کەوتووە لە زۆریدا ئەژمار ناکرێن. ناشرینیش نەبووە, بەڵکو یەکێك بووە لەژنە جوانەکانو بەناوبانگ بووە, بەزەییشی پێدا نەهاتووەتەوە بەڵکو وەك بەشێك لە دەستکەوتەکانی غەزا چنگی کەوتووەو بووە بەخاوەنی. بێوەژنیو هەژاریو ناشرینیو بەزەیی لەکوێی, مێردایەتیو دەوڵەمەندیو شاجوانیو بە کۆیلەکردن لەکوێ.!؟

ئەم کتێبە دەرخستنی ئەو راستییانەی خستۆتە ئەستۆی خۆی کە ئایینی ئیسلام هەقو دەسەڵاتی داوە بە موجاهیدەکانی خۆی, بۆ ئەوەی خوا دەسەڵاتو دەستکەوتیان بداتێ, لەکاتی پارانەوەیاندا فرمێسك بڕێژنو لەپێناوی دامرکاندنەوەی هەوەسی سێکسو نیشتنەوەی چووکی ڕەپیاندا ئینسان بکوژن.[4] لەگەڵ ئەم چەوساندنەوەیەی کە ئەم دینە بەرامبەر بە ژنانی کردووە, گەر پرسیار لە ئافرەتە موسڵمانەکان بکەین, چەندیان شارەزان بە دەقە رەسەنەکانی ئیسلام, ئایا خودی خۆیان دەقو مێژووی دینەکەی خۆیان خوێندووەتەوە یان..نا.؟ بێگومان نین لەوەی کە زۆربەیان نەشارەزان.

گەر بمانەوێت لەم کلتوورو نەریتە ڕەشۆکییە دەرچینو کاریگەری یاساکانی ئەم ئایینە بەسەرماندا زاڵ نەبێت, دەخوازرێت کار لەسەر مێژووەکەی بکەینو قوڵتر بچینە ناو نوسراوەکانیانەوە, خۆمان لە پاساوو قەپووقاڵی عەقیدەو ئایدۆلۆژیا دوور بخەینەوە, لەگەڵ خۆماندا ڕاستگۆ بین, دوور لە هەموو ترسێك پەنجە بخەینەسەر برینەکانو راستییەکان بخەینەڕوو, ئەمەش کارێکی زۆر سەخت نییە, چونکە ئەرکی نوسەرانو لێکۆڵەرەوانە راستییەکانی مێژوو ئاشکرا بکەن.

لێرەو لەوێ هەندێك هەوڵی باشو گەشبین بۆ ئەم جۆرە نووسینانە هەیەو بەردەوامە. هەرگیز هەوڵە گەورەکەی (عەبدولخالق مەعروف)یش لەبیرناکرێت کە بەکتێبی (ئادەمیزاد

---

4 د. عەلی وەردی, لە کتێبەکەیدا (وعاظ السلاطين) بە دوورو درێژی لەم چەمکە دواوە.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

لەکۆمەڵی کوردەواریدا) چاوی ڕۆشن کردینەوە. بەو مانایەی پەیامەکەی ئەوەندە گەورە بوو موجاهیدەکانی خوا نەیانتوانی وەڵامی بدەنەوەو لە غەفڵەتێکدا تیرۆریان کرد. لەگەڵ ئەم ئەنجامە نەخوازراوەشدا, پێویستمانە کار لەسەر ئەم تێزە بکەین. ئەوەی ئەم کارانەی سەخت کردووە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەلایەکەوە شارەزایان لەم بوارەدا بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن, لەلایەکی دیکەوە ئەوەی لەبارەی ئەم ئایینەوە بیستراوە ئەو تەرجەمانە گەیشتوونەتە کۆمەڵگە کە لەلایەن ئایینزاکانەوە, بەناوی زانایانی ئیسلامەوە, لەسەر ویستو ئارەزووی خۆیان دایانڕشتووە, بەشێکی هەرە زۆری ماناکانیان لەسەر خورافەو ڕیوایەتی نالۆژیکیو بۆچوونی سەقەت وەستاوە. چەند تاکێکیش نەبێت کەس جورئەتی ئەوەی نەکردووە بەشێوەیەکی دروست کار لەناو ئەم میتۆدەدا بکات. لەکاتێکدا ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تاریکییە کاری چەند کەسێك نییە, بەڵکو کاری ڕێکخراوو کۆمەڵەکانە. تاك, ئەگەرچی دەتوانێت مۆمێك داگرسێنێت, بەڵام ناتوانێت لەبەرامبەر تاریکییەکی بە شمشێر داکوتراو, بەو شێوەیەی دەخوازرێت, ڕووبەڕوو ببێتەوە. ئەم ململانێیە ململانێی شارستانیەتەکان نییە, بەڵکو ململانێی نێوان واقیعو ئەفسانەیە, زانستو خورافەیە, تاریکیو ڕووناکییە, ئازادیو سەرکوتکردنە, بەگەڕخستنی ئەقڵو تواناکانی ژیانی ئینسانە بەرامبەر ترسو بیمو مردن. بۆیە تاك ناتوانێت دەوری گەورە بگێڕێت.

گەر بەچاوێکی تەقلیدییەوە تەماشای مەلاو ئاینزاو وەرگێڕە ئیسلامییەکان نەکەینو بەرگی پیرۆز لە دەقەکانیان داماڵین, ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە یاساو ڕێسای ئیسلام, بۆ خێڵە ڕەشۆکییەکانی نیوە دورگەی عەرەب هاتووەو بۆ سەردەمەکەی خۆی نەبێت, بە ئێستا ناگونجێت. لەڕوانگەی منەوە ئەگەر ئیسلام وەك ئەوەی کە هەیە, بێ لابردنو خستنەسەری, هەر ئاوا وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی, یان هەر زمانێکی دیکە, لەوەی ئێمە مەبەستمانە کاریگەریە ئیجابییەکەی زۆر لەوە گەورەتر دەبێت کەچاوەڕێی دەکەین. لەم ڕێگەیەوە هوشیارییەکی گەورە لەناو کۆمەڵگە بە گشتیو ئافرەتان بە تایبەتی تەشەنە دەسەنێت. سەرهەڵدانو بەرقەراربوونی یاساکانی ئایینی ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەرییەکانی کلتوورو نەریتی زمکانی خۆی. بەراورد ناکرێت بە داهێنانو دەستکەوتە جۆربەجۆرەکانی ئەقڵی



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

مرۆڤایەتی کە لەم سەدانەی دواییدا بەرهەم هاتوون. ئیسلام, فەلسەفەو مەعریفەو زانست نییە تا بە فەلسەفەو مەعریفەو زانست رووبەڕوویان ببینەوە. ئەم ئایینە هەڵگری کلتوورو نەریتێکی تایبەت بە مێژوویەکی دیاریکراوی ناوچەیەکی بیابان نشین بووە, بە زانستو, ڕەهەندە دیموکراتییەکانو, دروستبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنیو, دەرخستنو شیکردنەوەو روونکردنەوەی دەقو واقیعو مێژووە تاڵو خوێناوییەکەی خۆی نەبێت بە هیچ گوتارێکی تر ناچێتە ناو زبلدانی مێژووەوە. پێویستە چاوی خوێنەری کورد بە دەقەکانی ئەم ئایینە ئاشکراو روونتر بکەینەوە. ئەمە ڕوانگەی منەو ئەم کتێبەو کتێبەکانی دیکەشم چەند دانەیەکن لەو هەولانە.



عەبدولخالق مەعروف
ئەو قەڵەمەی ئیسلامگەراکان نەیانتوانی وەڵامی بدەنەوە لەسەر کتێبی
( ئادەمیزاد لەکۆمەڵی کوردەواریدا )
تیرۆریان کرد

ئەگەر ئایینزاکانی ئیسلام بەزۆری شمشێری بەر لە 1400ساڵ ئەم یاسایانەیان بەسەر کۆمەڵگەکاندا نەچەسپاندایە, بەناوی خواوە ئەنفالی غەیرە ئیسلام, کۆمەڵکوژی نەتەوەو کۆمەڵەکان, ئیغتیصابی ژنان, کۆیلەداری, ئەتكو کوشتوبڕی ئافرەتانیان نەکردایە, گەر ئایین لە دەوڵەت جیا بوایەو دەخالەتی لە ئازادییەکانی مرۆڤایەتی نەکردایە, ئێمەش ئەم لێکۆڵینەوەیەمان نەدەنووسی. ئەم نوسینە هەوڵدانێکە بۆ چاوڕوونی بە یاساو ڕێساکانی ئایینی ئیسلام, سەبارەت بە مافە سەرەتاییەکانی ئافرەت. ئاشکراکردنی ئەو شەریعەتانەیە لەم بارەیەوە کە ئەم ئایینەی لەسەر دروست بووە, کە پێشتر بەهۆی سەرکوتکردنو نەبوونی ئازادی رادەربڕینەوە نەگەیشتوونەتە شوێنگەی خۆیان. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بە ئەرکی لێکۆڵەروان دەزانم. دەرخستنی بۆچوونە حەقیقییەکانی ئەم ئایینە بەرامبەر بەم سەربەستییەکانی مرۆڤایەتی بەگشتیو ژنان بەتایبەتی, کە ئایینزاکان بەشێوەیەکی گشتی خۆیانی لێ دەشارنەوە, ئەرکی هەموو لایەکە.

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

لەم کتێبەدا هەوڵماندا‌وە بە زمانێکی سادەو ڕەوان ئایەتو قسەکانی موحەممەد بخەینە بەر تیشکی چاومانو ڕامانی لەسەر بکەین. ئەوەندەی بۆمان بکرێت, هەر بە زمانێکی سادە, پرسیارەکانی خۆمان ئاراستەی ئایینزاکان کردووەو ڕەخنەیەکی هەناسە کورتانەمان بەرەوڕوویان کردووەتەوە. ئەوەش بزانە پرسیارو بەڵگەکانمان قابیلی گۆڕان نین, چونکە بەڵگەکانمان ئایەتو قسەکانی موحەممەدنو خۆیان گوتەنی لە ئەزەلەوە هاتوونو دەبێت تا ئەبەدیش بڕکەن.

## فەسڵی یەکەم

## دەرگای یەکەم پێشدەست

لەراستیدا نازانین لەچ دەروازەیەکەوە بچینە ناو بابەتێکی ئاوها سەختو ئاڵۆزەوە کەتێیدا پەیوەندییەکانی نێوان سێکسو ئافرەتو ئایین پێکەوە ببەستینەوە. لەچ ڕێگەیەکەوە, کلتورێکی کۆنی ناوچەیەکی دیاری کراو لەگەڵ لۆژیکی سەردەمدا بەراورد بکەینو زانستیانە بیانخوێنینەوە. چۆن لە ئایینەوە بڕوانینە سێکسو ئافرەت.؟! لەکوێوە بڕوانینە دیاردەکانی سێکسو ئافرەتی کۆمەڵگەیەکی ئایینی.؟! ئایا هەردووکیان دیاردەیەکی سروشتین یان مێژووکرد.؟ پێداویستی ژیانن یان نەفرەتکراوی ئایین.؟ پیسن, یاخود پیرۆز.؟ ڕەهەندەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر چ پێگەیەكو لەچ ئاستێکی بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە ئایینیەکاندا وەستاوە.؟!

لەتەواوی دونیادا نەتەوەیەك، گەلێك، کۆمەڵگەیەکی ئایینی نییە چەمکەکانی سێکسو ئافرەتی بە ئەفسانەو کلتووری خۆیەوە گرێ نەدابێت. ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەجیاوازی چۆنایەتی دەربڕینیانەوە، ئەم چەمکانەیان تێکەڵ بە ئەفسانەی دروستبوونی یەکەم ئادەمیزاد کردووە, ئەفسانەکەش بە بەشێکی هەرە گرنگی مێژووی ئایینەکە زانراوە. ئایینی ئیسلامیش, پشکی گەورەی لەم سیناریۆیەدا بەرکەوتووەو زۆرترین قسەی لەسەر کردووە. سێکسو ئافرەت دووانەیەکن لەو پاڵنەرانەی کە لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا کاریگەرییان بەسەر بیرکردنەوەو ئاکارەکانی مرۆڤایەتییەوە هەبووە.

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Marwan Halabjaee
www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

ئـەوە ناشـاردرێتەوە پراكتیزەكردنـی سـێكس, یەكێكـە لەمافـە بنـەڕەتیو سـەرەكیو سەرەتاییەكانی سەرجەم مرۆڤایەتی. ئەوەی لە كۆمەڵگە ئایینیەكاندا جیـاوازە ئـەو سـنوورەیە كە بۆ مومارەسەكردنیان زیادی كردووە. مرۆڤ, بە هۆی ڕەفتارو بیركردنەوەیەوە, توانیـوێتی لەگەڵ گیانەوەرانی دیكەدا خۆی جیا بكاتەوە, بە پێچەوانەی بونەوەرەكانی دیكەوە, بەسـەر غەریزەكانیدا زاڵترە. لێرەوە دەتوانین بڵـێین: مـرۆڤ, لـە تـەواوی سـەرجەم بوونـەوەرەكانی دیكە, باشتر لەگەڵ دیاردەی سێكسداو توندتر لەگەڵ ڕەگەزی (مێ)دا ڕەفتـاری كـردووە. ئەو خۆبەدەستەوەدانەی لەبوونەوەرانی دیكەدا بۆ سێكسو تـوخمی مـێ هەیـە, لـەلای مـرۆڤ كـۆنترۆڵ كـراوە. شـێوەو جـۆرو تێگەیـشتنی سـێكس بـە ئافرەتـەوە, لـە كۆمەڵگەیـەكی دیـاریكراوی ئایینیـدا، شارسـتانییەت, فەرهـەنگ, كلتـورو تیۆرانینـەكانی مێـژوویی ئـەو كۆمەڵگەیەمان نیشان دەدات. لە دەروازەكانیانـەوە دەتـوانین خوێندنەوەیـەك بـۆ ئـەخلاقو پێكهاتەكانی كۆمەڵگەو ئایینەكەیان بكەین, وەك ئـەم خوێندنەوەیـە كـە بـۆ ئـایینی ئیـسلامو موسڵمانان لە ڕووی سێكسەوە كردوومانە.

سێكس پەیوەندییـەكی تونـدوتۆڵی بـە ژینگـەو كاریگەرییـەكانی كلتـورو جیاوازییـەكانی بایۆلۆژییەوە هەیە. هەر لە سەرەتاوە هەموو لایەك لە هـەوەسو خرۆشـی سـێكس سـوودیان وەرگرتووە. بەڵام ئایینەكان, بەپێی ئەو پاشماوانەی بۆ شارستانییەتی ڕۆژهـەڵاتو ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست ماونەتەوە, هێزو ماسولكەی گـرژی لەشـی ڕەگـەزی نێـری بـە پلـەی یەكـەمو لاوازیی لەقۆڵو بازووی ئافرەتو پێكهاتەی لەشولاریان بە پلەی دووهەم, وەك بنەمایەك بۆ یاساكانی, لێكداوەتەوە. بەم كارەش ئەگەرچـی ڕەگـەزی (مـێ), وەك ڕەگـەزەكانی دیكـە, بەرهـەمی سروشـتە, بـەڵام پەیوەنـدی نێـوان ژنو پیـاو, لـەوەی ئێمـە مەبەسـتمانە, لـەو كۆمەڵگەیانەدا بووە مایەی هەڕەشەیەكی بەردەوام لەسەر ڕەگەزی مێ.

چۆنێتی جییاوازی بایۆلۆژیو ڕەگەزی مێینـەیی ئـافرەتو كلتـوری كۆمەڵایـەتی یارمـەتی ماسولكە ئاوساوەكانی پیاوی داوە زاڵمانە هەڵسوكەوت لەگەڵ ئافرەتانـدا بكـات. بـەهۆی نەرێتەوە قەناعەتێكی بۆ دروست بووە كە بتوانێ ئافرەت بە هـەموو مانایەكییـەوە سـەركوت بكاتو جگە لە ژنەكەی خۆی, لەگەڵ ئافرەتانی دیكـەدا جـووت ببـێو لـە جیـاتی شـەرم

شانازی بە پەیوەندییەکانیەوە بکات. ئەم جیاوازییە مێژووکردە ئایینیانە رەفتارو نەریتێکی وای هێناوەتە ئاراوە کە زاڵبوونی پیاو, بەسەر ئافرەتانەوە, ببێتە واقعێکی کۆمەڵایەتیو هێزو ئەقڵ لای پیاو بێت نەك ئافرەت. بۆ خاڵیکردنەوەی غەریزە سێکسییەکان هەمیشە پیاو لە سەرەوە بێت نەك ئافرەت, ئافرەت هەڵگری باری قورسی ئەقڵی پیاوسالاری بێتو هەمیشە لە ژێرەوە بێت.

پەیوەندییە سێکسییەکانی مرۆڤایەتی, بەشێوەیەکی گشتی, لەنێوان (نێر)و (مێ)دا دەرکەوتووە. مەیلی هەوەسو پاڵنەرەکانی سێکسی نێر بەلای مێو رەگەزی (مێ)ش بەلای نێردا چووە. وەك دوو بوونەوەری تەواوکەری یەکتری سێکسیان کردووە. وەك یەك جۆشو خرۆشی جنسی یەکتر بوون. لەسەردەمی ئادەمیزادە کرۆمانییەکانەوە, تا دەگاتە قۆناغی کشتوکاڵی, لەگەڵ جیاوازییە سروشتییەکانی وەك (موو)ی زیادە لەلای پیاوو بەرزبوونەوەی مەمك لای ئافرەتو ئەندامانی داوێن, شتێك نەبووە مانایەك بدات بەو جیاوازیو تێگەیشتنانەی کە پاشتر لە ئایینەکاندا بۆ ئەم دوو رەگەزە دروست بوو. هەر ئایینە بەپێی بۆچوونو لێکدانەوەی کلتووریو فەرهەنگی خۆی, رەفتاری سێکسو روخساری ئافرەتی بۆ کۆمەڵێك ئاکارو چەمك دابەش کردوە. تێیاندا هەیە چ ئافرەتو چ سێکس, دوو بنەمای کلاسیکین بۆ بەردەوامبوونی ژیان, هەروەها تێشیاندایە بە پیرۆزیان زانیوە, ئایینیش هەبووە مافی چەشتنی سێکس تەنها بە پیاو بەخشیوە, ئافرەتیشی بە سێکسەوە کردووە بە ماناکانی نەگبەتیو سەرشۆڕی ژیان, وەك ئایینی ئیسلام کە لەم کتێبەدا بە درێژی باسی لێوە دەکەین.

ئەو زانیاریانەی کە باس لە سەرەتاکانی مێژووی سەرهەڵدانی رەوشتی سێکسو مێینەیی دەکەن, قسەمان لەسەری نییە, بە تایبەتی ئێمەی کورد کە هیچ کام لەو زانیاریانە نەبووەنەتە مایەی سەرکوتکردنی کورد. تەنها ئەوە بیری خوێنەر دەهێنینەوە کە قۆناغی پەیدابوونی خاوەندارێتی, کلتووری ئایین, تەسکبوونەوەی ئازادییەکانی تاكو کۆمەڵ, بەربەستێکی گەورەی بۆ ماناکانی سێکسو ئافرەت دروست کردووە. (فیلیپ کامبی ) پێی وایە: لەرۆژهەڵاتی ناوەراستو دووردا, مرۆڤ, بۆ ئەوەی بگاتە ناو هۆشیارییەکی تەواوەوە, دوو رێگای زانیوە: ئایین, عەشقی سێکس. ئایین مەشخەڵی رۆحە, عەشقیش بەشێکە

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

لەپیرۆزمەندییەکانی لاشە, پیرۆزمەندێتی رۆحیش بەبێ مەشخەڵی لەش نابێت. بۆ نموونە (لە پێش ساڵەکانی زایینیدا) هیندییەکان، پەرستگاکانیان بەدیمەنی کچە باڵق نەبووەکان رازاندووەتەوە, (لە ساڵەکانی دوای زایینیشدا) ئیسلام بەهەشتی پڕکردووە لە حۆری.[5]

لە کلتووری هندستاندا ئێستاش وا باوە, هاوسەرگیری لە تەمەنی منداڵیدا, بەتایبەت لە نێوان هەشت بۆ دوانزە ساڵی, کارێکی پیرۆز بێت.

یەکەم کۆمەڵگەیەك ئەندامەکانی سێکسی پیرۆز کردبێت, پێشتر لە هندستاندا ژیاوە. یەکێك لەدیاردە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی ئاکارەکانی پەرستن و پیرۆزکردنی دیاردە سروشتییەکان لە مێژوودا پەرستنی چووکی پیاو بووە. لەبەر ئەوەی (پیاو) خاوەنی چووك و گون بووە, رێزێکی تایبەتی لێگیراوە. لە پەرستگاکانی (سیڤا)ی باشووری هندستاندا، پەرستگایەکی بەناوبانگیان هەبووە بەناوی (گاجورا), تێیدا (365) چووك هەبووە. بە قەبارەی جۆراو جۆر دروست کرابوون و بەشێوەیەکی رێکوپێکیش لە پەرستگاکەدا دابەش کرابوون. بەبۆنی خۆش و گوڵ رازابوونەوە. (گون)ەکانیان کردبووە دوو پایەی پتەوو چووکەکەیان لەسەر داچەقاندبوو. پەرستگارانیش، لەکاتی سەردانیاندا، کڕنوشیان بۆ بردوون.[6] بەو هیوایەی نیازو ئاواتیان بگاتە شوێنی خۆی. پەرستگاران لەپەرستگاکەدا ماونەتەوەو لە ژورێکی تایبەتدا شەویان بەسەر بردووە. لەو شەوەدا, چووکێك، کە پێیان گوتووە (خوای سیڤا) زیارەتی پیرۆزی خۆی گەیاندووە بەو ئافرەتانەی کە لە پێناوی مەبەستێکی تایبەتدا لە پەرستگاکەدا مابوونەوە. باوەڕدارانی ئەم ئایینە، ساڵی جارێك, حەجیان بۆ پەرستگاکە کردووەو یادی خوای سیڤایان کردووەتەوە. لە پرۆسەیەکی پیرۆزدا, بە رووتیو بێ پۆشینی هیچ جۆرە جلوبەرگێگ, بە شەقامو کۆڵانەکاندا گەڕاون و شانازیان

---

5 فیلیب کامبي: العشق الجنسی والمقدس، ترجمة: عبدالهادي عباس, الطبعة الثانية 1995, دار الحصاد للنشر والتوزيع, دمشق.ص11.

6 هەمان سەرچاوە. ئەم کتێبەی کامپی (العشق الجنسی والمقدس) بەوردی باسی گەلێك بابەتی دیکەی کردووە.



www.xwdakan.com net org

بە گەڵوگونی خۆیانەوە کردووە. تا ئێستاش شوێنکەوتووانی ئەم باوەڕە لەسەر ئەم ئاکارەیان بەردەوامن.



جێی خۆیەتی کە بڵێین شێوەی دروستکردنی مزگەوتەکانی ئیسلام دەچێتەوە بۆ هەمان شێوە پەرستگا کۆنەکانی هندستان کە تێیدا چووکی پیاوانیان دەپەرست. وا پێدەچێت چۆنییەتی دانانی چووکو گونەکانی نێو پەرستگاکە، لەگەڵ گۆڕانکارییەکی کەمدا بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتبێتو کاریگەری بەسەر نەخشەی مزگەوتەکانی ئیسلامەوە دانابێت. وەك هەستی پێکراوە لە دیوی ناوەوەی مزگەوتەکاندا جیاوازی لە نەخشەو نیگاردا هەیە، بەڵام لە ڕووکاری دەرەوەیدا, بەوێنەی چووکێکی ڕەپ منارەیەکیان بەرز کردۆتەوەو وەك جووتێك گونی پتەویش قووببەیان لەملاو ئەولایەوە داچەقاندووە.

لە ئایینی هیندۆسیدا بە وردی باس لە ژنو سێکسو هۆکارەکانی بەردەوامبوونی ژیان کراوە. بە پێی میسۆلۆجیای یەکەم گیانلەبەر, ئافرەت هەمیشە لەمێردەکەی ترساوەو گومانی لێی هەبووەو لەدەستی ڕایکردووە. لەم ئایینەدا ڕێگەدراوە بە ئافرەت کە بژی, بەڵام بێئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی سەربەخۆی هەبێت.! کچ لەژێر دەسەڵاتی باوکیدایە, ژن لەژێر دەسەڵاتی مێردەکەیدایە, بێوەژن لەژێر دەسەڵاتی کوڕەکەیدایە. دەبێ هەمیشە باوك, برا, مێرد, مام, خاڵ, ئامۆزا, خاڵۆزا, خەزوور, لێی ڕازیبن. ژن دەبێت هەتا ماوە لەخزمەتی مێردەکەیدا بێت. گەر بێوەژنیش کەوت, نابێت شوبکاتەوە, بەڵکو دەبێت ڕقی لەو شتانەش

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaye www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

بێتەوە کە پێش مێردەکەی خۆشیویستوون, کلیلی دەرگای براهما (چوونە لای خوا) لەرەزامەندی (مێرد)دایە.[7]

ئەمازۆنی واتا: ژنی شۆڕەسوار. زۆر کەس باسی ئەم توێژەیان کردووەو نزیکترینیان لە باوەڕەوە ئەمەیە: (گەلێك هەبووە ناوی (سیسی) بووە. ئافرەتانی ئەم گەلە, شۆڕەسوارێکی زۆر باش بوون، شمشێرباز بوون، زۆرانبازیان دەکرد، بەسواری ئەسپەوە تیریان دەهاوێشت. هەتا کچ بونایە هەمیشە لەشەڕی دوژمناندا بوون. هەتا سێ کەسیان نەکوشتایە سێکسیان نەدەکرد. بۆ منداڵ سێکسیان دەکردو دوای ئەوە لەکاتی زۆر پێویستو ترسناکدا نەبوایە سواریی‌و شەڕیان نەدەکرد. ئافرەتانی ئەم گەلە مەمکی راستیان کاری نەکردووە، چونکە هەر بە منداڵی لە لایەن دایکیانەوە, بەشیشێکی سوورەوەکراو سەری گۆی مەمکیان سوتاندون, بۆئەوەی گەشە نەکاو هێزو توانای ئەو مەمکە بگاتە دەستە راستەکەی).[8]

(ئۆمفاڵ) ژنێکی زۆر جوان بووەو لە پەلامارێکدا لاقەیان کردووە, بۆ تۆڵەسەندنەوە سوپایەك دروست دەکات تەنها لەئافرەت پێکهاتبێت, دواتر شەڕی پیاوانیان پێدەکات. ئەگەرچی ئەم بیرۆکەیە هیچ گوتارێکی ئایینی لەپشتەوە نەبوو, بەڵام بیرۆکەی (تۆڵەسەندنەوە) بەو چەمکەی کە هەموو پیرۆزییەك باوەڕی توندوتیژی بەرهەم دێنێت, کەسایەتییەکی پڕ لەباوەڕی ئایینیمان نیشان دەدات.

لە پەرستگاکانی کۆنی ئەفریقادا شوێنی تایبەت بۆ سێکس هەبووە. ژمارەی ژوورەکان لە هەزار تێپەڕی کردبوو, تەرخان کرابوو بۆ ئەو ئافرەتانەی کەخۆیان پێشکەش بە خوا دەکرد. ئەو ئافرەتە گەنجو جوانانەی کەدەچوونە ناو پەرستگاکانەوە, تا پیر نەبونایە نەدەهاتنە دەرەوە. ئەو پارەیەی کە بە هۆی لەشفرۆشە شەرعیەکەیانەوە پەیدایان دەکرد, نیوەی بۆ پەرستگا, واتە بۆ خوا بوو, نیوەکەی تریش بۆ خەرجیەکانی بژێوی رۆژانەی خۆیان بوو.[9]

---

7 بڕوانە کتێبمان (دەروازەکانی ئاین لەنێوان زەوی‌و ئاسماندا) مەریوان هەڵەبجەیی بەرگی یەکەم2001 بەشی یەکەم: ئایینی هیندۆسی, لاپەڕە63-64

8. بڕوانە فیلیپ کامبی: ص94.

9 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هەمان سەرچاوە, لاپەرە 38

(لای خێڵەکانی ئوسترالیا قەدەغەیە ژنان لە ماوەی تەریدا دەست لەو شتانە بدەن کە پیاوان بەکاریاندەهێنن, یان بە ڕێیەکدا بڕۆن کە پیاوان پیایدا تێپەڕدەبن). (یەکێك لە ئەنسرۆپۆلۆژیستەکان ڕوداوێکی تۆمارکردووە گوایە پیاوێك تەقڵلای داوە ژنەکەی خۆی بکوژێت، پاشئەوەی بۆی دەرکەوتبوو کەوا ژنەکەی بە تەڕی لەسەر بەڕەکەی پاڵکەوتووە). (هەروەها ژنان, لە ماوەی منداڵبوونو خوێن لەبەرڕۆیشتنی پاش منداڵبووندا, ملکەچی تابوی هاوچەشن دەبن, ئافرەت تاوەکو کۆتاییهاتنی ماوەی خوێنڕۆیشتنەکە بەتەواوی تەریکدەخرێتەوە, پاش نەمانی تابوکەیش ڕێگەنادرێت هەموو ئەوشتانەی لەو ماوەیەدا بەکاریاندەهێنێت دەستیان لێبدرێن, یان بەکاربهێنرین, تەنانەت لەلایەن ئافرەتەکە خۆیشیەوە. لای زۆربەی خێڵەکانی ئەمریکایش, کاتێك کچ دووچاری یەکەم تەڕی دێت, لە کوخێکدا جیادەکرێتەوەو لەماوەی پێویستی پاکبوونەوەیدا بینینی لەلایەن هەر یەکێك لە نێرینەکانەوە قەدەغەدەکرێت, ئینجا پاش دەرچوونی لە خەڵوەتەکەی پێویستە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ڕوخساری خۆی داپۆشێت.)[10]

بەخوێندنەوەی مێژووی بابلییەکانیش کە مەلحەمەیەکی مەزنیان دەربارەی دروستکردنی گەردوونو بونەوەرو بنەمای دەرکەوتنی هەموو شتەکان نوسیوە).[11] لەو مەلحەمەیەدا, سێکسو ئافرەت, چەند مەسەلەیەکی لاوەکین, وەك هەر دیاردەو گرفتێکی ئاسایی ئەو سەردەمە قسەی لەسەرکراوە.

لە باکوری ئەفریقادا (کێشەی ئافرەتان ئەوە نەبووە کە چۆن کچێنی خۆیان بپارێزن، بەڵکو ئەوە بووە, چۆن کچێنیان لەدەست بدەن).[12] دڕینی پەردەی کچێنی بەڵگە بووە بۆ توانایی سێکسو شووکردنو زکوزاکردنیان. (دایك بەشوێن کەسێکدا دەگەڕا کەپەردەی

---

10بونیادی ئایین, نووسینی: فراس السواح, وەرگێڕانی: ئیبراهیم فەتاح, بەشی دووەم: پێکهێنەرە لاوەکییەکانی ئایین. (تێبینی یەکەم: وەرگێڕ, بۆ سروشتی تەڕی (خوێنلەبەرچوونی سروشتیانەی ژنان) وشەی (کنج)ی بەکارهێناوە. تێبینی دووهەم: ئەم نوسینەم لەرێی ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە, بۆیە ژمارەی لاپەڕەکەیم بۆ دیاری نەکرا.

11د. هلال عبدالحسين السلامة: القديم في الحاضر., ص 155

12 العقيلي, شيخ سيف الدين محى الدين العقيلي: الحجاب.,ص49



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

كچێنی كچەكەی بدڕێ، جا ئەگەر ئەو كەسە ڕێبوارێكیش بێتو كەس نەیناسێت).[13] (بەئاشكرا سێكسیان ئەنجام دەداو تا شوویان نەكردایە دەرپێی ژێرەوەیان نەدەپۆشی).[14] كۆمەڵگەش هەبووە, بەجۆرێك لەجۆرەكان, كونی زێ (ق)ی كچەكانیان دەدوورییەوە بۆ ئەوەی مومارەسەی سێكس نەكەن. كۆمەڵگەش هەبوون كە (پۆشینی دەرپێ لەلایان ئاماژە بووە بۆ لەشفرۆشی).[15] هەتا ئێستاش لە ناوچە دوورە دەستەكانی ولاتێكی وەك چین, دیاربوونی جەستەی ڕووتی ئافرەتان شوورەییە. لە هەندێك ناوچەی ئەمریكای باشووروو ناوەڕاستی ئەفریقاش دەرخستنی مەمك بە ئاكارێكی ئاسایی زانراوە.

لەحكایەتی (ڤینۆس)دا هاتووە: (ئەو كاتەی ئەدۆنیس دەمرێ, پێویستە هەموو ئافرەتێك لەشی ببەخشێ و كرێی بەخشینەكەی لەشی پێشكەش بەڤینۆس، خوای جوانی بكات). ئاشوورییەكانیش باوەڕیان وابوو كە (ئافرەت, ئەگەر بۆ یەك جاریش بێت, دەبێت لەپەرستگای عەشتاردا سێكس لەگەڵ نەناسراوێكدا بكات). بەم هۆیەوە ئافرەتان دەچوونە پەرستگاكەوەو لەچاوەڕوانی كەسێكدا خۆیان ئارایشت دەكرد, نەناسراوەكەش دەچووە ژوورەوە, دەستی دەخستە سەر شانی یەكێك لەئافرەتەكانو دەیگوت: (بەناوی خوا تۆ هەڵدەبژێرم. ئافرەتەكەش شوێنی دەكەوتو هیچ هەڵوێستێكی نێگەتیڤانەی نەدەنواند, چونكە كارێكی پیرۆز ئەنجام دەدات).[16]

كۆمەڵێك لەم كلتورە كۆنانەو چەندانی دیكەش لە ئیسلامدا دووبارە بوونەتەوەو بوونەتە یاسا. ڕێگە بۆ ئیغتیصابكردنو لەشفرۆشی ئافرەتان دیاریكراوەو ڕێگەی شەرعی ئەم كاروكردەوانە بۆ موسڵمانەكان دەستنیشان كراوە. لە ئیسلامدا ئافرەت شەیتانەو بۆ لەخشتەبردنی پیاو دروست بوو, لەكاتی تەڕیدا (بێنوێژی) پیسن, بیركردنەوەیان تەواو نییە, چەند ئافرەتێك دەبنە ژنی یەك پیاو, جێی سەرشۆڕی پیاون, جێی نەهامەتیو نەگبەتی ژیانن,

---

13 د. عبدالحمید السیسلي: سایكولوجیة الاخلاق .ص236

14 هەمان سەرچاوە , ص240

15 هەمان سەرچاوە , ص271

16 بڕوانە فیلیپ كامبی: العشق الجنسی والمقدس،ص34

www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Marwan Halabjaee www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

ناقص ئەقڵن، شەیتانن، لەگەڵ ئەسپو مەرو ماڵاتدا یەکسانن. وەسیلەیەکن بۆ خاڵیکردنەوەی غەریزەکانی پیاو، لە پێشەوە، لەپاشەوە، لەهەر شوێنێکەوە پیاو ئارەزووی کرد لەشیان بۆ پیاو حەلاڵە. جگە بۆ گۆڕ نابێت لە ماڵەکانیاندا بچنە دەرەوە، هەمیشە ئامادەی خزمەتکردنی پیاو بن، حیجابیان بەسەردا سەپاوە، هەر کات پیاوان ئارەزوویان هەبوو ژنانیان تەلاق دەدەن، زیندانی دەکرێن، لێیان دەدرێت، شووڵکاری دەکرێن، بەردباران دەکرێن، سەر دەبڕردرێن، دەکڕێنو دەفرۆشرێن، بەکۆیلە دەکرێن، ئەتك دەکرێن، هەمیشە سەرشۆڕی پیاوانن، ئەو مافانەی پیاوان هەیانە، ئافرەتان نییانە. پەیامبەری ئیسلامیش (موحەممەد) وەك سەرکردەو پادشایەك، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕەوشتو یاسایانە لە قارەمانەکانی مێژووە.[17]

ئایەتی قورئان هەیە ئافرەتی لە ریزی ئاژەڵ داناوە. ڕەنگە بەڕیسواو کەمزانینی پلەو پایەی ئافرەت لە ئاینی ئیسلامدا، لەو تێڕوانینە میتافیزیکیەوە سەرچاوەی گرتبێت کە ئافرەتان لەگەڵ ئاژەڵاندا هاوگرفتو هاوخەمو یەکسان بن. پێیانوایە ئاژەڵ بەهۆی سروشتەوە چەند مانگێكو ئافرەتیش بەهۆی تەرییەوە، کەئەویش هەر دیاردەیەکی سروشتیە، چەند ڕۆژێك، هەردوولا لەسێکسەوە دوورن. لەبەر ئەمە بەشێك لەژیانی ئافرەت لەم ئاییەنەدا یەکسانە بە ژیانی ئاژەڵ. لێرەوە ئاژەڵ دەبێتە گەمژەو نەزان، ئافرەتیش گەڕو پیسو نانی دەستی حەرام.

سێکس یەکێکە لە هەوەسە سروشتییەکانی مرۆڤایەتی. هۆکارێکە بۆ بەستنەوەی پەیوەندییەکانی دەروون بە ڕەفتارە دەرەکییەکانی لەش. ئەخلاقی سێکسیش بەرهەمێکی مێژووکردە. جگە لە کاریگەرییەکانی سروشت، کۆمەڵێك دیاردەی دیکەش کاریگەرییان لەسەر ئەخلاقی سێکس دروست کردووە. ئافرەتیش بەرهەمو دیاردەیەکی سروشتکردە. هۆکارێکی سەرەکیە بۆ بەردەوامبوونی ژیان. گرێدانی ئافرەت بە سێکسەوە، وەك گرێدانی هەموو بوونەوەرەکانی سروشت وایەو جیاوازییان نییە. بەلاّم کەشو هەوا، پاشماوەکانی ئەفسانە، کلتوورە کۆمەلاّیەتییەکان. جیاوازی بایۆلۆژی لە مرۆڤایەتیدا، وای لە دانەرانی ئایین کردووە، بە بەردەوامی، ڕاڤەو لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئافرەتو سێکس بکەنو ئەرکی

---

17 لە ناو بەشەکاندا باسو بەڵگەی زۆرمان دەربارەی تەواوی ئەم خاڵانە نوسیوە.

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

هەر یەكەشیان دیارو جیا بكەنەوە. ئایینی ئیسلام, بەپێی ئەم كتێبە, دیارترین ئایینە كە تەركیزی تەواوی لەسەر ئافرەتو كاریگەرییەكانی لەسەر سروشتی سێكس دانابێت. لە چوارچێوەیەكدا یاسای بۆ مرۆڤایەتی كێشاوە كە ئافرەت دەوری سلبی هێجگار نادروست بگێرێت. پێی وایە بەشێكی زۆری ئەم رەوشتانە, بنەمایەكی ئەخلاقیان هەیە, چونكە سروشتكردن نەك مێژووكرد. هەر لەبەر ئەمەش, لە یەكەم هەنگاویداو بۆ شەرعیدان بە گوتاری میتافیزیكی خۆی, ئافرەتی بە پلە دووی خوار پیاو كردووە بە یاسایەكی ئیلاهی. واقیعێكی بەرهەمهێناوە خۆشترین بەخشینێك خوا بە بەندەكانی خۆی ببەخشێت چێژی سێكسی ئافرەت بێت. لەبەر ئەم هۆیە غەزاكانی ئەم ئایینە پڕە لە كۆیلەكردنی ئافرەت. بەهەشتەكەی پڕە لە كیژۆڵە. لەگەڵ ئەوەشدا خراپترین گوناه ئەوەیە مرۆڤ بەخواستی خۆی مومارەسەی ئەم بەخشینەی خوا بكاتو بەگوێرەی رێنماییەكانی ئیسلام نەڕوانێتە رەگەزی مێ.

ژنو پیاو لەئیسلامدا كەوتونەتە نێوان دوو بەرداشی داتاشراوی گەورەی دژ بەیەكەوە، لەلایەكەوە وا فێركراون كردنی سێكس لەسەر ئارەزوو, گوناهێكی گەورەیە، لەلایەكی دیكەشەوە, لەدەروونیاندا وا پەروەردەكراون پەلكێشی تێركردنی ئارەزووە سێكسییەكانیان بن. بەپێی ئەو مێژوویەی كە نوسراوە, موسڵمانەكان زیاتر بەلای ئارەزووە سێكسیەكەی دەروونی خۆیاندا چوون نەك یاساو رێساكانی ئیسلام. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە دژایەتی ئایینی ئیسلامیان كردووە، وەك هەندێك لەپیاوانی ئایین بۆی دەچن, بەڵكو مومارەسەی دیاردەیەكی سروشتیو مرۆڤانەی خۆیان كردووە.

دكتۆر عەلی وەردی لە لەچەمكێكی كتێبەكەیدا (وعاظ السلاطين)دا دەڵێت: مرۆڤ لە ناخی دڵییەوە حەز بە مومارەسەی سێكس دەكات. تاكەكانی كۆمەڵیش, ئەگەر لەسەر هەر شتێكی دیكە ناكۆك بن، لەسێكسدا هاوڕان. بەراستی دكتۆر چاك پێكاویێتی, چونكە سێكس, جگە لەوەی بەشێكی كاریگەرە لەبەردەوامبوونی ژیان, هەروەها پاڵنەرێكی پەنگخواردووی ناوەوەو مرۆڤایەتی ناتوانێت خۆی لێ دوور بگرێت.

ئاييني ئيسلام, بەو قورئانو شارستانييەتو پەڕاوو مێژووە دێرينەيەوە, قسەيەكي ئەوتۆي زانستيو لۆژيكيو فەلسەفي لەسەر سێكسو ئافرەت نەكردووە, كەچي سەدان ئايەت لە قورئاندا هەن لەدەوري ئەم دووانە دەسوڕێنەوە. گەر بەتەواوي دەقەكاني ئيسلامدا, قورئانو سوننە, رۆبچينە خوارەوە, يەك ئايەت, يەك قسەي موحەممەد, يەك گوتەي (زانستي) دەربارەي زانستەكاني سێكسو پێكهاتەي بايۆلۆژي ئافرەت ناخوێنينەوە. بە پێچەوانەوە, ئەم ئايينە خۆي خزاندووەتە نێو كۆمەڵێك كلتورو ئەفسانەو بۆچووني نيوە دوورگەي عەرەبەوەو ياساكاني لەسەر ئەو رەهەندانە هەڵچنيوەو چەسپاندوني. ئيسلام لە ناوچەيەكدا سەريهەڵدا كە زۆربەي دانيشتوانەكەي لە خێڵە عەرەبەكاني بيابان بوون. كلتوري بيركردنەوەيان رەشۆكي بووە. كلتوري رەشۆكيش بريتيە لە هەڵگرتني بەهاو ماناكاني جەنگو زاڵ بوون بەسەر ئەوي ديكەدا. بێگومان سەرهەڵدانو ياساكاني ئەم ئايينەش لە ئەنجامي كاريگەريي كێشە كۆمەڵايەتيو ئابووريو ئايدۆلۆژييەكاني ئەو ناوچەيەوە سەرهەڵدەدات. چارەسەركردنەكەشي هەر لەو كلتوورەوە سەرچاوە دەگرێت. فشارە كلتوريەكەي ئەم ئايينەش بۆ زەليلكردنو سەركوتكردني ئافرەت لە كلتووري ئەو ناوچەيەوە سەرچاوەي گرتووە.

جياوازييەكاني ئێستاي رەوشتي سێكسي مرۆڤايەتي, دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەي كە مرۆڤ بێئاگايانە مامەڵەي لەگەڵ دياردە سروشتيەكاندا نەكردووە, بەڵكو تواناي هەبووە لە بەرامبەر كاريگەرييە سلبييەكاني سروشتدا, خۆي بپارێزێتو لەگەڵ ئيجابييەكانيشدا خۆي بگونجێنێت. لە پاڵ پێداويستييەكاني ديكەيدا, خواردن، خەوتن، هاتووچوون..تاد، سێكسيشي بە پێويستييەكي سەرەكي بۆ بەردەوامبووني ژيان بزانێت, پياو بێت يان ئافرەت لەم بەرهەمە سروشتييەدا بەشدارن. رەوشتو ئەخلاقي سێكس لە بەرهەمي كۆمەڵايەتين. تێكەڵكردني دوو چەمك, (دياردەي سروشتي)و (سروشتي كۆمەڵايەتي), ئەو هەڵە گەورەيەيە كەئايينەكان بەگشتيو ئيسلام بەتايبەتي, تێيكەوتوون.

## دەرگای دووهەم

## پیاوەکانی خودا وێنەیەك لە سێکسبازیی ئایینی



www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org



یەکێك لەو کارە نازانستییانەی کە موحەممەدی ئیسلام پیادەی کردوە, ئەوەیە بێ ئەوەی ئاماژە بەسەرچاوەکەی بکات, سوودێکی زۆری لە پەڕاوە کۆنەکان وەرگرتووە, کتێبە کۆنەکانی خوێندووەتەوەو هەندێك زانیاری وەرگرتووەو لە قورئاندا دایناون و خۆی کردوە بەخاوەنیان. بابەتەکانیش زۆرن, بۆ نموونە: شێوەی دروستبوونی ئاسمانەکانو زەوی, چۆنێتی دروستبوونی ئادەمو حەوا, ناوهێنانی بوونەوەران, بەهەشتو دۆزەخ, لەشپیسیو سەرخۆشبوون, حەرامو حەڵاڵەکانی خواردنو هاوسەرگیری, چیرۆکی هاوەڵانی ئەشکەوت (اصحاب الكهف), زۆرێکە دیکە لە چیرۆکەکانی دیکە, کە بەشێکی زۆری لە قورئاندا داگیرکردووە. دواهەمین سوودوەرگرتنیشی باسەکانی (عیساو مریەم)ن. کە لە مزگێنییەوە (الانجيل) وەریگرتوون.[18]

بۆچوونێك لای ئیسلامییەکان هەیە گوایە پەرتووکی تەورات تەحریف کراوەو نابێت وەك سەرچاوەیەکی زانستی ئەژمار بکرێت. لە کاتێکدا یەکێك لەو سەرچاوە گرنگانەی خودی قورئان سوودی لێوەرگرتوون, خودی تەوراتە (العهد القديم) کە بەشێکی زۆر لە چیرۆکو یاساو رێسای لێوەرگرتووە. ئاشکرایە لە نێوان دەرکەوتنو نوسینەوەی بەسەرهاتە سەرەتاییەکانی تەوراتو نوسینەوەی قورئاندا, جیاوازی مێژوویان زیاتر لە هەزار ساڵە.

تێپەڕبوونی مێژوویەکی دوورو درێژیش گۆڕانکاری گەورە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دروست دەکات. بەم هۆیەوە, بیرکردنەوەو کلتوورو نەریتی کۆمەڵایەتی, فەرهەنگی, سیاسی, ئابووری, شارستانی سەردەمی سەرهەڵدنی تەورات, لەگەڵ سەردەمەکەی موحەممەددا ناگونجێتو بەشێکیشیان ناکۆك دەبن.

---

18 بۆ زانیاری زیاتر بروانە کتێبەکەی (د. کامل النجار) (قراءة نقدية للإسلام, خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە بۆ ئیسلام) تەرجەمەی کوردیمان کردووەو بڵاوکراوەتەوە.

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

کەواتە ئەوە ئاساییە کە موحەممەد, لەبەر ئەوەی زانستیانە شارەزای مێژووی کۆن نەبووەو هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی نوسینیشی لەبەر دەستدا نەبووە, لەبەر ئەم هۆیە لەکاتی وەرگرتنی سەرچاوەکەدا باوەڕی بە زۆرێك لە ڕووداوەکان نەبوبێت, بۆیە لە بەراوردێکدا دەردەکەوێت لە گواستنەوەی ڕووداوەکاندا ڕاستگۆ نەبووەو ڕێگەی بەخۆی داوە, بەئارەزووی خۆی, گۆڕانکاری زۆر لە یاساو چیرۆکەکاندا بکاتو لە قورئاندا جێگیریان بکات, بەتایبەت ئەو ڕووداوانەی لەگەڵ لۆژیکی خۆیدا نەگونجاون, هەندێکیانی پشتگوێ خستووەو هەندێکیشیانی بە هەڵە گواستووەتەوە. ئەو تەحریفەی موسڵمانان بۆ تەورات باسی دەکەن تەنها لە عەقیدەیانەوە سەرچاوەی گرتووەو هیچ بنەمایەکی زانستی نییە. لە کاتێکدا دەیان بەڵگە هەن کە قورئان تەحریف کراوە, بەڵام بۆ سەلماندنی بوختانی تەحریفی تەورات, نەیانتوانیوە یەك بەڵگەی ڕوونو ئاشکرا بەدەست بهێنن.

لە باسکردنی ڕاستییەکانی ژیانی پەیامبەرانی نەوەی ئیسرائیلدا, لۆژیكو لێکۆڵینەوەی زانستی داوامان لێدەکات پەنا بۆ سەرچاوە دێرینە باوەڕپێکراوەکانی مێژوو ببەین. تەوراتیش یەکێکە لەو سەرچاوە دێرینو باوەڕپێکراوانە. بۆیە لەم بەشەدا (پەیامبەرەکانی خوا, وێنەیەك لە سێکسبازیی ئایینی) تەورات بە کۆنترو پێشتر دەزانین. گەڕاوینەتەوە بۆ سەرچاوە ئەصڵەکەو خۆمان لە سەرچاوەی دووهەم, کە قورئانە, پاراستووە.

پێش دەرکەوتنی موحەممەد, وەك پەیامبەرێکی ئیسلام, چەندین موحەممەدێکی دیکە لە ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبوون. بۆ ئەوەی بنەڕەتی کلتوورو ڕەوشتی ئەو کەسایەتییانەمان بۆ دەرکەوێت, کە پاشتر موحەممەد ئایینەکەی خۆی لەسەر بنیاتناوە, هەوڵ دەدەین چەند نموونەیەك لە ڕەوشتو دیاردە سێکسبازییەکانی پەیامبەرانی ئایینی یەهوودی باس بکەین. ئیبراهیم, لووت, یەهوذا, حزقیال, داوود, هوشع, سلێمان, کە لە ئیسلامدا نموونەی چاکەخوازو ڕەوشت پاك بوون,[19] بەڵام ئەمانە چەند دانەیەکن لەو پەیامبەرانەی کە ڕەوشتیان نوقمی غەریزەکانی سێکس بووە. ئەو ڕووداوانەی لەم بەشەدا نوسراون, بە

---

19 **بڕوانە** مريم41, الصافات84, أنبياء71, يوسف68, سبأ10, انبياء79, نمل15, صافات112, أنباء81, نمل17, سبأ12

لۆژیك‌و شارستانیەتی ئێمە نەگونجاون, بەڵام لەگەڵ نەریت‌و شارستانییەتی سەردەمەكەیاندا, تێكەڵ بە بیركردنەوەو عەقیدەیان بووەو بەشێك بووە لە فەرهەنگی ئایینەكەیان.

## یەكەم : ئیبراهیم[20]



كاتێك ئیبراهیم لەكۆچەكەیدا دەگاتە میسر, بە سارای ژنی دەڵێت:

اني قد علمت انك امرأة حسنة المنظر فيكون اذا رآك المصريون انهم يقولون هذه امرأته. فيقتلونني ويستبقونك. قولي انك اختي. ليكون لي خير بسببك وتحيا نفسي من اجلك. فحدث لما دخل ابرام الى مصر ان المصريين رأوا المرأة انها حسنة جدا. رآها رؤساء فرعون ومدحوها لدى فرعون. فأخذت المرأة الى بيت فرعون. فصنع الى ابرام خيرا بسببها. وصار له غنم وبقر وحمير وعبيد واماء وأتن وجمال. فضرب الرب فرعون وبيته ضربات عظيمة بسبب ساراي امرأة ابرام. فدعا فرعون ابرام وقال ما هذا الذي صنعت بي. لماذا لم تخبرني انها امرأتك. لماذا قلت هي اختي حتى اخذتها لي لتكون زوجتي. والآن هوذا امرأتك. خذها واذهب.

من زانیومە تۆ ژنێكی زۆر ڕوخسار جوانیت, ئەگەر میسرییەكان بتبینن دەڵێن ئەمە ژنیتی, ئەوسا من دەكوژن‌و تۆش دەبەن, تۆ بڵێ من خوشكی ئەوم, ئینجا ڕێزمان لێدەگرن‌و چاكەمان لەگەڵ دەكەن. كە چوونە ناو میسرەوە, میسرییەكان ئەو ژنەیان بەو جوانییە دی‌و

20 بۆ ئەم بەشە سودێكی گەورەم لە كتێبە گەورەكەی شوجاعەتدینی شەفا در آینهای توحيدي, وەرگرتووە. وەرگێڕانی لەفارسییەوە: شازین هێرش, گۆڤاری ریفۆرم , ژمارە 7, بەهاری 2005 لاپەڕەكانی 22-105.



سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

زانیان خوشکی ئیبراهیمە, لای فیرعەون ستایشیان کرد. لەمەوە سارایان بردە حەرەمسەرای فیرعەونەوەو خودی فیرعەون مارەی کرد, زۆر رێزیشی لەئیبراهیم گرتو بەباشی رەفتاری لەگەڵ ئەنجام دا. ئیبراهیم بووە خاوەنی مەڕو مانگاو حوشترو کەرو کەنیزەكو كۆیلەو كارەكەر. ئینجا خوا, بە هۆی ساراوە چەند لێدانێکی گەورەی کێشا بە فیرعەونو ماڵەکەشیدا, دوای ئەوەی کە فیرعەون بۆی دەردەکەوتووە سارا خوشکی ئیبراهیم نییە, بەڵکو ژنێتی, ئیبراهیمی بانگ کردوو پێی وت: ئەوە چی بوو تۆ پێت کردم.؟؟ بۆچی پێت نەووتم کە سارا ژنی تۆیە.؟؟ بۆچی وتت خوشکی منەو منیش بردمو کردم بە ژنی خۆم.؟؟ ئەوە ژنەکەت, بیبەو برۆ.[21]

ئەویش دەڕوات تادەگاتە وڵاتی جەرارو بەهەمان شێوە سارای ژنی دەکاتەوە بەخوشکیو بە پادشای ئەو وڵاتە دەڵێت: ئەمە خوشکمە. پاش ماوەیەك پادشا (أبیمالك) لەخۆی مارەی دەکات. دواتر پێی دەزانێو پاش پێدانی مەڕو ماڵاتو زیو, لەو شارە دەریان دەکات.[22]

## دووهەم : لووت



لووت, برازای ئیبراهیمو پەیامبەرێکی دیکەی یەهوودیە. خۆیو خێزانی لە شاری سەدووم ژیانیان بەسەر بردووە. دانیشتووی شارەکە بە رەگەز (نێرباز) بوون. هەر بەم هۆیەوە خوا نەخشەی کێشا کەئەو شارە ژێراوژوور بکات. بۆ ئەم مەبەستەش دوو پەیامبەری خۆی ناردە لای لووت تاپێیان بڵێ ئەو شارە چۆڵ بکەن. خەڵکی شارەکەش بە هاتنی

21 تەورات: سفر التکوین, بابی دوانزەهەم, بەشی(11-19)

22 سفر التکوین: بابی بیستەم, بەشی 2-16

www.xwdakan.com . net . org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

میوانەکانیان زانی. داوایان لە لۆوت کرد لەماڵەکەی خۆیدا بیانهێنێتە دەرەوە بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا رابوێرن, بەڵام لۆوت ڕازی نابێت.[23] لەبری ئەوان دووکچی خۆی بە خەڵکەکە نیشان دەداو پێیان دەڵێت: ئەوەتا دوو کچم هەیەو پیاو نەچوە بەلایاندا, ئەوەی خوا پێی ناخۆشە لەگەڵیاندا بیکەن, بەڵام لاقەی ئەو دوو میوانە مەکەن. ئەوانیش رازی نابن. میوانەکانیش بە لۆوت دەڵێن خۆتو ژنەکەت, کچەکانتو زاواکانت, هەر کەسێکی دیکەیش لەشوێنکەوتووانت, لە شارەکەدا بچنە دەرەوە, چونکە خوداوەند ئێمەی ناردووە تا ئەوانی دیکە لەناو ببەین. لۆوتیش وەهای کرد, بەڵام زاواکانی ئەم مەسەلەیەیان بەگاڵتە هاتە پێشچاوو لەشارەکەدا مانەوە. لەکاتی خۆرهەڵاتندا لۆوتو ژنەکەیو کچەکانی لە(سەدووم)ـەوە بەرەو (سۆخەر) دەرچوون. لەو کاتەدا خوا بارانی (گۆگرد)و ئاگری بەسەر سەدوومو عامورا باراند, ژنەکەی لۆوت لەو کاتەدا سەیری شارەکەی دەکرد, بۆیە ئاگرەکە سووتاندی. پاش سووتاندنی ناوچەکە, خوا ژێراوژووریشی کرد. لۆوتو دوو کچەکەی ڕۆشتن تاگەیشتنە ئەشکەوتێك, لۆوت خەوی لێ کەوت. کچە گەورەکە بەخوشکە بچووکەکەی وت: ئێمە باوکمان گەورە بووەو پیر بووەو هیچ پیاوێکیش لەسەر زەوی نەماوە, وەك چۆن نەریتی سەر زەوییە, وەرە با مەشرووبی دەرخوارد بدەینو لەگەڵیدا جووت ببین تا لەباوکمانەوە وەچەو منداڵ بخەینەوە. هەر ئەو شەوە مەشرووبیان دەرخواردی لۆوت داو کچە گەورەکەی لەگەڵیدا جووت بوو, بۆ شەوی دوایی کچە بچووکەکەی, بەهەمان فێڵ, لەگەڵیدا جووت بوو. بەمەش, لە باوکیان, سکیان پڕ بوو. یەکی منداڵێکیان بوو, ناویاننان(موآب)و (بن عمی).[24]

## سێهەم : یەهودا

---

[23] لەبەشەکانی داهاتوودا بەپێی دەقەکانی قورئان باس لەم ڕووداوە دەکەین.

[24] تەورات , سفر التکوین بابی 19 بەشی30 تا 38



یهوذا سێ كوڕی دەبێت. ژنێك, بەناوی ثامار, بۆ كوڕە گەورەكەی دەهێنێ, بەڵام ئەم كوڕە گەورەیەی دەمرێت. یهوذا جارێكی دی ئەم ژنە لە كوڕە ناوەنجییەكەی مارە دەكات. ئەویش دەمرێ. یهوذا بە ثامار دەڵێ: بڕۆرە ماڵی باوكت دانیشە تا كوڕە بچووكەكەم گەورە دەبێت, لەوت مارە دەكەم. پاش ساڵانێك كە ثامار سەروچاوی خۆی داپۆشیبوو, لە یهوذا نزیك دەبێتەوە, ئەویش وا لێكیدەداتەوە كە ژنێكی داوێنپیسە, پێی دەڵێ: وەرە بابچین ڕابوێرین. ثاماریش خۆی دەرناخاو پێی دەڵێ: چیم دەدەیتێ.؟ ئەویش دەڵێت: گیسكێكت دەدەمێ. ثاماریش پێی دەڵێ: وەك پێشەكی شتێكم بدەرێ تاگیسكەكە دەنێریت. یهوذاش, موورو قەیتانو گۆچانەكەی دەداتێو لەگەڵی جووت دەبێ. ثامار خۆی لێ دووگیان دەكاتو دواتریش خۆی ون دەكات. یهوذا بەشوێنیدا دەگەڕێ بەڵام بۆی نادۆزرێتەوە. پاش ماوەیەك هەواڵ دەبیسنو دەڵێن: ثامار داوێنپیسی كردووەو دووگیانە. یهوذاش, نازانێ كە بكەر خۆی بووە, فەرمان دەدات ثامار بسوتێنن. كە هێنایان, ثامار, بەهۆی موورو قەیتانو گۆچانەكەوە خۆی لەسووتاندن ڕزگار دەكات. لە دووگیانییەكەشی دووانەیەكی دەبێت.[25]
عیسای مەسیح كووڕی یەكێك دەبێت لەو دوو منداڵە.[26]

## چوارهەم : حزقیال

25 تەورات , سفر التكوین, بابی سی و هەشتەم, (6-28)
26 مزگێنی: ئینجیلی مەتتا, بابی یەكەم, (1-16)



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

لەم باسەدا فیلمێكی سێكسی هەیە: خوا بە پەیامبەرەكەی (حزقیال) دەڵێت: ئەی كوڕی ئادەمی, بزانە كە دوو خوشك لە میسردا زینایان كردوو مەمكیان هەڵگلۆفینو پەردەی كچێنییان درین, ناوی خوشكە گەورەكە (ئەهولە)و بچوكەكەش (ئەهولیبە) بوو. و..ئەهولیبە زیاتر زینای دەكردو لەعیشقبازیدا لە خوشكە گەورەكەی بۆگەنتر بوو. و..گەنجەكانی بابل لەسەر چرپایەكی نوستندا بۆ عەشقبازی دەهاتنە لای‌و ئەویش بەزیناكردن خۆی گلاو دەكرد. و..گۆشتیان وەك گۆشتی كەرو شەهوەتیشیان وەك شەهوەتی ئەسپ بوو.[27]

## پێنجەهەم: داوود



داوود پاشایەكی تابلێی سێكسباز بووە. كاتێك دەچێتە سەربانی كۆشكی پاشایەتی, لەكاتی پیاسەكردندا ژنی یەكێك لەپیاوە ئەفسەرەكانی خۆی دەبینێت. لەبەر جوانی تەماحی تێدەكات. بەهەر شێوەیەك بێت لەگەڵی جووت دەبێت‌و ژنەكە دووگیان دەكات. بۆ شاردنەوەی ئەم كارەساتەی, چەند فێڵێك لەگەڵ مێردی ژنەكە بەكاردەهێنێت, تابەكوشتی دەدات. دواتر ژنەكە دەباتە لای خۆی‌و منداڵێكی لێدەبێت[28]

27 تەورات ((حزقیال) بابی 23, 1-35)

28 تەورات: كتێبی دووهەمی سامۆئیل, بابی یانزەهەم, (1-26)

هەر ئەم ڕەوشتەی داوود, وای لەکوڕەکەی خۆی کردبوو دەست درێژی بکاتە سەر خووشکەکەی خۆی. ئەم پەیامبەرە کوڕێك‌و کچێکی هەبوو بەناوی (ئەمنون)و (ثامار). ئەمنوون بەشێوەیەك عەشقی ئەم ثامارە دەبێت بۆماوەیەك نەخۆش دەکەوێت. فرسەتی بۆ دروست دەبێ‌و هەرچەندە خوشکەکەی ڕازی نابێت بەڵام هەر ئیغتیصابی دەکات. پاش ڕەحەت بوون لەماڵەکەش دەریدەکات. بەمەش ثامار جلو پۆشاکە ڕەنگاو ڕەنگەکەی بەری دەدڕێنێت, قوڕ دەدات بەسەر خۆیداو شیوەنێك بۆخۆی سازدەکات, بەڵام برا گەورەکەی ناهێڵێت‌و ئەو کێشەیە کپ دەکاتەوە.[29]

## شەشهەم: هوشع

خودا بە پەیامبەرێکی دڵسۆزو بەرێزو موعتەبەرێکی خۆی (هوشع) فەرمان دەدات لەگەڵ ژنی زۆڵ‌و داوێنپیس سێکس بکات, نوسراوە:
ئینجا هوشع رۆشت‌و (جومەری کچی دەبلائیح)ی هێناو دووگیانی کرد. کوڕێکی لێبوو. (دوایش لێی هەڵدەگەڕێتەوە) خواوەند بە هوشع دەڵێت: بڕۆ لەگەڵ دایکت دوژمنایەتی بکە, تاکو زیناو داوێنپیسی خۆی لەنێوان مەمکەکانییەوە ئاشکرا بکات..و..و لەمەودوا بەزەیی بۆ کوڕەکانت نانێرم, چونکە زۆڵن‌و دایکیان بێشەرمی کردووەو دوای عاشقی خۆی کەوتووە.[30]

29, کتێبی دووهەمی سامۆئیل, بابی سیانزەهەم, (1-12)
30 لەهەمان سەرچاوەوە, کتێبی هوشع 1-4



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

**حەوتهەم : سلێمان**

سلێمانیش شاعیرو عاشقێکی ناودار بووە. چەندین شیعری بۆ خۆشەویستەکەی چڕیوە. ئەمەش یەکێکە لەو بەرهەمانەی:

**بەدانە کشمیشیەکانت بمانکەرەوە بەسێوی تازە,**
**چونکە زاماری ئەوینم..!!**
**دەستی چەپی دڵدارم ئەوەتا لەژێر دەستمدایەو**
**بەدەستی ڕاستیشم منی لەئامێز گرتووە..**
**خۆشەویستەکەم لەوێ دەبێتە من و منیش دەبمە ئەو..**
**ئەی خۆشەویستم, چاوەکانت لە پشتی پەردەوەن,**
**ئەڵێی چاوی کۆترن.**
**لێوت وەك ڕیشتەی مرواریو زاریشت چەندە جوانن..!!**
**مەمکەکانیشت هەنگوینی لێدەچۆڕێو ژێر زمانیشت شیری هەنگوینە..**
**دەستی خۆشەویستی**
**لەدرزی دەرگاکەتەوە دەرکەوتو ناخمی هەژاند,**
**هەستام تادەرگای بەرووودا بکەمەوە**
**بەلام دڵدارەکەم گەڕایەوەو ڕۆشت.**
**ئەی کچەکانی ئۆرشەلیم..**
**سوێندتان دەدەم گەر خۆشەویستم هات**
**پێی بڵێن من زاماری ئەوینم..!**
**گەر دەپرسن خۆشەویستم کێیە.؟**
**بزانن کەئەو سوورو سپی ڕەنگە,**
**چاوەکانیشی وەك کۆترەکانی نزیك ڕووبارەکەیە,**



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

**لێوەکانیشی سەوسەنییە و شیری پاکیان لێ دەچۆڕێ,**
**دەستەکانیشی بازنەی ئاڵتونن کەبەزەمەڕووت نەخشێنراون,**
**پێیەکانیشی بەوێنەی پایەکانی مەرمەڕن,**
**دەمی زۆر شیرینە و هەمووی جوانییە..**
**ئەوەبوو خۆشەویستم, ئەی کچەکانی ئۆرشەلیم.**

ئەم شیعرە دووررو درێژە چەند دیمەنێکی خرۆشاندنی سێکسیشی تێدایە:

**ئەی خۆشەویستم ..**
**( پێ )یەکانت لەناو نەعلەکانتا چەند جوانن..**
**بازنەکانی ڕانت وەك زیون کەدروستکراوی دروستکەرن..!**
**( ناوك )یشت کاسەی خڕی شەرابن..**
**مەمکەکانیشت وەك دوو بەچکە ئاسکن..**

**گەردنیشت وەك بورجی عاج و**
**چاوەکانیشت وەك حەوزەکانی حەژبوونن..**
**باڵات درەختی خورمایە و مەمکەکانت وەك بۆڵە ( ترێ )ن..**
**بۆنی هەناسەکانت وەك سێوەو زاریشت خۆشترین شەرابە.**
**ئەی دڵدارم,**
**خۆزگە برا بویتایە و**
**وەك من مەمکی دایکمت بمژیایە**
**تا ئەم ڕیسواییەم نەکێشایە.**

سلێمان, جگە لەکچەکانی فرعەون, ژنانی بێگانەشی زۆر خۆشدەویست. 700ژنی مارەبڕو 300 کەنیزەکی هەبووە.[31] لەگەڵ داوێنپیسێکیشدا بەناوی (ڕەحاب) ڕایبواردووە. بەم ڕابواردنەی منداڵێکی لێبوو ناوی نا (بووعز). لەڕاستیدا ئەم پادشایە بۆی دەلوا هەموو

31 التورات: الملوك الاول , بابی یانزدەهەم 3-



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjee www.xwdakan.com

شتێك بكات, چونكە زۆر دەوڵەمەند بووە. بەگوتەی خۆی خاوەنی (1,400) گالیسكەو (40,000) لێخورِ بووەو (12,000) سوارچاك لەخزمەتیدا بووە. كێشی ئەو ئاڵتونانەی كە لە ساڵێكدا دەگەیشتنە لای, نزیكەی بیستو چوار كیلۆ بووە. هەموو قابو قاچاخێكی ماڵەكەی لەزێری تەواو دروستكرابوو.[32]

چەندین پەندی سەرسورِهێنەریش لە سلێمان دەگێرِنەوە. لەو پەندانە چەمكی سێكسیش دەبینین. لە پەندێكیدا دەڵێت: چوار ئاراستە هەن كە ناتوانم پێشهاتیان دیاری بكەم, رِێگای داڵ لە ئاسماندا, مار لە كونە زەویدا, كەشتی لە دەریادا, چووك(ك) لە زێدا(ق).

رِەحبەعام, كە جێنیشینی سلێمان بوو, دوای ئەو كرا بە پەیامبەر. لە رِۆژانی سەرەتای فەرمانرِەواكەیدا نوێنەری خەڵكی بۆ پیرۆزبایی دەچنە لایو پێی دەڵێن: باوكت گاسنەكەمانی هێندە قورس كردبوو ناوقەدمانی شكاندبوو, ئێستا تۆ باری كۆیلایەتیمان سووك بكە, تا ئێمەش بتوانین باشتر خزمەتت بكەین.

ئەویش پێی گوتن كە سێ رِۆژی دی بۆ وەڵامەكەی بگەرِێنەوە. پاش سێ رِۆژەكە پێی وتن: باوكم گاسنی ئێوەی قورس كردبوو, منیش قورستری دەكەم, باوكم بەقامچی تەمبێی دەكردن, من بە دووپشك تەمبێتان دەكەم, چونكە پەنجە تووتەم لەكەمەری باوكم گرانترە.[33]

رِەحبەعام لەسەر شوێنپێی ئەخلاقی سلێمانی باوكی گوزەری كرد. بەڵام لەرووی سێكسەوە لەهەموویان باشتر بووە, چونكە ئەم جێنشینی خوایە, لەژیانیدا تەنها هەژدە ژنی رِەسمیو شەست ژنی رابواردنو سێ سەد كەنیزەكی هەبووە.

لەدوای مەرگی سلێمان كە بە دوا پادشای مەزنی یەهودی دادەنرێت, هەموو ئەو پەیامبەرانەی بوونە جێنشین بەلایەنی كەمەوە هەموویان كوژراون.! مێژووی ئیسرائیل لەو ساڵانەوە تا 587ی پ.ز زنجیرە رِووداوێكی گەورەی وەك پیلان, براكوژی, منداڵ كوژی, فریوكاری, خیانەتو تاوان, هاتە دی. لەناو هەموو رِووداوەكانیشدا خوا پاڵەوانی سەرەكی بووە.

---

32 التورات: هەواڵەكانی رِۆژانی دووەم, بابی نۆهەم. (13)

33 الملوك الاول بابی دوانزەهەم, (13-14)



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

لـە تەوراتـدا پـەرەگرافێکی سەرسـوڕهێنەر, دەربـارەی تورەبـوونی خـوا لـە کـچەکانی ئۆرشەلیم دەخوێنینەوە, کە چۆن کچان بەنازو نوزەوە ڕاڕەویان کردووەو شانازییان بەجوانی خۆیانەوە کردووە, کەچی خوا بەم ڕەفتارەیان تورە بووە. پەرەگرافەکە دەڵێت:

لەملاشەوە کچانی ئۆرشەلیم لـەخۆیان بـایی بـوون, بـەنازەوەو بەگـەردنی بەرزییانـەوەو بەچاوو برۆی فیتنەگەڕیانەوە, بەڕێدا دەڕۆنو دەنگی خرخاڵەکانی پێیـان دێـت. مـن تـەپڵی سەری ئەو کچانە کەچەڵ دەکەمو فەرمان دەدەم بۆ لەمەدوا موو لە زێیان نـەڕوێت, جـوانی خرخاڵەکانیان, زریزەی ناوچەوانیان, گوارەکانیان, دەستەبەندو بازنگو دەستماڵەکانیـشیانم بۆگەن کردن. با لە جیاتی پشتێن زنجیرو لەجیاتی سنگیشیان قایش ببەستن, لـەجیاتی جـوانی سوتاویم دانێو لەجیاتی ئەگریجەشیان سەری کەچەڵ.[34]

بەپێی ئەفسانە ئاینیەکان, سەدو بیستو چوار هەزار پەیامبـەر لەمێـژوودا هـەبوون. پێـنج لەسەر شەشی ئەم پەیامبەرانـە لەرووبـەرێکی بـچوکی جوگرافیـدا کۆبوونـەوە, کـە تـەنها ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. نوێنەرایەتیو جێنشینی خوای خۆیـان لەسـەر زەوی دەکـرد, چـونکە پێکهاتبوون لە کۆمەڵێك جەللادو وەعزکارو سێکسباز.

لە یەکەمدا پەیامبەرێك بەناوی ئیبراهیم دوو جار لەشفرۆشی بە ژنەکەی خـۆی کـردووە. ئەگەر بڵێین, یەکەمجار لەبەر کوشتنو هـەژاری ژنـی خـۆی کردۆتـە خوشـکی خـۆیو لـە کەسێکی تری مارە کردووە, ئەی پاساو بۆ جاری دووهەم چییە.؟ نـە لـە تـەوراتو نـە لـە قورئاندا هیچ وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە نییە. تەنها ئەوە نەبێت بڵێین: لە پێنـاوی دەسـتکەوتی ئابووری, لەشفرۆشی بە ژنەکەی کردووە.

لە دووهەمـدا بۆمـان دەرکـەوت جـارێکی تـریش بنەچـەی مرۆڤایـەتی دەگەڕێتـەوە بـۆ حەرامەکان. بەهۆی ژێراوژووری سـەدوومەوە کـەس لـە ژیانـدا نامێنێـت, پەیامبـەرێك لـە بێئاگاییدا سێکس لەگەڵ کـچەکانیدا دەکـات, بـەم هۆیـەوە دوو منـداڵیان دەبێـت. پـاش زاووزێی ئەم خوشكو برایانە جارێکی تر ژیانی مرۆڤایەتی دەست پێدەکاتەوە.

---

34 کتێبی ئەشعیای موحەممەد بابی3, 16-24



www.xwdakan.com . net . org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

لە سێهەمدا پەیامبەرێك داوێنپیسی کردووە. زینای لەگەڵ بووکی خۆی کردووە. دواتر ویستویەتی بیکوژێت. هەر خۆی زیناکەرەو هەر خۆشی دادوەرە.

لە چوارهەمدا خوا قسە لەگەڵ پەیامبەرێك دەکاو فەلسەفە لەسەر چەمکەکانی سێکس هەڵدەرێژێت. مەمك هەڵگلۆفین, پەردەی کچێنی, عیشقبازی, بۆگەن, چرپای نوستن, گلاوکردن, گۆشتی کەر, شەهوەتی ئەسپ, لە وشە جوانەکانی ئەم فەلسەفەیەن کە بۆمان جێماوە.

لە پێنجهەمدا, لەجیاتی پەیامبەر, پادشایەکی جەبەروتی سێکسباز دەبینین. دەچێتە سەربانی کۆشکەکەیو تەماح دەکاتە ژنی خەڵکی. سێکسی لەگەڵ دەکاو مێردەکەی بە کوشت دەدات. بۆ لاوێکی جوان دەلاوێتەوە. کوڕەکەشی دەستدرێژی دەکاتە سەر خوشکەکەی خۆی.

لە شەشهەمدا دایکی پەیامبەرەکە داوێنپیسو زیناکەرە. هەروەها خوا فەرمان بە پەیامبەر دەکات زینا بکات.

لە حەوتهەمدا پەیامبەرمان لێدەبێت بە شاعیرێکی عاشق. جگە لەکچەکانی فرعەون, عەشق لەگەڵ ژنانی بێگانەش دەکات. ئەم عاشقە پادشایەکی مێ بازیشە, خاوەنی سەدان ژنو گالیسکەو لێخورو سوارچاك خزمەتکار بووەو ساڵانە بە کیلۆ ئاڵتوونی بۆ هاتووە. یەکێك لەو شاکارانەی بۆی جێهێشتوین پەندێکی سێکسییە. کوڕەکەشی لە خۆی باشتر نەبووە.

## فەسلی دووهەم

## گوتارەکانی سێکس و ژن لە قۆناغی مەککەدا

ئیسلام وەك هەر ئایینێکی تەقلیدی لە نیوە دورگەی عەرەبدا دەرکەوت. گوتاری ئەم ئایینە, لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانیدا رەهەندێکی میتافیزیکیانەی هەبوو. سفرکردنەوەی

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

بتەکان, ناساندنی خوا, وەعزدانی خەڵکی لەسەر برایەتی, خۆشەویستی, گفتوگۆی جوان, دەستپاکی, یارمەتیو هاوکاری, دادپەروەریو بەزەیی, بەهەشتو دۆزەخ, باسکردنی چەندین ئەفسانە, باوەڕکردن بە خورافە, قسەکردن لەسەر دیاردەکانی سروشت..تاد, زۆری دیکەی لەخۆ گرتبوو. بەهەمان شێوەی ئایینەکانی دیکەی مێژوو, بە پێشوازی بێت لەلایەن کەسانێکەوە, یاخود بەرگرتن بێت لەلایەن کەسانی دیکەوە, رووبەرووی چەندین دەرئەنجامی رەفتارو دیاردەی هەمەجۆری ناو کۆمەڵگەکەی بووەوە. گرفتەکانی بازرگانیو ئابووری, کلتوورە کۆمەڵایەتییەکان, سیاسەتی بەڕێوەبردنی دەسەڵات, نەریتە ئایینیەکان, دیاردەی کۆیلەداری, وەك هەر ناوچەیەکی دونیای ئەو سەردەمە, لەو ناوچەیەشدا بەرقەرار بووە.

لە هەرە دیارترین دیاردە, کە کاریگەری تەواوی بەسەر ژیانی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتی خەڵکانی ناوچەکەوە هەبێت, کێشە کلاسیکییەکانی دەسەڵاتو شێوەو جۆری بازرگانیو کلتووری هاوسەرگیریو سێکس بووە. بەڵام ئەم دیاردانە, بەلای موحەممەدەوە, مایەی کێشەو بەدواداچوون نەبوو, چونکە لەسەرەتای بانگەوازەکەیدا جگە لە گوتارێکی میتافیزیکی رووت, جگە لە پەیڕەوکردنی رەفتارێکی سادەو ساکاری کۆمەڵایەتی ناسراو بە ناوچەکە, رەچاوی شتی دیکەی لێنەکرا. وەك سۆفییەك, سەری بەناو باوەشی خۆیدا کردبوو, پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ دونیای فیزیك بچڕانبوو. هەموو قسەوباسیشی ئاماژەدان بوو بۆ ئاگادارکردنو ترساندنی دانیشتوانی نیوە دوورگە بە دۆزەخو بەهەشتی ئەو دونیای ئایین.

موحەممەد رۆڵەی ناوچەکەی خۆی بووە, تا ڕادەیەکی باش لەبەرامبەر نەریتو کلتوورو شارستانییەتی کۆمەڵگەکەی بەئاگا بووە. بەهۆی زیرەکییەوە لە خاڵی لاوازی کۆمەڵ شارەزا بووە, بە ژیانی دانیشتوانی نیوە دورگە هوشیار بووە, پاش تێپەڕبوونی تەمەنێکی زۆرو ئەزموونێکی باش بۆی دەرکەوتووە کە لە سەر چوار بنەما ژیانی ئێستاو داهاتوویان مەیسەر دەکەن: کشتوکاڵو ئاژەڵداری, جەنگوەدەسەڵات, بازرگانیو دەستکەوت, سێکس. وەك هەر کەسێکی دیکە لەناو ئەم کلتوورانەدا ژیاوەو کاریگەریان بەسەریەوە هەبووە. لەبەر ئەم هۆیە لەناو دینەکەیدا کێشەی لەگەڵ هیچ کام لەو دیاردە کلتوریانە دروست نەکرد کە



www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

ببێتە مایەی ڕەنجاندنی ڕای گشتی کۆمەڵگەکە. کێشەی سەرەتاو کۆتایی موحەممەد, بلاوبوونەوەو گەورەکردنی ئەو تێزە میتافیزیکییە بوو کەلەتەمەنی (40) ساڵیدا دەستی دایە. بۆیە لەسەر یەك بەرنامە, زیاتر لە(13) ساڵی تەواو, خۆی خەریك کرد, کە بە قۆناغی مەککە ناسراوە, تێیدا سەرکەوتوش نەبوو. بۆیە شتێکی ئەوتۆمان دەربارەی سێکسی ئەو بۆ ئەو قۆناغە نییە باسی بکەین.

دەربارەی سەرنەکەوتنی پەیامەکەی موحەممەد, لە ماوەی ئەو سیانزە ساڵەدا, پرسیارگەلێکی زۆر کراوەو بەچەندین جۆریش لێکدانەوەی بۆ کراوە. گرنگترینیان دوو دەرئەنجامە, یەکەمیان: ئەم ئایینە نوێیە, بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابووریو سیاسیو کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگە, لەپێکهاتەیەکی دەوڵەتیدا هیچی پێ نەبوو. ئەوەی ئیسلام باسی دەکرد, لە لایەن ئایینزاکانی یەهوودیو مەسیحیو حەنەفیو شاعیرەکانەوە گەیشتبووە فکری دانیشتوانەکە. ناوچەکەش گیرۆدەی ستەمی هەمەلایەنەو چەوساندنەوەی چینایەتیو نەبوونی یاسایەك بوو بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ئەو سەردەمە. خێڵو تیرەو هۆزەکانی نیوە دوورگەی عەرەب هەمیشەو بەبەردەوامی لە شەڕی دەسەلاتو کەڵەکەکردنی سەرمایەدا بوون. زۆر بە زەحمەت توانیبویان لیژنەیەکی بالا دروست بکەنو دوا بڕیارە چارەنوسسازی ناوچەکە بدەنە دەست ئەم لیژنەیە. بەلام لەناو ئەم لیژنەیەدا, لەئەنجامی بەرگریکردن لە کۆمەڵێك بەرژەوەندی خێڵو هۆزی ناوچەکە, هەمیشە لەناکۆکیدا بوونو بەتەنها بەرژەوەندییە بالاکانی خۆیانیان دەپاراست, دەستورێکیان نەبوو کارەکانیانی لەسەر بنیات بنێن. خەڵکانیش چاوەڕێی فریادرەسێك بوون کە لەم مەینەتییە ڕزگاریان بکات, نەك ئایینێکیان بۆ بهێنێت کە هەڵگری هەمان پەیامی ئایینەکانی دیکەی ناوچەکەیەو پێی نامۆ نین.

دووهەمیان پەیوەندی بە سایکۆلۆجی کۆمەڵگەکەوە هەبوو. موحەممەد, لە هەموو قسەوباسێکی ڕۆشنکردنەوەی ناوەڕۆکی پەیامەکەیدا, داوای کۆمەڵێك ڕەفتارو ئاکاری لە خەڵکەکە دەکرد کە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ حەزو ئارەزووی ڕەوشتو ناوەزیاندا یەکیان نەدەگرتەوە. داوای لێدەکردن شەڕ نەکەنو برایەتی بنوێنن, سامان پشتگوێ بخەن, جگە بۆ خوا کڕنوش بۆ هیچ کەسێکە دیکە نەبەن, زینا نەکەن, دزیو دەستبڕی نەکەن, هەڵنەکوتنە



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org



سەر ناموس و ماڵو موڵکی کەس, کۆمەڵکوژی نەکەن..تاد, بەڵام ئەوان تا تەویڵیان نوقمی شەڕو چنینەوەی دەستکەوتو کۆکردنەوەی سامانو گرتنە دەستی دەسەڵات بوون, ڕۆژانە چەندین کەسیان خەڵتانی خوێن کردووە, ئامادەی سەربڕین بوون نەك کڕنوش بۆ خێڵو تیرەیەکی دیکە. ڕۆژانە مامەڵەیان بە هەزاران کۆیلەو کەنیزەکەوە کردووە, بە سێکسی دوانو پێنجو تا بیست ژنو دەیان کەنیزەك تێریان نەدەخواردوەو هەمیشە ئاویزانی خۆخاڵیکردنەوەی هەوەسی سێکسیان بوون. پەیامێکیش لەگەڵ بەرژەوەندیو خواستە دەروونییەکانی کۆمەڵەوە هەڵنەقوڵێت, لە ئامێز ناگیرێت. بەم هۆیەوە موحەممەد بەدرێژایی 13 ساڵ لە مەککەدا نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. ئەوەی نەدەزانی کە دانانی کاریگەری لەسەر دیاردە سروشتییەکان دەخالەتکردنە لە خواستە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و زەوتکردنی, یاخود یاری پێکردنی لەدەروونیاندا نیگەرانیان دەکاتو دژی دەوەستنەوە.

سێکس, ئەگەرچی دیاردەیەکی سروشتییە بەڵام بەشێکی گرنگە لە ژیانی کۆمەڵایەتی. بە هۆیەوە گەر بڕوانینە بانگەوازەکەی موحەممەد لە قۆناغی مەککەیدا, ئەو ئاماژە سێکسییانەی قۆناغی مەککە کەنیشانی ئێمەی دەدات, بە تایبەت ئەو ئایەتانەی لە قورئاندا نوسیونی, دەبینین زۆر بە کەمیو لەشێوەی هێمادا, بەلای سێکسدا چووە. لە شێوەی چیرۆكو گێڕانەوەی ئەفسانەدا داوای خۆپاراستنی زینای لە کۆمەڵ کردووە. بە چەند ئایەتێك ترسو بیمی ئازاری دۆزەخی خستۆتە دڵی ئەو کەسانەی کە شوێنکەوتەی ئامۆژگارییەکانی نەبوون, بە چەند ئایەتێکی دیکەش, بەگوتەی ناسك, مژدەی خرۆشێنەری بەهەشتی داوە بەو کەسانەی کە گوێڕایەڵی کردوون. لەم ڕووەوە, زمانی قورئان, ئەدەبئامێز هۆنراوەتەوەو کاریگەریی دەروونی بەسەر خەڵکەکەوە جێهێشتووە, تێیاندا چەندین زانیاری گرنگ هەن, لێرەدا چەندین نموونە لەم بارەیەوە دەهێنینەوە:

## 1
## ئەفسانەی ئادەم و حەوا

ئەو کاتەی خوا ئادەمی دروست کرد, بڕیاری نەدابوو حەواش دروست بکات. دواتر

کەبۆی دەرکەوت ئادەم خەڵتانی تەنیایی بووەو نازانێ چۆن ژیان بگوزەرێنێ, گەڕایەوە سەر لەوحی مەحفوزو لەڕیزبەندی دروستکراوەکاندا ناوی حەوای زیادکردو کردییە هاودەمی ئادەم تا لەو گۆشەگیری و بێزارییەدا ڕزگاری بکات. لەقورئاندا نوسراوە:

هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا.[35]

ئەو (خوا) ئێوەی لەیەك نەفس دروست کردووە, هەر لەو نەفسە ژنێکی دروست کرد بۆ ئەوەی (پیاوەکە) ئارامی و خۆشبەختی لێوەربگرێت.

کەواتە حەوای ژن مرۆڤێکی تەواو نییە چونکە تەواوکەرە, بەپێی دەقی ئایەتەکە حەوای ناتەواو بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانو سڕینەوەی نارەحەتییەکانی پیاو دروست بووە. (لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا) تا پیاو ئارامی و خۆشبەختی لێوەربگرێت.

بوخاری کەیەکێکە لەئیمامە باوەڕپێکراوە گەورەکانی ئیسلام لەصەحیحەکەی خۆیدا بۆی نوسیوین کەپەیامبەر لەفەرموودەیەکدا وتوویەتی:

إِنَّ الْمَرْأَةَ خُلِقَتْ مِنْ ضِلَعٍ.[36]

ئافرەت لە پەراسوو دروستکراوە.

هەر ئەم ئیمامە نوسیویەتی:

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ اسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ فَإِنَّ الْمَرْأَةَ خُلِقَتْ مِنْ ضِلَعٍ وَإِنَّ أَعْوَجَ شَيْءٍ فِي الضِّلَعِ أَعْلَاهُ[37]

پەیامبەر وتویەتی: ئاگاتان لە ژنان بێتو چاکەیان لەگەڵ بکەن, چونکە ئافرەت لە پەراسوو دروستکراوە, ئەگەر خوارییەکی تێدابێت ئەوە لەو پەراسووە خوارەوەیە.

---

35 الاعراف 189, الزمر 6

36 صحيح البخاري. كتاب الانبياء, باب قول الله تعالى: وإذ قال ربك للملائكة إني جاعل في الأرض خليفة حديث3153

37 صحيح البخاري. كتاب الانبياء, باب قول الله تعالى: وإذ قال ربك للملائكة إني جاعل في الأرض خليفة حديث3153



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Marwan Halabjaee www.xwdakan.com

بوخاری یەکێکە لەو ئیمامانەی کەموسڵمانەکان باوەڕی تەواویان بەنوسینەکانی هەیەو لەدوای قورئان بەسەرچاوەی یەکەمی دەزانن, ئەو لەزمانی ئەبوهورەیرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە:

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: الْمَرْأَةُ كَالضِّلَعِ إِنْ أَقَمْتَهَا كَسَرْتَهَا وَإِنْ اسْتَمْتَعْتَ بِهَا اسْتَمْتَعْتَ بِهَا وَفِيهَا عِوَجٌ.[38]

پەیامبەر وتویەتی: ئافرەت وەك پەراسوو وایە, گەر راستی بکەیتەوە دەشکێت, ئەگەر دەتەوێت خۆشیو لەزەتی لیٚ بچێژیت هەر بەو خوارییە لێی بچێژە.

لە ئیسلامدا بەم شێوەیە یەکەم رەگەزی مێ دروست بووە. رەگەزی مێ (حەوا) وەك رەگەزی نێر (ئادەم) تەواو نییە, یەکسان نییە, ئاقڵ نییە, وەك ئەو حەزو ئارزووی نییە, خوارو خێچە. چونکە حەوا لە پەراسوویەکی ئادەم دروست بووە تا ببێتە پڕکەرەوەی بۆشاییەکانی پیاو, سڕینەوەی نارەحەتییەکانی پیاو, دروستبوونی خۆشگوزەرانی بۆ پیاو, ببێتە کونێك بۆ خاڵیکردنەوەی غەریزە سێکسییەکانی پیاو. جگە لەمە نازانریٚ حیکمەتی دروستبوونی حەوا لە پەراسووی پیاو لە چیدایەو بۆچی بەو کەموکوڕییە دروستی کردووە.!

وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ.[39]

وتمان ئەی ئادەم خۆتو ژنەکەت لە بەهەشتدا ماڵگە بخەنو بژین, لە هەر شتێكو لەهەر شوێنێك, خۆشگوزەران بوونو ئارەزووتان هەبوو بخۆنو بخۆنەوە, هەروەها توخنی ئەو درەختەش مەکەون, دەنا دەچنە ریزی ستەمکارانەوە.

لەم ئایەتەدا خوا بەهەشتی بۆ ئەم دووانە والاٚ کردووە. تەنها کارێك کەنابێت بیکەن, خواردنی بەرهەمی درەختێك بووە. بەلاٚم دواتر بەهۆی ئەم رێگرییەوە گرفت پەیدا دەبێت.

فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ,[40] فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا. فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ.[41]

---

38 صحيح البخاري, كتاب النكاح, باب: المداراة مع النساء، وقول النبي صلى الله عليه وسلم إنما المرأة كالضلع.حديث4889

39 البقرة 35

40 الأعراف 21



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

شەیتان کەوتە دنەیانو بە خواردنی درەختەکە ئاشنای کردن. (بەم هۆیەوە) لە خۆشییەکانی بەهەشت دەرپەڕاندن.

موسڵمانان دەڵێن بەهۆی زیرەکیو توانایی شەیتانەوەو بەخواردنی بەرهەمی ئەو درەختە قەدەغەکراوە حەوا لەخشتەبرا, ئەویش ئادەمی لەخشتەبرد.

لەم ڕوانگەیەوە حەوا فریودراوە, لەهەمان کاتدا فریودەریشە. شەیتان ئەوی فریوداو ئەویش ئادەمی فریودا. بەم هۆیەوە ئیماندارانی ئیسلامیش بەرەو چارەنوسێکی نادیار چوون کەتا ئەبەد پێوەی بتلێنەوە.[42] بەهۆی هەڵەی دایە حەواوە سزای هەموو مرۆڤایەتی درا, ئەمەش لەکۆتایی ئایەتەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە (وَلَا تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ) توخنی ئەو درەختە مەکەون, دەنا دەچنە ریزی ستەمکارانەوە. ستەمەکەش ژیانە لەناو نەهاماتییەکانی دونیاو چەشتنی ئازاری سووڕی مانگانەیە لەلای ژنان.

هەموو ژنانی دونیا, بەهۆی هەڵەی حەوای ژنەوە, ڕووبەڕووی سزایەکی توندی خوا بوونەوە, ئەویش سووڕی مانگانەی ژنانە. بەم پێودانگەش جالەبەر ئەوەی حەوا, دایکی گەورەو یەکەمی هەموو ژنەکانی دنیایەو خوا بۆ خۆشییەکانی ئادەمی پیاو دروستی کردووە, کەواتە هەموو ژنەکانی دیکە بۆ خۆشییەکانی پیاوان دروست بوون. لەبەر کەم ئەقڵی حەوا, کە بووە هۆی دەرپەڕاندنی ئادەم لەژیانێکی تەواو خۆشەوە, کە بەهەشتە, بۆ ژیانێکی تەواو پڕ لە کێشە کەلەسەر زەویە, خوا دووچاری تەریی کرد, کەواتە دەبێت هەموو ژنانی دونیا کەم ئەقڵ بنو هەموو حەواکانی دونیا بچنە ژێر سێبەری رقو هەڕەشەو بەزەییەکانی خواو دەبێت هەموو ژنەکان بەر ئەو سزایە بکەون کەلەچارەی حەوا نوسراوە.

بەپێی ئەفسانەکان, بە خواردنی درەختەکە هەست بەڕووتوقوتی خۆیان دەکەن, بەگەڵای درەختی بەهەشت پێشو دوایان دادەپۆشن.

---

41 البقرة 36

42: (بو عەلی یاسین) لەسەر ئەم چەمکە دواوە. بڕوانە: سێکوچکەی حەرامکراو. وەرگێڕانی: سیروان محمد. ساڵی1998 بەشی (تێگەیشتنی ئایین لەسێکس)

فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ.[43]

جا کاتێك تامی درەختەکەیان چەشت, عەیب‌وعاریان بۆ یەکتر دەرکەوت, یەکسەر هەوڵیاندا بە گەڵای درەختەکانی بەهەشت خۆیان داپۆشن.

ئێمە نازانین بۆچی خوای ئیسلام چووکو زێ (ك,ق) بە عەیب‌وعارو خراپی مرۆڤایەتی (سَوْآتُهُمَا) دەزانێت.! بەهەشت, کەجێی هەموو خۆشییەکانەو لە هەموو خەمو خەفەتێك دوورە, بۆچی مرۆڤ تێیدا هەست بە خراپی‌و عەیب‌وعار دەکات.؟ جیهانێکی چۆڵو هۆڵ, جگە لە ئادەمو حەوا هیچ گیانلەبەرێکی دیکەی تێدا ناژی, چ پێویست بە داپۆشینی داوێن دەکات‌و خۆیان لەچاوی یەکتر بشارنەوە.؟ بێئەوەی هیچ کردارێکی سێکس کرابێت, یاخود باسیشی کرابێت, بۆ سەیرکردنی ئەندامەکانی سێکس حەرام کرا.؟ ئیسلام وەڵامی ئەمانەی پێ نییە. تەنها ئەوە نەبێت کە خۆمان خوێندنەوەی بۆ بکەین‌و بڵێین: یەکەم کێشە, کە خوا بۆ دەروونو خەیاڵەکانی ئادەمیزادی دروست کردبێت, داوێنی بووە.! لێرەوە پێشبینی بۆ کێشەی گەورە لەلامان دروست دەبێت. لە لایەکەوە حەوا بوو بە کونو جێی رابواردن, ئادەمیش بوو بە کونکەرو وێنە سێکسییەکانی هەوەسی پیاو, لەلایەکی دیکەشەوە, هەردووکیان بوونە دیمەنەکانی خەتا, یەکێکیان گوناهبارە, ئەوی دیکەیان تاوانبارە.



ئەم بۆچوونە بەرهەمێکی هێنایە بەرهەم یەکەم تاوانی تیرۆرو کوشتن, کە خوا لە چارەی نەوەکانی ئادەمو حەوای نوسیبێت, لەسەر سێکس بێت, ئەمەش روویدا.! بۆ یەکەمجار لە

43 الاعراف 22

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

مێژووی مرۆڤایەتیدا, لەسەر سێکس, قابیل, هابیل دەکوژێت.

فَطَوَّعَتْ لَهُ نَفْسُهُ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُ.[44]

دڵو دەروونی هێنای کە براکەی بکوژێت, ئەوەبوو کوشتی.

کاتێك ئادەمو حەوا لەسەر زەوی ژیانیان بەسەر دەبرد, لە یەك زکوزادا, دوو منداڵیان بووە, حەوای ژن لە دوای یەك زکپڕبوون کوڕێكو کچێکی بووە. بۆ جارێکی دیکە دوو منداڵی تر, واتە کوڕێكو کچێکی دیکەی بووە. بۆ ئەوەی نەوەیان زیاد بکات, خوشكو برایەی لەدیکبووی یەکەم مارەبڕاون لەگەڵ خوشكو برای لەدایکبووی دووەم. هەموویان خوشكو برا بوونو دەبوونە ژنو مێردی یەکتر. کەس بە دانایی ئەم کارەی خوای ئایینە یەکانەییەکان نازانێت, بەتایبەت ئیسلام کەپێی لەسەر ئەم ڕاستییە داگرتووە, ئەفسانەکانیش هیچ شتێکیان لەو بارەیەوە پێنەوتووین.

قابیل, لەبەر جوانی خوشکەکەی, بەرەوای نەبینیوە کەسێکی وەك هابیل ببێتە مێردی, لەکاتێکدا هیچ نێرینەیەکی دیکە نییە ئەم خوشکەی لێ مارە بکاتو ببێتە هۆی وەچەخستنەوە, لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەیکوژێت. لێرەوە دەتوانین بڵێین قابیل لە ژێر کاریگەری بۆ دامرکاندەوەی حەزو پاڵنەرە سێکسییەکانی خۆی, لەگەڵ هەردوو خوشکەکەیدا سێکسی کردبێت. بۆ یەك خوشکیان گریمانەیە, بۆ خوشکی دووەمیشیان ڕاستەو ئەفسانەکانی خودی ناو قورئانو مێژووی ئیسلام دانی پێدا دەنێن. لەدوا سیاقی ئەم ئەفسانەیەدا چارەنوسی قابیلی ئینسانکوژی زیناکەرو خوشکە مێرد کوژراوەکەی دیار نییە. تەنها گریمانەی ئەوە لەبەر دەستدا هەیە کەقابیل ئەم خوشکەشی بۆ خۆی مارە کردبێت.

دەخوازرا وەك چۆن خوا ئادەمو حەوای لەقوڕ دروست کرد, دەکرا هەر بەو شێوەیەش ئادەمو حەوایەکی تری لەتەختە دروست بکردایە, تا ئەم دوو خێزانە لەنێوان خۆیاندا زەواجیان بکردایە. ئەنجامیش نە خوشكو برا لە یەکتر مارە دەکرانو نەکەسیش کوشتوبڕ دەکراو نە نەوەکانی خواپەرستانی ئیسلامیش دەبوونە حەرامزادە.

سەرباری نالۆژیکی هەموو چیرۆکەکە ئەوەش بەلامانەوە لۆژیکی نییە بە خواردنی بەرهەمی

---

44 المائدة 30

درەختێك, كە زەرەری بە هیچ كەسێك نەگەیاندووە, هەردووكیان لەبەهەشت دەربكرێن. لە چەندین ئایەتی قورئاندا, كە بە سەدان ئایەت دەژمێردرێن, باس لە بەزەیی و میهرەبانی بێسنووری خوای ئیسلام كراوە, بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەوە لەبەرامبەر هەڵەیەكی بچوكدا سزایەكی زۆر گەورە دەبینین كەهیچ كام لەئادەمو هەوا شایستەی نەبوون.

لەم ڕوانگەیەوە یەكەمین كێشە لەبیرو ئەخلاقی موسڵماناندا دروستبوونی ئافرەت بووە چونكە لەگەڵ دروستبوونی ئەودا كێشەكان سەریان هەڵدا, یەكەمین ڕێچكەی تاوانیش ئافرەت گرتویەتیەبەر چونكە بەقسەی شەتانی كرد, یەكەمین گوناهیش ئافرەت كردویەتی بەوەی كە پیاوی فریوداوە, یەكەمین بینینی دیمەنی حەرامیش داوێنی ڕووتی ئافرەت بوو, یەكەمین یاسای خواش لەچارەی مرۆڤایەتی نوسیبێتی لەیەكترمارەبڕینی خوشك و برا بوو, یەكەم كوشتن و خوێنڕژان و براكوژیش لەسەر ئافرەت بوو. جابەو پێیەش كە كچو كوڕەكانی ئادەمو حەوا خوشك و برا بوون و بۆ وەچەخستنەوە سێكسیان كردووە, كەواتە هەرچی مرۆڤێك لەسەر ئەم زەوییە هەیە, لەبنەڕتدا حەرامزادەن چونكە وەچەو زادەی زینان.!

ئەمە ئەو دینەیە كەئیسلامی لەسەر بونیاتنراوە. تێكەڵبوونی سێكسیانەی نێوان خوشك و برا, كە لە شەرعی تەورات و ئینجیل و قورئانیشدا حەرامەو لەبەرامبەر كارێكی وەهادا بەهیچ شێوەیەك لێخۆشبوونیان نییە, كەچی هەمان شەرع پشتاوپشت دەمانبەنەوە بۆ ئەو كردارە تەواو حەرامە.! ئەم هاوكێشەیەی كەئیسلام دروستی كردووە, لە لایەن مرۆڤایەتییەوە ڕەخنەو پرسیارگەلێك سەریهەڵداوە كە ئایینەكان بە گشتی و ئیسلام بە تایبەتی, نەك ناتوانن وەڵامێكی لۆژیكی بدەنەوە, بەڵكو ناشتوانن بەهانەیەكی میتافیزیكی بۆ بدۆزنەوە.!

دەكرا حەوا وەك ئادەم بەتەواوی دروست بكرایە, بەم پێیەش چارەسەری زۆربەی ئەو كێشانەی دەكرا كە لەسەر ئەم نیوە ناچلیە كاریگەری چینایەتی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری جێهێشتووە. بەڵام ئەم كارە نەكراوە. لەتەواوی ئەم ئەفسانەیەدا, كە لای ئیسلام حەقیقەتێكی حاشاهەڵنەگری هەیە, گرنگی بە ئافرەت نەدراوە. ڕاوبۆچوونی لە شێوەی دروستكردنی وەرنەگیراوەو كەس وەڵامی ئەو پرسیارەی نەداتەوە كە بۆچی لە پەراسوویەكی خواری پیاو دروست بووە.! ئەم ژنەخوارە, لەنێوان حەزە سەرشێتەكانی شەیتان و

فەرمانەكانی ئەڵلادا دەمێك فریو دەدرێت, دەمێك دەبێتە فریودەرو تاوانبار, دەمێك ئەقڵی نییە, دەمێك ناوگەڵی خۆی بۆی دەبێتە عەیبوعار, دەمێك لەبەهەشت دەردەكرێت, دەمێك لەنێوان هەوەسە سێكسییەكەی قابیلو شەرعەكانی خوادا براكەی زینای لەگەڵ دەكات, دەمێك لەسەر ناوگەڵە داپۆشراوەكەی مرۆڤ مرۆڤ دەكوژێتو خوێن دەرژێت, دەمێك كە بۆ شووكردن خۆی ڕازاندووەتەوە, بەڵام لەجیاتی بەسەربردنی كاتێكی پڕ لەخرۆشی سێكسی شوویەكی خوێناوی دەكاتو لاشەیەكی مردووی بۆ دەخەنە ژووری پەردەوە. ئەمەش ئەو مێژووەیە كەلەئیسلامدا باس كراوەو سەرەتاكانی دروستبوونی بەشەرییەتی لەسەر بونیاد نراوە.

## 2
## یوسف و سیناریۆی سێكس

لە قورئاندا, بە دوورو درێژی, چیرۆكێكی ئەفسانەیی دەربارەی پەیامبەرێك باسكراوە. سیناریۆكە بەدەرنەبووە لە سێكس. قارەمانی ئەم چیرۆكە (یوسف) پەیامبەرێكە لە پاكداوێنیدا وێنەی نییە. دواتر بەهۆی كێشەیەكەوە, دەگاتە كۆشكێكو ماوەیەك لەژێر سێبەری دەسەڵاتی خاوەن ماڵەكەدا, ژیان بەسەر دەبات. لە گرتەیەكدا ژنی ماڵەكە داوای مومارەسەی سێكسی لێدەكات, ئایەتەكانی قورئان بەم شێوەیە باسی ئەو كورتە فیلمەمان بۆ دەكات:

وَرَاوَدَتْهُ الَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَنْ نَفْسِهِ وَغَلَّقَتِ الْأَبْوَابَ وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ. وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِ وَهَمَّ بِهَا لَوْلَا أَنْ رَأَى بُرْهَانَ رَبِّهِ كَذَلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاءَ إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ..[45]

ئەو ئافرەتەی كە یوسف لەماڵیدا بوو, زەوقی بۆ یوسف جوڵاو دەرگاكانی داخستو بە یوسفی وت: ئامادە بە با بیكەین. یوسفیش وتی: پەنا بەخوا من كاری واناكەم, ئەو (خاوەن ماڵەكە) ئاغای منە, ڕێزی لێ گرتوومو پەنای داوم (خیانەتی لێناكەم, گەر كاری وا بكەم

45 یوسف 23–24

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

دڵنیام کە) ستەمکاران رزگاریان نابێت. ژنەکە لێی نزیك بووەوەو خۆی بۆ یوسف ئامادەو والا کرد, یوسفیش بۆ ئەو (ژنەکە) ئامادەو والا کرد, (لەوەدا دەبن کەجووت ببن, بەلام خوا فریای یوسف دەکەوێ‌و ناهێڵێت) گەر بەڵگەی خوایی نەزانیایە ئەو کارەی دەکرد (بەلام نەمانهێشت ئەو کارە بکات) ئێمە ئاوا فریای بەندەی خۆمان دەکەوین‌و لەکاری خراپەو زینا دووری دەخەینەوە, چونکە ئەو (یوسف) یەکێکە لە بەندە دڵسۆزەکانمان.

گێڕانەوەی ئەم کورتە فیلمە سێکسییە, بۆ دانیشتوانی نیوەدوورگەی عەرەب کە پڕ بووە لەکرداری سێکس, مایەی تێڕامان‌و لێکدانەوە نەبوو. گەر موحەممەد ویستبێتی لە ڕێگەی ئەم چیرۆکەوە پاکێتی یوسف لە کاری زینادا نیشان بدات, ئەوە لای دانیشتوانەکە بە چەندین شێوەیەکی دیکە لێکدراوەتەوە. لە لایەکەوە: لە نیوە دورگەی عەرەبدا کێشەی سێکس نەبووەو دانیشتوانی ئەوێ, جگە لە دەیان ژن‌و سەدان کەنیزەك, دەیان لەشفرۆشی دیکە لە ناوچەکەیاندا هەبوون‌و لە خاڵیکردنەوەی هەوەسی سێکسییاندا ڕێگریان نەبووە. لای ئەوان, توشی تەنگوچەڵەمە نەهاتوون تا بە چیرۆکێکی ئەفسانەیی هەڵوێست لە شتێك وەرگرن کە نەزانن چییە.

لە لایەکی دیکەوە, ناوەڕۆکی چیرۆکەکە ئەوە دەردەخات کە یوسف ئەو پەیامبەرە پاکە نەبوو کە موحەممەد باسی دەکات, بەڵکو خودی یوسف ویستویەتی سێکس بکات, بەلام (خوا) نەیهێشتووە. لە ئەفسانەکەدا بە ڕوونی باسی هەوەس‌و ئارەزووی هەردووکیان بۆ جووتبوونی یەکتر کراوە. ژنەکە (هَمَّتْ بِهِ) بۆی هاتۆتە پێشەوە, جا پەلاماری داوە, یان باوەشی پێدا کردووە, یاخود ماچی کردووە, نازانرێت چی ڕووی داوە. هەروەها یوسفیش بە هەمان شێوە (وَهَمَّ بِهَا) کتومت وەك ژنەکە بووە. جا پەلاماری داوە, یان باوەشی پێدا کردووە, یاخود هەر شتێکی دیکە, ئەوەش نازانرێت. هەردووکیان بۆ یەکتر وەك یەك وابوون. ئەوەی ئەم بەسەرهاتە زیاتر پوچەڵ دەکاتەوە کاریگەری خوا بوو, چونکە ئەو نەیهێشتبوو یوسف سێکس بکات, نەك ئازایەتی خودی یوسف. (كَذَلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاءَ) (ئێمە ئاوا فریای بەندەی خۆمان دەکەوین‌و لەکاری خراپەو زینا دووری دەخەینەوە.) بەپێی باوەڕی ئایینی, هەر کەسێك, لەکاتی کردنی کارێکی خراپەدا, خوا

فریای بکەوێت, کەس خراپە ناکات. خواش کە یارمەتی یوسفی داوە, لەبەر ئەوە بووە کەیوسف پەیامبەر بووەو کەسێکی ئاسایی نەبووە. هەموو خەڵکانیش نابنە پەیامبەر. ئەگەر خوا دەیەوێت کەس خراپەو زینا نەکات با وەك یوسف فریای هەموو بکەوێت.! ئەنجام روونەو خوا نەبوایە یوسف لەگەڵ ژنەکەدا رایدەبوارد. کەواتە مەبەستەکەی موحەممەد بە هیچ چوو. سەرباری ئەم روونکردنەوانەش, ئەم ئەفسانەیە لە تەوراتدا نوسراوەو بە خەڵکی مەککە نەبیستراوو تازەو نامۆ نەبووە.

3

## هاجەر خانم

چیرۆکێکی بەناوبانگ لەئایینەکاندا هەیە کە باوکێکی پەیامبەر ویستویەتی منداڵەکەی خۆی سەرببڕێت, ئەویش ئیبراهیمە. ئەفسانەکان بە شێوەیەك باس لەم رووداوە دەکەن کە سارەی ژنی ئیبراهیمی پەیامبەر, کەنیزەکێکی هەبووە بەناوی هاجەر. دوای تێپەڕبوونی تەمەنێکی زۆر, ئیبراهیمو سارە بە وەجاخکوێری دەمێننەوە. ئیبراهیم پەیوەندی سێکسی لەگەڵ هاجەری کەنیزەکدا بەستووەو دووگیانی کردووە. سارە بەمە دەزانێتو دوای نارەزایی سوێنددەخوات, سێ ئەندام لە لەشی هاجەر ببڕێ.! هاجەریش لە ترسی هەڕەشەکانی سارە ڕادەکاتو خۆی دەشارێتەوە. لەدوایدا ئیبراهیمو هاجەر, بە نهێنی, یەك دەگرنەوە. هاجەر منداڵێکی دەبێو ناوی دەنێ ئیسماعیل. بۆ ئەوەی سارە پێیان نەزانێ, یاخود وەك لە ئەفسانەیەکی دیکەدا هاتووە, سارە پێی زانیون, مەرجی ئەوەی لەگەڵ ئیبراهیم کردووە: دەبێ هەردووکیان (هاجەرو ئیسماعیل) ببات بۆ شوێنێکی زۆر دوورو بێ ئاوو نانو بگەڕێتەوە, تا لە برساو لە تینوێتیدا بخنکێن. ئیبراهیمیش بەقسەی سارەی ژنی دەکاو لە بیابانێکی گەرمی خۆرەتاوو چۆڵوهۆڵدا جێیان دەهێڵێت. هەرچەند هاجەر لە ئیبراهیم دەپاڕێتەوە کە لەو شوێنە وشكو بێ نانو ئاوو چۆڵەوانییەدا جێیان نەهێڵێت, بەڵام ئیبراهیم ئاوڕیان لێناداتەوە.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com



لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی ئیسلامدا بەم شێوەیە ئیبن عەبباس چیرۆکی هاتنی ئیسماعیل بۆ نیوە دوورگەی عەرەب دەگێڕێتەوە:

(بەکورتی): یەکەم کەسێك هاتە ئەم ناوچەیەوە (مەککە) دایکی ئیسماعیل بوو, بۆیە ئەم ناوچەیەی هەڵبژارد تا خۆی لە سارە بشارێتەوە. ئەو سەردەمە کەس لە مەکەدا نەدەژیا. ئاویشی تێدا نەبوو, چۆڵەوانی بوو. پێش ئەوەی ئیبراهیم بەجێیان بهێڵێت, مشتێك خورماو کونەیەك ئاو لەلایان جێدەهێڵێت. هاجەر دوای دەکەوێتو پێی دەڵێت: (ئەی ئیبراهیم بۆ کوێ دەڕۆیتو ئێمە لەم دۆڵەدا جێدەهێڵیت, نە خەڵکی تێدایەو نەشتێکی تێدا دەبینرێت.؟) چەند جارێك ئەمەی لێ دووپات دەکاتەوە. بەڵام ئیبراهیم لایان لێ ناکاتەوە.

ئیبن عەبباس بەردەوام دەبێتو دەڵێت: هاجەر, ئەوەندەی بۆی کرا, سودی لەو کەمە خورماو ئاوە وەرگرت, خۆی دەیخواردو دەبوو بە شیرو دەیدا بە منداڵەکە. بە تێپەڕبوونی ماوەیەك, برسێتیو تینوێتی زۆری بۆ هەردووکیان هێنا. هاجەر لەدوورەوە دوو بەرزایی (صەفا)و (مەروە)ی بینی. منداڵەکەی جێدەهێڵێو دەچێتە سەر بەرزایی (صەفا) بەڵکو کەسێك یان شوێنێك ببینێو لەبرسێتیو تینوێتی رزگاریان بکات. بەڵام کەس نابینێ. دەگەڕێتەوە بۆ دۆڵەکە. دەچێتە بەرزایی (مەروە), دەوەستێو چاوەچاو دەکات, لەویش کەس نابینێ. دەگەڕێتەوە بۆ ناو دۆڵەکە. بەم شێوەیە حەوت جار هاتوچۆ لەنێوان صەفاو مەروەدا دەکات بەبێ ئەوەی هیچی دەستکەوێت. لەپڕ فریشتەیەکیان لێپەیدا دەبێو ئاوی زەمزەمیان بۆ هەڵدەقوڵێنێت. هاجەر لەو ئاوە تێر دەخواتەوە, لە مەمکەکانیدا شیر دروست دەبێو لەو شیرەش ئیسماعیل تێردەکات. ئەم حاڵەتە بەردەوام دەبێت تا خەڵکی بەو شوێنە



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

دەزانن, نیشتەجێی زیاتر دەبێ و دەبێتە شارێك کە ئێستا پێی دەڵێن مەککە. حەزرەتی ئیبراهیمیش کاتێك سەردانی ئەم دوانە دەکاتەوە کە هاجەر مردووەو ئیسماعیلیش گەورە بووەو ژنی هێناوە. یەکەم ئیشێك کە لەبەرامبەر ئیسماعیلدا بیکات تەڵاقدانی ژنەکەی ئیسماعیل بوو. دووهەم ئیشی, دروستکردنی خانویەك بوو کە ئێستا پێی دەڵێن قیبلەی موسڵمانان.[46] سێهەم ئیشی, ویستی ئیسماعیل سەرببڕێت:

فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ قَالَ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانْظُرْ مَاذَا تَرَى قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ سَتَجِدُنِي إِنْ شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ. فَلَمَّا أَسْلَمَا وَتَلَّهُ لِلْجَبِينِ. وَنَادَيْنَاهُ أَنْ يَا إِبْرَاهِيمُ. قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ. إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْبَلَاءُ الْمُبِينُ. وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ.[47]

کاتێك (ئیسماعیل) کەوتە تەمەنەو هەوڵی بژێوی دەدا, (ئیبراهیمی باوکی) پێی وت: کوڕەکەم, من لە خەونێکمدا وای دەبینم کە تۆ سەربڕم, جا تۆ چۆن لێکیدەدەیتەوە.؟ (ئیسماعیل) پێی وت: باوکە, هەر شتێکت پێ سپێردراوە بیکە, گەر خوا ئارەزوو بکات من دەبینی کە خۆڕاگرم. وەختێك هەردووکیان فەرمانەکەیان جێبەجێ کرد, (ئیبراهیم) (ئیسماعیلی) لەسەر خاك بەدەمدا خست بۆ ئەوەی سەریبڕێت, بانگمان کرد ئەی ئیبراهیم تۆ خەونەکەت هێنایە دی, ئێمە ئاوا پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە. دیارە ئەمە ئەزموونێکی ئاشکرا بوو, بە قۆچێکی گەورە (ئیسماعیل)مان کڕییەوە.

46 صحيح البخاري, كتاب الأنبياء, باب: (يزفون) النسلان في المشي. حديث3184

47 الصافات 102–110



www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com



ئەمە کورتەی چرووپرِی ئەفسانەکەیە کەقورئان باسی دەکات. ئەوەی لە ئەنجامی ئەم ئەفسانەیە بۆ ئیمانداران ماوەتەوە, ئەو موعجیزە گەورەیەیە کە ئیبراهیم لەژێر تاقیکردنەوەیەکی خـوادا دەرچووە. لە خەودا پێی وتبوو ئیسماعیلی کورِی سـەربرِێت, ئـەویش ئامـادەی ئـەم کـارە بووە. هەروەها سەربرِینی ئاژەڵیش چووە جێی سربرِینی مرۆڤ. بەڵام ئەوەی کە باسی ناکەنو وەك بەسەرهاتەکانی دیکەیان گرنگی پێنادەن, سێکـسبازییەکەی ئیبراهیمـە لەگـەڵ هاجـەر. دەبینین: هاجەر وێنەیەکی حەقیقی ژیانی ژنێکـی پـەراوێزکراوی خوایـە. دایکێکـی کـزۆڵو جەرگسوتاوی داماوی لەبیرچـووی مێژوونووسـە ئیمانـدارەکانی ئیـسلامە. هاجـەر, لەبـەر ئەوەی کەنیزەکەو موڵکی سارەیە, بێدەسەڵاتە. پەیامبەرێك ئیغتیصابی دەکات, بێئەوەی حـەز بکات دووگیان دەبێت. بێئەوەی تاوانی هەبێت هەرِەشەی کوشتنی لێدەکرێت. رادەکـاتو خۆی دەشارێتەوە.

ئەگەرچی جیاوازی لەهەندێك شوێنی لاوەکی نێوان تەوراتو قورئاندا هەیە, بەڵام هەردوولا لەسەر ئەوە هاورِاو کۆکن کە ئیسماعیل لە هاجەری کەنیزەك لە دایك بووە, واتە لە ژنێکی مارەنەبرِاوی ئیبراهیم. بە زمانی شەریعەتی سەردەم, ئیسماعیل حەرامزادەیە.

ئیبراهیمیش یەکێکە لەو پەیامبەرانەی کە ئیسلام باوەرِی تەواوی پێیان هەیە. باپیرە گـەورەی موحەممەدی ئیسلامەو شێوەو روخـساریان لەیـەك چـووە. واتـە: موحەمـمەدێکی خـۆرِاگری سەردەمەکەی خۆی بووە.! ئەم پەیامبەرە, بەنهێنیو بەبێ مارەبرِین, لەگەڵ هاجەردا سـێکس دەکـات. لەترسـی هەرِەشـەکانی سـارەی ژنـی, هاجـەرو منـداڵێکی سـاوا, لـە بـاکوری

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

نیوەدوورگەی عەرەبەوە دەبات بۆ ناوەڕاستی نیوە دوورگە, گریانو پاڕانەوەی هاجەرو کرۆزانەوەی منداڵێکی بێ زمان کار ناکاتە دەروونی ئەم پیاوچاکەی خوایەو لە بیبانێکی وشكو بێ ئاودا جێیان دەهێڵێت. بەم شێوەیە دیمەنەکانی ئەم تابلۆ سێکسییە بە بێویژدانی پەیامبەرێكو ئیغتیصاب کردن دەستی پێکردووەو بە شاربەدەرکردنو بیبانخنکاوی ژنو منداڵێك نەخشێنراوە, بەڵام کۆتایی پێ نەهاتووە, ئەوەی کۆتایی بەم تابلۆیە هێناوە ئیسماعیلە, چونکە بەپێی یاساو ڕێساکانی ئیسلام حەرامزادەیەو جێی ڕەخنەکانی سەردەمە.

ئیبراهیم, لەپێناوی هەوەسی سێکسدا لەگەڵ هاجەردا ڕادەبوێرێت, لە پێناوی دڵی سارەشدا هاجەرو منداڵێکی ساوای تازە لەدایکبوو دەباتە بیبانێکی چۆڵەوانی. هاجەر ژنی مارەبڕاوی ئیبراهیم نییە, بەڵکو سارە ژنی شەرعییەتی. ئەم دیمەنە, لە لای موحەممەدی پەیامبەری ئیسلام, دووبارە دەبێتەوە. موحەممەد, لە ماڵەکەی حەفصەی ژنیدا, سێکس لەگەڵ کەنیزەکێك دەکات بەناوی مارییە. دواتر حەفصە پێیان دەزانێت. مارییە مارەبڕی موحەممەد نییە بەڵکو حەفصە ژنی شەرعییەتی. بۆیە حەفصە ڕازی نابێتو کێشە بۆ موحەممەد دەنێتەوە. ئەنجامیش ئەوەیە موحەممەد بڕیار دەدات جارێکی دیکە نزیکی مارییە نەبێتەوە بەو مەرجەی حەفصە نهێنی ئەم سێکسبازییە ئاشکرا نەکات.[48]

ئیبراهیمو موحەممەد, نموونەیەکی ڕاستەقینەی پیاوە ئایینزاکانن لەبەرامبەر ژنانی نێو کۆمەڵگەی ئایینی, لە وێنەی هاجەرو مارییە. گەر ویستمان پلەو پایەی ژن, ئاستی بیرکردنەوەی سێکسییانەی پیاوی ئیماندار, لەبەرامبەر ژنو کەنیزەکدا بزانین, وا چاکترە لە ئیبراهیمی لاقەکەرو هاجەری لاقەکراوو ئیسماعیلی حەرامزادەوە دەست پێ بکەین.

---

48 لەبەشی سێکس و موحەممەددا بەدرێژی باسی ئەم ڕووداوەمان کردووە.



www.xwdakan.com . net . org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

## 4
## نەتەوەی لۆوت



لە قورئاندا, چیرۆكێكی بەناوبانگ, سەبارەت بە دیاردەی نێربازی نوسراوە. لەچەندین ئایەتدا ئاماژە بەوە كراوە كە: نەتەوەیەك هەبوون نێربازبوون. نێرەكانیان راهاتبوون لە كونی دواوە سێكس لەگەڵ هەموو كەسێكدا بكەن. هەر میوان یاخود رێبوارێك رووی لەو شارە بكردایە, پەلاماریان دەداو كاری خۆیان لەگەڵ ئەنجام دەدا. كەسێكیش بەناوی لۆوت, وەك پەیامبەرێك, بۆ بڵاوبوونەوەی ئایینەكەیو سڕینەوەی دیاردەی نێربازی, لەناو ئەم نەتەوەیەدا سەریهەڵداوە:

(وَلَمَّا جاءَتْ رُسُلُنَا لُوطًا سِيءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا وَقَالَ هَذَا يَوْمٌ عَصِيبٌ). (قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ مُنْكَرُونَ). (وَجَاء أَهْلُ الْمَدِينَةِ يَسْتَبْشِرُونَ). (وَجَاءَهُ قَوْمُهُ يُهْرَعُونَ إِلَيْهِ وَمِنْ قَبْلُ كَانُوا يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ قَالَ يَا قَوْمِ هَؤُلَاءِ بَنَاتِي هُنَّ أَطْهَرُ لَكُمْ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَلَا تُخْزُونِ فِي ضَيْفِي أَلَيْسَ مِنْكُمْ رَجُلٌ رَشِيدٌ. قَالُوا لَقَدْ عَلِمْتَ مَا لَنَا فِي بَنَاتِك مِنْ حَقّ وَإِنَّك لَتَعْلَمُ مَا نُرِيدُ. قَالَ لَوْ أَنَّ لِي بِكُمْ قُوَّةً أَوْ آَوِي إِلَى رُكْنٍ شَدِيدٍ). (أَتَأْتُونَ الذُّكْرَانَ مِنَ الْعَالَمِينَ. وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُمْ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ عَادُونَ. قَالُوا لَئِنْ لَمْ تَنْتَهِ يَا لُوطُ لَتَكُونَنَّ مِنَ الْمُخْرَجِينَ). (رَبِّ نَجِّنِي وَأَهْلِي مِمَّا يَعْمَلُونَ). (قَالُوا يَا لُوطُ إِنَّا رُسُلُ رَبِّك لَنْ يَصِلُوا إِلَيْك فَأَسْرِ بِأَهْلِك بِقِطْعٍ مِنَ اللَّيْلِ وَلَا يَلْتَفِتْ مِنْكُمْ أَحَدٌ إِلَّا امْرَأَتَك إِنَّهُ مُصِيبُهَا مَا أَصَابَهُمْ إِنَّ مَوْعِدَهُمُ الصُّبْحُ أَلَيْسَ الصُّبْحُ بِقَرِيبٍ). (فَأَنْجَيْنَاهُ وَأَهْلَهُ إِلَّا امْرَأَتَهُ قَدَّرْنَاهَا مِنَ الْغَابِرِينَ). (فَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا جَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهَا حِجَارَةً مِنْ سِجِّيلٍ مَنْضُودٍ). (ثُمَّ دَمَّرْنَا الْآَخَرِينَ). (اِمْرَأَةَ نُوحٍ

وَامْرَأَةَ لُوطٍ كَانَتَا تَحْتَ عَبْدَيْنِ مِنْ عِبَادِنَا صَالِحَيْنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَمْ يُغْنِيَا عَنْهُمَا مِنَ اللَّهِ شَيْئًا وَقِيلَ ادْخُلَا النَّارَ مَعَ الدَّاخِلِينَ.[49]

کاتێك نێردراوەکەمان گەیشتنە لای لووت, (بوونە میوانی) دڵتەنگ بوو (چونکە چەند لاوێکی جوان بوون, ئەمەش بۆ نەتەوە نێربازەکەی مایەی کێشە بوو) وتی: ئەمڕۆ ڕۆژێکی سەختە منی تێکەوتووم. (لووت میوانەکانی نەناسی, پێی وتن) ئێوە کەسانێکی نەناسراوو دیارن (پێشبینی ئەنجامی خراپی لێکردن, ئینجا) خەڵکی شارەکە هاتن (لە خۆشی هاتنی چەند لاوێکی جوان) مژدەیان بەیەکتر دەدا. بەهەڵەداوان خۆیان گەیاندە لایان (لە ماڵەکەی لووت, بۆ ئەوەی کاری نێربازییان لەگەڵ بکەن, ئەم نەتەوەیە) پێشتریش هەر خراپەکار بوون, (لووت) پێی وتن: ئەی نەتەوەکەم ئەوە کچەکانم بۆ ئێوە ئامادەن, بۆ ئێوە زۆر پاکترن (بەڵام) لە خوا بترسن (دەست بۆ ئەمانە مەبەن) شەرمەزاری ئەم میوانانەم مەکەن, ئەوە پیاوێکی ڕەفتارباشتان تێدا نییە ڕێگریتان بکات.؟ ئەوانیش وتیان: خۆت باشت زانیوە ئێمە هیچ کارێکمان بە کچەکانت نییە, باشیش دەزانیت چیمان دەوێت. لووتیش وتی: خۆزگە هێزێك یان پەنایەکی باشم هەبووایەو ڕێگریم لێ بکردنایە. ئەوە بۆ ئێوە لەناو ئەو هەموو خەڵکەدا پەلاماری (نێر)ەکان دەدەن, لەولاشەوە وازتان لە ژنەکانتان هێناوە کە خوا بۆی دروست کردوون, ئێوە هۆزێکی بێ ئەندازە لادەرن. نەتەوەکەی پێیان وت: ئەگەر بێدەنگ نەبی شاربەدەرت دەکەین. (لووت لە خوا پاڕایەوەو) وتی: پەروەردگارا, لەو کارانەی ئەوان دەیکەن, خۆمو کەسوکارم ڕزگارکە. میوانەکانیش (خۆیان لە لووت ئاشکرا کردو وتیان: ئەی لووت ئێمە پەیامبەری خوای تۆین (مەترسە) دەستی ئەوانە (نێربازەکان) پێت ناگەن, خۆتو خێزانەکەت, لە کاتێکی شەودا, بکەوەڕێ, کەستان ئاوڕی دواوە نەداتەوە. ژنەکەت نەبێت, چونکە هەرچی تووشی ئەوان دێت تووشی ژنەکەی تۆش دەبێت, کاتەکەشیان (بۆ لەناوبردنیان) بەرەبەیانە, ئاخۆ بەرەبەیان نزیك نییە.!؟ (خێراکە). (بەم شێوەیە) لووتو خێزانەکەیمان ڕزگار کرد, ژنەکەی نەبێت کە بڕیارمان دابوو لە پاشماوە

49 بەپێی ڕیزبەندنیان بڕوانە ئەم ئایەتانە: الشعراء172-173, هود82, النمل57, هود81, الشعراء169و165-167, هود78-80, الحجر67و 62 هود77, التحريم10

تیاچووەکان بێت. کە فەرمانی ئێمە گەیشتە شوێنی خۆی, ئەو ناوچەیەمان ژێراوژوور کرد, بە یەك تاو[50] بە قوڕی سووروەوەکراوی کەڵەکەکراو, وەك باران بەسەریاندا باراندمان. ئیتر قڕمان خستە ئەوانی دیکەوە. (ژنەکەی لۆوتیش لە تیاچووەکان بوو, چونکە) ژنەکەی نوحو ژنەکەی لۆوت, دوو ژنی دوو پەیامبەری چاکی ئێمە بوون, خیانەتیان لە مێردەکانیان کرد, بۆیە مێردەکانیان فریایان نەکەوتن‌و نەیانتوانی لای خوا شتێکیان بۆ بکەن, (بەو دوو ژنە وترا: لەگەڵ ئەوانی تردا بڕۆنە ناو ئاگرەوە.

ئەگەر بە وردی ئایەتەکان بخوێنینەوە, دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لۆوت, ئەگەرچی لەپەیامەکەیدا فەشەلی هێنا, بەڵام تەسلیمی ئەو واقیعە نەبوو کەنەتەوەکەی تێیدا دەژیان. نەك هەر نەیتوانی ئایینەکەی خۆی بڵاوبکاتەوەو دیاردەی نێربازی بنبڕ بکات, تەنانەت ژنەکەشی لەدەست چووە, چونکە فێری هەمان ڕەوشت بووە.[51]

لێرەداو بەم ئایەتانە بۆمان دەردەکەوێت کە دیاردەی نێربازی, لای موحەممەد, کارێکی تەواو ناشرین‌و خراپ‌و حەرامە. بەو بەڵگەیەی لە مێژووی ئیسلامدا هیچ سەرگوزشتەیەك نەنووسراوە کەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەمان بێت. ئەگەرچی کەسێکی زۆر سێکسی بووەو سێکسی ناوگەڵی کردووەو[52] بە هیچ شێوەیەك نزیکی نێربازی نەبۆتەوە. ئەوەی جێی وردبینی‌و سەرسوڕمان بێت ئەوەیە کە لە قورئاندا ئەو چەند ئایەتە چەندین ئایەت هەبن باسی هەبوونی دیاردەی نێربازی بکەن لە بەهەشتدا. قورئان مژدە دەدات بەو کەسانەی کە لەم ژیانەیاندا بڕوایان بە خوای ئیسلام کردووەو ملکەچی فەرمانەکانی بوون, لە بەهەشتدا کۆمەڵێك مێردمنداڵ‌و لوسکەلەیان بۆ ئامادەکراوەو خزمەتیان دەکەن‌و دەتوانن سوودیان لێوەربگرن:

---

50 بە یەك تاو, بە یەك جار, بە خووڕ, نەك تاو تاو وەك بارانی بەهار, کە وەستانی تێدایە.

51 بۆ مەسەلەی ڕەوشتی ژنەکەی لۆوت لە چەندین ئایەتی دیکەدا ئاماژەی بۆ کراوە. بڕوانە النمل 57 التحریم 10

52 کە لەگەڵ عائیشەی ژنیدا کردی, لە بەشی موحەممەدو سێکسدا باسمان کردووە.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

(يَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُخَلَّدُونَ. بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِنْ مَعِينٍ. لَا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنْزِفُونَ). (جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ).[53]

تازە(لاو)انێك كە هەمیشە لەجوانیو لوسكەلەییدا دەمێننەوە, بەدەوری پیاوە بەهەشتییەكاندا دەخولێنەوە. بەكوپو دۆلكەو پیاڵەوە, لەپەرداخی تایبەتدا مەشروب دەخۆنەوە. ئەو مەشروبانەش نە سەر دێننە ئێشو نەكەس لەهۆش دەبەن. (ئەم بەخشینو رابواردنە خۆشانە) لە پاداشتی كارە چاكەكانی ئەو پیاوانەیە لە ژیانی دونیایاندا كردوویانە.

وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ غِلْمَانٌ لَهُمْ كَأَنَّهُمْ لُؤْلُؤٌ مَكْنُونٌ.[54]

هەروەها مێردمندالانی لوسكەلەو جوان, هەر دەلێی مرواری پاكو بێگەردن, بەدەوری پیاوەكاندا دەسورێنەوە.

وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُخَلَّدُونَ إِذَا رَأَيْتَهُمْ حَسِبْتَهُمْ لُؤْلُؤًا مَنْثُورًا.[55]

تازە(لاو)انێك كە هەمیشە لەجوانیو لوسكەلەییدا دەمێننەوە, كە دەیانبینیت, وادەزانیت مروارینو بەو ناوەدا پرژێنراون.

بێگومان دیاردەی نێربازی جۆرێكە لە جۆرەكانی كردەی سێكس. لە هەموو كۆمەڵگەو ناوچەیەكدا پەیرەو كراوە, نەتەوەی موحەممەدیش, لە نیوە دوورگەی عەرەبدا, نێربازییان كردووە, بەلام بەرێژەیەكی كەم. هەبوونی ئەم ئایەتانە لە قورئاندا, بە ئاگابوونی عەرەبە موسڵمانەكانی ئەو سەردەمەمان لەم جۆرە سێكسە نیشان دەدات. بۆیە موحەممەد, لەكاریگەری هەبوونی ئەم رەوشتەیان خرۆشو لەزەتی نێربازیو كورێ لوسكەلەیان بۆ باس دەكاتو مژدەی خرۆشاوی لەزەتی سێكسی كورێ لوسكەلەو جوان بەصەحابەكانی دەدات.

هۆكاری هەبوونی لوسكەلەو مێردمندالٚ لەبەهەشتدا, (مێردمندالّی نەمر, مخلد, خالد, نەمر, هەمیشە بە لوسكەلەییو مێردمندالّی دەمێننەوە) پەیوەندییان بە بەستنەوەی گرێ قولّە

---

53 الواقعة17-19و 24

54 الطور 24

55 الانسان 19



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا • مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

دەروونیەکانی نێربازەکانەوە هەیە. وەك لە ئایەتەکەدا دیارە, مێردمنداڵو لاوانی لوسکەلە, نۆکەرو خزمەتکاری پیاوانی بەهەشتین. مەشروبیان پێشکەش دەکەنو بەچواردەوریاندا دەخولێنەوەو هەمیشە لەخزمەتدان. چەمکی خزمەتکردنیش واتاو دەلالەتی خۆی هەیە. خزمەت تەنها بە مانا رووکەشەکەیەوە ناوەستێ. لەش بەشێکە لەخزمەت پێکردن. باسکردنی لاوانی بەهەشتو وەسفکردنیان بەمێردمنداڵ, لاو, لوسکەلە, جگە لە سیناریۆیەك بۆ خرۆشاندنی سێکسی نێربازەکان هیچی دیکە نییە. چەندجاریش دەستیان لێبدرێت (مُخَلَّدُونَ) بەهەمیشەیی وەك خۆیان دەمێننەوە. بەهەمان شێوەی حۆرییەکان کە هەمیشە کیژنو چەندجار بکرێن بەژن, دوایی دەبنەوە بە کیژۆلە.[56] ئەم بۆچوونەش راستە, بۆیە ئیمامی عەقیلی وتویەتی: ئیماندارانی بەهەشت توانایان بەسەر هەزار لوسکەلەدا هەیە.[57]

خزمەتکردنو نۆکەریو تێرکردنی خاوەندار, لەلایەن لوسکەلەو مێردمنداڵەکانەوە لەم دونیادا, جارێکی دی هەمان شێوەی ئەو خزمەتکردنو نۆکەریو تێرکردنی خاوەنانە, لەبەهەشتدا دووبارە دەبنەوە. ئەو رەوشتە سێکسیانە دووبارە دەکەنەوە کە لە دونیادا کردویانە. ئەمەش یەکێکە لەو دیارییانەی کە خوا بە پیاوە بەهەشتییەکانی دەبەخشێت, (جَزَاءَ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ).[58] لە پاداشتی کارە چاکەکانی ئەو پیاوانەیە لە ژیانی دونیایاندا کردوویانە. (يحى بن اكثم) کە بە کەسێکی نێرباز ناسراو بوو، وتویەتی (سوپاس بۆ خوای پەروەردگار کەئێمەی لەبیر نەچووە، لەبەهەشتدا مێرد منداڵو لوسکەلەی بۆ داناوین, پلەو پایەیان لەکەنیزەك زیاتر پێبەخشراوە. خۆزگە هەر ئێستە گیانم دەردەچوو بەبەهەشتی بەرین شاد دەبووم).[59]

56 پاش کەمێکی تر هەر لەم باسەدا دێینەوە سەری.

57 العقيلي , 442

58 الواقعة17-19و 24

59 العقيلي: 444



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

لێرەدا ئەو پرسیارانە دێنە پێشەوە کە لەم ئایەتانەوە سەرچاوەیان گرتووە: ئەگەر نێربازی دیاردەیەکی ئەوەندە بێزراوە بۆچی بەشێکە لە خۆشییەکانی بەهەشت.؟ بۆچی نێربازەکان بە کوڕەلاوی لوس و جوان دەخرۆشێنێت.؟

پرسیارێکی دی: زۆرینەی قەومەکەی لوط تاوانی نێربازییان نەکردووە, چونکە زۆرینەی کۆمەڵگە لە ژنو منداڵ پێکهاتوون. بەڵام کاتێك کە خوا دەیەوێت سزای نێربازەکان بدات, سزاکە بەسەر هەموو دانیشتوانی شارەکەدا جێبەجێ دەکات، تاوانبارانو بێتاوانەکان، بە منداڵەکانیشیانەوە. لەکاتێکدا منداڵەکانیان, نەك هەر نێرباز نەبوون, بەڵکو هیچیان دەربارەی مومارەسەی سێکسیش نەزانیوە.! جا ئایا ئەم سزایە هەقو دادپەروەرانەو لۆژیکییە.؟

پرسیارێکی دیکە: ڕێژەی نێربازەکانی ئێستای جیهان زۆر لەوانە زیاترن کە لەو سەردەمە کۆنەداو لە ناوچەیەکی بچوکدا هەبوون, ئەی بۆچی خوا سزای ئەم نێربازانە نادات کە بە شارو گوندە ئاوەدانەکاندا بڵاوبوونەتەوە.؟ لەکاتێکدا لە پێش سەرهەڵدانی ئیسلامەوە هەتا ئێستا مومارەسەی دەکەنو بەئاشکراش دەیکەن.؟ نەك هەر نێربازی, بەڵکو دوودەگیش زۆربووەو تەنانەت ژنو ژنیش دەبنە دۆست.! لە ناویشیاندا پیاوانی ئایینیش هەنو لەکاتی نێربازییەکەیاندا لەناو مزگەوتەکاندا دەستگیر کراون. ئەی بۆچی خوا وەك قەومی لوط سزایان نادات.؟ ئەگەر خوا ئارام دەگرێو شت پشتگوێ ناخات بۆ خوا لەسەر قەومەکەی لوط ئارامی نەگرتو ئەو هەموو ژنو منداڵەی کوشت کە هیچ خەتایەکیان نەبوو.؟

بەپێی ئەو مژدانەی کە خوای ئیسلام بە پیاوی موسڵمانی بەخشیوە، هەموو بەهەشتیەکان لە خۆشیدان, کەچی بە بەڵگەی هەمان ئایەتەکان, توێژێکی نۆکەرو هەمیشە ئامادەباش بۆ سێکس لە بەهەشتدا هەن, بە بەردەوامیو بە نەمری, وەك کۆیلەو خزمەتکار لە بەهەشتدا دەمێننەوەو هەتا هەتایە خزمەتی هەوەسبازانی ئیمانداران دەکەن. ئەی ئەمانە کێنو بۆ لەخۆشییەکانی بەهەشت ناچێژن.؟ ئایا دژەوانەیەك لە نێو ئایەتەکانی قورئاندا نابینینەوە.؟

هێنانو گێڕانەوەی چیرۆکێکی لەم شێوەیە چ سوودێکی بۆ دانیشتوانو موسڵمانان هەیە لە کاتێکدا ئەم جۆرە چیرۆکانە لە پەراوە مێژوویە کۆنەکاندا نوسراونەتەوەو بە نیوە

دوورگەی عەرەب نامۆ نەبوون.؟ وەك باسیش کراوەتەوە, بۆچی لە یەك سورەتدا باسی نەکراوەو زیاد لە چەند جارێكو لە چەندین سورەتدا دووبارە بووەتەوە.؟ بۆ نموونە: لە سورەتەکانی (الصافات، الاعراف، النمل، العنكبوت، الشعراء، التحريم, الحجر, الانبياء، القمر، هود). ئایا کارێکی لەم شێوەیە لە ئیعجازی قورئان کەم ناکاتەوە.؟

5

## پاشکۆی فەسڵی دووهەم
## سێکس لە بەهەشتدا




ئەگەرچی موحەممەد داهێنەری چەمکی بەهەشت نەبوو, هەموو ئایینە یەکانەییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر باسیان لێوەکردووە, بەڵام قووڵبوونەوەی موحەممەد لەباسکردنی وردەکارییەکانیدا, تێگەیشتنێکی گەورەی ئەو بوو کە میتافیزیکیانە ئاراستەی سایکۆلۆژییەتی کۆمەڵگەی نیوە دورگەی عەرەبی دەکرد. نەبوونی میتۆدێکی فەلسەفیو زانستیانە دەربارەی میتافیزیك, لەلای نیوە دوورگەی عەرەب, دەرگایەکی گەورەی بۆ موحەممەد والا کردبوو تا



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

بە ئارەزووی خۆی لەسەر ژیانی ئەم ئاراستە دەروونیە قسە بکات. لەچەندین دانیشتن و شوێنی جیاوازدا باسی بەهەشتەکانی ڕۆژی قیامەتی بۆ کۆمەڵ کردووە. ڕووبەرەکانی، شێوەکانی، جۆرەکانی، خۆشییەکانی، بەرێوەبەرانی، حۆرییەکانی، لاوە لوسکەلەکانی، میوە خواردن و خواردنەوەکانی، سێکس و دیمەنەکانی ڕابواردن..تاد. یەکێك لەو چەمکانەش کە بە شێوەیەکی زۆر چڕوپڕ باسی کردووە، شوێن و جۆر و شێوازو دیمەنەکانی سێکسی بەهەشتە.

وَمَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ. عَرْضُهَا كَعَرْضِ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ. وَسِيقَ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ إِلَى الْجَنَّةِ زُمَرًا حَتَّى إِذَا جَاءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَابُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَامٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَادْخُلُوهَا خَالِدِينَ. يُطَافُ عَلَيْهِمْ بِصِحَافٍ مِنْ ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ الْأَنْفُسُ وَتَلَذُّ الْأَعْيُنُ وَأَنْتُمْ فِيهَا خَالِدُونَ. لَكُمْ فِيهَا فَاكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِنْهَا تَأْكُلُونَ. وَجَزَاهُمْ بِمَا صَبَرُوا جَنَّةً وَحَرِيرًا. مُتَّكِئِينَ فِيهَا عَلَى الْأَرَائِكِ لَا يَرَوْنَ فِيهَا شَمْسًا وَلَا زَمْهَرِيرًا. وَدَانِيَةً عَلَيْهِمْ ظِلَالُهَا وَذُلِّلَتْ قُطُوفُهَا تَذْلِيلًا. وَيُطَافُ عَلَيْهِمْ بِآنِيَةٍ مِنْ فِضَّةٍ وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَوَارِيرَ. قَوَارِيرَ مِنْ فِضَّةٍ قَدَّرُوهَا تَقْدِيرًا. وَيُسْقَوْنَ فِيهَا كَأْسًا كَانَ مِزَاجُهَا زَنْجَبِيلًا. عَيْنًا فِيهَا تُسَمَّى سَلْسَبِيلًا. وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُخَلَّدُونَ إِذَا رَأَيْتَهُمْ حَسِبْتَهُمْ لُؤْلُؤًا مَنْثُورًا. فِيهَا أَنْهَارٌ مِنْ مَاءٍ غَيْرِ آسِنٍ وَأَنْهَارٌ مِنْ لَبَنٍ لَمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُ وَأَنْهَارٌ مِنْ خَمْرٍ لَذَّةٍ لِلشَّارِبِينَ وَأَنْهَارٌ مِنْ عَسَلٍ مُصَفًّى وَلَهُمْ فِيهَا مِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ. خَالِدِينَ فِيهَا. لَا فِيهَا غَوْلٌ وَلَا هُمْ عَنْهَا يُنْزَفُونَ. وَعِنْدَهُمْ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ عِينٌ. كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَكْنُونٌ. لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنْسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَانٌّ. كَأَنَّهُنَّ الْيَاقُوتُ وَالْمَرْجَانُ. وَحُورٌ عِينٌ. كَأَمْثَالِ اللُّؤْلُؤِ الْمَكْنُونِ. إِنَّا أَنْشَأْنَاهُنَّ إِنْشَاءً. فَجَعَلْنَاهُنَّ أَبْكَارًا. وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا. وَفُرُشٍ مَرْفُوعَةٍ. يَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُخَلَّدُونَ. بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِنْ مَعِينٍ. لَا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنْزِفُونَ. جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ.[60]

---

60 بۆ خۆشخوێندنەوەی ئایەتەکان و دانەبڕان لە ماناکانی هەوڵمان دا ئایەتەکان و ماناکانی بەسەر یەکەوە بنوسین. بڕوانە ئەم ئایەتانە: الغافر40، الحدید21، الزمر73، الزخرف71و73، الانسان12-19، محمد15، الاحقاف14، الصافات47-48-49، الرحمان56,58، الواقعة23-23,35-36، النبأ 33، الواقعة34، 17-19، 24..تاد



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

هەرکەسێك, لە نێرو مێ, کارو کردەوەی باشی کـردوو بـاوەڕداربوو بـەخوای ئیـسلام, دەچێتە بەهەشتەوە, بێ ئەوەی ئەژمار بکرێ, هەموو بژێوییەکیان هەیە. پانییەکـەی بەهەشـت بەئەندازەی پانیی ئاسمانو زەوییە. ئەو کەسانەش کە هەمیشە ترسیان لـە خـوا بـووە, دەستە دەستە بەرەو بەهەشت بەڕێ دەکرێن, دەرگایان بۆ دەکرێتەوەو بەڕێوەبەرانی بەهەشت پێیـان دەڵێن: درود لە ئێوە, سڵاوتان لێ بێو بەخێرهاتن, بڕۆنە ناو بەهەشتو هـەتا هەتایـە تێیـدا بن. سینیو کوپی زێڕین بەدەوریاندا دەگێڕن, تێیدا ئەوەی دەروون ئارەزووی دەکاتو چـاو لەزەتی لێ دەبینێ, لەناویدا هەیە, (بەهەشتییەکان) تێیدا بە نەمری دەمێننـەوە. میـوەی زۆری لێیەو لێی دەخۆن. (خوا) لە پاداشتی ئارامگرتنیانـدا بەهەشـتو حـەریری پێـداون. لەسـەر راخەر تەخت پاڵ دەکەون, نە تینی گەرما هەراسانیان دەکاو نە سەرماش بێزاریـان دەکـات. سێبەری درەختەکانی بەهەشت بەسەریاندا پەخش بۆتەوەو میوەکەیان هاتۆتـە بەردەسـت. بـە دەفری زیوو شەرابیان بۆ دەگێڕنو دەکرێنە ئەو کوپانەوە کە لە شوشەی کریستاڵ دروسـت کراون. هەموو کەلوپەلی خواردنو خواردنەوەکان, بـە شـێوەیەکی دڵـڕفێن, لـە شووشـەی زیوین دروستکراون. بادیـەکیان پـێ دەنۆشـن کـە ئاوێتەکـەی زەنجەبیلـە. سەرچـاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاوو کانیاوێك کـە نـاوی سەلـسەبیلە. ئینجـا تـازە(لاو)انیـك کـە هەمیـشە لـەجوانیو لوسـکەلەییدا دەمێننـەوە, کـە دەیانبینیـت, وادەزانیـت مـرواریینو بـەو نـاوەدا پرژێنراون. (بڵاوبوونەتەوە). چەندین رووباری تێدایە ئاوەکەی سازگارەو تامەکەی ناگۆڕێ, چەندین رووباری شیری تێدایە کە تامەکەی تێکناچێت, چەندین رووباری شەرابی تامخۆشـیش بۆ مەشروبخۆرەکانی تێدایە, چەندین رووباری هەنگوینی پاڵفتـەش, هـەموو میوەیـەکیش کـە ئارەزووی بکەن هەیە. هەتا هەتایە تێیدا دەژین. (شەرابەکان) نە تێکـچوون, نـە هێڵنجـدانی تێدایە, نە سەرخۆشبوون. لەتەنیشتیانەوە پەری دانراون بۆ ئەو پیـاوە بەهەشـتییانەو چـاو بـۆ کەسانی دیکە نـاگێڕن. وەك توێکڵـە تەنکەکـەی نـاوەوەی هێلکەیـەکی کـوڵاوی دەسـت لێنەدراو, لوسو نەرمو نیانن. پێشتر هیچ کام لە مرۆڤو جنۆکە دەستی بـۆ نـەبردوون. وەك یاقووتو مەرجانە وان. پەری سپی چاوبەڵەك. بەوێنەی مرواریی شاراوەی دەست لێنـەدراو. بەشێوەیەکی تایبەت ئەو پەرییانەمان دروست کردوون. وامان لێکردوون کـە هەمیـشە کـچ

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

بن. مەمك خڕی هاوتەمەن. لەگەڵ نوێن‌و ڕاخەری بەرزو نەرم. تازە(لاو)انێکیش کە هەمیشە لەجوانی‌و لوسکەلەییدا دەمێننەوە, بەدەوری پیاوە بەهەشتییەکاندا دەخولێنەوە. بەکوپ‌و دۆلکەو پیاڵەوە, لەپەرداخی تایبەتدا بادە (مەشروب) دەخۆنەوە. ئەو مەشروبانەش نە سەر دێننە ئێش‌و نەکەس لەهۆش دەبەن. (ئەم بەخشین‌و رابواردنە خۆشانە) لە پاداشتی کارە چاکەکانی ئەو پیاوانەیە لە ژیانی ئەم دونیایەدا کردویانە.

بە شێوەیەکی گشتی ئەمە دیمەنە خەیاڵییەکانی بەهەشتی ئیسلامە. بەشی هەرەزۆری ئەم ئایەتانەش لە مەککەدا سەریانهەڵداوە. موحەممەد دەیویست لە رێی ئەم ئایەتانەوە سەرنجی کۆمەڵگە بۆلای دیمەنەکەی ڕاکێشێت, بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا, چونکە سروشتی سایکۆلۆژی‌و کلتووری کۆمەڵایەتی خەڵکەکە بە پێچەوانەی خواستەکانی موحەممەدەوە رەفتاریان دەکرد. ئەوان, لەتەك جوانترین ئافرەتداو لە قوڵترین رووباری شەرابدا مەلەیان دەکرد. ئەوەی باری دەروونی بەم قسانە دەگۆڕاو خوازیاری گەیشتن بەم بەهەشتە خەیاڵاوییە بوو, هەژارو نەدارەکانی کۆمەڵ بوون کە لە هەموو خۆشی‌و لەزەتەکانی سێکس‌و ژیانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی بێبەش بوون.



لە قۆناغی مەدینەدا, کە وەك مێژوو باسیان دەکات‌و چەند تاکێك بوونەتە شوێنکەوتەی ئەم ئایینە, تێگەیشتنەکانی بەهەشت‌و دواندن لە سێکس گۆڕانکارییەکی زۆر کەمی بەخۆوە بینی. ئایەتی دیکە, کە ماناو مەبەستی لە ئایەتەکانی قۆناغی مەککە قووڵترو زیاتر بێت, نەنوسرا. لەبەرامبەریشدا لێدوانەکانی سەرپێی موحەممەد ئاماژەی زۆری پێکا بۆ تەواوکردنی دیمەنەکانی بەهەشت لەمەدینەدا:

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

قَالَ لَهُ أَنَطَأُ فِي الْجَنَّة ؟ قَالَ " نَعَمْ : وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ دَحْمًا دَحْمًا فَإِذَا قَامَ عَنْهَا رَجَعَتْ مُطَهَّرَة بِكْرًا.[61]

صەحابەیەك لە موحەممەدی پرسیوە: ئایا لە بەهەشتدا دەپەڕین.؟ (واتە: ئایا سێکسی ژنان دەکەین‌و دەگەینە ئەوپەڕی ڕەحەتبوون.؟ ئۆرگازم) ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: بەڵێ, سوێندم بەو کەسەی ڕۆحی منی بەدەستە (واتە خوا) تەکان لە دوای تەکان پەڕین هەیە, هەر کاتێکیش تەواو بوو, ژنەکە دەگەڕێتەوە دۆخە پاکەکەی کچێنی (دەست لێنەدراو).

قَالَ رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّم " إِنَّ أَهْل الْجَنَّة إِذَا جَامَعُوا نِسَاءَهُمْ عُدْنَ أَبْكَارًا.[62]

پەیامبەر وتی: کاتێك کە پیاوانی بەهەشت لەگەڵ ژنەکانیاندا جووتبوونیان کردو تەواو بوون, ژنەکان دەگەڕێنەوە دۆخی جارانو دەبنەوە بە کچ.

قِيلَ يَا رَسُول اللَّه هَلْ نَصِل إِلَى نِسَائِنَا فِي الْجَنَّة ؟ قَالَ " إِنَّ الرَّجُل لَيَصِل فِي الْيَوْم إِلَى مِائَة عَذْرَاء.[63]

بە پەیامبەریان وتووە: ئەی پەیامبەری خوا, ئایا لە بەهەشتدا دەگەینە سێکسی ژنەکانمان.؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: پیاوی بەهەشت, لە ڕۆژێکدا, دەگاتە سەد (100) کیژی دەست لێنەدراو.

ئەوەی جێی تێڕامانو سەرسوڕمانە, لە تەواوی دەقە ڕەسەنەکانی ئەم ئایینەدا, مافێکی دیاریکراو لە بەهەشتدا, کە بگاتە نیوەی, یاخود چارەکێك لەو مافانەی بە پیاو دراوە, لەم شێوە مافانە بۆ ئافرەت دیاری نەکراوە. ئیسلام جگە لەوەی لەژیانی فیزیکدا مافکۆکەیەکی بۆ ئەم ڕەگەزە فەراهەم نەکردووەو هەموو ژیانی لێ حەرام کردووە, لە ژیانی میتافیزیکیشدا پێی ڕەوا نەبینیوە بە ئازادیو ئارەزووی خۆی ژیان بباتەسەر. یەك دەقی ڕوونو ئاشکرا نییە باس لە ژیانی بەهەشتی ئافرەت بکاتو خۆی هەڵسوڕێنەری حەزەکانی خۆی بێت. بە

61 تفسير ابن كثير , في تفسير سورة الواقعة34-37

62 نفس المصدر الواقعة34-37

63 نفس المصدر سورة الواقعة34-37



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

پێچەوانەی ئەو گفتو پەیمانانەی بە ئافرەت دراوە, لە بەهەشتیشدا هەمیشە لە خزمەتی پیاودان.! دەڵێن رۆژێکیان پەیامبەر باسی خۆشییەکانی بەهەشتی بۆ پیاوان کردووە, تێیدا باسی لەوە کردووە کە هەر پیاوێکی بەهەشتی دەچێتە لای (72) حەفتاو دوو حۆری, لەو حۆریانەی کە خوا بەتایبەت دروستی کردوون, بچێتە لای هەر حۆرییەکیانو دوایی بۆی بگەڕێتەوە, وا دەزانێت تازە دەستی بۆ دەبرێت..تاد.[64] ژنێك پرسیار لە پەیامبەر دەکات: ئەی ئێمە.؟ پەیامبەریش وەڵامی دەداتەوە: ئێوەش دەگەڕێنەوە بۆ لای مێردەکانتان. لە تەفسیرەکەی ئیبن کەسیردا بە شێوەیەکی دیکە نوسراوە, کە ئەمە دەقەکەیەتی:

يَا رَسُول اللَّه الْمَرْأَة مِنَّا تَتَزَوَّج زَوْجَيْنِ وَالثَّلَاثَة وَالْأَرْبَعَة ثُمَّ تَمُوت تَدْخُل الْجَنَّة وَيَدْخُلُونَ مَعَهَا مَنْ يَكُون زَوْجهَا ؟ قَالَ " يَا أُمّ سَلَمَة إِنَّهَا تُخَيَّر فَتَخْتَار أَحْسَنهمْ خُلُقًا [65]

ئوم سەلەمەی ژنی موحەممەد پرسیاری لە مێردەکەی خۆی کە موحەممەدە کردووە: ئەی پەیامبەری خوا, ئافرەت لە ناوماندا هەیە دوو شوو یا سێ شوو یاخود چوار شوو دەکات, دوایی دەمرێتو دەچێتە بەهەشتەوە, هەروەها مێردەکانیشی دەچنە بەهەشتەوە, ئایا کامیان

64 (قال رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: وَالَّذِي بَعَثَنِي بِالْحَقِّ مَا أَنْتُمْ فِي الدُّنْيَا بِأَعْرَف بِأَزْوَاجِكُمْ وَمَسَاكِنكُمْ مِنْ أَهْل الْجَنَّة بِأَزْوَاجِهِمْ وَمَسَاكِنهمْ فَيَدْخُل الرَّجُل مِنْهُمْ عَلَى ثِنْتَيْنِ وَسَبْعِينَ زَوْجَة مِمَّا يُنْشِئ اللَّه وَثِنْتَيْنِ مِنْ وَلَد آدَم لَهُمَا فَضْل عَلَى مَنْ أَنْشَأَ اللَّه بِعِبَادَتِهِمَا اللَّه فِي الدُّنْيَا يَدْخُل عَلَى الْأُولَى مِنْهُمَا فِي غُرْفَة مِنْ يَاقُوتَة عَلَى سَرِير مِنْ ذَهَب مُكَلَّل بِاللُّؤْلُؤِ عَلَيْهِ سَبْعُونَ زَوْجًا مِنْ سُنْدُس وَإِسْتَبْرَق وَإِنَّهُ لَيَضَع يَده بَيْن كَتِفَيْهَا ثُمَّ يَنْظُر إِلَى يَده مِنْ صَدْرهَا مِنْ وَرَاء ثِيَابهَا وَجِلْدهَا وَلَحْمهَا وَإِنَّهُ لَيَنْظُرُ إِلَى مُخّ سَاقهَا كَمَا يَنْظُر أَحَدكُمْ إِلَى السِّلْك فِي قَصَبَة الْيَاقُوت كَبِده لَهَا مِرْآة يَعْنِي وَكَبِدهَا لَهُ مِرْآة فَبَيْنَمَا هُوَ عِنْدهَا لَا يَمَلّهَا وَلَا تَمَلّهُ وَلَا يَأْتِيهَا مِنْ مَرَّة إِلَّا وَجَدَهَا عَذْرَاء مَا يَفْتُر ذَكَره وَلَا يَشْتَكِي قُبُلهَا إِلَّا أَنَّهُ لَا مَنِيّ وَلَا مَنِيَّة فَبَيْنَمَا هُوَ كَذَلِكَ إِذْ نُودِيَ إِنَّا قَدْ عَرَفْنَا أَنَّك لَا تَمَلّ وَلَا تُمَلّ إِلَّا أَنَّ لَك أَزْوَاجًا غَيْرهَا فَيَخْرُج فَيَأْتِيهِنَّ وَاحِدَة وَاحِدَة كُلَّمَا جَاءَ وَاحِدَة قَالَتْ وَاللَّه مَا فِي الْجَنَّة شَيْء أَحْسَن مِنْك وَمَا فِي الْجَنَّة شَيْء أَحَبّ إِلَيَّ مِنْك.) تفسير ابن كثير, في تفسير سورة الواقعة.36

65 نفس المصدر سورة الواقعة34-37

دەبێتەوە بە مێردی.؟ لەوەڵامدا پێی دەڵێت: ئەی ئوم سەلەمە, خۆی ئازادە لە هەڵبژاردنی یەکێکیان, دیارە کە باشەکەیان هەڵدەبژێرێت.

ئەم ئازادییەی ژنان لە هەڵبژاردنی مێردەکانیاندا هەیانە, ناکاتە چارەکە مافێکی ئەو ئازادیو خۆشییانەی کە لە بەهەشتدا بۆ پیاو دەستەبەر کراون. بەداخەوە ژنێکی دیکە لەو کاتەدا لەوێ نەبوو پرسیار لە موحەممەد بکات: ئەگەر ژنی بەهەشتی, هیچ کام لە مێردە کۆنەکانی بەدڵ نەبوو, چی بکات, یاخود بۆچی ژنانیش وەك پیاوان ئەو مافەیان پێ ڕەوا نەبینراوە کە حەفتاو دوو پیاو, لە هەڕەتی لاویدا, لوسکەلەو جوانیش بن, ببنە هاوسەری.!؟ بۆ لە بەهەشتیشدا, وەك ژیانی دونیایان, لە پیاو کەمترنو ئەوەی بە پیاو بە ڕەوا بینراوە بە ئافرەت بەڕەوا نەبینراوە.؟

لە قۆناغی مەککەدا قسەکردن لەسەر دیمەنەکانی بەهەشت بەشێك بوون لە خەیاڵ, لە قۆناغی مەدینەدا شێوەکەی گۆڕاوە بۆ وێنە فۆتۆگرافەکانی فول سێکس. لە بەهەشتەکەی قۆناغی مەککەدا: ژنان هەمیشە کیژۆڵەن, وەك توێکڵە تەنکەکەی ناوەوەی هێلکەیەکی کوڵاوی دەست لێنەدراو لوسو نەرمو نیانن. بەڵام لە بەهەشتەکەی قۆناغی مەدینەدا: پیاوانی موسڵمان, بێبەزەییانە, دەکەونە گیانی ئەم حۆرییە بۆن نەکراوانەو تەکان تەکان دەپەڕن, لە ڕۆژێکدا دەچنە لای سەد کیژۆڵەی دەست لێنەدراو. ئەوەی موحەممەد باسی کردوون, نامۆ نییە بەو فیلمە سێکسیانەی لەم ساڵانەی دواییەدا بەرهەم هاتوون.

گەر بەراوردێکی خێراو سەرەتایی بۆ سەرخستنی بانگەوازەکەی موحەممەد لەنێوان مەککەو مەدینەدا بکەین, بە پێچەوانەی خواستەکانی موحەممەدەوە, گوتارەکانی لەمەڕ بەهەشت لە مەککەدا شتێکی ئەوتۆی بۆ فەراهەم نەهێنا. بەڵام لەمەدینەدا سەرکەوتوبوو, بەبۆچوونی ئێمە ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی, یەکەم: مانەوەی بانگەوازەکەی موحەممەد بەپێکهاتە تەقلیدیەکەیدا کە شتێکی ئەوتۆی بۆ عەرەبەکان تێدا نەبوو, دووهەم: لە قۆناغی مەککەدا, بە خەیاڵ, باسی لە سێکسو خۆشییەکانی بەهەشتی دەکرد, بەڵام لە قۆناغی مەدینەدا, بە چەندین جۆرو شێوە, ڕێگەی دا بە پیاوە موسڵمانەکان, بە واقع خۆیان لە



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

سـێکس‌و خۆشـییەکانی دونیـا تێـر بکـەن.[66] بـەم هۆیـەوە موسـڵمانەکان بوونـە خـاوەنی بەهەشتێکی پڕ لە دارای‌و پڕ سێکس. ئەنجامیش دەگاتە ئەوەی ئەفسانەی دیـنی نەبێتـە جێـی بایەخ‌و گرنگیان. لەبەر ئەم هۆکارە گرنگانە موحەممـەد, بـە درێـژایی سـانزە سـاڵی پـڕ لـە هەوڵ‌و ماندووبوونی بەردەوام, لە سەرخستنی بانگەوازەکەیدا لەمەککە سەرکەوتوو نـەبوو, بەڵام لەماوەیەکی کەمتردا لە مەدینە کە 10 ساڵ بوو سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

دیمەنە سێکسیەکانی موحەممەد, سەبارەت بە خەیاڵەکانی مەککەو واقیعەکانی مەدینـە, ئـەو نوکتەیەمان بیر دەخاتەوە کە(مەسـعود موحەممـەد) لـە کتێبـی (المجتمـع البـشري لمـاذا یـشبه مستشفی المجانین)دا نوسیویەتی‌و دەڵێت: لەکۆڕێکدا کابرایەك لەرووی زانستی‌و تەندروستی‌و کۆمەڵایەتیەوە زیانی نێربازی شیکردۆتەوە, خێرا سەرۆکی یەکێ لە بانـدە هاوجنـسبازەکانی لـێ ڕاست بۆتەوە, لەجیاتی روونکردنەوە, یەك جرتی نایابی بۆ لـێداوە.[67]

## فەسلی سێهەم

هەموو ئەو داهێنان و زانست و زانیاریانەی
بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی لەفەرهەنگ و بیروتیژی ئەقڵی پیاواندا
بەرهەمدێن، هەمیشە بەنوقسانی دەمێننەوە تا ئەو کاتانەی ئافرەتانیش
هاوتای پیاوان بەشداریی ڕاستەقینەی تێدا دەکەن.

66 لە بەشەکانی ئایندەدا بەڵگەی زۆرمان نوسیوەتەوە.

67 لە کوردیارەوە: کورتەمێژوویەکی نێربازی لە رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا. بەشی کۆتایی, پەراوێز و سەرچاوەکان ژمارە5



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

## حیجاب لەنێوان ئاكار و باوەڕی ئیسلامدا



شێوازی ژیانی ئافرەتان هێمایەكە بۆ نیشاندانی ئاستی هوشیاری, كۆمەڵایەتی, شارستانیو فەرهەنگی كۆمەڵگاكان. بەمانایەكی دی, پێشكەوتنی بواری سیاسی, شارستانی, زانستی, فەرهەنگی, ئازادی, رزگاری, ئاسوودەییو پێشكەوتنی تەواوی مرۆڤایەتی بەندە بە رزگاریو ئازادیی ئافرەتەوە. لەڕەهەندەكانی ئیسلامدا ئەم لۆژیكە بەپێچەوانەوەیە, جا بۆ ئەوەی پێگەی ئایین وەك خۆی بمێنێتەوەو گوتاری میتافیزیكیانەی بەسەر ڕواڵەت و شێوازەكانی ژیانی تەواوی مرۆڤایەتیدا زاڵ بكات دێت ئەم نیوەی كۆمەڵگایە (ژنان) ڕادەستی ملكەچی و خەفەبوون و بێدەنگی و زیندانی بوون دەكات و لەم ڕێیەوە تاڕادەیەكی باش دەبێتە ڕێگر لەهەر جموجوڵێكی پێشكەوتوخوازانەی مرۆڤایەتی. بۆیە دەبینین نەك تەمها لەئیسلامدا بەڵكو لە مێژووی هەموو ئایینەكاندا ریشەیەكی توندوتیژیی رەگداكوتاو بەرامبەر بەئافرەتان هەبووە. ئەم رەگەزە توێژێكی هەرە دیار چەوساوەی نێو هەموو چینو توێژەكانی كۆمەڵگا ئایینیەكانو گوتارەكانی میتافیزیك بووە. لە ڕوانگەی ئێمەوە تا دەسەڵاتی ئایینیش بمێنێت ئافرەتان لەناو ئەم پێگە پڕ لە چەوساندنەوەیەدا دەمێننەوە.

دەركەوتنی سەروسیمای ژن لەئایینی ئیسلامدا یەكێكە لەترسناكترین دیاردەو خەتەرترین دیمەن.! ئیسلام پێی وایە: بۆ ئەوەی پێگەی مرۆڤایەتی هەمیشە لەكۆیلایەتیدا بمێنێتەوەو پیاو

بالآدەست بێت, واباشترە سەروسیمایەی ئافرەتان بەبەردەوامی داپۆشرێن‌و هەر لەسەرەتاوە نەهێڵدرێت هەست بەئازادییە سەرەتاییەکانی خۆیان بکەن.

فەرمانی حیجابیش لەئیسلامدا, ئەگەر چی لەسەرەتادا ئەم مەبەستەی نەبووە، بەڵام دواتر, لەدوای سەدەی بیستەوە, ئەم رەهەندەی ئێمەی وەرگرتووەو گۆڕانکاری هەمەچەشنە لەپۆشینیدا دروست کردووە.! گۆڕانێك کەچارەنووسی ئافرەت بەم ئاکامە بات کە ئێستا قەیوقالێکی گەورەی لەنێو بیرمەندە ئیسلامی‌و غەیرە ئیسلامییەکانیشدا بەرهەم هێناوە.

بەو پێودانگەی بتوانن لەگەڵ زاست‌و دنیای مۆدێرنەو شارستانییەتی هاوچەرخدا بیگونجێنن, ئێستا لە دونیادا حیجاب، لەپاڵ ریشی پیاواندا، بەیەکێك لەئاکارو ئەخلاقە هەرە گرنگ‌و هەرە بەناوبانگ‌و هەرە رێورەسمە دیارەکانی ئیسلام دادەنرێت. لەدیدی ئیسلامدا حیجاب هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ناسینەوەی ژنە ئیمانداره‌کانی ئیسلام لە ژنە ناموسڵمانەکان‌و لە رەهەندی ئەم ئایینەدا گرنگییەکی گەورەی لەگوتاری هاوچەرخدا دروست کردووە, بەو پاڵپشتەی پۆشینی حیجاب خۆپاراستن‌و خۆپارێزی‌و ملکەچییە بۆ ژنە موسڵمانەکان‌و دوورکەوتنەوەیە لە لەخشتەبردنی پیاوان, لەبەرامبەریشدا نەپۆشینی حیجاب بەرەڵایی‌و سفووری‌و لەشفرۆشی‌و فەسادییە بۆ ژنە ناموسڵمانەکان.

لەسەرەتاکاندا بانگەوازی ئیسلام لەچەند مەسەلەیەکی لاوەکیدا قەتیس مابووەوە، یەك لەوانە پۆشینی جلوبەرگ‌و دەرکەوتنی لەشی ژنان بووە. موحەممەد لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئایینەکەیدا وەك هەموو لایەنە شەرعیەکانی دیکە گرنگیەکی ئەوتۆی بەم مەسەلەیە نەداوەو لەگەڵیدا بەشی زۆری بوارەکانی کۆمەلایەتی, ئابووری, مێژوویی‌و شارستانییەتەکانی بەتەواوی پشتگوێ خستبوو. تەنهاو تەنها بەشێوەیەکی کلاسیکییانە سەرقاڵی بڵاوبوونەوەی ئایینەکەی بوو. پاش ئەوەی کۆچی کرد بۆ مەدینەو دەسەڵاتی پەیداکردو یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامی دامەزراند, زۆرو سەرکوتکردن دەستی پێکردو بەزۆری هێز خەڵکانیان پەلکێشی ئایینەکە کرد.[68] هەموو بوارەکان، هەر لەمەسەلەی

---

68 گەر مێژووی ئیسلام بخوێنینەوە بەتایبەت شەڕەکانی ئیسلام لەدژی هۆزە جۆراوجۆرەکانی ناو شاری مەدینە کەبەشی زۆریان قەتل‌وعام کران (بۆ نموونە قەتلوعام



www.xwdakan.com net org

ئابوورییەوە تا دەگاتە بوژاندنەوەی کلتورو پێداگرتن لەسەر دەسەلآت, ڕێوشوێنی بۆ دانراو تایبەتمەندیێتیش درایە مەسەلەی چۆنایەتی ڕەفتار, شێوازی بیرکردنەوە, مەسەلەی زەواج, بەشوودانی کچی کەم تەمەن, کۆیلەو کەنیزەك, فرەژنی, سێکس‌و بیر لەداپۆشینی هەندێك شوێن‌و ڕوخساری ئافرەتانیش کرایەوە. خوێندنەوە بۆ دیاردەو دابونەرێتەکان کراو بیر لە ڕێورەسمیان کرایەوە, وەك لەئەنجامی ئەم نوسینەماندا دەردەکەوێت توانیان پۆشینی حیجاب بکەنە ئەرکێکی دیارو گرنگ بەسەر ئافرەتە موسڵمانەکانەوە, بەلآم لەرووی لۆژیکەوە, نەئایین‌و نە ئایینزاکان, نەیانتوانی پاساوێکی گونجاو بۆ پرسیارە شارستانییەکان بدۆزنەوە.

لەلایەن موسڵمانەکانەوە مانای وشەی (حیجاب) لەگەڵ مانای وشەی (جلباب) تێکەڵ بەیەك کراوە, لەو سەرچاوانەدا وشەی حیجاب بەمانای قژ داپۆشین یان سەرداپۆشین نەهاتووە, بەڵکو بەمانای بەربەستێك یاخود ناوەندێك هاتووە کەنێوەندێك بۆ دوو شت, یان دوو کەس (قسەکەرو گوێگر, ئەکتەرو بینەر) دروست بکات. (جلباب)یش کە لە قورئاندا هاتووە واتە دزداشە.[69] بەلآم ڕاڤەکاران بەپێچەوانەی ڕاستییەکانەوە وا وشەی دزداشەیان بەکارهێناوە کە (حیجاب) بێت. باشترین بەڵگەش بۆ ئەم سەلماندنەمان خودی قورئانە کە حەوت جار وشەی (حیجاب)ی بەکار هێنراوەو لەهیچ ئایەتێکیشدا ئەو ماناو شێوەیەی هەڵنەگرتووە کەئێستا هەیەو مومارەسەی دەکەن. هەر لەبنەماشدا مەبەستی پۆشینی جلوبەرگێکی تایبەت بە سەرو قژ داپۆشین نەهاتووە:

**ئایەتی یەکەم:**

وَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرآنَ جَعَلْنَا بَيْنَكَ وَبَيْنَ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ حِجَابًا مَّسْتُورًا.[70]

(ئەو کاتەی کە قورئان دەخوێنیتەوە (حِجَابًا, Hijab بەربەستێك, ناوەندێك, ڕێگرێك)ی نادیارو شاراوەمان خستۆتە نێوان تۆو ئەوانەی بڕوایان بەرۆژی دوایی نییە).

---

کردنی هۆزی بەنی قورەیزە) بەڵگەی ڕاستییەکانمان. لەبەشی سێکس‌و موحەممەددا باسمان لە چەند دانەیەك کردووە.

69 وشەی (دزداشە, دشداشە) عەرەبییەو لەکوردیدا مەرادیفی نییە چونکە پەیوەندی لەگەڵ کلتوری عەرەبیدا هەیە.

70 الاسراء 45



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

**ئایەتی دووهەم:**

فَاتَّخَذَتْ مِن دُونِهِمْ حِجَابًا فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا.[71]

(جا لەنێوان خۆیو ئەواندا پەردەیەکی (حِجَابًا, Hijab) رایەڵ کردو رۆحەکەمان ناردەلای).

**ئایەتی سێهەم:**

فَقَالَ إِنِّي أَحْبَبْتُ حُبَّ الْخَيْرِ عَن ذِكْرِ رَبِّي حَتَّى تَوَارَتْ بِالْحِجَابِ.[72]

ئینجا وتی ئەوینی رەوەکەم یادی خودای لەبیر بردم تا خۆر لەئاسۆ نەدیو بوو.[73]

(بِالْحِجَابِ, Hijab نەدیو, ئەودیوی نەبینراو).

**ئایەتی چوارهەم:**

وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ وَعَلَى الْأَعْرَافِ رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلًّا بِسِيمَاهُمْ وَنَادَوْا أَصْحَابَ الْجَنَّةِ أَنْ سَلَامٌ عَلَيْكُمْ لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ.[74]

(لەنێوان بەهەشتیو دۆزەخییەکاندا بەربەستێك (حِجَابٌ, Hijab) هەیە لەشوێنە بەرزەکانیشەوە پیاوانێك هەن هەردوولا بەهۆی سیمایانەوە بەچاکی دەیانناسنو..و..و..)

**ئایەتی پێنجهەم:**

وَقَالُوا قُلُوبُنَا فِي أَكِنَّةٍ مِمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ وَفِي آذَانِنَا وَقْرٌ وَمِنْ بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ فَاعْمَلْ إِنَّنَا عَامِلُونَ.[75]

---

71 مریم 17

72 ص 32

73 بۆ بەکوردیکردنی ئەم ئایەتە سوود لەوەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژار وەرگیراوە.

74 الاعراف 46

75 فصلت 5

(هەروەها وتیان ئێمە دڵەکانمان داپۆشراوە لەئاست بەرنامەکەتدا گوێشمان کەڕو قورسە لەئاستیدا لەنێوان ئێمەو تۆدا بەربەستێك (حِجَابٌ, Hijab) هەیە، تۆ هەوڵو کۆششی خۆت بدەو بێگومان ئێمەیش هەوڵی خۆمان دەدەین).

**ئایەتی شەشهەم:**

وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَنْ يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْياً أَوْ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولاً فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِ مَا يَشَاءُ إِنَّهُ عَلِيٌّ حَكِيمٌ.[76]

(هیچ بەشەرێك بۆی نییەو ناتوانێ راستەوخۆ قسە لەگەڵ خوا بکات مەگەر لەرێگەی وەحیو نیگاوە نەبێت یاخود لەپشت پەردەوە (حِجَابٍ, Hijab) یان نێردراوێك دەنێرێو بەمۆڵەتی ئەو وەحی پێدەگەیەنێت..)

**ئایەتی حەوتهەم:**

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتَ النَّبِيِّ إِلَّا أَن يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَى طَعَامٍ غَيْرَ نَاظِرِينَ إِنَاهُ وَلَكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَانتَشِرُوا وَلَا مُسْتَأْنِسِينَ لِحَدِيثٍ إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي النَّبِيَّ فَيَسْتَحْيِي مِنكُمْ وَاللَّهُ لَا يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِن وَرَاءِ حِجَابٍ ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ وَمَا كَانَ لَكُمْ أَن تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَن تَنكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِن بَعْدِهِ أَبَدًا إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِندَ اللَّهِ عَظِيمًا.[77]

(ئەی ئەوانی بڕواتان هێناوە گەر مۆڵەت نەدران هیچ کاتێك مەچنە ماڵی پەیامبەرەوە، ئەگەر مۆڵەت دران نان بخۆنو نانەکە پێنەگەیشتبوو چاوەڕێی پێگەیشتنی مەکەن، بەڵام کاتێك بانگکران ئەوە بچنە ژوورەوە، جاکاتێك نانتان خوارد بڵاوەی لێبکەنو خۆتان بەگفتوگۆوە خەریك مەکەن، چونکە بەراستی ئەم کارەتان پەیامبەر ئازار دەداتو شەرمتان لێدەکاتو دەرتان ناکات، خوا شەرم لەهەق ناکات، کاتێکیش داوای کەلوپەلێکتان

76 الشورى 51

77 الاحزاب 53



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.Mariwanhalabjaee.com

www.xwdakan.com net org



لەژنەکانی پەیامبەر کرد لەپشت پەردەوە (حِجَابٍ, Hijab) داوایان لێبکەن چونکە ئەوە بۆ پاکی دڵی ئێوەو دڵی ژنەکانی پەیامبەر چاکترە، بۆتان نییە ئازاری پەیامبەر بدەنو بۆتان نییە بەهیچ شێوەیەك لەدوای خۆی (واتە دوای مردنی موحەممەد) ژنەکانی لەخۆتان مارە بکەنەوە ، کردنی کارێکی لەم شێوەیە لەلای خوا گوناهێکی زۆر گەورەیە).

بەپێی ئەم ئایەتانەی سەرەوە وشەی (حیجاب)[78] بەربەستێکە یاخود پەردەپۆشێکە یان ناوەندێکە یان ڕێگرێکە یاخود هەرشتێکی دیکەیە کەنێوانێك بۆ دوو شت دروست بکات.

بەم پێیە بێت ئایەتەکان مەبەستیان لەدروستکردنی ئەو حیجابە نییە کەئێستا ژنان دەیپۆشنو مانای لەو شێوەیەش نادەن بەدەستەوە, بەپێچەوانەی ئەم ڕاستییەشەوە لەلایەن ڕاڤەکارانەوە ڕاڤەیەکی زۆر تایبەتی بۆ کراوەو ئەوەمان تێدەگەیەنن تەنها یەك مانای ڕوکەشو گشتیو باوی تەقلیدی بدات بەدەستەوە, ئەویش داپۆشینی سەروقژی ئافرەتەکانە, لەکاتێکدا هیچ یەکێك لەو ئایەتانەی بەنموونە هێنامانەوە باسی ئەم جۆرە حیجابە کلاسیکیە یاخود مەبەستەکەشی ناکەن.

بەهۆی ئەم هەڵەیانەوە حیجاب بووەتە مادەیەکی سەرەکی ململانێی نێوان مێتۆدە جۆراوجۆرەکانی حوکمی ئیسلام لەڕەهەندەکانی ژیانی ژنانو ململانێی لەگەڵ بڕگەکانی مافی مرۆڤو کۆمەڵگای مەدەنی. بەهەمان شێوە ڕەخنەیەکی زۆر ڕووبەڕووی ئەم ئایینە بووەتەوە بۆیە دەبینین لەلایەن بیرمەندانی ئیسلامەوە بەهەزاران کتێبیان نووسیوەو لەمزگەوتەکانەوە بەملیۆنەها خوتبەیان بۆ داڕشتووە, هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەی مەبەستی خۆیان لەگەڵ ئایەتەکە ئاوێتە بکەن, لەکاتێکدا ئەو حیجابە نییە کە ئافرەتان دەیپۆشن.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم مەسەلەیە پێویستە چەند ڕاستییەك بخەینە ڕوو:

ئەو میللەتانەی کاریگەری ڕاستەوخۆی سروشتان لەسەر بووە, وەك ساردیو گەرمی, جگە لە ئاکارو شێوە پۆشینی دەوروبەر, گرنگیان بەداپۆشینی (سەر) داوە. بۆیە وەك جیاوازی کلتوورو ڕەفتاری گەلو نەتەوەکان جیاوازی لەنێوان پۆشینی جلو بەرگی ژنانو

---

78 الحِجابُ: السِّتْرُ.حَجَبَ الشيءَ يَحْجُبُه حَجْباًو حِجاباًو حَجَّبَه: سَتَرَه. وقد احْتَجَبَ وتَحَجَّبَ إذا اكْتَنَّ من وراءِ حِجابٍ.(لسان العرب، و كذلك المعجم الوسيط : مادة حجب)

www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

پیاوانیشدا دروست كردووە.

پێش سەرهەڵدانی ئیسلام لەنیوەدورگەی عەرەبدا وەك سەرچاوە مێژووییە باوەڕپێكراوەكان باسی دەكەنو ئێستاش دەیبینین، پیاوان عەمامەو ژنان (خمر, خمار, چەفتە)یان بەستووە.[79] (چەفتە) حیجاب نییە.. بەڵكو جۆرە بەستنێكی (سەر)ەو پۆشینێكی ئاسایی بووە وەك پۆشینی پیاوان. لە پێش ئیسلامدا ژنان لەبەر پاراستنیان لە تینی گەرماو كۆمەڵێك هۆكاری تر بە چەفتە سەریان بەستووە. ئەم چەفتەیە بەشێوەیەكی بازنەیی تەنها سەرەوەی (سەر)یان بەستووەو هەردوو پەلكەكەشی بەسەر بەشی سەرەوەی شاندا كەوتووەتە خوارەوە, زۆر كات بەسەر (پشت)دا شۆڕبۆتەوە. لەو زەمەنەدا سینەو دەموچاوو ملو گەردنو هەندێك شوێنی پشتی ئافرەتان بەدەرەوە بووە. بەم هۆیەوە بەخشڵو ئاڵتونو زێڕو مرواریو هەندێ جۆری دیكە، كەعەرەب لەو كاتەدا هەیانبووە خۆیان ڕازاندۆتەوە. بەڵگەیەكی وامان لەلا نییە كەجلو بەرگی كورتیان پۆشیبێتو سەروی قاچ، یان سەروی قۆڵیان دەركەوتبێت، پێدەچێت بەهۆی گەرمای تیشكی خۆرەوە شوێنە ڕووتەكانیان داپۆشیبێت, دەكرێت بلێین بەدزداشەیەك خۆیان داپۆشیوەو جگە لەشوێنە ڕووتە باوەكان وەك سنگوقاچو مەچەك شوێنی ڕووتیان بەدەرەوە نەبووە.! (یەكپۆشی)ش (الزي المشترك) لە ناو ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی كۆندا باو بووە. جگە لەكۆمەڵە سەرەتاییەكان، دزداشە وەك نەریتێك درێژ بووەو بەسەر لەشدا بەرێكوپێكی وەك لەشولارو پێكهاتەی جەستە دابەش نەبووە، بەڵكو دەڵبەو پانوپۆڕ بووە. بەڵام وەك بەڵگەكان دەیسەلمێنن پوزو هەندێ شوێنی خوار قۆڵ، بێ خشڵ، یان بە خشڵەوە بەڕووتی دەركەوتوون.[80]

بەهاتنی ئیسلامو هەنگاونان بۆ بڵاوبوونەوەی لەلایەن موحەممەدو هاوەڵەكانییەوە ژنان لەسەر ئەم شێوە پۆشینە بەردەوام بوون، ئیسلامو پەیامبەرەكەی بەلایەنی كەمەوە تا سیانزە ساڵ كەمترین شتیان لەسەر ئەم دیاردەیە لەناو قورئاندا نەنوسیوەو لەم ڕووەوە یەك ئایەت لەسەر حیجاب نەنوسراوە. بگرە هەتا چەند ساڵێك دوای كۆچی موحەممەدیش بۆ مەدینە

79 العقيلي: ص492

80 السيسلي، ص108

ئافرەتان درێژەیان بەم شێوە پۆشینە داوە. پاشان فەرمانی حیجاب هاتوو بەدوو ئایەت سەپێنرا: یەکێکیان ئایەتی 31 لەسورەتی ئەلنور, ئەوی دیکەیان 59 لەسورەتی ئەلئەحزابە.

**ئایەتی یەکەم:**

وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاء بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاء بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُوْلِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاء وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ.[81]

(ئەی پەیامبەر) بەژنانی ئیمانداران بڵێ: با چاویان داخەنو داوێنیان بپارێزن, جگە لەوەی دیارە خشڵەکانیان دەرنەخەن، با چەفتەکانیان بدەن بەسەر سینەیاندا (درزی نێوان هەردوو مەمك) خشڵەکانیان بۆ ئەم کەسانە نەبێت دەرینەخەن: مێردەکانیان، باوانیان، باوکی مێردیان، کورەکانیان، کوڕی مێردەکانیان، براکانیان، کوڕی براکانیان، کوڕانی خوشکیان، ژنە خزمەتکارو کۆیلەکانیان، ئەو پیاوانەش نیازیان بەژن نییە (وەك پیاوی بەتەمەنو نەخۆشو خەسێنراوەکان, کە ئەمانە توانای سێکسیان نییە)، هەروەها ئەو منداڵانەی بۆ داوێنی ژنان ناڕوانن (نەگەیشتوونەتە ئەو تەمەنەو لەسێکس نازانن)، با (پێ)کانیان نەدەن بەزەویدا تا بە خشڵە شاراوەکەیان بزانرێت, ئیتر تەوبە بکەنو بگەڕێنەوە بۆلای خوا ئەی ئیمانداران بەڵکو رزگارتان بێت.

مێژووی دەرکەوتنی ئەم ئایەتە چەند ساڵێکە لەدوای کۆچ.[82] واتە بەلایەنی کەمەوە پانزە ساڵ پاش سەرهەڵدانی ئیسلام دەرکەوتووە.

بەم ئایەتە، فەرمان بە داپۆشینی سینە کراوە بەوەی کەدەڵێت:

---

81 النور 31

82 **بڕوانە**: الزنجاني, تأريخ القرآن. ابي عبدالله الزنجاني. منظمة الاعلام الاسلامي. الطبعة الاولى1984. في تأريخ الاية.



www.xwdakan.com .net .org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

(وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ).

با چەفتەکانیان بدەن بەسەر سینەیاندا.

(خُمُر) کە لەئایەتەکەدا هاتووە (کۆ)یەو (تاك)ەکەی دەبێتە (خمار) واتە چەفتە. (جیوب) (کۆ)یەو (تاك)ەکەی دەبێتە (جیب) واتە سینە, ئەو شوێنەی کە درزی نێوان هەردوو مەمك دەگرێتەوە. مەبەستیش لەئایەتەکە ئەوەیە: لەو چەفتەیەی (سەر)ی پێبەستراوەو ئەو دوو پەلکەی کەوەك پرچ لێی شۆڕبۆتەوە بیدەن بەسەر سینەیانداو شوێنی درزی نێوان هەردوو مەمك داپۆشن.

پێش ئەوەی بچینە ناو قووڵایی باسەکەوە ئەوەی تێبینی دەکرێ مەبەستی سەرەکی لەدەرکەوتنی ناوەڕۆکی ئایەتەکە تایبەتە بە ڕازاندەوە نەك حوکمی سەرەکی بۆ حیجاب.! چونکە چەفتە لەبنەمادا هەبووەو تێیدا شاردنەوەی سینە زیادی کردووە, واتە جگە لەوەی جلوبەرگەکە هەبووە هیچ شتێکی تازەی نەخراوەتە سەر. تەنها ئەوەندەیە ئەو چەفتەیەی پێشتر ئافرەتەکان دەیانبەست سوود لەو دوو پەلکەیە وەربگرن کە بەسەر سینەدا شۆڕ ببێتەوە. ئەوەش پەیوەستە بەو کلتوورەی کەپێشتر لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا باو بووەو ڕێگەیان پێدراوە تا دەرکەون, بەو بەڵگەیەی ماناو ڕەفتاری ڕازاندنەوە دەچێتە ناو خانەی خشڵ‌و سوراوو سپیاوەوە..!! خشڵەکان, لەو کاتەدا, بریتی بوون لەبازنگ‌و ملوانکەو ئەنگوستیلەو پاوانە. سوراوو سپیاویش دەموچاو دەگرێتەوە. داپۆشینیش، داپۆشینی نەك شوێنی خشڵەکان بەڵکو شوێنە رووتەکان دەگرێتەوە. دەکرێ ملوانکە لەسەر ئەو جلەی کەسینەی داپۆشیوە لەمل بکرێت، بەڵام بازنگ‌و ئەنگوستیلەو پاوانە بۆ شوێنە رووتەکانن. هەروەها داپۆشین رازاندنەوەی دەموچاو ناگرێتەوە.[83]

83 قسەیەکی کۆن‌و رزیوی عەرەب هەیە سەبارەت بەرازاندنەوەو دەرکەوتنی لەشی ژنان‌و پیاوان دەڵێت: (باشترین عەتری پیاو لەوەدایە، بۆنی هەبێ‌و ڕەنگی نەبێت, باشترین عەتری ژنانیش لەوەدایە ڕەنگی هەبێ‌و بۆنی نەبێت.) خاڵێك لە خاڵەکانی ئەم قسە تاسەر ئێسقان سەقەتە تەنها بۆ ئەوەیە کە پێمان بڵێت ژنان بۆنیان ناخۆشە. سەیرو سەمەرەش لەوەدایە کەموحەممەد ئەم قسەیەی کردووە.بروانة سنن ابو داود, كتاب النكاح, باب, ما يكره من ذكر الرجل ما يكون من إصابته أهله. حديث2174

لەم ئایەتەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت فەرمانی حیجاب ئەو مانا کلاسیکییەی نییە کە بەکار دێت.

**ئایەتی دووهەم:**

یَا أَیُّهَا النبـي قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِینَ یُدْنِینَ عَلَیْهِنَّ مِن جَلَابِیبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن یُعْرَفْنَ فَلَا یُؤْذَیْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِیمًا.[84]

ئەی پەیامبەر بەژنەکانتو کچەکانتو ژنە ئیماندارەکانیش بڵێ: بەدزداشەکانیان خۆیان داپۆشن، ئەمەش کەمترین شتە کە بناسرێنەوەو ئازار نادرێن، خواش لێخۆشبوو میهرەبانە.

مێژووی دەرکەوتنی ئەم ئایەتە چەند ساڵێکە لەدوای کۆچ.[85] واتە بەلایەنی کەمەوە پانزە ساڵ پاش سەرهەڵدانی ئیسلام دەرکەوتووە.

ئەگەر بەراڤەی راڤەکاراندا بچینەوە دەبینین لەکاتی راڤەکردنی ئایەتی (31)ی نور باسی دەرخستنی دەموچاو دەکەن، لەبەرئەوەی لەئایەتەکەدا باس لەشاردنەوەی سینە دەکات, کاتێکیش باس لە ئایەتی (59)ی ئەحزاب دەکەن باسی داپۆشینی دەموچاو دەکەن, چونکە پێیانوایە باسکردن لەداپۆشینی لاشە واتە داپۆشینی دەموچاو.! بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن لێکنەچواندنێك لە راڤەکانیاندا هەیە. ئەم گرفتەش چارەسەری گرانەو هۆکەشی ئەو دەربڕینە تەمو مژاوییەیە کەلەم ئایەتەدا هاتووە (یُدْنِینَ عَلَیْهِنَّ مِن جَلَابِیبِهِنَّ, با بەدزداشەکانیان خۆیان داپۆشن) بەلاَم پێمان نالێت چی داپۆشین.

هەندێك سەرچاوەی راڤەیش ئاماژەیان بەوە کردووە کەژنانی مەدینە لەدوای ئایەتی (59)ی ئەحزاب دەموچاویان حیجاب کردووەو شوێنکەوتە توندرەوەکانیش بۆ حیجابی دەموچاو پشتیان بەم راڤەیە بەستووە. ئەگەرچی ئایەتی (59)ی ئەحزاب فەرمانی بە داپۆشینی زیادەی لەسەر ژنانی ئازاد کردووە کە بە تەواوی نازانین چۆنە بەلاَم سەرچاوەکانی ژیانی کۆمەلاَیەتی لەکاتی ئیسلامو سەرەتای ئەمەویشدا وادەردەخەن کەژنان دەموچاویان رووت

84 الاحزاب 59

85 الزنجاني, تأريخ القرآن, في تأريخ الاية.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

بووە، تەنانەت لە تەوافی چواردەوری کەعبەشدا.

بۆ ئەوەی لەئایەتی (الاحزاب59) باش تێبگەین, چونکە باسی سەرەکیمان لەم ئایەتەوە سەرچاوە دەگرێت, پێویستە باسی ئەوە بکەین کەشێوەو کلتووری ژیان لەو سەردەمەدا, بەتایبەت لەناو شاری مەدینەدا وابووە شوێنی دەستبەئاوگەیاندن لەناو خانووەکاندا نەبووە بەڵکو لەدەرەوەو دوور لەخانووەکان شوێنی تایبەتیان بۆ ئەو مەبەستە هەبووە. خەڵکی بۆ خۆخاڵیکردنەوەیان چوونەتە ئەو شوێنانەو دوور لەماڵەکانیان ئەو کارەیان ئەنجام داوەو گەڕاونەتەوە. ئەم دیاردەیەش هەموو کەسێکی گرتبووەوەو ئافرەتانیش وەك پیاوان لەدەرەوەی ماڵەکانیان دەستیان بەئاو گەیاندووە. بەم هۆیەوە گەنجە موسڵمانەکانی شاری مەدینە بۆ کات بەسەربردنو گاڵتەپێکردنو بەسەربردنی کاتێکی خۆشو دامرکاندنەوەی هەوەسی سێکسییان دەچوونە سەر ڕێگەکانو تانەوتەشەریان لە ئافرەتەکان داوە. ئەوەش ئاساییە جاروبار ئافرەتەکان بەم کارەی گەنجەکان نارەحەت ببنو کێشە لەنێوانیاندا دروست ببێت, موحەممەدیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە ئەم ئایەتەی دەرخست. بەڵام هەڵەیەکی گەورە لە جێبەجێکردنی حوکمی ئایەتەکەو زێدەتری ئافرەتانی لێپەیدا بوو کەتا ئێستاش ئیسلام لەسەر ئەم هەڵەیە بەردەوامەو تەنها ئافرەتانیش باجی دەدەن.

ڕاقەکاران لەسەر ئەوە هاوڕان (کۆرا, الاجماع) ئەم ئایەتە پاش ئەو ڕووداوانە هاتووە. گەنجە نێرینەکان ویستوویانە گاڵتەو سوکایەتی بەکەنیزەکەکان بکەن بەڵام بەهۆی نەبوونی جیاوازی پۆشینەوە, سەرەڕای ئەو جیاوازییە چینایەتییەی کە لە نێوان ژنانی ئازادو ژنانی کەنیزەك لەئیسلامدا هەیە (کەنیزەك, جاریە, ژنە کۆیلە) ژنە ئازادەکانیش بەهەمان شێوە دووچاری ئەو ڕێگریو تانەوتەشەرە هاتوون.[86] گەنجەکان وەدوی ئارەزووی سێکسی خۆیان دەکەوتنو لەسەرەڕێگەکاندا ڕێگرییان لەکەنیزەکەکان دەکرد، بەڵام لەبەر هەبوونی جیاوازی چینایەتی ژنە ئازادەکان, کەخۆیان بەچینێکی باڵاتر زانیوە, ئەم ڕێگرییەیان بەلاوە نەنگ بووە چونکە لەبەر نەبوونی جلوبەرگێکی جیاواز لەنێوان ژنە ئازادەکانو ژنە کۆیلەکاندا ئەمانیش بەر ئەو ڕێگریو تانەو تەشەرو سوکایەتییە کەوتوون. بۆ ڕزگاربوون

86 وەك لەمەودوا بەڵگەکان دیاری دەکەین.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

لەم دیاردەیە ژنە ئازادەکان شکایەتی خۆیان گەیاندووەتە کەسو کاریانو ئەوانیش پەنایان بردووە بۆ موحەممەدو داوایان لێکردووە چارەسەرێك بۆ ئەم دیاردەیە بدۆزێتەوە, بەم هۆیەوە ئەم ئایەتە دەرکەوتو فەرمانی داپۆشینی لێکردن تا ژنە ئازادەکان لەکەنیزەکەکان جیابکرێنەوە. ئەم بۆچوونەش زۆر بەڕوونی لە ئایەتەکەدا دیارە (ذَٰلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ. ئەمەش کەمترین شتە کەبناسرێنەوەو ئازار نەدرێن).

لێرەدا چارەسەری قورئان بۆ ئەوەی ژنە ئازادەکان ئازار نەدرێن ئەوەیە دەبێت ژنەئازادەکان بەدزداشە خۆیان بشارنەوە, واتە جیاکردنەوەی ژنە ئازادەکان لەکەنیزەکەکان بریتیە لەپۆشینی دزداشە لەلای ژنە ئازادەکانەوە. شێوە پۆشینی جلوبەرگی ژنانو پیاوانی ئەوکاتەش وەك دزداشەی ئێستا وایە, بەرەچاوکردنی گۆڕانکاری لەشێوەی بڕینو دووریندا. دزداشەی ئەو کاتەش لەسەر ئەو شێوەیە هەبووە کەئێستا میسریەکان دەیپۆشن، پانو پۆڕ بووەو قۆڵێکی فراوانی هەبووە.. لەنێوان راڤەکارانو زمانەوانیەکاندا ناکۆکی لەسەر مانای (جلباب) هەیە، جگە لەدزداشەو جلی پانوپۆڕ بەشتی تریش لێکیان داوەتەوەو گەیشتووەتە رادەیەك قسە لەسەر شاردنەوەی هەموو دەموچاو بکەن, تەنانەت باسی شاردنەوەی چاوێك لەچاوەکانیش دەکەن.[87] یان بەجلو بەرگێك دایانناوە کەهەر لەسەرەوە تاخوارەوەی لەش دابپۆشێ وەك ئەوەی لەئەفغانستان ئێستا بەکاردەهێنرێت, یان پۆشینێك کە لە سەرپۆشێکی گەورە فراوانتر بێت. ئەو سەرپۆشە فراوانە پێشتر لە ئێرانو ئێستا لەمیسردا بەکار دەهێنرێت.

بەڵام بەداخەوە لەنەزانینی خۆیان راڤەکارانو شوێنکەوتوان وا لەم ئایەتە تێگەیشتوون کەفەرمان بە داپۆشینی دەموچاو دەدات، تا ژنە ئازادەکان لەکەنیزەکەکان جیا بکەنەوە.! ئەگەرچی ئایەتەکە زۆر زۆر بەروونی باس لەبەکارهێنانی دزداشە دەکات, دزداشە دەموچاو داناپۆشێت, بەڵام راڤەکاران زیادەیان خستووەتە سەریو باسی داپۆشینی دەموچاویش دەکەن. بەم راڤەیەش بێت ئایەتی (59)ی (الاحزاب) دەبێتە ناسخی ئایەتی (31)ی نور. واتە

87 بڕوانە راڤەکانی القرطبي، ابن کثیر ، لەراڤەی ئایەتەکەدا.

لەجێی ئایەتی یەکەم (31ی نور) دەبێ ئایەتی دووهەم (59ی ئەحزاب) کاری پێ بکرێت. کەچی لەگەڵ ئەوشدا ڕاڤەکاران وایان نەوتووە.

یەکێك لەو چەمکانەی بەلای ئێمەوە زۆر زۆر گرنگەو ئایینزاکانی ئەمڕۆ گرنگیان پێنەداوە، چەند وشەیەکە کەلەئایەتەکەدا هاتووە: (ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلا يُؤْذَيْنَ). (ئەمەش کەمترین هۆکارێکە کە ژنە ئازادەکان بناسرێنەوەو ئیتر ئازار نەدرێن).

## تێبینییەکی پێویست

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باش لە یاساکانی ئایەت تێبگەین پێویستە هۆی دەرکەوتنی ئایەتەکە بزانین, ئەمەش زۆر گرنگە. مەگەر بەرێکەوت, یاخود چیرۆکەکانی قورئانو ئەو دەقانەی کە لە مەککەدا دەرکەوتوون, دەنا بەشێکی باشی ئەو ئایەتانەی لە مەدینەدا نوسراونو یاسایان لەسەر وەرگیراوە, بەهۆی ڕووداوێك یان وەڵامی پرسیارێکەوە دەرکەوتوون. بۆ نموونە هۆی دەرکەوتنی ئەم ئایەتەی خوارەوە باس دەکەین تا تێگەشتنێکی باشمان لەسەر ئەم چەمکە دەداتێ, لەئایەتی یەکەمی سورەتی ئەنفالدا نوسراوە:

يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنْفَالِ قُلِ الْأَنْفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ.

(ئەی موحەممەد) دەربارەی دەستکەوتو تاڵانیەکان پرسیارت لێ دەکەن تۆش لەوەڵامدا بڵێ: ئەو دەستکەوتو تاڵانیانە بۆ خواو پەیامبەرن.

مێژوونوسی بەناوبانگی ئیسلام (واحدی) لەکتێبەکەیدا (أسباب النزول) لەسەر هۆی دەرکەوتنی ئەم ئایەتە نوسیویێتی: لە ئەنجامی ڕووداوی شەڕی بەدردا موسڵمانەکان سەرکەوتوونو تاڵانیەکی باشیان بووە, هەندێکیان خۆیان بەهەقتر زانیوە لە چنینەوەی تاڵانیەکاندا, ئیتر خوا ئەم ئایەتەی نارد بۆ موحەممەد تا بەخەڵکی بڵێت کە تاڵانیەکان هی خواو موحەممەدە هەر ئەوان دەزانن چی لێدەکەن, دواتر موحەممەد بەشێوەیەکی یەکسان لەنێو موسڵماناندا دەستکەوتەکانی دابەشکرد.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Marwan Halabjaee www.xwdakan.com

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

کەواتە تالآنیەکانی شەڕی (بەدر) بووە هۆی دەرکەوتنی ئایەتەکە. یاسای ئایەتەکەش دەڵێت هەر تالآنیەك لەشەڕدا بکەوێتە دەست موسڵمانان ئەوا دەبنە موڵکی خواو موحەممەد.[88]

هۆی دەرکەوتنی ئایەت, کە ئاینزاکان پێی دەڵێن (هۆی دابەزینی ئایەتەکان لەلایەن خواوە بۆ پەیامبەرەکەی, واتە بۆ موحەممەد) یەکێکە لەو رێچکە گرنگانە کە موسڵمانان پشتی تەواویان پێ بەستووە, تا لە رێگەیەوە بتوانن راڤەو تێگەیشتنێکی تەواو بۆ دەقی ئایەتەکە بکەنو بگەنە مەبەستی ئەو یاساو رێسایەی کە تێیدا هاتووە. واحدی, وەك کەڵە نوسەرێکی ئیسلامی لەم بوارەدا دەڵێت: (ناکرێت لە زانیاریی تەواوی راڤەی ئایەتەکان بگەیت بەبێ ئەوەی چیرۆکو هۆی دەرکەوتنی نەزانیت).[89] هەروەها دەڵێت: (دەرخستنو ئاشکراکردنی هۆی دەرکەوتنی ئایەتەکە رێگەیەکی بەهێزە بۆ تێگەیشتن لەچەمكو ماناکانی قورئان). (حەلآڵ نییە قسە لەسەر هۆی دەرکەوتنی ئایەتەکان بکەیت بەبێ چیرۆكو گوێگرتن لەو شاهیدانەی ئاگاداری دەرکەوتنی بوونو لەسەر هۆکەی هەڵوەستەیان کردووەو بە شوێن زانیارییەکانیدا گەڕاون).[90] بەم پێیە زانین دەربارەی دەرکەوتنی ئایەتەکان گرنگی خۆی لە ڕاڤەکردنی ئایەتەکاندا هەیە.

لێرەوە پێویستە بزانین هۆی دەرکەوتنی ئەم ئایەتە (الاحزاب59) چییە, بۆچی ئەم ئایەتە بە ژنان دەڵێت خۆتان داپۆشن تا نەناسرێنەوەو ئازار نەدرێن. گەر لەهۆکاری دەرکەوتنو مانای تەواوی چەمکی ئەم ئایەتە تەواو تێبگەین، زۆر بەئاسانی بیرۆکەو مەعریفەیەکی ترمان بۆ حیجابی ئیسلام دەبێ. جێی خۆیەتی بپرسین، دەبێ ماناو چەمکی ئەم ئایەتە لەچییەوە سەری هەڵداوە.؟ دەبێ حیکمەتی پۆشینی حیجاب چی بێت.؟ ئایا ئەم حیجابەی ئێستا دەپۆشرێت ئەو پاساوانانەی هەیە کە موسڵمانان مەبەستیان بووە.؟ ئایا شەریعەتێکی ئیلاهییە .؟

---

[88] دیارە ئایەتی دیکە لەو بارەیەوە هەیەو ئەوەی ئێمە مەبەستمان بێت تەنها ئەم ئایەتەیە نەك بەشەکانی دیکەی.

89 الواحدي: أسباب النزول, لە پێشەکییەکەیدا ص2

90 هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەو پرسیارگەلێکی دیکەش ناچار دەبین پەنا بۆ خودی ئایینزاو بیرمەندو زانایانی فیقهو ڕاڤەکارەکان ببەین تا وەڵامەکەمان لەدیدی ئایینزاکاندا زانستی دەرچێت، چونکە ڕەهەندەکانی فکری ئیسلامیش داوای ئەم جۆرە بەڵگانەمان لێدەکەن.

یەکەم : ابن کثیر لەتەفسیرەکەیدا نوسیویێتی:

كَانَ نَاس مِنْ فُسَّاق أَهْل الْمَدِينَة يَخْرُجُونَ بِاللَّيْلِ حِين يَخْتَلِط الظَّلَام إِلَى طُرُق الْمَدِينَة فَيَعْرِضُونَ لِلنِّسَاءِ وَكَانَتْ مَسَاكِن أَهْل الْمَدِينَة ضَيِّقَة فَإِذَا كَانَ اللَّيْل خَرَجَ النِّسَاء إِلَى الطُّرُق يَقْضِينَ حَاجَتهنَّ فَكَانَ أُولَئِكَ الْفُسَّاق يَبْتَغُونَ ذَلِكَ مِنْهُنَّ فَإِذَا رَأَوْا الْمَرْأَة عَلَيْهَا جِلْبَاب قَالُوا هَذِهِ حُرَّة فَكَفُّوا عَنْهَا فَإِذَا رَأَوْا الْمَرْأَة لَيْسَ عَلَيْهَا جِلْبَاب قَالُوا هَذِهِ أَمَة فَوَثَبُوا عَلَيْهَا.[91]

ئەو کاتانەی بەشەو تاریکی دادەهات مونافیقەکانی شاری مەدینە دەچوونە دەرەوەو ڕێگرییان لەژنان دەکردو تانوتەشریان لێدەدان, لەو کاتەدا خانووەکانی خەڵکی مەدینە تەسکو بچووك بووە (شوێنی دەستبەئاو گەیاندنیان لەناو خانوەکانیاندا نەبووە) لەبەر ئەوە بەشەو ژنەکان لەماڵەکانیان دوور دەکەوتنەوەو دەچوونە سەر ڕێگەو شوێنەکان تا دەست بەئاو بگەیەنن, فاسقەکانیش ئەوەیان لێیان دەویستو دەچوونە سەر ڕێگەکانیان, جائەگەر ئافرەتێکیان بدیایە بەدشداشە خۆی داپۆشیوە دەیانوت ئەمە ژنە ئازادەو وازیان لێدەهێناو ئەگەر ژنێکیان بدیایە بەدشداشە خۆی دانەپۆشیوە دەیانوت ئەمە کەنیزەکەو ڕێگرییان لێدەکرد.

لەهەمان سەرچاوەو شوێندا (ابن کثیر) نوسیویێتی:

يَقُول تَعَالَى آمِرًا رَسُوله صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَسْلِيمًا أَنْ يَأْمُر النِّسَاء الْمُؤْمِنَات الْمُسْلِمَات – خَاصَّة أَزْوَاجه وَبَنَاته لِشَرَفِهِنَّ – بِأَنْ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبهنَّ لِيَتَمَيَّزْنَ عَنْ سِمَات نِسَاء الْجَاهِلِيَّة وَسِمَات الْإِمَاء.[92]

خوای گەورە فەرمانی داوە بەپەیامبەرەکەی کەئەویش فەرمان بەژنە موسڵمانو ئیماندارەکان بکات, بەتایبەتی ژنەکانی خۆیو کچەکانی وەك ڕێزدارییەك بۆیان, کەبە

91 تفسیر ابن کثیر: 59 الاحزاب

92 تفسیر ابن کثیر: 59 الاحزاب



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

دزداشەکانیان خۆیان داپۆشن تا لەروخساری ژنانی جاهیلیو کەنیزەکەکان جیابکرێنەوە.

لێرەدا زۆر بەروونی دەردەکەوێت حیجاب بۆ ئەوە هاتووە کەژنە ئازادەکانو ژنە کەنیزەکەکان لەیەکتر جیابکرێنەوە.

دووهەم: (الطبري). بەم شێوەیە تەفسیری دەکات:

فَكَانَ نِساء النَّبِيّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَغَيْرهنَّ إِذَا كَانَ اللَّيْل خَرَجْنَ يَقْضِينَ حَوَائِجَهُنَّ , وَكَانَ رِجَال يَجْلِسُونَ عَلَى الطَّرِيق لِلْغَزْل , فَأَنْزَلَ اللَّه:{يَا أَيّهَا النَّبِيّ قُلْ لِأَزْوَاجِك وَبَنَاتك وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبهنَّ } يُقَنَّعْنَ بِالْجِلْبَابِ حَتَّى تُعْرَف الْأَمَة مِنْ الْحُرَّة .[93]

زووتر ژنانی پەیامبەرو ژنەکانی دیکە بە شەو دەچوونە دەرەوە تا دەست بەئاو بگەیەنن, پیاوانیش لەسەر رێگە دادەنیشتن تاکاتێکی خۆش لەگەڵ ئەو ژنانەدا ببەنەسەر, ئیتر خوا ئەم ئایەتەی دابەزاندو وتی ئەی موحەممەد بەکچەکانتو ژنەکانتو ژنە ئیماندارەکان بلێ با بە دزداشە خۆیان داپۆشن تا کەنیزەکەکان لە ئازادەکان جیا بکرێنەوە.

لەهەمان سەرچاوەو لاپەڕەدا تەبەری لەزمانی ابن عباسیشەوە دەنوسێت:

كَانَتْ الْحُرَّة تَلْبَس لِبَاس الْأَمَة , فَأَمَرَ اللَّه نِسَاءَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبهنَّ.[94]

لەو سەردەمەدا ژنە ئازادەکان بەهەمان شێوەی کەنیزەکەکان جلوبەرگیان دەپۆشی, ئیتر خوا فەرمانی بەژنە ئیماندارەکان کرد بە دزداشە خۆیان داپۆشن.

هەروەها لەهەمان شوێنی تەفسیرەکەدا نوسیویتی:

يَقُول تَعَالَى ذِكْره لِنَبِيِّهِ مُحَمَّد صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : يَا أَيّهَا النَّبِيّ قُلْ لِأَزْوَاجِك وَبَنَاتك وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ , لَا يَتَشَبَّهْنَ بِالْإِمَاءِ فِي لِبَاسهنَّ إِذَا هُنَّ خَرَجْنَ مِنْ بُيُوتهنَّ لِحَاجَتِهِنَّ , فَكَشَفْنَ شُعُورَهُنَّ وَوُجُوههُنَّ , وَلَكِنْ لِيُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبهنَّ , لِئَلَّا يَعْرِض لَهُنَّ فَاسِق.[95]

خوای گەورە لەرێی ئەم ئایەتەوە بەپەیامبەرەکەی دەڵێت: ئەی پەیامبەر بەژنەکانتو کچەکانتو ژنە موسڵمانەکان بلێ کەلەماڵەکانیان بۆ پێداویستی دەچنە دەرەوەو قژو

93 تفسير الطبري: 59 الاحزاب.

94 تفسير الطبري: 59 الاحزاب.

95 تفسير الطبري 59 الاحزاب



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

دەموچاویان دەردەکەوێت با بەجلوبەرگەکانیان خۆیان بەکەنیزەکەکان نەشوبهێنن‌و دزداشە بپۆشن تا فاسقەکان رێگرییان لێنەکەن..و..و

سێهەم: لەراڤەی (الجلالین)یشدا هەمان راڤە دەبینین:

ذَلِكَ أَدْنَى" أَقْرَب إلَى "أَنْ يُعْرَفْنَ" بِأَنَّهُنَّ حَرَائِر "فَلَا يُؤْذَيْنَ" بِالتَّعَرُّضِ لَهُنَّ بِخِلَافِ الْإِمَاء فَلَا يُغَطِّين وُجُوههنَّ فَكَانَ الْمُنَافِقُونَ يَتَعَرَّضُونَ لَهُنَّ[96]

پۆشینی دزداشە کەمترین هۆکار یان نزیکترین شتێکە ژنە ئازادەکانی پێ بناسرێنەوە کەژنە کەنیزەك نین‌و ئیتر ئازار نادرێن, بەپێچەوانەی کەنیزەکەکانەوە کەدەموچاویان داناپۆشن, چونکە مونافیقەکان رێگرییان لێدەکردن.

چوارەم: (القرطبي)یش هەمان مەبەستمان دەداتێ‌و دەڵێت.[97]

ئەم ئایەتە بۆ جیاکردنەوەی ئازادەکان‌و کەنیزەکەکان بووە. تا لەجیاتی (ژنە کەنیزەکەکان) (ژنە ئازادەکان) ئازار نەدرێن.[98]

پێنجەم: هەروەها ابن سعد لە کتێبی (الطبقات) لەباسکردنی ئایەتەکەدا نوسیوێتی: ژنەکانی پەیامبەر بەشەو دەچوونە دەرەوە بۆ ئەوەی دەستبەئاو بگەیەنن، چەند کەسێکی مونافقیش رێگەیان پێدەگرتن‌و دەستیان بۆ درێژ دەکردن‌و تانەوتەشەریان لێدەدان‌و ئەزیەتیان

---

96 تفسير جلالين في تفسير آية 59 الاحزاب.

97 لَمَّا كَانَتْ عَادَة الْعَرَبِيَّات التَّبَذُّل, وَكُنَّ يَكْشِفْنَ وُجُوههنَّ كَمَا يَفْعَل الْإِمَاء, وَكَانَ ذَلِكَ دَاعِيَة إِلَى نَظَر الرِّجَال إِلَيْهِنَّ, وَتَشَعُّب الْفِكْرَة فِيهِنَّ, أَمَرَ اللَّه رَسُوله صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يَأْمُرهُنَّ بِإِرْخَاءِ الْجَلَابِيب عَلَيْهِنَّ إِذَا أَرَدْنَ الْخُرُوج إِلَى حَوَائِجهنَّ, وَكُنَّ يَتَبَرَّزْنَ فِي الصَّحْرَاء قَبْل أَنْ تُتَّخَذ الْكُنُف - فَيَقَع الْفَرْق بَيْنهنَّ وَبَيْن الْإِمَاء, فَتُعْرَف الْحَرَائِر بِسِتْرِهِنَّ, فَيَكُفّ عَنْ مُعَارَضَتهنَّ مَنْ كَانَ عَزَبًا أَوْ شَابًّا. وَكَانَتْ الْمَرْأَة مِنْ نِسَاء الْمُؤْمِنِينَ قَبْل نُزُول هَذِهِ الْآيَة تَتَبَرَّز لِلْحَاجَةِ فَيَتَعَرَّض لَهَا بَعْض الْفُجَّار يَظُنّ أَنَّهَا أَمَة, فَتَصِيح بِهِ فَيَذْهَب, فَشَكَوْا ذَلِكَ إِلَى النَّبِيّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَنَزَلَتْ الْآيَة بِسَبَبِ ذَلِكَ. قَالَ مَعْنَاهُ الْحَسَن وَغَيْره. تفسير القرطبي: في تفسير الآية 59 الاحزاب

98 هەمان سەرچاوەکان‌و لاپەرەکانی پێشوو.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

دەدان، بۆ ئەمەش شکایەتی خۆیان گەیاندە پەیامبەرو ئەویش بانگی کردنو پێی وتن: بۆ وا دەکەن لەژنانی ئیماندار؟؟ ئەوانیش وتیان ئەی پەیامبەر، حاشا ئێمە وامان لەگەڵ ژنە ئازادەکاندا نەکردووە، ئێمە ئەو کارە لەگەڵ کەنیزەکەکاندا دەکەین. لەبەر ئەم هۆیە پاش ماوەیەك ئەم ئایەتە نازڵ بوو تا مونافقەکان ژنە ئازادەکان بناسنەوەو ئازاریان نەدەن.

شەشهەم: (الواحدی)یش لەهۆکاری نازڵبوونی ئەم ئایەتەدا هەمان بەڵگەمان بۆ دەخاتە ڕوو.

كانت نساء المؤمنين يخرجن بالليل إلى حاجاتهن وكان المنافقون يتعرضون لهن ويؤذونهن فنزلت هذه الآية.[99]

ژنە ئیماندارەکان بۆ دەستئاو دەچوونە دەرەوەو مونافیقەکان ڕێگرییان لێدەکردنو ئازاریان دەدەدان بەم هۆیەوە ئەم ئایەتە دابەزی.

بەپێی ئەم بەڵگانەی باسمان کردنو باوەڕپێکراوترین شارەزایانی ئیسلام نوسیویانە, مەبەستی سەرەکی ئایەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ژنە ئازادەکان, لەکاتی میزکردنو دەستاویاندا, لەژنە کۆیلەکان (الاماء، الجارية) جیابکرێنەوەو ئازار نەدرێن. بەمانایەکی دیکە, وەك لە ئایەتەکەدا بەڕوونی دیارە, ڕێگە لە گەنجەکان نەگیراوە کە ڕێگریان لە ئافرەتان دەکردوو قسەی نابەجێو دەستدرێژییان دەکردە سەر ئافرەتان, تەنانەت سزاشیان بۆ دانەنراوەو مافی کردنی ئەم کارەیان لێ نەسەنراوەتەوە, لەبەر ئەوەی ڕەگەزەکەیان نێرە. بەم شێوەیە ئافرەتە ئازادەکان, کە خاوەنی کەسوکاری دەوڵەمەندو پیاو ماقولو دەسەڵاتدارو ئەرستۆقراتەکان بوون, لەکاتی میزکردنو دەستاویاندا, خۆیان داپۆشیوەو ئازار نەدراون. وەك ڕەگەزێکی نێرینە کەدەسەڵاتی موتلەقیان بەسەر ژنەوە لە ئیسلامدا هەیە, مافی کاتبردنەسەری خۆیان بە دەستدرێژی بۆ ئافرەتان لێ نەسەنراوەتەوەو هەندێك لە ئافرەتەکان, کە هەژارو ژێردەستەو کەنیزەكو خزمەتکارو گورجین, نابێت خۆیان داپۆشن.

کەواتە مانا ڕاستەقینەکەی حیجاب بۆ ئەوە دەرنەکەوتووە کەژنی ئیماندار وەك هێمایەك بۆ پاکداوێنی لەبەرامبەر لەشفرۆشیو بێباوەڕیدا بەکاری بهێنێت، بەڵکو شەرعییەتێکی ئیلاهییە

---

99 الواحدي: اسباب النزول. الاية الاحزاب59

بەو جیاوازییە چینایەتییەی کە ئیسلام لەقورئاندا باسی کردووە. هەر لەم ئایەتەوە لەوە تێدەگەین کە نەك تەنها لەنێوان پیاوو ژندا، بەڵکو لەنێوان ژنەکانیشدا، بەهۆی سامانو سەرداریی پیاوەکانیانەوە جیاوازی لە ئیسلامدا هەیە. بەم شێوەیە پاساوی حیجاب لەئایەتەکەدا بۆ دەرخستنی ژنی ئیماندار نییە, بەپێچەوانەوە، یەکەم پاساوو یەکەم بنەمای شەرعی لەم ئایەتەدا پێداگرتنێکی ئیلاهییانەیە بۆ دوو چینی جاواز لەئیسلامدا، چینی ئازادەکانو چینی کۆیلەکان.

گەر تەفسیرێکی ڕوونی ئەم ئایەتە بۆ موسڵمانان بکرێت بێشك دەیانخاتە گومانەوە کە خواکەیان پشکی سەرەکی لەداڕشتنی یاساکەدا هەبووەو جیاوازیی چینایەتی لەئەزەلەوە بۆ ئەبەد دروست کردووە. لەوەش گومانتر جیاوازییەکە بەهۆی (عەقیدەو ئیمان) باوەڕو بڕواهێنانەوە نەبێت بەڵکو مەسەلەیەکی ئابووری بێت. گەر ئازادێكو کەنیزەکێك پێوەر بکرێن، ڕەنگە کەنیزەکەکە گەلێك لەئازادەکە جوانترو بەتواناترو باشتر بێت، بەڵام بەهۆی سسیتمی ئابووری ئیسلامەوە ئازادەکە جێی ڕێزو حورمەتی کۆمەڵگایەو خاوەن شەرەفە، کەنیزەکەکەش جێی تانەو تەشەرو ئازاردانەو بێناموسەو شایستەی ئەوە نییە وەك ژنێکی ئازاد پۆشاك بپۆشێ.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە, بێ ئەوەی ئایەتەکە بچوکترین ئاماژە بە داپۆشینی دەموچاو بکات کەچی زانایانی ئیسلام لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا باس لەشاردنەوەی دەموچاو دەکەن, تەنانەت دەشڵێن دەبێ ژنان یەك چاویان بەدەرەوە بێت, ئەوەتا لەتەفسیرەکەی ابن کثیردا نوسراوە

أَمَرَ اللَّه نِسَاء الْمُومِنِينَ إِذَا خَرَجْنَ مِنْ بُيُوتهنَّ فِي حَاجَة أَنْ يُغَطِّين وُجُوههنَّ مِنْ فَوْق رُءُوسهنَّ بِالْجَلَابِيبِ وَيُبْدِينَ عَيْنًا وَاحِدَة.[100]

خوا فەرمانی بەژنە ئیماندارەکان داوە هەر کاتێك لەماڵەکانیان بۆ کارێکی پێویست چوونە دەرەوە بەدزداشە هەر لەسەرووی سەریانەوە تاخوارەوە دەموچاویان داپۆشنو یەك چاویان دەربخەن.

100 تفسير ابن كثير 59 الاحزاب



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

هەروەها لەتەفسیرەکەی قورتوبیشدا نوسراوە:

لَا يَظْهَر مِنْهَا إِلَّا عَيْن وَاحِدَة تُبْصِر بِهَا[101]

هیچ شوێنێکی دەموچاوی بەدەرەوە نەبێت یەك چاوی نەبێت بۆ بینین.

هەروەها لەتەفسیرەکەی تەبەریشدا نوسراوە:

أَنْ يُغَطِّينَ وُجُوهَهُنَّ وَرُءُوسَهُنَّ, فَلَا يُبْدِينَ مِنْهُنَّ إِلَّا عَيْنًا وَاحِدَةً[102]

سەر و دەموچاویان داپۆشن و جگە لەیەك چاو هیچ شوێنێکیان دەرنەخەن.

لەراستیدا نازانین ئەم ماناو تەفسیرەیان لەکوێی ئایەتەکەوە هێناوە.! لە هیچ شوێنێکی ئایەتەکەدا باسی چاو نەکراوە کەچی دەڵێن (أَمَرَ اللَّه خوا فەرمانی داوە) هەروەها ئەوەش نازانین چۆن بەدزداشە سەرو دەموچاو دادەپۆشرێت. نەك لەو ئایەتەدا بەڵکو لەتەواوی سورەتەکاندا مانایەکی لەو جۆرە نابینین, سەرباری ئەم هەڵە زەقانەش موسڵمانان بەم قسە هەڵبەستراوانە دەڵێن تەفسیری زاناکان.

بەهەرحاڵ ئەوەی کەزانایانی ئیسلام لەسەری کۆکن، ئەوەیە کە کەنیزەکەکان یاسای حیجاب نایانگرێتەوە. لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین کەئەم جۆرە حیجابە لەماوەکانی دەسەلاتی موحەممەدو خەلافەتی زێڕین و سەردەمی عەباسیدا بەسەر ژنە ئازادەکاندا سەپێنراوەو نەیانهێشتووە کەنیزەکەکان حیجاب بپۆشن. خەلیفەی دووهەم (عمر بن خطاب) زۆر توندوتیژ بووە لەنەپۆشینی ئەو شێوە دزداشەیە لەلایەن کەنیزەکەکانەوەو بەرەوای نەبینیوە کەنیزەك ئەم جۆرە پۆشاکە بپۆشێت. بەڵگەی ئەوەمان لەبەر دەستدایە بۆ ئەوەی کەنیزەکەکان حیجاب نەپۆشن خەلفە عومەر لێدانی بەکارهێناوە:

وكان عمر بن خطاب رضي الله عنه إذا رأى أمة قد تقنعت ضربها بالدرة، محافظة على زي الحرائر.[103]

---

101 تفسير القرطبي59 الاحزاب

102 تفسير الطبري 59 الاحزاب

103 ابن تيمية, حجاب المرأة ولباسها في الصلاة, تحقيق محمد ناصر الدين الألبانى, المكتب الإسلامى,ص37



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

عومەری کوڕی خەتتاب لەکاتی خەلافەتی خۆیدا بۆ پارێزگاری لەشێوە پۆشینی ژنە ئازادەکان لەهەر شوێنێك کەنیزەکی بینیبێت حیجابی پۆشیبێت بەگۆپاڵەکەی لێی داوە.

ئەمەش واتە نابێت کەنیزەکەکان خۆیان بەژنە ئازادەکان بشوبهێنن. لەبۆچوونی ئەم خەلیفەیەشدا کەنیزەك لەئاست پلەو پایەی ژنە ئازادەکاندا نییەو ئەمەش لەگەڵ ئەو بەناوادادپەروەرییەی ئەودا ناگونجێت کەمێژوونوسانی ئیسلام باسی دەکەن. هەروەها لە سەرگوزشتەیەکی دیکەدا خەلیفەی ئەمەوی (عمر بن عبدالعزیز) فەرمانی داوە: کەنیزەکەکان حیجاب نەپۆشنو لاسایی ژنە ئازادەکانیش نەکەنەوە.[104] واتە نابێت کەنیزەکو ژنە ئازادەکان بەپۆشینیان لەیەك بچن. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت دوو خەلیفەی مێژووی ئیسلامی کە لای ئیسلامییەکان بەدادپەروەر بەناوبانگ بوون جیاوازییان لەنێوان ئازادەکانو کەنیزەکەکاندا کردووە. ئەمە جگە لەوەی جار..جار کەنیزەکەکان ویستوویانە وەك مافێکی سەرەتاییانەی خۆیان وەك ژنە ئازادەکان جلوبەرگ بپۆشن ئەگەرچی حیجابیش بێتو بۆ چاولێکەریش بێت بۆ چینێکی بالاتر، بەلاّم خەلیفەکانو موجاهیدەکانی خوا ئەمەیان پێ ڕەوا نەبینیون.

توندڕەوی هەردوو خەلیفە عومەر (عمر بن خطاب)و (عمر بن عبدالعزیز) لەم بارەیەوە کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری ژنە ئازادەکانەو پاراستنیانە لەدەستدرێژی لەلایەن ڕێگرەکانەوە. بەلاّم ئەم مافەیان بۆ کەنیزەك دابین نەکردووە, چونکە کەنیزەکەکان بەهۆی بارودۆخی ئابووریو کۆمەلاّیەتییەوە لەکاتی خەلافەتی ئەوانیشدا هەمیشە جێی سوکایەتیو دەست لێدانو تانەوتەشەر بوون. ئەمەو سەرباری ئەوەی واباو بووە لەکاتی فرۆشتنیاندا کڕیارەکان بەڕووتی تەماشایان ئەکردنو ئەمدیوو ئەودیویان پێئەکردنو دەستیان ئەبرد بۆ مەمكو پوزو ناوقەدو دەمو ددانیان، تا لەسەر ئەو ڕوخسارو شێوەو تەمەنەی هەیانە نرخیان بۆ دیاری بکەن[105] بەم پێیە دەردەکەوێت یەکێك لەپاساوەکانی حیجاب هەبوونو سەوداو مامەلەی کەنیزەکەکانە.

---

104 العقيلي: الحجاب ص253

105 هەمان سەرچاوە، ص254

ئەم جیاکارییە لە حیجابدا پێشینەی خۆی لەشارستانیەتەکانی کۆنیشدا هەبووەو داهێنانێکی ئیسلامی نییەو وا چاوەڕوان دەکرا ئیسلام ئەم دیاردەو کلتورە کۆنەی بەبڕیارێك هەڵبوەشانایەتەوە نەك درێژەی پێبدایە. بۆ نموونە یاسای ئاشوریەکان حیجابی (سەر)یان بەسەر ئەو ژنە ئازادانەدا سەپاندبوو کەلەماڵ دەچوونە دەرەوە, نەشیاندەهێشت کەنیزەکەکان حیجاب بپۆشن.[106] لەهەردوو سەردەمەکەدا، ئاشوری‌و ئیسلام، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە کەئایاتەکە پەیوەندی بە کڕین‌و فرۆشتنی کەنیزەکەوە هەبێت، چونکە ئەو جۆرە مامەڵەیە وادەخوازێت کەکەنیزەکەکان ڕووت بن نەك داپۆشراو.!! دەرکەوتنی لەشی ئافرەتانی ئازاد بە شەرم‌و شورەیی زانراوە. قورتوبی لە تەفسیری ئایەتی 53ی ئەحزابدا باسی لەوە کردووە کە ئافرەت عەورەتە (واتە کونە–زێ–یە) لەشی بێت یاخود دەنگی, جیاوازیان نییە.[107] ئەو هۆکارە سەرەکییەش, کەژنە ئازاد لەکەنیزەك جیا بکاتەوەو ئایەتی ناو قورئانی بۆ بنوسرێ, باوەڕبوونی ئیسلامە بەهەبوونی کۆیلە بەهەموو مانایەکییەوە. بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونەمان ئەوەیە لەتەواوی دەقە پیرۆزەکاندا چ قورئان بێت چ فەرموودە باوەڕپێکراوەکان, لەهیچ کام لەوانەدا کۆیلەو کۆیلایەتی حەرام نەکراوەو بازرگانیکردن بەکۆیلەوە ڕێگەپێدراوە. لەم سەردەمەشدا کەئەم جۆرە مامەڵەیە (کڕین‌و فرۆشتنی کۆیلە) نەماوە هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە هاوچەرخ‌و شارستانی‌و هەوڵە ئابووری‌و ئایدۆلۆژی‌و فکریانەی کەمرۆڤەکان بەدییان هێناوە نەك ئایینی ئیسلام. لەئیسلامدا یەك ئایەت یان یەك فەرموودە نابینین بەراشکاوی, وەك دەقی سەرەکی‌و بێ بەستنەوە بەئایەتی ترەوە, کۆیلایەتی حەرام بکات.

وادەردەکەوێت ئەم خەلیفانە باش لەمەبەستەکە تێگەیشتوون بۆیە ناهەقی خەلیفە عومەر ناگرین کە لە کەنیزەکەکانی داوەو وتویەتی نابێت کەنیزەك بەوێنەی ژنی ئازاد خۆی بشوبهێنێت.

106 هەمان سەرچاوە، ص255

107 وَبِمَا تَضَمَّنَتْهُ أُصُول الشَّرِيعَة مِنْ أَنَّ الْمَرْأَة كُلّهَا عَوْرَة , بَدَنهَا وَصَوْتهَا. تفسير القرطبي 53الاحزاب



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

لەکتێبەکەی (ابن سعد)دا (الطبقات) ئەوە دەخوێنینەوە کە: عمر بن الخطاب أمير المؤمنين كان يطوف في المدينة فإذا رأى أمة محجبة ضربها بدرته الشهيرة حتى يسقط الحجاب عن رأسها ويقول: فيما الإماء يتشبهن بالحرائر[108]

عومەری کوڕی خەتتاب, ئەمیری ئیماندااران لەناو مەدینەدا دەسوڕایەوە, ئەگەر کەنیزەکێکی ببینیایە حیجابی پۆشیوە بەگۆپاڵە بەناوبانگەکەی لێی دەدا تا حیجابەکە لەسەری دەکەوتە خوارەوە, دەیپرسی: ئەوە بۆ کەنیزەکەکان خۆیان بەژنە ئازادەکان دەشوبهێنن؟؟!.



هەر لەو سەرچاوەیەدا نووسراوە: وقال أنس مرت بعمر بن الخطاب جارية متقنعة فعلاها بالدرة وقال يا لكاع أتتشبهين بالحرائر ألقي القناع.

(أنس) دەڵێ: کەنیزەکێکی داپۆشراو بەلای عومەری کوڕی خەتتابدا تێپەڕیو ئەویش گۆپاڵەکەی بۆ راست کردەوەو پێی وت: ئەی ناپاك ئەوە خۆت بەژنە ئازادەکان دەشوبهێنیت..؟؟ ڕووپۆشەکەت فڕێدە..!

هەر لەو سەرچاوەیەدا نوسراوە: وروى أبو حفص أن عمر كان لا يدع أمة تقنع في خلافته.

ئەبو حەفصەش گێڕاوییەتیەوە کە: خەلفە عومەر لەخەلافەتی خۆیدا نەیهێشتووە کەنیزەك ڕووپۆش بکات.

108 الطبقات الكبرى : ج6ص127



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

هەروەها لەو سەرچاوەیەدا سەرگوزشتەیەکی دیکە لەو بارەیەوە هەیە کەدەڵێت: إن عمر رضي الله عنه ضرب أمة لآل أنس رآها متقنعة وقال اكشفي رأسك ولا تتشبهي بالحرائر.[109]

عومەری کوڕی خەتتاب لەکەنیزەکێکی پەچەپۆشی بنەماڵەی (أنس)ی داوەو پێی وتووە: روخسارت دەرخەو خۆت بەژنە ئازادەکان مەشوبهێنە.

هەموو ئەم گێڕاوانە دڵنیامان دەکاتەوە کەخەلیفە عومەر زۆر باش لەئایەتەکە تێگەیشتووە کەفەرمانی حیجاب بۆ جیاکردنەوەی (ژنە کۆیلەکانە) لە(ژنە ئازادەکان).

کەواتە لەحوکمی ئایەتی (59)ی ئەحزابدا ئەوە بەرجەستە دەکەین کەحیجاب بۆ ئەوە نەسەپێنرا تاهەوەسی پیاو لە لەخشتەبردنی ژنان بپارێزێت, بەڵکو بۆ جیاکردنەوەی ژنە ئازادەکان بوو لەبەرامبەر کەنیزەکەکان تا ژنە ئازادەکان ئازار نەدرێن‌و هیچی تر. لەکاتێکدا سەرچاوەی لەخشتەبردن، بەپلەی یەکەم، کەنیزەکەکان بوون نەك ئازادەکان, چونکە ئەزموونیان هەیەو زۆرینەی جار بەگشتی لەژنە ئازادەکان رەخساوترن‌و لەیاریکردنیان بەعەقڵی پیاوو بەتواناترن‌و لاشەیان رووتترو خرۆشاویترن. ئایەتەکە پاساوێکی یاسایی رروونی تێدایەو دەویسترا هەوەسی سێکسی دانیشتوانی دورگەی عەرەب لەو کاتەدا بەشاردنەوەی ئافرەتان سەرکوت بکرێت, هەروەها لەگەڵ ئەو جێبەجێکردنەشدا نایەتەوە کەپاش دەرکەوتنی ئیسلام لانی کەم بە پانزە ساڵ ئایەتەکە دەرکەوتووە. بە مانایەکی تر هۆکاری دەرکەوتنی ئایەتەکە بۆ ئەم مەبەستانە نەبووە. ئەگەر مەبەستی ئایەتەکە رێگەگرتن بێت لە لەخشتەبردن، ئاوە فەرمانی دەکرد هەموویان حیجاب بکەن بە ژنانی ئازادو کەنیزەکیشەوە. یان دەبوو ئیسلام, وەك ئایین, لەگەڵ کەنیزەکەکاندا توندتر بوایەو ئاسانکاری لەگەڵ ژنانی ئازاد بکردایە نەك بەپێچەوانەوە. واتە فەرمانی حیجابی بەسەر کەنیزەکدا بسەپاندایەو ئازادەکانی لەپۆشینی حیجاب ببەخشیایە. گرنگی ئەم ئایەتە ئەوەیە کەئایەتێکی بنەڕەتییە لەقورئاندا بۆ حیجاب پۆشین لەئیسلامدا، کەتێیدا سنووری بۆ بارودۆخو کات دیاری نەکردووە.

---

109 ابن قدامة, الجزء الأول ص351



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

ئایەتەکە جگە لە داپۆشینی سینە بەتایبەت درزی نێوان هەردوو مەمك، هیچ شتێکی وای نەخستۆتە سەر ئەو جلو بەرگەی کەلەکاتی جاهیلیدا دەپۆشرا، ئەمەش زۆر گرنگەو بەئاشکرا بۆمان دەردەکەویت حوکمی ئایەتەکە کۆمەڵێك ژن ناگرێتەوە. ئازادەکان دەبێ حیجاب بپۆشن‌و کەنیزەکەکان نابێت بیپۆشن. جگە لەکەنیزەك کۆمەڵێك ژنی دیکەش لەم جۆرە حیجابە دوور دەخاتەوە, ئەوەتا لەهەمان سورەتدا دەڵێ:

وَالْقَوَاعِدُ مِنَ النِّسَاءِ اللَّاتِي لا يَرْجُونَ نِكَاحاً فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ أَنْ يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ غَيْرَ مُتَبَرِّجَاتٍ بِزِينَةٍ وَأَنْ يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَهُنَّ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ.[110]

ئەو ژنانەی چوونەتە تەمەنەوەو چاوەڕێی شووکردن نین هیچ گوناهیان ناگاتێ گەر هەندێك لە پۆشاکیان نەپۆشن بەو مەرجەی بۆ جوانکاری نەبێت, خۆ ئەگەر پۆشتە بن ئەوە باشترە, خواش بیسەرو زانایە.

(الْقَوَاعِدُ) ئاماژەیە بۆ ئەو ژنانەی تەمەنی بێئومێدیان تێپەڕاندووە. بەمانایەکی دی ئەو ژنانەی چونەتە تەمەنەوەو پێویستیان بە پیاو نەماوەو ناکەونە دیاردەی تەرییەوە، هەندێکیش پێیان وایە لەخرۆشی سێکسی کەوتوون. لەلایەکی دیکەشەوە وا لەخۆی ناکات کەجێی ئارەزووی سێکس بێت. مانای ئایەتەکە ئەوە دەدات بەدەستەوە کەئەم جۆرە ژنانەش لەکۆتو بەندی حیجاب ڕزگاریان بووەو حوکمی حیجاب نایانگرێتەوە, ئەمەش وتەی زانایانی ئیسلام‌و ڕاڤەکارانی قورئانیشە.[111] ئەسڵی ئایەتەکە تایبەتە بەژنانێك کە لە تەمەنێکی دیاریکراودان‌و ئامادەیی‌و توانای پەیوەندیی سێکسیان نییە. هەر لەم ئایەتەدا ئەوە وەردەگرین کەژنانێك تەمەنیان تێپەڕاندبێت، دەتوانن بەسەری رووتەوە بچنە دەرەوەو گوناهیشی تێدا نەبێت (فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ), بەو مەرجەی بۆ جوانکاری نەبێت. هەروەها ئەو کچانەش کەنەچوونەتە تەمەنەوەو نافامن‌و نازانن سێکس‌و جوانکاریی سێکسیانە چییە دەتوانن حیجاب

---

110 النور 60

111 هُنَّ اللَّوَاتِي اِنْقَطَعَ عَنْهُنَّ الْحَيْض وَيَئِسْنَ مِنْ الْوَلَد " اللَّاتِي لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا " أَيْ لَمْ يَبْقَ لَهُنَّ تَشَوُّف إِلَى التَّزَوُّج.. تفسير ابن كثير 60 النور. تفسير الطبري الاية 60 النور. تفسير القرطبي الاية 60 النور



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

نەپۆشن, پاساوی ئەمەش لەوەوە دێت کەکچی منداڵ وەك ژنی بەساڵاچوو ناکەوێتە تەرییەوەو لەزەتی سێکس وەرناگرێت..!!

چەمکێکی زۆر زۆر گرنگ لەماناو راڤەی ئایەتەکەدا هەیەو تا ئێستا هیچ یەکێك لەزانایانی ئیسلام پەییان پێنەبردووە، یاخود زانیویانەو خۆیان لێ گێل کردووە، ئەویش ئەوەیە کەحوکمو جێبەجێکردنی یاساى ئایەتەکە کاتییەو بەهەبوونی کەنیزەکەوە بەستراوەتەوە. راڤەکاران بۆ ئایەتی (59)ى ئەحزاب لەم مەسەلەیەدا کورتیان هێناوەو ئاوڕیان لێنەداوەتەوە..!! لەبەرامبەریشدا یاساى ئایەتی (60)ى نور جێبەجێ نەکراوە. بەمانایەکی دی: حیجاب بۆ ئەوە هات کەژنە ئازادەکان وەك کەنیزەکەکان ئازار نەدرێن، کەواتە بە نەمانی کەنیزەك دەبێ یاساى ئایەتەکەش نەمێنێو یاساى حیجاب رابگیرێ, چونکە کەنیزەك نەماوەو گەنجی رێگرو دەستدرێژیکەر زۆر بەئاسانیو بەبێ هیچ هۆکارێك ژنە ئازادەکان دەناسنەوەو ئازاریان نادەنو ئەوەی لەلا روونە کەنیزەك نەماوەو هەموو ژنەکان ئازادن. کەچی بەپێچەوانەوە یاساى حیجاب هەر ماوەتەوەو دەبێ ژنە بەبەتەمەنەکانیش حیجاب بپۆشن. نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئیماندارەکانی ئیسلام یاساى حیجابیان بەسەر کچە بچووکانیشەوە سەپاندووە کەهێشتا نەکەوتونەتە تەرییەوەو نازانن سێکسو خرۆشاندنو لەخشتەبردن چییە, ڕایانهێناون هەتا مردن لەژێر کاریگەریو کۆتو بەندی حیجابدا بژین. هەروەها ئەو پرسیارەشمان لەلا روونە کەژنە ئازادیش وەك لەتەفسیرەکاندا بە(الحرة) هاتووە ماناکەی تەواو نییە, مەبەستیشمان لەمە ئەوەیە ژن لەئیسلامدا چ ژنی سەرمایەدار بێت چ کەنیزەك, ئازادو سەربەست نین. ئەم لێکۆڵینەوەیەشمان بۆ ئەم مەبەستەیە. ئەمەش بەبەستنەوەیەك لەگەڵ سەپاندنی هەتا هەتایەی یاساى شەرع پشت بە فەرموودەیەك دەبەستێت کەدەڵێت: حەڵاڵی موحەممەد هەتا رۆژی قیامەت حەڵاڵەو حەرامیشی هەتا رۆژی قیامەت حەرامە.

یان بەشێوەیەکی دیکە دەتوانرێت حوکمی ئایەتەکە رابگیرێت ئەویش هۆی دابەزینی ئایەتەکە لەبەرچاو بگرین کەحوکمی ئەم ئایەتە بەهۆی ئەوەوە هات گەنجو لاوەکان رێگرییان لەژنەکان دەکردو تانەو تەشەریان لێدەدانو ئازاریان دەدان, جا ئەگەر بێتو



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

گەنجو لاوەکان لەژێر سیستمێکی مەدەنیو مۆدێرندا دوور لەئایین پەروەردە بکرێنو رێگری لەژنان نەکەنو کەس تانەو تەشەر لەژنان نەدات ئەوە پێویست ناکات ژنان حیجاب بپۆشن, بەم پێیە هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە گرنگی نامێنێو حوکمەکەشی بەتاڵ دەبێتەوە.

خۆ ئەگەر ناوەڕۆکی ئایەتەکەش تانەوتەشەر نەبێت بەڵکو مەبەستی لەدەستدرێژی جنسی بێت ئەوە مانای ئایەتەکەمان زیاتر بۆ روون دەبێتەوە کە حیجاب داپۆشینی سەرو قژ ناگەیەنێت چونکە شوێنی دەستدرێژی جنسی سەرو قژ ناگرێتەوە بەڵکو داوێن دەگرێتەوەو داپۆشینی داوێنیش دەرپێیەکی بچوکی بەسە کەلەو سەردەمەدا نەدەپۆشراو نەیانزانیوە دەرپێ ژێرەوە چییە. دواتر دەستدرێژی جنسی کێشەی زکپڕبوونو منداڵیش دەکەوتە ئاراوەو قورئانیش باسی ئەو مەسەلانەی نەکردوە. ئەمەش قسەی زۆری لەسەرەو لەمەبەست دوورمان دەخاتەوە.

بەراستی جێی سەیرو سەرسوڕمانە لەقورئاندا چەند ئایەتێك دەربارەی هەبوونی هەتا هەتایی کۆیلەو کەنیزەكو گەنجو لاوی بەدرەوفتاری ئیسلامی بخوێنینەوە کەدواتر هەموو ئەم گەنجانە بەناوی صەحابەوە بانگدەکرێنو لەمێژوودا بەم ناوەوە ناویان نوسراوە, دواتر ئایەتێك، تەنانەت فەرموودەیەك نەبینین کەکۆیلەو کەنیزەك بەخاوەنداریتیو کڕینو فرۆشتنیانەوە قەدەغەو حەرام بکات. کەدەبوو ئایەتێك هەبوایە بێ پێچو پەنا باسی لەرزگاریی هەموو ژنەکان بکردایە بەئازادو کەنیزەکیشەوە.

حیجابو لەقاڵبدانی ئافرەتان رێنماییەکی ئایدۆلۆژییە لەبەرگی ئاییندوا لە مێژووی هەموو ئایینەکاندا چەندین پرەنسیپی لە شێوەیەی حیجاب دەرهەقیان پراکتیك کراوە. هەرچۆنێکیش بێت مەسەلەی لە قاڵبدانی ژنان بە ناوی ئایینەوە پرسیاری هەمەجۆری مۆدێرن دروست دەکاو داوای وەڵامدانەوەی پرسیارەکەمان لە ناوەوەی عەقیدە لێدەکات. دەبوو ئیسلام وەك ئایین جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ ئایینەکانی پێش خۆی هەبوایەو هیچ نەبا حوکمەکانی بۆ ئەبەد لەگەڵ ئەقڵی مرۆڤایەتیو پێشکەوتنەکاندا بگونجاندایە لەبەر ئەوەی وەك ئیسلام خۆی پاگەندەی دەکات قورئان لە ئەزەلەوە هەبووەو تا ئەبەدیش نەگۆڕە. هەر هیچ نەبێ رێگەی بدایە بە گۆڕانکاریو ئەم گۆڕانکارییەش ئەگەر لە سنووری هەندێك لە



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

حوکمەکانیش دەرچووبایە حەرامیان نەکردایە. بۆ نموونە لە بۆچوونی ئیسلامدا مەسەلەی فرە ژنی لە رەهاییەوە کەم کراوەتەوە بۆ چوارو ئێستا حوکمی چوار ژنە تەنها لە ئیسلامدا مەقبولەو لەگەڵ هیچ یاسایەکی دونیادا ناگونجێت, لێرەدا بۆ ئەوەی ئایینی ئیسلام لەگەڵ یاساکانی سەردەمو بیرکردنەوەی لۆژیکیو بەندەکانی مافی مرۆڤدا خۆی بگونجێنێ پێویستە فرە ژنی حەرام بکاتو حوکمی ئایەتەکە لە کار بخات. بەهەمان شێوەش دیاردەی حیجابی بگۆڕیایەو ئەو پۆشینەی پێش سەرهەڵدانی ئیسلام لە ناوچە جیاجیاکانی دەرەوەی ئیسلام هەبوو پشتگوێی بخستایەو لەگەڵ خواستو ئازادییەکانی سەردەمدا خۆی رێکبخستایەتەوەو نەرێتێکی کۆنو باوی سەردەمەکانی پێشووی دوبارە نەکردایەتەوە.گۆڕانکارییەکانی سەردەمو پێشکەوتنە زانستییەکان زۆر بە خێرایی دەگۆڕدرێنو بیانەوێت یان..نا حوکمی هەندێك لە ئایەتەکان کار ناکەن, بۆ نموونە ئایەتێك لە قورئاندا هەیەو باسی تەڕی (حیض) دەکاتو دەڵێت:

وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلاَثَةَ قُرُوَءٍ وَلاَ يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ.[112]

ژنانی تەڵاقدراو دەبێت سێ تەڕی چاوەڕێ بکەن (ئینجا دەتوانن شوو بکەنەوە) هیچ حەڵاڵیش نییە بۆیان ئەوەی لە رەحمیاندا خوا دروستی کردووە بیشارنەوە.

واتە ئەو ژنەی تەڵاق دەدرێت دەبێت سێ جار توشی تەڕی ببێت بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی زکپڕە یان..نا, دوای دەرکەوتنی, دەتوانێ شوو بکاتەوە. سەرەتاو کۆتایی حوکمی ئەم ئایەتە بۆ ئەوەیە بزانرێت ئافرەتەکە زکپڕە یان نا. بۆ زانینیش چەند مانگێك چاوەڕوان بن.

ئەم حوکمە بۆ سەردەمێکی کۆنی بەر لە هەزار ساڵ لەبار بوو, بەڵام لەگەڵ ئێستای دونیای پڕ لە زانستو زانیاری پێویست ناکات ئافرەتان ئەو ماوە زۆرە چاوەڕوان بن بەڵکو بە تاقیگەی زانستی لە ماوەی چەند دەقیقەیەکی زۆر کەمدا راستیی زکپڕبوونی ژنەکە دەردەکەوێت. لێرەدا لەسەر ئایینزاکان پێویستە خۆیان لەگەڵ زانستی سەردەمدا بگونجێنن.

---

112 البقرة 228



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Marwan Halabjaee
www.xwdakan.com

ئەگەر ئەم ئاوێتەبوونە دروست نەکەن هیچ بۆ ئێمە نامێنێتەوە ئەوە نەبێت کە تەماشای شوێنەوارە نەگتیفەکانی ئایینی ئیسلام بکەین.[113]

دەتوانین شێوەی حیجاب بگۆڕین. لەجیاتی حیجابی قژو درزی نێوان هەردوو مەمك، حیجابی بیرۆکە کلاسیکییە کۆنە بێ سوودەکانو بۆچوونە پڕ لەخورافییەکان بکەینو ئەفسانەکان پشتگوێ بخەین. ئەمەش مانای نەمانی ئیسلام ناگەیەنێت بەڵکو دین دەباتەوە قاڵبە ڕاستەقینەکەی خۆی. بۆیە ناهەقی کەسێکی وەك عومەری کوڕی خەتتاب ناگرین بەهۆی ئەم ئایەتەوە ناچار دەبێت لەجێبەجێکردنیدا بۆ دەقەکە بەوەفا بێتو بەگۆپاڵەکەی لەو کەنیزەکانە بدات کەحیجابیان دەپۆشی, ئەوەتا بەڵگەیەکی زۆر ڕوونو ئاشکراش لەمێژوودا هەیە کەلەسەردەمی موحەممەددا پاش شەش ساڵ لەکۆچ، واتە دوای هەژدە ساڵ لەسەرهەلّدانی ئیسلامو پاش حوکمی حیجابو لەکاتی هەبوونی هێزو دەسەلاّتی قەلّەمڕەوی ئیسلامدا حیجاب بەو مانایەی ئێستا هەیە نەدەپۆشراو دەموچاوو هەندێك شوێنی ژن بەڕووتی بینراوە. موسلیمو هاوەلاّنی مێژوونوسانو ڕاڤەکارانی قورئان باس لەڕووداوێکی خودی موحەممەد دەکەن کەلەبازاڕدا ژنێکی جوانی دیوەو یەکسەر زەوقی سێکسی جولاّوەو بە پەلە خۆی گەیاندووەتە یەکێك لە ژنەکانیو خۆی خاڵی کردووەتەوە.[114]

لەئایەتی 38 لەسورەتی ئەلئەنعامدا نوسراوە:

{وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي الأَرْضِ وَلاَ طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلاَّ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم مَّا فَرَّطْنَا فِي الكِتَابِ مِن شَيْءٍ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ}.

هیچ زیندەوەرێكو گیانلەبەرێك نییە بەسەر زەویدا بڕواتو هیچ باڵندەیەك نییە بەباڵەکانی بفرێت, ئەوانیش کۆمەڵە ئومەتێکن وەك ئێوە, دڵنیا بن هیچ شتێك نییە پشتگوێمان خستبێت لەکتێبەکەماندا, لەوەودوا هەر هەموو کۆدەکرێنەوە بۆ لای پەروەردگاریان.

---

113 زۆرێك لە نوسەرە عەرەبەکان باسی ئەم چەمکەیان کردووە, بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبەکەی هادی عەلەوەی (فصول عن المرأة, قسم الحجاب)

114 صحيح مسلم: باب ندب من رأى امرأة فوقعت في نفسه إلى أن يأتي امرأته أو جاريته فيواقعها. حديث1403



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org



بەم ئایەتە بۆمان دەردەکەوێت کەقورئان باسی وردو درشتی هەموو شتەکانی کردووەو هیچی لەبیرنەچووە, بۆیە ماناکانو هەڵسەنگاندنی ئایەتەکان, ئەگەرچی لەلایەن زانایانی ئیسلامەوە بۆی کراوەو ئێمەش بۆ تێگەیشتن لە قورئان سوودی بەرچاوی لێدەبینین, بەڵام دەبێت قورئانو ئیسلامو موسڵمانەکان بەپاساوی لۆژیکیو زانستی, نەك پشتبەستن بە بەسەرهاتی خورافە وەڵامدەرەوەی پرسیارو رەخنەکانمان بن کەلەسەر واقیعەتی ماناو چەمکی ئەم ئایەتە دێتە ئاراوە.

لەلایەکی دیکەشەوە قورئان لەناوهێنانو باسکردندا شەرمی لەهیچ وشەیەك نەکردووەو ئەوەی خواستی بێت نوسیوێتی, بۆ نموونە لەناو ئایەتەکاندا وشەی (فَرْجْ) (فەرج) بەواتای چووك و زێی ژنو پیاو بەکارهێنراوەو بە واتا بازارییەکەی رێك بە مانای کێرو قوز دێتو باسی لێوەدەکات, هەر بۆیە زۆر ئاساییە ئایەتێکی لەم چەشنە (وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ)[115] لەقورئاندا ببینین.

ئەگەر قورئان مەبەستی بوایە مانای حیجابی بەم شێوەیەی ئێستا روونبکردایەتەوە ئەوا بەبێشەرمو ترس باسی دەکردو دەیگوت سەرو قژو دەموچاویشتان داپۆشن, هەر هەموو ئافرەتان, بەئازادو کەنیزەکەکانیشەوە بەبێ جیاوازی. چونکە قورئان لە باسی شاردنەوەی شوێنە تایبەتییەکانی لەشی مرۆڤدا نەنگی نەنواندووە, بۆ نموونە:

يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْءَاتِكُمْ وَرِيشًا وَلِبَاسُ التَّقْوَى ذَٰلِكَ خَيْرٌ ذَٰلِكَ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ.[116]

ئەی نەوەی ئادەم ئێمە پۆشاکمان داونەتێ تا شوێنی عەیبو عارتان داپۆشێتو جوانیشتان بکات, دیارە پۆشاکی تەقوا باشترە, ئەو پۆشاکەش یەکێکە لەبەڵگەکانی خوای گەورە بۆ ئەوەی یادەوەری وەربگرن.

وەك دەبینین لەم ئایەتەدا شەرمی نەکردووە لەناوهێنانی شوێنەکاندا, بۆیە دەتوانین بڵێین لەتەواوی قورئانداو لەتەواوی فەرموودە صەحیحەکاندا هیچ ئاماژەیەك نییە بۆ سەپاندنی

115 المؤمنون 5

116 الاعراف 26

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

حیجاب بۆ هەموو ئافرەتان بەژنە ئازادو کەنیزەکەکانیشەوە. هەروەها ئەم حوکمە نەماوە مەگەر ئەوە نەبێت کەلەئێستادا موسڵمانەکان هەرچی ژنی غەیرە ئیسلامی هەیە بەکەنیزەکی بزانن. رەنگە ئەم بۆچوونەشمان راست دەرچێت بەو بۆچوونەی ئیسلامییە توندرەوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لەهەر شوێنێکدا ئافرەتێکی غەیرە ئیسلامییان چنگ کەوتبێت دوای ئەتککردن یان بەپارە گۆڕیویاننەتەوە یاخود سەریان بڕیونو پەلپەلیان کردوون.[117]

ئێستا گومانمان لە هۆکاری دەرکەوتنی ئەم ئایەتە نەماوە کەبۆ جیاکردنەوەی ژنە ئازادەکان لە ژنە کەنیزەکەکانە ، هەموو موفەسیرو فیقهیەکانیش لەسەری کۆکن (متفق علیە) وەك بەبەڵگەوە باسمان کرد. ئیتر نازانین لەرێی چ پێودانگێکەوە بیرمەندانو زانایانی ئیسلام پاساوی ئەوپەڕی پاکیو ئیمانداریتی بەژنی حیجابپۆش دەبەخشن. ئەگەر بەراستی حیجاب هێمای پاکیو ئیمانە، بۆچی کەنیزەك لەم دەستکەوتە ئیلاهیە بێبەش بێت.؟ ئایا کەنیزەکەکان لەئیسلامدا وەك ئازادەکان مرۆڤ نین.؟ هەموو پێکەوە کۆیلەی خوا نین.؟ ئەدی بۆ ژنە ئازادەکان ئازار نەدرێن بەڵام کەنیزەکەکان ئازار بدرێن.؟ بۆ لە چەمکی ناسخو مەنسوخدا ئەم ئایەتە وەك ئایەتەکانی دیکە نەسخ نەبۆتەوە..؟؟ ئایا کەنیزەك وەك هەر مرۆڤێکی دی خاوەنی کەرامەت نییە وا بەپێی شەرعی ئیسلام رێگە دراوە بە ئیمانداران تانەوتەشەریان لێبدەنو ئەزیەتیان بدەن..؟؟

حیجاب ئاسانترینو ساناترین چەکی گروپە ئیسلامگەراکانەو توانیویانە لەمەسەلە سیاسییەکاندا بەکاری بهێنن, ئەو ساڵانەی کەگروپە توندڕەوەکان ئەو دەسەڵاتەیان نەبووبوو کۆمەڵگا ئیسلامییەکان چەفتەیەکی سادەو ساکاریان دەپۆشی تەنها بەتەماشاکردنی وێنە کۆنەکانی ژنان لە کۆمەڵگا ئیسلامییە کراوەکاندا بەڵگەیەکی زانستیمان بۆ ئەم راستییانە دەستدەکەوێت. پێشتریشو لەئێستادا حیجاب بانگەوازێکی سیاسی بووە نەك ئەرکێکی ئایینی, بەهەمان ئەو شێوە جلوبەرگەی کەئیسلامییە توندرەوەکانی جەزائیرو پاکستانو

117 ساڵی 2005 لەکەناڵەکانی تەلەفزیۆنی عێراقەوە چەندین توندرەوی ئیسلامی نیشان دراونو دانیان ناوە بە کرداری لاقەکردنو سەربڕینی ئافرەتانو وێنەکانیشیان بە کامێرای ڤیدیۆ بلاوکردووەتەوە.

ئەفغانستان دەپۆشن بەو بۆچوونەی گوایە ئەم شێوە پۆشینە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی موحەممەد. ئەو بۆچوونەی كەزووترو لەسەردەمە كۆنەكاندا پێیان وابووە دەموچاوو لاشەو دەنگو قژی ئافرەتان جێی خرۆشاندنی سێكسو عەیبوعارنو دەبێ بشاردرێنەوە, هەمان ئەم بۆچوونە لە ئێستای گۆرانكارییە شارستانییەتدا مانای گەمارۆدانو ئیهانەكردنو سوكایەتیو زیندانیكردن بۆ ئافرەتان دەگەیەنێت. ئەو سەرداپۆشینەی كەبە هەڵە بەناوی حیجابەوە هاتووە كارێكی سیاسی رووتەو گەمارۆدانی ئافرەتانە لەناو گێژاوی دواكەوتنو بەردەوامبوونیانە لە ئایینی ئیسلامداو درێژەدانە بە پرۆسەی تیرۆركردنی لەشو بەشێكی گرنگ لەژیانیان, لەگەڵ ترسێكی هەمیشەیی لای ئایینزاكان بەوەی ئەگەر كیژۆڵە بچووكەكان بەزۆر حیجابیان بەسەردا نەسەپێنرێتو لەسەری رانەهێنرێن لەگەورەییدا لەدەستیان دەچێتو بانگردنیان بۆ پۆشینەكە زۆر زەحمەت دەبێت, بەڵگەی ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت حوكمی حیجاب كیژۆڵەكان ناگرێتەوە چ ئازاد بنو چ كەنیزەك, بەڵام بەبێ هەبوونی هیچ دەقێك حیجابیان بەسەردا سەپاندوون.

ئەگەر ئیسلام مەبەستی لەوە بووە لەرێی ئەم حیجابەوە شەرەفو ناموسی ژنان بپارێزێ, ئەخلاقی كۆمەڵگا چاك بكا, فەسادی نەهێڵێ, خرۆشاندنی سێكس كەم بكاتەوەو دەرگای فەسادی ئەخلاقی دابخات، ئایا رەواتر نەبوو حیجابی لەسەر كەنیزەكیش واجب بكردایە.؟ ئایا ئیسلام پاراستنی مافی كەنیزەكو رێزگرتنی كەرامەتیان بە ئەركی خۆی نازانێ.؟ لەشەرعی ئیسلامدا بۆچی ئازاردانی ژنە ئازادەكان حەرامەو رێگەش دراوە بەئازاردانی ژنە كەنیزەكەكان.؟

بەراستی زۆر سەیرە مەسەلەی حیجاب مانای جیاكردنەوەی ژنە ئازادەكانو كەنیزەكەكانی هەبێتو قورئان بەئاشكراو روونو بێپەردە دان بەو راستییەدا بنێت كەچی ئیسلامگەراكان بیكەنە حوكمێكی ئەزەلیو ئەبەدی.! لەوەش سەیرتر ئەوەیە موسڵمان واتێبگات هەموو دانیشتوانی سەر زەوی بەشارستانیو مەدەنیو پێشكەوتووخوازەكانو هوشیارو زانستخوازەكانەوە شوێنكەوتەی كلتورێك بن كەكلتورێكی بیاباناوی تەواو رەشۆكیانە بێت كە پێش هەزارو چوار سەد ساڵ دامەزرابێت.



سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org



دەرکەوتنی حوکمی ئەم ئایەتانە لەئیسلامدا ئارەزووە سێکسیەکان نەك هەر دانامرکێن بەڵکو زیاتر پەرە دەسێنن، زانستەکانی دەروون سەلماندویەتی ئەو شتانەی مرۆڤ بۆی تامەزرۆن، لەکەمیدا، یان لەدیارنەبوونیدا، وا لەمرۆڤەکان دەکەن زیاتر لەشوێنیان بگەڕێن.[118]

تەنها ئەو پرسیارانەمان دەمێنێتەوە کەلە ئیسلامی بکەین: بۆچی سزایەکی دیاریکراو, بۆ ئەو مەبەستە, تانەو تەشەر لێدان لەو ژنانەی کەدەچن بۆ دەست بەئاو گەیاندن, بۆ گەنجەکان دیاری نەکراوە تا ببێتە هۆکارێك ژنە کەنیزەکەکانیش لەتانەو تەشەر دوور بن.؟ هەروەها ئایا بۆچی ئەم حوکمی حیجابە بەسەر پیاوانیشدا نەسەپێنرا.؟ بۆ دەبێت ژنان باجی هەڵەی پیاوان بدەن.؟ ئێستا کە شوێنی دەستئاو لە ناو ماڵەکاندا هەیەو ژنان ناچار نین لە ماڵەکانیان دوور بکەونەوە, ئایا یاسای ئایەتەکە بەسەر نەچووە.؟ لەمەوە, ئایا یاساکانی قورئان بۆ زەمەنێکی دیاریکراو نەنوسراون.؟

یان ئەوەتا رێز لە سایکۆلۆژییەتی ئافرەت نەگیراوەو هەستو غەریزە سێکسییەکانی بە گرنگ نەزانراوەو حسابی بۆ نەکراوە, گەر..نا دەبوو حیجابی بەسەر پیاوانیشدا بسەپاندایە چونکە چەند شوێنێکی پیاویش بەلای ئافرەتانەوە جێی خرۆشاندنی سێکسینو غەریزەیان دەجولێنن.

ئیسلام وابیری لێکردووەتەوە کە لاشەی ژنان پڕە لە گوناهو تاوانو بۆ جولاندنی هەوەسە سێکسییەکانی پیاو هەستیارترین وەسیلەیە, بۆیە دەبێت بپێچرێتەوەو دیمەنی ئەم لاشەیە نەبینرێت تا ڕێگە بۆ پیاوان خۆش نەکریت دووچاری گوناهو تاوانو لادانی سێکسی بن. بەلاَم ئەم ئایینە بیری لەوە نەکردووەتەوە کە ژنان بەرپرس نین لەو گوناهو تاوانانەی پیاوان ئەنجامی دەدەن! هەروەها بەرپرس نین لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ناوەزی پیاوان بەهۆی جولاندنی هەوەسە سێکسییەکانیانەوە بۆیان دروست دەبن! ڕەنگە یاسای حیجاب لەم بارەیەوە یەکێك بێت لە گەورەترین هەڵەکانی ئیسلام. باشتر وابوو ئەم ئایینە هۆی دەرکەوتنی حیجابی سەردەمی خێڵەکی لەگەڵ سەردەمی هاوچەرخ تێکەڵ نەکردایەو

118 **بڕوانە** د. احمد عبالكريم: القلق وبعد الجنسي. طبعة بيروت–لبنان1996 ص 541

www.xwdakan.com net org

سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

لەدەستدانی کۆنترۆڵی پیاوانی ئیمانداری خۆی بە داپۆشینی ژنان چارەسەر نەکردایە, تا موسڵمانانیش (ژنان) تەنها بۆ خزمەتکردنو خاڵیکردنەوەی سێکسی خۆیان نەزانن.

مرۆڤ بەسروشت مەیلو ئارەزووی بەلای ژنو ژنیش بەلای پیاودایە، گەر ڕێگەمان گرت لەم دیاردە سروشتیە کەبە ڕێگەی ڕاست بگاتە ئەنجامی خۆی، ئەوا بەناچاری هەوڵ دەدرێت لەڕێگەی چەوتەوە بگاتە ئەنجام. بەڵگەکان سەلماندویانە لەو کۆمەڵگایانەی کەداپۆشینی ئافرەتانی بەتوندی تێدایە، لەهەمان کاتدا لادانی سێکسی بەزۆری تێیدا دەبینرێت.[119]

Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

## فەسڵی چوارهەم

## دەرگای یەکەم

## هاوسەرگیری و فرەژنی وەك ئەزموونی ئیسلامی

119 الوردی.. لەم بارەیەوە زۆری نوسیوە خوێنەر دەتوانێت بڕوانێتە کتێبی (وعاظ السلاطين)



به دیدی راڤەکارانی قورئان ئیسلام دەرکەوتەیەکی مێژوویی نییە، بەڵکو ئایینێکی ئاسمانییەو پەیامبەرەکەشی کەسێکی خاوەن موعجیزەیەو دەقی قورئانیش تەشریعێکی میتافیزیکییە، لە ئەزەلەوە هەبووەو تا ئەبەدیش حوکمیان لێوەردەگیرێ. بەپێی ئەو بانگەوازەی کە ئەم ئایینە بۆ خۆی دەیکات رزگاریو ئازادیو یەکسانی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی هێناوەو شۆڕشێك بووە لە دژی جەهالەت. بەم پێیەش دەبێت ئافرەت وەك مرۆڤێك لەو رەهەندو پێگە نامرۆڤانەیەی پێش سەرهەڵدانی ئیسلام بەسەریاندا سەپابوو، لە ئیسلامدا بەهاو پلەو پایەیەکی وایان پێ ببەخشرایە کە لە هەموو شوێنو زەمەنێکدا لەگەڵ پیاوان ئازادو یەکسان بن. دەکرا ئیسلام تا ئەبەد وەڵامدەرەوەی هەموو ئەو پرسیارانە بێت کە رووبەرووی دەبێتەوەو بەرگرو پاڵپشتی ئەو مافانە بێت کەدەربارەی مافە سەرەتاییەکانی ئافرەتان دێنە ئاراوە.

بەڵام ئەوەی پرەنسیپو مێژووی ئیسلامی خوێندبێتەوە، مەگەر عەقیدەی ئایینی بەسەریدا زاڵ بوبێت، رێك پێچەوانەکەی دەبینێتەوە. ئافرەت لەهەمان پێگەو رەهەندی پڕ لە چەوساندنەوەی ئایینیدا ماوەتەوەو مافەکانی پێشێل کراوەو لەهەموو شێوەو شێوازێکی مامەڵەی مرۆڤانە دوورخراوەتەوە. ئەوان لە خوارەوەی ئەو مافکۆکانەن کە ئیسلام لە رێی دروشمەکانیانەوە بانگەوازیان بۆ دەکات. زمانی قورئانیش، کە لەناو کۆمەڵگەیەکی وەك نیوە دوورگەی عەرەب لەبیبانەکانی وڵاتی سعودییە پێش 1400ساڵ هەڵقوڵاوە، بەپێچو پەناوە قسە لەسەر مافەکانی ئافرەتو داخوازییەکانی دەکات. کۆی هەموو یاساکانی ئیسلام ئەوە

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

دەگەیەنن کە ئافرەت وەك پیاو مرۆڤێکی تەواو نییە. بە مانایەکی دیکە: لە قورئاندا یاسایەك بۆ مرۆڤایەتی پەیدا بووە، کتومت لەگەڵ دیاردە کلتوریو کلاسیکییەکەی سەردەمەکەی خۆیدا ئاوێتە بووەتەوە. بەم پێیەش قورئان تەوژمێك نەبوو بەسەر جەهالەتو پەراوە ئایینیەکانی پێش مێژووی خۆی، بەڵکو وەرچەرخانێك بوو بۆ بەیاسایی کردنی کلتوورو نەریتی ناوچەکەو بڵاوبوونەوەو سەپاندنی بەناو هەموو جیهاندا. ئەو شارستانییەتو یاسا کلاسیکییانەی لە دەوروبەری نیوە دوورگەی عەرەبدا هەبوون، وەك شارستانییەتی هیندو یەمەنو شام لە فەرهەنگیاندا گەلێك لە نیوە دوورگەی عەرەب پێشکەوتووتر بوونو هیچ کام لەوانە بە ئەندازەی شارستانییەتو فەرهەنگی ئایینی ئیسلام ئافرەتیان سەرکوت نەکردووە. موحەممەدیش، چ وەك مرۆڤو چ وەك پەیامبەری ئیسلام، دەبێتە بەڵگەی سەلمێنەرو قارەمانی ئەم راستیانەی کە ئێستا باسمان کردن.

دەربارەی وتەکانی پەیامبەری ئیسلام ئایەتێك لە قورئاندا هەیە کە دەڵێت:

{إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى}.[120]

ئەوەی (کە محمد) دەیلێت وەحیە لەخواوەیە.

ئیسلامییەکان پاڵپشت بەم ئایەتە قورساییەکی گەورەیان داوە بەهەموو قسەو رەفتارێکی موحەممەدو زۆر بە وردی کارو رەفتارو قسەیان نوسیوەتەوە. هەروەها موسڵمانانیش، بە ناوی ئەوەی ئەمە سوننەتی موحەممەدە، هەوڵیانداوە لاسایی هەموو کارو کردەوەیەکی بکەنەوە. بۆیە دەبینین هەر شتێك یان بابەتێك یان مەسەلەیەکی تەشریع لە قورئاندا نەبێت، کە دەبوو هەموو شتێکی تێدا بوایە، پەنایان بۆ یاساو شەریعەتەکانی فەرموودە بردووەو زێدەڕۆییشیان تێدا کردووە. بە مانایەکی دی قورئان هەموو شتێکی باس نەکردووە. بەم شێوەیە سوننەتەکانی موحەممەد دەبنە تەواوکەری قورئان. ئەم راستییەش ئەو پڕوپاگەندەیە بە درۆ دەخاتەوە کە دەڵێت (خوا لە قورئاندا باسی هەموو شتێکی کردووە)[121] بۆیە لەلایەن

---

120 النجم 4

121 {وَعِندَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لاَ يَعْلَمُهَا إِلاَّ هُوَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلاَّ يَعْلَمُهَا وَلاَ حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الأَرْضِ وَلاَ رَطْبٍ وَلاَ يَابِسٍ إِلاَّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ} (59) سورة



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

موسڵمانەکانەوە هەندێك لە ناوەڕۆکو مانای سەرەکی ئایەتەکان پشتگوێ خراونو فەرموودەیان لە جێی دانراوە. هیچ پاساوێکی زانستیان بۆ ئەم پینەپەڕۆیە نییە.

لەزۆر حاڵەتدا گەر رەخنەیەك لە ئیسلام بگیرێو رەخنەگرەکەش بۆ بەڵگە ئاماژە بەئایەتی قورئان بکات، یەکسەر ئیسلامییەکان بۆ وەڵامدانەوە پەنا بۆ فەرموودەکان دەبەنو چەندین فەرموودە بۆ پاڵپشتی قسەکانیان دەهێننەوە. یاخود رەخنە لە فەرموودەیەکی موحەممەد بگیرێت، بە پێچەوانەی کاری یەکەمجاریان پەنا بۆ ئایەتەکانی قورئان دەبەن. بەکورتی، ئایینی ئیسلام لەهەر شوێنێكو لەهەر کاتێکدا بێت، چ ئایەت بێت یان فەرموودە، بۆ بەرژەوەندیەکانیان بەکاریان هێناوە.

بۆ سەلماندنی راستییەکانی ئەم بەشە، کە باس لە فرەژنی دەکەین، هەوڵمانداوە چ ئایەت بێت یان فەرموودەو سەرگوزشتە بۆ بەڵگەی راستییەکانمان بخەینە روو. ئەو بەڵگانەش دەهێنینەوە کە لە لایەن ئیسلامییەکانەوە باوەڕپێکراوترین سەرچاوەن کە سەرەکیترینیان قورئانە. جگە لەمەش لەم نوسینەماندا لەگەڵ لۆژیکی پێش هەزار چوارسەدە ساڵەدا کار ناکەینو خۆمان بەو پرەنسیپە نابەستینەوە کە جیاوازی نەخاتە نێوان رەهەندە خورافییەکانو بەرهەمە زانستیو زانیارییەکان. بەو پێیەی ئیسلامییەکان دەڵێن ئیسلام تاکە چارەسەرە بۆ ژیانی بەشەرییەت لە ئەزەلەوە بۆ ئەبەد، ئێمەش چەند رەخنەیەکی لۆژیکانەو یاساییانەی سەردەمی هاوچەرخ رووبەرووی ئیسلام دەکەینەوە.

## دەرگای دووهەم

## سێکس و هاوسەرگیری پێش ئیسلام

---

الأنعام. کلیلی زانینی هەموو نهێنییەکان لای خوایەو جگە لەو کەسی تر نایزانێت، بە ئاگایە لە هەر شتێك لە وشکاییو لە دەریادا هەیەو گەڵایەك ناکەوێتە خوارەوە خوا پێی نەزانێت، هەروەها دنکێك یان تۆوێك لە تاریکییەکانی زەویدا نییە، چ شێدار بێت یان وشك لە خوا پەنهان بێو هەمووی لە کتێبدا دیارەو روونە.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

نیوە دورگەی عەرەب، بەهۆی ئەو شوێنە جوگرافییەی تێیدایە، لە پێش‌و دوای سەرهەڵدانی ئیسلامیش یەکێك بووە لەو ناوچە هەرە دیارانەی دونیای سێکسبازی. بەهۆی گەرمی ئەم نیوە دورگەیەوە، کە نزیك هێڵی ئیستیوایە، لەگەڵ کاریگەریی داب‌ونەریتە خێڵەکییەکانو دەسەڵاتی ئەقڵی نێرسالاری، مێژوویەکی بەرچاوی لەم بارەیەوە بۆ خۆی تۆمار کردووە. کەش‌و هەوای گەرم یاریدەدەرێکی زۆر باش بووە بۆ هەڵایسانی غەریزەی سێکسی‌و ئەم هەڵایسانو هۆکارانەش غەریزەی نێرو مێ‌ی زیاتر لەیەك نزیك کردۆتەوەو هەمیشە زەوقی سێکسبازیان لە هەرەمی گڕگرتندا بووە. ئافرەتان دەسەڵاتیان نەبووەو لەژێر زەبروزەنگی سامانو هێزی پیاواندا بوون, نەیاتوانیوە باس لە مافە سێکسییەکانیان بکەن. لەبەرامبەردا پیاوانیش بەهۆی سەرمایەو دەسەڵاتیانەوە هەمیشە ئامادە بوون خواستە سێکسییەکانیان بهێننە دی‌و توانیویانە، جگە لەو کەنیزەکانەی لەگەڵیان جووت دەبوون، چەندین ژن لەخۆیان کۆ بکەنەوە.

ئەگەر بەراوردێکی مێژوویی لە نێوان نیوە دورگەی عەرەب لەگەڵ ناوچەو کۆمەڵگەیەکی وەك میسردا بکەین، دەبینین دانیشتوانی میسر بەهۆی پاشماوە گەورەو دێرینەکانی شارستانییەتی فیرعەونەکانەوە بەکاری هەمەڕەنگەوە خەریك بوون، زانستی پزیشکی، وەرزش‌و توانا پاراسایکۆلۆژییەکان، لەبوارە جۆربەجۆرەکانی دیکەیش: چالاکییە ئایینیەکان، هونەری پەیکەرسازی، هونەری بیناسازی، هەڵکۆڵین، تابلۆی سەردیوارەکانو خۆشنووسی. ئەمە جگە لەکاری ڕۆژانەیان، وەك: کشتوکاڵ، بازرگانی، پیشەسازی. لەناو ئەو پاشماوانەدا، سێکس‌و مەسەلەی هاوسەرگیری، وەك دیاردەیەکی بەرچاو کە قسەو باسی لەسەر بکرێت لە شارستانییەتی میسردا دیار نییە.[122]

ئەگەر نیوە دورگەی عەرەب لەگەڵ کۆمەڵگەی یۆنانی کۆندا بەراورد بکەین، دەبینین یۆنانییەکان, جگە لەپیشەی ڕۆژانەی خۆیان وێڵو گەڕۆکی شانۆییەکانو ئاهەنگ‌و ڤێستیڤاڵ‌و پێشبڕکێی وەرزشی بوون, کاریان لەسەر دیالۆگ‌و فەلسەفەو ماتماتیك کردووە.

---

122 **بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم کتێبە** الاهرام، قديما و حاضرا، د. عبدالصمد الخرسي، مصر العربية.

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

بەهەمان شێوەی شارستانییەتی میسر, پاشماوە مێژووییەکان ئەوە نیشان دەدەن بینینی ئافرەتان بەشێوەیەك کە وەسیلەیەك بن تەنها بۆ سێکس , لەگەڵ دیاردەی فرەژنی, لە شارستانییەتی یۆناندا هەست پێنەکراوە.

نیشتەجێیانی نیوە دورگەی عەرەب، بەتایبەت دانیشتوانی هەردوو شاری مەککەو مەدینە، کە ئیسلام لەو دوو ناوچەیەدا سەریهەڵداو گەشەی سەند، کۆمەڵگەیەکی داخراو بوون. زیاتر بە شیعرو هونەری پەیکەرسازیو[123] دواتریش زەخرەفەیەکی سەرەتایی خەریك بوون. شك نابەم لە پەڕاوەکانی مێژووی ئەو ناوچەیەدا ئاماژە بەوە کرابێت کە گرنگی بە ماتماتیكو زانستو پیشەسازی درابێت. بەڵکو سەدان ساڵ لەسەر ژیانێکی رەشۆکی بەردەوام بوون.

دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی نیوە دورگەی عەرەب پێش دەرکەوتنی بانگەوازی ئیسلام خەریکی تەنها چوار شت بوون: یەکەم: بازرگانی، کە ئەم ناوچەیە ببوە پێگەیەکی گرنگ بۆ گەیشتنو فرۆشتنو گۆڕینەوەی ئەو کەلوپەلانەی لە نێوان (یەمەن)و (شام)دا بازرگانی پێوە دەکرا. دووهەم: بەخێوکردنی مەڕومالاّتو کشتوکاڵێکی کەم. نیوە دوورگەی عەرەب ناوچەیەکی بیاباناوی وشكو گەرمو کەم ئاو بووەو بەخێوکردنی مەڕومالاّتو بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی تێیدا سەختە. سێهەم: جەنگ، بەو مانایەی کە مێژووی ئەو ناوچەیە پڕە لە داگیرکردنو بەسەرهاتی شەڕو کوشتاری نێوان هۆزەکان.[124] چوارهەم: سێکس.

ئەو دیاردانەی تر کە لە ناوچەکەدا هەبوون، وەك حەج کردن بۆ ئەو بەردە ڕەشەی کە لە ناو کەعبەدا لە شاری مەککە هەبوو، ئەوە نەرێتێکی کۆنی ئایینی بووەو ئەو پێگە قووڵەی دروست نەکردبوو تا لەسەری بدوێین، بەڵکو تەنها وەسیلەیەك بووە لەوەسیلەکانی دیکەی دەستکەوتی ئابووری بۆ چینە سەرمایەدارو ئەرستۆقراتەکانی شارەکە.

گەر بەزمانی عەرەبی دەوڵەمەندا شۆڕببینەوە, بەتەواوی لەکاریگەرییە دەرەکیەکانو

---

123 لەشاعیرەکان (ئومەییە) بەناوبانگەو لە هونەری پەیکەرتاشینیشدا دروستکردنی بتەکانی ئەو ناوچەیە یەکێکە لە بەرهەمە دیارەکانی پەیکەرتاشی.

124 بۆ راستی ئەم نوسینەمان خوێنەر دەتوانێ هەر کتێبێکی مێژوویی لەو بارەیەوە بیخوێنێتەوە.

چۆنیەتی ژیانی سێکس لە کۆمەڵگەکەدا ورد ببینەوەو پەیوەندی سێکسی نێوان نێرو مێ بخوێنینەوە، ئەوا زۆر بەئاسانی لە گەورەیی‌و گرنگی ئەم دیاردەیە لەو ناوچەیەدا تێدەگەین. چەندین زاراوەی عەرەبی ئەو سەردەمە لەفەرهەنگیاندا دەدۆزینەوە کە لە کاتی قسەکردنیاندا بەکاریان هێناوەو پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە شێوەی جووتبوونی سێکسەوە هەیە. بۆ نموونە:

المباضعة، الملامسة، المضاجعة، المقارفة، المفاخذة، المباطنة، المعافسة، المجامعة، المراودة، المباشرة، المخادنة، المناكحة، المواقعة، الرفث، الاتيان، الاعتلاء، الامتطاء، الركوب.[125]

گەر پرسیاری تەمەنیان لەکەسێك کردبێت, پرسیاریان لێ نەکردووە تەمەنت چەندە, بەڵکو پرسیویانە (وەك کێ وابوویت). ئەوانیش لەرێی داوێنیانەوە تەمەنی خۆیان دیاری کردووە, واتە لە چەمکی سێکسەوە تەمەنی خۆیان شوبهاندووە. بۆ نموونە بە ئیبن عەبباسیان وتووە:

مثل من أنت حين قبض النبي صلى الله عليه وسلم؟ قال: أنا يومئذ مختون.[126]

ئەو رۆژەی موحەممەد کۆچی دوایی کرد, تۆ وەك کێ وابویت.؟ لەوەڵامدا وتویەتی: ئەو کاتانە خەتەنە کرابووم. مەبەستی سەرەکی ئەوە بووە بڵێت لەو کاتەدا توانای سێکسم نەبووە, بەڵام دەمزانی جووتبوون هەیە. هەروەها کەسێکی دیکە بەناوی (أبی جحیفە) لەدانیشتنێکدا باسی روخساری موحەممەدی کردووە. لێیان پرسیوە: ئەو رۆژە وەك کێ وابویت.؟ ئەویش لەوەڵامدا وتویەتی:

أبري النبل وأريشها.[127]

تیرم دەتاشی‌و دەمکرد پەڕدا.

---

125 خلیل عبداالکریم: مجتمع یثرب،. ص 16

126 صحیح البخاري, کتاب الاستئذان. باب: الختان بعد الکبر ونتف الإبط. حدیث 5941

127 صحیح مسلم, کتاب الرؤیا, باب شیبه صلى الله علیه وسلم, حدیث(2342)



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Marwan Halabjaee www.xwdakan.com

مەبەستی بووە بڵێت تووکی چووکم دەتاشی‌و تووکی زێم پێوەدەئاڵاند. واتە سێکسم دەکرد.

ئەم وشانە، کە هەموویان دەلالاتی خۆیان بۆ سێکس‌و جووتبوون هەیە، ئەوە دەسەلمێنن لەلای دانیشتوانی نیوە دوورگە زۆر بایەخدار بووەو پانتاییەکەی بەرفراوانی لەژیان‌و بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵگەیە داگیرکردووە. بەپێی سەرچاوەکان بەکارهێنانی ئەم وشانە لە نێو گفتوگۆکانی ئەو سەردەمەدا شتێکی ئاسایی بووەو خەسڵەتێکی هەرە بەرزو شەهامەتی پیاوی عەرەبی نیشانداوە. لەم بارەیەوە زۆر چڕو پڕ دواون‌و ڕەوانبێژی‌و هونەری‌و ئەدەبی ئەم زاراوانە لە دەربڕینیاندا دیار بووە.

لەمێژووی نیوە دورگەی عەرەبدا بەچەندین شێوە مومارەسەی سێکس‌و هاوسەرگیری کراوە. دەتوانین بڵێین پێش سەرهەڵدانی ئیسلام (10) جۆر شێوە هەبووە، لێرەدا بە کورتی دیاریان دەکەین:

**1– هاوسەرگیریی فرەژنی**

دیاردەی فرە ژنی لە نیوە دوورگەی عەرەبدا ئاکارێکی باو بووە. هەر کەس بەپێی ئارەزووی خۆی چەند توانای هەبوایە ژنی دەهێنا. ژمارەی ژنەکان دیاری نەکراوبوون، ئەوەی ئەم ژمارەیەی دیاری دەکرد توانای دارایی پیاوەکان بوو. بەو مانایەی گەر دەوڵەمەند بوایە دەیتوانی ژنی زۆر بهێنێ‌و گەر هەژار بوایە ژنی کەم، یاخود یەك ژنی دەهێنا.[128] هەموو لەژمارەی ژنهێناندا ئازاد بوون.

**2- سێکس بۆ لەشفرۆشی**

ژنانی لەشفرۆش هەبوون‌و ناسراویش بوون، نیشانەی ماڵ‌و ژنە لەشفرۆشەکانیش بەیداخێك بوو بەسەر خانووەکانیانەوە. کتێبی (أخبار مكة في قديم الدهر وحديثه) باسی

---

128 بەم پێناسە کورتە کۆتایی پێدەهێنین چونکە لەم بەشەدا بەدرێژی لەسەری دەدوێین.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

چەند ژنێكی ناو شاری مەككەمان بۆ دەكات كەئەو كاتە ژمارەیان (9) نۆ دانە بووەو یەكێكیان لەجوانیدا بەناوبانگو ناودار بووە بەناوی (أم مهزول).[129] هەروەها پیاوێك بەناوی (ابن زهير المدايني) لە مەككەدا لەشفرۆشی بەژنان دەكرد, قوببەیەكی سەوزی بەماڵەكەیدا هەڵواسیبوو تا بناسرێتەوە.[130]

### 3- هاوسەرگیریی كلاسیكی

مەبەست لە هاوسەرگیریی كلاسیكی ئەوەیە كە تا ئێستاش كۆمەڵگە ئیسلامییەكان مومارەسەی دەكەن، ئەویش بەم شێوەیە: گەر پیاوێك ویستی هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێكدا بكات دەبێت بچێتە لای باوكی ئافرەتەكە, یاخود گەورەو بەخێوكەری ئافرەتەكەو داخوازییەكەی خۆی بخاتەروو. بەخێوكەرەكەشی لەبەرامبەر بڕێك مارەیی، ڕەزامەندی دەردەبڕێو ئافرەتەكە لە پیاوەكە مارە دەكات. پێش ئیسلام لەهەندێك بنەماڵەدا ئافرەت توانای هەبووە بێ ڕەوامەندی كەسوكارو بەخێوكەری شوو بكات.

### 4- جووتبوون بۆ وەچەی نەجیبزادە

كردەی سێكس بۆ بەرزبوونەوەی پلەوپایەی كۆمەلأیەتی پیاوەكان بەكارهاتووەو لەسەردەمی كۆنی نیمچە دوورگەی عەرەبدا وا باو بووە كە هەندێك لەپیاوانی ئەو ناوچەیە،

---

129 الفاكهي، محمد بن إسحاق بن العباس الفاكهي أبو عبد الله: مكة في قديم الدهر وحديثه. ولادة المؤلف217 وفاة المؤلف275، الطبعة الثانية عدد الأجزاء6 المحقق د. عبد الملك عبد الله دهيش، دار خضر بيروت1414. ذكر أنحاء نكاح الجاهلية وتفسيرها وذكر البغايا. **ئەم ژنە (أم مهزول) دوای سەرهەڵدانی ئیسلام دەبێتە موسڵمان بەڵام بە حوكمی قورئان جگە لەوانەی كە پێشتر خەریكی زیناكردن بوون بۆی نەبووە شوو بە هیچ كەسێكی تر بكات. بڕوانە تەفسیرەكانی ئیبن كەسیرو قورتوبیو تەبەری لە تەفسیری ئایەتی**3 **لە سورەتی النور. هەروەها بڕوانە** للبيهقي، السنن الصغرى. كتاب النكاح، باب قول الله عَزَّ وجلَّ:(الزاني لاَ ينكح إلاَّ زانية أو مشركة)

130 ابن قيم الجوزية: اخبار النساء. ، ص241



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

بۆ بەدەستهێنانی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی خۆیان، پەنایان بۆ ئەوە بردووە کە ژنەکەی خۆیان ببەن بۆ لای پیاو ماقولێکی ناوچەکە تا سێکسیان لەگەڵ بکات و بەو سێکسە زکی ژنەکان پڕ بکات بۆ ئەوەی منداڵیان لێ دروست ببێت، ئینجا ژنەکان ببەنەوە بۆ ماڵی خۆیانو منداڵەکەش بەخێو بکەن. هەموو ئەمەش بۆ ئەوەی شانازی بەخۆیانەوە بکەنو بڵێن باوکی یەکێك لەمنداڵەکانم فلانە کەسایەتی ناوداری ناوچەکەیە، یان بڵێن من منداڵێکی فلانە کەسی نەجیبزادەم لە ژنەکەی خۆم هەیە. بەم جۆرە جووتبوونەیان دەگوت (الاستبضاع)[131]

## 5- جووتبوون بۆ وەچەخستنەوە

کۆمەڵێك پیاو، کە ژمارەیان نەدەگەیشتنە (دە) کەس، کۆدەبوونەوەو هەموویان لەگەڵ یەك ژندا سێکسیان دەکرد بۆ ئەوەی منداڵێکیان بۆ دروست بکات. گەر ژنەکە دواتر منداڵەکەی ببوایە. دەینارد بەشوێن ئەو کەسانەی کە لەگەڵیدا جووت بووبوون. پاشان دەستی دەخستە سەر یەکێکیانو پێی دەگوت ئەم منداڵە هی تۆیە. ئەویش نکوڵی لێنەدەکرد، بەڵکو یەکسەر ناوێکی لە منداڵەکە دەناو دەیبرد بۆ خۆیو بڕێك پارەشی دەدایە ژنەکە.

## 6- ژن گۆڕینەوە

کلتوری ئەو ناوچەیە وابووە ئەگەر جوانی ژنێك سەرنجی پیاوێکی ڕاکێشایەو ئارەزووی سێکسی پیاوەکەی بجوڵاندایەو حەزی بکردایە لەگەڵی ڕابوێرێت پیاوەکە لەگەڵ مێردی ژنەکە ڕێکدەکەوتن بۆ شەوێك یاخود بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، لەناو خۆیاندا ژنەکانیان بگۆڕنەوەو لەگەڵیان جووت بن، ئەم زەواجەش بە(نکاح البدل) ناسرابوو.[132]

131 صحيح البخاري، كتاب النكاح، باب: من قال لا نكاح الا بولي. حديث4834

132 المنجد، الدكتور صلاح الدين المنجد: الجنس عند العرب بغداد. طبعة الرابعة 2002 ص10

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

**7- کچ و خوشك گۆڕینەوە**

ئەم جۆرەش لەوەوە هاتووە، دوو کەس لە نێوان خۆیاندا ڕێکدەکەوتن کچەکانیان یان خوشکەکانیان لەنێوان خۆیاندا بگۆڕنەوە، بەبێ هیچ کرێیەکی دیاری کراو. ئەم زەواجە بە(نکاح الشغار) ناسرابوو.[133]

**8- سێکسکردن لەگەڵ کچو خوشك**

جووت بوونی پیاوان بوو لەگەڵ خوشك یان کچی خۆیاندا، ئەم دیاردەیە زۆر کەم بووەو لەمێژوودا یەك ڕووداوی لەو شێوەیەمان بۆ دەگێڕنەوە, کە لەو زەمەنەدا کەسێك بەناوی (حاجب بن زراوة) لەگەڵ کچی خۆیدا جووت بووەو منداڵێکیشی لێی بووە.[134]

**9- سێکسی میرات**

ژن بەشێك بووە لەمیراتو هەر پیاوێك بمردایە ژنەکانی لەگەڵ تەواوی میراتەکەی لەنێوان کەسوکاردا دابەش دەکراو لەو دابەشبوونەدا کوڕەکان (باوەژن)ی خۆیان وەك میرات بۆ ماوەتەوەو لەخۆیان مارەیان کردونەتەوەو لەگەڵیاندا جووت بوون. ئەم کارە نەریتێکی پیرۆزو دیاری ئەو کاتە بووە کە کوڕ، باوەژنی خۆی مارە بکاتەوەو وەك میراتێك نەیەڵێت لەدەستی بێتەوە.[135] ئەم جۆرە زەواجە لەسەردەمی ئیسلامیشدا بۆ ماوەی پتر لە چواردە ساڵ بەردەوام بووە.[136]

**10- بازرگانی بەکەنیزەکەوە**

هەندێك لەخاوەندارەکان بەرەزامەندی بێت یان بەزۆری هێز لەشفرۆشییان بەکەنیزەك

---

133 صحیح البخاري: کتاب النکاح، باب الشغار. حدیث4822

134 الدکتور صلاح الدین المنجد، ص10

135 **بڕوانە** النساء 22

136 **بەو بەڵگەیەی پاش کۆچەکەی پەیامبەر بۆ مەدینە ئینجا بە ئایەتێك ئەم زەواجە حەرام کرا. لە بەشەکانی تردا باسی دەکەین.**

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

کردووەو هیچ ئاستەنگێکیشیان بۆ دروست نەبووە.[137]

جگە لەم دە خاڵەی دیاریمان کردن باسی هەندێك ئاکاری دانیشتوانی مەککەو دەورووبەری دەکرێت، بەتایبەتی هۆزی قورەیش. ئەم هۆزە گەورەو ناودارەی ناو مێژووی ئیسلام وەك کلتورو راهاتنێك لەکونی دواوە لەگەڵ ژنەکانیان جووت دەبوون. لەم بارەیەوە راڤە بەناوبانگەکەی (القرطبي) لەراڤەی ئایەتێکدا ئاماژە بەم راستییە دەکات.[138]

هەروەها لە پەڕاوەکاندا باس لە ئالۆشاوی کەسێکە ناودار کراوە بەناوی ئەبو سوفیان, باوکی معاویە, واتە باوکی یەکەم خەلیفەی دەوڵەتی ئەمەوی لە ئیسلامدا, لە منداڵیدا نێرباز بووەو لەگەورەبوونیدا بووە بە دوودەگی. پاشتر وازی لێهێناوەو وەك راهاتنێك هەرکات کۆمی خورابێت چووە لەبەردێك یان دارێك یان لەدیوارێکی خشاندووەو تووڕەیی: سوێند بەخوا ناهێڵم کەس بێت بەلاتدا. هەر ئەمەش وای لە صەحابەیەك بەناوی (عتبة بن ربیعة کرد لەشەڕی بەدردا هاواری لێبکات (قنگ ئالۆشاوی).[139]

ئەوە ماوەتەوە بڵێین لە هیچ کاتێکدا تەمەن رێگر نەبووە بۆ بەشووودانی ئافرەتان. بەڵام ئەوە زانراوە کە هەندێك لە ئافرەتان بەهۆی باری داراییانەوە لەسەر خواستی خۆیان شوویان کردووەو زۆر لێکردنیان لەسەر نەبووە.[140]

---

137 الدكتور صلاح الدين المنجد، ص11

138 وَكَانَ هَذَا الْحَيّ مِنْ قُرَيْش يَشْرَحُونَ النِّسَاء شَرْحًا مُنْكَرًا، وَيَتَلَذَّذُونَ مِنْهُنَّ مُقْبِلَات وَمُدْبِرَات وَمُسْتَلْقِيَات، فَلَمَّا قَدِمَ الْمُهَاجِرُونَ الْمَدِينَة تَزَوَّجَ رَجُل مِنْهُمْ اِمْرَأَة مِنَ الْأَنْصَار، فَذَهَبَ يَصْنَع بِهَا ذَلِكَ فَأَنْكَرَتْهُ عَلَيْهِ. تفسير القرطبي. البقرة223. **لە بەشەکانی دیکەدا دێینەوە سەر ئەم باسە.**

139 الدكتور صلاح الدين المنجد، ص12

140 **بڕوانە کتێبەکەی دکتور کامل النجار، القراءة النقدية للاسلام. لەو کتێبەدا چەند نموونەیەکی تێدایە. (تەرجەمەی کوردیمان کردووە و بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی_ خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ ئیسلام)**

## دەرگای سێهەم

### هاوسەرگیری لە ئیسلامدا

دوای ئەوەی موحەممەد لە مەككەوە بۆ مەدینە كۆچی كردو جێ پێی خۆی لە ناو هۆزو موسڵمانە سەرەتاییەكاندا قایم كرد، بەر لە پێكهێنانی دەسەڵات دەستیكرد بەچارەسەركردنی ئەو كێشە كۆمەڵایەتیو ئابوورییانەی كە بۆ خۆیو كۆچبەرانی دیكە دروست بوبوون. راستییەكی حاشا هەڵنەگرە یەكێك لەقۆناغە هەرە گرنگەكانی مێژووی ئیسلامو ژیانی پەیامبەرایەتی موحەممەد، سەرەتای نیشتەجێبوونی بوو لە شاری مەدینەدا. لەپاڵ ئەو هەژاریو نەدارییەی كەدووچاری هەندێك لەشوێنكەوتووانی بوو، لەگەڵیشیدا تێكچوونی بواری كۆمەڵایەتیو نەبوونی لانەی ژیانیانی هێناو كێشەگەلێكی زۆری بۆ دروست كرابوو. سێكسیش یەكێك بووە لەو كێشە گەورانە. بۆ كەسێكی وەك موحەممەد ئەم گرفتانە لە سەرەتادا ئاڵۆز بوون، بەتایبەتی كێشەی سێكس كە موسڵمانان رۆڵەی هەمان ژینگە بوون. بەڵام بە هۆی ئەو پەیامە كلاسیكییەی كە موحەممەد سەرەتا لە شاری مەككەدا بانگەوازی بۆ كردبوو، پێگەی باوەڕی ئایینی لە شاری مەدینەدا لە باشیدا بوو, بەم هۆیەوە توانرا ئەگەر بۆ ماوەیەكی كەمیش بێت بەسەر كێشەكاندا، بەتایبەتی سێكس، زاڵ ببن. هەروەها موحەممەد زۆر زیرەكانە بە بیرۆكەی چەمكی برایەتی نێوان ئەو كەسانەی لە مەككەوە كۆچیان كرد بۆ مەدینە (موهاجیرەكان) لەگەڵ نیشتەجێبووەكانی شاری مەدینە (ئەنصارەكان) بەشێكی باشی كێشە سێكسیو كۆمەڵایەتیو ئابوورییەكانی چارەسەركرد.

كەسێكی خەڵكی مەدینە (ئەنصار) لەگەڵ كەسێكی خەڵكی مەككە (كۆچەر)ی كردە براو بەشێك لەموڵكو سامانی ئەنصاری بەخشیە كۆچەری. ئەنصارییەكان لەوەی كە هەیانبوو بەشی كۆچەرییەكانیان دا. لەم دابەشكردنەش خواردنو پێخەفو جێگەو لانەو حوشترو ژنو چەندین شتی دیكەی تێدا بوو. بەم پێیەش ئاستی ئابوری دانیشتوانی هەژارە ئیماندارەكانی مەدینە لەگەڵ ئاستی ئابوری كۆچەرییەكانی مەككە بەرەو یەك ئاست چوون. ژنیش، كە

سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Marwan Halabjaee www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org



وەك موڵكو سامان تەماشا دەكرا، هاتە ناو هاوكێشەكەوە.[141] ئەمەش، واتە پێشكەشكردنی ژنێك لەلایەن مێردەكەیەوە بەیەكێكی دی، هیچ كێشەیەكی وەهای بۆ كەس دروست نەكرد. وەك باسمان كرد لەو سەردەمەو پێگەیەدا هەموو پیاوێك زیاد لەژنێكی هەبووە. كلتوری مەككەو مەدینە، بەهۆی نزیكی جوگرافییەوە هاوشێوە بوونو تەنانەت لەشەڕوشۆڕیشدا ئەگەر چی یەك ئامانجیان نەبووە بەڵام یەك شێوازیان هەبووە. هەر بۆیە بەلای خەڵكی مەدینەوە زۆر ئاسایی بووە بەناوی ئیمانەوەو بۆ رازیبوونی خواو پەیامبەرەكەی ژنێك لەژنەكانیان، وەك حوشترێك لەحوشترەكانیان، بدەنە كۆچەرانی مەككە, بەبێ ئەوەی هیچ پرسو ڕایەك بە ژنەكە بكرێت.

لەراستیدا جێی پرسیارە كە ئەم لاپەڕەیە لەمێژووی ئیسلامدا هەیەو زۆر زۆر بەكەمی لەلایەن لێكۆڵەرە ڕەخنەگرەكانەوە باسی كراوە. لەگەڵ ئەوەی ئەم كارەی موحەممەد پێشاندانی نائینسانییەتو ئەوپەڕی كەرامەت شكاندنی ژنە لە ئیسلامدا، كەچی لەلایەن مێژوونوسانو راڤەكارانی ئایینەكەوە بەوپەڕی جوانیو ئیجابییەوە باسیان كردووە.

كۆچەرییەكان لەسەرەتای ئیمانیاندا بەوە پەروەردە كرابوون كە ماڵی دونیا هیچ بەهایەكی نییەو نابێت مرۆڤ ئەم دونیایە لەبەرچاو بگرێت بەڵكو دەبێت خەمی رۆژی قیامەتی هەبێت. بەم هۆیەوە بەیەك ژنو بەیەك حوشترو بەیەك ژوور رازی بوونو بەرگەی ئەو نەهامەتییەیان گرت تا قۆناغەكەیان تێپەڕاند.

سەرمایەدارەكان ڕووبەڕووی ئەم كێشانە نەبوونەوە چونكە بەهۆی ئاستی بەرزی ئابووریانەوە بەئاسانی توانیبویان چارەسەری كێشەكانیان بكەن. بەڵام هەوەسی سێكس پەیوەندی بەپاڵنەرە دەروونیەكانەوە هەیە نەك دارایی. بۆیە هەژارەكانیش خواستی فرەژنییان هەبووەو نەیانتوانیوە لەگەڵ ئەو بانگەوازە سەرەتاییەی ئیسلامدا درێژە بە ژیان بدەن، چونكە لەگەڵ نەرێتو كلتوریاندا نەدەگونجا. بۆیە دەبینین بەرە بەرە بۆ پڕكردنەوەی خواستو ئارەزووەكانیان هەنگاویاننا‌و جگە لە دەستكەوتی ئابووری توانییان لە ڕێگەی ئایەتەكانی

141صحيح البخاري، كتاب النكاح باب قول الرجل لأخيه انظر أي زوجتي شئت حتى أنزل لك. حديث4785

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

قورئانەوە بە زۆرترین شێوەو لەچەندین رێگەوە غەریزەی سێکسی خۆیان خاڵی بکەنەوە, یەك لەوانە حەڵاڵکردنی فرەژنی. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، بۆچی لە سەرەتادا موحەممەد باسی لە برایەتیو دامرکاندنەوەی سێکسی کردو دواتر بەرنامەکەی گۆڕا بۆ کرانەوەی سێکسی؟

لەو ساتەوەختانەی موحەممەد توانی دەسەڵاتی ئیسلام سەقامگیرو بەربڵاو بکات، بۆ هەموو بوارەکان یاسای دانا. ئەو بوارانەی کەژیانی کۆمەڵگەی نیوە دورگەی عەرەبی لەسەر پێکهاتبوو، وەك دەسەڵات، ئابووری، سێکس، بوون بەیاسا. هەموو هەوڵەکانیشی بەئایەت ناساندو شەریعەتەکانی سەپاند. ئەگەر بەناو قورئاندا شۆڕببینەوە، ئەو کێشەوگرفتو چارەسەرو بوارانە دەبینینەوە بوونەتە یاسا کە لەناو خۆیاندا باو بوون، چ لەسەر دەسەڵات بوبێت یاخود کەڵەکەکردنی سەرمایە. لە بواری هاوسەرگیریو سێکسیشدا نەیتوانی لەو کلتورە دەرچێت کە ساڵەها بوو خەڵکی ناوچەکە پیادەیان دەکردو لەسەری راهاتبوون. فرەژنی بەشێکی گرنگی ژیانی پیاوەکان بووە, بۆیە چەندین یاسای لەناو قورئاندا نوسی. لە ناو ئەو یاسایانەدا جگە لە نەریتە کۆنەکانی پێش سەرهەڵدانی ئیسلام شتێکی نوێی نەهێنا کە ئافرەتان لە چەوساندنەوە رزگار بکاو بەهاو ئاستێکی وایان بداتێ کە هیچ نەبێت وەك مرۆڤێك مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.[142]

142 وەك ئاماژەمان پێدا کۆمەڵگەی نیوە دورگەی عەرەب بە چوار کاری سەرەکییەوە ژیانی رۆژانەیان بردۆتەسەر: شەڕوشۆڕ، بازرگانی، کشتوکاڵو ئاژەڵداری، هاوسەرگیریو سێکس. هەرچی مەسەلەی کشتوکاڵو ئاژەڵدارییە پەیامبەر شارەزاییەکی ئەوتۆی لەسەری نەبووەو ناوچەکەش بەهۆی گەرمیو بیاباناویو ئاوی کەمەوە گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنەداوە. بۆیە دەبینین لەقورئانو فەرموودەدا کەمترین قسە لەسەر کشتوکاڵو ئاژەڵداری کراوە. بۆ بوارەکانی دیکە پەیامبەر شارەزایی لێیان هەبووەو بەشی هەرە زۆری ئایەتەکانی ناو قورئانی بۆ تەرخان کردووە. بازرگانی کاری شەوو رۆژی ئەو ناوچەیە بووە. پەیامبەر پێش ئەوەی بانگەوازی ئیسلام بکات بازرگانێکی چاكو شارەزا بووە. بەم هۆیەوە دەبینین سەدان ئایەت، بگرە زیاتری بۆ کێشەو گرفتە ئابوورییەکان تەرخان کردووەو تێیدا کڕینو فرۆشتنی کۆیلە، کەبەشێکی هەرە گرنگی کاری بازرگانیان بووە، بە حەڵاڵی هێشتییەوە.

لە سەرەتاکاندا موحەممەد هەوڵیداوە لە ڕێی بەسەرهاتو چیرۆکی سێکسییەوە غەریزەی سێکسی موسڵمانان دامرکێنێتەوە. بەڵام بەهۆی چەند هۆیەك نەیتوانیوە بگاتە ئەنجام کە سەرەیکێترینیان دوو خاڵە، یەکەم: کۆمەڵگەی نیوە دورگەی عەرەب بە یەك ژنە ڕانەهاتبوونو هەمیشە لە ناو چەندین ژنو چەندین کەنیزەکدا ژیانی سێکسییان پەیڕەوکردووەو ئامادە نەبوون دوور لەم کلتوورە ژیان ببەنەسەر.

دووهەم: پەیوەندی بە خودی موحەممەدەوە هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە تێیدا

---

**لەبەر ئەوەی کڕینو فرۆشتنی کۆیلە دەستکەوتێکی دارایی باشی بۆ سەرمایەدارەکان بەدەست دەهێنا ئیسلام نە لە سەرەتایداو نە لە کۆتاییدا نەیتوانیی حەرامی بکات، بەڵکو کۆیلەکان وەك مرۆڤێکی ناتەواو نیشان دراونو لەپێناوی بەرژەوەندی سەرمایەدارەکان وەك کلتورێکی ڕەسەنو کارێکی بەجێ لە ئیسلامدا مایەوە. لەبەر ئەم هۆیەش نە لە قورئانو نە لە فەرموودەکانی پەیامبەردا یەك دەقی باوەڕپێکراوی بێ پێچو پەنا نابینین کۆیلەداریو کۆیلایەتی حەرام کردبێت. شەڕوشۆڕ، شمشێروەشاندن، سەربڕین، کوشتن، داگیرکردن، ئەنفالو دەستکەوتیش، کە نەرێتێکی ڕەسەنی دیکەی پێش ئیسلام بووەو کەسێك، خێڵێك، هۆزێك لەو ناوچەیەدا نەبووە دەستی لەناو خوێندا تێکەڵ نەکردبێت، بەهەمان شێوە حەرام نەکران، بەڵکو پەیامبەر پەرەشی پێداو دەیانو بگرە سەدان ئایەتیشی بۆ تەرخان کرد. بۆ بەڵگەش چەندین ئایەت لە قورئاندا هانی موسڵمانەکان دەدەن لەسەر ئەم نەرێتەیان بەردەوام بن. لێرەوە ئەوپەڕی توندی ئیسلام بۆ ئەم دیاردەو کلتورە نا شارستانییە دەبینین. کەواتە دەبێ جگە لەدەسەڵاتو ئابووری قسەگەلێکی زۆریش لەسەر سێکس لە ئیسلامدا هەبێو دەیان ئایەتو سەدان فەرموودە وەك یاسایەکی ئیلاهی لە قورئاندا بۆ ئەم بوارە بنوسرێنەوە، ئەم گریمانەیەش ڕاستەو ئەنجامەکەش دەمانباتەوە بۆ ئەو کلتورو نەرێتە کۆنەی کە پێش ئیسلام لەکۆمەڵگەکەدا پەیڕەو کراوە. ئەم نوسینەشمان دەرخستنی ئەم ڕاستییانەیە. بڕوانە ئەم ئایەتانە: (البقرة 191) (البقرة 193) (البقرة216) (البقرة 217) (البقرة244) (النساء 74) (النساء 76) (النساء 84) (النساء 89) (المائدة 33) (الأنفال 12) (الأنفال 17) (الأنفال 39) (الأنفال 60) (الأنفال65) (التوبة 5) (التوبة 12) (التوبة 13). (التوبة 14) (التوبة 29) (التوبة 36) (التوبة 73) (الأحزاب 26 و 27) (محمد 4) (محمد 35) (الحشر 2-4) زۆرو زۆری تر.**



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

باسی لە دامرکاندنەوەی سێکس کردووە، ئەویش قۆناغی مەککەیە. لەو قۆناغەدا یەك ژنی هەبووە بەناوی خەدیجە. ئەم ژنەی یەکێك دەبێت لە سەرمایەدارە گەورەکانی شاری مەککەو سەرەتاش هەر ئەم ژنە خۆی حەزی کردووە لەگەڵ موحەممەددا هاوسەرگیری بکات. ئەو کاتە موحەممەد لە سەرەتای لاوێتی خۆیدا بووەو کەمدەست بووە، بۆیە سەرمایەی خەدیجە دەبێتە بەربەستێك کە موحەممەد نەتوانێ ژنی دیکە بهێنێت. ئەم گۆشەگیریو یەك ژنییەی کاردەکاتە سەر بڕیارەکانیو لەو ماوەیەدا پاگەندەی دامرکاندنەوەی سێکسی دەکات.[143] بە موسڵمانان دەڵێت ئارەزووی سێکسییان هەڵگرن بۆ ئەو حەفتاو دوو فریشتەیەی کە لە بەهەشتدا پێیان دەبەخشرێت.[144]

بەڵام دواتر کە خەدیجە مرد، وەك میرات دەسەڵاتو دارایەکی باشی بۆ بەجێما، خۆی لە خەفەبوونی سێکسی رزگار کردو یەك لە دوای یەك کۆمەڵێك ژنی هێنا, ئەمە جگە لە چەندین ژنو کەنیزەکی دیکە کەویستویەتی لەگەڵیان جووت ببێت[145] بمانەوێ یان نا ئەم رەفتارە بۆ ناو موسڵمانانیش شۆڕ بۆتەوەو شوێنکەوتووانی لاسایی پێشەواکەیان کردۆتەوە. لێرەوە دامرکاندنی سێکسی لە ئیسلامدا سەری نەگرتو بۆ ئەم سەرنەگرتنەش خودی موحەممەد وەك قارەمانێك پشکی سەرەکی تێدا بینی.

هەربۆیە دوو شێوازی ديارو گەورە بۆ مەسەلەی هاوسەرگیری لە قورئانو فەرموودەی موحەممەدو رۆڵی صەحابەکاندا دەبینین. شێوازی یەکەم، چەندین ئایەتو فەرموودە هەن کە لە مەککەو سەرەتاکانی ژیانی مەدینەدا دەرکەوتوون، بە قووڵی باس لە کەتمی سێکسی دەکەن. لەبچووکترین سزاوە دەستی پێکردووە، کە هەڕەشەیە بە سزاکانی رۆژی قیامەت، بەگەورەترین سزاش کۆتایی پێهێنا، کە ئەویش رەجمە نەك لە قیامەتدا بەڵکو لەم ژیانەدا. لە شێوازی دووهەمیشدا بەپێچەوانەوە لەگەڵ هەبوونی چەند سنورێکی دیاریکراودا دەرگای بۆ

---

143 بۆ نموونە بڕوانە سورەتی یوسف

144 بڕوانە تەفسیرەکەی ابن کثیر، الواقعة 35

145 لەبەشەکانی دیکەدا بە وردی باسی چۆنییەتیو هاوسەرگیریو ژمارەی ژنەکانی پەیامبەر دەکەین.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

زۆربەی جۆرەکانی سێکسو جووتبوون ئاوەڵا کرد، بە تایبەتی لەشفرۆشیو لاقەکردن (ئیغتیصاب).[146]

بۆ نموونە موحەممەد, بە شێوەیەکی لاوەکی, هەندێك دیاردەی سێکسی سەردەمی پێش ئیسلامی حەرام کرد. بە فەرموودەیەك دیاردەی خوشكو کچ گۆڕینەوە (ژن بە ژن)ی بەبێ پارە یان بەدیلێك نەهێشت. بەو مانایەی نابێت دوو پیاو لەناو خۆیاندا ڕێکبکەون کە بە خۆڕایی ژن بە ژن بکەن، بەڵکو دەبێت مارەیی واتە پارە بدەن بە یەکتری.[147] بە فەرموودەی تریش جووتبوون بۆ وەچەی نەجیبزادەو بۆ وەچەخستنەوەو ژن گۆڕینەوە (نکاح البدل)ی حەرام کرد.[148]

بەئایەتێکیش سێکسی میراتی حەرام کرد:

وَلاَ تَنكِحُواْ مَا نَكَحَ آبَاؤُكُم مِّنَ النِّسَاء إِلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ.[149]

ئەو ژنانە لەخۆتان مارە مەکەنەوە کەباوکتان مارەیان کردبوون مەگەر ئەوەی لەدەستچووە.

هەر کەسێك پێشتر باوەژنەکەی وەك میراتییەك بۆی بەجێمابێتو لەخۆی مارەی کردبێتەوە، تا ئەو کاتە ڕێگەپێدراوبووە، بەڵام بۆ لەوەودوا بەم ئایەتە حەرام کرا. لێرەوە دەتوانین بڵێین هەر لەسەردەمی موحەممەدداو پاش زیاتر لە پانزە ساڵ تێپەڕبوون بەسەر سەرهەڵدانی ئیسلامدا موسڵمان هەبووە باوەژنی خۆی مارەکردۆتەوەو توانیویتی لەلای خۆشی بیهێڵێتەوە ئەمەش پشتبەستن بە مانای ئایەتەکە کەدەڵێت (ئەوەی لەوەوپێش کراوە، قەیناکە).

تێبینییەك هەیە ئەویش ئەوەیە کەئایەتەکە دەڵێت (مَا نَكَحَ آبَاؤُكُم، ئەو ژنانەی کەباوکتان

146 دواتر بە بەڵگەوە ڕاستییەکان دەسەلمێنین.

147 صحيح البخاري: كتاب النكاح، باب الشغار. حديث4822

148 هدم نكاح الجاهلية كله إلا نكاح الناس اليوم. صحيح البخاري: كتاب النكاح، باب: لا نكاح الا بولي. حديث4834

149 النساء 22

مارەی کردوون) لێرەدا هەموو ژنێك دەگرێتەوە بە دایکیشەوە، چونکە دایکیش وەك ژنەکانی دیکە مارەبڕی باوکن.

هەروەها بە ئایەتێکیش فرەژنیی حەرام کردوو لەرەهاییەوە کەمی کردەوە بۆ چوار ژن:

وَإِنْ خِفتُمْ أَلَّا تُقسطُوا فِي الْيَتَامَى فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلاث وَرُبَاع فَإِنْ خِفتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِك أَدْنَى أَلَّا تَعُولُوا.[150]

ئەگەر لەوە ترسان کەدادپەروەر نابن لەگەڵ کچە هەتیوەکاندا، ئەوە لە ژنان مارە ببڕن دوو دوو، سێ سێ، چوار چوار، خۆ ئەگەر ترسان لەوەی کەناتوانن لەنێوانیاندا دادپەروەر بن، ئەوە با یەك ژنتان هەبێت یان ئەو کەنیزەکانەی کە لە شەڕگەکاندا چنگتان کەوتوون، بۆ ئێوە ئیتر بەسە کە چیتر ستەمکاری نەکەن.

هەروەها هاوسەرگیریو سێکسی لەگەڵ ئەم کەسانەشدا حەرام کرد. دایك، خوشك، کچ، برازا، خوشکەزا، خوشکی باوك، خوشکی دایك، دایەن، خوشکی شیری، زڕکچ، بووك، دوو خوشکیش پێکەوە. ئەمەش ئایەتەکەیە:

حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالاَتُكُمْ وَبَنَاتُ الأَخِ وَبَنَاتُ الأُخْتِ وَأُمَّهَاتُكُمُ اللاَّتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُم مِّنَ الرَّضَاعَةِ وَأُمَّهَاتُ نِسَآئِكُمْ وَرَبَائِبُكُمُ اللاَّتِي فِي حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ اللاَّتِي دَخَلْتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمْ تَكُونُواْ دَخَلْتُم بِهِنَّ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلاَئِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلاَبِكُمْ وَأَن تَجْمَعُواْ بَيْنَ الأُخْتَيْنِ إَلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّ اللّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا.[151]

دیاردەی لەشفرۆشی بە کەنیزەکەوە، کە لە خاڵی دەهەمدا ئاماژەمان بۆ کردووە، لە ئیسلامدا حەرام نەکراو وەك خۆی مایەوە, بەبەڵگەی ئەم ئایەتە:

{وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحصُّنًا لِّتَبْتَغُوا عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَن يُكْرِههُّنَّ فَإِنَّ اللَّهَ مِن بَعْدِ إِكْرَاهِهِنَّ غَفُورٌ رَّحِيمٌ }.[152]

---

150 النساء 3

151 النساء 23

152 سورة النور 33



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

ئەگەر کەنیزەکەکانتان ویستیان پاکداوێن بن ئێوەش بۆ ماڵو ژیانی دونیا هانیان مەدەن بۆ لەشفرۆشی، هەر کەسێك بەزۆر ئەو کارەیان پیٚ بکات ئەوە خوا لیٚخۆشبوو میهرەبانە.

وەك دەبینین کاری لەشفرۆشی بە کەنیزەك حەرام نەکراوە. چونکە بە راشکاوانە ئایەتەکە ئاماژە بۆ هەندێك کەنیزەك دەکات کە دەیانەوێت لەشفرۆشی نەکەن، بە خاوەنەکانیان دەڵێت (لەبەر ئەوەی ئەو کەنیزەکە نایەوێت لەشفرۆشی بکات تۆش بەزۆر لەشفرۆشی پیٚ مەکە) نەك هەموو کەنیزەکەکان. دەبوو قورئان کە لە ئەزەلەوە بۆ ئەبەد وەك یاسایەکی ئیلاهی خۆی ناساندووە, دیاردەیەکی وەها نائینسانی بەبیٚ هیچ مەرجێكو بە توندی مەحکومو حەرام بکردایە.

پاش ئەوەی ئەم چەند جۆرە هاوسەریو جووتبوونە سێکسییانە، کە تێیدا ئیسلام باسی حەرامکردنی لەشفرۆشیو فرەژنی رەهاو چەندین جۆری دیکەی کردووە، ئێمە پێمان وایە لەشفرۆشی بۆ هەموو ژنێك بە ژنە ئازادەکانو بە ژنە کەنیزەکەکانیشەوە، حەرام نەکراوە. لەبەر ئەوەی ئایەت لە قورئاندا هەیە رێگە دەدات بەلەشفرۆشی.[153] دیاردەی فرەژنیش, کە ئێستا لە جیهانی ئیسلامدا پانتاییەکی بەرفراوانی داگیر کردووە, بە هەمان شێوە حەرام نەکراوە. مەسەلەی فرەژنی لەجیهانی نوسینو رەخنەی رەخنەگراندا گرنگییەکی گەورەی پیٚدراوە، بۆیە ئێمەش بە گرنگییەوە ئەم ئایەتی ناو قورئانە کە باس لە فرەژنی داکات دەهێنینە گۆو حوکمەکەی شی دەکەینەوە.

## دەرگای چوارەم
## فرەژنی لە کلتووری ئیسلامدا

زانایانی مێژووی ئیسلام دەڵێن: پیاوان لە پێش سەرهەڵدانی ئیسلامدا بەشێوەیەکی رەها دەسەڵاتی ژنهێنانیان هەبووەو توانیویانە بەئارەزووی خۆیان ببنە خاوەنی چەندەها ژن. دواتر

153 راستیو بۆچوونەکانمان سەبارەت بە لەشفرۆشی لە بەشەکانی ئاییندەدا باس دەکەین.

کە ئایینی ئیسلام هات رێزی بۆ ئافرەتان دانا، لەرەهاییەوە کەمی کردۆتەوە بۆ چوار، ئەویش بە ئایەتی (3)سێ لە سورەتی ژنان.

داخۆ ئەمە راستە؟ ئایا قورئان رێزی بۆ ئافرەت داناوەو ژنی بێژمارەیی کەمکردووەتەوە بۆ چوار؟ یاخود ئایا ئەو پاساوانەی ئیسلام بۆ فرەژنی دایناون راستو زانستیو لۆژیکین, یاخود پێچەوانەکەی راستە؟

ئەوەیان راستە لەپێش ئیسلامدا فرەژنی وەك کلتورێکی ناسراو لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی نیوە دورگەی عەرەبدا پیادەکراوە. فەرهەنگی ئەو کاتە لەو ناوچەیەدا فەرهەنگێکی نێرسالاری بووە. پیاوان مافی ئەوەیان هەبووە بەئارەزووی خۆیان زیاد لەچەندین ژنیان هەبێت، هیچ ئاستەنگێکیشیان نەبووەو ژنیش لەم هاوکێشەیەدا مافی نەبووە. دەرکەوتووە فرەژنی لەپێش ئیسلامدا یەکێك بووە لەنیشاندانی پلەوپایەی گەورەییو شەهامەتی پیاوان.




پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە پانزە ساڵ بەسەر سەرهەڵدانی ئیسلامدا، موحەممەد بیری لە کێشەی فرەژنی کردەوەو ئایەتێکی لەقورئاندا بۆ تەرخان کرد. ویستی موحەممەد وابوو لەرێی یاسای ئایەتەکەوە فرەژنی بێسنوور حەرام بکات. واتە موسڵمانان وەك سەردەمی پێش ئیسلام لەتوانایاندا نەمێنێ دەیان ژن بهێنن، بەڵکو چەند ژنێکی دیاریکراویان هەبێت کە لە چوار دانە تێپەڕ نەکات.

وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقسِطُوا فِي الْيَتَامَى فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلاث وَرُبَاعَ فَإِنْ

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

خِفتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلَّا تَعُولُوا.[154]

ئەگەر لەوە ترسان کەدادپەروەر نابن لەگەڵ کچە هەتیوەکاندا، ئەوە لە ژنان مارە ببڕن دوو دوو، سێ سێ، چوار چوار، خۆ ئەگەر ترسان لەوەی کەناتوانن لەنێوانیاندا دادپەروەر بن، ئەوە با یەك ژنتان هەبێت یان ئەو کەنیزەکانەی کە لە شەڕگەکاندا چنگتان کەوتوون، بۆ ئێوە ئیتر بەسە کە ستەمکاری نەکەن.

سەرەتا با بڕوانینە راڤەی ئەم ئایەتەو بزانین راڤەکارانی ناسراوی ئیسلامی چۆن راڤەیان کردووە:

ابن کثیر لەتەفسیرە بەناوبانگەکەیدا نوسیوێتی:

مَثْنَى وَثُلَاث وَرُبَاع " أَيْ اِنْكِحُوا مَنْ شِئْتُمْ مِنْ النِّسَاء سِوَاهُنَّ إِنْ شَاءَ أَحَدكُمْ ثِنْتَيْنِ وَإِنْ شَاءَ ثَلَاثًا وَإِنْ شَاءَ أَرْبَعًا.[155]

دوو دوو، سێ سێ، چوار چوار، واتە بەئارەزووتان لەو ژمارەیە ژن مارە بکەن، گەر کەسێکتان ئارەزووی کرد با دووان بهێنێ، یان ئارەزووی کرد با سیان بێنێ، یان ئارەزووی کرد با چوار بێنێ.

هەروەها ابن کثیر نوسیوێتی :

فَلَوْ كَانَ يَجُوز الْجَمْع بَيْن أَكْثَر مِنْ أَرْبَع لَذَكَرَهُ. قَالَ الشَّافِعِيّ وَقَدْ دَلَّتْ سُنَّة رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَآله وَسَلَّمَ الْمُبَيِّنَة عَنْ اللَّه أَنَّهُ لَا يَجُوز لِأَحَدٍ غَيْر رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يَجْمَع بَيْن أَكْثَر مِنْ أَرْبَع نِسْوَة.[156]

ئەگەر رێگە بدرایە بەزیاتر لە چوار ژن ئەوە خوا باسی دەکرد، شافعیش (یەکێکە لە باوەڕپێکراوترین زاناو موجتەهیدو کەسایەتی مێژوویی لەلای سوننە مەزهەب) دەڵێت: سوننەتی پەیامبەر بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە جگە لەخودی پەیامبەر نابێ کەس زیاتر لەچوار ژن پێکەوە کۆ بکاتەوە.

---

154 النساء 3

155 تفسير ابن كثير في تفسير الاية.

156 تفسير ابن كثير في تفسير الاية.

ئیمامی (القرطبي)یش لـە تەفسیرەکەی خۆیدا ئاوای نوسیوە:

إِنَّ الْآيَة نَاسِخَةٌ لِمَا كَانَ فِي الْجَاهِلِيَّة وَفِي أَوَّل الْإِسْلَام " مِنْ أَنَّ لِلرَّجُلِ أَنْ يَتَزَوَّجَ مِنْ الْحَرَائِرِ مَا شَاءَ ، فَقَصَرَتْهُنَّ الْآيَة عَلَى أَرْبَع.[157]

ئەم ئایەتە ناسخی ئەوانەیە کەلەسەردەمی جاهلیو پێش ئیسلامدا هەبووە کەپیاو بەئارەزووی خۆی لـەژنە ئازادەکان بهێنێت، (واتە پێش ئیسلام چی دەربارەی فرەژنی هەبووە بەم ئایەتە هەمووی حەرامکرا) خوا کەمی کردوونەتەوە بۆ چوار.

لـەتەفسیرەکەی ئیمامی (الجلالين)یشدا نوسراوە:

اثْنَتَيْنِ وَثَلَاثًا وَأَرْبَعًا وَلَا تَزِيدُوا عَلَى ذَلِكَ "فَإِنْ خِفْتُمْ" أَنْ لَا "تَعْدِلُوا" فِيهِنَّ بِالنَّفَقَةِ وَالْقَسْم "فَوَاحِدَة" انْكِحُوهَا "أَوْ" اقْتَصِرُوا عَلَى "مَا مَلَكَتْ أَيْمَانكُمْ" مِنْ الْإِمَاء إذْ لَيْسَ لَهُنَّ مِنْ الْحُقُوق مَا لِلزَّوْجَات "ذَلِكَ" أَيْ نِكَاح الْأَرْبَع فَقَطْ أَوْ الْوَاحِدَة أَوْ التَّسَرِّي "أَدْنَى" أَقْرَب إلَى "أَلَّا تَعُولُوا" تَجُورُوا.[158]

دوانو سیانو چوارو نابێ لـەوە زیاتریشی بکەن، جائەگەر ترسان لـەوەی دادپەروەر بن لـەنەفەقەو پشکو بەشدا ئەوە یەك ژن مارە بکەن، یاخود کورتی بکەنەوە بۆ کەنیزەکەکانتان لـەبەر ئەوەی ژنەکەنیزەکەکان ئەو مافانەیان نییە کەژنە ئازادەکان هەیانە، کەواتە یان چوار ژن یان یەك ژن یان کەنیزەکەکان، ئەمەش کەمترین شتە کە ستەمکاری نەکەن.

لە تەفسیرەکەی ئیمامی (الطبري)یشدا ئەمە نوسراوە:

إِنَّ الْآيَة نَاسِخَةٌ لِمَا كَانَ فِي الْجَاهِلِيَّة وَفِي أَوَّل الْإِسْلَام " مِنْ أَنَّ لِلرَّجُلِ أَنْ يَتَزَوَّجَ مِنْ الْحَرَائِرِ مَا شَاءَ ، فَقَصَرَتْهُنَّ الْآيَة عَلَى أَرْبَع.[159]

ئەم ئایەتە ناسخی ئەوانەیە کەلە جاهلیو پێش ئیسلامدا دەکرا، بەوەی پیاو بەئارەزووی خۆی لـەژنە ئازادەکان بهێنێت، ئایەتەکە کورتو کەمی کردۆتەوە بۆ چوار.

هەروەها ئیمامی (الطبري) نوسیوێتی:

157 تفسير القرطبي في تفسير الاية.

158 تفسير الجلالين في تفسير الاية.

159 تفسير الطبري في تفسير الاية.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

وَأَمَّا اِخْتِلَاف عُلَمَاء الْمُسْلِمِينَ فِي الَّذِي يَتَزَوَّجُ خَامِسَةً وَعِنْده أَرْبَع وَهِيَ : فَقَالَ مَالِك وَالشَّافِعِيّ : عَلَيْهِ الْحَدّ إِنْ كَانَ عَالِمًا . وَبِهِ قَالَ أَبُو ثَوْر . وَقَالَ الزُّهْرِيّ : يُرْجَم إِذَا كَانَ عَالِمًا، وَإِنْ كَانَ جَاهِلًا أَدْنَى الْحَدَّيْنِ الَّذِي هُوَ الْجَلْد.[160]

بەڵام بۆ سزادانی ئەو کەسانەی کەچوار ژنیان هەیەو دەیکەنە پێنج, ناکۆکی لەنێوان زانایانی ئیسلامدا هەیە، مالیكو شافعی دەڵێن ئەگەر زانیبوی پێنجەم حەرامە دەبێ داری حەددی لێبدرێت، ئەمە باوکی سەوریش دەیلێت، زوهریش دەڵێت ئەگەر زانیبێتی حەرامە دەبێ رەجم بکرێت، گەر نەشیزانیبێت کەمترین سزای دەدرێت ئەویش جەڵدە.

تەبەری قسە لەسەر وشەی دادپەروەریش دەکات کە لە ئایەتەکەدا بە(تَعْدِلُوا) هاتووەو ئەو پەیوەندیانەمان بۆ دیاری دەکات کە وشەی دادپەروەری لە ژنهێناندا لەچیو چیدایە، دەنوسێت:

فِي الْمَيْل وَالْمَحَبَّة وَالْجِمَاع وَالْعِشْرَة وَالْقَسْم بَيْنَ الزَّوْجَات الْأَرْبَع وَالثَّلَاث وَالِاثْنَتَيْنِ.[161]

دادپەروەری ئارەزوو خۆشەویستیو جووتبوونو پێکەوەژیانو پشكوبەشی نێوان ژنەکانە، چوار بن یان سیان یان دووان.

هەموو راڤەکارانو زانایانی ئایینی ئیسلام باسیان لەم ئایەتە بەشێوەی جۆراوجۆر کردووە، بەڵام ئەم چەند نموونەیەی سەرەوە کە لە باوەڕپێکراوترینیان وەرگیراوە، بۆ ئێمە بەسن، چونکە باوەڕپێکراوترین راڤەکارانی ئیسلامن.

لێرەوە وەرگێڕانو شیکردنەوەی ئایەتەکە بە درێژی بەم شێوەیەی لێدێت:

پێش ئیسلام فرەژنی بە شێوەیەکی رەها بۆ پیاوەکان ئازاد بوو، هەرکەس بیویستایە بەئارەزووی خۆی چەندین ژنی دەهێنا کە لە ژماردن نەدەهاتن، لە ئێستا بە دواوە حەرام کرا، جا ئەگەر لەوە ترسان کەدادپەروەر نابن لەگەڵ کچانی هەتیوو، ئەوە لە ژنە ئازادەکان ژن بهێنن لە یەك ژنە ئازادەوە تا چوار ژنە ئازاد، یەك ژنە ئازاد دەهێنن یان دوان یان سیان یان چوار، بەئارەزووی خۆتانە، یاخود پێکەوە چەند ژنێکی ئازاد بهێنن هەر سەربەستن، بەڵام

160 تفسير الطبري في تفسير الاية.

161 تفسير الطبري في تفسير الاية.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

نابێت لە چوار ژنی ئازاد تێپەڕ بکات، بەو مەرجەی لە نێوان ئەم ژنە ئازادانەدا لەرووی جووتبوونو پێکەوەژیانو پشكوبەشدا ئێوە دادپەروەر بن، خۆ ئەگەر نەتانتوانیو ترسان لەوەی کەناتوانن لەنێوان ئەم ژنە ئازادانەدا دادپەروەر بن، ئەوە یەك ژنی ئازاد بهێنن یان ئەو کەنیزەکانەی کە لە شەڕگەکاندا چنگتان کەوتوون، یاخود کڕیوتانن, لەمە زیاتر ئیتر بەسە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئێوە ستەمو زۆرداری نەکەنو لەگەڵیان باش بن.

پاش ئەوەی لە ماناو شیکردنەوەی ئەم ئایەتە (النساء3) باش تێگەیشتین، لەچەندین دەروازەدا تێبینییەکانمان دەخەینە روو:

## دەروازەی یەکەم

سەرەتای ئایەتەکە کەدەڵێت (وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقسِطُوا فِي الْيَتَامَى) کە بەم مانایە دێت (گەر لەوە ترسان کەدادپەروەر نابن لەگەڵ کچە هەتیوەکاندا) پێمان وایە پەیوەندی بە فرەژنیەوە نییە، لەبەر ئەوەی دوورو نزیك هیچ شتێك ناخاتە سەر یاساکە. نازانین بۆچی لەو شوێنەدا نوسراوەو تێناگەین بۆ دێڕێکی لەم شێوەیە ئاخنراوەتە ناو ئایەتەکەوە. جگە لە راڤە بەناوبانگەکان لە سەرگوزشتەیەکی بوخاریشدا تەفسیری ئەم چەند وشەیە کراوەو بە هیچ شێوەیەك بە مەسەلەی فرەژنییەوە نەبەستراوەتەوە.[162]

---

162 عُرْوَةُ أَنَّهُ سَأَلَ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا (وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى) قَالَتْ يَا ابْنَ أُخْتِي هَذِهِ الْيَتِيمَةُ تَكُونُ فِي حَجْرِ وَلِيِّهَا فَيَرْغَبُ فِي جَمَالِهَا وَمَالِهَا وَيُرِيدُ أَنْ يَنْتَقِصَ صَدَاقَهَا فَنُهُوا عَنْ نِكَاحِهِنَّ إِلَّا أَنْ يُقْسِطُوا فِي إِكْمَالِ الصَّدَاقِ. صحيح البخارى، كتاب النكاح، باب الاكفاء في المال وتزويج المقل المثرية. حديث4804

**لەراستیدا ئەمە یەکەمجار نییە لەناو قورئاندا شتی لەو جۆرە ببینین، بەڵکو نموونەی دیکەمان لەو بارەیەوە لەبەر دەستدا هەیە، بۆ نموونە لە ئایەتێکی سورەتی بەقەرەدا، دوو شتی لەیەك جیاوازو تەواو لەیەك دوور، تێکەڵ بەیەك کراون. یەهودییەکانی شاری مەدینە لە پەیامبەر دەپرسن: ئەوە بۆچی مانگ کەوانەیی دەبێتەوەو جاری وا هەیە کەنارێکی دیارەو جاری وەهاش هەیە نیوەیە یاخود تەواو پڕ دەبێتەوە..؟ هەندێك لە موسڵمانەکانیش**



لێی دەپرسن بۆچی جوڵەی مانگ لەگەڵ جوڵەی خۆردا جیاوازە..؟ (تفسير القرطبي، تفسير اية 189 البقرة) پەیامبەریش بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە: (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَنْ تَأْتُوْا الْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَى وَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ) (البقرة 189) دەربارەی دەرکەوتنەوەی کەوانەیی مانگ پرسیارت لێدەکەن تۆش پێیان بڵێ ئەوە بۆ دیاریکردنی کاتی حەج و هەموو کاتەکانە بۆ خەڵکی، ئەوەش چاك نییە لە پشتەوە خۆتان بکەن بە ماڵاندا بەڵکو چاکە بۆ ئەو کەسەیە لە خوا بترسێت، لە دەرگای ماڵەکانەوە بچنە ژوورەوە، لەخوا بترسن بەڵکو سەرفراز بن). نیوەی ئایەتەکە هیچ پەیوەندییەکی بە نیوەکەی ترییەوە هەیە.! خەڵکی پرسیاریان لە پەیامبەر کردووە بزانن کەوانەیی مانگ چۆن روو دەدات، دەیانزانی و پێشتریش زانیویانەو توانیویانە سوود لە مانگ وەربگرن بۆ دیاریکردنی کاتەکانیان، ئەوان ویستویانە پەیامبەر بۆیان شیی بکاتەوە چۆن مانگ کەوانەیی دەبێتەوەو گەورەو بچوك دەبێتەوە، یاخود بۆ لە جوڵەدا لەگەڵ خۆردا جیاوازی هەیە، کەچی پەیامبەرو قورئانەکەی جگە لەوەی وەڵامی پرسیارەکە نادەنەوە بەبێ هیچ هۆیەکیش یەکسەر باسی چوونە ژوورەوەی ناو ماڵان دەکات..!! لێرەدا دەرکەوت زیادەختنەسەری ئایەت پیشەی یەکەمجاری قورئان نییەو سەرەتای ئایەتەکەش (النساء3) پەیوەندی بە یاسای فرەژنییەوە نییە بە هیچ شێوەیەك، دەبوو قورئان ئەم زیادەڕەوییەی لەناو ئایەتەکەدا نەکردایەو خۆی وەك موعجیزەیەك نیشاندایە. بۆیە ناچار دەبین لە لایەن خۆمانەوە سەرەتای ئایەتەکە پشتگوێی دەخەین.

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

## دەروازەی دووهەم

ئایەتو راڤەکان ئەوەمان تێدەگەیەنن گەر پیاوێك پێش سەرهەڵدانی ئیسلام خاوەنی چەندین ژنی ئازادو ژنی کەنیزەك بوو بێ (کە جار..جار دەگەیشتە بیست ژنی ئازادو سەدان ژنی کەنیزەك) ئەوا لەدوای سەرهەڵدانی ئەم ئایەتەوە ئەم دیاردەیە حەرام کراوەو لە زۆرەوە کەم کرایەوە بۆ چوار ژنی ئازاد, جگە لە کەنیزەك. ئەگەر بێتو کەنیزەکەکانیش لابدەینو تەنها چوار ژنە ئازادەکەش وەربگرین، بەڵگەی رەسەنن لەسەر خرۆشیو هەوەسو ئاستی بالآی سێکسی پیاوانو ریسواکردنی بەهاکانی ژنان.

ئیسلام دەڵێ یاساکانی قورئان بۆ هەموو شوێنێكو بۆ هەموو کاتێکە، کەواتە دەبوو ئیسلام خوێندنەوەی ووردتری بۆ تەواوی کۆمەڵگەکانی دەرەوەی نیوە دورگەی عەرەب بکردایەو بیستو سێ ساڵ لە ناوچەیەکدا خۆی قەتیس نەکردایە، دەبوو کلتورو نەریتی کۆمەڵگە جۆربەجۆرەکانی جیهانی بزانیبایە تا لە بەرژەوەندی گشتیدا یاسایەکی نوێی شارستانی بنوسیبایە کە بۆ هەموو جیهان شایستەی مومارەسەکردنی بێت. نەك یاسایەك کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵو قووڵی بە نەریتو کلتووری یەك ناوچەی بچوکی نیوە دورگەی عەرەبەوە هەبێتو بگەرێتەوە بۆ بەر لە هەزارو چوار سەد ساڵ. لەگەڵ ئەوەدا ئامانجیشی لەوە بێت ئەم نەریتو کلتورە رەشۆکیە بە هەموو شوێنێکی جیهاندا بلآوبکاتەوە.

## دەروازەی سێهەم

بەپێی یاسای ئایەتەکە ئەوەی لەو سەردەمەدا لە چوار ژنی ئازاد زیاتری هەبوایە، دەبوایە زیادەکانی تەلآق بدایە. بۆیە هەر موسڵمانێك لە چوار ژن زیاتری هەبوایە موحەممەد فەرمانی پێدەکردن تەلآقیان بدەن. بەم بریارە کۆمەڵێك ژن بەبێ هۆ لە مێردەکانیان جیا کراونەتەوە، یاخود پیاوەکە نەیزانیوە کامو کام لە ژنەکانی تەلآق بدات. چ پیاوەکەو چ ژنەکان کەوتونەتە ناو بیرکردنەوەیەکی سەیرەوەو نەیانزانیوە چۆن چارەسەری ئەم مەسەلەیە بکەن.!

ژنەکان مافیان لەو بریارەدا نەبووە کە کێ تەلآق دەدرێو کێ تەلآق نادرێ.

دەبوو قورئان ڕێگەنیشاندەری پیاوان بوایە تا لە تەڵاقدانی ژنەکانیاندا پێشینەیەکی مرۆییان لابێت، یاخود مافی ژنە تەڵاقدراوەکانی لەڕووی ویژدانو مرۆیی‌و دەروونییەوە دیاری بکردایەو هەروا بەئاسانی ڕێگەی نەدایە بەصەحابەکان گەمە بەم مافە سەرەتاییانەی ژنان بکەنو هەر هیچ نەبا ئەوانەی ببەخشیایە کەزیاد لەچوار ژنیان هەبووەو یاساکەی بۆ لەوەو دوا بەرقەرار بکردایە. یاخود بەلایەنی کەمەوە مانەوەی یان جیابوونەوەی بدایەتە دەست ژنەکان.

پێشتر کێشەیەکی هاوشێوە لەناو کۆمەڵگەی نیوە دورگەی عەرەبدا هەبووەو قورئان ڕێگە چارەی بۆ دانابوون، وەك لەسەرەتای باسەکەدا بە نموونە هێنامانەوە کاتێك باوکی خێزانێك بمردایە ژنەکانی وەك میرات بۆ کوڕەکانی دەمانەوەو ئەوانیش ئەم ژنانەیان لە خۆیان مارە دەکرد، دواتر قورئان حەرامی کردو وتی تا ئێستا هەرچی کارێکی لەو جۆرە کرابێت قەیناکە بەڵام نابێت لەوەودوا کەس کاری وەها بکات چونکە حەرامە. ئەوەتا لەئایەتی (22 النساء)دا دەڵێت:

{وَلاَ تَنكِحُواْ مَا نَكَحَ آبَاؤُكُم مِّنَ النِّسَاء إِلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ}

ئەو ژنانە لەخۆتان مارە مەکەنەوە کەباوانتان مارەیان کردوون، مەگەر ئەوەی ڕابوورد. لێرەدا دەبینین قورئان لەو کەسانە خۆش بووە کەژنی باوكو باپیریان لەخۆیان مارە کردۆتەوە. (إِلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ، مەگەر ئەوەی ڕابوورد)و حوکمەکە بۆ داهاتووە.

دەبوو لەبەرامبەر مەسەلەی فرەژنیشدا هەمان کاری بکردایەو بیگوتایە (إِلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ، مەگەر ئەوەی ڕابوورد) بەڵام نەیکردووەو ژنان کەوتوونەتە بەر بەزەیی پیاوە موسڵمانانەکانو ئەوانیش لەسەر هەوەسو ئارەزووی خۆیان هەندێك لە ژنەکانیان هەڵبژاردووەو هەندێکی دیکەشیان تەڵاق داوە. لەکاتێکدا حوکمی فرەژنی زۆر لە حوکمی باوەژنی گەورەترە چونکە حوکمی باوەژنە یەك ژنی دەگرتەوە بەڵام حوکمی فرەژنی کۆمەڵێك ژنی دەگرتەوە. دژەوانەیەکی سەرسوڕهێنەر لەم دوو ئایەتەدا دەبینین.

ئاشکرایە زۆرێك لەپیاوان لەچوار ژن زیاتریان هەبووە، بەمەش دەبینین زۆرێك لەژنان، بەبێ ئەوەی هەڵەیەکیان کردبێت یاخود هیچ دەسەڵاتێکیان هەبووبێت، بەبێ هۆو بەبێ



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

خواستی خۆیان تەڵاق دراون. ئەمەش لەگەڵ ئەو عەدالەتەی ئیسلام باسی دەكات ناگونجێت، لەبەر ئەوەی ئایەتەكە لەبەرامبەر تەڵاقدانیاندا ڕێزێكی بۆ ژنەكان دانەناوەو هیچ مافێكیشی بۆ دیاری نەكردوون.

(قیس بن حارث) دەڵێ: ئەو كاتەی بوومە موسڵمان، هەشت ژنم هەبوو، پەیامبەر فەرمانی پێكردم كەچواریان هەڵبژێرم.[163]

هەروەها ابن كثیر لەتەفسیرەكەیدا نوسیویێتی:

لەكوڕی عومەرەوە دەگێڕنەوە كە(غەیلانی كوڕی سەلەمە) پێش ئەوەی ببێتە موسڵمان (دە) ژنی هەبووە، ئەو كاتەی دەبێتە موسڵمانو لەگەڵیشیدا ژنەكانیشی دەبنە موسڵمان، پەیامبەر فەرمانی پێدەكات تەنها چواریان هەڵبژێرێت.[164]

(عروة بن مسعود الثقفی) دوانزە ژنی هەبووە, تەنها چواریانی هێشتۆتەوەو هەشتیانی تەڵاق داوە.[165]

: عُمَيْرَةَ الْأَسَدِيّ قَالَ أَسْلَمْتُ وَعِنْدِي ثَمَان نِسْوَة فَذَكَرْت لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ " اِخْتَرْ مِنْهُنَّ أَرْبَعًا.[166]

عومەیرەی ئەسەدی دەڵێ كاتێك موسڵمان بووم هەشت ژنم هەبوو، ئەمەم بۆ پەیامبەر باس كرد، ئەویش پێی وتم: چواریان لێ هەڵبژێرە.

---

163 ابن القدامة, المغني: م7 ص 604

164 عَنْ اِبْن عُمَر أَنَّ غَيْلَان بْن سَلَمَة كَانَ عِنْده عَشْر نِسْوَة فَأَسْلَمَ وَأَسْلَمْنَ مَعَهُ فَأَمَرَهُ النَّبِيّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يَخْتَار مِنْهُنَّ أَرْبَعًا) تفسير ابن كثير في تفسير الاية النساء 3. **هەروەها** بڕوانە: سنن الترمذي، النكاح عن رسول الله، باب ماجاء في الرجل يسلم وعنده عشر النسوة.

165 ابن اثير : كتاب النساء ص131

166 تفسير ابن كثيرالنساء 3



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

(عبدالرحمن بن عوف) کەیەکێکە لە (دە)مژدە پێبەخشراوەکە (العشرة المبشرة) پێش موسڵمانبوونی بیست ژنی هەبووە، دوای موسڵمانبوونی شانزەیانی تەڵاقداوە.[167]

دیارە (غیلان)و (عروة)و (عُمَيْرَة)و (عبدالرحمن بن عوف)و (قيس)ی صەحابی چوار ژنی جوانیان بەدڵی خۆیان، یان چوار ژن کە لە هۆزێکی ناودارو سەرمایەدار بووبن بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان هەڵیانبژاردوونو ژنەکانی دیکە بەهۆی نەدارییەوە یاخود ناشرینییەوە تەڵاقیان داون بێئەوەی مافێکی ئەم تەڵاقدانەیان بۆ دیاری کرابێت.

موحەممەد رێگەچارەیەکی بۆ مافەکانی ئەو ژنانە نیشان نەداوە کەبەبێ هیچ هۆکارێك تەڵاقیان دەدەن. دیارینەکردنی مافێکی دەروونیو مرۆیی بۆ ژنە تەڵاقدراوەکان لەقورئانو فەرمووددەدا خاڵێکی دیکەی لاوازی ئیسلامەو لەرووی دەروونییەوە حوکمی ئیسلام لەم مافە خاڵییە.

### دەروازەی چوارهەم

تاکە مەرجێك بۆ ئەوەی پیاوی ئیماندار بەحەڵاڵی چوار ژنی ئازاد بهێنێ ئەوەیە کە دەبێت پیاو لەنێوان ژنە ئازادەکانیدا دادپەروەر بێت، چونکە لە ئایەتەکەدا نوسراوە:

فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ.[168]

خۆ ئەگەر ترسان لەوەی کەناتوانن لەنێوانیاندا دادپەروەر بن، ئەوە با یەك ژنتان هەبێت لەگەڵ ئەو کەنیزەکانەی کە لە شەڕگەکاندا چنگتان کەوتوون.

لەراستیدا حوکمی (دادپەروەری، العدالة) حوکمێکی مەعنەوییەو ئادەمیزاد بەهۆی غەریزەکانییەوە، نەك لەگەڵ دەوروبەردا، بەڵکو لەگەڵ خواستەکانی دەروونی خۆشیدا ناتوانێت دادپەروەر بێت، چونکە پاڵنەرەکانی سێکس زۆر لەوە کاریگەرتربوون مرۆڤی ئەو ناوچەیە بتوانێ لەئاستیدا خۆی بگرێت! سەرباری ئەوەش لە تەواوی سەرچاوەکانی ئیسلامدا سنورێکی یەکلاکەرەوە بۆ دادپەروەری نەکێشراوە، بەڵکو زانایانی ئیسلام هەر یەکەیان

167 عاطف سلام: فقيهات, ص 129

168 النساء 3



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

لەتێڕوانینو بۆچوونەکانی خۆیانەوە ڕاڤەی دادپەروەریان کردووەو لەسەر یەك پێناسە ڕێکنەکەوتوون. هیچ کەسیش لەدونیادا نەیتوانیوەو ناشتوانێ لەم بارەیەوە دادپەروەر بێت.
ئەم ڕاستییەش لەموحەممەد نەشاردراوەتەوەو لەکاتی خۆیدا بەئایەتێك ئاماژەی بۆ کردووە:

وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ.[169]

هەرگیز ئێوە ناتوانن لەنێوان ژنەکاندا دادپەروەربن، لەکاتێکدا ئەگەر زۆر سوریش بن لەسەر ئەوەی کەدادپەروەر بن هەر ناتوانن.

**دەروازەی پێنجەهەم**

یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی کەتا ئێستا کەس باسی نەکردووە ئەوەیە، ئەو مەرجە دادپەروەرییەی کە قورئان بۆ فرەژنی دایناوە، تەنها بۆ ژنە ئازادو سەربەستەکانەو بەهیچ شێوەیەك باس یان ئاماژەی دادپەروەری بۆ ژنە کەنیزەکەکان ناکات. ئامۆژگاری پیاوان ناکات لەگەڵ ژنە کەنیزەکەکانیشدا دادپەروەر بن.
بەداخەوە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەقڵی ئاینپەروەرانی ئیسلام وا ڕاهاتووە هەرکاتێك باس لەکۆیلەو کەنیزەك بکرێت، پاساوی ئەوە دەهێننەوە کە کۆیلەو کەنیزەك لەکاتی خۆیدا هەبوونو ئێستا نەماون.! وەك بلێی خۆیان دان بەو ڕاستییەدا بنێن کەقورئان لەئەزەلەوە نەنوسرابێتو تا ئەبەد بڕ ناکات. لە ڕاستیدا ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت ئیسلام مافی کەنیزەکی پێشێل کردووە. هەبوونی یان کڕینو فرۆشتنی کۆیلەو کەنیزەك لەقورئانو سوننەدا حەرام نەکراوە, موحەممەدو خەلیفەو صەحابەو موسڵمانان خاوەنی کۆیلەو کەنیزەك بوونو زۆربەیان کڕینو فرۆشتنیان پێوە کردوونو بەبێ مارەبڕینیش لەگەڵیان جووت بوون.
ئەم حەرام نەکردنەش تا ئێستاو هەتا هەتایشە حوکمی نەگۆڕی خۆی لە قورئاندا هەیەو هەتا هەتایشە خاڵێکی ڕەشە بەنێوچەوانی ئاینی ئیسلامەوە.

**دەروازەی شەشەهەم**

---

169 النساء 129



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

لە ئایەتەکەدا کەنیزەك بەمرۆڤی تەواو دانەنراوە، لەبەر ئەم هۆیەش ژمارەیان دیاری نەکراوە. بەروونی نوسراوە چوار ژن، بەڵام ئەگەر دادپەروەر نەبن ئەوە یەك ژن یان ئەو کەنیزەکانەی هەتانن, بەبێ دیاریکردنی ژمارەیان. لەتەفسیرە باوەڕپێکراوەکەی ابن کەسیرو ئەوانی دیکەشدا هاتووە: (خوا) فرەژنی کەم کردووەتەوە بۆ چوار ژنی ئازاد لەگەڵ ژنی کەنیزەك بەبێ دیاریکردنی ژمارەیان. نوسیویانە ژمارەی کەنیزەك کەوتۆتە سەر ئارەزووی موسڵمانان.[170]

ئیمامی قورتوبی نوسیوێتی:

أَحَلَّ اللَّه تَعَالَى السَّرَارِيّ لِنَبِيِّهِ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَلِأُمَّتِهِ مُطْلَقًا.

خوای گەورە کەنیزەكو ئافرەتە ئەسیرکراوەکانی بۆ پەیامبەرو ئوممەتەکەی بە رەهایی حەڵاڵ کردووە.

لە قورئاندا ژمارەی کەنیزەکەکان دیاری نەکراوەو پیاوی سەرپشك کردووە بەئارەزووی خۆیان کەنیزەك بهێنن!

دەبێ دان بەو راستییەدا بنێین کەچەند ئایەتێك باس لە ئازادبوونێکی سەرەتایی کۆیلە دەکەن، بەڵام ئەو ئازادییە نییە کە کۆیلەکان هاوتای خاوەندارەکانیان بکاتەوە بۆ یەك پلەو ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی. بۆ نموونە لەقورئاندا نوسراوە:

{وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْعَقَبَةُ، فَكُّ رَقَبَةٍ، أَوْ إِطْعَامٌ فِي يَوْمٍ ذِي مَسْغَبَةٍ}.[171]

تۆ چووزانی کۆسپو تەگەرە چییە، ئازادکردنی کۆیلەیە یاخود بەخشینی خۆراکە لەرۆژانی گرانیو نەهامەتیدا.

بەروونی لەئایەتەکەدا دیارە کە نوسراوە (ئازادکردنی کۆیلە یاخود بەخشینی خۆراك). وشەی (أَوْ) کە ماناکەی دەبێت بە (یا، یان، یاخود) هەردوو سزاکەو هەردوو ئایەتەکەی پێکەوە بەستۆتەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کۆیلایەتی بەکڕینو فرۆشتینەوە حەرام

---

170 **بڕوانە تەفسیرەکانی** ابن کثیر، الجلالین، القرطبي، الطبري، **لە تەفسیری ئایەتەکەدا.** النساء3

171 البلد 12و13و14

کردبێت. ئەگەر وشەی (یاخود) لە ئایەتەکەدا نەبوایە ئیسلامییەکان دەیانتوانی پاساوێکی لەبار بۆ رەخنەکانمان بدۆزنەوە.

سەیر لەوەدایە راڤەکاران لە هەندێك شوێنی راڤەکانیاندا پێ لەسەر هەبوونو وانەوەی کۆیلە دەکەنو دەڵێن وشەی (رَقَبَةٍ) کە لە ئایەتەکەدا هاتووە مەبەستی لە دیلەکانی جەنگە نەك کۆیلە.

یاخود ئەم ئایەتە:

{لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاَثَةِ أَيَّامٍ ذَلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ وَاحْفَظُواْ أَيْمَانَكُمْ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ}.[172]

لەم ئایەتەشدا هەر کەسێك سوێندی ناراست بخوات دەبێ چوار شت بکات تا خوا لێی خۆش دەبێت، یەکەم: یەك ژەم نان بدات بە دە کەسی هەژار، دووهەم: یان یەك جار پۆشاکیان بۆ بکرێت، سێهەم: یان کۆیلەیەك رزگار بکات، چوارهەم: یان دەبێت سێ رۆژ بەرۆژوو بێت. کەواتە ئەم ئایەتەش حەرامکردنی کۆیلەی تێدا نییە، بەڵکو لەبری سزا بەکار هێنراوە.

ئایەتێکی دیکەش هەیە پشتگیری ئەم بۆچوونەمان دەکات:

{وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلاَّ خَطَئًا وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَئًا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلاَّ أَن يَصَّدَّقُواْ فَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ عَدُوٍّ لَّكُمْ وَهُوَ مْؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِّيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةً فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِّنَ اللّهِ وَكَانَ اللّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا}.[173]

لەم ئایەتەشدا هەرکەسێك بەهەڵە ئیماندارێك بکوژێت، جگە لە خوێنبایی، دەبێت کۆیلەیەکیش رزگار بکات. دیارە ئەمەش حەرامکردنی کۆیلە نییە.

---

172 سورة المائدة 89

173 سورة النساء 92



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

{وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ}.[174]

ئەم ئایەتەش پێمان دەڵێت هەر کەسێك بەژنەکەی خۆی بڵێت تۆ دایکمیت، دەبێ کۆیلەیەك ڕزگار بکات.

دیارە ئەمەش حەرامکردنی کۆیلە نییە. هەموو ئەو ئایەتانەی پەیوەندییان بە کۆیلەوە هەبێت باسی رزگاربوونی یەك کۆیلە دەکەن نەك هەمووی. ئەویش وەك سزایەك لەبەرامبەر هەڵەیەکدا. بەکورتی یەك ئایەتو یەك فەرموودە بەراشکاوی و بێ پێچو پەناو بیهیچ مەرجێك نە لە قورئانو نە لە فەرموودەدا بەصەحیحو لاوازەکانیشەوە نییە کۆیلەو کۆیلایەتی حەرام بکات.

ڕاڤەکارانیش زیاتر پشتگیری ئەم بۆچوونەمان دەکەنو دەڵێن ئەگەر پیاوێکی ئازاد چوار ژن بهێنێت ئەوا دەبێ کۆیلەکان دوو ژن بهێنن. ئیمامی گەورەو ڕاڤەکاری باوەڕپێکراوی ئیسلام قورتوبی نوسیویێتی:

أَنَّ الْعَبْد لَا يَتَزَوَّج إِلَّا اِثْنَتَيْنِ"و. و قَالَ الشَّافِعِيّ وَأَبُو حَنِيفَة وَأَصْحَابهمَا وَالثَّوْرِيّ وَاللَّيْث بْن سَعْد: لَا يَتَزَوَّج الْعَبْد أَكْثَر مِنْ اِثْنَتَيْنِ "و. وَرُوِيَ عَنْ عُمَر بْن الْخَطَّاب وَعَلِيّ بْن أَبِي طَالِب وَعَبْد الرَّحْمَن بْن عَوْف فِي الْعَبْد لَا يَنْكِح أَكْثَرَ مِنْ اِثْنَتَيْنِ " وَلَا أَعْلَم لَهُمْ مُخَالِفًا مِنْ الصَّحَابَة.[175]

نابێت کۆیلە لەدوو ژن زیاتر بهێنێت. شافعیو ئەبو حەنیفەو هاوەڵانیو سەوریو لەیسی کوڕی سەعدیش دەڵێن نابێت کۆیلە لە دوو ژن زیاتر بهێنێت. هەروەها لە عومەری کوڕی خەتتابو عەلی کوڕی ئەبی تالبو عەبدولڕەحمانی کوڕی عۆفیشەوە دەربارەی کۆیلە وتویانە کە نابێت جگە لەدوو ژن زیاتر مارە بکات. کەسێکیش ناناسم لەم بارەیەوە لەگەڵ صەحابەکاندا ناکۆك بێت.

174 سورة المجادلة 3

175 تفسير القرطبي في تفسير الاية.

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Marwan Halabjaee www.xwdakan.com

ئەم قسەیەی قورتوبی راستییە حاشاهەڵنەگرەکانی ئیسلامان نیشان دەدات. ئیمامی گەورەی ئیسلامیش تەبەری هەمان بۆچوونی هەیە.[176] واتە هەردوو راڤەکارە مەزنەکی ئیسلام داندەنێن بە هەبوونی کۆیلایەتی‌و مافەکانیشیان نیوەی کەسێکی ئازادە.

دەتوانین بلێین ئەم ئایینە واقیعی سەردەمەکەی خۆیمان نیشان دەداتو بۆ ئێستە شیاوو گونجاو نییە، لەبەر ئەوەی جگە لەپاراستنی بەرژەوەنییە بالاکانی چینێکی دیاریکراو لەپیاوانی نیوە دوورگەی عەرەب‌و پاراستنی ئەو کلتورە دێرینەی کەکۆمەڵگەکەی ئەو سەردەمە پێی راهاتبوون هیچ شتێکی ئەوتۆی بۆ خۆشبەختی‌و بەختەوەری‌و ئازدی مرۆڤی ئەم سەردەمە نەهێناوەو ئامانجی لەیەکسانی ئینسانەکان نەبووەو ناتوانێت بۆ هەموو سەردەمێك‌و بۆ هەموو شوێنێك دەوری ئیجابی بگێڕێت.

## دەروازەی حەوتەهەم

ئیسلام بەبێ ئەوەی ئیجابیاتی راست‌و روونمان بۆ دیاری بکات، حیکمەتی فرەژنیمان بەشێوەیەکی لۆژیکانە بۆ روون ناکاتەوە. تەنها ئەوەندە دەڵێت چوار ژن‌و ژمارەیەکی دیاری نەکراو لە کەنیزەك حەڵاڵەو شەریعەتی ئیسلامە. هەر بۆیە دەروازە بۆ تێبینەران‌و بیرمەندانی ئیسلام کراوەتەوە بەخەیاڵی خۆیان پاساوی شەرعی بۆ ئەم کلتورە نائینسانییە بدۆزنەوەو چەندین پاساوی بۆ فەراهەم بهێنن.

لێرەوە پێویست دەکات ئایەتێکی لەم چەشنە، کە باس لەفرەژنی دەکات قورئان‌و موحەممەدو بیرمەندانی ئیسلام بخەینە بەردەم گفتوگۆیەکی لۆژیکانەو قسە لەسەر ئەو پاساوانە بکەین کە ئیسلام بۆ ئەم ئایەتە هەیەتی. ئەو پرسیارانە بکەین کە ئیسلام تا ئێستا نەیتوانیوە وەڵامیان بداتەوە. لەو پاساوە هەرە دیارو گرنگ‌و بەربلاوانەی کەئیسلام بۆ فرەژنی هەیەتی ئەم چەند دانەیەیە:

---

176 تفسير الطبري في تفسير الاية.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

یەکەم: گەر ژنەکە منداڵی نەبێت، بۆ ئەوەی ئەو خێزانە بەبێ منداڵ نەمێننەوە پیاوەکە دەتوانێت ژنێکی دی بهێنێت تامنداڵیان ببێتو خێزانی تەواو دروست بکەن. دووهەم: گەر ژنەکە نەخۆشییەکی کوشندە یان درێژخایەنی هەبێت، ئەوە پیاو دەتوانێت ژنێکی دی بهێنێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئافرەتانی دەروەوە بە شێوەیەکی حەرام سێکس نەکات. سێهەم: ئەو کاتەی ژن دەکەوێتە تەرِیی خوێیەوە چەند رۆژێك پیاوەکە ناتوانێت سێکس لەگەڵ ئەو ئافرەتە بکات، جا بۆ ئەوەی پیاو زینا نەکات ژنی دیکەی هەبێت باشە. چوارهەم: زۆر پیاوان هەن هێزی سێکسییان زۆرەو بە یەك ژن ناتوانن هەوەسی سێکسییان دابمرکێننەوە، جا لەجیاتی ئەوەی زینا بکەن باشتر وایە ژنی دیکە بهێنن. پێنجهەم: ئەگەر لەکۆمەڵگەیەکدا رێژەی ژن لەپیاو زیاتر بوو، بۆ ئەوەی ژنان بەبێ شوو نەمێننەوە ئەوە پیاو دەتوانێ ژنی دیکە بهێنێت.

تاکە چارەسەرێك بۆ ئەم کێشانەی دیاریمان کردن کە پێنج دانەن، قورئانو پەیامبەری ئیسلام حوکمی (فرەژنی)یان داهێناوەو چوار ژنەو دەیانو سەدان کەنیزەك، بۆ پاراستنی پیاوی موسڵمان لەکاری دزێوی زینا بۆ هەتا هەتا، بەچارەسەری بنەرِەتی دەزانن.

پێچەوانەی چوار ژنەش ژنەش کەدەکاتە چوار پیاو، واتە یەك ژنو چوار مێرد، لەئیسلامدا بەتەواوەتی رەتکراوەتەوە. تاکە پاساوێکیش بۆ ئەم حەرامکردنە رەهایە ئەوەیە گەر ژنەکە منداڵێکی بوو کەس نازانێت لەنێوان چوار پیاوەکەدا باوکی حەقیقی منداڵەکە دیاری بکات.

ئیسلام پێی وایە ئەو پێنج خاڵەی دیاریمان کردوون باشترین پاساون بۆ فرەژنی. ئەگەرچی ئەم پاساوانە لەناو قورئاندا نەهاتوونو بیروزادەی زانایانی ئیسلامن، ئێمەش ناچار دەبین پەنا بۆ لۆژیكو واقع ببەینو وەڵامی پاساوەکانیان بدەینەوە.

یەکەم: ئەگەر ژن منداڵی نەبوو، رِێگە دەدرێت بەپیاو فرەژنی بکات بۆ ئەوەی منداڵیان ببێت. بەڵام قورئانو موحەممەدو زانایانی ئیسلام پێمان ناڵێن ئەی ئەگەر هۆی منداڵ نەبوون بگەرِێتەوە بۆ پیاو، ئایا ژنەکە چی بکات؟ بەمانایەکی تر، ئێستا زانست هەیەو دەتوانرێت ئەوە روون بکرێتەوە لە زۆر حاڵەتدا هۆی منداڵ نەبوونەکە بگەرِێتەوە بۆ ئەو نەخۆشییانەی کەلەپیاواندا هەن، ژنەکەش دەیەوێت منداڵی ببێت، ئایا ماف ئەدرێ بە ژن، وەك ئەوەی بەپیاو دراوە، کە چەند مێردی بکات بۆ ئەوەی منداڵی ببێت؟؟ چارەسەری ئیسلام بۆ ئەم

کێشەیە چییە؟ تاکە وەڵامی ئەم ئایینە بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە ژنەکە دەتوانێ داوای تەڵاق بکات.

دووهەم: ئەگەر ژن نەخۆشی کوشندە یان درێژخایەنی هەبوو ڕێگە دەدرێت بەپیاو فرەژنی بکات. بەڵام قورئانو موحەممەدو زانایانی ئیسلام پێمان ناڵێن ئەگەر دەرکەوت نەك ژنەکە بەڵکو پیاوەکە نەخۆشی کوشندە یان درێژخایەنی هەبوو، ئایا بەهەمان شێوە ژن مافی هەیە مێردی تری هەبێت؟؟ چارەسەری ئیسلام بۆ ئەم کێشەیە چییە؟ دووبارە تاکە وەڵامی ئەم ئایینە بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە ژنەکە دەتوانێ داوای تەڵاق بکات.

سێهەم: ئەگەر پیاو لەرووی سێکسەوە ئارامی نەگرت، ڕێگەی پێدەدرێت فرەژنی بکات تا لە سێکس تێر بێتو زینا نەکات. بەڵام قورئانو موحەممەدو زانایانی ئیسلام پێمان ناڵێن ئەگەر ژنەکە هێزی سێکسی زۆر بوو، وە نەیتوانی ئارامی یەکمێردی بگرێ یاخود مێرد نەیتوانی تێری بکات، چاری ئەمە چییە؟ ئایا ڕێگە بەژن دەدرێ لەگەڵ کەسێکی تردا مێرداری بکات؟؟ دیسانەوە تاکە وەڵامی ئەم ئایینە بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە ژنەکە دەتوانێ داوای تەڵاق بکات.

چوارهەم: ئەگەر ژنەکە کەوتە نێو تەرپی خۆیەوەو تا تەواوبوونی ماوەکەی رەنگە پیاوەکە ئارام نەگرێت، جا بۆ ئەوەی پیاو زینا نەکات ڕێگەی پێدراوە فرەژنی بکات. بەڵام قورئانو موحەممەدو زانایانی ئیسلام پێمان ناڵێن ئەگەر پیاوەکە کەوتە ناو گەشتو سەفەرێکی چەند ڕۆژیو ئەم ژنە وەك مێردەکەی نەیتوانی لەرووی سێکسییەوە ئارام بگرێت، ئایا ڕێگە بەژن دەدرێ لەگەڵ کەسێکی تردا مێرداری بکات؟؟ چارەسەری ئیسلام بۆ ئەم کێشەیە چییە؟ جارێکی دیکەش تاکە وەڵامی ئەم ئایینە بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە ژنەکە دەتوانێ داوای تەڵاق بکات.

پێنجەم: ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا ژمارەی ژنان چەندین ئەوەندەی ژمارەی پیاوان بوون، ڕێگە بەپیاو دەدرێت فرەژنی بکات تا ژنەکان بەبێ مێرد نەمێننەوە، بەڵام قورئانو موحەممەدو زانایانی ئیسلام پێمان ناڵێن ئەی ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا ژمارەی پیاوان چەندین ئەوەندەی

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

ژمارەی ژنان بوون، جگە لە چەند مێردی چارەسەری ئیسلام بۆ ئەم كێشەیە چییە؟ جارێكی دیكەش تاكە وەڵامی ئەم ئایینە بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە كە ژنەكە دەتوانێ داوای تەڵاق بكات.

بەراستی موسڵمانان كۆمەڵێك پاساوی نالۆژیكیان بۆ فرەژنی هەیە, تەنها یەك چەمكیش دەتوانێ بەرگریان لێبكات‌و لەهەموو رەخنەیەك رزگاریان بكات، ئەوەیە ئافرەتان لەگەڵ پیاوان لەیەك پلەو ئاستی كۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌و ئابووری‌و زانستی‌و مێژوویی‌و ئینسانیدا نین.

مەسەلەی چوار پیاو بۆ یەك ژن لەلای ئیسلام حەرام كراوە. ئەمەش كارێكی شیاوو لۆژیكی‌و شارستانییە. بەڵام پاساوی ئیسلام بۆ ئەم رەتكردنەوەیە تا بڵێی لاوازە. پاساوەكەشیان ئەوەیە، ئەگەر ژنێك لە چوار پیاو منداڵی بوو كەس ناتوانێت باوكی منداڵەكە لەنێوان چوار پیاوەكەدا دەستنیشان بكات. ئەم پاساوەش نا زانستییە، چونكە بەتاقیگەی زانستی‌و لەماوەیەكی كەمدا دەتوانرێت بزانرێت كام لە چوار پیاوەكە دەبێتە باوكی منداڵەكە.[177]

گەر لەپاساوەكان وردبیینەوە بەڕاستی سەرمان دەسوڕمێت قورئان‌و موحەممەدو زانایانی ئیسلام تاكە پاساوێكی زانستی‌و لۆژیكیان بۆ حەڵاڵكردنی فرەژنی نییە. فرەژنی تەنها لەسێكسدا دەبیننەوەو تەنهاو تەنها بەهەوەسی غەریزەكانی پیاویشەوە دەیبەستنەوە. لەم پاسایەشدا سەرەتاییترین مافی ژنیان دیاری نەكردووە، بەڵكو مافەكانیشیان پێشێل كراوە.

ئەزموون ئەوەی سەلماندووە كەفرەژنی مومارەسەیەكی دارماوی كۆمەڵایەتیە. بەرێكەوت‌و بەشێوەیەكی زۆر دەگمەن لەدونیادا هەڵدەكەوێ پیاوێك بتوانێ لەنێوان دوو ژنیدا دادپەروەر بێت. یاساكانی قورئانیش دەبێ بۆ گشت بێت نەك حاڵەتی دەگمەن‌و شاز.

---

177 ئەو تۆوەی پیاو لەكاتی جووتبووندا فرێی دەداتە رەحمی ژنەكەوە بریتییە لە ملیۆنەها خانە، ئەگەر تۆوی چەندین پیاو وەربگیرێت‌و لەناو یەك پیاڵەدا تێكەڵ بەیەكتر بكرێن‌و لەرێگەی سرنجەوە بخرێنە ناو رەحمی ژنەوە دوای زكپڕ بوون دەتوانرێت لەرێی تاقیگەی پزیشكییەوە یەكێك لەخانەكانی ئەو منداڵە وەربگیرێت‌و بەپشكنینی زانستی لەماوەیەكی زۆر كەمدا باوكی بناسرێتەوە، چونكە ژن بۆ زكپڕبوونی لەو ملیۆنەها خانەیە تەنها یەك خانە وەردەگرێت كە ئەویش هی یەك پیاوە.



سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

**دەروازەی هەشتەهەم**

لە بڕگەو مادەکانی مافی مرۆڤی ئەم سەردەمە هاوچەرخو شارستانیەدا هاتووە کە نابێت کۆیلەداری هەبێت. لەلایەن دەوڵەتە عەلمانیو پێشکەوتووەکانەوە مامەڵەی کڕینو فرۆشتنیان حەرام کراوەو سزای یاسایی لەسەرە. بەم بەڵگەیەش ئەوە تێدەگەین کە کۆیلە وەك هەر ئادەمیزادێکی دی مرۆڤەو ئازادەو لەیەك ئاستی یەکسانیدان.

کەواتە ئەگەر ئیسلامییەکان سوور بن لەسەر یەکسانیی ژنە کۆیلەو ئازادەکان، بەم ئایەتە دەردەکەوێت فرەژنی حەرام نەکراوە. بەو بەڵگەیەی لە ئایەتەکەدا ژمارەی ژنە ئازادەکان دیاری کراوە بەڵام ژمارەی کەنیزەکەکان دیاری نەکراوەو موسڵمانان دەتوانن زیاد لەچەندین کەنیزەکیان هەبێت! گەر ئیسلام لەنێوان ژنە ئازادەکانو ژنە کەنیزەکەکاندا یەکسانی دروست بکردایە دەبوو ئایەتەکە ژمارەی کەنیزەکەکانیشی دیاری بکردایە بەڕێژەی ئازادەکانو راڤەکارانیش لە راڤەکانی خۆیان پەشیمان ببنەوە.

**دەروازەی نۆهەم**

لەم ئایەتەدا ئەوە دیاری نەکراوە گەر کەسێك ژنهێنانەکەی گەیشتە چوار دانە ئیتر ژنهێنانی دیکەی لێ حەرام کرابێت. بەڵکو ئەو دەروازەیەی بەواڵایی هێشتووەتەوە بە ئارەزووی خۆی ژن تەڵاق بداتو ژنی دیکە بهێنێتەوە. لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەیەکەوە کە لە ئیسلامدا پێی دەگوترێت (تەڵاق) پیاو دەتوانێت چەندین ژن تەڵاق بداتو چەندین ژنی دیکە مارە بکاتەوە. بەم پێیەش دەتوانین بڵێین موسڵمانان لەژیانیاندا دەتوانن نەك چوار ژن بەڵکو ببنە خاوەنی دەیانو سەدان ژن. تەڵاقدانی ژنە زیادەکانو هێشتنەوەی چواریان لەسەر حوکمی ئایەتەکە بەشێوەیەکی بەرچاو پراکتیك کراوەو موسڵمانان بەم حیلە شەرعییە ژنی دیکەیان هێناوە.

حەسەنی کوڕی ئیمامی عەلی، لەکاتێکدا حسێنی برای لەململانێی دەوڵەتی معاویەدا غەرقی خوێن بوو بوو، ئەم زاتە کۆمەڵ کۆمەڵ ژنی هێناوەو تەڵاقی دەدانەوە. بەپێی سەرچاوەکان لەژیانیدا نەوەد ژنی هێناوە[178]

(عبدالرحمن بن عوف) کەپێش موسڵمانبوونی بیست ژنی هەبوو، دواتر کەبووە موسڵمانو شانزەیانی تەڵاقدا، بەرگەی حوکمی ئەم ئایەتەی نەگرتووەو پاش ماوەیەك یەك یەكو دوو دوو ژنەکانی تەڵاق دەداو ژنی دیکەی دەهێنایەوە. مێژوونوسان دەڵێن لە ماوەی حەوت ساڵدا سیو شەش ژنی هێناوە. جگە لەو کەنیزەکانەی کەدەیکرینو دەیفرۆشتنو هەموشیان بۆ جووتبوون لەگەڵیاندا حەڵاڵ بوون.[179]

ئەم دوو ناوەی وەك نموونە باسمان کردن یەکێکیان کچەزای موحەممەد بووەو ئەوی دیکەشیان یەکێك بووە لە دە کەسە مژدە پێبەخشراوەکە (العشرة المبشرة) بەڵگەن بۆ راستی بۆچوونەکەمان.[180]

ئەم ناوە (دە مژدە پێبەخشراوەکە، العشرة المبشرة) دە صەحابەی ناودارو ناسراوی مێژووی ئیسلامن. لەلایەن موحەممەدەوە مژدەی ئەوەیان پێدرا، بێ لێپرسینەوەی کارو کردەوەکانیان لە ژیانی دونیایاندا، باشیان کردبێت یان خراپ، بێ لێپرسینەوە یەکسەر دەچنە بەهەشتەوە. ناوەکانیان لای موسڵمانان نامۆ نییە. هەر یەك لەوانە کۆمەڵێکی زۆر رووداویان لێدەگێڕنەوەو باسی کاروکردەوەی زۆریان دەکەن. بۆیە دەکرێت، بۆ دڵنیابوون لەو بەڵگانەی دەیانهێنینەوە، چاوی خوێنەر بە سیناریۆی ژمارەی ژنانی ئەم کەسایەتییانە رۆشن بکەینەوە، تا بتوانین لەوانەوە واقیعی سەردەمی موحەممەد روونتر ببینین. لەو دە کەسە چواریان خەلیفە بوون، لە دوای مردنی موحەممەد یەك لە دوای یەك دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست، واتە نموونەی راستەقینەی جێبەجێکەری یاساکانی ئیسلامن.

**أ- ابو بكر الصديق**

---

178 السیوطي: تأريخ الخلفاء. ص191
179 د. عاطف سلام: ص 129
180 **لەبەشی تەڵاق و مارە بە جاشدا زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە دەدەین**



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org



ئەبوبەکری صدیق چوار ژنی هەبوو:

(1)–(قتيلة).. لەهۆزی (عامر بن لؤى ).

(2)–(ام رمان بنت الحارث) دایکی عائیشە

(3)–(اسماء بنت عميس الخثعمية)

(4)–(حبيبة بنت خارجة بن زيد)[181]

**ب - عمر بن خطاب**

نۆ ژنی هەبووە:

(1)– (زينب بنت مظعون).

(2)– ام كلثوم بنت علي بن ابي طالب

(3)–جميلة بنت عاصم

(4)–مليكة بنت جرول الخزاعية

(5)–لهية

(6)–عاتكة بنت زيد

(7)–ام ولد

(8)–فكيهة (ام زينب)

(9)–ام حكيم بنت الحارث بن هشام[182]

**ج - عثمان بن عفان**

نۆ ژنی هەبووە:دووانیان کچی موحەممەد بوون:

(1)–ام كلثوم بنت محمد (کچی موحەممەد)

(2)–رقية بنت محمد (کچی موحەممەد)

---

181 خليل عبداالكريم، الصحابة والصحابة، السفر الثاني، ص 359

182 نفس المصدر ص 359-360

(3)–فاختة بنت غزوان

(4)–بنت جندب بن الازد

5– فاطمة بنت الوليد

(6)–ام البنين بنت عينية بن حصن

(7)–رملة بنت شيبة

(8)–نائلة بنت الغرافصة

(9)–ام ولد.[183]

**د – علي بن ابى طالب**

نۆ ژنی هەبووە:

(1)–فاطمة بنت محمد (کچی موحەممەد)

(2)–خولة بنت اياس

(3)–ليلى بنت معوذ

(4)–ام البنين بنت حزام

(5)–ام ولد

(6)–اسماء بنت عميس

(7)–ام حبيب الصهباء

(8)–بنت ابى العاص

(9)–ام سعد بنت عروة[184]

جگە لەچوار خەلیفەکە ئەمانە شەش مژدە پێبەخشراوەکەن.

183 نفس المصدر ص 360

184 نفس المصدر ص 361

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

**هـ - طلحة بن عبيدالله**

ئەویش نۆ ژنی هەبووە:

(1)–حمنة بنت جحش

(2)–سعدى بنت عوف

(3)–ام ابان بنت عتبة بن ربيعة

(4)–خولة بنت القعقاع

(5)–ام كلثوم بنت ابى بكر

(6)–الفرعة التغلبية

(7)–ام الحارث بنت قسامة

(8)–ام الصعبة

(9)–مريم[185]

**و - الزبير بن العوام**

شەش ژنی هەبووە

(1)–اسماء بنت ابى بكر

(2)–ام خالد بنت خالد بن سعيد

(3)–الربان بنت انيف

(4)–زينب بنت مرثد

(5)–ام كلثوم بنت عقبة

(6)– الجلال بنت قيس[186]

185 نفس المصدر ص 362

186 نفس المصدر ص 363

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com



**ز - عبدالرحمن بن عوف**

سی وشەش ژنی هەبووە، بەڵام بیستیان ناسراون.

(1)–ام كلثوم بنت عتبة بن ربيعة

(2)–تماضر بنت الاضبح

(3)–ام كلثوم بنت عقبة بن ابي معيط

(4)–ام ابراهيم

(5)–سهلة بنت عاصم

(6)–بحرية بنت هانیء

(7)–سهلة بنت سهيل

(8)– ام حكيم بنت قارظ

(9)– بنت ابى الخشخاش

(10)– اسماء بنت سلامة

(11)– ام حريث بنت سبي

(12)– ام مجد بنت يزيد

(13)– عراك بنت كسرى

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabja
www.xwdakan.com

(14)- ام عروة

(15)- ام يحى

(16)- ام بلال

(17)- بنت شيبة بن ربيعة

(18)- ام حميد

(19)- زينب بنت الصباح

(20)- بادنة بنت غيلان[187]

**ح - سعد بن مالك**

ئەویش یانزە ژنی هەبووە

1- ابنة شهاب

2- بنت قيس بن معدى

3- ام عامر بنت عمر

4- زيَدَ بنت الحارث

5- خولة بنت عمرو

6- أم هلال بنت ربيع

7- ام حكيم بنت قارظ

8- سلمى بنت حفص

9- ظبية بنت عامر

10- ام حجير

11- ام ولد.[188]

لە کۆی هەشت کەس، زۆرو کەم 77 ژنیان هەبووە. گرنگترین هۆکاریش هێزو

187 نفس المصدر ص 363-364

188 نفس المصدر ص 364-365



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

خرۆشاندنی سێکس بووە. دیارە ئەم ژمارەیە بەبێ کەنیزەكو ئەو ژنانەی موتعەیان لەگەڵدا کردوون. چیرۆکی سەیرو سەمەرەش لە شێوەی ژنهێنانەکانیاندا هەیە. لێرەدا چەند نموونەیەکی سادە دەهێنینەوە: (ام ابان بنت عتبة) لەگەڵ مێردەکەیدا لە (شام) بووە، ژنێکی زۆر جوانو قەشەنگ بووە. کاتێك مێردەکەی کوژراوە، گەڕاوەتەوە بۆ مەدینە. لەبەر ئەوەی خالۆژنی مەعاویە بووەو جوان بووە، عومەری کەڕی خەتتابو عەلی کوڕی ئەبی تالبو دووان لەمژدەپێبەخشراوەکان، زوبێرو تەڵحە، لەیەك کاتدا چوار کەس چوونەتە داوای ئەویش شووی بە تەڵحە کردووە.[189]

(عاتکە بنت زید) ئامۆزای عومەری کوڕی خەتتاب. ئافرەتێکی جوانو قەشەنگ بووە. یەکەمجار شووی کردووە بە(عبداللە بن ابی بکر)، (کوڕی ابوبکری صدیق) زۆر یەکتریان خۆشویستووە، دوایی پێیان تەڵاق داوە. تینی ئارەزووی سێکسی لەلایەکەوەو جوانییەکەی لەلایەکی دیکەوە وای لە عومەری کوڕی خەتتاب کردووە بەزۆر بیکات بە ژنی خۆی.[190] سێهەم جار شوو دەکات بە زوبێری کوڕی عەوام، عەلی کوڕی ئەبی تالب داوای دەکاو دواتر پەشیمان دەبێتەوە.[191] دواتر شوو دەکات بە کوڕەکەی (حەسەنی کوڕی علی کوڕی ئەبی تالب) ئەویش دەرمانخوارد دەکرێو عاتکە دوای چوار شوو، بەبێ مێرد دەمێنێتەوە.

ئەم رەوشتە رزیوەی ئیماندارانی ئیسلام لەلای مێژوونوسێکی ناوداری ئیسلام (ابن قیم) زۆر بە جوانی پێناسە کراوە کە وتویەتی:

أربعٌ لا یشبعن من أربع: عینٌ من نظر، وأذنٌ من خبر، وأرضٌ من مطر، وأنذی من ذکر.[192]

---

189 ابن اثیر: اسد الغابة في معرفة الصحابة، الکُنی من النساء الصحابیات، حرف الهمزة، أم أبانِ بِنْت عُتْبَة.

190 الطبقات الکبری لابن سعد, الجزء السادس,ص195

191 ابن اثیر: کتاب النساء، حرف(ع) عاتِکَة بِنْت زید.

192 ابن قیم الجوزیة، أخبار النساء ص198

چوار شت لە چوار شت تێر ناخۆن: چاو لە ڕوانین، گوێ لە هەواڵ، زەوی لە باران، زێش(ق) لە چووك(ك).

### دەروازەی دەهەم

لەراستیدا هەردوو ئایەتەکە (النساء3-النساء129) زیادەنو دەبوو لەجێی هەردووکیان یەك ئایەت بنوسرایە. ئایەتی یەکەم پێمان دەڵێت گەر دادپەروەربوون دەتوانن چوار ژن بهێنن، لەئایەتی دووهەمیشدا پێمان دەڵێت هەرگیز ناتوانن دادپەروەر بن.! جائەگەر ناتوانین دادپەروەر بین چ پێویستی بەوە دەکرد دوو ئایەتی بۆ تەرخان بکرێت بەشێوەیەك کە شوێنێکی گرنگ لەژیانی موسڵمانانادا داگیر بکات.!؟ ئیعجازی قورئان داوای ئەوە دەکات هەردوو ئایەتەکە یەکێك بوونایەو لەجێی هەردووکیان بنوسرایە (یەك هاوسەرتان هەبێت بۆ دادپەروەریتان باشترە) ئەوکاتە تێدەگەیشتین لەبەر نەتوانینمان بە مومارەسەکردنی دادپەروەری نابێ لەیەك هاوسەر (هاوسەر نەك ژن) زیاترمان هەبێت. ئەم زیادەڕەوییەی کە هەیە لەئیعجازی قورئان کەم دەکاتەوە.

### دەروازەی یانزەهەم

وەك لەئایەتەکەدا هاتووە مەرجی فرەژنی دادپەروەرییە، گەر پیاوان نەیانتوانی دادپەروەر بن ئەوە ناتوانن چوارو سیانو دووان بهێنن بەڵام دەتوانن یەك ژنو چەندین کەنیزەکیان هەبێت. لێرەدا قورئان باسی دادپەروەری بۆ یەك ژن ناکات! ئەگەر پیاوان دادپەروەر نەبن هیچ نەبێت دەتوانن یەك ژن بێنن، یاخود دەتوانن کۆمەڵێك ژنە کەنیزەك بهێنن. کەواتە پیاوێك چەند نادادپەروەر بێت مافی ئەوەی هەیە ژن بخاتە ژێر هەڵسوکەوتو بڕیارە ناراستو نادروستو نادادپەروەرییەکانی خۆیەوە..! ئەمە سەرباری ئەوەی کەباس لەمافەکانی ژنە کەنیزەکەکان ناکاتو بۆ بڕیارە نادادپەروەرییەکەی پیاوان ماوەتەوە.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org




## ئەنجام

راستییەکەی ئەوەیەو ئەزموونیش ئەوەی سەلماندووە کە پیاوانی سێکسبازی ئیسلام، لەسەر کەرامەتی ژنان، شەرعیان دروست کردوە. جگە لە کەنیزەك کە مومارەسەی سێکسیان لەگەڵ دەکەن، دەتوانن دوو دوو، سێ سێ، چوار چوار، ژن بهێنن‌و تەڵاقیان بدەن‌و دوانو سیانو چواری دیکە بهێننەوە:

1– لەئایەتەکەدا چەند وشەیەکی زیادەی تێدایە پەیوەندی بەحوکمی ئایەتەکەوە نییە.

2– ئەم ئایەتە دەورێکی ئیجابی لەسەر گەندەڵی سێکسیی پیاوی موسڵمانی کەم نەکردەوە.

3– ئایەتەکە رێگەچارەی بۆ ئەوانە دانەناوە کەزیاد لەچوار ژنیان هەبووە، بۆ دەستبەرداربونیان.

4– هیچ مافێك بۆ ئەو ژنانە دانەنراوە کەبەهۆی ئەم ئایەتەوە تەڵاق دەدران.

5– مەرجی فرەژنی دادپەروەرییەو دادپەروەریش مەحاڵە جێبەجێ بکرێت.

6– دەبوایە ئەم ئایەتە مەنسوخ بوایە بەئایەتی 129ی هەمان سورەت. بەڵام لەبەر زۆریی غەریزەی سێکسی پیاوە موسڵمانەکان ئەم کارە نەکراوە.

7– لەبەر ئەوەی کەنیزەکەکان وەك مرۆڤێك حیسابیان بۆ نەکراوە، دادپەروەری تەنها بۆ ژنە ئازادەکان دیاری کراوەو ئەم مافە ژنە کەنیزەکەکانی نەگرتووەتەوە.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

8- ئەگەر پیاو دادپەروەریش نەبێت دەتوانێ ژنی هەبێت.

9- لەئیسلامدا کەنیزەك وەك ئازادەکان مرۆڤی تەواو نین بۆیە ژمارەیان بۆ دیاری نەکراوە.

10- بەبێ هیچ پاساوێك ڕێگەیان لەکۆیلە گرتووە کەنابێت لەدوو ژن زیاتر بهێنن.

11- ئەو پاساوانەی ئیسلام بۆ فرەژنی هەیانە لۆژیکی نین‌و بۆ سەردەمانێك دەشێ کە کۆمەڵگەکان لەناو پەیرەوو ڕەفتارێکی تەواو ڕەشۆکیدا بژین.

12- پاساوەکانی ئیسلام بۆ فرەپیاوی لەگەڵ یەك ژندا زانستی نییە.

13- لەئایەتەکەدا بڕوای تەواوی ئیسلام بەهەبوونی کۆیلە دووپات کراوەتەوە.

14- ئایەتەکە ڕێگر نییە کە موسڵمانان نەتوانن لە چوار ژن زیاتر مارە بکەن بەڵکو توانیویانە لەڕێگەی بەکارهێنانی زاراوەی تەڵاقەوە زیاد لە کۆمەڵێك ژنی دیکە بهێنن.

15- هەبوونی دوو ئایەت‌و جێبەجێ نەکردنی ناوەڕۆکەکەشیان بەشێوەیەکی مرۆیانە لەئیعجازی قورئان کەمدەکاتەوە.

ئەو مافەی موحەممەد بەخشیوێتی بە پیاو بۆ هاوسەرگرتن، بەڕەوای نەبینیوە بەسەر کچەکەی خۆیدا ئەزموون بکرێت. کاتێك زاواکەی خۆی (عەلی کوڕی ئەبی تالب) ویستویەتی ژن بەسەر فاتیمەی ژنیدا بهێنێت، لەبەر ئەوەی فاتیمە کچی موحەممەد بووە، موحەممەد ڕازی نەبووەو لە مینبەری مزگەوتێکەوە وتویەتی:

بەنی هیشام داوای مۆڵەتیان لێ کردوم کە کچەکەیان لە عەلی کوڕی ئەبی تالب مارە بکەن. من ڕێگە بەم کارە نادەم، دوایش ڕێگە بەم کارە نادەم، دوایش ڕێگە بەم کارە نادەم. جا ئەگەر (عەلی) هەر دەیەوێت ژن بهێنێت، با کچەکەی من تەڵاق بدات ئەوسا کچی ئەوان مارە بکات. لەبەر ئەوەی فاتیمە پارچەیەکە لە من. هەر شتێك ئەو نارەحەت بکات منی نارەحەت کردووە، هەر شتێکیش ئازاری ئەو بدات منی ئازار داوە.[193]

193 إنَّ بَنِي هِشَامِ بْنِ الْمُغِيرَةِ اسْتَأْذَنُوا فِي أَنْ يُنْكِحُوا ابْنَتَهُمْ عَلِيَّ بْنَ أَبِي طَالِبٍ فَلَا آذَنُ ثُمَّ لَا آذَنُ ثُمَّ لَا آذَنُ إِلَّا أَنْ يُرِيدَ ابْنُ أَبِي طَالِبٍ أَنْ يُطَلِّقَ ابْنَتِي وَيَنْكِحَ ابْنَتَهُمْ فَإِنَّمَا هِيَ بَضْعَةٌ مِنِّي يُرِيبُنِي مَا أَرَابَهَا وَيُؤْذِينِي مَا آذَاهَا. صحيح البخاري. كتاب النكاح. باب:



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

فرەژنی نەریتێکی کۆنی داڕماوی کۆمەڵایەتییە, ئیسلامیش ئایینی پیاوانی جەنگاوەرو سەرمایەدارو سێکسبازەکانە! لەهەر شوێنێکی قورئاندا پێچەوانەی ئەم راستییە ئایەت هەبوبێت پشتگوێ خراوە. هەستو هەستوەرەکانی ژنان هەمان ئەو هەستو هەستوەرانەن کە پیاوان هەیانە. ئەو نارەحەتیو نارەزاییەی کە پیاو بۆی دروست دەبێ لەکاتێکدا ببینێ هاوسەرەکەی خۆی لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا لەناو پێخەفدا لێکئالاۆن، بەهەمان شێوە هەموو ژنێکیش، رادەی رۆشنبیری چەند لەئاستێکی بەرز یاخود نزمدا بێت، نارەحەتو نارازییە ژنێکی دیکە هاوبەشی پێخەفەکانی بکات. باشترین حاڵەتو چاکترین چارەسەر یەك هاوسەرێتییە لەگەڵ بەرچاورورونیان بەمافەکانی مرۆڤو رێزگرتن لەیاساکانی سەردەمی هاوچەرخ.

## پاشکۆی فەسڵی چوارهەم
## داد پەروەری و فرەژنی
## لە نێوان نەسخبوون و مانەوەی یاساکەیدا

بە پێوەری یاسای ناسخو مەنسوخ لە قورئاندا دەبوایە کار بە ئایەتی فرەژنی نەکرابایە. ئەگەر مەسەلەی فرەژنی پەیوەندی بە دادپەروەرییەوە هەبێت ئەوە فرەژنی مەنسوخە بە ئایەتی 129ی هەمان سورەت. بۆ روونکردنەوەی زیاتر، گەر بڕوانینە ئەو ئایەتانەی کەحوکمیان لەناو قورئاندا وەستێنراوە، بەسەدان ئایەت هەن کە لە جێگەیان ئایەتو حوکمی دیکە هاتوونەتە شوێنی. لێرەدا پێویستەو جێی خۆیەتی چەند نموونەیەك لەسەر وەستانی حوکمی چەند ئایەتێکی قورئان بهێنینەوە تابتوانین مەبەستەکەمان باشتر بپێکین.

مەشروب خواردنەوە لەسەرەتاکانی ئیسلامدا حەڵاڵ بووە. مادەی سەرخۆشکەرە لەقورئاندا بەبێ هیچ شەرمێك لەپاڵ نیعمەتێکی باشی خوایی ئاماژەی بۆ کراوە:

---

ذب الرجل عن ابنته في الغيرة والإنصاف. حديث4932

وَمِنْ ثَمَرَاتِ النَّخِيلِ وَالْأَعْنَابِ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَراً وَرِزْقاً حَسَناً.[194]

لەبەروبوومەکانی دارخورماو رەزی ترێ گەلێك بەرهەمی سەرخۆشکەرەو رزقی چاکو بەسوود بەدەستدەهێنن.

بەپێی ئەم ئایەتە، گیراوەی خورما، کە دەکاتە عارەقو یەکێکە لە مادە سەرخۆشکەرەکان، خواردنەوەی حەڵاڵە. هەروەها گیراوەی ترێش، کەدەکاتە شەرابو یەکێکی دیکەیە لە مادە سەرخۆشکەرەکان، خواردنەوەی ئەمیش حەڵاڵە! وشەی سەرخۆشکەر (سَكَراً) لەئایەتەکەدا بەڕوونی دیارە. ئەم جۆرە بەرهەمە سەرخۆشکەرانەیە لە پاڵ رزقێکی زۆر باش دانراون، وَرِزْقاً حَسَناً. نەك خراپ.

بۆ حەرامکردنی مەشروب چەندین رێگا گیراوەتەبەر. یەکەم هەنگاو لەسورەتی (مانگا)دا دەستی پێکرد:

يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِنْ نَفْعِهِمَا.[195]

دەربارەی مەشروبو یاریبازی پرسیارت لێدەکەن، دەربارەیان بڵێ: کەڵكو سوودیان هەیەو گوناهیشیان هەیە، بەڵام گوناهەکەیان زیاترە.

بەپێی ئەم ئایەتە خواردنەوەی گیراوەی ترێو خورماو..هتد، دوو دەرئەنجامی دەبێت، دەرئەنجامێکی خراپو دەرئەنجامێکی باش. بەڵام خراپەکەیان گەورەترە! حوکمی ئەم ئایەتە وای لە هەندێك کرد واز لەخواردنەوەی سەرخۆشکەرانە بهێنن. بەمەش حوکمی ئایەتەکەی پێشووتر، کەباس لە باشییەکانی بەرهەمی سەرخۆشکەرە دەکات، تاسنورێکی دیاریکراو وەستێنراو لەکارخرا.

بەهۆی خواردنەوەی بەردەوامی ئەو بەروبوومە سەرخۆشکەرانەیە لەلایەن موسڵمانو صەحابەکانەوە بووە هۆی ئەوەی کەزۆربەیان بەسەرخۆشی نوێژەکانیان بکەن. بۆ نموونە: (هبة الله سلامة) لەکتێبەکەیدا (الناسخ والمنسوخ) باس لەچەند صەحابەیەك دەکات کە لەکاتی سەرخۆشیدا نوێژیان کردووەو سورەتی (الکافرون)یان بەهەڵە خوێندووەتەوە، مانای

194 النحل 67

195 البقرة 219



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

وشەکانیشیان بەپێچەوانەوە لێکداوەتەوە. لەکاتی نوێژکردنداو لەخوێندنەوەی ئایەتی دووهەمی سورەتی کافرەکان، لەجیاتی بڵێن (لا اعبد) دەیانگوت (اعبد) یاخوو لەئایەتی پێنجەمدا لەجیاتی بڵێن (اعبد) دەیانگوت (لا اعبد).

بەم هۆیەوەو بۆ ڕێگەگرتن لەم دیاردەیە حوکمێکی تر لە قورئاندا نوسرا

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَقرَبُوا الصَّلاةَ وَأَنْتُمْ سُكَارَى حَتَّى تَعْلَمُوا مَا تَقولُونَ.[196]

ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە، لەکاتی سەرخۆشیدا نزیکی نوێژ مەبنەوە تابەخۆتان بزانن چی دەڵێن.

حوکمی ئەم ئایەتەش ئەوەیە کەخواردنەوەی بەرهەمە سەرخۆشکەرەکانی ئەوکاتە حەڵاڵ بووە، تەنها ئەوە نەبێت لەکاتی نوێژکردندا نابێت سەرخۆش بن بۆ ئەوەی بزانن چی دەڵێن. جگە لەمەش ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێت کەئەگەر موسوڵمانێك مەشروب بخواتەوەو سەرخۆش نەبێتو بەئاگابێتو نوێژەکەی بەرێکوپێکی بکات، ئەوا حوکمی ئەم ئایەتە نایگرێتەوە.

بەم شێوەیە هەندێك کەس لەخواردنەوەیان دوورکەوتنەوە، بەڵام هەندێك لە موسڵمانان لەسەر خواردنەوەی مەشروب بەردەوام بوون، تا دەرکەوتنی ئایەتێکی تر لە قورئاندا کەدەڵێت:

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ.[197]

ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە شەرابو.و. لەکاروکردەوەی شەیتانن، خۆتانی لێبپارێزن، بەڵکو سەرفرازبن.

لێرەدا خواردنەوەی سەرخۆشکەر دەبێتەکاری شەیتانو دەبێت موسڵمانان خۆیانی لێ بپارێزن. بەمەش حەرامکراو[198] و بۆ دڵنیایی زیاتر بە ئایەتێکی تر تەواو حەرامکردنەکەی یەکلایی کرایەوە:

---

196 النساء 43
197 المائدة 90



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Marwan Halabjaee www.xwdakan.com

إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ اللّهِ وَعَنِ الصَّلاَةِ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ.[199]

ئەوە شەیتان دەیەوێت لەڕێگەی مەشروبو یاریبازییەوە دوژمنایەتیو بوغزو کینە بخاتە نێوانتانەوەو لەیادی خواو نوێژەکانتان ڕێگریتان بکات، جا ئێتر کۆتایی پێ ناهێنن؟

ئەگەر تەماشای تەواوی ئایەتەکان لەم بارەیەوە (مەشروب خواردنەوە) بکەینو زۆر وردی نەکەینەوە بەدڵنیاییەوە دەڵێین ئایەتی (43) لە سورەتی (النساء) کەدەڵێت: (ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە، لەکاتی سەرخۆشیدا نزیکی نوێژ مەبنەوە تابەخۆتان بزانن چی دەڵێن.) مەنسوخ بووە، واتە حوکمەکەی وەستاوەو کاری پێناکرێت، لەجیاتی ئەو حوکمی ئایەتی (90) لەسورەتی (المائدة) جێگەی گرتووەتەوەو حوکمی خۆی دەکات. کەواتە ئایەتی (43ی النساء) تەنها بۆخوێندنەوەیەو هیچ سودێکی دیکەی لەحوکم لێ نابینرێت، ئەوە نەبێت کەباسی یەکێك لەقۆناغەکانی مێژوو دەکات.

ئێستا تێگەیشتین کەئایەت لەقورئاندا هەیە تەنها بۆخوێندنەوەیەو هیچ حوکمێکی نییە. لە بواری فرەژنیشدا دوو ئایەتمان هەیەو لە دوو زەمەنی جیاوازدا نوسراون، ئایەتی یەکەم ئایەتی سێی ژنان، پێمان دەڵێت کە بۆ موسڵمانان هەیە فرەژنی بکەن و کارێکی حەلاڵە، تەنها بەیەك مەرج کەدەبێت لەنێوان ژنەکانیاندا دادپەروەربن، لەئایەتی دووهەمدا, ئایەتی سەدو بیست و نۆی هەمان سورەت، پێمان دەڵێت کەموسڵمانان ناتوانن لە نێوان ژنەکانیاندا دادپەروەر بن، خۆ ئەگەر سووریش بن لەسەر ئەوەی کە دەتوانن دادپەروەر بن هەر ناتوانن.! لێرەدا پرسیارێك خۆی قوت دەکاتەوە، بۆ ئایەتی حوکمی فرەژنی (النساء3) وەك ئایەتی حەڵاڵکردنی مەشروب نەوەستێنراو حوکمی دادپەروەرێتی یەك ژنە (النساء129) بخرێتە شوێنی؟ دەبوایە وەك هەموو ئەو ئایەتانەی کەنەسخ بوونەتەوە، ئایەتی فرەژنی نەسخ بوایەتەوەو کار بە دادپەروەری بکرایە.

---

198 البغدادي.. الناسخ والمنسوخ.. هبة الله بن سلامة البغدادي.. دراسة وتحقيق: د.موس ناي علوان. دار العربية للموسوعات- بيروت-1989

199 المائدة 91



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

لۆژیك پێمان دەڵێت فرەژنی حەرامە. بە هەموو پێوەرێكی ئایینی یاسای فرەژنی مەنسوخەو ناسخەكەی نەبوونی دادپەروەرییە لەلای پیاو. نەسخنەكردنیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دیاردەی فرەژنی لەبەرژەوەندی غەریزەكانی پیاوانی موسڵمانە. حوكمی یەك ژنەو مەسەلەی دادپەروەری لەگەڵ غەریزەی سێكسی ئیماندارەكانی ئیسلامدا یەكناگرنەوە. نەسخ نەبوونی حوكمی فرەژنی لەلایەن زانایانی ئیسلامەوەو جێبەجێكردنی لەلایەن ئیماندارو صەحابەكانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوازی ژیانە كۆمەڵایەتییەی كەئەوان تێیدا ژیاون. بەرژەوەندی پیاو لەهەر كوێیەك بوویێت. لەیاساكانی ئیسلامدا دەتوانین بەسەدان ئایەت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی پیاو بدۆزینەوە بەڵام بۆ بەرژەوەندی ژنان یەك ئایەت نابینین كەبەراستی مافەكانی ژنان لەئاستی پیاواندا یەكلا بكاتەوە.!!

ئیسلام لەهەموو كاتو شوێنێكدا كلتووری پیاوسالاری پاراستووە، تەنانەت لەبوارەكانی سیاسیو ئابووریو دەسەڵاتیشدا پیاو سەردارو سەروەر بووەو كلتووری شەڕو كوشتار كەنەرێتێكی كۆنی دووڕگەی عەرەبی ئەوكاتە بووە، لەهەموو ئایەتەكاندا رەنگی داوەتەوەو قورئان هیچ كام لەبەرژەوەندییەكانی پیاوی لەبیر نەچووە. كۆمەڵێك ئایەت لەقورئاندا هەن باس لەبرایەتیو خۆشەویستیو پێكەوەژیانو گفتوگۆی جوانو چیرۆكی خەیاڵیو بەهەشتی خۆشو بەرینو ژیانی پڕ لەئارامی دەكەن، وەك ئەم چەند ئایەتە:

وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ.[200]

ئێمە تۆمان رەوانە نەكردووە، بۆ ئەوە نەبێت كە ببیتە رەحمەت بۆ هەموو جیهانەكان.

وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاء فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاء فَلْيَكْفُرْ.[201]

بلێ حەق ئەوەیە كە لەلای خواوەیە، كێ ئارەزووی هەیە با باوەڕ بهێنێتو كێش ئارەزووی هەیە با كافر بێت.

ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ.[202]

200 الانبياء:107
201 سورة الكهف 29
202 سورة النحل 125



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

بانگەواز بۆ ڕێگای ڕاستی خوا بکە بە ئامۆژگاری چاكو بە جوانترین شێوەش گفتوگۆیان لەگەڵ بکە.

جگە لەو ئایەتانەی سەرەوە ئەم چەند ئایەتەی تریش بەکوردی وەك نموونە دەهێنینەوە:

بڵێ ئەی کافرەکان، من ئەوە ناپەرستم کەئێوە دەیپەرستن، ئێوەش ئەوە ناپەرستن کەمن دەیپەرستم، وەمن ئەوانەم نەپەرستووە کەئێوە پەرستوتانە، وەئێوەش ئەوەتان نەپەرستووە کەمن پەرستوومە، دینی خۆتان بۆ خۆتانو دینی خۆم بۆ خۆم.[203]

ئەم ئایەتانە تا بلێی وتنو خوێندنەوەیان خۆشەو بەڕاستی دەتوانین لەچەند پەرەگرافێکی ئاوهادا بەرگی ئاینێ لەئسلامدا ببینین. بەڵام چونکە ئاکارو ڕەفتارو بیرکردنەوەی نیوە دورگەی ئەو کاتەی عەرەب ڕەشۆکیانە هەڵکەوتبوو، ماناو ڕۆحی ئەم ئایەتانە تێکەڵ بەرەوشتیان نەبوو، تێکەڵی ئەو ڕجولەتو شەهامەتەی پیاوان نەبوو کەلەناو ئاکارو ڕەفتاریاندا نوقم بووبوو. ئەو کۆمەڵگەیە هەمیشە لەناو شەڕو کاولکردنو تاڵانکاریو سەربڕیندا دەژیانو وشەی جوانو گفتوگۆی جوان لەلایان بێ مانا بوو. لەبەر ئەمەش زۆربەی ئەم ئایەتانە حوکمیان لەناو قورئاندا وەستێنراوەو لەبری ئەوانە کۆمەڵێك ئایەتی دیکەی شەڕانی هاتونەتە شوێنی کە لەگەڵ ئەو شەهامەتەو ئەو کلتورە شەڕانییەدا ئاوێتە بن. ئەمانەش چەند نموونەیەکن لەو ئایەتانە:

ئەگەر مانگەکانی حەرام تەواوبوون، موشریکەکانتان لەهەرشوێنێك دیییەوە بیانکوژن، دەستگیریان بکەنو بیانبەن، چواردەوریان لێ بتەنو سنوور بۆ چالاکییەکانیان دابنێن، بەهەموو شێوەو شێوازێك کەمینیان بۆ دابنێن، خۆ ئەگەر تۆبەیان کردو نوێژیان دابەستو زەکاتیان دا، وازیان لێبهێنن چونکە خوا بەخشندەو میهرەبانە[204] بیانکوژن ئەوانەی باوەڕیان بەخواو ڕۆژی دوایی نییەو ئەوشتانە حەرام ناکەن کەخواو پەیامبەرەکەی حەرامیان کردووەو ملکەچی دینی حەق نابن لەخاوەنی کتێبەکان.. بیانکوژن، هەتا دەگاتە ئەوکاتەی

203 الكافرون
204 التوبة 5

بەسەرشۆڕیو ملکەچیو بەدەستی دریژەوە پارە دەدەن[205] من ترسو بیم دەخەمە دڵی بێ باوەرەکانەوەو ئێوەش ملیان بپەڕێنن[206] لەهەرشوێنی کافرەکانتان بینی ، پشتیان لێنەکەنو هێرشیان بۆ ببەن[207] هەرچەندە شتێکی ناخۆشیشە جەنگ لەسەر ئێوە بڕیاردراوە، لەوانەیە هەندێك شتتان لا ناخۆش بێت کەچی مایەی خێربێت بۆتان، هەروەها هەندێك شتتان لا خۆش بێت، کەچی مایەی شەڕبێت بۆتان، بێگومان خوا نەبێت ئێوە نازانن خێرو شەڕ لەچیدایە[208] شوێنی شەڕ دیاری بکەن[209] ئەی (موحەممەد) هانی ئیمانداران بدە بۆ جەنگ، ئەگەر بیست کەسی خۆڕاگر لەئێوە هەبێت دەتوانن زاڵ ببن بەسەر دووسەد کافردا، ئەگەر سەد کەس بن ئەوە چاری هەزار کافر دەکەن[210] هەرچی لەتواناتاندا هەیە بیخەنە گەڕو کەمتەرخەمی مەکەن تا دوژمنەکانتان چاوترسێن دەبن[211] بۆتان نییە دیل گل بدەنەوە، بیانکوژن[212] ئێوەش گەردنیان بپەڕێننو سەری پەنجەکانیان ببڕنەوە تا نەتوانن شمشێر بوەشێنن من لەم کوشتارەدا یارو یاوەرتانم[213] چونکە خوا تۆڵەسەنەرێکی توندو بەجەختە[214] دژی کافران بجەنگن تا ئاشووب نەمێنێتو دینداری تەنهاو تەنها بۆ خوا بێت[215]

---

205 التوبة 29
206 الانفال 12
207 الانفال 15
208 البقرة 216
209 آل عمران 121
210 الانفال/ 65
211 الانفال/60
212 الانفال/67
213 الانفال/12
214 الانفال/13
215 الانفال/39

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

ئەم ئایەتە خوێناویانەی کە چەندین ئایەتی تری لەکار خستووە، بە فەرمانی پەیامبەری ئیسلام بووە نەك زاناو راڤەکاران. ئەوەتا لە ناو قورئاندا بە راشکاوانە نوسراوە (خۆمان حوکمی ئایەتەکان دەگۆڕین و حوکمی ئایەتی دیکە لە جێگەیدا دادەنێین):

{مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَا أَوْ مِثْلِهَا أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللّهَ عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ}.[216]

ئێمە هیچ ئایەتێك ناسڕینەوە یاخود لە بیری ناکەین تا یەکێکی باشتر لە جێگەی دانەنێین یاخود وەك ئەو ئایەتێکی دیکە نەهێنین، ئایا تۆ نازانیت خوا بەسەر هەموو شتێکدا توانای هەیە؟

دیارە ئایەتی کوشتن و کوشتار لە ئیسلامدا لە ئایەتی برایەتی و پێکەوە ژیان بە باشتر زانراوە چونکە لەناو ئەم ئایەتەی ئێستا خوێندمانەوە بە (باشتر) ئاماژەی بۆ کراوە. چەند پرسیارێك لە پەیامبەری ئیسلام کراوە و پێیان وتووە چۆن دەبێت لە قورئاندا شتی وا هەبێت، لە لایەکەوە دەڵێی (خەڵکی ئارەزووی خۆیانە باوەڕ بە ئیسلام دەهێنن یان..نا، هەموو کەسێك لە هەڵبژاردنی ئایینەکەیدا ئازادە) کەچی لەلایەکی ترەوە دەڵێی (ئەوەی باوەڕ بە ئیسلام نەهێنێت لە هەر شوێنێك ببینین دەیکوژین)!؟ گەر وایە تۆ درۆزنیت

ئەویش بە ئایەتێك وەڵام دەداتەوە:

{وَإِذَا بَدَّلْنَا آيَةً مَّكَانَ آيَةٍ وَاللّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ قَالُواْ إِنَّمَا أَنتَ مُفْتَرٍ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ}.[217]

ئەگەر لەشوێنێکدا ئایەتێکمان بە ئایەتێکی تر گۆڕی، خواش خۆی باشتر دەزانێت چی دادەبەزێنێت، ئەوە دەڵێن (ئەی موحەممەد) تۆ درۆزنیت، وانییەو ئەوانە زۆربەیان نازانن.

موحەممەد بەم ئایەتە تەمومژاوییە وەڵام دەداتەوەو نەشیتوانیوە وەڵامێکی روون و بەڵگەیەکی لۆژیکی بدات بە دەستەوە، ئەوەتا لەم ئایەتەدا بە موحەممەدیان وتووە تۆ درۆزنیت.

216 البقرة 106

217 سورة النحل 101



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Marwan Halabjaee www.xwdakan.com

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

بەڵام راستییەکەی ئەوەیە حوکمی ئایەت بە ئایەتێکی تر گۆڕاوەو قورئانیش دانیاوە بەم گۆڕانکارییەدا. بەمانایەکی تر ئیسلام نایەوێت ئازادی لە هەڵبژاردندا هەبێت، دەبێت هەموو کەسێ لە هەڵبژاردنی ئایینی ئیسلامدا خۆی یەکلایی بکاتەوە، یان تەسلیمبوون بە ئیسلام، یان کوشتن.

ئایەتەکانی شەڕ هەر زۆر زوو لەدەروونی ئەو کۆمەڵگە رەشۆکیەدا جێگایان بووەوە, چونکە شەڕو کوشتن، سەربڕین‌و تۆقاندن، ماڵ داگیرکردن، دەستکەوت، ئەتککردن‌و ئەنفالکردن، لەگەڵ کلتورو ژیانی کۆمەڵایەتی صەحابەو موسڵمانانی ناوچەکەدا رەگی داکوتی بوو. هەر لەمنداڵییەوە تێکەڵی دەروونیان بوو بوو. ئەنجامی ئەمەش هەرچی ئەو ئایەتانەی لەگەڵ ئاکاریاندا ئاوێتە دەبوو, دەیانکردە ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانیان‌و ئەوەشی لەگەڵ کلتوورو خوورەوشتیاندا نەدەگونجا پشتگوێیان دەخست.

مەسەلەی فرەژنی‌و یەك ژنەش هەر لەم بنەمایەوە سەرچاوەی گرتووە. ئاکاریان لەگەڵ خۆسەپاندن بەسەر ژنانداو هەوەسی سێکسییان لەگەڵ کۆمەڵێك ژن‌و کەنیزەکەکاندا یەکی دەگرتەوە نەك تەنها ژنێك. لەبەر ئەم هۆیە ئەو ئایەتیان پشتگوێ خست کەباس لە یەك ژن دەکاو حوکمی ئەو ئایەتیان جێبەجێ کرد کە باس لە فرەژنی دەکات.

پاش تێپەڕبوونی سەدان ساڵ بەسەر مێژووی ئیسلامدا چەندین فتوای جۆراوجۆر بۆ کوشتن‌و شێوەی سەربڕین دەبینین. لەلایەن زانایەکی ئیسلامەوە فتوا دراوە کە سەربڕینی مرۆڤ ئەهوەنترین کوشتنە![218] بەڵام زانایەکمان نەدی حوکمی فرەژنی راگرێ‌و حوکمی یەك ژنە بخاتە شوێنی. لایان وایە ئایینی ئیسلام بەبێ تێرکردنی غەریزەکانی پیاو سەرناگرێ‌و بلاو نابێتەوە!!.

---

218 بڕوانە کتێبەکەی هادی علوی: تأريخ التعذيب في الاسلام. باسی زۆر لەو ئەشکەنجەو کوشتارانە دەکات کە لە مێژووی ئیسلامدا ڕوویانداوە.

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

## فەسڵی پێنجهەم

### سێکس و موحەممەد

پەراوێزخستنی ئافرەتان لەکاروبارەکانی ڕۆژانەدا، دروخستنەوەیان لەڕەهەندەکانی بڕیاردان، زیندانیکردنیان لەماڵەکانداو دارنینیان لەزانستە گشتییەکان، پایەی ئایین توندوتۆڵتر دەکاو کۆمەڵگاش لەبەرامبەر بەرەوپێشچوونی پێگە دیموکراتی و شارستانی و کایە مەعریفییەکاندا شکست دەهێنێت.

### دەرگای یەکەم

### موحەممەد لەنێوان مرۆڤایەتی و پەیامبەرایەتیدا

لە بەشەکانی حیجابو فرەژنیدا بۆمان دەرکەوت لە ڕوانەگەی ئیسلامەوە لاشەی ژن پڕە لە گوناهو تاوانو بۆ جوڵاندنی هەوەسە سێکسییەکانی پیاو هەستیارترین وەسیلەیە. ئەم

بۆچوونەی ئیسلام یاساگەلێکی وای هێنایە بەرهەم کە پیاوانی موسڵمان ئافرەتەکانیان لەناو کۆمەڵێك پۆشاکدا بپێچنەوە تا دیمەنی جەستەیان داپۆشرێت, هەروەها کۆمەڵێك ژنیش لە دەوری یەك پیاودا کۆبکاتەوە تاغەریزە سێکسییەکانیان تێر بکات. بەم پێیەش رێگە بۆ پیاوان خۆش ناکرێت دووچاری گوناهو تاوانو لادانی سێکسی بن. بەڵام ئایا موحەممەد دەچێتە ناو ئەم بەراوردکارییەوە.؟

لە چەمکدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان ئەم فەسڵەو فەسڵەکانی دیکەدا نییە، باسوخواسی هەموویان، نیازو ئامانجی هەموویان دەمانباتەوە بۆ یەك مەبەست کەئەویش بینینی ئەو وێنە نائنسانییەی ژنانە کە لە دەقەکانی ئیسلامدا وێنەیان بۆ کێشراوە.! بەڵام ئەوەی ئەم فەسڵە لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە تایبەتە بە خودی موحەممەد چ ئەو ئایەت و سەرگوزشتانەی تایبەتن بەخۆی چ ئەوانەی پەیوەندییان بە ژنەکانییەوە هەیە لەهەر سێ ڕووەکەیەوە: سێکس و شەرع و ژن. چونکە واچاوەڕوان دەکرا ڕەوشتی جوانو کردەوەی سەرنجڕاکێشی پڕ ژیری، دوور لە هەر حەزێکی دونیایی, بۆ کەسێك کە خۆی بە پەیامبەر دەزانێت, کۆمەڵێك سیفەتی موحەممەد بوونایە, تا ببوایەتە نموونەیەی پێشەنگیو لەخۆبووردەیی بۆ تەواوی موسڵمانان نەك بەپێچەوانەوە.

لەم فەسڵەدا ئەو جۆرە یاسایانەی کە لە ئیسلامدا هەنو موحەممەد داڕێژەری سەرەکیان بووە, کاریگەری کلتوری ئەو سەردەمەو چۆنییەتی بیرکردنەوەی خودی خۆیمان وەك مرۆڤێك بۆ ژن بەتایبەتیو بۆ کرداری سێکس بەگشتی, نیشان دەدات. ئەگەرچی ژنان بەرپرس نین لەو گوناهو تاوانانەی پیاوان ئەنجامی دەدەن! هەروەها بەرپرس نین لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە دەروونی پیاوان بەهۆی جوڵاندنی هەوەسە سێکسییەکانیانەوە بۆیان دروست دەبن, بەڵام بەهۆی هەڵچوونە ناوەکییەکانی خودی موحەممەدەوە, سەرباری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە, کێشەی لەدەستدانی



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

کۆنترۆڵی پیاوانی موسڵمان بە داپۆشینی ژنانو کۆبوونەوەی چەندین ژن لای یەك پیاو بەچارەسەر زانیوە, کە دەتوانین خۆی بکەینە جوانترین نموونە.[219]

لە زۆربەی هەرەزۆری سەرچاوە بڕواپێکراوەکانی مێژووی ئیسلامدا, بە هەردوو صەحیحەکەی بوخاریو موسلیمەوە, ڕاشکاوانە ئاماژەیان بەو ڕووداوە ڕاستەقینەیە داوە.[220] کە پەیامبەری ئیسلام (موحەممەد), لەتەمەنی پەنجاو یەك ساڵیدا داخوازی کچێکی ئەبوبەکری صدیقی کردووە بەناوی عائیشە کە ئەو کاتە تەمەنی شەش ساڵان بووە. مارەی کردووەو پاش سێ ساڵ زەواجەکەیان کردووەو چوونەتە پەردەوە. ئەم دوو ئیمامەش لە باوەڕپێکراوترین مێژوونوسو زانایانی ئیسلامن.[221]

---

219 موحەممەد بالآیەکی مامناوەندی کەمێك بەرزی هەبووە, سەری گەورەو ڕیشی بەربلاو بووە, قژێکی لوولو شۆڕی بووە, گەردنی مەیلەو سپی بووە, لەژێر ملییەوە تا نزیکی (ناوك)ی تووکی پێوە بووەو شانو ژێر باڵی بێ تووك بوون, لەپی دەستو قاچەکانی پانوپڕو کراوە بوون, ناوشان پان بووە, لەکاتی ڕۆشتنیدا لەسەر لا هەنگاوی قورسی ناوە, کاتێك لای کردووەتەوە لەبەر ئەستووری شانو گەردنی هەموو لەشی بادراوە. تأريخ الطبري, ذكر صفة النبي 221/2

220 صحيح البخاري: كتاب النكاح, باب, من بنى بأمرأة وهى بنت تسع سنين. حديث4863. صحيح المسلم: كتاب النكاح, باب تزويج الأب البكر الصغيرة. حديث1422

221 دەگێڕنەوە لەکاتی دەزگیرانیدا ئەم دووانە (پەیامبەرو عائیشە) رابواردنیان کردووە, بەڵام جووتبوونی تەواویان نەبووە, بەڵکو پەیامبەر چووکی خۆی لە نێوان رانی عائیشەدا هێناوەو بردووە. (بە ناوگەڵ, لێخشاندن). بەم هۆیەوە پرسیاریان لە (لیژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستیو فتوا) کردووە (کە ئایا پەیامبەری ئیسلام شتی وەهای کردووە.؟) ئەوانیش بەم فتوایە وەڵامیان داوەتەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی, بە عەرەبیو کوردی:

فتوى مفاخذة الصغار.. فتوى رقم 31409.. تاريخ 7\5\1421هـ

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لا نبي بعده.. وبعد: فقد اطلعت اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والافتاء على ما ورد الى سماحة المفتي العام من المستفتي ابو عبدالله محمد الشمري والمحال الى اللجنة من الامانة العامة لهيئة كبار العلماء برقم 1809 وتاريخ

1421\5\3هـ وقد سأل المستفتي سؤالا هذا نصه: انتشرت في الاونة الاخيرة, وبشكل كبير وخاصة في الاعراس عادة مفاخذة الاولاد الصغار, ماحكم ذلك مع العلم ان رسول الله صلى الله عليه وسلم كان قد فاخذ سيدتنا عائشة رضي الله عنها..؟؟ وبعد دراسة اللجنة للاستفتاء اجابت بمايلي: ليس من هدي المسلمين على مر القرون ان يلجأن الى استعمال هذه الوسائل الغير شرعية والتي وفدت الى بلادنا من الافلام الخلاعية التي يرسلها الكفار واعداء الاسلام, اما من جهة مفاخذة رسول الله صلى الله عليه وسلم لخطيبته عائشة فقد كانت في سن السادسة من عمرها ولا يستطيع ان يجامعها لصغر سنها لذلك كان صلى الله عليه وسلم يضع اربه بين فخذيها ويدلكه دلكا خفيفا, كما ان رسول الله يملك اربه على عكس المؤمنين. بناء على ذلك فلا يجوز التعامل بالمفاخذة لا في الاعراس ولا في المنازل ولا في المدارس,لخطرها الفاحش ولعن الله الكفار,الذين اتوا بهذه العادات الى بلادنا. اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والافتاء. عضو:بكر بن عبد الله ابو زيد. عضو:صالح بن فوزان الفوزان. الرئيس عبد العزيز بن عبد الله بن محمد آل الشيخ.

**فتوای لێخشاندنی منداڵان.. ژمارەی فەتوا 31409.. بەرواری 1421/5/7ی كۆچی**

**سوپاسگوزاری تەنها بۆ خواو سەلامیش لەو پەیامبەرەی كەدوای ئەو هیچ پەیامبەرێكی دی نایەت..تاد لیژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستیو فتوا بەسەر ئەو بابەتەدا چووەوە كە بۆ سەماحەتی موفتی گشتی (ابو عبدالله محمد الشمری) هاتووەو رەوانەی لیژنەیەك لە ئەمانەتی گشتی هەیئەی گەورە زانایان كراوە بەنوسراویان ژمارە 1089 لەبەرواری 1421/5/3كۆچی. تێیدا پرسیار لە موفتی كراوە, ئەمەش دەقەكەیەتی: لەم ماوەیەی دواییدا بەشێوەیەكی بەرفراوان, بەتایبەت لە دەزگیرانیدا, نەرێتی لێخشاندنی منداڵانی بچووك بڵاوبۆتەوە, ئایا حوكمی ئەمە چییە.؟ بۆ زانیاریش پەیامبەر, سەڵاتو سەلامی خوای لێ بێت, لێخشاندنی لەگەڵ رێزدارمان عائیشەدا (خوا لێی رازی بێت) كردووە.؟ دوای دراسەكردنی لیژنە بۆ فتوادان بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە: رێنموویی بۆ موسڵمانان نییە دوای تێپەڕبوونی چەندین سەدە پەنا بۆ بەكارهێنانی ئەم كارە ناشەرعییانە ببەن كەبەهۆی فیلمە سێكسییەكانەوە گەیشتووەتە وڵاتەكەمانو كافرو دوژمنانی ئیسلام ناردویانن, ئەو لایەنەیش كە پەیامبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) لێخشاندنی بۆ عائیشەی دەزگیرانی كردووە, بەهۆی ئەوەوە بووە كە عائیشە لەتەمەنی شەش ساڵیدا بووەو**



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org



بۆیە دەبینین ئەم مەسەلەیە هەروا بەئاسانی بەسەر کەسانی وشیاردا تێنەپەڕیوە, بەڵکو رەخنەو پرسیارگەلێکی زۆریان رووبەرووی ئیسلام کردووەتەوەو مێژووی ئەم ئایینەیان شەرمەزار کردووە. زانایانی ئیسلامیش تا هەنووکە نەیانتوانیوە وەڵامێکی لۆژیکانەی یەکلاکەرەوە بۆ ئەم کردەوەیە بدەنەوە. دیارە جووتبوونی پەیامبەرێکی پەنجاو چوار ساڵە, لەگەڵ کیژۆڵەیەکی نۆ ساڵ, کە هێشتا نازانێت جیاوازی بایۆلۆژی چییە, بەرەو رەهەندێکمان دەبات کە خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ ژیانی سێکسی ئەم پەیامبەرە بکەین.

---

پەیامبەر لەبەر بچووکی تەمەنەکەی نەیتوانیوە لەگەڵی جووت ببێت, لەبەر ئەوە ئەو (ص) چووکی خۆی دەخستە نێوان هەردوو (ڕان)ییەوەو بەئاستەمو لەسەرخۆ لێی دەخشان, سەرباری ئەوەش کە پەیامبەری خوا بەپێچەوانەی ئیماندارانەوە چووکێکی تایبەتی هەبووە. بەهۆی ئەمەوە نابێت لێکخشاندن بکرێت, نە لە دەزگیرانیداو نە لە ماڵەکانداو نە لە قوتابخانەکاندا, چونکە فاحیشەیەکی ترسناکەو خواش ئەو کافرانەی بەنەفرەت کردووە کە ئەم دابونەریتەی هێناوەتە وڵاتەکەمانەوە.

لیژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستیو فتوا. عبد العزيز بن عبد الله بن محمد آل الشيخ.. سەرۆك. بكر بن عبد الله ابو زيد.. ئەندام. صالح بن فوزان الفوزان.. ئەندام. ئەم زانیارییە لەهێڵی ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە.

لە رێی نامەیەکەوە زۆر هەوڵمدا لیژنەی ناوبراو بە نوسراوێکی رەسمی خۆیان دروستی ئەم فتوایە بسەلمێنن, بەداخەوە وەڵامیان نەدامەوە, تەنانەت نکوڵیشیان لێ نەکرد. بەڵام ئەوەی لەم فتوایەدا لەبیرچووەو لیژنەی گشتی بۆ توێژینەوەی زانستیو فتوادان پێیان نەزانیوە ئەوەیە کە ئەم نەریتە بەهۆی فیلمی سێکسیەوە کافرەکان نەیانناردووەتە وڵاتەکانی ئیسلامییەوە, بەڵکو بەپێی ناوەڕۆکی فتواکە نەریتێکە خودی پەیامبەر داهێنەری بووە..!! دەبوو ئەو نەفرەتەیان نەکردایە چونکە پەیامبەر دەگرێتەوە. دیارە لەنەزانینی خۆیانەوە بووە. رەنگە هەر ئەم کاریگەرییەش بوبێت وای لە ئیمامی خومەینی کردووە باس لەم جۆرە لێخشاندنە بکاتو رێگە بەخۆی بداتو بڵێت دەستلێدانو ماچو لەباوەش گرتنو لێخشاندن رێگەی پێدراوە ئەگەر هاتوو کچەکە شیرەخۆریش بێت..!! تحرير الوسيلة للإمام لروح الله الموسوي الخميني.. كتاب النكاح.

Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

کۆمەڵێك ئایەت لەقورئانداو کۆمەڵێك بەسەرهاتو فەرمووده لە سوننەدا هەن, پێمان دەڵێن یەکێك لەکارە نامۆو سەرسوڕهێنەرەکانی مێژووی ئیسلام قسەکردنە لەسەر سێکسی موحەممەد, کە موماره‌سەی چەندین رووداوی سێکسو فرەژنی کردووه. بە خوێندنەوەیان دەردەکەوێت کە ڕەوشتی موحەممەد، وەك هەرتاکێکی تر، لە بەرهەمی کۆمەڵگاکەی خۆیەتی و توانای نەبووه لەژێر کاریگەریی کلتوورەکەی دەرچێت. بەم هۆیەوە, لەناو ئەو پەیامەی هەیبوو, نەیتوانیوه هەنگاوێکی ئیجابییانه بۆ بەرگرتن بەو گەندەڵییە سێکسییە بهاوێت کە لەناوچەکەدا باو بووه. بەپێچەوانەوه خودی خۆی یەکێك بووه لەو قارەمانە هەرە دیارو بەناوبانگانەی ئیسلامو تەواوی بەشەرییەت. بەپێی ئەو بەڵگانەی لەم بەشەدا دەیخوێنینەوه, ئەوەی موحەممەد وەك پەیامبەرێك بە خۆی ڕەوا بینیوە بەهیچ یەکێك لە خەلیفەو صەحابەکانو هیچ مرۆڤێکی دیکەی موسڵمانو ناموسڵمانی بە ڕەوا نەبینراوه.

موحەممەد تا نەبووه پەیامبەرو هێزو دەسەڵاتی پەیدا نەکردبوو, وەك هەر کەسێکی ئاسایی, قسەی, رەفتاری, بیرکردنەوەی, شێوەی ژیانو هەڵسوکەوتەکانی, شایستەی باسکردنو لێدوان نەبوون. جگە لە خورافەو چیرۆکی دروستکراو, شتێکی گرنگو ئەوتۆ لە ژیانیدا نابینینەوه. بەڵام ئەو قۆناغەی کە پەیامەکەی لە مەککەدا سەریهەڵدا, لەگەڵ ئەو ژیانەی لە مەدینەدا بەسەری برد, شایستەی چەندین هەڵسەنگاندنن. ئەو ئایەتانەی لە قۆناغی مەککەدا, دواتر لە شاری مەدینەدا دەرکەوتوون, کاریگەریی بەسەر پەیامەکەیو شوێنکەوتوانیشیەوه بە دوو شێوە هەبووه. دەتوانین بڵێین لە قۆناغی مەککەدا, وەك هەر دەرکەوتەیەکی مێژوویی, پەیامبەرێکی کلاسیکی بووەو وەك ئەو کەسانەی کە پێش خۆی پڕوپاگەندەی پەیامبەرایەتییان دەکرد بانگەوازی دەکردو داهێنانێکی ئەوتۆی وەهای نەبووه کەشایانی باسکردن بێت. لە قۆناغی مەدینەشدا تەواو بە پێچەوانەوه بووه. پاش پانزە ساڵ لە دوای سەرهەڵدانی ئیسلام, کەڵەکەبوونی سەرمایەی خۆیو بەرزبوونەوەی ئاستی ئابووریو ڕێکخستنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی موسڵمانان, وردە وردە بووه هۆی پێکهێنانی دەسەڵاتێکی تۆکمەو دەرکەوتنی پادشایەك بەناوی موحەممەد. ئەو بانگەوازەی لەقۆناغی مەککەدا ڕاگەیاندنی بۆ دەکردو هەموو شتێکی دەبردەوه بۆ ئاسمان, لە قۆناغی مەدینەدا وەك



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

سەرکردەیەك هەموو شتەکانی لە ئاسمانەوە دابەزاندە سەر زەوی. لێرەدا زۆر ئاساییە کەسێکی لەم شێوەیە خۆی لەناو خۆشییەکانی دونیادا ببینێتەوەو نەتوانێ خۆی لە کاریگەری ژینگەو کلتوری ناوچەکە دەرباز بکاتو کۆمەڵێك یاسا بۆ کۆمەڵگا بەرهەم بهێنێت نەك بۆ بەرژەوەنی گشتی بەڵکو لەگەڵ ویستو ئارەزووەکانی خۆیو پیاوانی دەوروبەریدا یەکانگیر ببێتەوە.

ژینگە, کلتوور, ئابووری, نەریتی کۆمەڵایەتی, دواتر فەرهەنگی ئایینی ئیسلامو زۆری دیکە, کەسایەتی موحەممەدی لە کاری پەیامبەرییەوە گۆڕی بۆ فەرمانداریکی جەبەرووت کەلەسەر کورسی پادشاهێتی دانیشێت. هەر بۆیە زۆر ئاساییە ببینین. سەرکردەیەکی لەم شێوەیە چەندین کۆیلەو کەنیزەكو خزمەتکاری هەبێتو مێژوونوسانیش ناوی زۆربەیان بنوسنەوە.[222] لە مەککەو پێش زەواجەکەی لە خەدیجە نەدارو برسی بوو, دواتر چەندین خزمەتکار لەدەوروبەری دەئالێنو هەریەك لەوانەش ئەرکو کاری تایبەتی پێ دەسپێرن, لەوانە: أَنَسُ بْن مَالِكٍ, سەرپەرشتی شوێنی دەستبەئاوگەیاندنی موحەممەدی کردووە. عَبْدُ اللّهِ بْنُ مَسْعُودٍ, سەرپەرشتی سۆلەکانو سیواکی کردووە. عُقْبَةُ بْنُ عَامِرٍ الْجُهَنِيّ, سەرپەرشتی هێسترو وڵاخەکانی کردووە. أَسْلَعُ بْنُ شَرِيكٍ, سەرپەرشتی وشترو بارەکانی کردووە. (أَبُو

---

222 بۆ نموونە لە پیاوان: أَبُو رَافِعٍ, أَسْلَمُ, ثَوْبَانُ, أَبُو كَبْشَةَ سُلَيْمٌ, شُقْرَانُ, رَبَاحٌ نُوبِيّ, يَسَارٌ نُوبِيّ, مِدْعَمٌ, كِرْكِرَة نُوبِيّ, مِدْعَمٌ, أَنْجَشَةُ الْحَادِي, سَفِينَةُ بْنُ فَرّوخ, أَبَا مِشْرَحٍ, زَيْدُ بْنُ حَارِثَةَ بْنِ شَرَاحِيلَ, أَفْلَحُ, عُبَيْدٌ, كَيْسَانُ, ذَكْوَانُ, مِهْرَانُ, مَرْوَانُ, حُنَيْنٌ, سندر, فَضَالَةُ يَمَانِيّ, مأبور خَصِيّ, وَاقِدٌ, أَبُو وَاقِدٍ, قسام, أَبُو عسيب, أَبُو مُوَيْهِبَةَ. لەئافرەتانیش: (سَلْمَى) أُمّ رَافِعٍ, مَيْمُونَةُ بِنْتُ سَعْدٍ, خضرة, رَضْوَى, رَزِينَةُ, أُمّ ضُمَيْرَةَ, مَيْمُونَةُ بِنْتُ أَبِي عسيب, وَمَارِيَةُ, رَيْحَانَةُ., بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە السيرة النبوية, زاد المعاد في هدي خير العباد للإمام العلامة شيخ الإسلام محمد بن أبى بكر الزرعى ابن قيم الجوزية, الجزء الأول. فصل في مواليه صلى الله عليه وسلم. هەروەها فصل في سراريه صلى الله عليه وسلم.

ذَرّ الْغِفَارِيّ)و (أَيْمَنُ بْنُ عُبَيْدٍ) هەروەها دایکیشی (أُمّ أَيْمَنَ) سەرپەرشتی کاری ڕۆژانەو پێداویستیەکانی دیکەیان کردووە.[223]

چەندین شاعیریش لە چواردەوری بوون, لەوانە: (كَعْبُ بْنُ مَالِكٍ, عَبْدُاللّهِ بْنُ رَوَاحَة, حَسّانُ بْنُ ثَابِتٍ).[224]

چوار کەسی تایبەتیش بانگدەری مزگەوتەکانی موحەممەد بوون (بِلَالُ بْنُ رَبَاح, عَمْرُو بْنُ أُمّ مَكْتُومٍ الْقُرَشِيّ, بِقُبَاءٍ سَعْدُ الْقَرَظِ, أَبُو مَحْذُورَة).[225]

هەندێك صەحابەش هەبوون, هەر کاتێك موحەممەد فەرمانی پێکردبن خەڵکیان سەربڕیوەو ناوی چەند دانەیەکیان لە مێژوودا یاداشت کراوە: (عَلِيّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ, الزّبَيْرُ بْنُ الْعَوّامِ, الْمِقْدَادُ بْنُ عَمْرٍو, مُحَمّدُ بْنُ مَسْلَمَةَ, عَاصِمُ بْنُ ثَابِتِ بْنِ أَبِي الْأَقْلَحِ, الضّحّاكُ بْنُ سُفْيَانَ الْكِلَابِيّ, قَيْسُ بْنُ سَعْدِ بْنِ عُبَادَةَ الْأَنْصَارِيّ, الْمُغِيرَةُ بْنُ شُعْبَة.)[226]

چەند کەسێکیش لە حوجرەکەیدا خەریکی نوسینەوەی قسەکانی بوون. جگە لە عَبْدُاللّهِ, أَنَس, حسان, ابن عباسو خەلیفەکان ئەم ناوانەش هەمان کاریان کردووە: (الزّبَيْر, عَامِرُ بْنُ فُهَيْرَة, عَمْرُو بْنُ الْعَاصِ, أُبَيّ بْنُ كَعْبٍ, عَبْدُ اللّهِ بْنُ الْأَرْقَمِ, ثَابِتُ بْنُ قَيْسِ بْنِ شَمّاسٍ, حَنْظَلَةُ بْنُ الرّبِيعِ الْأُسَيْدِيّ, الْمُغِيرَةُ بْنُ شُعْبَةَ, عَبْدُ اللّهِ بْنُ رَوَاحَة, خَالِدُ بْنُ الْوَلِيدِ, خَالِدُ بْنُ سَعِيدِ بْنِ الْعَاصِ).[227]

---

223 هەمان سەرچاوەو لاپەڕەکان

224 كَانَ مِنْ شُعَرَائِهِ الّذِينَ يَذُبّونَ عَنْ الْإِسْلَامِ كَعْبُ بْنُ مَالِكٍ وَعَبْدُ اللّهِ بْنُ رَوَاحَةَ وَ حَسّانُ بْنُ ثَابِتٍ وَكَانَ أَشَدّهُمْ عَلَى الْكُفّارِ حَسّانُ بْنُ ثَابِتٍ وَكَعْبُ بْنُ مَالِكٍ يُعَيّرُهُمْ بِالْكُفْرِ وَالشّرْكِ وَكَانَ خَطِيبُهُ ثَابِتَ بْنَ قَيْسِ بْنِ شَمّاسٍ. السيرة النبوية, زاد المعاد في هدي خير العباد, ج1 فَصْلٌ فِي شُعَرَائِهِ وَخُطَبَائِهِ صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ.

225 هەمان سەرچاوە, ج1 فَصْلٌ فِي مُؤَذّنِيهِ صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ

226 هەمان سەرچاوە فصل فيمن كان يضرب الأعناق بين يديه

227 هەمان سەرچاوە, فَصْلٌ فِي كُتّابِهِ صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com



چەندێك پلەوپایەی موحەممەد لای موسڵمانان بەرزو پیرۆز بێت, دواجار لەم مەبەستەی ئێمەدا مرۆڤێکی لەم شێوەیە لەئاسمانەوە دێتە خوارەوەو دەبێتەوە بە ئادەمیزادێکی خاوەن حەزو ئارەزوو, شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو هەموو ئەو بەراوردکارییانەی کە بۆ حەزو ویستەکانی ئادەمیزادی دیکە دەکرێن. بەلای ئێمەوە ئارەزووی سێکس کردەیەکی ئاسایی هەموو بوونەوەرێکە, دیاردەیەکی سروشتی هەموو دەرکەوتەیەکی زیندووە. مرۆڤیش, وەك دیاردەیەکی سروشتی, خالّی نییە لەحەزو ئارەزوو. ئارەزوو بەشێکی گەورەیە لە بیرکردنەوەو داهێنانو بەرهەمهێنان. بەشێکی گرنگە لەدرێژەپێدانی ژیان. لەهەر کاتێکدا ئارەزووەکانی ئادەمیزاد سەرکوت بکرێ, مانای وایە بەشێکی زۆری کردەو بیرکردنەوەیەی داهێنان, هەر لەسەرەتاوە لەناودەبرێن. وەك دەرکەوتووە ئەم سەرکوتکردنە موحەممەدی نەگرتۆتەوە, چونکە ئەو پەیامە ئایینیەی هەڵیگرتبوو بەرەو سەرکردایەتی شەڕو پادشایەتی سەر زەوی برد, نەك بۆ ژیانێکی دینیانەو بانگەواز بۆ پەیامێکی دینیو کوشتنی حەزو ئارەزووەکان.

ئێمە نابێت بەکارێکی سەرسوڕهێنەری بزانین کە موحەممەد ئارەزووی سێکسی هەبووە. مرۆڤ بووەو وەك هەموو کەسێکی جنسی حەزی لە سێکسو رابواردنی ئافرەتان کردووە. لەبەر ئەوەی کەسێکی ئاسایی پەروەردەی هەمان ئەو ژینگەیە بووە کە کۆمەڵگاکەی تێیدا ژیاوە.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

ئەوەی ئێمە لەم نوسینەماندا دەینوسین پێچەوانەی ئەو نوسینانەیە کە پێشتر لەلایەن موسڵمانانەوە نوسراون. ئەوان موحەممەدیان بە نێرداوێکی خوایی‌و بۆ روونکردنەوەو بەجێگەیاندنی بانگەوازی ئایینێکی ئاسمانی دەزانن, ئێمەش باس لەلایەنێکی دیکەی ئەو دەکەین کە لەناو حەزو ئارەزووەکانی خۆیدا نوقمی حەزە سێکسییەکانی خۆی بووە. بۆ بەڵگەش دەیان ئایەت‌و سەرگوزشتە هەن کەباس لەکەسایەتی جنسی ئەو دەکەن. بۆیە ئێمەش ئەم بەشەمان بۆ تەرخان کردووەو ئەوەی لە تواناماندا بێت دەیخەینە روو.

ئایەتێك لە قورئاندا هەیە دەمانباتە دونیای ژیانی سێکسی کەسایەتی موحەممەدەوە:

{يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَاجَكَ اللَّاتِي آتَيْتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ مِمَّا أَفَاء اللَّهُ عَلَيْكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّاتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَالَاتِكَ اللَّاتِي هَاجَرْنَ مَعَكَ وَامْرَأَةً مُّؤْمِنَةً إِن وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنْ أَرَادَ النَّبِيُّ أَن يَسْتَنكِحَهَا خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا عَلَيْهِمْ فِي أَزْوَاجِهِمْ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ لِكَيْلَا يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا, تُرْجِي مَن تَشَاء مِنْهُنَّ وَتُؤْوِي إِلَيْكَ مَن تَشَاء وَمَنِ ابْتَغَيْتَ مِمَّنْ عَزَلْتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكَ ذَلِكَ أَدْنَى أَن تَقَرَّ أَعْيُنُهُنَّ وَلَا يَحْزَنَّ وَيَرْضَيْنَ بِمَا آتَيْتَهُنَّ كُلُّهُنَّ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِي قُلُوبِكُمْ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَلِيمًا}.[228]

ئەی پەیامبەر، ئێمە بۆ تۆمان حەلاڵ کرد ئەو ژنانەی کرێ ــئەجرــت داونەتێ لەگەڵ ئەو ژنانەش کە لە تالانی دەستت کەوتوون‌و بوونەتە موڵکت, هەروەها کچە مامەکانت, کچانی پوریشت (لەباوکتەوە) کچانی خاڵێشت، کچانی پوریشت (لەدایکتەوە) ئەوانەش لەگەڵ تۆدا کۆچیان کردووە (لە مەککەوە بۆ مەدینە)، ئەو ژنە ئیمانداریش کەخۆی پێشکەش بەپەیامبەر دەکات، ئەگەر پەیامبەر ویستی مارەی بکات, ئەم پێشکەشکردنە تەنها بۆ تۆ حەلاڵەو بۆ باوەڕدارانی تر حەرامە، ئێمە زانیومانە بەو ژن‌و کەنیزەکانەی کە بەوان ڕەوان,[229] ئەمەش تا هەرچی تۆ دەیکەیت شورەیی تێدا نەبێت، خوا بەبەزەیی‌و دلۆڤانە.

کامیان ئارەزووتی کرد لەجێگەت دووری بخەرەوەو کامی ئارەزووتی کرد لەگەڵی بچۆرە

228 الاحزاب 50و 51

229 مەبەستی ئایەتی فرە ژنییە النساء 3



www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

جێگەوە، ئەوانەشی کە دەستت لێهەڵگرتوونو لەخۆتت دوور خستونەتەوە, هیچ گوناهێکت ناگاتێ ئەگەر بیانگێڕیتەوە، ئەمەش کەمترین شتە کە (ژنەکانت) چاویان روون بێتەوەو خەفەت نەخۆن، وە رازی بن بەوەی کە پێت داون، خوا دەزانێ چی لەدڵتاندایە، خوا زاناو لەسەرخۆیە.

ئایەتێکی لەم چەشنە بووەتە هۆکارێك کە پەیامبەری ئیسلام کۆمەڵێك ژنی هێنابێت کە بە پێی گێڕانەوەیەکی مێژوونووسی ئیسلام (الحاکم النیساپوری) هەژدە ژن بووە.[230] ئەمە جگە لە کەنیزەکو ئەو ژنانەی داوای کردوونو بەهەر هۆیەك بێت نەبوونەتە هاوسەری. بەم پێیە هێزی سێکسی موحەممەد لەرادەبەدەر بووە. زانایانی ئیسلام دەڵێن لە یەك شەودا لەگەڵ نۆ ژنیدا جووت بووە.[231] سەرباری ژنە ئاساییەکانی چەندین ژنی دیکە خۆیان پێشکەش بەموحەممەد کردووە. ژنان شەرمیان لەوە نەکردووە بچنە تەکییەکەی موحەممەدەوەو لەبەرچاوی میوانەکاندا بە موحەممەد بڵێن: (هاتووم خۆمت پێشکەش بکەم).[232] ئەویش لەبەر هەندێك هۆکار بە هەندێکیان رازی بووە.

یەکێك لە رووداوە سەرسوڕهێنەرەکانی موحەممەد ئەوەیە, لەگەڵ ئەو ژنانەشدا کە لە تەڕیی خۆیاندابوون, سێکسی کردووە, بەڵام بەتەواوی لەگەڵی جووت نەبووە, بەڵکو فەرمانی کردووە ژنەکەی پارچە پەڕۆیەك بخاتە سەر ئەندامی سێکسییەکەی ئینجا لەگەڵی جووت بووە. لەصەحیحەکەی بوخاریدا بەراشکاوانە لەم جۆرە نموونانە دەخوێنینەوە.[233]

---

230 الحاکم: المستدرك علی الصحیحین. تسمیة أزواج رسول الله, حدیث6713

231 أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَطُوفُ عَلَى نِسَائِهِ فِي لَيْلَةٍ وَاحِدَةٍ وَلَهُ تِسْعُ نِسْوَةٍ. صحیح البخاري, کتاب النکاح, باب کثرة النساء. حدیث4781

232 أَنَّ اللَّاتِي وَهَبْنَ أَنْفُسهنَّ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَثِير. تفسیر ابن کثیر الایة 50 الاحزاب.

233 **بۆ نموونە:** كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا أَرَادَ أَنْ يُبَاشِرَ امْرَأَةً مِنْ نِسَائِهِ أَمَرَهَا فَاتَّزَرَتْ وَهِيَ حَائِضٌ. صحیح البخاري, کتاب الحیض, باب مباشرة الحائض. حدیث297



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

جوانییە سروشتییەكانی ئافرەتیش یەكێك بووە لەو كاریگەرییانەی كە غەریزەی سێكسی موحەممەدی وەك هەر مرۆڤێكی تر خرۆشاندووە. دەگێڕنەوە پاش ئەوەی موسڵمانەكان بەسەركردایەتی خودی موحەممەد لە شەڕێكی خوێناوی دەگەڕێنەوە, ژنێكی جوان, كە دەستكەوتی شەڕ بووەو بەدەست موجاهیدێكەوە بووە, كار دەكاتە سەر موحەممەدو لەگەڵێدا بە ژنێكی تر دەیگۆڕێتەوە, بۆ ئەوەی لەگەڵی جووت ببێت.[234]

موحەممەد لە شەڕەكاندا وەك سەركردەیەكی سەربازیی و لەئەنجامی جەنگەكاندا كۆمەڵێك ژنی جوانی دەستكەوت بووەو بۆ خۆی حەڵاڵ كردوون. ئەو ژنانە, جگە لە سەرمایەی زۆرو ناوداریی, هەروەها لەجوانیشدا بەناوبانگ بوون. جاری وا هەبووە لەكۆتایی شەڕەكاندا, پێش ئەوەی خۆیو سوپاكەی بگەنەوە شارەكەی خۆیان (مەدینە), ئاهەنگی سێ ڕۆژەی بۆ ژنە دەستكەوتەكەی گێڕاوە.[235] بێگوێدانە ئەو هەموو كوشتنو سەربڕینو تاڵانیو بینینی خوێنەی كەلە ئەنجامی شەڕەكەدا بەئەنجام هاتوون, بووە بە زاواو چووەتە پەردەی ژنێكی سەرگەردانەوە. بەپێی شەرعی ئیسلامیش, لەهەر ڕووداوو شەڕێكدا ئافرەت بەدیلی بگیرێت, بۆ موحەممەدو موسڵمانەكان حەڵاڵ بووە.[236] ئەم شەرعە ئیسلامییەش بە ئایەت لە قورئاندا نوسراوە (ابن كثير) لە تەفسیرەكەیدا نوسیوێتی:

خوا پەیامبەری شكۆمەند كردووە بە حەڵاڵكردنی دەستكەوتەكانی بۆ خۆی. ئەو ژنانەی لەكاتی شەڕەكاندا دەستكەوتی دەبوون هەر هەموویان بۆ پەیامبەر حەڵاڵ بوون. هەروەها بۆی حەڵاڵ بووە زیاد لە چوار ژن بهێنێ, كە ئەمە جگە پەیامبەر بۆ تەواوی مرۆڤایەتی حەرامە. هەر كەسێكیش خۆی پێشكەش بە پەیامبەر بكات یەكسەر بۆی حەڵاڵە بەبێ مارەبڕین, تەنها ئەوەندە بەسە كە ژنەكە بڵێ خۆمم بەخشی بە تۆ. هەروەها مارەبڕین بەبێ ئامادەبوونی بەخێوكەرەكەی بۆ پەیامبەر حەڵاڵە. ئەگەر پەیامبەر ویستی ئافرەتێك لە خۆی

---

234 صحيح مسلم: كتاب النكاح, باب, فضيلة إعتاق أمة ثم يتزوجها. حديث4781

235 صحيح البخارى: كتاب النكاح. باب, اتخاذ السراري ومن أعتق جاريته ثم تزوجها. حديث4797

236 وەك لەم باسەماندا نموونە دەهێنینەوە.



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا • مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

مارە بكات پێویستی بەوە نییە ڕەزامەندی گەورەكەی یاخود بەخێوكەرەكەی وەربگرێت بەڵكو ئەوان ڕازی بن یان..نا پەیامبەر دەتوانێ ئافرەتەكە لە خۆی مارە بكات, ئەمەش بۆ موسڵمانانی دیكە حەرامە..تاد.[237]

لە دوا دێڕی ڕاڤەكەی ابن كثیردا شتێكی زۆر سەرسوڕهێنەر دەبینین.! نوسراوە:

إِذَا وَقَعَ بَصَره عَلَى اِمْرَأَة وَجَبَ عَلَى زَوْجهَا طَلَاقهَا, وَحَلَّ لَهُ نِكَاحهَا.

واتە: ئەگەر پەیامبەر چاوی بەئافرەتێك بكەوێتو دڵی بیخوازێت, لەسەر مێردەكەی واجبە تەڵاقی بداتو بۆ پەیامبەریش حەڵاڵە لەخۆی مارەی بكات.

سەرباری ئەمانەش موحەممەد نەیتوانیوە ئەوە بشارێتەوە كە حەزی لە سێكسی كیژۆڵەیە. بۆیە ئامۆژگاری صەحابەكانی كردووە لەجیاتی بێوەژن كچ بخوازن, چونكە یاریكردن لەگەڵیاندا خۆشە.[238] لە سەرگوزشتەیەكدا بەراشكاوانە دان بەوەدا دەنێت كە حەزی لە ڕابواردنی كچە نەك بێوەژن. ئەگەر كچێكو بێوەژنێكی بۆ دابنێنو سەرپشكی بكەن بەوەی لەگەڵ كامیان ڕادەبوێرێ, ئەوا موحەممەد كچەكە هەڵدەبژێرێت. عائیشە پرسیار لە موحەممەد دەكاتو دەڵێت: ئەگەر لە دۆڵێكدا لاتداو درەختێكت بینی بەرهەمەكەی لێی خورابوو, هەروەها درەختێكی تریشت بینی لێی نەخورابوو, ڕاست پێم بڵێ حوشترەكەت لەكام لەو

---

237 وَأَكْرَمَهُ اللَّه بِتَحْلِيلِ الْغَنَائِم..و..و الزِّيَادَة عَلَى أَرْبَع نِسْوَة..و..و النِّكَاح بِلَفْظِ الْهِبَة..و..والنِّكَاح بِغَيْرِ وَلِيّ..و.و النِّكَاح بِغَيْرِ صَدَاق.و.و. نِكَاحه فِي حَالَة الْإِحْرَام.و.و سُقُوط الْقَسْم بَيْن الْأَزْوَاج عَنْهُ.و.و إِذَا وَقَعَ بَصَره عَلَى اِمْرَأَة وَجَبَ عَلَى زَوْجهَا طَلَاقهَا, وَحَلَّ لَهُ نِكَاحهَا. تفسير ابن كثير في تفسير الاية 50و51 الاحزاب. **ئیمامی بوخاریش لەم جۆرە ڕیوایەتانە دەگێڕێتەوە.** قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أُحِلَّتْ لِي الْغَنَائِمُ. صحيح البخاري, كتاب فرض الخمس, باب قول النبي احلت لكم الغنائم. حديث2954

238: فَقَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَا تَزَوَّجْتَ فَقُلْتُ تَزَوَّجْتُ ثَيِّبًا فَقَالَ مَا لَكَ وَلِلْعَذَارَى وَلِعَابِهَا. صحيح البخاري, كتاب النكاح, باب: تزويج الثيبات. حديث4792



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

درەختانە دەلەوەڕێنی ؟؟ موحەممەدیش پێی دەڵێت: لەو درەختەی دەستی بۆ نەبراوەو لێی نەخوراوە.[239]

هەموو بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن موحەممەد, بۆ تێربوونی خواستە شاراوەکانی خۆیو پاڵنەرە سێکسییە لەرادەبەدەرەکانی دریغی نەکردووە. بەحوکمی ئەو دەسەڵاتەی کە هەیبووەو بەپێی یاسای ئەم ئایەتەی ئێستا باسمان کرد هەرچی ژنێ لە دونیادا هەیە, بەو حەلاڵ بووە بەو مەرجەی دڵی خواستبێتی. لەم بارەیەوە لەمێژووی ئیسلامدا کلتورێکی گەورەی بۆ موسڵمانان جێهێشتووە. بەم پێودانگەش دەتوانین بڵێین: سەرجەم کاروکردەوەکانی موحەممەد هەمان ئەو کاروکردەوانەن کە پادشاو سەرکردەکانی بەرەی جەنگ پەیڕەوییان لیَ دەکەن. بۆیە دەبینین تەنها لەماوەی نۆ ساڵدا, لەتەمەنی 54 ساڵییەوە تا مردنی لە تەمەنی 63 ساڵیدا, نزیکەی چل ژن دەچنە ژیانی موحەممەدەوە. هەندێك لەو ژنانە لەگەڵیان جووت بووە. هەندێکی تریان لەبەر ئەوەی لەسەر خواستی خۆیان شویان نەکردووە, بەڵکو بەزۆری کەسوکارەکەیان بووە, لەشەوی پەردەدا لە موحەممەد پاڕاونەتەوە کەدەستبەرداریان بێت, ئەویش تەڵاقی داون. هەشبووە داوای کردوون, بەڵام بەهەر هۆیەك بێت نەبوونەتە ژنی. لەلایەن سەرکردەو پادشاکانیشەوە ژنی بە دیاری بۆ نێردراوەو ئەویش وەك سەرکردەو پاشایەك وەریگرتووە.[240] ئەنجامیش, ئەوەندەی ئێمە پێمان زانیبێت, لەگەڵ هەژدە ژندا جووت بووە. هەریەك لەو ژنانەش چیرۆکی تایبەت بە خۆیان هەیە. لە ناویاندا چەند دانەیەك هەن ویژدانی مرۆڤایەتی بەشێوەیەك دەهەژێنن کە لاپەڕەکانی مێژووش نەتوانن ئەو ڕووداوە مەئساوییانە لەبیر خۆیان ببەنەوە.

239 عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا قَالَتْ: قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَرَأَيْتَ لَوْ نَزَلْتَ وَادِيًا وَفِيهِ شَجَرَةٌ قَدْ أُكِلَ مِنْهَا وَوَجَدْتَ شَجَرًا لَمْ يُؤْكَلْ مِنْهَا فِي أَيِّهَا كُنْتَ تُرْتِعُ بَعِيرَكَ قَالَ فِي الَّذِي لَمْ يُرْتَعْ مِنْهَا. صحيح البخاري, كتاب النكاح, باب, نكاح الابكار. حديث4789

240 هەر لەم بەشەدا باسی دەکەین



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

# دەرگای دووهەم

## چەند زانیارییەكی سەرەتایی دەربارەی هەندێك لەژنەكانی موحەممەد

## بەشی یەكەم

## ئەو ژنانەی مارەی كردوون و لەگەڵیان جووت بووە

### خەدیجە

(خديجة بنت خويلد بن أسد بن عبدالعزي بن قصي بن كلاب)

خەدیجە یەكەم ژنی موحەممەد بووە. ئەوەی زانرابێت, پێش ئەوەی شوو بە موحەممەد بكات, دوو شووی دیكەی كردووە. لە یەكەم مێردی (عتيق بن عابد بن عبداللە بن عمر بن مخزوم). یەك كچی بووە. لە دووهەم مێردی (أبو هالة بن بينها بن نباش بن بينها بن حبيب) بە هەمان شێوە یەك كچی بووە. سێهەم شووی بە موحەممەدەو سێ كوڕو چوار كچی لێ بووە.

پێش ئەوەی موحەممەد بانگەوازی ئیسلام بكات, لە تەمەنی بیستو پێنج ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ خەدیجەی چل ساڵیدا كردووە.[241] بەم پێیە پانزە ساڵ جیاوازی لەتەمەنیاندا هەبووە. وەك سەرچاوەكان لەسەری كۆكن ، موحەممەد لەسەرووبەندی ژیانی خۆیدا تا ئەم ژنەی هەبووە, ئەگەرچی فرەژنی لەو ناوچەیەدا كلتوورو ڕەفتارێكی بەربڵاو بووە, كەچی ژنی دیكەی نەهێناوەو مێژوونووسان باسی ژنهێنانی دیكەی لەو قۆناغەدا ناكەن. هەروەها مێژوونووسان باسی ژیانی سێكسی موحەممەدیشیان لە پێش ئەم زەواجە نەكردووە. لەم ڕووەوە دریغییان كردووە, چونكە جێی گومانو سەرسوڕمانە ئادەمیزادێك لەناوچەیەكی ئاوها گەرمو لەناو كۆمەڵگایەكی ئاوها سێكسبازو لەكلتورێكی پڕ لەبێبەهای

241 تأريخ الطبري: ذكر تزويج النبي صلى الله عليه وسلم خديجة رضي الله عنها. قال هشام بن محمد: نكح رسول الله صلى الله عليه وسلم خديجة وهو ابن خمس وعشرين سنة وخديجة يومئذ ابنة أربعين سنة.



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

ژندا, جگە لەخەدیجە سێکسی نەکردێت.! بەڵکو وەك ئەوان باسی دەکەن, یەکەم باسو یەکەم ئەزموون کە بەسەری هاتبێت تەنها ئەم زەواجەیەتی لە خەدیجە. پاش ئەوەی بیستو دوو ساڵ پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن, سێ ساڵ بەر لە کۆچ بۆ مەدینە, خەدیجە دەمرێت. لەو بیستو دوو ساڵەدا, حەوت ساڵیان لە ژیانی پەیامبەرایەتیدا بووە.

هەتا مێردی خەدیجە بوو جووتبوونی سێکسی لەگەڵ ئەم ژنەیدا بەشێوەیەکی ئاسایی پەیڕەو کردووە. لەم ژنەی حەوت منداڵی بووە. سێ کوڕو چوار کچ (الْقَاسِمُ, الطَّيِّبُ, الطَّاهِرُ, رُقَيَّةُ, زَيْنَبُ, أُمّ كُلْثُومٍ, فَاطِمَةُ).[242]

گەر پرسیارێك بکرێت: تا خەدیجە لەژیاندا بوو بۆچی موحەممەد ژنی دیکەی نەهێنا, بەڵام دوای مردنی ئەو ژن لە دوای ژن دەهێنێت.؟ موسڵماکان لەوەڵامدا دەڵێن: چونکە خەدیجەی خۆشویستووە. ئەم وەڵامە ئەوە دەگەیەنێت کە موحەممەد ژنەکانی تری خۆشنەویستبێت بۆیە ژنی دیکەی بەسەر هێناون. ئەو ڕاستییانەی کەهەر لەم باسەدا بەچەندین بەڵگەوە دەیخەینە ڕوو, وەڵامەکەیان بە پاساوێکی نالۆژیکی دەدات لە قەڵەم. ڕاستیەکەش ئەوەیە پەیوەندی بەخۆشەویستیەوە نەبووە، بەڵکو پەیوەندی بە ئاستی ئابوورییەوە هەبووە کە خەدیجە هەیبوو. خەدیجە, ناوداریکی ناسراو بووەو ماڵو سامانێکی گەورەو بێئەندازەی هەبووە. موحەممەدیش, پێش ئەوەی ئەم زەواجەی لەگەڵ بکات, هەژارو نەدار بووەو نەیتوانیوە لەبەرامبەر هێزی مادیو مەعنەوی خەدیجەدا بوەستێتەوەو ژنی دیکە بهێنێت. ئابوریو دەسەڵات لەلای ژن (خەدیجە) بووە نەك لەلای پیاو (موحەممەد). بەپێی کلتووری کۆمەڵایەتیو بنەما ئابورییەکانی ئەو کاتانە, خەدیجەی ژن بە هۆی سەرمایەکەیەوە موحەممەدی مێردی بە کۆیلە کردووەو نەیهێشتووە ژنی دیکە بهێنێت. موحەممەدی هەژار, وەك نێرێك,

---

242 سيرة ابن هشام: السيرة النبوية. الجزء الأول, ص 190 **بەڵام دواتر, لەپاش هێنانی ژنەکانی تری، ڕۆژانەو زوو زوو جووتبوونی سێکسی لەگەڵ ژنەکانیدا کردووە, لە تەواوی ئەم ژنانەی جگە لەیەك منداڵ, بەناوی ئیبراهیم, منداڵی دیکەی نەبووە, سەرگوزشتەیەك دەربارەی ئەویش هەیە کە منداڵی خۆی نییە بەڵکو بەرهەمی زینایە.**



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

وەسیلەیەك بووە بۆ خاڵیكردنەوەی هەوەسی سێكسی مێینەی ژنێك, كە خەدیجەی دەوڵەمەندە.

لەبەر ئەوە دەبینین موحەممەد بەلای خەدیجەوە هەتیوێكی هەژارو كەمدەست بووە. خەدیجەش بەلای موحەممەدەوە دایك, خوشك, باوك, برا, ژنو ژیان بووە. یەكێك بووە لە دابینكەرانی دوارۆژ لەدەستكەوتو ئابووریدا. ئەم راستییەش لەقورئاندا هەیە.[243] لێرەوە هەیمەنەتی خەدیجە بەسەر موحەممەددا دەردەكەوێو بەم هۆیەوە موحەممەد نەیتوانیوە ژن بەسەر خەدیجەدا بهێنێت. بەڵام لەگەڵ مردنی خەدیجە هەڵگەڕانەوەیەكی سەیرو كتوپڕ لەلای موحەممەد روویداوەو نەیهێشتووە چەند رۆژێك بەسەر مردنەكەیدا تێپەڕ ببێت ژنێكی دیكەی هێناوە.[244] دوای ماوەیەكی كەمیش دیسانەوە زەواجێكی تری كردووە. بەم شێوەیە یەك, لەدوای یەك, كۆمەڵێك ژنی هێناوە. ماوەی بیستو دوو ساڵ تەنها یەك ژنی بوو, ماوەی سیانزە ساڵی دوای خەدیجە زیاد لە چل ژن دەچنە ژیانیەوە.

## سەودە

سودة بنت زمعة بن قيس بن عبد شمس بن عبد وُدّ بن نصر.

پێشتر ژنی (السكران بن عمرو بن عبد شمس) بووە, ئەم ناوبراوە یەكێك بووە لە كۆچەرییەكانی حەبەشە.[245]

لەدوای مردنی خەدیجە, بەچەند رۆژێك, زەواج لەگەڵ ئەم سەودەیە دەكات.[246] تاكە ژن دەبێت كەباڵاو روخساری نەبۆتە مایەی سەرنجی غەریزەی سێكسیی موحەممەد. ژنێكی

243 الضحى 8

244 زاد المعاد في هدي خير العباد, ج1 فصل فيازواجه صلى الله عليه وسلم. ذكر سودة

245 تأريخ الطبري: ذكر / الخبر عن أزواج رسول 211/2

246 زاد المعاد في هدي خير العباد, ج1 فصل في ازواجه صلى الله عليه وسلم. ذكر سودة



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

بەتەمەن بووە. دەموچاوێکی ناشرینو باڵایەکی درێژی هەبووە. ئەم جۆرە باڵایە لەکلتوری نیوە دوورگەی عەرەبدا قێزەون بووەو پیاوان حەزیان لەئافرەتانی پڕ بووە, واتە کەمێك قەڵەو. سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراومان دەست نەکەوت کەباس لەهۆکاری ئەم زەواجە بکات. ڕەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبوبێت کە موحەممەد, لەقۆناغی مەککەیدا, پێویستی بەهۆزێکی گەورەو شەڕانیو پارێزکار بووە, لەبەر ئەمەش سەودەی هێنابێت تا ئەم بۆشاییەی پێ پڕ بکاتەوە.

موحەممەد, لەدوای کۆچەکەی بۆ مەدینە, چەند جارێك ویستویەتی سەودە تەڵاق بدات، بەڵام سەودە پاڕاوەتەوە کە تەڵاقی نەدات. دوا جار وا ڕێکەوتوون کە وەك ژنی موحەممەد بمێنێتەوە بەڵام بەسەری نەکاتەوەو لەگەڵی جووت نەبێت. ئیمامی بوخاری باسی ئەوە دەکات: سەودە, وەك هەوڵدانێك بۆ دڵڕاگرتنی موحەممەد کەلێی ڕازی بێت, نۆرەی ڕۆژانەو شەوانەی سێکسی خۆی بەخشیوە بەعائیشە.[247] بەم شێوەیە سەودە, تەنها لەبەر ناشرینی, دەبێتە ژنێکی قێزەونو پەراوێزکراو. موحەممەدیش هەتا دەمرێت ناچێت بەلایدا. زۆر جاریش لەلایەن موسڵمانانەوە دووچاری تانەوتەشەر هاتووە.. یەکێك لەو پاساوانەی کە عومەری کوڕی خەتتاب بۆ پەیدابوونی حیجاب هێناوییەتیە ئاراوە, باڵاو ڕوخساری ئەم ژنە بووە.[248]

## عائیشە

---

247 أَنَّ سَوْدَةَ بِنْتَ زَمْعَةَ وَهَبَتْ يَوْمَهَا وَلَيْلَتَهَا لِعَائِشَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَبْتَغِي بِذَلِكَ رِضَا رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. صحيح البخاري: كتاب الهبة وفضلها والتحريض عليها, باب, هبة المرأة لغير زوجها وعتقها. حديث2453

248 وَكَانَ عُمَر يَقُول لِرَسُولِ اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أُحْجُبْ نِسَاءَك فَلَمْ يَكُنْ رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِيَفْعَل فَخَرَجَتْ سَوْدَة بِنْت زَمْعَة زَوْج رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَكَانَتْ اِمْرَأَة طَوِيلَة فَنَادَاهَا عُمَر بِصَوْتِهِ الْأَعْلَى : قَدْ عَرَفْنَاك يَا سَوْدَة حِرْصًا عَلَى أَنْ يَنْزِل الْحِجَاب. تفسير ابن كثير في تفسير الاية 51 الاحزاب.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

عائشة بنت أبي بكر الصديق بن أبي قحافة.

لەدوای مردنی یەکەم ژنی (خەدیجە) وەك ژنێکی پیرو دووهەم ژنی (سەودە) وەك ژنێکی روخسار ناشرین, ئەزموونێکی سێکسی بۆ موحەممەد پەیدا دەبێت. لەڕوانگەی ئەوەوە گەر لەگەڵ ژنێکدا پیر نەبێتو ناشرین نەبێت, واتە لەگەڵ منداڵێکی جوانکیلەشدا ئەزموونی زەواج تاقیبکاتەوە, چاکترە. هەرئەمەش پاڵی پێوەدەنێت پاش چەند مانگێکی کەم لەدوای گواستنەوەی سەودە بچێتە داوای عائیشە کە بچوکترین ژنو تاکە کچ بووە موحەممەد زەواجی لەگەڵ کردبێت.

عائیشە کچی خەلیفە ئەبوبەکری صدیقە. ئەبوبەکر کەسێکی زۆر نزیکی موحەممەدو متمانەپێکراوترین هاوڕێی بووە. یەکتریان زۆر جۆشویستووەو خۆیان بەبرای یەکتر زانیوە. ئەو رۆژەی کەموحەممەد دەچێتە داوای عائیشە, ئەم مەسەلەیە بەلای ئەبوبەکرەوە سەرسوڕهێنەر دەبێت:

أَنَّ النَّبِيَّ خَطَبَ عَائِشَةَ إِلَى أَبِي بَكْرٍ فَقَالَ لَهُ أَبُو بَكْرٍ إِنَّمَا أَنَا أَخُوكَ فَقَالَ أَنْتَ أَخِي فِي دِينِ اللَّهِ وَكِتَابِهِ وَهِيَ لِي حَلَالٌ.[249]

پەیامبەر داخوازی عائیشە لە ئەبوبەکر دەکات, ئەبوبەکریش پێی وتووە: ئەی خۆ من برای تۆم.! موحەممەدیش پێی دەڵێت: بەڵێ تۆ برای منیت بەڵام لەدینو قورئاندا, کچی تۆ بۆ من حەڵاڵە).




249 صحيح البخاري, كتاب النكاح. باب تزويج الصغار من الكبار. حديث4793

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

تَزَوَّجَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَائِشَةَ وَهِيَ بِنْتُ سِتٍّ.[250]

ئەو کاتەی کەپەیامبەر داخوازی عائیشەی کردووە ئەو کچێکی شەش ساڵان بووە.

موحەممەد, کەمتر لە دوو ساڵ بەر لەکۆچەکەی لەمەککەدا عائیشەی خواستووەو پاش هەژدە مانگ لەدوای کۆچەکەی لەناو مەدینەداو لەمانگی شەووالداو[251] لەتەمەنی نۆ ساڵیدا بۆی چووەتە پەردەوە.[252]

مێژوونووسان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئەم ژنەی (زۆر) بچووك بووە. لەچەندین پەراوی مێژوودا ئەوە نوسراوە کە عائیشە لەکاتی باسکردنی منداڵی خۆیو رۆژی گواستنەوەکەیدا ئاماژەی بۆ تەمەنی بچووکیی خۆی کردووە. لەسەرگوزشتیەکدا بەم شێوەیە باسی ساتەوەختی گواستنەوەی خۆی دەکات:

تَزَوَّجَنِي النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَنَا بِنْتُ سِتِّ سِنِينَ..و.. فَأَتَتْنِي أُمِّي أُمُّ رُومَانَ وَإِنِّي لَفِي أُرْجُوحَةٍ وَمَعِي صَوَاحِبُ لِي فَصَرَخَتْ بِي فَأَتَيْتُهَا لَا أَدْرِي مَا تُرِيدُ بِي فَأَخَذَتْ بِيَدِي حَتَّى أَوْقَفَتْنِي عَلَى بَابِ الدَّارِ وَإِنِّي لَأُنْهِجُ حَتَّى سَكَنَ بَعْضُ نَفَسِي ثُمَّ أَخَذَتْ شَيْئًا مِنْ مَاءٍ فَمَسَحَتْ بِهِ وَجْهِي وَرَأْسِي ثُمَّ أَدْخَلَتْنِي الدَّارَ فَإِذَا نِسْوَةٌ مِنْ الْأَنْصَارِ فِي الْبَيْتِ فَقُلْنَ عَلَى

---

250 صحيح البخاري: كتاب النكاح, باب/ من بنى بأمرأة وهى بنت تسع سنين. حديث4863

251 وأعرس بها بالمدينة في شوال على رأس ثمانية عشر شهرا من مهاجره إلى المدينة. المنتخب من كتاب أزواج النبي صلى الله عليه وسلم,ابوعبدالله, الزبير بن بكار بن عبد الله بن مصعب الزبيري أبوعبدالله.. وفاة المؤلف256 مؤسسة الرسالة بيروت1403 الطبعة الأولى عدد الأجزاء 1 المحقق سكينة الشهابي, قصة, تزوج عائشة.

252 وَبَنَى بِهَا وَهِيَ بِنْتُ تسع سنين. صحيح البخاري: كتاب النكاح, باب/ من بنى بأمرأة وهى بنت تسع سنين. 4863

الْخَيْرِ وَالْبَرَكَةِ وَعَلَى خَيْرِ طَائِرٍ فَأَسْلَمَتْنِي إِلَيْهِنَّ فَأَصْلَحْنَ مِنْ شَأْنِي..و.. فَأَسْلَمَتْنِي إِلَيْهِ وَأَنَا يَوْمَئِذٍ بِنْتُ تِسْعِ سِنِينَ.[253]

کاتێك کەپەیامبەر خواستمی من تەمەنم شەش ساڵان بوو, ئەو کاتەشی منی گواستەوە من لەنێو جۆلانەیەکدا لەگەڵ هاورێکانم بووم, دایکم (أم رمان) هاواری لێکردم, هاتمەلای نەمدەزانی چی دەوێت, دەستی گرتمو رایکێشام تا لەبەر دەرگای ماڵێك وەستانمی, هەناسەبڕکێم هەبوو, کەمێك وەستام تاهەناسەسواریم نەما, هەندێك ئاوی هێناو کەمێك سەرو روخسارمی سڕی. کردمی بەژووردا, بینیم کۆمەڵێك ژنی ئەنصاری لەوێن, وتیان لەسەر خێرو بەرەکەت..و.. دایکم منی دایە دەست ئەوان, ئەوانیش منیان چاك کردو دامیانە دەست پەیامبەر, لەو رۆژەدا من تەمەنم نۆ ساڵان بوو.

عائیشە لەدوای شووکردنیشی ئەوەندە منداڵ بووە بە بەردەوامی لەگەڵ هاورێکانیدا یاری بووکەپەرۆینەی کردووە. رۆژێکیان موحەممەد لەکاتی یاریکردنی عائیشەدا بەبووکەکەی, لەعائیشە دەپرسێت: ئەوە چییە.؟ ئەویش دەڵێت ئەمە کچە بووکەکانمە. موحەممەد دەڵێت: ئەی ئەوەیان چییە لەناوەڕاستدا سوارێك بەسەر ئەسپێکی دوو باڵەوەیە؟ عائیشە دەڵێت: ئەی نەتبیستووە کە ئەسپەکەی سلێمان باڵی هەیە.؟ موحەممەدیش پێکەنیوە.[254]

---

253 صحيح البخاري, كتاب المناقب, باب تزويج النبى عائشة وقدومها المدينة وبنائه بها. حديث3681

254 احياء علوم الدين للامام أبي حامد الغزالي, باب آداب السماع والوجد (لە کتێبی – المجهول في حياة الرسول, قسم –الزوجة في ارجوحة– وەرگیراوە)



عائیشە لە سەرگوزشتەیەکی دیکەدا دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

وَكَانَ لِي صَوَاحِبُ يَلْعَبْنَ مَعِي فَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا دَخَلَ يَتَقَمَّعْنَ مِنْهُ فَيُسَرِّبُهُنَّ إِلَيَّ فَيَلْعَبْنَ مَعِي.[255]

کۆمەڵێك هاوڕێم هەبوون پێکەوە یاریمان دەکرد, ئەگەر پەیامبەر بهاتایەتەوە بۆماڵەوە ئەوان خۆیان لێی دەشاردەوە (لەڕیوایەتێکی دیکەدا نوسراوە دەڕۆشتن), بەڵام پەیامبەر ڕێگەی دەدانەوەو ئەوانیش دەهاتنەوەو یارییان لەگەڵ دەکردم.

هەموو ئەم ریوایەتانە عائیشەیەکی تەواو گچکەمان نیشان دەدەن. بەم پێیە, موحەممەدی تازە زاوا لە تەمەنی پەنجاو چوار ساڵیدا, لەگەڵ کیژۆڵەیەکی نۆ ساڵاندا, چووەنەتە پەردەوە. وَمَكَثَتْ عِنْدَهُ تِسْعًا.[256] نۆ ساڵیش ژیانی لەگەڵ بەسەربردووە. جالەبەر ئەوەی موحەممەد لەتەمەنی شەستو سێ ساڵیدا مردووە, کەواتە عائیشە لەتەمەنی هەژدە ساڵییەوە تا مردنی کەدەکاتە تەمەنی پەنجاو حەوت ساڵی, بەبێوەژنی ماوەتەوە.[257]

---

255 صحيح البخاري, كتاب الادب, باب, الانبساط إلى الناس. حديث5779

256 صحيح البخاري: كتاب النكاح, باب/ من بنى بأمرأة وهى بنت تسع سنين. حديث4863

257 حاكم له (المستدرك على الصحيحين, ذكر الصحابيات من أزواج رسول الله, حديث6714



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

پرسیارگەلێکی زۆر دەربارەی تەمەنو روخسارو باڵای ئەوکاتەی عائیشە کراوەو رەخنەیەکی توندو بەردەوام رووبەرووی ئیسلامو ئایینزاکان بووەتەوە. چونکە لەو کاتەدا نە لەڕووی تەمەنەوە, نە لەڕووی ئەقڵەوە, نە لەڕووی باڵاوە, ئامادەیی شووکردن لەم کیژۆڵەیەدا نەبووە. ئیدی کەسێك کە خۆی بە پێشەوایەکی ڕۆحیو ڕزگارکەری هەموو جیهان دەزانێت, چۆن ویژدانی ڕێی پێداوە لەتەمەنی پەنجاو چوار ساڵیدا لەگەڵ ئەم کچۆڵەیەکی نۆ ساڵیدا جووت ببێت.؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم رەخنە لۆژیکیانە, ئیسلامو ئایینزاکان پەنایان بۆ دوو گریمانە بردووە, یەکەمیان ئەوەیە کەگوایە تەمەنی عائیشە لەکاتی زەواجەکەیدا نۆ ساڵان نەبووە بەڵکو 11 ساڵو هەندێکیش دەڵێن 13 ساڵو هەندێکیش دەڵێن 16 ساڵو هەندێکیش دەڵێن 18 ساڵان بووە. لەکاتی وانە وتنەوە بەمندالانو خوتبەکانیاندا لەمزگەوت پێلەسەر ئەم بۆچوونە دادەگرنو زۆر بەدڵنیاییەوە بەرگری لەم بۆچوونەیان دەکەن, بەڵام ئەوە سەدان ساڵە نەیانتوانیوە بەڵگەی باوەڕپێکراو بۆ سەلماندنی ئامادەبکەن, چونکە نەك هەر لەقورئاندا بەڵکو لەتەواوی سەرگوزشتە باوەڕپێکراوەکانیشدا دێڕێك نەنوسراوە کەئەم بۆچوونەیان پشتڕاست بکاتەوە. هەندێك نوسین هەن کەلەم ساڵانەی دواییەدا دەرکەوتوونو باسیان لەم بۆچوونە کردووە, بەڵام ئەو نوسینانە ناچنە ڕیزی ئەو کتێبانەوە کەباوەڕیان پێکراوەو مێژووی ئیسلامیان لەسەر پێکهێنراوە. بەپێچەوانەشەوە هەموو ئەو سەرچاوانەی کەخودی موسڵمانان بڕوایان پێی هەیەو لەو مێژووە تۆمارکراوانەن کە ئایینزاکانی ئیسلام بەباشترینو گەورەترینو پاکترینو باوەڕپێکراوترین سەرچاوەیان زانیوە, هەموویان پێلەسەر ئەوە دادەگرن کەتەمەنی ئەو کاتەی عائیشە نۆ ساڵان بووە. وەك:

1- صحيح البخاري, كتاب النكاح, باب تزويج الأب ابنته من الإمام. كتاب المناقب, باب تزويج النبي صلى الله عليه وسلم عائشة وقدومها المدينة.

2- صحيح مسلم, كتاب النكاح, باب تزويج الأب البكر الصغيرة.

3- سنن النسائي, كتاب النكاح, باب البناء بابنة تسع



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

4- سنن. الترمذي, كتاب النكاح, باب عن رسول الله ما جاء في إكراه اليتيمة على التزويج.
5- سنن ابن ماجه, كتاب النكاح, باب نكاح الصغار يزوجهن الآباء.
6- سنن أبي داود, كتاب الأدب, باب في الأرجوحة.
7- سنن الدارمي, كتاب النكاح, باب في تزويج الصغار إذا زوجهن آباؤهن.
8- سيرة ابن هشام, الجزء الثاني, زواجه بعائشة
9- زاد المعاد, الجزء الأول, فصل في أزواجه, عائشة.

لەناو هەموویاندا تەنها ابن هشام گومانی هەبووە کەتەمەنی عائیشە ئایا نۆ ساڵان بووە یان دە ساڵان, لەوەودوا هەموویان پێلەسەر ئەوە دادەگرن کەموحەممەد تەمەنی پەنجاو چوار ساڵ بووەو عائیشەش نۆ ساڵان بووە. هەر کەسێکیش بەئاستەم شارەزایی لەئیسلام هەبێت دەزانێت کەنوسینەوەو پێکهێنانی مێژووی ئیسلام, بەتایبەتی سەرگوزشتەو فەرموودە قودسیی و صەحیحەکانو بەشی هەرەزۆری ڕەفتارو گوفتاری موحەممەد لەلایەن ئەم چەند ناوەوە نوسراونو گرنگی پەرتووکی ئەم چەند ئیمامەیە کەموسڵمانان بنەمای یاساو مێژووی ئیسلامیان وەك سەرچاوەی سەرەکی لێوەرگرتووە. فەقێو مەلاو مامۆستاو موفتیو ئاینزا ناسراوەکانی ئیسلام لەتەکیەو مزگەوتو مەدرەسە دینییەکانی دیکەی وەك پەیمانگاو زانکۆکان, لەدوای قورئانەوە بەسەرچاوەی سەرەکیان داناون. لەدوای قورئانەوە صەحیحەکەی ئیمامی بوخاری بەسەرچاوەی دووهەمو صەحیحەکەی موسلیمیش بەسێهەمو ئەوانی دیکەش یەك لەدوای یەك ڕیزبەندیان کردوون. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کەئەم گریمانەیان زانستی نییەو بنەمایەکی نالۆژیکی هەیە. تەنها ئەو ئیماندارانە بڕوای پێدەکەن کەخوێندەواریو هوشیارییان لەئاستێکی زۆر نزمدایەو بڕوایان بەحیکایەتە خورافییەکان هەیە.

گریمانەی دووهەم ئەوەیە گوایە ئافرەتان لەو سەردەمەدا باڵایان هەبووەو لەشو لاریان بەرزو پێگەیشتوو بووە. عائیشەش وەك هەر ئافرەتێکی سەردەمەکەی خۆی باڵابەرز بووە,

لەتوانایدا هەبووە شوو بکاتو سێکس بکاتو ئەرکەکانی هاوسەریتی بەڕێوە بات.
موسڵماکان مەبەستیانە بڵێن کە عائیشە لەڕووی بایۆلۆژییەوە ئامادەیی جووتبوونی هەبووە.
ئەوەی لەم گریمانەیەدا بەدی دەکرێ ئەوەیە کەپێکهاتەی بایۆلۆژی, بەمانایەکی تر هەبوونی بالآ, یاخود پانیو کەتەیی, هۆکارن بۆ بەشوودانی کچان.! ئەم پاساوەش لەگەڵ لۆژیکدا ئاوێتە نابێت, چونکە بەڕێوەبردن, هەرکارێك بێت, بەسێکسیشەوە, پێویستی بەگەشەسەندنی ئەقڵیو هوشیاری هەیە. پێکهاتەی ئەقڵو بیرکردنەوەی عائیشەش نۆ ساڵان بووەو نەگەیشتووەتە ئەو تەمەنو ئەزموونەی ژیانی سێکسیو کاروباری هاوسەرایەتی بەڕێوەببات.
بەم پێیە گریمانەکەیان لەزانستی پزیشکیدا هەڵە دەردەچێت.
بەڵام با گریمانەی موسڵماکان لەبەرچاو بگرینو بڵێین ئامادەیی بایۆلۆژی بەسە بۆ شووکردن, کەلەراستیدا دەقەکانی ئیسلام بەم شێوەیە ڕوانیویانەتە ژنو بە لای ئاستی بیرکردنەوەو هەستو سایکۆلۆژییەتی ژناندا نەچوون,[258] و یەك ئایەت لەقورئاندا نییە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەمانی هەبێت, بەڵام با ئەو پاساویان وەربگرین کەعائیشە بالآی هەبووەو توانای جووتبوونی لەگەڵ کەسێکی تەمەن پەنجاو چوار ساڵیدا هەبووە, ئایا هیچ بەڵگەیەك لەمێژووی ئیسلامدا هەیە ئەم پاساویان بسەلمێنێت.؟؟ بەدڵنیاییەوە وەڵامەکەی بەنەخێرە. لە تەواوی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی ئیسلامدا دێرێك نەنوسراوە کە عائیشە بالآی هەبوو بێت. بەپێچەوانەشەوە دەتوانین بەڵگەی ئەوە بهێنین کەبالآی نەبووە, بەڵکو بچووك بووە. بۆ نموونە ئیمامی تەبەری لە مێژووەکەی خۆیدا نوسیویتی: ئەو ڕۆژەی موحەممەد زەواجەکەی لەگەڵ کردووە عائیشە صغيرة لا تصلح للجماع.[259] بچووك بووەو بەکەڵکی جووتبوون نەهاتووە. خودی عائیشەش ئەم راستییەمان بۆ دووپات دەکاتەو لەسەرگوزشتەیەکدا لەوە دڵنیامان دەکاتەوە کە نەك هەر خۆی بەڵکو گشت ئافرەتان لەو زەمەنەدا کەتە نەبوون, گۆشتن نەبوون, قورساییو بالآیان نەبووە, بچوك بوونو بە کەمیش

258 بڕوانە سورەتی الطلاق4
259 تأريخ الطبري: ذكر الخبر عن أزواج رسول الله. ج2 / 211



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org



خواردنیان خواردووە. هەر لەو ڕیوایەتەدا باسی خۆی دەکاتو دەڵێت من بچوك بوومو تازە پێدەگەیشتم.[260]

کەواتە عائیشە, نەك هەر لەرووی سایکۆلۆژییەوە ئامادەیی شووکردن نەبووە, بەڵکو لەرووی بایۆلۆژیشەوە ئامادەیی تێدا نەبووە جووتبوونی سێکسی بکات! ئەگەر قسەکەی مێژوونوسی ناودارو بەناوبانگی ئیسلام (تەبەری)و ڕیوایەتەکەی خودی عائیشە وەربگێڕینە سەر زمانو سێکسی سەردەم دەبێ بنووسین: زێی بچووکەکەی عائیشە بەرگەی جووتبوونی چوکە گەورەکەی موحەممەدی نەگرتووە, چونکە تەمەنی ئەم نۆ ساڵ و موحەممەدیش پەنجاو چوار ساڵ بووە. ڕووداوێك لە مێژوودا هەیە ئەم تیۆرەمان پشتڕاست دەکاتەوە کەدەڵێین عائیشە بەرگەی جووتبوونی موحەممەدی نەگرتووە, زۆر پێویستە لێرەدا بینوسینەوە:

جارێکیان موحەممەد باسی حۆرییەکانی بەهەشت بۆ پیاوان دەکاتو دەڵێت:

(لە بەهەشتدا پیاوان دەچنە لای ئەو حۆرییانەی کە خوا بە تایبەتی دروستی کردوون, (كُلَّمَا أَتَاهُنَّ أَزْوَاجهنَّ وَجَدُوهُنَّ أَبْكَارًا) فَلَمَّا سَمِعَتْ عَائِشَة ذَلِك قَالَتْ: (واوجعاه!) فقَالَ لَهَا النَّبِيّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ :(لَيْسَ هُنَاكَ وَجَع).[261]

چەند جار پیاوەکان بچنە لای حۆرییەکانو بیانکەن بە ژن, دوایی دەبنەوە بە کیژۆڵەو وەك ئەوە وایە کەس نەچووبێت بە لایاندا.) کە عائیشە گوێی لەم قسەیە دەبێت, دەڵێت: (وَاوَجَعَاه!). موحەممەدیش لە وەڵامدا دەڵێت: لە بەهەشتدا ئازار نییە.

ئەم وشەیە (وَاوَجَعَاه!) بە دوو شێوە دەخوێندرێتەوە, یەکەمیان هەموو پیتەکان بەسەر یەکەوە ماناکەی دەکاتە (بە–ژان–ترین ئازار), گەر پیتەکان لەیەك جیابکەینەوە (وَا–وَجَعَاه) ماناکەی دەبێت بە (وای لە ئازارەکەی).

---

260 (وَكَانَ النِّسَاءُ إِذْ ذَاكَ خِفَافًا لَمْ يَثْقُلْنَ وَلَمْ يَغْشَهُنَّ اللَّحْمُ وَإِنَّمَا يَأْكُلْنَ الْعُلْقَةَ مِنْ الطَّعَامِ .. وَكُنْتُ جَارِيَةً حَدِيثَةَ السِّنِّ) صحيح البخاري, كتاب الشهادات, باب: تعديل النساء بعضهن بعضا. حديث2518

261 تفسير القرطبي. في تفسير الواقعة الاية36

لەکاتی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەدا ئەگەرچی عائیشە تەمەنێکی لەگەڵ موحەممەددا بەسەر بردووە, بەڵام ئازاری ئەو شەوەی لەبیر نەچووەتەوەو کاتێك موحەممەد باسی شەوی گەڕانەوەی پەردەی ژنێتی بۆ کیژۆڵەیی دەکات عائیشە ئازارو نارەحەتی ئەو شەوەی بیردەکەوێتەوە کە تەمەنی نۆ ساڵ بووەو پیاوێکی کەتەی پەنجاو چوار ساڵ خوێنی لەپەردەی کچێنی هێناوە, توشی ئازارێکی پڕ ئێشی وای کردووە کەهەرگیز لەبیری نەچێتەوە.

گریمانەی کەتەیی‌و باڵابەرزی عائیشەش بەهیچ دەرچوو. تەنها ئەو گریمانەیەمان هەیە کە بڵێین موحەممەد لەگەڵ ئەوەی پاگەندەی ئەوەی کردووە پەیامبەرە, بەڵام وەك منداڵبازەکان نەیتوانیوە هەڵسوکەوت‌و غەریزە سێکسیەکانی خۆی بشارێتەوە, بەڵکو وەك هەر پیاوێکی دیکەی سێکسباز دوای غەریزەکانی خۆی کەوتووەو لەئەنجامی هێرشی پاڵنەرە سێکسییەکانی خۆیدا لەگەڵ کەنیشکێکی چکۆلە زەواجی کردووە. چوونەلای کچۆڵەیەکی تەمەن نۆ ساڵ لە لایەن کەسێکی پەنجاو چوار ساڵییەوە, جگە لەموحەممەدو شوێنکەوتووانی ئایینی ئیسلام, دەروونی هیچ ئینسانێکی پێ ئاسوودە نابێت.! کاتێکیش رابەری ئاینێك بەسەر غەریزەکانی خۆیدا زاڵ نەبوو, شوێنکەوتوانیشی هەمان رێگە دەگرنەبەر.

سێکس پەیوەندی بەباوەڕو بڕواهێنانەوە نییەو دیاردەیەکی سروشتییە. چاوەڕێی ئەوەمان لەموحەممەد دەکرد لانی کەم بڕیاری قەدەغەکردنی زەواجی کەم تەمەنەکانی بدایە, ئایەتێکی بۆ تەرخان بکردایەو بکەرەکەی بەسزایەکی توند بترساندایە, چونکە وەك خۆی دەڵێت حوکمەکانی قورئان لە ئەزەلەوە بۆ ئەبەدن نەك کاتی. بەڵام وەهای نەکردووە, بە پێچەوانەی ئەقڵ‌و زانست‌و لۆژیك, ئایەت لە قورئاندا هەیە رێگەی داوە کە دەتوانرێت کچانێك کە هێشتا نەچوونەتە تەریبەوە, واتە تەمەنیان پێش دوانزە ساڵانە, بەشوو بدرێن.[262]

عائیشە یەکێك دەبێت لەچاوکراوەترین ژنانی موحەممەد. دوور لەکاریگەریی باوەڕی ئایینی, پێویستە خوێندنەوەیەکی تایبەت‌و قووڵ بۆ ئەم ژنەی ناو کۆمەڵگایەکی تەواو چەوساندنەوەی ڕەگەزی‌و چینایەتی بکەین. لەئەنجامی خوێندنەوەیەکی قووڵی مێژوودا دەردەکەوێت کە عائیشە چەپێك بووە لەبیروڕای ئیسلامەتی.! راوییەکان باسی عائیشە, وەك

262 وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ (4) سورة الطلاق.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org



دایکی ئیماندارانو کچێکی کەم تەمەن باسیان نەکردووە کە تەنها لەشولارێکی جنسی پێوە بێت, بەڵکو سەدان سەرگوزشتە لەهەردوو صەحیحەکەی بوخاریو موسلیمو ئەوانی دیکەشدا هەن کە لە زمانی ئەم ژنەوە گێڕدراونەتەوە. بەپێی ئەو ڕیوایەتانە زیرەکترین ژن بووە لەناو ژنەکانی موحەممەدداو باسی لێهاتوویی‌و زیرەکیشی دەکەن. چەندین جار راڤەی ئایەتی کردووە, باسی هەموو شوێنێکی لەشی ژنو پیاوی کردووەو لەناوهێنانی شوێنە هەستوەرەکاندا شەرمی نەکردووە. لەسەر مافەکانی خۆی بەگژ موحەممەددا چووەو شەڕی لەگەڵ کردووە. هەر کاتێك بیزانیبایە موحەممەد غەدری لێدەکات, وەك ژنەکانی دیکەی بێدەنگ نەبووەو هەرای ناوەتەوە. چەند جارێك موحەممەد شکایەتی عائیشەی گەیاندووەتە ئەبوبەکری باوکی‌و ئەویش لێی داوە. ژنێکی قورس بووەو لەگەڵ ئەوەی دەمەقاڵێی زۆری لەگەڵ موحەممەددا هەبووە, بەڵام ڕەفتاری بەشێوەیەك بووە کەموحەممەد ئەم ژنەی لەهەمووان خۆشتر بوێت. زۆرینەی شەوانو زۆرینەی کاتەکانی موحەممەد, تەنانەت لەکاتی نەخۆشی‌و سەرەمەرگیشدا لەلای ئەم ژنەی ماوەتەوە.[263] هەرکەس مێژووی ئیسلامی خوێندبێتەوە ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت گەر عائیشە نەبوایە کەلێنێکی گەورە دەکەوتە پاشماوەکانی مێژووی ئیسلام. بۆیە دەکرێت لەعائیشەوە بڕوانینە مافەکانی ژنان لەئیسلامداو هەر ئەو دەروازەیەك بێت بۆ ئێمە کە تێدا لەسەر ئەم جۆرە تاوانە دادگایی هەموو ئەوانە بکەین کەزەواج لەگەڵ کیژۆڵەکاندا بەشەرعی دەزانن, دواتر ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەروونییان بکەین. چەندین ڕووداو بەسەرهاتی گرنگی ژیانی عائیشەمان لەکۆتایی ئەم فەسڵەو سەرەتای فەسڵی شەشەمدا نوسیوە.

### حەفصە

حفصة بنت عمر بن الخطاب العَدَوي القرشي

پێش ئەوەی شوو بەموحەممەد بکات هاوسەری (خنيس بن حذافة السهمي.) بووە.

263 دواتر هەر لەم فەسڵەدا چەندین بەڵگە بۆ نوسینەکانمان دەهێنینەوە

لە دوای کۆچ بە دوو ساڵو شەش مانگ[264], لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا شوو بە پەیامبەری تەمەن پەنجاو شەش ساڵە کردووە. لەساڵی چلویێنجی کۆچیدا, واتە لەتەمەنی شەستو یەك ساڵیدا مردووە.

لە کتێبە مێژووییەکاندا باس لەشەڕانی حەفصە کراوە.[265] جوانێکی شەڕانی بووە و چەندین جار کێشەی بۆ موحەممەد دروست کردووە. شەڕانییەکەی گەیشتوەتە رادەیەك کە بگاتە تەڵاقدانو گەڕانەوەی.[266] کاتێك لە مێردی پێشووی بێوەژن کەوتووە, خەلیفە عومەری باوکی ویستویەتی لەهەردوو خەلیفەی راشدین, خەلیفە ئەبوبەکرو خەلیفە عوسمان, مارەی بکات, بەڵام ئەوان نەیانویستووە. بوخاری دەگێڕێتەوە:

کاتێ حەفصەی کچی عومەر لەمێردەکەی (خنيس بن حذافة) بێوەژن دەکەوێت, عومەر دەچێتە لای خەلیفە (عثمان بن عفان)و باسی حەفصەی لەلا دەکاتو پێی دەڵێت: با حەفصەت لێ مارە بکەم, عوسمانیش دوای چەند شەوێك پێی دەڵێت نامەوێ. دواتر خەلیفە (ابوبکر صديق) دەبینێتو پێی دەڵێت: ئەگەر حەزدەکەیت حەفصەت لێ مارە دەکەم. ئەویش بێدەنگ دەبێ‌و هیچی پێناڵێت, ماوەیەکی پێدەچێت موحەممەد دەنێرێتە خوازبێنی حەفصەو عومەریش لێی مارە دەکات.[267]

---

264 ابو عبدالله المنتخب من كتاب أزواج النبي قصة تزوج النبي حفصة بنت عمر.

265 هەر لەم بەشەدا چەند نموونەیەك وەك بەڵگە باس دەکەین

266 ابو عبدالله, المنتخب من كتاب أزواج النبي. قصة تزوج النبي حفصة بنت عمر.

267 حِينَ تَأَيَّمَتْ حَفْصَةُ بِنْتُ عُمَرَ مِنْ خُنَيْسِ بْنِ حُذَافَةَ السَّهْمِيِّ وَكَانَ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَتُوُفِّيَ بِالْمَدِينَةِ فَقَالَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ أَتَيْتُ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ فَعَرَضْتُ عَلَيْهِ حَفْصَةَ فَقَالَ سَأَنْظُرُ فِي أَمْرِي فَلَبِثْتُ لَيَالِيَ ثُمَّ لَقِيَنِي فَقَالَ قَدْ بَدَا لِي أَنْ لَا أَتَزَوَّجَ يَوْمِي هَذَا قَالَ عُمَرُ فَلَقِيتُ أَبَا بَكْرٍ الصِّدِّيقَ فَقُلْتُ إِنْ شِئْتَ زَوَّجْتُكَ حَفْصَةَ بِنْتَ عُمَرَ فَصَمَتَ أَبُو بَكْرٍ فَلَمْ يَرْجِعْ إِلَيَّ شَيْئًا وَكُنْتُ أَوْجَدَ عَلَيْهِ مِنِّي عَلَى عُثْمَانَ فَلَبِثْتُ لَيَالِيَ ثُمَّ خَطَبَهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأَنْكَحْتُهَا. صحيح البخاري: كتاب النكاح, باب عرض الإنسان ابنته أو أخته على أهل الخير. حديث4830



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.Xwdakan.com

لەسەرگوزشتەیەکی تردا حاکم نوسیوێتی کاتێك مێردەکەی حەفصە دەمرێتو بێوەژن دەکەوێت, هەر لەو ماوەیەشدا روقییەی کچی موحەممەد, کە ژنی خەلیفە عوسمان دەبێت, دەمرێتو عوسمانیش بێوەپیاو دەکەوێت. عومەر بە عوسمانی وتووە وەرە با حەفصەت لێ مارە بکەم, بەڵام عوسمان پشتی تێکردووەو وەڵامی نەداوەتەوە, عومەر ئەمەی پێناخۆش بووەو لای موحەممەد باسی ئەم نارەحەتییە خۆی کردووە, موحەممەدیش پێی وتووە: دەڵێی چی کارێکی باشتر بکەین, ئوم کەلسومی کچم دەدەمە عوسمانو منیش حەفصە دەهێنم.!؟ ئەنجام هەموو لایەك بەمە رازی دەبن.[268] و بەم شێوەیە حەفصە دەبێتە ژنی موحەممەد.

## زەینەبی کچی خوزەیمە

زينب بنت خزيمة الهلالية بن عبد الله بن عمرو بن عبد مناف

مێردە کۆنەکەی (الطفيل بن الحارث بن المطلب) لەشەڕی ئوحوددا دەکوژرێت, پاش گواستنەوەی حەفصە بە یەك مانگ شوو بە موحەممەد دەکات. خۆی دەداتە دەست موحەممەدو ئەویش بۆخۆی مارەی دەکات. تەنها دوو مانگ لەگەڵ موحەممەددا دەژی.[269] سەرچاوەکان زۆر بەباشی ئەم ژنەیان هەڵسەنگاندووەو بە دایکی هەژاران ناویان هێناوە.[270]

## ئوم سەلەمە

---

268 المستدرك على الصحيحين, تسمية أزواج رسول الله, ذكر حفصة بنت عمر

269 جعلت أمرها اليه فتزوجها, فمكثت عنده ثمانية أشهر وتوفيت في آخر شهر ربيع الآخر على رأس تسعة وثلاثين شهرا. ابو عبدالله, المنتخب من كتاب أزواج النبي. قصة تزوج النبي زينب بنت خزيمة الهلالية.

270 تفسير ابن كثير الاحزاب 50



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Marwan Halabjaee
www.xwdakan.com

(هند بِنت أَبِي أمية بن المِغيرة بنِ عبد الله بنِ عمر بنِ مَخزوم بنِ يَقَظَةَ بنِ مرة المخزومِية)

بە(أم سلمة) بانگ دەكرا, مێردە كۆنەكەی (عبدالله بن عبد الأسد المخزومي) برای شیری موحەممەدەو لەغەزایەكدا بەسەختی بریندار دەبێو لەكاریگەری برینەكەیدا دەمرێت. هەر لەگەڵ تەریی تەواو دەبێت, موحەممەد دەنێرێتە داوایو ئەویش شووی پێدەكات.[271]

لەساڵی پەنجاو نۆی كۆچیدا مردووە.[272]. سەرچاوەكان دەڵێن ئەم ژنەی دواهەمین ژنی موحەممەد بووە كە بمرێت. هەندێكیش دەڵێن مەیمونە دواهەمین ژن بووە.

## جوەیرییە

جويرية بنت الحارث بن أبي ضرار.

یەكێك لەشاژنە جوانەكانی موحەممەد جوەیرییەیە. پاش كوشتنو دەربەدەركردنی كەسوكارو هۆزەكەی, تەنها جوانییەكەی لەمردنو كۆیلایەتی رزگاری دەكاتو دەبێتە ژنی موحەممەد.

چیرۆكی شووپێكردنی ئەم ژنە بە موحەممەد جێی سەرنجەو لەو جۆرە چیرۆكانەن كەپیاوانی ئایین شەرمیان لێ دێت باسی بكەن. ابن هیشام لە مێژووەكەی خۆیدا دەگێڕێتەوە: لەساڵی شەشی كۆچی, لەنزیك ئاوێك بەناوی (الْمُرَيْسِيعُ) لە ناوچەی (قَدِيدٍ) شەڕێكی قورس لەنێوان موسڵمانانو هۆزی بەنی موصتەلیق رووی داوە, ئەو شەڕە بەسەركردایەتی خودی موحەممەد بووەو تێیدا موسڵمانەكان سەركەوتوون. ئەم مێژوونووسە باوەڕپێكراوە بەراشكاوانە باسی لەوە دەكات كە لەو شەڕەدا كارەسات روویداوە كە بە تاڵانیو

271 كتاب الأربعين في مناقب أمهات المؤمنين. (ابن عساكر) جزء1-صفحة 42-43

272 ابو عبدالله, المنتخب من كتاب أزواج النبي. قصة تزوج النبي أم سلمة بنت أبي أمية.



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Marwan Halabjaee www.xwdakan.com

ڕاووڕووت کۆتایی هاتووە. موحەممەد لەو شەڕەدا کۆیلەو کەنیزەکێکی زۆری دەستکەوت بووەو هەندێکی دابەشی موسڵمانان کردووە.[273]

ابن هیشام لە دێڕێکدا بە دەق نوسیویێتی:

وَقُتِلَ مَنْ قُتِلَ مِنْهُمْ وَنَفّلَ رَسُولُ اللّهِ صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ أَبْنَاءَهُمْ وَنِسَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ.و..[274]

ئەوەی کوژرا, کوژرا..! هەرچی ژنو منداڵو سەروەتو سامانیشیان هەبوو نێردراوی خوا (موحەممەد, صەلەواتو سەلامی خوای لێبێت) ئەنفالی کردن.

عائیشە دەڵێت:

کاتێك کە ئیماندارەکانی خوا دەستکەوتەکانی هۆزی (بني مصطلق) لەناو خۆیاندا دابەش دەکەن، ژنێك بەناوی (جويرية بنت الحارث) دەبێتە دیلی صەحابەیەك بەناوی (ثابت بن قيس الشماس)[275] ئەویش بۆ خۆی موکاتەبەی دەکات,[276] واتە هەر کاتێك جوەیرییە توانی بڕە پارەیەکی دیاری کراو بداتە ثابت ئەوە دەتوانێت خۆی لەکۆیلایەتی ڕزگار بکات.

عائیشە دەڵێت: جوەیرییە ژنێکی ڕوخسار جوان بوو، هاتە لامان تا لە دەست (ثابت) پەنا بە موحەممەد بگرێو لەدەستی ڕزگاری بکات. (واتە بەبڕێك پارە, یان بە هەر جۆرێکی دیکە, یارمەتی بدەین) من (واتە عائیشە) کە جوەیرییەم لەبەردەم حوجرەکەی خۆمدا بینی, ڕقم لێهەڵسا, زانیم ئەگەر پەیامبەر ببینێ دەیبات بۆ خۆی. جوەیرییە چووە ژوورەوەو بەموحەممەدی گوت: ئەی پەیامبەری خوا من جوەیرییەم, کچی حارثي کوڕی ئەبی زیرارم (سەرۆك هۆزی بني مصطلق) توشی بەڵاو سەرگەردانی هاتووم, بارم سوك بکە. (واتە من کچی سەرۆك هۆزەکە بوومو پاش کوشتنی کەسوکارو بەئەنفالکردنی هەموو هۆزەکەم,

273 هەمان سەرچاوەو ناونیشان

274 سيرة النبوية. ابن هشام , غزوة بني المصطلق.

275 یان کوڕە مامێکی ثابت

276 سيرة النبوية. ابن هشام , غزوة بني المصطلق.

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

ئێستا زەلیلی کەسێکی ترم, کەمێك یارمەتیم بدە با لە دەست صەحابەکە رزگارم ببێت.)
پەیامبەریش پێی دەڵێت: ئەی چی دەڵێیت لەدەست ئەو رزگارت بکەمو ببیتە ژنی خۆم.[277]

بەم شێوەیە دەبێتە ژنی موحەممەد. ئەو رۆژەی کە جوەیرییە دەکەوێتە دەست موحەممەد, مێردی جوەیرییە, کەخۆشەویستییەکی قووڵی بۆ جوەیرییە هەبووە, بەو کۆیلەکردنو ئیغتیصابکردنە زۆر نارەحەت دەبێو شیعرێك بەسەر کوشتنی خۆیدا دەنوسێت.[278]

موسڵمانەکانی ئێستاو مێژوو جووەیرییە بە یەکێك لە ژنانی موحەممەد دەزانن, چونکە موحەممەد لە دیلێتی رزگاری کردووەو لە خۆی مارەی کردووە. بەڵام ئەوەیان لەبیرچووە کاتێك ئەم ژنە داوای ئازادبوونی خۆی کردووە لە بنەمادا ژنێکی ئازاد بووە. بەهۆی هێرشی موسڵمانانەوە کەسوکارەکەی کۆمەڵکوژ کراونو ئەمیش بۆتە ئافرەتێکی یەخسیرو کەسوکار ئەنفالکراو. لە پاشماوەی شارێکی وێرانەو شەرێکی خوێناوی بەجێ ماوە. خودی موسڵمانان پشکی سەرەکییان لەو وێرانەو ئەنفالەدا بینیوەو خودی موحەممەد سەرۆکی سوپاکە بووە. واتە بەرنامەکەی خودی موحەممەدو شەریعەتەکانی ئیسلام بووە لە ژنە ئازادێکەوە کردویانە بە کۆیلە. دواتر موحەممەد دێتو ئازادییەکەی خۆی بە خۆی دەفرۆشێتەوەو بەناوی کاری حەڵاڵی ئیسلامەوە دەیکاتە ژنی خۆی. گەر لەوێدا کەسێك هەبووایە ئەم ژنەی لە کۆیلایەتی رزگار بکردایە ئەم ژنە ئامادە نەبوو شوو بەکەسانێك بکات کە قەتلوعامی کەسوکارەکەی کردوون.

Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

## رێحانە

---

277 هەمان سەرچاوەو ناونیشان

278 ابو عبدالله, المنتخب من كتاب أزواج النبي. قصة تزوج النبي جويرية بنت الحارث بن أبي ضرار

ريحانة بنت زيد بن عمرو بن خنافة بن سمعون بن زيد[279]

یەکێك لەو رووداوانەی کە ئایینی ئیسلامو پەیامبەرەکەی خستۆتە ژێر تیشکی خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەی قورسەوە, هەروەها یەکێك لەو کارەساتە جەرگبڕانەی کەمێژووی مرۆڤایەتی ناتوانێت لەبیری خۆی بباتەوە, چۆنایەتی بە ئەنجامگەیاندنی ئەم ژنهێنانەی موحەممەدە. ئەم ژنهێنانەی رابەری ئیسلام یەکێکە لە بەسوێترین ئاهەنگی زەواج لە مێژوودا. یەکێکە لەدیمەنە راستەقینەکانی ئیغتیصابکردن لەژیانی موحەممەد, وەك قارەمانێکی چ دینیو چ دنیایی.

لە مێژوودا قسەیەکی رێحانە نوسراوە, ئەمە دەقەکەیەتی:

فأرسلت إلى بيت أم المنذر بنت قيس أياما حتى قتل الأسارى وفرق السبي فدخل رسول الله {صلى الله عليه وسلم} علي فاختبأت منه فدعاني فأجلسني بين يديه فقال ( إن اخترت الله ورسوله اختارك رسول الله {صلى الله عليه وسلم} لنفسه ) فقلت فإني أختار الله ورسوله فلما أسلمت اعتقني وتزوجني وكان يقسم لي كما كان يقسم لنسائه وضرب علي الحجاب.[280]

نێردرام بۆ ماڵی (أم المنذر بنت قيس) چەند رۆژێك لەوێ مامەوە تا تەواوی پیاوە دیلەکان کوژرانو ژنو منداڵو دیلەکانی دیکەش دابەش کران, موحەممەد هاتە ژوورەوە بۆ لام, من خۆمم لێ شاردەوە, ئەویش بانگی کردمو لە بەردەمی خۆیدا دایینیشاندمو وتی: ئەگەر تۆ خواو نێردراوەکەی هەڵبژێریت ئەوە نێردراوەکەشی تۆ بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. وتم: من خواو نێردراوەکەی هەڵدەبژێرم, ئیتر بەم شێوەیە موسڵمان بووم ئازادی کردم, منی کردە ژنی خۆیو وەك ژنەکانی دیکەی بەشی خۆمی پێدەدامو حیجابی بەسەردا سەپاندم.

279 بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ناوی باپیرانی بروانە: الطبقات الكبرى ج8 ص 100 وما بعدها

280 ابو عبدالله, المنتخب من كتاب أزواج النبي. قصة تزوج النبي ريحانة بنت زيد بن عمرو بن قنافة



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

لێرەدا قسەکەی ڕێحانە تەواو دەبێت. هەموو جارێکیش مەلاکان بەم چەند دێڕە باس لەم زەواجە دەکەنو کۆتایی پێدێنن. بەڵام تا ئێستا کەس بۆی نەلواوە پرسیاری ئەوەیان لێبکات: ڕێحانە کێیە.؟ ئەو دیلانە کێ بوون لە ڕیوایەتەکەدا هاتووە کە موسڵمانان کوشتیانن.؟ ئەو ژنو مندالانە کێ بوون لە نێوان موسڵمانانەدا دابەش کراون.؟ ڕێحانە بۆ لە موحەممەد خۆی شاردۆتەوە.؟ لەچی ئازادی کردووە.؟ بۆچی سەرەتا ڕەیحانە وتویەتی: من ژنی پیاوێکی خۆشەویست بووم, زۆر ڕێزی لێدەنام, سوێندم خواردبوو جگە لەو لەگەڵ هیچ کەسێکی دی جووت نەبم.[281] ئیتر بۆ دواتر دەبێتی ژنی موحەممەد.؟

لێرەدا وەلامی ئەو پرسیارانە دەدەینەوە کە بە درێژایی مێژووی ئیسلامو ئێستاشی لەگەڵ بێت, لەناو کوردو زۆربەی موسڵماناندا کەس جورئەتی ئەوەی نەکردووە بە ئاشکرا لەم زەواجە بدوێت.

بەچەند دێرێکی مێژوونوسی گەورەی جیهانی ئیسلام (ئیمامی تەبەری) دەست پێدەکەین, ئەو نوسیوێتی: لە نیوەڕۆیەکی سالی پێنجی کۆچیدا (لەشاری مەدینە) جوبرەئیل دەچێتە لای موحەممەدو پێی دەلێت: ئەوە شمشێرەکانتان داناوە؟ (واتە ئەوە جیهاد ناکەن؟) موحەممەدیش دەلێت: بەلێ. جوبرەئیل پێی دەلێ: دەبزانە مەلائیکەتەکان چەکەکانیان دانەناوە, ئەی پەیامبەر, خوا فەرمانت پێدەکات بەرەو شەڕی بەنی قورەیزە بچیتو نوێژی عەسرت لەوێ بکەیت.[282]

واتە موحەممەد وەحی بۆ هات بچێت شەڕی بەنی قورەیزە بکات, مژدەی ئەوەشی پێداوە کەشەڕەکە بەسەرکەوتنی ئەوان کۆتایی دێت و هەر ئەو ڕۆژە کۆتایی بەشەڕەکە دەهێنێو نوێژی عەسریان لەناو هۆزەکەدا دەکەن.

281 ريحانة بنت زيد بن عمرو بن قنافة قالت كنت تحت زوج محب لي مكرم فقلت لا أستخلف بعده. المنتخب من كتاب ازواج النبي 47/1.

282 تأريخ الطبري, غزوة بني قريظة, هەروەها السيرة النبوية, الروض الأنف, ج3 قصة غَزْوَةُ بَنِي قُرَيْظَةَ فِي سَنَةِ خَمْسٍ.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

بەنی قورەیزە هۆزێکی یەهوودی شاری مەدینە بوونو نەبوبوونە موسڵمان. بەپاساوی ئەوەی ئەم هۆزە پەیماننامەیەکی نوسراویان پێشێل کردووە, موحەممەد فەرمان دەدا کە موجاهیدانی خوا بۆ ئەو شەڕە بچنو نوێژی عەسریان لەناو ئەو هۆزەدا بکەن. یەهودییەکانی بەنی قورەیزەش هەواڵی ئەم هێرشەیان زانیو خۆیان لەقەڵاکانیان مەڵاس دا. پاش ئەوەی لەشکری موسڵمانان گەمارۆی قەڵاکانی بەنی قورەیزەیان دا, شەڕ دەستی پێکرد. بەپێچەوانەی پێشبینییەکەی موحەممەدەوە, نەك هەر ئەو ڕۆژە, بەڵکو بۆ ماوەی بیستو پێنج ڕۆژ شەڕو گەمارۆ درێژەی کێشاو موحەممەد نەیتوانی بەسەریاندا زاڵ ببێت, بەڵام ئەم گەمارۆدانە هۆزی بەنی قورەیزەی ناچار کرد, بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکە, دانوستان لەگەڵ موحەممەددا بکات.

سەرەتا موحەممەد پێی وتن کە دەبێت لە قەڵاکانیان بێنە خوارەوەو خۆیان تەسلیم بە حوکمی خواو پەیامبەرەکەی بکەن. هۆزی بەنی قورەیزەش پرسیاریان کرد حوکمی خواو پەیامبەر چییە؟ لەوەڵامدا وتیان کوشتنە.! دواتر صەحابەیەك پێی وتن: ئەگەر واز لەماڵو سامانتان بهێنو ببنە موسڵمان ئەوا ناتانکوژین. هۆزی بەنی قورەیزەیش لەوەڵامدا دەڵێن: هەرگیزاو هەرگیز واز لەماڵو منداڵو سامانمان ناهێنینو ئایینی خۆمان بەهیچ ئایینێك ناگۆڕینەوە, ئەگەر وابێت, ئێمە خۆمان ماڵو منداڵمان دەکوژینو ئەوجا لەگەڵ موحەممەد ڕووبەڕوو دەبینەوە, خۆ ئەگەر دۆڕاین, ئەوا لەپاش خۆمان شتێك جێناهێڵین تا خەمیان بخۆین.

موحەممەد, صەحابەیەك بە ناوی (أبا لبابة بن عبدالمنذر) دەنێرێتە لایان بەڵکو لەگەڵیان ڕێکەوێو کۆتایی بەو دانوستانە بهێنێت. کەناوبراو دەگاتە لایان, ئەو ژنو منداڵانەی ماوەی بیستو پێنج ڕۆژ بوو گەمارۆ درابوونو ژیانی خۆیانو کەسوکاریان کەوتبووە مەترسیی تەواوەوە, بەقیژەو هاوارو گریانەوە دێنە لایو لێی دەپاڕێنەوە کە فریایان بکەوێو ڕێگە چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە. ئەویش پێیان دەڵێت: ئەگەر خۆتان تەسلیم بە پەیامبەرو موسڵمانان بکەن سەرتان دەبڕن.!

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

لە دوا هەنگاوی ئەم دانوستانەدا هۆزی بەنی قورەیزە رازی دەبن خۆیان تەسلیم بەموحەممەد بکەن بەو مەرجەی خواو موحەممەد حوکمیان نەکەن بەڵکو کەسێك بەناوی (سعد بن معاذ) حوکمیان بکات, چونکە یەهودییەکان ئەم ناوبراوەیان بە دۆستی خۆیان دەزانی. موحەممەدیش بەم مەرجە رازی دەبێت. کارەساتە جەرگبڕەکەش لێرەوە دەست پێدەکات.

دوای ئەوەی بەنی قورەیزە خۆیان تەسلیم بە موسڵمانان دەکەن, چەك و کەلوپەلی شەڕیان لێدەسەنن, دەستی پیاوەکان دەبەستنەوە. ئینجا موحەممەد بە (سعد) دەڵێت ئادەی حوکمیان بکە. سەعدیش بەم شێوەیە حوکمیان دەکات: (پیاوەکان سەربڕن, ژنو منداڵو سامانەکانیان دابەش موسڵمانەکان بکەن). پەیامبەری خواش بەم حوکمە رازی دەبیو بە سەعد دەڵێت: (بەراستی بەپێی یاسای خواو پەیامبەرەکەی حوکمت کرد).[283]

موحەممەد لە پیاهەڵدانێکی خۆیدا وتویەتی:

ئەو کاتەی خوا بوونەوەری دروست کرد, نوسی کە بەزەییەکەم پێش تووڕەبوونم کەوتووە.[284] بابزانین بەزەیی موحەممەد لە کوێدایە:

فَحَبَسَهُمْ رَسُولُ اللّهِ صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ بِالْمَدِينَةِ فِي دَارِ بِنْتِ الْحَارِثِ امْرَأَةٍ مِنْ بَنِي النّجّارِ ثُمّ خَرَجَ رَسُولُ اللّهِ صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ إلَى سُوقِ الْمَدِينَةِ ، الّتِي هِيَ سُوقُهَا الْيَوْمَ فَخَنْدَقَ بِهَا خَنَادِقَ ثُمّ بَعَثَ إلَيْهِمْ فَضَرَبَ أَعْنَاقَهُمْ.[285]

---

283 صحيح البخاري, كتاب المغازي باب: مرجع النبي صلى الله عليه وسلم من الأحزاب، ومخرجه إلى بني قريظة ومحاصرته إياهم. حديث3895 تأريخ الطبري, غزوة بني قريظة, هەروەها البداية والنهاية, الجزء الرابع ص: 134-145. هەروەها السيرة النبوية, الروض الأنف, ج3ص445-446

284 (إن رحمتي سبقت غضبي). صحيح البخاري, كتاب التوحيد. باب {وكان عرشه على الماء} هود:7. {وهو ربُّ العرش العظيم} التوبة:129 حديث6986

285السيرة النبوية, ابن هشام. الروض الأنف, ج3ص445-446. تأريخ الطبري, غزوة بني قريظة.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org



سەرەتا موحەممەد هەموو پیاوەکانی بەنی قورەیزە لەماڵی ژنێك لە هۆزی (بَنِي النّجّارِ) بەناوی (بِنْتِ الْحَارِثِ) زیندانی کردووە، ئینجا چووەتە بازاڕەکەی شاری مەدینەوەو فەرمانی کردووە چەند چاڵێکی گەورە لە بازاڕەکەدا هەڵکەنن. دوای ئامادەکردنی چاڵەکان ناردوویەتی بەشوێن دیلەکانداو دەستە دەستە دیلەکلنیان هێناوە, لە قۆناغی یەکەمدا بەبەرچاوی ژنو خوشكو کچو دایكو کەسوکارو خۆشەویستانیانەوە هەموو پیاوەکان, گەنجو پیر, یەکە یەکە وەك بەرخ سەریان بڕیون.

لەقۆناغی دووەمدا سەیری ناوگەڵی لاوەکانیشان کردووە, هەر لاوێك توکەبەری کردبێت ئەویشیان سەربڕیوە.[286] ئینجا کۆمەڵ کۆمەڵ خستویاننەتە چاڵەکانەوەو بە خۆڵو لی شوێنەکە دایانپۆشیون.[287]

(حُيَيّ بْنُ أَخْطَبَ)و (كَعْبُ بْنُ أَسَدٍ) کەسەرۆکایەتی هۆزی بەنی قورەیزەیان دەکرد, ئەوانیشیان سەربڕیوە. ژمارەی سەربڕاوەکان بە حەوت سەد تا هەشت سەد کەس مەزەندە کراوەو زۆربەی مێژوونوسانیش بە هەشت سەد تا نۆ سەد کەس مەزەندەیان کردووە. تەنها یەکێکیان ژن دەبێت, کە ئەویش یەکێك دەبێت لە هاوڕێ نزیکەکانی عائیشەو بەرێزێکی زۆرە باسی کردووە.[288]

---

286 عَنْ عَطِيّةَ الْقُرَظِيّ ، قَالَ كَانَ رَسُولُ اللّهِ صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ قَدْ أَمَرَ أَنْ يُقْتَلَ مِنْ بَنِي قُرَيْظَةَ كُلّ مَنْ أَنْبَتَ مِنْهُمْ وَكُنْت غُلَامًا ، فَوَجَدَنِي لَمْ أُنْبِتْ فَخَلّوْا سَبِيلِي. السيرة النبوية, الروض الأنف, ج3 **بڕوانە لاپەرەکانی**448-449

287 تأريخ الطبري, غزوة بني قريظة, **هەروەها** السيرة النبوية, ابن هشام. الروض الأنف, ج3ص445-446 غزوة بني قريظة في سنة خمس.

288 السيرة النبوية, الروض الأنف, ج3ص445



دوای ئەم قەصابخانەیە هەرچی دەستکەوتو تالانی هەیە لەنێو خۆیاندا دابەشی دەکەن.[289]

لەناو بەشەکەی موحەممەددا ژنێکی جوان هەبووە بەناوی (ریحانة بنت زید بن عمرو بن قنافة). ئەم ڕەیحانەیە هاوسەری سەرۆك هۆزەکە (حُيَيّ بْنُ أَخْطَبَ) بووەو وەك جوانێکی بێئەندازە بەناوبانگ بووە. کاتێك ژنە دیلەکانیان یەك یەك پیشانی موحەممەد داوە لەبەر جوانی ئەم ژنەی هەڵبژاردووەو کردوویەتی بە ژنی خۆی.[290]

بەم شێوەیە, پاش ئەم کارەساتە گەورەو جەرگبڕە, ڕەیحانە دەبێتە ژنی موحەممەد, ئەم ژنە بەبەرچاوی خۆیو هۆزەکەوە هاوسەرەکەی, براکەی, باوکی, کوڕی, تەواوی کەسوکاری سەردەبڕن, ئینجا بەدیلی دەیبەنە لای موحەممەد. ئەویش لەناو دیلەکاندا بۆ خۆی هەڵیدەبژێرێو دەیکاتە ژنی خۆی.

مێژوونوسانی ئیسلام شەرمیان لەگێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە نەکردووە, تۆماریان کردووەو دوو ئایەتیش لە قورئاندا هەن بە ڕاشکاوانە دان بە حەڵاڵی ئەو دەستکەوتو سامانەدا دەنێن کە لەو شەڕانەدا چنگی موحەممەدو موسڵمانان کەوتبوون.

289 صحیح البخاري, کتاب المغازي باب: حديث بني النضير،3804

290 السيرة النبوية, ابن هشام. الروض الأنف, غزوة بني قريظة



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com  net  org

وَأَنْزَلَ الَّذِينَ ظَاهَرُوهُمْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مِنْ صَيَاصِيهِمْ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ فَرِيقًا تَقْتُلُونَ وَتَأْسِرُونَ فَرِيقًا وَأَوْرَثَكُمْ أَرْضَهُمْ وَدِيَارَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ وَأَرْضًا لَمْ تَطَئُوهَا وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرًا.[291]

ئەو خاوەن کتێبانەی کە پشتگیری بێباوەڕەکانیان کرد, خوا لە قەڵاکانیان هێنانییە خوارەوەو ترسو دڵەلەرزەی خستە دڵیانەوە, تا وای لێهات لەو بێباوەڕانە دەستەیەکتان لیێ کوشتنو دەستەیەکیشتان لیێ بەدیل گرتن, زەویو ماڵو خانوو سامانیان بۆ ئێوە مایەوە, هەروەها زەوی تریش کە هێشتا بەسەریدا نەچوون, بە راستی خوا توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

بەبێ ئەوەی هیچ زیادەیەکمان خستبێتە سەر ئەم رووداوە, کتومت چیرۆکەکەمان وەك خۆی گێڕایەوە. نەك تەنها بەگێڕانەوەی ئەم چیرۆکە, هەروەها نەك بەخوێندنەوەی دێڕەکانیو بینینی وشەکانی, بەڵکو ئەگەر بێینو رووداوی ئەم زەواجە بە خەیاڵ, وەك نوسینی سیناریۆیەکو فیلمێکی سینەمایی ببینین, توشی شۆكو سەرسوڕمان دەبین. مەگەر جانەوەرەکان, دەنا دڵو دەروونی هەموو مرۆڤێکی خاوەن هەستو ئەقڵو ویژدان دەهەژێنێت.

ئەگەرچی ئەم زەواجەی موحەممەد لەشێوەو شێوازدا کلاسیکی نییەو جۆرێکە لە جۆرەکانی ئیغتصاب, بەڵام مێژوونوسانی ئیسلامی ئەم رووداوەیان بە رووداوێکی زۆر پیرۆز زانیوەو لە خوێندنەوەی مێژوویاندا شانازی پێوەدەکەن. موحەممەدیشیان وەك سەرکردەیەکی شەرِکەری تالانکەری سێکسباز دەرنەخستووە, بەڵکو لە پێشەنگی ئەم جیهادەدا کردویانە بە قارەمانی مێژوو.

تێگەیشتنمان لە چۆنایەتی ئەم زەواجەی موحەممەد لە (رێحانە), بەسە بۆ ئاشکراکردنی دەروونی کەسێك لەجیاتی بینینی پەیامێکی میتافیزیکی, دیمەنی کەسێکی گەڕۆك بۆ سێکسو جەنگاوەرێکی مەیدانی دونیای فیزیك بۆ تێکەڵکردنی سێکسو خوێن لەحەقیقەتیدا ببینین. زەواجێك تێیدا بۆمان بسەلمێنێت لەدوای جەنگو کوشتار, دوای پەیدابوونی دەسەڵاتو

---

291 الأحزاب 26 و 27



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

دەستکەوتی ئابووری, مەسەلەی سێکس پانتاییەکی گەورە لە ئایینی ئیسلامو ژیانی ئیماندارانی ئیسلام داگیردەکات.

ڕەنگە ئەم جۆرە ڕووداوانە بێت وای لە کەسێکی ئەو سەردەمە بەناوی (ابن صیاد) کردبێت کە موحەممەد بەپەیامبەری مرۆڤایەتی نەزانێت.[292] لە سەرگوزشتەیەکی بوخاریدا بەدووروو درێژی باسی ئەوە کراوە کە موحەممەد لەگەڵ چەند کەسێکدا ئەم ناوبراوەیان دیوە کەخۆی لە موحەممەد بە شایستەتر زانیوە. موحەممەد پێی وتووە: ئایا شاهیدی دەدەیت کە من پەیامبەرم.؟ ئیبنو صەییادیش تەماشای کردووەو پێی وتووە: شاهیدی دەدەم کە تۆ پەیامبەری عەرەبە ڕەشۆکو نەخوێندەوارەکانیت.[293]

## ئوم حەبیبە

أم حبيبة بنت أبي سفيان (رملة بنت صخر بن حرب بن أمية بن عبد شمس بن عبد مناف)

مێردە کۆنەکەی ناوی (عبيدالله بن جحش) بووە. لە ئایینی ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوەو بووە بە مەسیحی. بەم هۆیەوە لەیەکتری جیا بوونەتەوە.[294]

ئەم ئافرەتە کچی ئەبو سوفیانو خوشکی خەلیفە معاویەو پورزای خەلیفە عوسمانە. هەر عوسمانیش لە موحەممەدی مارە کردووە.[295] بە بیستنی ناوی ئەم زاتانە بۆمان دەردەکەوێت کە ژنهێنانێکی بەرژەوەندی بووە, چونکە کەسوکاری ئەم ژنە هۆزێکی گەورەو پایەداری

---

292 (ابن صیاد) کەسێکی شارەزا بە ئایین بووەو منداڵانی خۆش ویستووە. هەرکات ماوەی هەبووبێت لەگەڵ منداڵاندا کاتی بەسەر بردووەو یاری و گەمەی لەگەڵ کردوون. خۆی بە زیرەکتر لە موحەممەد زانیوەو پێی وابووە ئەو شتانەی موحەممەد هەستی پێ دەکات و بە وەحی دەزانێت, ئەمیش هەستیان پێ دەکات.

293 صحيح البخاري, كتاب الجنائز. باب: إذا أسلم الصبي فمات.و..و.و، حديث1289

294 (إني نظرت في الدين فلم أر دينا خيرا من النصرانية. ورجع إلى النصرانية.) ابو عبدالله, المنتخب من كتاب أزواج النبي. قصة تزوج النبي أم حبيبة بنت أبي سفيان

295 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە أبو داود (2107) و (2108) والنسائي 119/6



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

ناوچەکە بوون. ئەمەش دەبێتە مایەی پشتوپەنایەکی زۆر گەورە بۆ موحەممەدو زیادکردنی هێزو دەسەڵاتی خێڵەکی لە ناوچەکەدا. ابو سوفیان یەکێکە لەو ناودارانەی کە مێژوو ناتوانێت رۆڵی ئەو وەك سەرکردەیەکی گەورەو سەرمایەدارێکی ناودارو ئەرستۆکراتێکی مێژوویی لەبیر بکات. هەروەها لەگەڵ معاویەی کوڕیدا سەرسەختترین دوژمنی ئیسلام بوون. کاتێك کە شاری مەککە لەلایەن موسڵمانانەوە داگیر کرا, لەو کاتە زۆر ناسکەشدا ابو سوفیان بە مەرج موسڵمانبوونی خۆی راگەیاند. مەرجەکەشی ئەوەبوو ئەگەر موحەممەدو موسڵمانان, لەهەر شەڕگەیەکدا تاڵانیان دەستکەوت دەبێت بەشێك لەو تاڵانیانەی بدەنێ. ئەم راستییەش لە ئایەتدا بە (الْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُم) ئاماژەی بۆ کراوە.[296] لەدوای موسڵمانبوونی ئەبو سوفیانو نەوەکانی, لە هەموو تاڵانیەکدا بەشدار بوون.

خەلیفە عوسمانیش, کە سێهەم خەلیفەی راشدینە, لەوەتەی هەبووە رۆژێك لە رۆژان هەژاری بەخۆوە نەدیوەو خاوەنی موڵكو سامانێکی زۆر بووە, معاویەی کوڕی ئەبو سوفیانیش, کوڕی هەمان خێڵە. بە هەموو پێوەرەکان ئەم زەواجە بۆ بەرژەوەندی بووە.

## زەینەب , بووكو پورزای موحەممەد

زينب بنت جحش بن رئاب بن يعمر بن صبرة بن مرّة بن كبير.

زەینەب پورزای موحەممەدەو ژنێکی جوانو قەشەنگی سەردەمەکەی خۆی بووە. لەژێر بەزەیی‌و سێبەری ئایەتەکانی موحەممەددا شوو کردووەو تەڵاق دراوە. یەکەم شووی زەینەب بەدڵی خۆی بووەو دووهەم شووی بەدڵی خۆی نەبووە, بەڵکو بەفەرمانی موحەممەد شووی بەزەید کردووە. سێهەم شووشی لەبەر خاتری خوا بووە, ئەویش شووکردنەکەیەتی بەخودی

296 {إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاء وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ} (60) سورة التوبة

موحەممەد.! زەینەب ئەو ژنە روخسار جوانە بوو کەموحەممەد سلاواتی بۆ لێداوەو بەبینینی لەشی ڕووتی سوبحانەڵلای بۆ کردووە.!

زەینەب بەهێزترین بەڵگەی سەلمێندراوی ئەو راستیانەیە کە لەم کتێبەدا ئاماژەمان پێداوە. ئەگەرچی لەلایەن زانایانی ئیسلامەوە ویستراوە لایەنی شەرعیو ئەقڵی بۆ ئەم چیرۆکە پڕ لەخرۆشاویە جنسییە بهۆنرێتەوە, بەلام نەیانتوانیوە وەلامێکی دروستو لۆژیکی بۆ پرسیارو رەخنەکانی ناو ئەم سیناریۆ ئاسمانییە بدۆزنەوە.

ئایەتێك لە قورئاندا هەیە دەمانباتە نێو چیرۆکێکی پڕ لەسەرسوڕهێنەری سێکسییەوە. ڕەنگە زۆرێك لە موسڵماکانی ئەمڕۆ, چاوەڕێی سیناریۆیەکی لەم شێوەیەوەیان لە کتێبە مێژوویەکاندا کردبێت, بەلام هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەبوون کە چیرۆکی تەلاقدانو شووکردنی ئەم زەینەبە لە ناو قورئاندا باس بکرێت:

مَّا جَعَلَ اللَّهُ لِرَجُلٍ مِّن قَلْبَيْنِ فِي جَوْفِهِ وَمَا جَعَلَ أَزْوَاجَكُمُ اللَّائِي تُظَاهِرُونَ مِنْهُنَّ أُمَّهَاتِكُمْ وَمَا جَعَلَ أَدْعِيَاءكُمْ أَبْنَاءكُمْ ذَلِكُمْ قَوْلُكُم بِأَفْوَاهِكُمْ وَاللَّهُ يَقُولُ الْحَقَّ وَهُوَ يَهْدِي السَّبِيلَ.[297]

خوا لە هیچ کەسێکدا دوو (دڵ)ی دروست نەکردووە, ئەو ژنانەتان کە ئێوە پێیان دەڵێن لەجێی دایکمانن, خوا نەیکردوون بەدایکتان, ئەوانەشی بەقسەی خۆتان دەیکەن بەکوڕی خۆتان, خوا نەیکردوون بەکوڕتان, ئەوانە قسەگەلێکن کەبەسەر زارتاندا دێنو دەچن, خوا قسەی حەق دەکاو هەر ئەویش ڕێ نیشاندەرە.

ڕاڤەکاراکان لەسەر ئەوە هاوڕان کە ئەم ئایەتە لەسەر زەید, مێردی دووهەمی زەینەب, نووسراوە.[298] بۆیە پێویستە لەدەمی مێژوونوسانی ئیسلامو موفەسیرەکانیانەوە زەید بناسینو لەئایتەتەکە بگەین. زەید کێیەو بۆچی ئەم ئایەتەو ئایەتی دیکەی لەسەر نوسراوە.!

خەدیجە, پێش ئەوەی شوو بە موحەممەد بکات, خزمەتکارێکی منداڵکارەی هەبوو بەناوی زەید (زيد بن حارثة بن شراحيل بن عبد العزى بن امرئ القيس). لەبنەڕەتدا ئەم منداڵە لە

297 الاحزاب 4

298 أجمع أهل التفسير على أن هذا نزل في زيد بن حارثة. بڕوانە هەموو ڕاڤەکان لەراڤەی ئایەتی الاحزاب 4



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ڕووداوێکدا ون دەبێتو مامی خەدیجە (حکیم بن حزام بن خویلد بن أسد بن عبد العزی) لەبازاڕدا دەیکڕێ, دواتر بەدیاری پێشکەشی خەدیجەی دەکات.[299] پاش ئەوەی خەدیجە شوو بەموحەممەد دەکات ئەم کۆیلەیە لەلایان دەمێنێتەوە. مێژوو ئەوەی سەلماندووە کەموحەممەد زەیدی زۆر خۆشویستووە. پاش ماوەیەك مامو باوکی زەید, کەبەشوێن کوڕی خۆیاندا وێڵ بوبوون, لای موحەممەد دەیدۆزنەوە. دێنە لایو داوای لێدەکەن زەیدیان بداتەوە. موحەممەدیش گەڕانەوەی دەداتە دەست زەید خۆیو دەڵێت: ئەگەر ئێوەی هەڵبژارد, ئەوە بیبەنەوە بێئەوەی پارەتان لێ بسەنم, ئەگەر منی هەڵبژارد, ئەوە لەلای خۆم دەیهێڵمەوە.

پاش ئەوەی پرسیار لەزەید دەکەن, ئەو, مانەوەی خۆی لەلای موحەممەد هەڵدەبژێرێت. موحەممەدیش ئەمەی پێخۆش دەبێتو لە خۆشیدا بانگەوازێك دەکات: (يَا مَعْشَرَ قُرَيْش اِشْهَدُوا أَنَّهُ اِبْنِي يَرِثنِي وَأَرِثهُ) ئەی خەڵکی قوڕەیش ئێوە شاهید بن زەید کوڕی منە, میراتم دەگرێو میراتی دەگرم.

پاش ئەوەی چەند جارێك ئەم بانگەوازە بەناو هۆزەکاندا بڵاودەکاتەوە, باوكو مامی زەیدیش بەم بڕیارە ڕازی دەبنو کوڕەکەیان بۆ موحەممەد جێدەهێڵن.[300] لەبەر ئەم هۆیە کەس بەناوی زەیدی کوڕی حارثة بانگی نەدەکرد, بەڵکو ناویان نابوو زەیدی کوڕی موحەممەد.[301] چونکە لەکلتووری ئەواندا بەم جۆرە بڕیارانە زەید دەبێتە کۆڕی تەواوی کەسەکە.

زەید یەکەم خزمەتکار بووە کەباوەڕ بەپەیامبەرێتی موحەممەد بکات. دوای ئەوەی موحەممەد کۆچ دەکات بۆ شاری مەدینە, زەیدیش کۆچ دەکات. عائیشە دەڵێت: ئەو کاتەی زەید گەیشتە مەدینە, پەیامبەر لەماڵێ مندا بوو. زەید تەقەی دا لەدەرگا, کە پەیامبەر زانی ئەوە

299 وَكَانَ زَيْد فِيمَا رُوِيَ عَنْ أَنَس بْن مَالِك وَغَيْره مَسْبِيًّا مِنْ الشَّأْم, سَبَتْهُ خَيْل مِنْ تِهَامَة, فَابْتَاعَهُ حَكِيم بْن حِزَام بْن خُوَيْلِد, فَوَهَبَهُ لِعَمَّتِهِ خَدِيجَة فَوَهَبَتْهُ خَدِيجَة لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأَعْتَقَهُ وَتَبَنَّاهُ. تفسير القرطبي, تفسير الاية4 من سورة الاحزاب.

300 تفسير القرطبي, تفسير الاية4 من سورة الاحزاب.

301 هەمان سەرچاوەو ناونیشان

Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

زەیدە, هێشتا خۆی نەپێچابووەوە, جلەکانی لەخۆی ئاڵانو بەپەلە چوو بۆ لای, باوەشی پێدا کردو ماچی کرد.[302]

ژنێك بەناوی (أم كلثوم بنت عقبة) خۆی پێشکەش دەکات بە موحەممەد, موحەممەدیش نایەوێو لەجیاتی خۆی لە زەیدی مارە دەکات.[303] ژنەکەش ناچار بووە بەم کارەی موحەممەد ڕازی ببێت, چونکە نەیتوانیوە پەشیمان ببێتەوە.[304] بەم شێوەیە موحەممەد (زەید) دەکاتە خاوەن ژن.

خۆشەویستی موحەممەد بۆ زەید لەرادەبەدەر بوو, تەنانەت گەیشتبووە ڕادەیەك کە داوای پورزایەکی خۆی بۆ بکات بەناوی (زينب بنت جحش). سەرەتا ئەم زەینەبە ڕازی نەبووە شوو بە زەید بکاتو بەئاشکرا ڕایگەیاندووە کەشوو بە زەید ناکات. تەنانەت باسی ئەوەش دەکەن کە براکەی زەینەبیش ڕازی نەبووە. وایان زانیوە موحەممەد نیازی هەیە بۆ خۆی مارەی بکات.[305] لەبەر چەند هۆیەکی دیکەش, وەك هۆکارە خێڵەکیو چینایەتییەکان, چونکە پێشتر زەید کۆیلە بووە, حەزی نەکردووە زەواجەکە سەربگرێت.! بەڵام ئەم کێشەیە بەلای موحەممەدەوە ئاسانە, چونکە دەتوانێت بە ئایەت دەمکوتیان بکات. بۆیە لە قورئاندا ئایەتێك لەم بارەیەوە دەخوێنینەوە:

---

302 تفسير القرطبي, في تفسير آية فصلت 34

303 أُمّ كُلْثُوم بِنْت عُقْبَة بْن أَبِي مُعَيْط, وَكَانَتْ وَهَبَتْ نَفْسهَا لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ, فَزَوَّجَهَا مِنْ زَيْد بْن حَارِثَة, فَكَرِهَتْ ذَلِكَ هِيَ وَأَخُوهَا وَقَالَا : إِنَّمَا أَرَدْنَا رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَزَوَّجَنَا غَيْرَهُ. تفسير القرطبي في تفسير آية الاحزاب

304 بڕوانە صحيح البخاري: كتاب الهبة وفضلها والتحريض عليها, باب لا يحل لأحد أن يرجع في هبته وصدقته.

305 فظَنَّتْ أَنَّ الْخِطْبَة لِنَفْسِهِ, فَلَمَّا تَبَيَّنَ أَنَّهُ يُرِيدهَا لِزَيْدٍ, كَرِهَتْ وَأَبَتْ وَامْتَنَعَتْ, فَنَزَلَتْ الْآيَة. فَأَذْعَنَتْ زَيْنَب حِينَئِذٍ وَتَزَوَّجَتْهُ. فِي رِوَايَة : فَامْتَنَعَتْ وَامْتَنَعَ أَخُوهَا عَبْد اللَّه لِنَسَبِهَا مِنْ قُرَيْش. تفسير القرطبي في تفسير آية الاحزاب 36

وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا.[306]

کاتێك خواو پەیامبەرەکەی بڕیاری شتێك دەدەن, بۆ هیچ پیاوو ژنێکی ئیماندار دروست نییە بەئارەزووی خۆیان جێبەجێی بکەن یان نا, ئەوەی سەرپێچی بکات بەراستی سەرلێشێواوە.

ئیمامی قورتوبی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت ئەم ئایەتە بۆ ئەوە وتراوە تا زەینەب بە حوکمی خواو پەیامبەرەکەی رازی ببێتو شوو بە زەید بکات.[307] بۆیە دەبینین بەحوکمی ئەم ئایەتە زەینەب ناچار دەبێت شوو بە زەید بکات. کەسیش نەیتوانیوە لە قسەی موحەممەد دەرچێتو هەمیشە فەرمانەکانی جێبەجێ کراون. موحەممەد حوکمی رەهای خۆی هەبووەو هەر کەس گوێڕایەڵی فەرمانەکانی نەکردبێت چارەنووسی باش نەبووە.

موحەممەد زەیدی زۆر خۆشویستووە, ئەگەر ماوەیەك دیار نەبوایە هەواڵی دەپرسی. رۆژێك موحەممەد پێویستی بە زەید دەبێت, دەچێتە ماڵەکەی, دەبینێ زەینەب, باڵابەرزو سپیو جوان وەك نایابترین ژنی قورەیش, وەستاوە. ئەم دیمەنە جوانە موحەممەد دەجوڵێنێو دەڵێت: (سبحان الله مقلب القلوب). گەورەییو دانایی هەر بۆ خوا کەدڵ لەدڵان هەڵدەگێڕێتەوە.[308]




306 الاحزاب 36

307 تفسير القرطبي في تفسير آية الاحزاب 36

308 تفسير القرطبي, تفسير آية الاحزاب 37



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

بەم شێوەیە زەینەب دەچێتە دڵی موحەممەدەوەو زەینەبیش هەست بەم حاڵەتە دەکات. ئیمامی تەبەری لە تەفسیرەکەی خۆیدا نوسیویتی: کاتێك کە خوا زانی چی کەوتۆتە دڵی پەیامبەرەکەیەوە وای لە زەید کرد رقو کینە لە زەینەب هەڵگرێت[309] تا لەیەك جیا ببنەوە. کاتێکیش زەید دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوەو زەینەب رووداوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە, زەید بە زەینەب دەڵێت: وای دەبینم چووبیتە دڵی پەیامبەرەوە, ئەڵێی چی تەڵاقت بدەمو پەیامبەر مارەت بکات؟ زەینەبیش دەڵێت: لەوە دەترسم تەڵاقم بدەیتو ئەویش مارەم نەکات. بۆ ئەم مەبەستە زەید دەچێت بۆ لای پەیامبەرو پێی دەڵێت: من زەینەب تەڵاق دەدەم. پەیامبەریش بەئایەت وەڵامی دەداتەوە:

أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ.[310]

ژنی خۆت بگرەو تەڵاقی مەدەو لەخوا بترسە.

بەڵام ئەم ئایەتە کاریگەری بەسەر زەیدەوە نەبوو, چونکە بە باشی لەمەسەلەکە تێگەیشتبوو, بۆیە زەینەب تەڵاق دەدات. موحەممەدیش چاوەڕێ دەکات تا تەرِیی زەینەب تەواو دەبێت ئینجا لەگەڵیدا دەچێتە پەردەی زاوایەتییەوە.

ئەم زەواجەی موحەممەد بووە جێی مشتومڕی صەحابەکانو دەیانوت (چۆن دەبێت باوك بووکی خۆی مارە دەکات). چونکە بەلایانەوە ئەو ڕستەیەی موحەممەد زۆر گرنگ بووە کە پێشتر چەند جارێك وتبووی: (ئەی خەڵکی قورەیش ئێوە شاهید بن زەید کوڕی منە, میراتم دەگریو میراتی دەگرم.) هەروەها لە دیدی موسڵمانانda موحەممەد کەسێکی پاکەو هەڵە ناکات, هەر قسەیەکیش بکات لە خۆوە نایکات, بەڵکو وەحییەو لە لایەن خواوە ئەو وەحییەی بۆ رەوانە کراوە. قورئانیش پاڵپشتی ئەم بۆچوونەیانەو لە قورئاندا دەربارەی موحەممەد نوسراوە:

وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى, إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى.[311]

309فَأُلْقِيَ فِي نَفْس زَيْد كَرَاهَتهَا لِمَا عَلِمَ اللَّه مِمَّا وَقَعَ فِي نَفْس نَبِيّه مَا وَقَعَ. تفسير الطبري, في تفسير الاية 37 الاحزاب

310 الاحزاب 37



www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

قسەو باسو گوفتاری لە هەوەسو ئارەزووەوە نییە, ئەوەی بۆی دێتو دەیلێت وەحییەو لە خواوە بۆی دێتو ئەو رایدەگەیەنێت.

لەبەر ئەم هۆیانە زەید کوڕی موحەممەدەو نابێت باوك بوکی خۆی مارە بکات. بەڵام موحەممەد وەك راهاتنێکی خۆیو بۆ بێدەنگکردنی خەڵکەکە, بەئایەتێك زەواجەکەی خۆی لە زەینەب حەڵاڵ دەکاتو بەشێوەیەك کۆتایی بە مشتومڕی صەحابەکان دەهێنێ کە وێنەی لە مێژووی بەشەرییەتدا نەبێت. ئەمەش ئایەتەکەیە:

وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَاهُ فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِّنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولاً.[312]

ئەی پەیامبەر بۆ ئەو کەسە باس بکە (واتە زەید) خوا ئیمانی پێبەخشیویتو منیش ئازادیم پێبەخشیویت,( واتە کاتی خۆی کافر بوویتو خوا ئیمانی پێبەخشیوی, هەروەها کۆیلە بوویتو پەیامبەر ئازادیی پێبەخشیویت) (لێرەدا خوا ڕوودەکاتە پەیامبەرو پێی دەڵێت) ئەو کاتەی بە (زەید)ت وت (زەینەب) لەلای خۆت بهێڵەرەوە, (ئەی پەیامبەر ئەوە بۆ وات وت) لە خوا بترسە, تۆ دەتەوێ شتێك لەدڵو دەروونتدا بشاریتەوە کەچی خوا دەیەوێ ئاشکرای بکات.!؟ (واتە حەزت لە زەینەبەو لەبەر قسەی خەڵکی ناتەوێ بیدرکێنی, نەکا بڵێن پەیامبەر بوکی خۆی مارە دەکات, کەچی ئێمە وا ئاشکرای دەکەین, حسابیان بۆ مەکە چونکە) خوا لەپێشترە کە حسابی بۆ بکەیتو لێی بترسیت (نەك خەڵکی), جا ئەو کاتەی کە زەید (لەزەینەب) تێر بوو وە پێویستی پێ نەماو جیابووەوە, ئائەو کاتە زەینەبمان لەتۆ مارە کردووە (واتە بەتەڵاقدانی لەلایەن زەیدەوە یەکسەر لە تۆ مارە کراوە) بۆ ئەوەی هیچ شەرمەزارییەك بۆ ئیمانداران دروست نەبێت کەکەسێك ژنی بەناو کوڕی خۆی مارە دەکاتەوە, (ڕووگیر مەبەو زەینەب ببە بۆ لای خۆتو) هەمیشە فەرمانی خوا جێبەجێ بکە.

---

311 سورة النجم 3و 4

312 الاحزاب 37

بەراستی مرۆڤ توشی تێڕامان دەبێت لەوەی ئایەتێکی لەم چەشنە لە قورئاندا ببینێتەوە.! بەتایبەتی کە ناوی (زەید) لە ئایەتەکەدا هاتووە.! وا دیارە ئەم ئایەتە نەك هەر لەلای ئێمە, بەڵکو لەلای راڤەکارانی وەك ئیبن کەسیرو قورتوبیو زۆری تریش جێی سەرنج بووە, بۆیە قسەیەکی عائیشەیان نوسیوەتەوە کە وتویەتی: ئەگەر پەیامبەر شتێکی لە قورئان بەشاراوەیی بهێشتایەتەوە, ئەوا ئەم ئایەتەی بە شاراوەیی دەهێشتەوە.[313]

بەناوی ئەوەی کە خوا پرۆسەی مارەبڕینی موحەممەدو زەینەبی بەجێگەیاندووە, ئەم شێوە زەواجەش بۆ موحەممەد دەچێتەسەر. تەنها یەك پاساوی لۆژیکیش بۆ ئەم کارەی هەیە, ئەویش هەبوونی پاڵەپەستۆیەکی گەورەی پڕ لە ئارەزووی سێکسیی موحەممەدە کە لەبەردەم بووکی خۆی, کە وەك کچی وایە, نەیتوانیوە خەفەی بکات.

ئەم سیناریۆیە, کە خوا زەینەبی لە موحەممەد مارە کردووە, وای لەزەینەب کردبوو بڵێت من لە ئاسمانەوە مارە کراوم. شانازی بەخۆیەوە دەکردو بەژنەکانی دیکەی موحەممەدی دەگوت: کەسوکارتان ئێوەی داوە بەشوو, بەڵام من لەحەوت تەبەقەی ئاسمانەوە خوا بەشووی داوم. ئەمەش عائیشەی نارەحەت کردووەو هێناوییەتە قسە کە بڵێ: پاکیزەیی منیش خوا لە ئاسمانەوە دایبەزاندووە.[314] واتە هەمووتان بەبێوەژنی شووتان کردووە بەموحەممەد تەنها من نەبێت بە کچێنی شووم پێکرد.

وا دەرکەوتووە ئەم ژنهێنانە بەلای موحەممەدەوە زۆر گرنگو جێی خۆشی بوو, چونکە (أنس) دەگێڕێتەوە: ئەو شاییەی بۆ زەینەب کراوە, بۆ هیچ یەکێ لە ژنەکانی موحەممەد نەکراوە.[315] ئیمامی بوخاری لە سەرگوزشتەیەکدا لە زمانی ئەنەسەوە نوسیویێتی: نەمدیوە

---

313 عَائِشَة رَضِيَ اللَّه عَنْهَا أَنَّهَا قَالَتْ: لو كان محمداً كاتما شَيْئًا مِنْ القرآن لَكَتَمَ هذه الآية. تفسير ابن كثير, في تفسير الاحزاب 37

314 وَبِذَلِكَ كَانَتْ تَفْتَخِرُ عَلَى نِسَاءِ النَّبِيّ صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ وَتَقُولُ زَوّجَكُنّ أَهَالِيكُنّ وَزَوّجَنِي اللّهُ مِنْ فَوْقِ سَبْعِ سَمَوَاتٍ. ابن كثير, في تفسير آية الاحزاب37

315 تفسير القرطبي, تفسير آية الاحزاب 37



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

موحەممەد نانی شایی بۆ ژنەکانی دروست بکات وەك ئەو نانەی بۆ زەینەب دروستی کرد, مەڕی بۆ سەربڕی.[316]

## صەفییە

صفية بنت حيي بن أخطب بن سعية بن عامر ابن عبيد بن كعب.

لە بنەمادا ناوی حەبیبە بووە, دواتر ناونراوە بە صەفییە. پێشتر دوو شووی کردووەو ژیانێکی سەردارانەی هەبووە. یەکەم مێردی شاعیرێکی یەهودی بووە بەناوی سلام بن مشكم. دوای مردنی ئەم مێردەی, شاعیرێکی تری یەهودی دەیخوازێت بەناوی كنانة بن أبي الحقيق.[317] دواتر لەساڵی حەوتی کۆچیدا بووەتە ژنی موحەممەدو لەساڵی پەنجای کۆچیدا مردووە.[318]

پاش هێرشێکی بەرفراوان لەلایەن موسڵمانانەوە بۆ سەر شاری (خەیبەر) بەسەرکردایەتی موحەممەد, ئەو شەڕە چەندین ڕۆژی خایاندووەو چەندین کەسیش خەڵتانی خوێن بوون. شارەکە وێران دەبێتو موسڵمانان دەستی بەسەردا دەگرن. ئەو کاتەی شەڕەکە تەواو بووەو موحەممەد چۆتە ناو شارەکەوە, لەخۆشی وێرانبوونو داگیرکردنیدا سێ جار تەکبیری ئەڵڵاکەی کردووەو وتوویەتی (الله اكبر, الله اكبر, الله اكبر, شكور خەیبەر وێران بووە.)[319]

پاش کردەی ئەنفالو کۆکردنەوەی دەستکەوتەکانو دابەشکردنیان لەنێوان موسڵمانەکاندا, کەتێیدا چەندین ژن وەك دەستکەوت بوونەتە کەنیزەکی موجاهیدو

---

316 أولم النبي صلى الله عليه وسلم على شيء من نسائه كما أولم على زينب، أولم بشاة. باب: الوليمة ولو بشاة, حديث4873

317 الطبقات الكبرى, ج 8 ص 109-110

318 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە الطبقات الكبرى, ج 8 ص 109-110

319 صحيح المسلم. كتاب النكاح, باب فضيلة إعتاق أمته ثم يتزوجها. حديث1365



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

صەحابەکان, بەپێی حوکمی قورئان ئایەتی چلویەك لە سورەتی ئەنفال[320] پێنج یەکی ئەم دەستکەوتانە بەر موحەممەد کەوتووە. لەناو بەشەکەی موحەممەددا ژنێك هەبووە بە ناوی صەفییە. ئەم ژنە دەموچاوێکی درەوشاوەی پێوە بووەو یەکێك بووە لەژنە هەرە جوانەکانی یەهودو لەشۆخو شەنگیدا بەناوبانگ بووە.[321] موحەممەدیش لە سەرەتادا نەیزانیبوو ژنێکی جوانو ناوداری لەم شێوەیە یەکێکە لەژنانو دەستکەوتەکانی تری. بۆیە دەیبەخشێت بە صەحابەیەك. بەڵام دواتر بۆی دەردەکەوێت ئەم ژنە کێیەو چۆنە لە بەخشینەکەی پەشیمان دەبێتەوەو ژنەکە دەهێنێتەوە بۆلای خۆی. (أنس) کە یەکێکە لە صەحابە باوەڕپێکراوەکانی مێژووی ئیسلام, باسی چۆنێتی ڕووداوی پەشیمانبوونەوەکە دەکاتو دەڵێت:

فَجاءَهُ دِحيَةُ فَقالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَعْطِنِي جَارِيَةً مِنْ السَّبْيِ فَقَالَ اذْهَبْ فَخُذْ جَارِيَةً فَأَخَذَ صَفِيَّةَ بِنْتَ حُيَيِّ فَجاءَ رَجُلٌ إلَى نَبِيِّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فقَالَ يَا نَبِيَّ اللَّهِ أَعْطَيْتَ دِحيَةَ صَفِيَّةَ بِنْتَ حُيَيِّ سَيِّدِ قُرَيْظَةَ وَالنَّضِيرِ مَا تَصْلُحُ إِلَّا لَكَ قَالَ ادْعُوهُ بِهَا قَالَ فَجاءَ بِها فَلَمَّا نَظَرَ إِلَيْهَا النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ خُذْ جَارِيَةً مِنْ السَّبْيِ غَيْرَهَا قَالَ وَأَعْتَقَهَا وَتَزَوَّجَهَا.[322]

صەحابەیەك بەناوی (دحية) دەچێتە لای موحەممەدو پێی دەڵێت: ئەی پەیامبەری خوا یەکێك لەو کەنیزەکانەم پێ ببەخشە کە دەستگیرمان کردوون. پەیامبەریش پێی دەڵێت: بڕۆ کەنیزەکێك ببە بۆ خۆت. ئەویش دەچێت لەناو بەشەکەی موحەممەددا ژنێك هەڵدەبژێرێت بەناوی (صَفِيَّةَ بِنْتَ حُيَيِّ)و دەیباتو دەڕوات. پاش کەمێك پیاوێك دێتە لای موحەممەدو پێی

---

320 {وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِن كُنتُمْ آمَنتُمْ بِاللّهِ وَمَا أَنزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ} (41) سورة الأنفال (**باش بزانن ئەو دەستکەوتانەی کە لە جەنگەکاندا چنگتان دەکەوێت پێنج یەکی بۆ خواو پەیامبەرو خزمەکانی و.و.و**)

321 العقيلي, ص174

322 صحيح المسلم. كتاب النكاح, فضيلة إعتاقه أمته ثم يتزوجها. حديث1365 هەروەها سنن النسائي, باب البناء في السفر.

دەڵێت: ئەی پەیامبەری خوا ئەوە (صَفِيَّةَ بِنْتَ حُيَيّ) شاژنی دوو هۆزی قورەیزەو نەزیرت دا بە (دَحية)؟ وەڵڵاهی بەتۆ نەبێت بەکەس شیاو نییە. پەیامبەریش دەڵێ: ئادەی بە(دحية) بڵێن ئەو ژنەم بۆ بهێنێت. کە(دحية) ژنەکەی هێناو پەیامبەر تەماشای کرد یەکسەر دڵی دەچێتە سەری‌و بە(دحية) دەڵێت: برۆ کەنیزەکێکی تر لەکەنیزەکەکان ببە بۆ خۆت‌و ئەمە بۆ من جێبهێڵە. ئیتر لە حاڵەتی کەنیزەکی ئازادی کردو لەخۆی مارەی کرد.

بەم شێوەیە روخساری جوانیی ئەم ژنە لای موحەممەد ئاشکرا دەبێت‌و پاش کۆمەڵکوژی کەسوکارەکەی دەیکاتە یەکێك لە ژنەکانی خۆی. دەگێڕنەوە لەکاتی گەڕانەوەی موجاهیدەکاندا لەشاری خەیبەرەوە بۆ شاری مەدینە, (صفيه) لە لایەن (ام سليم) دەرازێنرێتەوەو پێش ئەوەی بگەنەوە بە شاری مەدینە, موحەممەد بۆی دەچێتە پەردەوەو بەسەر ئەم کۆستکەوتوەدا دەبێت بە تازە زاوا.[323] ئیمامی بوخاری لەصەحیحەکەیدا لەنوسینەوەی رووداوەکەدا شەرمی نەکردووەو نوسیویێتی: ئاهەنگی ئەم ژنە سێ رۆژو سێ شەوی خایاندووە.[324] کاتێك موحەممەدو موجاهیدەکان دەگەڕێنەوە شاری مەدینە, ئافرەتە ئەنصارییەکان هەواڵ بۆ عائیشە دەبەن کە موحەممەدو صەفییە بوونەتە بووك‌و زاوا, بەتوڕەیی‌و گرژیەوە دەچێتە لای موحەممەد. عائیشە خۆی رووداوەکە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: کە موحەممەد تەماشای چاوانمی کرد, ئیتر من رووم لێ وەرگێڕاو گەڕامەوە, موحەممەدیش شوێنم کەوت‌و باوەشی پێداکردم, منیش پێم وت: ئەو یەهودییە بگێڕەوە بۆ ناو یەهودییەکان.[325] سندی, کە شیکردنەوەی بۆ سەرگوزشتەکانی ئیبن‌و ماجە کردووە, دەڵێت: مەبەستی عائیشە, کە

323 هەمان سەرچاوەو ناونیشانی پێشوو

324 أَقَامَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَيْنَ خَيْبَرَ وَالْمَدِينَةِ ثَلَاثًا يُبْنَى عَلَيْهِ بِصَفِيَّةَ بِنْتِ حُيَيّ. صحيح البخارى, كتاب النكاح باب اتخاذ السراري ومن أعتق جاريته ثم تزوجها. حديث4797

325 سنن ابن ماجة, المجلد الأول, كتاب النكاح, باب حسن معاشرة النساء. حديث1980



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

وتویەتی صەفییە بگێڕەوە بۆ ناو یەهودییەکان, ئەوەیە کەبەو زەواجە زۆر دلّتەنگ بووەو نەیتوانیوە تەحەمولی بکات.[326]

غەریزەی سێکسی مرۆڤایەتی, بەشێوەیەکی نۆرمالّ, لەکاتی ئارامیو ئاشتیدا دەجولّێتو هەوەسەکانی پەرە دەسەنن. بەلاّم لە لای موسلّمانان ئەم حالّەتە جیاوازی هەیە. کلتوری رەشۆکیانەی ناوچەکە کاریگەری بەسەریانەوە بووەو چ لەکاتی شەڕدا بێت یان لەکاتی ئاژاوەدا, هەوەسیان جولاّوە. پەیامبەری ئیسلامیش, وەك هەر تاکێکی ئەو کۆمەلّگایە, کلتوری ناوچەکە بەسەریدا زالّ بووە. نەك هەر لەئاراميدا بەلّکو لە شەڕیشدا ئارەزووە سێکسییەکانی لە لوتکەدا بووە. شەڕی خەیبەر, واتە کوشتن, داگیرکردن, کۆمەلّکوژی, تالاّنیو ئەنفالکردنی شارێکی گەورەی ئەو سەردەمە.! بەدیلکردنو کۆیلەو کەنیزەککردنی عەشاماتێك لەخەلّکی. لەو شەڕەدا غەریزەکانی موحەممەد لەسنوور تێپەڕ دەکاتو بێ گوێدانە ڕشتنی خوێنو گەورەیی ئەو کارەساتانە بیر لە سێکس دەکاتەوە. لەشەرێکی وەها خوێناویدا هەوەسی سێکسی دەجولّێو روخساری ژنێکی کەسوکارکوژراو بۆی دەبێتە مایەی کێشەی سێکسیو دواتر لە خۆشی جووتبوونیدا سێ رۆژ ئاهەنگی بۆ دەگێڕێت. کەمترین مارەیشی ناداتێ لەبەر ئەوەی کەنیزەك بووەو دەستکەوتی شەڕ بووە, گوایە بووە بە ژنی موحەممەدو لە کەنیزەکایەتی رزگاری بووە.[327] ئەمە لەکاتێکدا صەفییە ژنێکی ئازاد بووەو ئەوەی کردبووی بە کەنیزەك خودی شەریعەتەکەی موحەممەد بوو.

مێژوونوسان دەلّێن: لەکاتی پەردەی بوکێنی ئەم دووانەدا, صەفییەو موحەممەد, صەحابەیەك لەبەر خێمەکەدا وەستاوەو پاسەوانی موحەممەدی کردووە. بە موحەممەدی وتووە: باوكو براو مێردی ئەم ژنە لەشەرەکەدا کوژراوە, ئێستا لێی دلّنیا نیمو خەمی ئەوەم هەیە دەستێکی خراپت لێبوەشێنێت.[328]

---

326 بڕوانە شەرحی سندی بۆ ریوایەتەکانی ابن ماجە لەم سەرگوزشتەیەدا.

327 أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَعْتَقَ صَفِيَّةَ وَجَعَلَ عِتْقَهَا صَدَاقَهَا. صحيح البخاری, کتاب النکاح باب من جعل عتق الأمة صداقها. حديث4798

328 الحاكم: المستدرك على الصحيحين, ذكر / صفية بنت حيي.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

دەستکەوتنی ژنێك بەناوی صەفییە سیناریۆیەکی دیکەیە لە هاوشێوەی ڕێحانە. شوێن و دەسەڵاتو ناوی موحەممەد, سەرەتا وەك پەیامبەرێك, دواتر وەك زەعیمێك، سیاسییەك، سەرکردەیەكو پاشایەك, وای لێکرد ژن لەسەر ژن بهێنێ‌و لەهەموو دەستکەوتێکیشدا پشکی خۆی بەربکەوێت, وەك ئەم ژنەی کەناوی (صفیە)یە. صەفیە بەڵگەیەکی ڕەسەنە بۆ سەلماندنی نەك پەیامبەرێتی موحەممەد, بەڵکو پادشاهێتی ئەم کەسە مێژووییە, کە بەپێچەوانەی دروشمەکانی قۆناغی مەککەیەوە, لەژێر کاریگەری غەریزەکانی سێکسی خۆیدا, چەندین ڕەفتاری توندوتیژی پراکتیك کردووە.

پێویستە ئەوە بیری خوێنەر بهێنینەوە موحەممەد ئەو کەسایەتییەیە کە خوای ئیسلام لەبارەی ئەووەوە, لە قورئاندا بە هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی دەڵێت:

وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ.[329]

ئەوەی پەیامبەر (موحەممەد) بۆی هێناون ئێوەش وەریگرن, ئەوەشی ئەو ڕێگریتان لێ دەکات ئێوەش مەیکەن, لە خواش بترسن چونکە خوا لە سزادا زۆر توندوتیژە.

## خەولەی کچی حەکیم

خَوْلَة بِنْت حَكِيم بْن الْأَوْقَص مِنْ بَنِي سَلِيم

ئیبن کەسیری ڕاڤەکارو ئیمامی بوخاری نوسیویانە کە یەکێکە لەو ژنانەی خۆیان پێشکەش بەموحەممەد کردووە.[330] (هبة, خۆبەخشین) هەر لەم باسەدا کەمێك لەسەر ئەم خۆبەخشکردنە دەدوێین.

329 الحشر 7

330 (كَانَتْ خَوْلَةُ بِنْتُ حَكِيمٍ مِنْ اللَّائِي وَهَبْنَ أَنْفُسَهُنَّ لِلنَّبِيِّ.) صحيح البخاري: كتاب النكاح, باب, هل للمرأة أن تهب نفسها لأحد. تفسير ابن كثير في تفسير الاية 50-51 الاحزاب.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

## مه یمونه

(ميمونة بنت الحارث بن حزنى ابن بجير بن الهزم بن روبية)

پێشتر ژنی (مسعود بن عمرو بن عمير الثقفي) دواتر شووی كردووە بە (أبو رهم بن عبد العزى بن أبي قيس) ئەویش دەمرێت‌و لەساڵی حەوتی كۆچیدا شووی كردووە بە موحەممەد[331] پێش شووكردنی ناوی (برَّة)بووە دواتر موحەممەد ناوی ناوە مەیمونە.

## عومره

عُمرة بِنْت يزيد الكلابية

ساڵی هەشتەمی كۆچی مارەی كردووە, بەڵام لەسەر ناوی تەواوی ئەم ژنە مێژوونوسان كۆك نین, هەندێك دەڵێن ناوی (فاطمة بنت الضحاك بن سفيان)و هەندێكێكی تر دەڵێن ناوی (عمرة بنت يزيد بن عبيد)و هەندێكێكی تر دەڵێن ناوی (سبا بنت سفيان بن عوف) هاتووە. بەلای ئێمەوە (عُمرة بِنْت يزيد الكلابية) راسترە.

## كۆی ئەو ژنانەی مارەی كردوون و لەگەڵیان جووت بووە

لەزۆری‌و بۆری پەڕاوەكانی مێژووی ئیسلامدا كێشمەكێش لەسەر ژمارەو ناوی ژنەكانی موحەممەد هەیە. ئەوەی زانراوە لەگەڵ ئەم ژنانەدا جووت بووە:

**بڕوانە بەشی دووهەم تكایە**

**كە نزیكەی ٢٠٠ لاپەڕەی ترە**

331 الطبقات الكبرى, ذكر أزواج رسول الله.



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

**تكایە سەرەتا بڕوانە بەشی یەكەم**

**كە زیاتر لە ٢٠٠ لاپەڕەیە**

سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

## كۆی ئەو ژنانەی مارەی كردوون و لەگەڵیان جووت بووە

لەزۆری و بۆری پەڕاوەكانی مێژووی ئیسلامدا كێشمەكێش لەسەر ژمارەو ناوی ژنەكانی موحەممەد هەیە. ئەوەی زانراوە لەگەڵ ئەم ژنانەدا جووت بووە:

1. خديجة بنت خويلد
2. سودة بنت زمعة بن قيس
3. عائشة بنت أبي بكر الصديق
4. حفصة بنت عمر بن الخطاب
5. هند بِنت أَبِي أمية بن المغِيرة
6. أم حبيبة (رملة بنت صخر بن حرب)
7. زينب بنت جحش بن رئاب
8. زينب بنت خزيمة بن الحارث
9. جويرية بنت الحارث بن أبي ضرار.
10. صفية بنت حيي بن أخطب
11. ريحانة بنت زيد بن عمرو
12. مارية بنت شمعون. ناسراو بە (مارییەی قیبتی)
13. خَوْلَة بِنْت حَكِيم بْن الْأَوْقَص مِنْ بَنِي سَلِيم
14. (أم حبيبة) رملة بنت صخر بن حرب
15. ميمونة بنت الحارث
16. عُمرة بِنْت يزيد الكلابية
17. جميلة

Mariwan Halabjee
www.xwdakan.com

18. کەنیزەکێکی تر کە زەینەبی کچی جەحش پێی بەخشی بوو.[1]

بەپێی ئەم ریزبەندییەی سەرەوە تەنها هەژدە ژن دیارن. رەنگە کەمترمان نوسیبێت, یاخود بە هۆی هەبوونی ژنی زۆرەوە لە ژیانی موحەممەددا, تێکەڵاوییەك لە نێوان ژنە ئازادەکانو ژنە کەنیزەکەکاندا رووی دابێت. مێژوونوسێکی گەورەی ئیسلامی وەك حاکم, لە کتێبی (المستدرك علی الصحیحین)دا پاڵپشت بە مێژووی کۆنتر نوسیویێتی: ئەوەی لای ئێمە چەسپاوەو راستە ئەوەیە کە موحەممەد هەژدە ژنی هێناوە. حەوتیان لەقەبیلەکانی هۆزی قورەیش, یەکێکیش لەحەلیفەکانی قورەیش, نۆ ژنیش لەهۆزەکانی دیکە, یەکێکیش لەیەهودییەکان.[2] بەپێی ئەم چیرۆکانە یانزەیان لە ژنانی ئازاد بوون, دووانیان کەنیزەكو یەکێکیان خۆبەخشکەرو یەکێکیان دیاری پاشاو سیانیان لە دەستکەوتو چنینەوەکانی جەنگو کوشتار بوون.

## بەشی دووهەم
## ئەو ژنانەی مارەی کردوون و لەگەڵیان جووت نەبووە

جگە لەو ژنانەی کە پێشتر ناوەکانیمان نوسیون, موحەممەد تامەزرۆی سێکسی لەچەندین ژنی دیکە هەبووە, داوای کردوونو مارەشی کردوون, بەڵام بەهەر هۆیەك بێت لەگەڵیان جووت نەبووەو دواتر تەڵاقی داون. لێرەدا هەندێکیان بەسەر دەکەینەوە, چونکە لە ناویاندا کۆمەڵێك چیرۆك هەن کە نابێت ئەم کتێبە پشتگوێیان بخات:

---

1 وَجَارِيَةٌ أُخْرَى جَمِيلَةٌ أَصَابَهَا فِي بَعْضِ السَّبْيِ وَجَارِيَةٌ وَهَبَتْهَا لَهُ زَيْنَبُ بِنْتُ جَحْشٍ. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: السيرة النبوية, زاد المعاد في هدي خير العباد, ج1ص47-48 فصل في سراريه صلى الله عليه وسلم.

2 وقد ثبت وصح عندنا أن رسول الله صلى الله عليه وسلم تزوج ثماني عشرة امرأة سبع منهن من قبائل قريش وواحدة من حلفاء قريش وتسعة من سائر قبائل العرب وواحدة من بني إسرائيل الحاكم, المستدرك على الصحيحين, 4/4

www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

## ئەسما

أسماء بنت النعمان بن أبي الجون بن الأسود بن الحارث

مێژوونوسان هۆکاری جیابوونەوەی ئەم ژنەیان باس کردووە. ئەوە زانراوە ئەم ژنەیان بەبووکی بۆ موحەممەد هێناوەو لە ژوورێکدا دایاناوە, ئەوکاتەی موحەممەد بۆی دەچێتە پەردەوە, ئەم ژنە لێی دوور دەکەوێتەوەو پێی دەڵێ (پەنات لێدەگرم) موحەممەدیش تەڵاقی داوە.[3]

لەسەرگوزشتەیەکی دیکەدا دەگێڕنەوە: موحەممەد لەژووری پەردەدا بە ئەسمای وتووە (وەرە پێشەوە). ئەسماش پێی وتووە (تۆ وەرە پێشەوە). لەسەر ئەم قسەیە موحەممەد توڕە بووەو تەڵاقی داوە.[4]

## قوتەیلە

قتيلة بنت قيس بن معدي كرب بن معاوية

کاتێك موحەممەد ئەسما تەڵاق دەداتو لەژووری پەردە بەتووڕەیی دێتە دەرەوە, صەحابەیەك بەناوی (الأشعث بن قيس) بەموحەممەد دەڵێت: خەفەتبار مەبە, گەر حەز بکەیت هەر ئێستا ژنێکت بۆ دێنم جوانیش بێتو لەبنەماڵەیەکی چاکیش بێت. موحەممەد پێی دەڵێت کێیە.؟ ئەویش دەڵێ: قوتەیلەی خوشکمە. موحەممەد دەڵێ ئەوە هێنام (واتە رازی بووم). ئەشعەسیش یەکسەر دەچێت بۆ یەمەن بۆ ئەوەی خوشکەکەی بێنێت, کە لەو کاتەدا دانیشتوی ئەوێ بووە. کاتێك ئەم خوشكو برایە لەوڵاتی یەمەن بەرەو ڕووی مەککە دەکەونە رێ, هەواڵی مردنی موحەممەد دەبیستن, یەکسەر دەگەڕێنەوە بۆ یەمەن. دەڵێن قوتەیلە لە ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوەو لەگەڵ خۆشەویستێکی خۆیدا بەناوی قيس بن مكشوح المرادي هەڵدێنو خۆیان دەشارنەوە.[5] ئەبوبەکر, کە لە دوای مردنی موحەممەد دەکرێتە خەلیفە, دەیەوێت ئەم دوانە بگرێو بیانسوتێنێت, لەبەر ئەوەی نابێت هیچ کەسێ ژنانی موحەممەد لە خۆیان مارە بکەنەوە. عومەری کوڕی خەتتابیش ناهێڵێت, بە پاساوی ئەوەی

---

3 الحاكم: المستدرك على الصحيحين, ذكر / أسماء بنت النعمان.

4 هەمان سەرچاوەو ناونیشان لەباسی ئەسمائدا

5 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الطبقات الكبرى, ذكر أزواج رسول الله. ذكر قتيلة بنت قيس

ئەم ژنە لەگەڵ موحەممەددا جووت نەبووەو حیجابی بەسەردا نەسەپاوە.[6]

## مەلیکە

ملیكة بنت كعب الكنانية

باوکی ئەم ژنە یەکێك دەبێت لەو کەسانەی کە لە شەڕێکی دژ بە ئیسلامدا دەکوژرێت. کاتێك موحەممەد ئەم ژنە مارە دەکات, عائیشە نارەحەت دەبێ‌و منداڵی‌و جوانی ئەم ژنەی پێناخۆش دەبێت. دەچێتە لای‌و پێی دەڵێت: ئەوە شەرم لەخۆت ناکەیت شوو بە بکوژی باوکت دەکەیت؟. ئەویش بەم قسەیە تێکدەچێ‌و لەشەوی پەردەدا خۆی تەسلیم بە موحەممەد ناکات. بەم هۆیەوە ئەویش تەڵاقی دەدات. کەسوکارەکەی دێنەوە بۆلای موحەممەدو پێی دەڵێن (هەڵیانخەڵەتاندووە, منداڵەو لێی ببوورە, بیگێڕەوە بۆلای خۆت). بەڵام موحەممەد رازی نابێت. دواتر شوو بەکەسێکی تر دەکات.[7]

## العالية بنت ضبيان

یەکێك لەسەرنجراکێشترین رووداوی جووتنەبوونو تەڵاقدانی یەکێك لەژنەکانی, دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (هەندێك) شوێن لە لەشی ئەم ژنە سپی بووە.! موحەممەد لەشەوی زاوایەتیدا ئەم ژنە بەرووتی دەبینێ‌و بۆی دەردەکەوێت پەڵەی سپی لەسەر لەشی هەیە, یەکسەر تەڵاقی دەدات, بەڵام مارەییەکەی لێ ناسەنێتەوە.[8]

(اميمة) یان (اسماء بنت النعمان بن شراحيل)

باسێکی سەرسوڕهێنەر لەم ژنە دەگێڕنەوە, لەشەوی پەردەدا موحەممەد بەم ژنە دەڵێت:

قَالَ هَبِي نَفْسَكِ لِي

خۆتم پێشکەش بکە.

ئومەیمەش بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە:

---

6 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الحاكم: المستدرك على الصحيحين, ذكر / قتيلة بنت قيس.

7 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە الطبقات الكبرى, ذكر أزواج رسول الله. ذكر مليكة بنت كعب الليثي

8 العقيلي, ص654 لە کتێبی السيرة النبوية, زاد المعاد في هدي خير العباد, ج1ص47-48 فصل في أزواجه. بە شێوەیەکی تر باس کراوە.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

قَالَتْ وَهَلْ تَهَبُ الْمَلِكَةُ نَفْسَهَا لِلسُّوقَةِ.[9]

جا ئایا کچە پاشا خۆی پێشکەش بە کەسێکی بازاڕی دەکات.! موحەممەد لێی دەچێتە پێشەوەو دەستی بۆ دەبات تا هێوری بکاتەوە، بەڵام ئومەیمە دەچێتە دواوەو بەموحەممەد دەڵێ: پەنات بەخوا لێ دەگرم.[10] ئیتر موحەممەد تەڵاقی دەدات.

ناکۆکی لە سەرچاوەکاندا هەیە کە گوایە ئەسماو ئومەیمە دوو ژن بن. مەسەلەکەش بۆ ئێمە وەك یەکەو مەبەستیش ئەوەیە ژنان هەبوون ئامادە نەبوون شوو بە موحەممەد بکەنو بە کەسێکی بازاڕییان زانیوە.

## سەنا

سناء بنت أسماء بن الصلت السلمية

موحەممەد دەیخوازێو مارەی دەکات, بەڵام پێش ئەوەی لەگەڵی جووت ببێت ئەم ژنەی دەمرێت.[11]

ئەو ژنانەی مارەی کردوونو لەگەڵیان جووت نەبووە, کەمو زۆر ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

1. أسماء بنت النعمان بن أبي الجون
2. سناء بنت أسماء بن الصلت السلمية
3. مليكة بنت كعب الكنانية
4. قتيلة بنت قيس بن معدي كرب
5. أسماء بنت كعب.
6. اميمة بنت شراحيل.

---

9 قَالَ هَبِي نَفْسَكِ لِي قَالَتْ وَهَلْ تَهَبُ الْمَلِكَةُ نَفْسَهَا لِلسُّوقَةِ قَالَ فَأَهْوَى بِيَدِهِ يَضَعُ يَدَهُ عَلَيْهَا لِتَسْكُنَ فَقَالَتْ أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْكَ. صحيح البخاري, كتاب الطلاق, باب من طلق وهل يواجه الرجل امرأته بالطلاق. حديث4957/4956

10 هەمان سەرچاوەو ناونیشان.

11 الحاكم: المستدرك على الصحيحين, ذكر / سناء بنت أسماء بن الصلت السلمية.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

7. شراف بنت خليفة الكلبية.
8. عمرة بنت معاوية الكندية.
9. العالية بنت ظبيان
10. عمرة الغفارية.
11. ليلى بنت الخطيم الأنصارية.
12. ليلى بنت حكيم الأنصارية الأوسية.
13. هند بنت يزيد[12]

## بەشی سێهەم

### ئەو ژنانەی داوا کردوون و
### بە هەر هۆکارێك بێت نەبوونەتە مارەبڕی موحەممەد.

سەربارى ئەو ژنە زۆرانەی هەیبوون, ویستویەتی لەگەڵ کۆمەڵێك ژنی دیکە سێکس بکات. بۆیە داوای کۆمەڵێکی دیکەی کردووە بەڵام وەك ئەوانی دیکە بەخت یاوەری نەبووەو ژنەکان چ لە لایەن خۆیانەوە بێت یاخود لە لایەن کەسوکاریانەوە, داواکارییەکەی موحەممەدیان ڕەت کردووەتەوە, یاخود دواتر خۆیان پەشیمان بوونەتەوە. بۆ نموونە: ضباعة بنت عامر یەکێك بووە لە ژنە جوانەکان, سمتێکی تەواو زلی پێوە بووە. موحەممەد, پێش ئەوەی پاگەندەی پەیامبەرایەتی بکات, لەناو کەعبەدا بەرووتی ئەم ژنەی دیوە.[13] موحەممەد داوای کردووە, بەڵام دواتر کە زانیوێتی تەمەنی هەیە پەشیمان بووەتەوە.[14]

ئەمانەی خوارەوەش زۆرو کەم ناوی هەندێکیانن:

---

12 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە المستدرك على الصحيحين. ذكر تسمية ازواج الرسول الله.
هەروەها تفسير القرطبي: في تفسير آية الاحزاب 28

13 الآصابة, ابن حجر العسقلاني, باب, ضباعة بنت عامر

14 الطبقات الكبرى, لآبن سعد, ذكر من خطب النبي, ولم يتم نكاحه



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

1. أمامة بنت حمزة بن عبد المطلب بن هاشم
2. خولة بنت الهذيل بن هبيرة بن قبيصة
3. شراف بنت خليفة بن فروة
4. مرة بنت الحارث بن عوف بن كعب بن ذبيان.
5. حبيبة بنت سهل بن الحارث بن زيد بن ثعلبة الأنصارية.
6. سوده القرشية.
7. صفية بنت بشامة بن نضله.
8. ضباعة بنت عامر بن قرط بن سلمة بن قشيربن كعب بن ربيعة.
9. أم شريك بنت جابر الغفارية.
10. أم شريك الأنصارية. (ام شريك)
11. غُزَيَّة بنت دودان بن عوف
12. أم شريك الدوسيه.
13. أم شريك القرشية العامرية.
14. (أم هانيء) فاختة بنت آبي طالب بن عبد المطلب[15].

لە ناو هەموو ژنەکانیدا تەنها یەك دانەی بە کچێنی هێناوەو ئەوانی دیکە بێوەژن بوون. جگە لە یەکەم ژنی، سەرتاپای ژنەکانی تری لە تەمەنی 50 بۆ 63 ساڵی، واتە لە ماوەی سیانزە ساڵدا هێناونی. بۆ نموونە:

لەتەمەنی 51 ساڵیدا سودة بنت زمعةی هێناوە

لە تەمەنی 54 ساڵیدا عائشة بنت أبي بكر الصديقی هێناوە

لە تەمەنی 56 ساڵیدا حفصة بنت عمر بن الخطابی هێناوە

لە تەمەنی 56 ساڵیدا زينب بنت خذيمة بن الحارثی هێناوە

لە تەمەنی 56 ساڵیدا أم سلمة-هند بنت أبي أميةی هێناوە

15 بۆ زیاتر شارەزا بوون بڕوانە ئەم سەرچاوەیە کەبەشی زۆری ئەم ناوانەی تێدا نوسراوە. الطبقات الكبرى, ذكر من خطب النبي من النساء فلم يتم نكاحه



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
MarwanHalabjaee www.xwdakan.com

لە تەمەنی 56 ساڵیدا زينب بنت جحشي هێناوە

لە تەمەنی 58 ساڵیدا جويرية بَرَّة بنت الحارثي هێناوە

لە تەمەنی 60 ساڵیدا صفية بنت حيي بن أخطبى هێناوە

لە تەمەنی 60 ساڵیدا (أم حبيبة) رملة بنت أبي سفيانی هێناوە

لە تەمەنی 60 ساڵیدا ميمونة بنت الحارث الهلابيةی هێناوە

تەواوی ژنەکانی دیکەی بە هەمان شێوە.

دەتوانین بڵێین موحەممەد لە تەمەنیدا لەگەڵ هەژدە ژن جووت هەبووە, سیانزە ژنی دیکە مارەبڕی بووە بەڵام لەگەڵیان جووت نەبووە, ویستوویەتی لەگەڵ چواردە ژنی دیکە زەواج بکات بەڵام بۆی مەیسەر نەبووە. کۆی گشتی هەموویان چلوپێنج ژنن.

## بەشی چوارەم

## خۆبەخشینی ژنان بە موحەممەد

یەکێکی دیکە لەدیاردە سەرنجڕاکێشەکانی دونیای ئیسلام, دیاردەی خۆپێشکەشکردنی ژنانە بە موحەممەد کە لە قورئانو سەرگوزشتەدا بە خۆبەخشین (هبة) هاتووە. هەر ژنێك مێردی هەبووایە یان..نا, ئارەزووی هەبوایە خۆی دەبەخشی بەموحەممەدو ئەویش ئارەزووی لە رابواردنی بکردایە بۆ خۆی حەڵاڵی دەکرد, ئەگەر نا لەکەسێکی دی مارەی دەکردو بۆ ژنەکەش نەبوو پەشیمان ببێتەوە. ئەم خۆپێبەخشینە تایبەت بوو بەموحەممەدو لەئیماندارانی دیکە حەرام بوو.! لە قورئاندا هاتووە:

وَامْرَأَةً مُّؤْمِنَةً إِن وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنْ أَرَادَ النبـي أَن يَسْتَنكِحَهَا خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ.[16]

هەر ژنێکی باوەڕدار کە خۆی پێشکەش بە پەیامبەر بکات, ئەگەر پەیامبەر ویستی مارەی بکات بۆی حەڵاڵە, ئەمەش تایبەتە بە تۆ ئەی موحەممەد, نەك ئیماندارانی دیکە.

16 الاحزاب 50



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Marwan Halabjaee www.xwdakan.com

دیاریکردنی ئەم جۆرە ژنانە کە تایبەتە بەموحەممەد, لە ئایەتەکەدا بەڕوونی دیارەو یەکێکە لەداهێنانەکانی خۆی. دەتوانین بڵێین تاکە داهێنانێکە لەلایەن موحەممەدەوە داهێنرابێت, کەچی نەیهێشتووە موسڵمانەکانی دیکە سوودی لێببینن. ابن کثیر لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت:

لَيس لِامْرَأَةٍ تَهب نَفْسها لِرَجُلٍ بِغَيْرِ وَلِيّ وَلَا مَهْر إِلَّا لِلنَّبِيِّ.[17]

بۆ هیچ ژنێك نییە بەبێ مارەییو بەبێ خاوەنەکەی خۆی ببەخشێت بە پیاوێك بە (پەیامبەر) نەبێت.

بەخشینی ژن (نەك خۆبەخشین) پێش ئیسلام هەبووە. ژن لەنێوان سەردارو دەسەڵاتدارو دەوڵەمەندو پادشاکاندا بەدیاری بۆ یەکتری نێردراوە. وەك پاشای مەقۆقس کە دوو ژنو ئامۆزایەکی بۆ موحەممەد بەدیاری ناردبوو, ئەویش بەدڵفراوانییەوە وەریگرتبوو لەگەڵ یەکێکیشیاندا جووت بوو بوو.[18] بەڵام ژنێك لەسەر خواستی خۆی, خۆی پێشکەش بکات بەکەسێك, لە نیوە دورگەی عەرەبدا, لە پێش ئیسلامدا نەبووە. موحەممەد ئەم دیاردەیەی بۆ تێرکردنی هەوەسەکانی خۆی داهێنا.

بەپێی سەرگوزشتەکان, هەر ژنێك خۆی بەموحەممەد ببەخشییایە, بیویستایە یان..نا ئەو ژنە بۆی نەبوو لەو خۆبەخشینەی پەشیمان ببێتەوە. هەر ژنێك خۆی پێشکەش بە موحەممەد بکاو دواتر پەشیمان ببوایەتەوە, لەلای موحەممەد, وەك سەگ وابوو کە ئەڕشێتەوەو دواتر ئەچێتەوە سەر ڕشانەوەکەی خۆیو دووبارە دەیلێسێتەوە.[19]

قورتوبی لە تەفسیرەکەیدا نوسیویێتی: هەندێك مێژوونووس دەڵێن موحەممەد لەو ژنانەی نەبووە کە خۆیان پێیبەخشیوە, هەندێکیش دەڵێن ژنی خۆبەخشکەری هەبووە.[20] لە تەفسیرەکەی ابن کەسیردا نوسراوە ژمارەی ئەو ژنانەی خۆیان بە موحەممەد بەخشیوە زۆر

---

17 بڕوانە تەفسیرەکەی ابن کثیر لەتەفسیری ئایەتی 50 الاحزاب

18 الحاكم: المستدرك على الصحيحين: ذكر / سراري رسول الله

19 قَالَ النَّبِيُّ لَيسَ لَنَا مَثَلُ السَّوْءِ الَّذِي يَعُودُ فِي هِبَتِهِ كَالْكَلْبِ يَرْجِعُ فِي قَيْئِهِ. صحيح البخاري: كتاب الهبة وفضلها والتحريض عليها, باب لا يحل لأحد أن يرجع في هبته وصدقته. حديث2479/2478

20 تفسير القرطبي الاحزاب 50



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

بوون.[21] وەك لەبەشی ژنەكانی موحەممەددا باسمان كرد (خَوْلَة بِنْت حَكِيم بْن الْأَوْقَص مِنْ بَنِي سَلِيم) یەكێك دەبێت لەو ژنانەی كە خۆیان پێشكەش بە موحەممەد كردووە.[22] بەپێی تەفسیری قورتوبی, هەر ژنێك خۆی بە موحەممەد ببەخشێت بێ مارە برین یەكسەر بۆی حەلاڵ بووە.[23] عائیشەی ژنی موحەممەد هەلوێستێكی سلبی دەربارەی ئەم جۆرە ژنانە هەبووەو موحەممەدیش بە ئایەت وەلامی داوەتەوە.

ئەو ژنانەی خۆیان بە موحەممەد دەبەخشی, ئەگەر روخساریان جوان نەبوایە دەیدان بەكەسانی دیكە. بوخاریو موسلیم یەكێك لەو چیرۆكانەمان بۆ دەگێرنەوە كەچۆن ژنێك خۆی بەموحەممەد پێشكەش دەكا, بەلام سەروسیمای ئەم ژنە بەدلی موحەممەد نابێتو دەیداتە كەسێكی دیكە. نوسیویانە: ژنێك دەچێتە لای موحەممەدو پێی دەلێت: ئەی پەیامبەری خوا هاتووم خۆمت پێشكەش بكەم. موحەممەدیش هەر لەنوكی پەنجەیەوە تا تەوقی سەر تەماشای دەكات, (وا دەردەكەوێت كە روخساری جوان نابێت بۆیە) سەری شۆڕ دەكاتەوە بەشێوەیەك كەبلێ نامەوێت. ژنەكەش كەزانی موحەممەد نایەوێت لەشوێنی خۆی دادەنیشێت. لەو كاتەدا صەحابەیەك كە لەوێدا دانیشتبوو هەلدەسێو دەلێ: ئەی پەیامبەر ئەگەر ناتەوێ بیدە بە من, پەیامبەریش پاش كۆمەلێك مەرج, بەبێ ئەوەی رەزامەندی ژنەكە وەربگرێت, لێی مارە دەكات.[24]

---

21 أَنَّ اللَّاتِي وَهَبْنَ أَنْفُسهنَّ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَثِير. ابن كثير, تفسير الاية 50 الاحزاب

22 تفسير ابن كثير الاحزاب 50

23 تفسير القرطبي الاحزاب 50

24 جَاءَتْ امْرَأَةٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَتْ يَا رَسُولَ اللَّهِ جِئْتُ أَهَبُ لَكَ نَفْسِي قَالَ فَنَظَرَ إِلَيْهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَصَعَّدَ النَّظَرَ فِيهَا وَصَوَّبَهُ ثُمَّ طَأْطَأَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَأْسَهُ فَلَمَّا رَأَتْ الْمَرْأَةُ أَنَّهُ لَمْ يَقْضِ فِيهَا شَيْئًا جَلَسَتْ فَقَامَ رَجُلٌ مِنْ أَصْحَابِهِ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَكَ بِهَا حَاجَةٌ فَزَوِّجْنِيهَا فَقَالَ وَهَلْ عِنْدَكَ مِنْ شَيْءٍ قَالَ.و.و. صحيح البخاري, كتاب النكاح, باب تزويج المعسر.حديث479 صحيح مسلم: باب / ندب النظر إلى وجه المرأة وكفيها لمن يريد تزوجها.



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

هەروەها ژنێکیش بە ناوی (أم كلثوم بنت عقبة) ئەم ژنە خۆی پێشکەش بە موحەممەد دەکات. ئەویش نایەوێ‌و لە زەیدی مارە دەکات. خودی ژنەکەو براکەشی بەم هەڵوێستەی موحەممەد رازی نەبوون, بەڵام هێزو دەسەڵاتی موحەممەد بووە هۆی ئەوەی کە نەتوانن لە بڕیارەکە پەشیمان ببنەوە.[25]

گەر کەسێك بیەوێت تەواوی رووداوو بەسەرهاتەکانی ژیانی سێکسی موحەممەد لە کتێبێکی لەم چەشنەدا بەسەر بکاتەوە, دووچاری سەختی‌و زەحمەتێکی زۆر دەبێت. هۆکاری هەرە سەرەکیش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری‌و بۆری پەڕاوەکانی مێژووی ئیسلام. جاروبار هەندێك پەرەگراف دێنە بەرچاو, خوێنەر ناتوانێت چاو لە ئاستیاندا بنوقێنێت. سەرباری ئەو هەموو ژنە لە ژیانیدا, هەمیشە چاوی لە ئافرەتی تر بووەو جارێکیان کچێکی عەبباسی دیوە بەناوی (أم حبيبه) کە تازە لە شیرخواردن بڕابۆوە, واتە تەمەنی لە نێوان دوو تا چوار ساڵاندا بووە, کە ئەو کچۆڵەیەی بینیوە وتوویەتی: ئەگەر ئەم کچەی عەبباس پێگەیشت‌و منیش لە ژیاندا بووم ئەوە دەیهێنم.[26]

یاخود جارێکیان ژنێکی ئەنصاری دەچێتە لای موحەممەد, ئەویش دەیباتە شوێنێکی نەبینراوەوەو ماوەیەك بە تەنیا دەبن. پاش ماوەیەك دەگەڕێنەوەو موحەممەد پێی دەڵێت: سوێند بە خوا ئێوە خۆشەویسترین کەسن لای من.[27] لەریوایەتەکەدا نەنوسراوە ئەو ژنە کێ بووە, هەروەها بۆچی چوونەتە ئەو شوێنە نەبینراوەوەو بۆچی ئەو ماوەیە بەتەنیا بوون.

---

25 أُمّ كُلْثُوم بِنْت عُقْبَة بْن أَبِي مُعَيْط, وَكَانَتْ وَهَبَتْ نَفْسهَا لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ, فَزَوَّجَهَا مِنْ زَيْد بْن حَارِثَة, فَكَرِهَتْ ذَلِكَ هِيَ وَأَخُوهَا وَقَالَا : إِنَّمَا أَرَدْنَا رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَزَوَّجَنَا غَيْرَهُ. تفسير القرطبي في تفسير آية الاحزاب

26 عَنْ أُمِّ الْفَضلِ بِنْتِ الْحَارِثِ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَأَى أُمَّ حَبِيبَةَ بِنْتَ عَبَّاسٍ وَهِيَ فَوْقَ الْفَطِيمِ قَالَتْ فَقَالَ لَئِنْ بَلَغَتْ بُنَيَّةُ الْعَبَّاسِ هَذِهِ وَأَنَا حَيٌّ لَأَتَزَوَّجَنَّهَا. مسند أحمد. باقي مسند الأنصار. حديث أم االفضل بن عباس و هي أخت ميمونة.

27 أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: جَاءَتْ امْرَأَةٌ مِنْ الْأَنْصَارِ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَخَلَا بِهَا فَقَالَ وَاللَّهِ إِنَّكُنَّ لَأَحَبُّ النَّاسِ إِلَيَّ. صحيح البخاري, كتاب النكاح, باب ما يجوز أن يخلو الرجل بالمرأة عند الناس. حديث4936



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

## دەرگای سێهەم

## بەشی یەکەم

## دایکانی بڕواداران و نادیارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی موحەممەد

گەر خوێنەرێکی بێلایەن مێژووی ژیانی موحەممەد بخوێنێتەوەو لاپەڕە شاراوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵبداتەوە, جگە لە دوو مەسەلەی زۆر گرنگو تایبەت, کە ئەویش دەسەڵاتو ئابوورییە, بە ئاسانی بۆی دەردەکەوێت کە موحەممەد لە ناو ژنو سێکسدا نوقمی ژیان بوو بوو. سێکس یەکێك بووە لە گرنگترین پێداویستیو حەزو ئارەزووەکانی. سەرباری ئابووریو دەسەڵاتخوازی, خەڵکانێکی زۆری سەردەمەکەی خۆی باسی ئەم ژمارە زۆرەی ژنانی موحەممەدیان کردووەو گوتویانە: موحەممەد ئەوەندە ژنی هێناوە هەر دەڵێی جگە لە ژنهێنان هیچ کارێکی تری نەبووە بیکات. لەو قسەو باسانەشدا یەهودیەکان بەشداربوون. بۆ وەڵامدانەوەی ئەوەش ئایەتێك لە قورئاندا سەرهەڵدەدات:

أَمْ يَحْسُدُونَ النَّاسَ عَلَى مَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ.[28]

یان ئەوانە ئیرەیی بەمانە دەبەن کە خوا لە بەخشندەییەکانی خۆی بەشی پێداون.

بۆیە بە خوێندنەوەی مێژووەکەی چەندین پرسیار دروست دەبێتو خۆشبەختانەش خودی مێژوو وەڵامی هەندێکیانی داوەتەوە. بۆ نموونە, گەر پرسیار بکەینو بڵێین چۆن موحەممەد ئەم هەموو ژنەی بەسەر کردۆتەوە.؟ دەبینین مێژووە بڕواپێکراوەکانی ئیسلام پێمان دەڵێن موحەممەد نۆرەی جووتبوونی بۆ ژنەکانی دانابوو. هەر شەوو ڕۆژێك لای یەکێکیان ماوەتەوە. زۆرجاریش عەسران نۆرەبڕی لێکردوونو هیچ کاتێکیش لەنۆ ژن کەمتری

---

28 النساء 54

نەبووە.[29] ئەمە جگە لە کۆمەڵێك کەنیزەك. جاری وا هەبووە لەشەوو رۆژێکدا لەگەڵ نۆ ژنیدا سێکسی کردووە. ئەم هێزە سێکسییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قسەیەی کە موحەممەد خۆی گوتویەتی: جارێکیان جوبرەئیل شتێکی داومەتیو خواردومە, ئەو خواردنە هێزی جووتبوونی چل پیاوی پێ داوم.[30]

بەم پێیە دەتوانین هێزی سێکسی موحەممەد بیشوبهێنین بەراسپۆتین, کەهەمیشە لەهەرەتی خرۆشاندندا بووە. ئەمەش تەنها لاوازی پەیامبەرێتیو ئیسلام نیشان نادا, بەڵکو ئەمە راستییەکانی ئێمەو توانا سروشتییەکانی مرۆڤ نیشان دەدات. ئەم توانایە دەیسەلمێنێ سێکس پەیوەندی بەگوتاری ئایینیو کاریگەرییە میتافیزیکیەکانەوە نییە, بەڵکو دیاردەیەکی سروشتییە. لەبەر ئەوەشە هەرکات ئارەزووی موحەممەد جولاّبێت, بەهەر شێوەیەك بوبێت خۆی خالّی کردووەتەوە. ئەمە نابێتە رەخنە لەتواناکانی مرۆڤایەتی, بەڵکو دەبێتە مایەی رەخنەیەکی لۆژیکی لەرووی کەسێکدا کە خۆی دەڵێت من پەیامبەرم. لە دروشمیدا قسەو باسی لەسەر گەندەڵی سێکسی هەیەو داوای کەمکردنەوەی سێکسو خۆراگری لە موسڵمانان دەکات, کەچی خودی خۆی هەڵگری پێچەوانەی ئەم دروشمانەیە. لەکاتێکدا کە ژنەکانی بەرۆژوو بوون, یان لەکاتی تەرییاندا بوون, موحەممەد ماچی کردوونو لەگەڵیاندا رایبواردووە.[31] وەك لەریوایەتەکاندا هەیە موحەممەد شەهوەتەکەی نەرژاندووەتە ناو زێیانەوە, چونکە لەکاتی تەریدا بوون, بە مانایەکی دیکە خوێناوی بوون عائیشە دەیگێڕێتەوەو دەڵێت:

---

29 أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَطُوفُ عَلَى نِسَائِهِ فِي لَيْلَةٍ وَاحِدَةٍ وَلَهُ تِسْعُ نِسْوَةٍ. صحيح البخاري. كتاب النكاح باب كثرة النساء. حديث4781 صحيح مسلم: باب, القسم بين الزوجات وبيان أن السنة أن تكون لكل واحدة ليلة مع يومها.

30 لقيني جبريل بقدر فأكلت منها وأعطيت الكفيت وقاع أربعين رجلا. المنتخب من كتاب أزواج النبي..ما جاء فيما أوتى رسول الله صلى الله عليه وسلم من القوة في الجماع.

31 عن عائشة رضي الله عنها قالت ثم كان رسول الله صلى الله عليه وسلم يقبل وهو صائم ويباشر وهو صائم. صحيح مسلم: باب بيان أن القبلة في الصوم على من لم تحرك شهوته. حديث1106



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

لەکاتی تەرِیمدا موحەممەد فەرمانی پێدەکردم کە پارچە پەرِۆیەك بخەمە سەر (زێ)کەمو دوایش لەگەڵم جووت دەبوو.[32]

سەرباری ئەو هەموو ژنە زۆرەی هەیبووە رابواردنی لەگەڵ ژنە تەرِەکانی کردووە, بەپێچەوانەی ئایەتی قورئان رەفتاری کردووە. لە قورئاندا نوسراوە:

وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ.[33]

دەربارى تەرِی پرسیارت لێدەکەن, بلّێ ئەوە ئازارو زەرەرە, ئێوە کە ژنەکانتان لەکاتی تەرِیدا بوون, لێیان دوور بکەونەوەو مەچن بەلایاندا تا پاك دەبنەوە.

لەم ئایەتەدا خوا فەرمانی داوە ئەگەر ژن لە کاتی تەرِیی خۆیدا بوو ئەوە نابێت پیاو بچێتە بەلایدا, ئەویش لەبەر دوو هۆ, یەکەم ئازاری بەدواوەیە, دووهەم لەبەر ئەوەی پاك نییە, واتە پیسە. لێرەدا موحەممەد فەرمانی خواکەی خۆی جێبەجێ نەکردووە.! سەرباری ئەوەش خوا لەم ئایەتەدا ژنانی تەرِ بە ناپاك واتە بە پیسی داناونو ناشزانین بۆ بە پیسی زانیون.! تەرِیی ئافرەتان دیاردەیەکی سروشتییەو لێکدانەوەیەکی زانستی تەواوی هەیە, لەو لێکدانەوانەدا شتێك نییە باس لە پیسی بکات.

رەنگە بۆ خۆی بەرِەوای بینیبێت لەکاتی دەستنوێژ, یان بەرۆژووبوونیان, یان لەکاتی تەرِییاندا لەگەڵ ژنەکانیدا رابوێرێت، بەلاّم بۆ کەسی دیکەی بەرِەوا نەبینیوە. بۆ بەڵگەش رۆژێکیان پیاوێك دەچێتە لای موحەممەدو پێی دەڵێت کە بەرۆژوو بووەو لەگەڵ ژنەکەیدا رایبواردووە. موحەممەدیش سزای دەداتو پێی دەڵێت: یان کۆیلەیەك ئازاد بکە، یان دوو مانگ لەسەر یەك بەرۆژوو بە، یان شەست هەژاری برسی تێر بکە.[34]

---

32 عن عائشة قالت: كنت أغتسل أنا والنبي صلى الله عليه وسلم من إناء واحد كلانا جنب وكان يأمرني فأتزر فيباشرني وأنا حائض. صحيح البخاري: كتاب الحيض: باب, مباشرة الحائض. حديث296

33 البقرة222

34 أبا هريرة رضي الله عنه قال ثم بينما نحن جلوس ثم النبي صلى الله عليه وسلم إذ جاءه رجل فقال يا رسول الله هلكت قال ما لك قال وقعت على امرأتي وأنا صائم فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم هل تجد رقبة تعتقها قال لا قال فهل تستطيع أن تصوم شهرين



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com .net .org
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org


سەربارى هەبوونی ئەو ژنە زۆرانەش کە موحەممەد هەیبوون کەچی سەرگوزشتەیەك هەیە زۆر بە جوانی باسی هێزی سێکسی موحەممەد دەکاو ئەوەمان پێدەڵێت لەم رووەوە کەسێکی خۆڕاگر نەبووە, بەڵکو ئەگەر بە رێکەوت لە بازاڕدا ژنێکی جوانی دیبێت زەوقی هەڵساوەو خۆی پێنەگیراوە, یەکسەر چووەتەوە بۆ ماڵەوەو خۆی لە یەکێك لە ژنەکانیدا خاڵی کردووەتەوە. ریوایەتەکەش بەم شێوەیە:

عَنْ جَابِرٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَأَى امْرَأَةً فَأَتَى امْرَأَتَهُ زَيْنَبَ وَهِيَ تَمْعَسُ مَنِيئَةً لَهَا فَقَضَى حَاجَتَهُ ثُمَّ خَرَجَ إِلَى أَصْحَابِهِ فَقَالَ إِنَّ الْمَرْأَةَ تُقْبِلُ فِي صُورَةِ شَيْطَانٍ وَتُدْبِرُ فِي صُورَةِ شَيْطَانٍ.[35]

لە جابرەوە دەگێڕنەوە: نێردراوی خوا, درودی خوای لەسەربێت, ئافرەتێکی بینی, خۆی گەیاندە زەینەبی ژنی, کە لەو کاتەدا هەویری دەشێلا, پێداویستییەکەی خۆی جێبەجێ کردو دوایی چووە دەرەوە بۆلای صەحابەکانیو وتی: ئافرەت لە وێنەی شەیتاندا روو دەکاتو هەر لە وێنەی شەتانیشدا پشت دەکات.

ئەگەرچی زەینەب لەو کاتەدا هەویری دەشێلا, بەڵام ئارەزووی سێکسی موحەممەد بواری ئەوەی نەداوە چاوەڕێی تەواوبوونی هەوێر شێلانەکە بکات, بەڵکو بە هەر شێوەو جۆرێك بێت لەگەڵیدا جووت بووەو خۆی لەو ئارەزووە کتوپڕییە خاڵی کردۆتەوە. دوای تەواوبوونی جووتبوونەکەشی, ئەوەی لەبیر دەچێت کە غەریزەی سێکسی خۆی ئەو حاڵەتەی دروست کردووە, دێت ژن تاوانبار دەکاو بەصەحابەکان دەڵێ: ژن لەوێنەی شەیتاندا روو لەمرۆڤ دەنێو لەوێنەی شەیتاندا پشت لە مرۆڤ دەکات. ئەم بەدحاڵیبوونەی موحەممەد لە سێکسو ژن, وای لەخەڵکی کردووە بەچاوی گومانەوە بڕواننە کەسایەتی موحەممەد. لەبەر ئەم ڕەفتارانەشە کە هەندێك جار موسڵمانانیش لە پەڕاوەکانی مێژوودا

---

متتابعين قال لا قال فهل تجد ما تطعم ستين مسكينا. صحيح البخاري: كتاب الحيض, باب, إذا جامع في رمضان ولم يكن له شيء فتصدق عليه فليكفر. صحيح مسلم: كتاب الحيض. باب, تغليظ تحريم الجماع في نهار رمضان.

35 صحيح مسلم: كتاب النكاح, باب ندب من رأى امرأة فوقعت في نفسه إلى أن يأتي امرأته أو جاريته فيواقعها. حديث1403

رووبەرووی دەستەواژەیەك دەبنەوە كە لەوەوپێش چاوەڕوانی نەبوون. بۆ نموونە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبوون ژنێك بە ڕووی پەیامبەرەكەیاندا وەستابێتەوەو بە موحەممەدی وتبێت (تۆ كەسێكی بازاڕیت).[36]

موحەممەد نەیزانیوە وەرگرتنی چێژی سێكسی پەیوەندی بە سایكۆلۆژی بكەرەوە هەیە, لەبەر ئەمە وا بۆی چووە رابواردنی ئەو ئافرەتانەی كەپەردەی كچێنییان لەدەست نەداوە, خۆشتر بووە. ئامۆژگاری صەحابەكانی كردووە, ئەگەر ژنیان هێنا كچ بهێنن نەك بێوەژن. رۆژێك (جابر بن عبد الله) بە موحەممەدی وتووە ژنم هێنا, موحەممەدیش پێی دەڵێت: كچت هێنا یان بێوەژن.؟ ئەویش دەڵێت: بێوەژن. موحەممەدیش پێی دەڵێت: ئەی بۆ كچێكت نەهێنا لەگەڵی رابوێری‌و یارییەكانی لەگەڵ بكەیت؟.[37] ئەمەش ئەو خاتیرەیەمان بیردەخاتەوە كە دەڵێن: دوو كەنیزەكیان بردە لای خەلیفە موعتەصەم, یەكیان كچ‌و ئەوی دیكەیان بێوەژن بوو, تا یەكێكیان هەڵبژێرێت, ئەویش كچەكەی هەڵبژاردووە. بێوەژنەكە پێی وتووە: یەك رۆژمان لە نێواندا هەیە. كچەكەش لەوەڵامدا وتویەتی: یەك رۆژی لای خوا بەئەندازەی هەزار شەوی ئێوەیە كە حسابی بۆ دەكەن. ئەم قسەیەشی لە ئایەتێكەوە وەرگرتووە كە دەڵێت:

إِنَّ يَوْمًا عِنْدَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِمَّا تَعُدُّونَ.[38]

ئەم هێزە سێكسییەی موحەممەدو حەزە پڕ لە خرۆشاوییەكانی, حاڵەتێكی هێناوەتە بەرهەم خەڵكی دڵیان لێی پیس ببێت. بۆیە ئەگەر جارێك لەجاران لەگەڵ ژنێكدا بەتەنیا بیاندیبایە یەكسەر گومانیان لێدەكرد. بەپێی سەرگوزشتەیەكی علي بن الحسين ، كەخودی صەفییە بۆی گێڕاوەتەوە: رۆژێك لەگەڵ ژنێكی خۆی دەبێت بەناوی (صفية), لەرێگاكەیاندا بە دوو صەحابە دەگەن, بەناوەكانی (ئوسەید كوڕی حوزەیر)و (عوببادی كوڕی بەشیر) صەحابەكان

---

36 صحيح البخاري, كتاب الطلاق, باب من طلق وهل يواجه الرجل امرأته بالطلاق. حديث4957/4956

37[37] فَقَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَا تَزَوَّجْتَ فَقُلْتُ تَزَوَّجْتُ ثَيِّبًا فَقَالَ مَا لَكَ وَلِلْعَذَارَى وَلِعَابِهَا. صحيح البخاري, كتاب النكاح, باب: تزويج الثيبات. حديث4792

38 سورة الحج47



www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

بە ئیستێکەوە سلاّویان لیّ کردووە رۆشتوون، (وەك بلّیّی بە تەشەرەوە سلاویان لیّکردبیّت) موحەممەد دەیانوەستیّنیّتو پیّیان دەلّیّ:

ئەمەی لەگەلّمە (صفية بنت حيي)یە, دوو صەحابەکەش دەلّیّن: سوبحانەلّلاّ ئیّمە کەی شتی خراپمان وتووە. موحەممەدیش پیّیان دەلّیّت: شەیتان شتی وا دەخاتە دلّی ئینسانەوە کەبگاتە خویّن, لەوە دەترسم شتیّکی خراپی خستبیّتە دلّتانەوە.[39]

هەروەها (اسماء بنت ابي بكر الصديق) خوشکی عائیشەو ژنخوشکی موحەممەد بە کۆلّیّکەوە بەهیلاکی دەرِۆی بەریّوە، موحەممەد دەیبینیّو بانگی دەکا کەلەگەلّیدا سواری وشترەکەی بیّت, ئەسمائیش لە ترسی غیرەتی میّردەکەی لەگەلّی سوار نابیّت.[40] ئەگەر قسەو باسیّك دەربارەی دلّپیسی موحەممەد لە ئارادا نەبوایە ئەسما سواری وشترەکە دەبوو.

ئەم چیرۆکەی ئیّستا دەینوسینەوە دەمانخاتە پرسیارگەلیّکی زۆرەوە, عائیشە دەگیّریّتەوەو دەلّیّ: (بەکورتی) شەویّك کەنۆبەی من بوو پەیامبەر بیّتە لام, کەتەشریفی هات من خۆم کردبوو بەخەوتوو, نەعلەکانی داکەندو عاباکەی بەسەر شانیدا لابردوو بەسەر نویّنەکەدا پالّ کەوت, کەتەماشای کرد خەوم لیّ کەوتووە, بەئەسپایی هەلّسا, بەئەسپای دەرگاکەی کردەوە, بەئەسپای چووەدەرەوە, بەئەسپایی دەرگاکی داخست, بەئەسپایی رِۆشت. منیش کراسەکەم لەبەر کرد, سەرم داپۆشی, پارچەی عەباکەم دابەخۆمداو شویّنی کەوتم تا (بقيع) بەدووایەوە بووم. چاوم لیّبوو سیّ جار دەستی هەلّبرِی, پاش ماوەیەك گەرِایەوە, منیش

---

39 جَاءَتْ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَزُورُهُ فِي اعْتِكَافِهِ فِي الْمَسْجِدِ فِي الْعَشْرِ الْأَوَاخِرِ مِنْ رَمَضَانَ فَتَحَدَّثَتْ عِنْدَهُ سَاعَةً ثُمَّ قَامَتْ تَنْقَلِبُ فَقَامَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَعَهَا يَقْلِبُهَا حَتَّى إِذَا بَلَغَتْ بَابَ الْمَسْجِدِ عِنْدَ بَابِ أُمِّ سَلَمَةَ مَرَّ رَجُلَانِ مِنْ الْأَنْصَارِ فَسَلَّمَا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ لَهُمَا النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى رِسْلِكُمَا إِنَّمَا هِيَ صَفِيَّةُ بِنْتُ حُيَيٍّ فَقَالَا سُبْحَانَ اللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ وَكَبُرَ عَلَيْهِمَا فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَبْلُغُ مِنْ الْإِنْسَانِ مَبْلَغَ الدَّمِ وَإِنِّي خَشِيتُ أَنْ يَقْذِفَ فِي قُلُوبِكُمَا شَيْئًا. صحيح البخاري, كتاب الاعتكاف, باب هل يخرج المعتكف لحوائجه إلى باب المسجد. حديث1930

40 هەمان سەرچاوەی پیّشوو: صحيح البخاري, كتاب النكاح, باب. الغيرة. حديث4926



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

گەڕامەوە, هەنگاوەکانی خێرا کرد, منیش خێرام کرد, ڕایکرد, منیش ڕامکردو پێش ئەو گەیشتمە ماڵەوە, ڕاکشاموخۆم کرد بەخەوتوو. کە گەیشتە ماڵەوە, وەك پێی زانیبێتم ووتی: عەیشێ (عایش) چیە ئەوە؟ ئەو ڕەشاییەی بینیم تۆ بووی.؟ منیش پێموت: باوكو دایکم فیدات بن بەڵێ من بووم. مستەکۆڵەیەکی کێشا بەسنگمداو وتی: تۆ بۆ وادەزانی خواو پەیامبەرەکەی زوڵمت لێ دەکەن..تاد.[41]

خودی خۆیشی دڵی لەژنەکانی پیس بووە. بۆ نموونە ڕۆژێك موحەممەد گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە, لەو کاتەدا پیاوێك لەلای عائیشەی ژنی بووە, کە موحەممەد پیاوەکە بینیوە, ڕەنگی تێکچووەو لەبەری گران بووە, عائیشە بە موحەممەدی وتووە ئەمە برای شیریمە. موحەممەدیش تورە بووەو پێی وتووە: بیربکەنەوە کەکێ وکێ براتانن, شیرەدرایی لەمنداڵیدا لەبرسێتییەوەیە.[42]

ابن قیم الجوزی لە(اخبار النساء)دا لە هەمو مێژوونوسانی دیکە روونتر باسی دڵپیسی موحەممەدمان بۆ دەکاتو دەڵێ: ڕۆژێك پیاوێکی کوێر بەناوی (ابن أم مکتوم) هاتە ماڵی موحەممەد, کەلەو کاتەدا دوو لەژنەکانی لەگەڵی دانیشتبوون, موحەممەد بە ژنەکانی وتووە: هەستن بچنە ژوورەکەی ئەودیو. ژنەکانیش پێیان وتووە: ئەی موحەممەد خۆ ئەو کابرایە کوێرەو چاوی نابینێت. موحەممەدیش پێیانی وتووە: (ئەو) کوێرە, خۆ (ئێوە) کوێر نین.![43]

ئێمە ناتوانین ئیسلام یاخود موحەممەد بەوە تاوانبار بکەین کەدیاردەی سێکسبازیان زۆر کردووە, چونکە ئەو سێکسبازییەی لەسەردەمی ئیسلامدا هەبووە نەریتێکی باوی زۆر

---

41 صحیح المسلم: کتاب الجنائز باب ما یقال ثم دخول القبور والدعاء لأهلها. حدیث974

42 قَالَتْ عَائِشَةُ دَخَلَ عَلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَعِنْدِي رَجُلٌ قَاعِدٌ فَاشْتَدَّ ذَلِكَ عَلَيْهِ وَرَأَيْتُ الْغَضَبَ فِي وَجْهِهِ قَالَتْ فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّهُ أَخِي مِنْ الرَّضَاعَةِ قَالَتْ فَقَالَ انْظُرْنَ إِخْوَتَكُنَّ مِنْ الرَّضَاعَةِ فَإِنَّمَا الرَّضَاعَةُ مِنْ الْمَجَاعَةِ. صحیح مسلم, کتاب الرضاع. باب إنما الرضاعة من المجاعة. حدیث1455

43 ابن قیم الجوزیة:: اخبار النساء. دار المدى للثقافة والنشر سوریا/ دمشق2001ص108

www.xwdakan.com net org



لەئیسلام کۆنترەو ئاکارو ڕەفتاری دێرینی نیوەدورگەی عەرەب بووە. بەڵام دەتوانین ئیسلامو پەیامبەرەکەی بەوە تاوانباری بکەین کە کۆنترینو بێبایەخترین دیاردەی سێکسبازیان بە هەموو سلبیاتەکانییەوە دووبارە کردووەتەوە, کە هیچ کاتێك لەگەڵ کەرامەتی ژناندا نایەنەوەو تێیدا سەرەتاییترین مافی ژنانیان نەپاراستووە. هەمیشە ژنیان بە کونو شوێنی چێژی سێکس زانیوە. ئەم بۆچوونەش لە ئیسلامدا ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. لە سەرگوزشتەیەکدا موحەممەد وتویەتی: ئافرەت عەورەتە (واتە هەموو گیانی زێیە) ئەگەر لەماڵیش بچێتە دەرەوە شەیتان سەرپەرشتیاری دەکات.[44]

هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەژن دەماناخاتە گومانەوە کەموحەممەد توانیبێتی دادپەروەری لەنێوانیاندا دروست بکات. نموونەش بۆ ئەم ڕاستییە زۆر زۆرن. بوخاری لەسەرگوزشتەیەکدا باس لەمە دەکاتو زۆر بەراشکاوانە ڕوداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە نادادپەروەری موحەممەدمان نیشان دەدات. ئەو نوسیوێتی ژنەکانی موحەممەد لە زۆریو نارێکیدا لەناو خۆیاندا ببوون بە دوو بەشەوە, دوو گروپ. لە ڕیوایەتەکەدا بە دوو حزب ناوبراون. گروپێکیان عائیشەو حەفصەو صەفییەو سەودە بوون, گروپەکەی تر ئوم سەلەمەو ژنەکانی دیکە بوون.[45]

موحەممەد, عائیشەی لە هەموو ژنەکانی دیکەی زیاتر خۆش ویستووە. عائیشەش بەم شوێنو مەکانەی خۆی زانیوەو لای ژنەکانی دیکە شانازی بەخۆیەوە کردووە. جارێکیان وتویەتی: من بە (دە) شت بەسەر ژنەکانی دیکەی محەممەددا بایەخدارترم. ژنەکانیش وتویانە ئەو دە شتە کامانەن.؟ وتویەتی: جگە لە من هیچ کچێکی دیکەی نەهێناوە, موحەممەد لە کۆچەکەیدا تەنها باوکی منی لەگەڵ بووە, خوا پاکیزەیی منی لە ئاسمانەوە دابەزاندووە,[46] پێش ئەوەی من بهێنێت جوبرەئیل منی نیشانی موحەممەد داوەو پێی وتراوە کە من دەبمە ژنی,

44 عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ الْمَرْأَةُ عَوْرَةٌ فَإِذَا خَرَجَتْ اسْتَشْرَفَهَا الشَّيْطَانُ.
سنن الترمذي. كتاب الرضاع, باب ما جاء في كراهية الدخول على المغيبات. حديث1183

45 صحيح البخارى, كتاب الهبة وفضلها والتحريض عليها, باب من أهدى إلى صاحبه وتحرى بعض نسائه دون بعض. حديث2442

46 **ئاماژەیە بۆ مەسەلەکەی فدك.**

دووجار خەوی بە منەوە دیوە, منو مەحەممەد لە یەك تەشتدا خۆمان شتووە, کاتێ منی لەگەڵ بوویم وەحی بۆ هاتووە, لەکاتی مردنیدا لە باوەشمدا بوو, لەشەوی نۆبەی مندا بوو, لە ماڵی مندا نێژرا, ئەمانەی لەگەڵ هیچ یەکێك لە ژنەکانی دیکەیدا نەبووە.[47]

عائیشە, جگە لەوەی نۆبەکانی سەودەی پەککەوتەو ناشرینی بۆ خۆی وەرگرتبوو, جاری دیکەش هەبووە ئەم بەختەی بۆ دووبارەبۆتەوە. بۆ نموونە جارێکیان موحەممەد لە صەفیە تورەو زویر دەبێت. صەفیە دەچێتە لای عائیشەو پێی دەڵێت (موحەممەدم بۆ ئاشت بکەرەوە نۆبەیەکی خۆمت دەدەمێ) ئەویش رازی دەبێتو کێشەکەی بۆ چارەسەر دەکات.[48]

ئەگەر کەسێك دیارییەکی پێبوایەو بیویستایە بە موحەممەدی ببەخشیایە, سەردانەکەی دوا دەخست تا موحەممەد دەکەوتە نۆبەی عائیشەوە ئەو کاتە دەیبرد. ژنەکانی تر بەمە رازی نەبوونو بە ئوم سەلەمەیان وتووە ئەم مەسەلەیە لای موحەممەد باس بکات تا دادپەروەری پیادە بکات. ئەویش دوو جار بە موحەممەدی وتووە, بەڵام وەڵامی نەداتەوە تا لەسێهەم جاردا بە ئوم سەلەمەی وتووە: باسی خراپی عائیشەم بۆ مەکە, من لەباوەشی هیچ ژنێکدا وەحیم بۆ نەهاتووە لەباوەشی عائیشەدا نەبێت.[49]

ئەم گروپە لە جاری دووهەمدا پەنایان بردووە بۆ فاتیمەی کچی موحەممەد, تا بە باوکی بڵێت لەبەرامبەر عائیشەدا دادپەروەریان لەگەڵدا بکات. کاتێك فاتیمە ئەم باسەی لەگەڵ دەکات موحەممەد بە فاتیمە دەڵێت: ئەی کچەکەم ئایا تۆ ئەوانەت خۆشناوێن کە من خۆشمدەوێن.[50] واتە بێدەنگ بە من وام پێخۆشە.

بۆ جاری سێهەم ژنەکان پەنا بۆ زەینەبی پورزای موحەممەد دەبەن, ئەویش دەچێتە لای موحەممەد کە لەو کاتەدا لە ماڵی عائیشەدا دەبێت, بەدەنگێکی بەرز داوای دادپەروەری لەموحەممەد دەکات, عائیشە کەلەو کاتەدا دانیشتبوو, گوێی لەم قسانە دەبێت بە شێوەیەکی

---

47 الطبقات الكبرى, لابن سعد, الجزء الثامن ,ذكر أزواج رسول الله صلى الله عليه وسلم ، عائشة بنت أبي بكر الصديق بن أبي قحافة

48 المسند لاحمد بن حنبل, باب (حديث) عائيشة.

49 هەمان سەرچاوەو ناونیشان

50 هەمان سەرچاوەو ناونیشان



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

ڕەق وەڵامی دەداتەوەو زەینەب بێدەنگ دەکات. کە زەینەب بێدەنگ دەبێت موحەممەد سەیرێکی عائیشە دەکاتو دەڵێت کچی ئەبو بەکرە.[51]

ململانێی نێوان ژنەکان لەسنووری خۆی تێپەڕیبوو, وتەی ناشرینو جوێنیان بە یەکتر داوە, عائیشەو حەفصە لە نێوان خۆیاندا شەڕیان کردووە, عائیشە قسەی ناشرینی بە باوکی حەفصە (خەلیفە عومەر) وتووە, حەفصەش قسەی ناشرینی بە باوکی عائیشە (خەلیفە ئەبوبەکر) وتووە.[52] هەروەها ژنەکان لەنێوان خۆیاندا پیلانیان دژ بەیەك كێشاوە, ئەگەرچی لە هەمان گرووپیشدا بن. چەندین نموونە لەبەر دەستدا هەن:

بەپێی گێڕانەوەیەکی عائیشە, موحەممەد حەزی لەهەنگوینو حەلْوا بووە, جاروبار لەعەسراندا سەردانی ژنەکانی کردووە لەو شیرینیانەی خواردووە. ڕۆژێکیان دەچێتە لای حەفصەو لەلای ئەو زۆر دەمێنێتەوە. عائیشە دەڵێ دەربارەی مانەوەی ئەو ماوە زۆرە پرسیم, لەوەڵامدا زانیم کەلەلایەن ژنێکەوە هەیکەیەك هەنگوینی باشی بۆ هاتووە, بۆیە بڕیارم دا پیلانێك لەدژی ئەوە ساز بدەین تا ئەوەندە لەلای حەفصە نەمێنێتەوە. بۆ سەرگرتنی پیلانەکەی دەچێتە لای سەودەو صەفییەو لەنێوان خۆیاندا لەسەر پیلانێك رێكدەكەون, لە ئەنجامدا خواردنی ئەو هەنگوینە لەموحەممەد حەرام دەکەنو پیلانەکەیان سەردەگرێت.[53]

زۆربەی ئەو شەوانەی کەموحەممەد ژیانی کۆمەڵایەتی لەماڵەکاندا بردۆتەسەر, لەماڵی هەر یەکێك لەژنەکانی بوایە, زۆر جار هەموو ژنەکانی لەو ماڵەدا کۆدەبوونەوە. هەندێك جار موحەممەد ویستویەتی نۆرەبڕیان لێبکات, بەڵام عائیشە لە نۆبەی خۆیدا بەم نۆرەبڕییە رازی نەبووە. ئەنەس باسی شەوێکی ماڵی عائیشە دەکاو دەگێڕێتەوە: ئەو شەوە نۆبەی عائیشە بوو, زەینەب دێتو لەلای موحەممەدەوە دادەنیشێت, موحەممەد دەستێك بۆ زەینەب دەبات, عائیشە پێی دەزانێو هاواری لێهەڵدەسێو بە موحەممەد دەڵێ: ئەوە زەینەبە، (واتە من نیمو دەستی بۆ مەبە چونکە نۆبەی منە) موحەممەدیش دەستی دەکێشێتەوە. زەینەب ئەمەی زۆر لا ناخۆش دەبێتو لەگەڵ عائیشەدا لێیان دەبێ بە دەمەقاڵێو درێژە دەکێشێ تاکاتی نوێژی

51 هەمان سەرچاوەو ناونیشان

52 الطبقات الكبرى, باب ذكر أزواج رسول الله.. فصل عائشة.

53صحيح البخاري, كتاب الطلاق, باب لم تحرم ما أحل الله لك. حديث4967



www.xwdakan.com  net  org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

شێوان. ئەبوبەکری صدیق دێتو بە موحەممەد دەڵێ: هەستە بچین بۆ نوێژەکەو دەمیان پڕ بکە لەقوڕ. دوای نوێژ ئەبوبکر دەگەڕێتەوەو لێپرسینەوە لەگەڵ عائیشە دەکات.[54] لەهەر شوێنێکیش زانیبێتی مافی پێشێل دەکرێت یەکسەر دەخالەتی تێدا کردووەو نەیهێشتووە بەسەریدا تێپەڕ ببێت.

دەبێ ئەو راستییە بزانین کە عائیشە یەکێك دەبێت لەزیرەکترین ژنانی ئەو کاتە. زانایانی ئیسلام دایاننامە بە یەکێك لە زیرەکترین ژن لە ژنانی موحەممەدو شارەزاترین ژن لە تەفسیری ئایەتەکانو روونکردنەوەی فەرموودەکاندا.[55]

یەکێك لە سیفەتە باشەکانی عائیشە ئەوە بووە شەرمی لە گێرانەوەی رووداوەکان نەکردووە. دوور لەو شەرمو شکۆیەی ئێستا لەناو ژنانی ئیسلامدا هەیە, ناوی شوێنە سێکسییەکانو زۆربەی دیاردەکانی سێکی کردووە. هەر پرسیارێکیشیان لێکردبێت وەڵامی داوەتەوە. تەنانەت باسی لە چووکی موحەممەدیش کردووەو لە سەرگوزشتەیەکدا دەڵێت:

---

54 كَانَ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تِسْعُ نِسْوَةٍ فَكَانَ إِذَا قَسَمَ بَيْنَهُنَّ لَا يَنْتَهِي إِلَى الْمَرْأَةِ الْأُولَى إِلَّا فِي تِسْعٍ فَكُنَّ يَجْتَمِعْنَ كُلَّ لَيْلَةٍ فِي بَيْتِ الَّتِي يَأْتِيهَا فَكَانَ فِي بَيْتِ عَائِشَةَ فَجَاءَتْ زَيْنَبُ فَمَدَّ يَدَهُ إِلَيْهَا فَقَالَتْ هَذِهِ زَيْنَبُ فَكَفَّ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَدَهُ فَتَقَاوَلَتَا حَتَّى اسْتَخَبَتَا وَأُقِيمَتْ الصَّلَاةُ فَمَرَّ أَبُو بَكْرٍ عَلَى ذَلِكَ فَسَمِعَ أَصْوَاتَهُمَا فَقَالَ اخْرُجْ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِلَى الصَّلَاةِ وَاحْثُ فِي أَفْوَاهِهِنَّ التُّرَابَ فَخَرَجَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَتْ عَائِشَةُ الْآنَ يَقْضِي النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ صَلَاتَهُ فَيَجِيءُ أَبُو بَكْرٍ فَيَفْعَلُ بِي وَيَفْعَلُ فَلَمَّا قَضَى النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ صَلَاتَهُ أَتَاهَا أَبُو بَكْرٍ فَقَالَ لَهَا قَوْلًا شَدِيدًا وَقَالَ أَتَصْنَعِينَ هَذَا. صحيح مسلم, كتاب الرضاع, باب القسم بين الزوجات و بيان أن السنة أن تكون لكل واحدة. حديث1462

55 وَاتَّفَقَتْ الْأُمَّةُ عَلَى كُفْرِ قَاذِفِهَا وَهِيَ أَفْقَهُ نِسَائِهِ وَأَعْلَمُهُنّ بَلْ أَفْقَهُ نِسَاءِ الْأُمّةِ وَأَعْلَمُهُنّ عَلَى الْإِطْلَاقِ. السيرة النبوية. زاد المعاد, ج1ص112 فصل في أزاجه.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org



چووکی هیچ کەس وەك چووکی موحەممەد نەبووە. (وَأَيُّكُمْ يَمْلِكُ إِرْبَهُ كَمَا كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَمْلِكُ إِرْبَهُ.)[56]

هەرکاتێك لە موحەممەد رازی بوایە دەیوت: (بە خوای موحەممەد), هەرکاتێکیش رازی نەبوایە دەیوت: (بە خوای ئیبراهیم).[57] هەروەها شەرمی لەڕووبەڕووبونەوەی خواو پەیامبەر نەبووەو قسەی خۆی کردووە. تەنانەت دەخالەتی لە دەرکەوتنی ئایەتەکانیشدا کردووە. عائیشە بەچاوێکی بێ رێزەوە تەماشای ئەو ژنانەی کردووە کەخۆیان بەموحەممەد بەخشیوە. ئەگەرچی مەسەلەی ژن بەخشین لە قورئاندا هاتووە, بەڵام نارازی بووەو وتویەتی: ئەوە ژن شەرم لەخۆی ناکات بەبێ مارەیی خۆی دەبەخشێت بەپیاو؟![58] بوخاریو ئیبن کەسیریش لە تەفسیرەکەیاندا نوسیویانە کە عائیشە وتویەتی: زۆر دڵگران بووم لەو ژنانەی کە خۆیان بە موحەممەد دەبەخشی, دەموت: ئایا دەبێت ئافرەت خۆی پێشکەش بکات.؟ بەڵام کاتێك ئایەتی پەنجاو یەکی ئەحزاب دابەزی:

(تُرْجِي مَن تَشَاء مِنْهُنَّ وَتُؤْوِي إِلَيْكَ مَن تَشَاء وَمَنِ ابْتَغَيْتَ مِمَّنْ عَزَلْتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكَ.[59]

واتە: (ئەی موحەممەد) بەئارەزووی خۆت هەر کامێك لەژنەکانت ویست بیانخەیتە پاڵ خۆت یان دووریان بخەیتەوە, بیکە. هیچ گوناهێکیشت ناگات گەر ئارەزووت کەوتەوە سەر ئەو ژنانەشی لەخۆت دوورت خستونەتەوەو ئێستا دەتەوێت بیانهێنیتەوە.

عائیشە کە گوێی لەم ئایەتە بووە, لەپێناوی مافەکانی خۆیدا رەخنەی لە خوا گرتووەو بە موحەممەدی وتووە: وای دەبینم کە(خوا) کەت لەبەدیهێنانی ئارەزووەکانتدا بە پەلەیە.![60]

---

56 وَأَيُّكُمْ يَمْلِكُ إِرْبَهُ كَمَا كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَمْلِكُ إِرْبَهُ. صحيح البخاري, كتاب الحيض, باب مباشرة الحائض. حديث296

57 صحيح البخاري, كتاب النكاح, باب: غيرة النساء ووجدهن. حديث4930

58 أَمَا تَسْتَحِي الْمَرْأَةُ أَنْ تَهَبَ نَفْسَهَا لِلرَّجُلِ. صحيح الخاري. كتاب النكاح, باب, هل للمراة تهب نفسها للرجل. حديث4823

59 الاحزاب 51

60 عَنْ عَائِشَة قَالَتْ كُنْت أَغَار مِنْ اللَّاتِي وَهَبْنَ أَنْفُسهنَّ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَقُول أَتَهَبُ الْمَرْأَة نَفْسها ؟ فَلَمَّا أَنْزَلَ اللَّه تَعَالَى " تُرْجِي مَنْ تَشَاء مِنْهُنَّ وَتُؤْوِي إِلَيْك مَنْ

لەریوایەتەکەی بوخاریدا بەم شێوەیە هاتووە:

عائیشە وتویەتی: رقو بێزم لەو ژنانە دەهاتەوە کە خۆیان دەبەخشی بە موحەممەد, دەمگوت خۆ ئافرەت دیاریو شتومەك نییە, چۆن خۆی دەبەخشێت.؟

رەخنەی زۆر توندیشی ئاراستەی قسەیەکی موحەممەد کردووە. باوکی زەڕ سەرگوزشتەیەکی موحەممەدی گێراوەتەوە کەوتویەتی: سێ شت نوێژ بە نوێژکەر دەبڕێت, کەرو ژنو سەگی رەش. پرسیاریان لە ئەبو زەڕ کردووە جیاوازی نێوان سەگی رەشو سوور چییە؟ لەوەڵامدا وتویەتی: منیش ئەم پرسیارەم لە موحەممەد کردووە, ئەو پێی وتووم سەگی رەش شەیتانە.[61] هەر بۆیە جارێکیان کۆمەڵێك لەلای عائیشە بوون, لە نێوان خۆیاندا پرسیار لە یەکتری دەکەنو دەڵێن: چیو چی نوێژ بە نوێژکەر دەبڕێت؟ لە وەڵامدا دەڵێن موحەممەد وتویەتی سێ شت نوێژ بە نوێژکەر دەبڕێ: سەگ, کەر, ژن. عائیشەش دەڵێ: ئێمەتان شوبهان بە سەگو کەر؟ ژن چ حەیوانێکی خراپە؟. لە کاتێکدا عائیشە ئەم رەخنەیە دەگرێت سوور دەزانێت ئەمە قسەی خودی موحەممەدە کە ئافرەتی بە ئاژەڵ شوبهاندووە.

هەروەها عائیشە دەنگی بەسەر موحەممەددا بەرزکردووەتەوەو ئەمەش پێچەوانەی حوکمی ئەو ئایەتەیە کە دەڵێت:

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ.[62]

ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە دەنگتان بەسەر پەیامبەردا بەرز نەکەنەوە.

---

تَشَاء وَمَنْ اِبْتَغَيْت مِمَّنْ عَزَلْت فَلَا جُنَاح عَلَيْك " قُلْت مَا أَرَى رَبّك إِلَّا يُسَارِع فِي هَوَاك. تفسير ابن كثير في تفسير الاية 50 الاحزاب. هەروەها صحيح الخاري. كتاب النكاح, باب, هل للمراة تهب نفسها للرجل.

61 يَقْطَعُ صَلَاتَهُ الْحِمَارُ وَالْمَرْأَةُ وَالْكَلْبُ الْأَسْوَدُ قُلْتُ يَا أَبَا ذَرٍّ مَا بَالُ الْكَلْبِ الْأَسْوَدِ مِنْ الْكَلْبِ الْأَحْمَرِ مِنْ الْكَلْبِ الْأَصْفَرِ قَالَ يَا ابْنَ أَخِي سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَمَا سَأَلْتَنِي فَقَالَ الْكَلْبُ الْأَسْوَدُ شَيْطَانٌ. صحيح مسلم, كتاب الصلاة, باب قدر ما يستر المصلي.

62 الحجرات 2



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org



رەنگە هەر ئەمەش وای کردبێت موحەممەد لەلای ئەبوبەکر شکایەتی عائیشە بکاتو ئەویش بەتوندی لێی بدات.[63]

هەروەها تانەو تەشەریشی لە موحەممەد داوە. پێشتر موحەممەد هەر زەواجێکی کردبێت, تەنها ئەو ژنانەی مارە کردووە کە لە هۆزی قورەیشدا بوون. دواتر لەدەرەوەی هۆزی قورەیش لە هۆزی جیا جیا هێنا چەندین ژنی هێناوە. لەیەکەم ژنیدا تانەو تەشەری لە موحەممەد داوەو پێی وتووە: ئەوا دەستی بۆ بێگانەش درێژ کرد, هیچی وای نەماوە روو لە ئێمەش وەرگێڕێ.[64]

عائیشە وەك هەموو مرۆڤێك خاوەنی هەستو حەزو ئارەزوو بووە. مافی ئەوەی هەبووە داکۆکی لەخۆی بکات. بەڵام لەبەر بێهێزیو پلەو پایەی ژن لەو سەردەمەدا هەر ئەوەندەی لەدەست هاتووە کەکردوویەتی.! بۆ نموونە بەنهێنی بێت لەدزی فرە ژنی پیلانی گێڕاوە. (مليكة بنت كعب) کچێکی منداڵکارەی جوان دەبێتو باوکی ئەم کچە لەشەڕی بەدردا لەلایەن موسڵمانانەکانەوە دەکوژرێت. موحەممەد داوای دەکاو مارەی دەکات. کە عائیشە ئەم هەواڵەی بیست خۆی دەگەیەنێتە لای ئەم ژنەو پێی دەڵێت: ئەوە تۆ شەرم لەخۆت ناکەیت شوو بەیەکێك دەکەیت کە بکوژی باوکتە.؟[65] بەم شێوەیە لێی هەڵدەگێڕێتەوە.

عائیشە زۆری پێناخۆش بووە جوانێکی وەك جوەیرییە بەشێك لەژیانی داگیر بکات. وەك باسمان کرد, صەفییە ژنی موحەممەد بووەو یەکێکە لەدەستکەوتەکانی شەڕو لەجوانیدا بەناوبانگ بووە. بەم هۆیەوە عائیشە تانەوتەشەر لەم ژنە دەدات. جوەیرییەش شکایەتی کردووەو بە موحەممەدی وتووە ژنەکانت شانازیم بەسەردا دەکەن, موحەممەدیش بەوە

63 سنن أبي داود. كتاب الأدب. باب ما جاء في المزاح. الطبقات الكبرى, باب ذكر أزواج رسول الله.. فصل عائشة.

64 الطبقات الكبرى: ذكر عائشة بنت ابي بكر

65 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

دڵنەوایی دەداتەوە کە ئەو مارەییەی بەجوەیرییەی داوە زۆر بووە, چونکە لەبەر خاتری جوەیرییە چەندین دیلو کەنیزەکی لە هۆزی (بني مصطلق) ئازاد کردووە.[66]

رەنگە ئەم هۆکارانە بوبێت وای لە موحەممەد کردبێت لەکاتی گەڕانەوەیدا روو لەماڵەوە بکاتو سێ جار بڵێت ئا لێرەدا فیتنەیی هەیەو شاخەکانی شەیتان دەروێن.[67]

ئەگەر شەنوکەوی ئەم ریوایەتانە بکەین, تێدەگەین ئەگەر چی عائیشە موسڵمان بووەو بڕوای بە خواو موحەممەد هەبووە, بەڵام لەبەردەم مافە سەرەتاییەکانی خۆیدا لە موحەممەد دەکەوێتە گومانەوەو پێیوایە خواکەی لایەنگیری ئەو زیاتر دەکات تا موسڵمانانی دیکە. رەخنە دەگرێ لەوەی کە خوا لە بەجێهێنانی ئارەزووەکانی موحەممەددا هەموو دەم ئامادەیە دەسەڵاتی خۆی بداتێ, موحەممەدیش ئامادەیە بەناوی خواوە ئایەتێك دارێژێ.![68]

حەفصەی کچی خەلیفە عومەریش, وەك ژنێکی دیکەی موحەممەد, هەمان رەفتاری هەبووە. بەبەردەوامی بەرگری لەخۆی کردووە. ئەم بەرگرییەش لەناو کۆمەڵگایەکی وەك نیوە دورگەدا دەگمەنەو کەم ژن هەبوون تواناى ئەم بەرگرییەیان هەبووبێت. هەر بۆیە لەلای موحەممەد ئەمە بەقورس کەوتۆتەوەو پێی رازی نەبووە. جگە لە بەکارهێنانی دەسەڵاتی پیاوسالاریانەی خۆی, دەسەڵاتی قورئانیش بەکار دەهێنێو بەئایەت چەند جارێك هەرەشەی لێ دەکات. لەئایەتی چواری ئەلتەحریمدا بەم شێوەیە بەگژ عائیشەو حەفصەدا دەچێتەوە:

إن تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا وَإِن تَظَاهَرَا عَلَيْهِ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ مَوْلَاهُ وَجِبْرِيلُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمَلَائِكَةُ بَعْدَ ذَلِكَ ظَهِيرٌ.[69]

---

66 أن جويرية قالت للنبي صلى الله عليه وسلم إن نساءك يفخرن علي قال أولم أعظم صداقك ألم أعتق كل أسير من بني المصطلق. المنتخب من كتاب أزواج النبي:. قصة تزويج النبي جويرية بنت الحارث بن أبي ضرار.

67 قَامَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خَطِيبًا فَأَشَارَ نَحْوَ مَسْكَنِ عَائِشَةَ فَقَالَ هُنَا الْفِتْنَةُ ثَلَاثًا مِنْ حَيْثُ يَطْلُعُ قَرْنُ الشَّيْطَانِ. صحيح البخاري. كتاب فرض الخمس. باب ما جاء في بيوت أزواج النبي. حديث2937

68 تفسير ابن كثير في تفسير الاية 50 الاحزاب.

69 التحريم 4



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

ئەگەر هەردووکتان تەوبە بکەنو بگەڕێنەوە بۆلای خوا ئەوە باشترە, چونکە دڵەکانتان بەرەو ناڕەوایی چووە, خۆ ئەگەر دژ بەو پشتی یەکتر بگرن, ئەوە چاك بزانن کەخوا لە پشتیێتی..و..تاد.

لەبەر ئەوەی ئەم ئایەتە تایبەت بوو بە ژنەکانی موحەممەدو لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دوواوە, کەس نەیدەزانی ئەم ئایەتە بۆچیو لە دژی کێ نوسراوە. عبداللە بن عباس, وەك کەسایەتییەکی ناوداری ئیسلام, دەڵێت: زۆر حەزم دەکرد بزانم ئەو دوو ژنە کێو کێ بوون کە خوا بەئایەتێك پێیان دەڵێت: (ئەگەر هەردووکتان تەوبە بکەنو بگەڕێنەوە بۆلای خوا ئەوە باشترە, تا دوای ئایەتەکە) ڕۆژێك لە(عومەری کوڕی خەتتاب)م پرسی ئەو کەسە کێن.؟ لەوەڵامدا پێی وتم (عائیشەو حەفصە)ن.[70]

عائیشەو حەفصە, پێکەوە غیرەیان لە جوانییەکەی صەفیە کردووەو پێیان ناخۆش بووە ژنی موحەممەدە, گاڵتەیان پێکردووەو پێیان وتووە تۆ کچی یەهودیتو کەنیزەکیت, ئێمە لە تۆ نەجیبترین, چونکە ئێمە مارەییمان دراوەو بە پشت دەبینەوە بە ئامۆزای موحەممەد. صەفییەش کە گوێی لەم قسانە دەبێت وەڵامیان دەداتەوەو دەگریو بۆ موحەممەدی باس دەکات, موحەممەدیش دڵنەوایی دەداتەوە.[71]

70..و لَمْ أَزَلْ حَرِيصًا عَلَى أَنْ أَسْأَلَ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عَنْ الْمَرْأَتَيْنِ مِنْ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ اللَّتَيْنِ قَالَ اللَّهُ لَهُمَا (إِنْ تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا) فَحَجَجْتُ مَعَه فَعَدَلَ وَعَدَلْتُ مَعَهُ بِالْإِدَاوَةِ فَتَبَرَّزَ حَتَّى جَاءَ فَسَكَبْتُ عَلَى يَدَيْهِ مِنْ الْإِدَاوَةِ فَتَوَضَّأَ فَقُلْتُ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ مَنْ الْمَرْأَتَانِ مِنْ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ اللَّتَانِ قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ لَهُمَا (إِنْ تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا) فَقَالَ وَا عَجَبِي لَكَ يَا ابْنَ عَبَّاسٍ عَائِشَةُ وَحَفْصَةُ. صحيح البخاري: كتاب المظالم باب: الغرفة والعلية المشرفة في السطوح وغيرها. حديث2336

71 ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا قَالَ: لَبِثْتُ سَنَةً وَأَنَا أُرِيدُ أَنْ أَسْأَلَ عُمَرَ عَنْ الْمَرْأَتَيْنِ اللَّتَيْنِ تَظَاهَرَتَا عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَجَعَلْتُ أَهَابُهُ فَنَزَلَ يَوْمًا مَنْزِلًا فَدَخَلَ الْأَرَاكَ فَلَمَّا خَرَجَ سَأَلْتُهُ فَقَالَ عَائِشَةُ وَحَفْصَةُ صحيح البخاري: كتاب اللباس, باب, ما كان النبي صلى الله عليه وسلم يتجوز من اللباس والبسط. سنن الترمذي, ج2 رقم الحديث3983



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

تەبەری لە راڤەکەی خۆیدا باسی یەکێك لەو نارەزایەتییانەمان بۆ دەکات کەعایشەو حەفصە لەدژی موحەممەد نیشانیان دابوو. ئەم چیرۆکە ئەگەرچی سەرسوڕهێنەرە, بەڵام بەداخەوە کەم کەس ئاماژەی بۆ کردووە. مەلاو ئاینزاکانی سەردەم بە لایانەوە ئاساییە زۆرێك لە چیرۆکی خورافی لە مزگەوتەکانەوە بۆ خەڵکی باس بکەن, بەڵام تا ئێستا, ئەوەی مێژووی ئیسلامی نەخوێندبێتەوە, هیچ کەسێك چیرۆکێکی راستی لەم شێوەیەی نەبیستووە.!

لە راڤەکەی ئیمامی تەبەریدا نوسراوە:

مەبەستی ئایەتی یەك لە سورەتی ئەلتەحریم کەدەڵێت (ئەی پەیامبەر بۆ ئەو شتانە لەخۆت حەرام دەکەیت کەخوا بۆتی حەلاڵ کردوون) ئەوەیە جارێکیان پەیامبەر لەگەڵ کەنیزەکێکی خۆی رادەبوێرێ, لەو کاتەدا حەفصەی ژنی موحەممەد دەچێت بەسەریانداو پێکەوە دەیانگرێ, پێی ناخۆش دەبێتو زۆر نارەحەت دەبێ. بە پەیامبەر دەڵێت: ئەوە بەچاوی خۆم بینیم چیتان دەکرد, خۆ من لەهەموو ژنەکانت بەئارامتر بووم, پەیامبەریش پێی دەڵێت: بێدەنگ بە, لەلای کەسیش باسی مەکە, ئەو کەنیزەکەش لە من حەرام بێتو لێرە بەدواوە بەهیچ شێوەیەك نزیکی نابمەوە. حەفصەش پێی دەڵێت: تۆ چۆن شتێك لەخۆت حەرام دەکەیت کەخوا بۆتی حەلاڵ کردووە؟؟ پەیامبەریش دەڵێت: سوێند بەخوا ناچم بەلایدا.[72]

ئەم کەنیزەکە کێ بوو.؟ چیرۆکەکە چۆنە.؟ لە بەشی ئاییندەدا وەڵام دەدەینەوە.

72 تفسير الطبري: في تفسير آية 4 من صورة التحريم.

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

## دەرگای سێهەم
## بەشی دووهەم

### ڕووداوەکەی ماریەی قیبتی

ماریة بنت شمعون. ناسراو بە(ماریة القبطیة). ئەم ناوە یەکێك بووە لەو کەنیزەکانەی کە بەدیاری لەلایەن پادشای ئەسکەندەرییەوە بۆی ڕەوانە کراوە. ئەم کەنیزەکە لەگەڵ خوشکێکیدا بەناوی سیرین‌و کوڕە مامێکی بەناوی مابور, هەرسێکیان پێکەوە دەبەخشرێن بە موحەممەد. موحەممەدیش سیرین دەبەخشێ بەصەحابەیەك بەناوی (حسان بن ثابت), ماریەو مابووریش بۆ خۆی گل دەداتەوە.[73] وا دیارە ماریە زۆر جوانو قەشەنگ بوە بۆیە وا لە موحەممەد دەکات لەلای خۆی بیهێڵێتەوەو بەبێ مارەبڕین لەگەڵیدا جووت ببێت. گوایە ئەم کارە بۆ موحەممەد حەڵاڵە. لەساڵی هەشتەمی کۆچیدا کوڕێکی لێ دەبێت بەناوی ئیبراهیم, کە لە تەمەنی هەژدە مانگیدا دەمرێت.[74] هەندێك ڕیوایەتیش باس لەوە دەکەن کە ئیبراهیم کوڕی موحەممەد نەبێت, بەڵکو کوڕی مابوورە. واتە ماریەو مابوور زینایان کردووەو ئەم منداڵەیان بووە. ئەم دەنگو باسە جگە لەوەی موحەممەدیش دەیبیستێتەوە, لەناو خەڵکیشدا بەربڵاو بووەو گەیشتووەتە ڕادەیەك مێژوونوسان لە چەندین سەرچاوەدا بینوسنەوە.

لە ڕیوایەتەکاندا وا هاتووە کە موحەممەد لەگەڵ ماریە جووت بووەو دووگیانی کردووە. کوڕێکی لێ بووە بە ناوی ئیبراهیم. وا دەردەکەوێت ڕوخساری ئەو منداڵە لەگەڵ ڕوخساری موحەممەد جیاوازی زۆری هەبوبێت, بۆیە لەناو خەڵکیدا هەواڵی ئەوە بڵاوبۆتەوە کە نەك موحەممەد, بەڵکو (مابور) لەگەڵ ماریە جووت بووەو ئەو منداڵەیان بووە.

---

73 تفسیر الطبري: في تفسیر آیة 4 من صورة التحریم

74 ماریة بنت شمعون وهي التي أهداها إلی رسول الله صلی الله علیه وسلم المقوقس صاحب الإسکندریة. الحاکم, ذکر, سراري رسول الله صلی الله علیه وسلم فأولهن ماریة القبطیة (أم إبراهیم)

دەیانگوت: موحەممەد لەبێ کوڕیدا پاگەندەی ئەوە دەکات کە ئەو کوڕە هی خۆیەتی, دەنا هی ئەو نییەو هی مابوورە. موحەممەدیش ئەم قسەو باسەی بیستبوو. هەر لەو ریوایەتانەدا باس لەوە دەکەن کە رۆژێکیان موحەممەد منداڵەکەی نیشانی عائیشە داوەو لێی پرسیوە: (چۆنی دەبینی, ئایا لەمن دەکات.؟؟) عائیشەش سەیری کردووەو ئیستێکی ژنانەی بۆ کردووە, دواتر بە موحەممەدی وتووە: (شێوەتان وەك یەك نابینم.!). ئەویش کە قسەکەی عائیشە دەبیستێت فەرمان دەدات بە(علي بن ابي طالب) لەهەرکوێ مابووری بینی, بەشمشێرەکەی گەردنی بپەڕێنێت. عەلیش بە خۆیو شمشێرەکەیەوە دەگەڕێت تا مابوور لەسەر دارخورمایەك دەدۆزێتەوە. بەڵام لە سەربڕینی پەشیمان دەبێتەوە, گوایە مابوور خەسێنراوە.[75]

بۆی هەیە مەسەلەی رابواردنی مارییە لەگەڵ مابووری ئامۆزایدا رووداوێکی راستەقینە بووبێت. ئەویش لەبەر دوو هۆ, یەکەمیان: جگە لەوەی شێوەی منداڵەکە نەچووەتەوە سەر موحەممەد, هۆکاری دیکە هەیە ئەویش ئەوەیە تا موحەممەد یەك ژنی هەبوو (خەدیجە), جووتبوونی سێکسی لەگەڵ ئەم ژنەیدا بەشێوەیەکی ئاسایی پەیڕەو کردووە. ئاشکرایە ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی کەمو درەنگ دەگەنە ئۆرگازم توخمی توردەری سێکسییان (شەهوەت)ەکەیان خەستە, لەڕووی زانستییەوە دروستبوونی منداڵ بەشێوەیەکی ئاسایی دەبێت، لەبەر ئەوەی موحەممەد بە تەنها خەدیجە ژنی بووە, کەم کەم لەگەڵیدا جووت بووەو کردەی سێکسی ئاسایی بووە, بۆیە لە خەدیجە چەندین منداڵی هەبووە, سێ کوڕو چوار کچ. بەڵام پاش ئەوەی ژمارەیەکی زۆر ژنی هێنا بەشێوەیەکی ئاسایی مومارەسەی کردە

---

75 أهديت مارية إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم ومعها ابن عم لها, فوقع عليها وقعة فاستمرت حاملا, فعزلها ابن عمها, فقال أهل الإفك والزور من حاجته إلى الولد أدعى ولد غيره. فدخل به على النبي صلى الله عليه وسلم ذات يوم, فقال: كيف ترين.؟؟ فحملني ما يحمل النساء من الغيرة, قلت: ما أرى شبها. وبلغ رسول الله صلى الله عليه وسلم ما يقول الناس, فقال لعلي بن ابي طالب: خذ هذا السيف فانطلق فاضرب عنق بن عم مارية حيث وجدته. فانطلق, فإذا هو على نخلة, فلما نظر إلى علي ومعه السيف استقبلته, فسقطت الخرقة, فإذا هو لم أصحهما الله عز وجل له ما للرجال شيء ممسوح. الحاكم, ذكر / سراري الرسول. هەروەها بڕوانە تفسير ابن كثير فى تفسير الاية(1)التحريم.



www.xwdakan.com .net .org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

سێکسییەکانی نەکردووە ئەمەش کاریگەری لەسەر بایۆلۆژی موحەممەد دروست کردووە, سەرباری ئەمەش تەمەنی لە پیریدا بووە. بۆیە نەیتوانیوە منداڵی تری دروست بکات. لەرووی زانستیشەوە هەر مرۆڤێك سێکسی زۆر بکات, یاخود بچێتە تەمەنەوە, شەهوەتەکەی تەرەو بۆ دروستکردنی منداڵ ئەو کاریگەرییە یەکلاکەرەوەیەی نابێت. لەبەر ئەمەشە, جگە لەمنداڵەکانی خەدیجە, لە تەواوی ژنەکانی دیکەی هیچ منداڵێکی دیکەی نەبووە.!

هۆکاری دووهەم تێبینییەکی لۆژیکییە. ئەگەر موحەممەد توانای دروستکردنی منداڵی هەبوایە, دەبوو لەصەفییەو جوەیرییەو رێحانەو عائیشە منداڵی ببوایە. ئەم ژنانەی لە جنسیترین‌و جوانترین ژنانی بوون‌و پێکهاتەی جەستەیان ئامادەیی ئەوەی تێدا بووە منداڵیان ببێت, بەتایبەت صەفییەو جوەیرییەو رێحانە, کە پێشتر لەمێردە کۆنەکانیان منداڵیان هەبووەو گەنجیش بوون. لێرەوە دەگەینە ئەو ئامانجەی کە پینەپەڕۆکردنی رووداوەکە لەلایەن گێڕەرەوەکەی بۆ شاردنەوەی زینای نێوان ماریەو مابوور, گوایە مابوور خەسێنراو بووە, پاساوێکی لاوازە.

وەك زانرا, موحەممەد بەبێ مارەبڕین لەگەڵ ماریەدا جووت بووە. مەسەلەی جووتبوونی موحەممەد لەگەڵ ئەم کەنیزەکەیدا رووداوێکی راستەقینەیەو ئیسلام نکوڵی لێ ناکات. بە دیدی ئەوان بۆی حەڵاڵ بووە, چونکە کەنیزەکی خۆی بووە. ماریە, لەبەناوبانگترین کەنیزەکی موحەممەدەو تەنها بە دوو رووداویش ئەم ناوبانگییەی پێدەرکردووە, یەکەم: دایکی کوڕە گوماناوییەکەیەتی بەناوی ئیبراهیم, کەئێستا باسمان کرد. دووهەم: چیرۆکێکی سێکسی لێ دەگێڕدرێتەوە, کە کەمێك لەمەوپێش بەسەرگوزشتەیەك ئاماژەیەکی کورتمان پێدابوو. ئێستاش بە سەرگوزشتەیەکی دیکە, چەند لایەنێکی رووداوەکە باس دەکەین:

رۆژێك نۆبەی حەفصە دەبێت کەموحەممەد بچێتە لای‌و لەگەڵی جووت ببێت, پێشوەخت حەفصە داوای مۆڵەت لەموحەممەد دەکات کەشتێکی لەماڵی باوکی (عومەری کوڕی خەتتاب) هەیە, دەیەوێت سەردانی بکات‌و ئەو شتە بهێنێتەوە. موحەممەدیش مۆڵەتی دەدات. بەرۆشتنی حەفصە, هەلێك بۆ موحەممەد دروست دەبێ‌و دەنێرێ بەشوێن ماریەدا تا لەگەڵی جووت ببێت. ماریە گەیشتووەتە جێ‌و لەگەڵ موحەممەددا, لەژوورەوەو لەسەر جێگەکەی حەفصە, جووت دەبن. رێکەوت وابووە پێش تەواوبوونی سێکسەکەیان حەفصە بگەڕێتەوە.!

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

کە دەگاتە ماڵەوە, بۆی دەردەکەوێت دەرگاکە لەدیوی ناوەوە داخراوە. بەناچاری لەبەردەم دەرگاکە دادەنیشێت تا دەکرێتەوەو موحەممەدو ماریە دێنە دەرەوە. لەو کاتەدا عارەق لەگۆنای موحەممەد دەتکێ. بەم دیمەنە حەفصە تێکدەچێ‌و دەست دەکات بەگریانو هاوارو بەموحەممەد دەڵێت: ئا بۆ ئەمە مۆڵەتت دام.؟؟ کەنیزەکی خۆت بهێنیتە ماڵەکەمەوەو لەسەر جێگەکەی منیش سواری بیت.؟؟ ئائەمەت لەماڵی کام لەژنەکانت کردووە؟ سوێند بەخوا ئەمەی تۆ کردت حەلاڵ نییە. موحەممەدیش پێی دەڵێت: سوێند بەخوا راستت نەکرد, ئەی ئەو کەنیزەکی خۆم نییەو خوا بۆ منی حەلاڵ نەکردووە.؟ بەلاَم وا لەبەر خاتری تۆ لەخۆمی حەرام دەکەم, تۆش لای هیچ کەس لەژنەکانم باسی مەکەو ئەم نهێنییەم بپارێزە. بەلاَم حەفصە کێشاوییەتی بە دیواری ماڵی عائیشەو هاواری لێکردووە: مژدەم بدەری موحەممەد ماریەی لەخۆی حەرام کردو خوا لەماریە رزگاری کردین.[76]

بەم شێوەیە مەسەلەکە دەگاتە عائیشەو بە هەموو لایەکدا بلاَودەبێتەوەو موحەممەد نارەحەت دەکات. هەردوکیان (عائیشەو حەفصە), بە شێوەیەك ئەم مەسەلەیە گەورە دەکەن کە مێژوو بینوسێتەوە.

بۆ دەمکوتکردنیان, وەك پیشەی هەمیشەی, موحەممەد بە ئایەتێك هەڕەشەیان لێدەکات:
أَيُّهَا النبـي لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ. وَإِذْ أَسَرَّ النبـي إِلَى بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ وَأَظْهَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُ وَأَعْرَضَ عَن بَعْضٍ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِ قَالَتْ مَنْ أَنبَأَكَ هَذَا قَالَ نَبَّأَنِيَ الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ. إِن تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا وَإِن تَظَاهَرَا عَلَيْهِ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ مَوْلَاهُ وَجِبْرِيلُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمَلَائِكَةُ بَعْدَ ذَلِكَ ظَهِيرٌ. عَسَى رَبُّهُ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُ أَزْوَاجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ مُسْلِمَاتٍ مُّؤْمِنَاتٍ قَانِتَاتٍ تَائِبَاتٍ عَابِدَاتٍ سَائِحَاتٍ ثَيِّبَاتٍ وَأَبْكَارًا.[77]

---

76 فَقَالَتْ أَيْ رَسُولَ اللَّه فِي بَيْتِي وَعَلَى فِرَاشِي ؟ قَالَ النَّبِيّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِحَفْصَةَ " لَا تُخْبِرِي أَحَدًا وَإِنَّ أُمّ إِبْرَاهِيم عَلَيَّ حَرَام " فَقَالَتْ أَتُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّه لَك ؟ قَالَ " فَوَاَللَّهِ لَا أَقْرَبُهَا " قَالَ فَلَمْ يَقْرَبْهَا حَتَّى أَخْبَرَتْ عَائِشَة. الواحدي, اسباب النزول, ابو الحسن الواحدي النيسابوري, مؤسسة الحلبى بالقاهرة طبعة 1968. ابن كثير فى تفسير الاية1-5 التحريم.

77 التحريم 1-5



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

ئەی پەیامبەر, بۆچی ئەو شتانە لەخۆت حەرام دەکەیت کەخوا بۆی حەڵاڵ کردویت؟؟ دەتەویێت بەم کارەت ژنەکانت رازی بکەیت.؟ لەکاتێکدا هەر خوا بەبەزەیی و لێخۆشبووە.!

کاتێك پەیامبەر قسەیەکی نهێنی لای هەندێك لەژنەکانی درکاند (نهێنییەکە حەفصە پێی زانی )و گەیشتە لای (واتە گەیشتە لای عائیشە), خواش پەیامبەری ئاگادار کردەوە لەو رازونیازە باسی هەندێکی کردو باسی هەندێکی نەکرد, (هەر بۆیە پەیامبەر گلەیی لە حەفصەکرد), (حەفصەش پێی وت:) کێ ئەم هەواڵەی دایتێ؟؟ وتی خوای زاناو بەئاگا. (ئینجا پەیامبەر نارەزایی خۆی دەردەبڕیۆ بەحەفصەو عائیشە دەڵێت:) ئەگەر ئێوە تەوبە بکەن ئەوە باشە چونکە دڵەکانتان بەرەو نارەوایی چووە, خۆ ئەگەر دژ بەپەیامبەر پشتی یەکتر بگرن ئەوە چاك بزانن کەخوا پاڵپشتیێتی, هەروەها جوبرائیلۆ هەموو ئیماندارانو فریشتەکانیش, گەر خوا بیەوێت پەیامبەر تەڵاقتان دەداتو خوا ژنی لەئێوە باشتری پێدەبەخشێت, موسڵمان بێت, باوەڕدار بێت, ملکەچی پەروەردگار بێت, زوو زوو لەهەڵە پەشیمان بێتەوە, خواپەرستو رۆژووگر, لە بێوەژنیشو لە کیژانیش.

موحەممەد توانی بەم ئایەتە ژنەکانی خۆی دەمکوت بکات. نوسینەوەی ئەم رووداوەش, لە زۆربەی هەرەزۆری سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی ئیسلامدا, چەندین پرسیارکەرو رەخنەگرێکی لەم سەردەمەدا هێنایە گۆ. جێی سەرسوڕمانە موحەممەد لەگەڵ کەنیزەکێکی خۆیدا رابوێرێۆ لە کاتی رابواردنەکەشدا یەکێك لە ژنەکانی بچێت بەسەریاندا.! ژنەی مافپێشێلکراویش بەرگری لە مافی خۆی بکات, بەڵام موحەممەد هەڕەشەی تەڵاقدانی لێبکات.!

بە پێودانگی لۆژیکی سەردەم, دەتوانین بڵێین موحەممەد دەستی بۆ کەنیزەکێکی مارەنەبڕاوی خۆی درێژ کردووە.! بەمەش کلتوورو یاساو رێسای زەمەنێکی زیندوو کردەوە کە رەشۆکیەکانی نیوە دورگەی عەرەب پێش سەرهەڵدانی ئیسلام پەیڕەوییان لێدەکرد. لەو ژمارە زۆرە ژنەی هەیەتی نەیتوانیوە خۆی تێر بکات, نۆرەبڕیشی لە ژنەکانی کردووەو بەدزی ئەوانەوە سێکسی کردووە.! سەرباری ژنەکانی, لەماڵ نەبوونی حەفصەی قۆزتووەتەوەو لەگەڵ کەنیزەکێکی خۆی ڕایبواردووە. لە ئایەتەکانی قورئاندا ئەوە حەڵاڵ کراوە کە موڵکدارەکان لەگەڵ کەنیزەکی خۆیاندا سێکس بکەنو هیچ گوناحێکیشی تێدا

نەبێت.[78] ئەم ڕووداوەش بەڵگەیەکی ڕەسەنە بۆ ئەوەی جووتبوونی موسڵمانان لەگەڵ کەنیزەکیاندا لە ئیسلامدا حەڵاڵ بێتو بۆ سەقامگیریی ئەم کلتورە ڕەشۆکیەش خودی موحەممەد بۆتە پێشەنگ.

وا چاوەڕواندەکرا موحەممەد ئەم کارەی لەماڵی حەفصە نەکردایە, تا بەو شێوەیە ئاشکرا نەبوایە.! یاخود کەمێك لە گەڵ ماریەدا دادپەروەر بوایە, ماڵو حاڵی پێ بدایە, مارەی بکردایە, بەلایەنی کەمەوە وەك ژنەکانی دیکەی مافی بۆ دیاری بکردایە, تا نەبوایەتە مەخسەرەی ژنەکانی دیکەی, خودی خۆشی بیتوانایە بە ئازادیو لە ماڵی خۆیدا لەگەڵی جووت ببوایە. هەبوونی حەفصە لەناو ئەم ڕووداوەدا, وای کرد بەسەرهاتێکی سێکسی موحەممەد لەناو مێژووی ئیسلامدا ون نەبێت. حەفصە کەسێکی شەڕانی بووەو ئەم جۆرە کارانەی پێ قبوڵ نەکراوە. دەبوو موحەممەد درکی بەم ڕاستییە بکردایە, چونکە لەلایەکەوە لەسەر ڕەفتاری شەڕانگێزی جارێکیان تەڵاقی داوە, لە لایەکی ترەوە ڕەفتاری توندوتیژی حەفصە گەیشتبووە سنووربەزاندنو لەسەرگوزشتەیەکدا بە فەرمانێك یەکێك بە کوشت دەدات.[79] عومەری کوڕی خەتتابیش لەم کێشانە بە ئاگا بووەو سوێندی خواردووە کە موحەممەد حەفصەی خۆش ناوێو لەبەر خاتری خۆی (واتە عومەر) تەڵاقی نادات.[80]

ئاشکرایە لە پێش سەرهەڵدانی ئیسلامدا خوێندەوارێکی باشی ئافرەتان لە ناوچەکەدا هەبوون. یەکێك لەو ئافرەتانە (الشفاء بنت عبدالله) بوو. ئەم ئافرەتە حەفصەی فێری خوێندەواری کردبوو. موحەممەدیش بەم کارەی زانیبوو. ڕۆژێك ئەم ئافرەتە دەبینێت, پێی دەڵێت: وەك چۆن فێری خوێندەواریت کردووە بەنوشتەیەکیش فێری دانیشتنو بێدەنگی بکە.[81]

---

78 {وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إلاَّ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُم..) (24) سورة النساء

79 أَنَّ حَفْصَةَ زَوْجَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَتَلَتْ جَارِيَةً لَهَا سَحَرَتْهَا وَقَدْ كَانَتْ دَبَّرَتْهَا فَأَمَرَتْ بِهَا فَقُتِلَتْ. موطأ مالك, كتاب العقول, باب ما جاء في الغيلة و السحر. حديث2575

80 **بڕوانە** تفسير القرطبي في تفسير التحريم 4

81 المسند للإمام أحمد بن حنبل, المجلد السادس, حديث الشفاء بنت عبد الله.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

هەبوونی کێشەگەلێکی زۆر وای لە موحەممەد کردبوو بڕیاربدات مانگێکی تەواو نەچێت بەلای هیچ یەکێك لە ژنەکانیو بلێ: ما أنا بداخل عليهن شهرا. تا مانگێکی تەواو ناچم بەلایاندا.[82]

ئەو سوێندی خواردبوو کە مانگێکی تەواو نەچێت بەلای ژنەکانیدا, بەلام سوێندەکەی ناباتەسەر لە بیستو نۆ ڕۆژ زیاتر ناتوانێت خۆی ڕابگرێت, ناهێلێ ببێتە سی ڕۆژو دەچێت بەلای یەکێك لە ژنەکانی. کاتێك کە خەلکی دەبستن موحەممەد کارێکی لەم چەشنەی کردووە پرسیاریان لێکردووە, لەم بارەیەوە وەلامێکی سەرسوڕهێنەر دەداتەوە:

فاعتزل النبي صلى الله عليه وسلم من أجل ذلك الحديث حين أفشته حفصة إلى عائشة، وكان قد قال: ما أنا بداخل عليهن شهرا، فلما مضت تسع وعشرون، دخل على عائشة فبدأ بها، فقالت له عائشة: إنك أقسمت أن لا تدخل علينا شهرا، وإنا أصبحنا لتسع وعشرين ليلة أعدها عدا، فقال النبي صلى الله عليه وسلم: (الشهر تسع وعشرون).[83]

لەبەرامبەر ئەوەی حەفصە ڕووداوەکەی مارییەی بۆ عائیشە باسکرد,[84] پەیامبەر لە ژنەکانی دووركەوتەوە, پێشتر وتبووی: تا یەك مانگی تەواو ناچم بەلای ژنەکاندا. کاتێك کە بیستو نۆ ڕۆژ تێپەڕی کرد بە عائیشە دەستی پێکردو بەسەری کردەوە. عائیشە پێی وت: باش بژاردوومە ئێستا لە بیستو نۆهەمین شەوداین, موحەممەدیش وەلامی دەداتەوەو پێی دەلێت مانگ بیستو نۆ ڕۆژە.

یەك زەواجی موحەممەد لەسەر بنەمای خۆشەویستی دروست نەبووە. پێشوەخت لەگەل هیچ کام لەژنەکانی هاوڕێ نەبوون. ئەم کێشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ئیسلامدا, پێش زەواجکردن, خۆشەویستیو یەکتر بینینی نێرو مێ حەرامە. لە ئیسلامدا بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بۆ هاوڕێیەتیو خۆشەویستی نێوان ئەم دوو بوونەوەرە هەستیارە نەکراوە. هۆیەکانی ژنهێنان لە ئیسلامدا خۆشەویستیو پێکەوەژیانو ڕێزگرتنی خواستە یەکسانییەکانی

82 صحيح البخاري, كتاب النكاح, باب: موعظة الرجل ابنته لحال زوجها.4895

83 صحيح البخاري, كتاب المظالم, باب: الغرفة والعلية المشرفة في السطوح وغيرها. حديث 1779

84 لەبەشی مارییەدا باسمان کردووە



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

هاوسەریێتی نییە, بەڵکو بە پێچەوانەوە کۆمەڵێك هۆکاری دیکەن کە ئیسلام دیاری کردوون. هۆکارەکانیش پڕن لە کەرامەتشکاندنی ئافرەت. هۆیەکانی ژنهێنان بۆ موسڵمانان روون کراوەتەوەو هەر موسڵمانێك ئیمانی پتەو بێت, دەبێت لەم فەرمایشتەی رابەری ئیسلامە لا نەدات. موحەممەد لە گێڕانەوەیەکی خۆیدا هاوسەرگیری دابەشی چوار هۆکاری گرنگ کردووە کەلەو کاتەدا بەڕێوە دەچوو:

تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لِأَرْبَعٍ لِمَالِهَا وَلِحَسَبِهَا وَجَمَالِهَا وَلِدِينِهَا فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يَدَاكَ.[85]

بۆ چوار شت ژن مارەدەکرێت, بۆ دارایيەکەی, بۆ بنەماڵەو خێڵو هۆزەکەی, بۆ جوانییەکەی, بۆ دینەکەی. تۆش فرسەت لەدینەکەی وەرگرە, دەستت لەخێر گیردەبێت.

ئەگەرچی موحەممەد ئامۆژگاری موسڵمانان دەکات کە لەبەر دین ژن بهێنن, بەڵام پێی زانیبێت یان نا, مەسەلەی دین پلەی چوارهەمەو مەسەلەی دارایيو بنەماڵەو جوانییەکان لەسەرەتاداتو تێیاندا مەسەلەی ئابووری یەکەمە. لەم ریوایەتەداو لەناو ئەم خاڵانەدا ئاماژەیەك بۆ خواستەکانی ژن نییەو باسی خۆشەویستی نەکراوە, مافی ئافرەت دیار نییە لەوەی کە شووی کرد بەپیاوێك پێویستە مێردەکەی سامانی هەبێتو لەبنەماڵەو خێڵو هۆزێکی دیار بێتو جوانیش بێتو دینداریش بێت.

لە دوا پەرەگرافی ئەم بەشەدا پێویست بوو باسی رووداوە مێژووییە گەورەکەی یەکێك لە ژنەکانی موحەممەد بکەین (عائیشە) کە دەڵێن زینای کردووە, بەڵام ئەم باسە بۆ فەسڵی شەش, دەرگای یەکەم: چەمکی زینا و پێگەی کۆمەڵایەتی و سێکسی عائیشە هەڵدەگرین, چونکە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان رووداوەکەو شەریعەتەکانی زینادا هەیە.

## فەسڵی شەشهەم

## سێکس و شەرع و ژن

---

85صحيح البخاري, كتاب النكاح, باب, الأكفاء في الدين. حديث4802



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

ڕوانینی پیاوان بۆ ژنان، بەشێوەیەک کە مێینەکان هەڵگری شەرەفی نێرەکانن، جگە لەپێگەی خورافەی ئایین و بێبەهاکردنی ژنان، ئیهانەیەکی گەورەشە بە خودی پیاوان.



کردەی بەردبارانکردنی ژنان، بەو شێوە کلاسیکییەی کەکۆمەڵێک باوەڕدار لەپێگەیەکی جوگرافیدا کۆببنەوەو بەیارمەتی یەکتر، تاک تاک و کۆمەڵ کۆمەڵ وەک پرۆسەیەکی جەماوەری، پێکەوە ژنێک بەلێدانی بەبەرد خەڵتانی خوێن بکەن تا مردن، جۆرێکە لەئامادەکردنی سەرەتاییانەی سایکۆلۆژییەت و ڕاهێنانی جەستەو ئەقڵی موسڵمانە نێرەکان لەسەر کوشتنی ئینسانەکان.

**دەرگای یەکەم**

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
MariwanHalabjaee
www.xwdakan.com

## چەمکی زینا و پێگەی کۆمەڵایەتی و سێکسی عائیشە

## بەشی یەکەم
## زینا لە ئیسلامدا

وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا.[86]

نزیکی زینا نەبنەوە، چونکە کاروکردەوەیەکی گەورەو رێچکەیەکی خراپە.

بە لێکدانەوەی ئیسلام،[87] زینا ئەو کارە سێکسییەیە کە لە نێوان دوو ڕەگەزدا ئەنجام دەدرێت بێئەوەی هیچ پەیوەندییەکی شەرعی پێکەوە گرێیان بدات. پەیوەندی شەرعیش، لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێدا، تەنها بە مارەبڕینێکی ئیسلامیانە دروست دەبێت. بەدەر لەمە, هەر کارێکی سێکسی، بە هەر شێوەو شێوازێکو بە هەر جۆرێك بێت، لە نێوان هەر ڕەگەزێکیشدا بێت، لە ئیسلامدا بە زینا دانراوە.

زیناش لە ئیسلامدا کاروکردەوەیەکی خراپە. لەبیرۆکەی موسڵمانە نەشارەزاکاندا زینا تەنها بە جووتبوونی تەواوی دوو کەس ناسراوە, بەڵام لەیاسا بنەڕەتییەکانی ئیسلامدا ئۆرگازم ڕوودات یان نا، بەزیناو خەتایەکی تەواو گەورە دانراوەو نابێت موسڵمانان لێی نزیك ببنەوە. قسەکردنی دوو ڕەگەزی نێرو مێ پەیوەست بەم چەمکە، پێش ئەوەی لەیەك مارە ببڕدرێن، وەك دڵداریو خۆشەویستی، ماچو رابواردن، قسەو تەماشاکردن، دەستگرتنو یاریکردن، ئەمانەش لە ئیسلامدا بە زینا دانراون. باسکردن لە لاشەی یەکتریو بینینی دیمەنی هەوەس هەژێنیش حەرامە. لە صەحیحەکەی بوخاریدا ئاماژە بەگەلێك لەم

86 الاسراء 32

87 لەبەر ئەوەی دەروازەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنها باس لەسەر ئیسلام دەکات, تەنها لەو ڕوانگەیەوە لێی دەڕوانین.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

شێوە زینایانە کراوە, تەنانەت ئەوەش نوسراوە کە ژوانو ژوانگەگرتن بە زینا دانراوە.[88]

چونکە لەڕوانگەی موحەممەدەوە، زیناکردن تەنها جووتبوونی دوو مرۆڤ نییە، بەڵکو چاو بەڕوانین زینا دەکات، زمان بە درکاندن، دەروون هەوادارو تامەزرۆیەتی، داوێنیش جێبەجێیان دەکات یاخود رەتیان دەکاتەوە. ئەو پێیوایە هەموو مرۆڤێك بەشی خۆی زینای لەسەر نوسراوە، بێگومان دەبێ دووچاری ئەو زینایەش ببێت.[89] بۆ نموونە لە ڕوانینی چاودا موحەممەد وتویەتی: نابێت پیاو تەماشای پێشو دوای پیاوی تر بکات، هەروەها نابێت ژنیش تەماشای پێشو دوای ژنی تر بکات.[90]

ابن عباس دەگێڕێتەوە: لە کاتی نوێژی جەماعەتدا، ژنێك لە دوای موحەممەدەوە نوێژی دەکرد، سوێند بە خوا جوانی وام نەدیبوو. هەندێك لە صەحابەکان دەچوونە ریزەکانی پێشەوەو نوێژیان دەکرد تا نەیبینن. هەندێك صەحابەی تر دەچوونە ریزەکانی دواوە, کاتێك ژنەکە نوێژی دەکردو کرنوشی دەبرد، لەژێرەوە تەماشای سمتی ژنەکەیان دەکرد.[91] کارێکی لەم شێوەیە بە زینای چاو دادەنرێت، لەسەر ئەم بەسەرهاتەش لەقورئاندا ئایەتێك نوسراوە.[92]

---

88 صحيح الخاري, كتاب النكاح, باب: قول الله جل وعز: {ولا جناح عليكم فيما عرضتم به من خطبة النساء أو أكنتم في أنفسكم علم الله – الأية إلى قوله – غفور رحيم}.البقرة:235.

89 (قال أبو هريرة عن النبي صلى الله عليه وسلم ثم إن الله كتب على بن آدم حظه من الزنا أدرك ذلك لا محالة فزنا العين النظر وزنا اللسان المنطق والنفس تتمنى وتشتهي والفرج يصدق ذلك كله أو يكذبه). صحيح البخاري، كتاب الاستئذان باب، زنا الجوارح دون الفرج حديث5889

90 (قالَ رَسُولُ الله: "لاَ يَنْظُرُ الرّجُلُ إِلَى عَوْرَةِ الرّجُلِ، وَلاَ الْمَرْأَةُ إِلَى عَوْرَةِ المَرْأَةِ). صحيح مسلم، كتاب الحيض، باب تحريم النظر إلى العورات. حديث338

91 (عَنْ اِبْن عَبَّاس رَضِيَ اللَّه عَنْهُمَا قَالَ كَانَتْ تُصَلِّي خَلْف النَّبِيّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ اِمْرَأَة حَسْنَاء قَالَ اِبْن عَبَّاس لَا وَاَللَّه مَا رَأَيْت مِثْلهَا قَطُّ وَكَانَ بَعْض الْمُسْلِمِينَ إِذَا صَلَّوْا اِسْتَقْدَمُوا يَعْنِي لِئَلَّا يَرَوْهَا وَبَعْض يَسْتَأْخِرُونَ ; فَإِذَا سَجَدُوا نَظَرُوا إِلَيْهَا مِنْ تَحْت أَيْدِيهمْ). تفسير ابن كثير، في تفسير الاية الحجر 24.

92 (وَلَقَدْ عَلِمْنَا الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنْكُمْ وَلَقَدْ عَلِمْنَا الْمُسْتَأْخِرِينَ). الحجر 24.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

خۆڕازاندنەوەی ژنانیش حەرامە. موحەممەد بەئاگر هەڕەشەی سوتاندنی لەو ژنانە کردووە کە خۆیان دەڕازێننەوەو کارێك دەکەن پیاوان لە خشتە ببەن. دەڵێت: ئەو ژنانە لە ئەهلی ئاگرن کە جلیان لەبەردایەو ڕووتیشن.[93] ئەوانە خۆیان لەخشتە دەرچوونو کەسانی تریش لەخشتە دەبەن, پرچی سەریان وەك (کۆپارە) خڕیی پشتی حوشتر دادەهێنن, ئەوانەش ناچنە بەهەشتەوە، بۆنیشی ناکەن، ئەگەرچی بۆنی بەهەشت چەند ڕێگایەکیش دوورە.[94]

قسەکردن لەگەڵ ئافرەتاندا بەنهێنی حەرامە. لە ئایەتێکدا ئاماژە بەوە کراوە گەر کەسێك خوازبێنی بێوەژنیش بکات، بۆی نییە بە نهێنی قسەی لەگەڵ بکات.

وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُم بِهِ مِنْ خِطْبَةِ النِّسَاء أَوْ أَكْنَنتُمْ فِي أَنفُسِكُمْ عَلِمَ اللّهُ أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ وَلَكِن لاَّ تُوَاعِدُوهُنَّ سِرًّا.[95]

گوناهتان ناگات کە بە ناڕاستەخۆ خوازبێنی بێوەژنی مێردمردوو بکەن, یاخود لەدەروونی خۆتاندا بڕیاری خوازبێنیتان دابێت, خوا زانیوێتی کە ئێوە باسیان دەکەن, بەڵام بە نهێنی پەیمانیان لەگەڵ نەبەستن.

ڕاڤەکاران وا لێکیانداوەتەوە کە قسەکردنی نهێنی لەو بارەیەوە، زینایە. قورتوبی لە تەفسیرەکەیدا نوسیوێتی: هەموو قسەیەکی نابەجێ، باسکردنی جووتبوون (سێکس)، هەوڵدان بۆی، ژوانگرتن بە نهێنی، هەر شتێکی تر لەو بارەیەوە، نابێت بکرێت چونکە

93 مەبەستی لە دانەپۆشینی لەشە بە تەواوی, بەو پێیەی ئیسلام داوای دەکات

94 (قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ يَضْرِبُونَ بِهَا النَّاسَ وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلَاتٌ مَائِلَاتٌ رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ لَا يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ وَلَا يَجِدْنَ رِيحَهَا وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا). صحيح مسلم، كتاب اللباس والزينة, باب: النساء الكاسيات العاريات المائلات المميلات. حديث2128

95 البقرة235



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjae www.xwdakan.com

كۆڕای زانایان بەباشیان دانەناوەو ڕێگرن لەكردەكەی.[96] تەبەریش لەراڤەكەیدا, دەربارەی ئەم ئایەتە نوسیوێتی: ئەگەر بەنهێنی لەگەڵ ئافرەتێكدا پەیمانت بەست ئەوە وەك زینات كردبێت وایە. (ابن كثیر)یش هەمان بۆچوونی هەیەو نوسیوێتی: بە ئافرەت نەڵێیت من عاشقی تۆمو پەیمانم بدەرێو جگە لە من شوو بە كەسێكی دیكە نەكەی، یان لەم جۆرە قسانە.[97] بەم پێیە جگە لە مارەبڕ، كردەی سێكسو ژوانگەبەستنو هاوشێوەكانی حەرامە. ڕوودانی كارێكی لەم شێوەیە دەبێتە زیناو بكەرەكانی سزا دەدرێن.

چەندین یاسای دیكە لەسەرگوزشتەكاندا هەن تێیدا كۆمەڵێك ڕەفتارو هەڵسوكەوتی ژنانمان وەك زینا نیشان دەدات، لەوانە:

أَيُّمَا امْرَأَةٍ اسْتَعْطَرَتْ فَمَرَّتْ بِقَوْمٍ لِيَجِدُوا رِيحَهَا فَهِيَ زَانِيَةٌ.[98]

هەر ئافرەتێك خۆی بۆندار كردو بەلای كۆمەڵێكدا تێپەڕی بۆ ئەوەی بە بۆنەكەی بزانن, ئەو ئافرەتە زیناكارە.

امْرَأَةٌ غَابَ عَنْهَا زَوْجُهَا قَدْ كَفَاهَا مُؤْنَةَ الدُّنْيَا فَتَبَرَّجَتْ بَعْدَهُ فَلَا تَسْأَلْ عَنْهَا.[99]

ئافرەتێك, پیاوەكەی سەفەری كردبێتو هەموو پێویستیەكانی بۆ دابینكردبێت, كەچی خۆی بگۆڕێتو بچێتە دەرەوە, لە ڕۆژی قیامەتدا لێی ناپرسرێتەوە.

---

96 أَجْمَعَتْ الْأُمَّة عَلَى أَنَّ الْكَلَام مَعَ الْمُعْتَدَّة بِمَا هُوَ نَصّ فِي تَزَوُّجهَا وَتَنْبِيه عَلَيْهِ لَا يَجُوز، وَكَذَلِكَ أَجْمَعَتْ الْأُمَّة عَلَى أَنَّ الْكَلَام مَعَهَا بِمَا هُوَ رَفَث وَذِكْر جِمَاع أَوْ تَحْرِيض عَلَيْهِ لَا يَجُوز، وَكَذَلِكَ مَا أَشْبَهَهُ. وَقِيلَ : السِّرّ الزِّنَا. تفسير القرطبي، في تفسير البقرة 235

97 لا تقل لها إني عاشق وعاهديني أن لا تتزوجي غيري ونحو هذا. تفسير ابن كثير: في تفسير آية 235 البقرة

98 مسند احمد بن حنبل, أول مسند الكوفيين, حديث أبي موسى الأشعري رضي الله تعالى عنه

99 المسند للإمام أحمد بن حنبل, باقي مسند الأنصار, مسند فضالة بن عبيد الأنصاري رضي الله عنه.



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

تەنانەت ئەو ئافرەتانەشی کەبەبێ ڕەزامەندی گەورەکانیان هاوسەرگیری دەکەن مارەبڕینەکەیان بەحەرام و بەتاڵ دانراوە، کاتێکیش مارەبڕین بەپێی شەریعەت هەڵوەشایەوە جووتبوونەکە بەزینا دادەنرێت

أَيُّمَا امْرَأَةٍ نَكَحَتْ بِغَيْرِ إِذْنِ وَلِيِّهَا فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ.[100]

هەر ئافرەتێك بەبێ مۆڵەتی بەخێوکەرەکەی (سەردارەکەی, بەرپرسیارەکەی) مارە بکرێت، ئەو مارەکردنەی بەتاڵە, (جارێکی تریش) ئەو مارەکردنەی بەتاڵە, (جارێکی تریش) ئەو مارەکردنەی بەتاڵە.

ئیسلام پێی وایە گەر ئافرەت لە گەشتو سەفەرەکانیدا بەتەنیا بوو, تەنها بیر لە سێکس دەکاتەوە, لەبەر ئەمەش تەنیابوونی ئافرەت بە کارێکی حەرام دەزانێت. موحەممەد وتویەتی:

لَا يَحِلُّ لِامْرَأَةٍ تُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ تُسَافِرُ مَسِيرَةَ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ إِلَّا مَعَ ذِي مَحْرَمٍ عَلَيْهَا.[101]

بۆ ئافرەت حەڵاڵ نییە, باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەبێت, ڕۆژو شەوێك سەفەر بکات و یەکێك لە مەحرەمەکانی لەگەڵ نەبێت. (مەحرەم ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە سێکسکردن لەگەڵیاندا حەرامە, وەك باوك, برا, مام..تاد).

ئیسلام پێی وایە هەر پیاوو ئافرەتێك بەتەنیا بن هیچ کارێك ناکەن سێکس نەبێت, لە سەرگوزشتەیەکدا موحەممەد وتویەتی:

لَا يَخْلُوَنَّ رَجُلٌ بِامْرَأَةٍ.[102]

پیاوو ئافرەت بەتەنیا گۆشەگیر نەبن.

هەر ئافرەتێك بەپێچەوانەی ئەم دەقانە ڕەفتار بکات کارەکەی بەزینا دانراوە. دیارە ئەم یاسایانە لەدوای ڕووداوێکی زۆر سەریان هەڵداوە، لە یاساکانی قورئاندا، بەتایبەت ئەو یاسایانەی لە شاری مەککەو لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامدا دەرکەوتن، کە ئەم قۆناغە

---

100سنن الترمذي, النكاح عن رسول الله, ما جاء لا نكاح إلا بولي

101 صحيح البخاري, أبواب تقصير الصلاة, باب: في كم يقصر الصلاة. حديث1038

102 صحيح البخاري, كتاب النكاح, باب: لا يخلون رجل بامرأة إلا ذو محرم والدخول على المغيبة.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

www.xwdakan.com .net .org


زیاد لە سیانزە ساڵی خایاند، هەموو جۆرە سزایەکی زیناکەر بۆ رۆژی قیامەت هەڵگیرابوو. جگە لە هەڕەشەی ئەشکەنجەکانی دۆزەخ لەو دونیا بۆ زیناکەران، هیچ شەرعێکی توندتیژ دژ بەم ناشەرعییە ئیسلامییە لەم دونیایەدا نەبوو. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بانگەوازە تەقلیدییەی کە موحەممەد کاری تێدا دەکرد، سەرباری ئەوەی هێزێکی ئەوتۆشی نەبوو تا یاسا دابنێت‌و جێبەجێی بکات. لە قۆناغی مەدینەدا، کە نزیکەی دە ساڵی خایاند، گۆڕانکاری گەورە روویدا. لەو قۆناغەدا دەسەڵات‌و ئابووری لەباشیدا بوو, بۆیە سزای زیناکەرانی بۆ ئەم دونیاش دەستنیشان کردوو جێبەجێشی کرد.

إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآَخِرَةِ.[103]

ئەوانەی کە حەز دەکەن کاری زینا بەناو کەسانی باوەڕداردا بڵاوبکەنەوە، لەم دونیاش‌و لەو دونیاش ئەشکەنجەی بەسوێیان هەیە.

دەتوانرێت قۆناغی مەدینە بکرێت بە دوو بەشەوە, چونکە لە نیوەی یەکەمدا ، سزاکانی زینا ساناو ئاسان بوون‌و جیاوازیشیان هەبووە. ئەو سزایەی بۆ رەگەزی نێر دانرابوو، سوکترو سادەتر بوو وەك لەوەی بۆ رەگەزی مێ دانرابوو، کە تا بلێی سەخت‌و گران بوو:

وَاللاَّتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِن نِّسَآئِكُمْ فَاسْتَشْهِدُواْ عَلَيْهِنَّ أَرْبَعةً مِّنكُمْ فَإِن شَهِدُواْ فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللّهُ لَهُنَّ سَبِيلاً. وَاللَّذَانَ يَأْتِيَانِهَا مِنكُمْ فَآذُوهُمَا فَإِن تَابَا وَأَصْلَحَا فَأَعْرِضُواْ عَنْهُمَا.[104]

ئەو (مێیانەی) بەکاری زینا هەڵدەسن، چوار شاهیدیان لەسەر بگرن، ئەگەر هەرچواریان شاهیدیان دا، زیناکەران لەماڵەکاندا زیندانی بکەن هەتا مردن زەفەریان پێدەهێنێ، یان ئەوەتا خوا رێگەچارەیەکی دیکەیان بۆ دەدۆزێتەوە. ئەو (نێرانەی) بەم کارە هەڵدەستن، ئەوە ئەزیەتیان بدەن، ئەگەر تۆبەیان کردو چاك بوون، وازیان لێ بهێنن، خوا تۆبەوەرگرو میهرەبانە.

103 النور 19

104 النساء 15-16

www.xwdakan.com net org


جیاوازی ئەم دوو ئایەتە لەچۆنییەتی سزادانەکەدایە. زیندانیکردنی هەتا هەتایی، تا مردن، بۆ رەگەزی (مێ)، ئەزیەتدانی ماوەیەکی کورتخایەن بۆ رەگەزی (نێر). ئەم دوو ئایەتە پێ لەسەرئەوە دادەگرن سزای مێ لە سزای نێر گەورەترەو بەروونی جیاوازی رەگەزیو چینایەتی پێوەی دیارە.

لە گۆڕانێکی کتوپڕدا سزاکە دەگۆڕێت بۆ شووڵ لێدان لە هەردووکیان:

الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ.[105]

زیناکەری مێو نێر هەریەك لەوانە سەد شووڵیان لێبدەن (جەڵد)، لەبەر دینی خوداو ئەگەر باوەڕتان بەخواو رۆژی دوایی هەیە بەزەییتان پێیاندا نەیەتەوە، بۆ ئەشکەنجەدانیشیان با کۆمەڵێك لەباوەڕداران شاهیدحاڵ بن.

لەنیوەی دووهەمی قۆناغی مەدینەدا گۆڕانکاری کەوتە شێوەی سزاکەوە، ئەویش بە راسپاردەی موحەممەد. لە وەڵامی ئەوەی کە لە ئایەتی ژنان15دا نوسراوە (لەبەرامبەر زیناکەران چاوەڕێی ئەوە بن خوا رێگەچارەیەکیان بۆ دەدۆزێتەوە) لە سەرگوزشتەیەکدا موحەممەد بەم شێوەیە چارەسەری بۆ دۆزینەوە:

(فيمن أحصن جلد مائة الرجم بالحجارة، وفيمن لم يحصن جلد مائة ونفي سنة).[106]

موحصەنەکان, واتە ژنانو پیاوان، ئەوانەی هاوسەرگیرییان کردووە، سەد شوڵیان لێبدرێو بەردباران بکرێن تا مردن. کوڕانو کچانیش، واتە ئەوانەی هاوسەرگیرییان نەکردووە، یەکی سەد شووڵیان لێبدرێتو ماوەی ساڵێکیش دوور بخرێنەوە.

لە سەرچاوەیەکی دیکەدا نوسراوە:

(البكر بالبكر جلد مائة ونفي سنة والثيب بالثيب جلد مائة والرجم).[107]

---

105 النور 2

106 الناسخ والمنسوخ في كتاب الله للقتادة ص493. (خذوا عني قد جعل الله لهن سبيلا البكر بالبكر جلد مائة ونفي سنة والثيب بالثيب جلد مائة والرجم). الناسخ والمنسوخ في القرآن الكريم، للنحاس،ص97

ئەوانەی هاوسەرگیرییان نەکردووە سەد شووڵو ساڵێك (نەفی) دوورخستنەوە, ئەوانەشی هاوسەرگیرییان کردوە سەد شووڵو ڕەجمیش.

سزای ئەوانەش دەدرێت کە بوختانی زینا بۆ ژنانی ئازاد دەکەن (ژنە سەربەستەکان، نەك کەنیزەکەکان):

وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا.[108]

ئەوانەی بوختان بۆ ئافرەتی خاوەنمێردی داوێنپاك دەکەنو چوار شاهیدیشیان بۆ سەلماندنی قسەکانیان نییە، هەشتا شوولّیان لێبدەنو هەرگیز شاهیدییان لێوەرمەگرن.

ئەوەی لەم ئایەتەدا گرنگ بێت ئامادەکردنی چوار شاهیدەکەو شوولّلێدانی بوختانچییەکانە. ئەوەی نەتوانێ چوار شاهید ئامادە بکات، شوولّداری دەکرێت. جالەبەر ئەوەی بە دوو ژن یەك شاهیدی پیاوە, ئەگەر چوار شاهیدی پیاو نەبوو دەبێ هەشت ژنی ئازاد شاهیدی بدەن. لەئەنجامی ئەوەی کەنیزەك بە نیوەی ژنی ئازاد دانراوە, ئەگەر هەشت ژنی ئازاد نەبوو ئەوە دەبێت شانزە کەنیزەك شاهیدی بدەن. ئەگەر کەمتر بوون ئەوا شاهیدیان لێوەرناگیرێو سەرباری ئەوەی هەشتا شوولّیان لێدەدەن, بەپێی دەقی ئایەتەکە بۆ جارێکی دی هەتا هەتایە شاهیدیان لێوەرناگیرێت.

---

107 الناسخ والمنسوخ في القرآن الكريم، للنحاس،ص97 (خذوا عنى قد جعل الله لهن سبيلا، البكر بالبكر جلد مائه وتغريب عام، والثيب بالثيب الرجم). الناسخ والمنسوخ، هبة الله بن السلامة ص104-105.

108 النور 4



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com



شاهیدیدانیش بە شێوەیەکە کە هەموویان زیناکەیان بەچاوی خۆیان دیبێت. دەبێت بەرووتیو بەجووتبوونەوە هەردووکیان ببینرێن, بەم شێوەیە زیناکە دەسەلمێت. سەرگوزشتەیەك هەیە کەمێك لەم بارەیەوە سەرنج ڕاکێشەو جێی خۆیەتی بۆ بەڵگەی قسەکانمان بە نموونە بیهێنینەوە:

لەسەردەمی خەلیفەی دووهەمدا (عومەری کوڕی خەتتاب) صەحابەیەك بەناوی (مغيرة) لە بەسرە والی بوو. دوو دوو, سێ سێ ژنەکانی تەڵاقی دەداو ژنی دیکەی مارە دەکردەوە تا لەژیانیدا توانیبوی (99) نەوەدونۆ ژن بهێنێت, جگە لەکەنیزەك. ئەوەندە ژنی هێنابوو لەژماردن نەدەهاتن و خۆی گوتەنی لەتەمەنی پیریدا وتبووی: هەتا پیاوبووم, خۆم تێرم دەکردن, کەپیربووم (بۆ ئەوەی پیاوانی دەرەوە تێریان نەکەن) بەپارەو بەخششو دیاری رامدەگرتن.[109]

(مغيرة) کەسێکی مێباز بووە, جگە لەژنەکانی خۆی لەگەڵ ژنی دیکەشدا سێکسبازی دەکرد. بەو هۆیەوە لەلای عومەری کوڕی خەتتاب شکایەتی لێدەکەن کە زینا دەکات. عومەریش ئەبو موسای ئەشعەریو چەند کەسێکی دیکە ڕادەسپێرێ تاچاودێری (مغيرة) بکەن، ئەگەر شتی وەهای کرد ئەوە بینێرن بۆلای عومەر تا دادگایی بکات.

پاش چاودێرییەکی ورد, چوار کەس ئامادە دەکەن تا لە ڕێکەوتێکدا (مغيرة) لەماڵێکدا, لەگەڵ ژنێکدا بەناوی (ام جميل بنت عمرو) دەبینن بە رووتی سێکس دەکەن. دەیگرنو

109 الجاحظ: المحاسن والاضداد, الشركة اللبنانية للنشر, طبعة 1969 فصل- محاسن التزويج.. ص 129



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

لەگەڵ شاهیدەکاندا دەینێرن بۆلای عومەر، ئەویش لەگەڵ شایەتەکاندا بەرەورووویان دەکاتەوە:

یەکەم شاهید (نافع بن حارث) دەڵێ:

(مغيرة)م بەسەر سکی ژنەکەوە بینی، بەچاوی خۆم بینیم سەگە سورەکەی[110] وەك خەنجەر لەنێو کەلاندا دەیهێناو دەیبرد. سوێندیشی خوارد کە راست دەکات.

دووهەمو سێهەم شاهیدیش (شبيل بن معبد)و (ابوبكره) بەهەمان شێوەی (نافع) شایەتییان دا کە(مغيرة) لەگەڵ (ام جميل)دا زینای کردووەو بەچاوی خۆیان بەرووتی هەردوکیانیان بینیوەو رووداوەکەیان بەوردی باسکرد. لەسەر ئەم قسانەش سوێندیانخوارد.

شاهیدی چوارهەم (زیاد), پێش ئەوەی شاهیدی بدات، عومەر پێی دەڵێ: ئەی زیاد، تۆ درۆ ناکەیت، ئەوەی لەتۆی رادەبینم ئەوەیە بەهۆی تۆوە صەحابەیەکی موحەممەد بەردباران نەکرێت.

زیادیش دەڵێ:

دیمەنێکی زۆر ناشرینم بینی، گوێم لەئاخو ئۆفو هەناسەبڕکێ بوو، سمتێکم بینی بەرز دەبۆوەو نزم دەبۆوە، دوو لینگیش کەوەکو گوێچکەی کەر بەرز ببونەوە، ئیتر من هیچم نەدی.

خەلیفە عومەر ئەم قسەیەی (زیاد) بەشاهیدی وەرناگرێت، چونکە ناوی موغەیرەو ژنەکەی نەهێنابوو. بەپێی حوکمی ئایەتەکەش کە دەبێت چوار شاهید هەبن، ئێستا سیان هەیە نەك چوار، شکاتەکە وەك زینا تۆمار ناکرێت. لەکارێکی چاوەڕوانکراویشدا موغەیرە ڕەوانەی بەصرە دەکاتەوە، سێ شاهیدەکەی تر ڕەوانەی دارکاری دەکات. هەر یەك لەو سێ شاهیدە (80) داریان لێدەدەن، گوایە شاهیدی درۆیان داوە. لەکاتی لێدانەکەدا، یەکێك لە شاهیدەکان لەسەر قسەی خۆی سوور بووەو سوێندی خواردووە ئەوەی موغەیرە کردویەتیو ئەوەی ئەو بینیویتی زینا بووە, بۆیە لەشاهیدی خۆی پەشیمان نەدەبووەوە.[111]

---

[110] لەدەقە عەرەبییەکەدا بەو شێوەیە نوسراوە

111 البلاذري: كتاب فتوح البلدان، القسم الثانى، ص423 هەروەها: خليل عبداالكريم: مجتمع يثرب، ص 57-58



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

بەم چیرۆکەدا بۆمان دەردەکەوێت دەبێت چوار شاهید بۆ سەلماندنی کاری زینا هەبن. کاری زینا دوو کەس یان زیاتر بەشدارنو دوور لە بیستنو بینینی خەڵکی، بە نهێنی، ئەنجام دەدرێت نەك بە ئاشکرا. جا ئایا بۆ سەلماندنی کارێکی زینا، هێنانی چوار شاهید لۆژیکییە؟ ئەم پرسیارەی ئێمە نوێ نییەو هەر لەکۆنەوەو لەسەردەمی موحەممەدەوە سەریهەڵداوە. صەحابەیەك پیاوێکی بەسەر ژنەکەی خۆیەوە دیبوو زینای لەگەڵ دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی چوار شاهیدی نەبوو، نەیزانیبوو چی بکات. هاتبوو بۆلای موحەممەد شکایەتی خۆی بکات. ئەویش نەیزانیبوو چییان لێبکات ئەوەندی نەبێت لەگەڵ ژنەکەیدا لێکیان جیابکاتەوە. دواتر وتبووی: ئەگەر کەسێکی زیناکەرم بەبێ شاهید بەردباران بکردایە، ئەوا ژنەکەی ئەو پیاوەم بەردباران دەکرد.[112]

مێژوونوسان دەڵێن یەکەمین مێردێك کە دووچاری ئەم کێشەیە هاتبێتو موحەممەد ژنەکەیدا لێکی جیاکردبنەوە صەحابەیەك بوو بەناوی هیلالی کوڕی ئومەییە. دەرکەوتبوو ژنەکەی لەگەڵ صەحابەیەکی دیکەدا بە ناوی (شورەیکی کوڕی سەحما) زینای کردووە, بەڵام چوار شاهیدی نییە. موحەممەدیش, لەبەر نەبوونی چوار شاهید ئەم دوانەی لەیەکتر جیاکردبوونەوە. لەڕاستیدا موحەممەد گومانی لە ڕاستگۆیی هیلال نەبوو، چونکە پێیوابوو ژنەکەی هیلال زینای کردووە. بۆیە وتبووی: دواتر تەماشاکەن، ئەگەر ژنەکەی هیلال منداڵی بوو، منداڵەکە چاو ڕەشی قەویلەیی (چاو کلی) سمت پانی ئەستوور, قاچ ئەستوری

112 ذُكِرَ التَّلَاعُنُ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ عَاصِمُ بْنُ عَدِيٍّ فِي ذَلِكَ قَوْلًا ثُمَّ انْصَرَفَ فَأَتَاهُ رَجُلٌ مِنْ قَوْمِهِ يَشْكُو إِلَيْهِ أَنَّهُ وَجَدَ مَعَ أَهْلِهِ رَجُلًا فَقَالَ عَاصِمٌ مَا ابْتُلِيتُ بِهَذَا إِلَّا لِقَوْلِي فَذَهَبَ بِهِ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأَخْبَرَهُ بِالَّذِي وَجَدَ عَلَيْهِ امْرَأَتَهُ وَكَانَ ذَلِكَ الرَّجُلُ مُصْفَرًّا قَلِيلَ اللَّحْمِ سَبِطَ الشَّعَرِ وَكَانَ الَّذِي ادَّعَى عَلَيْهِ أَنَّهُ وَجَدَ عِنْدَ أَهْلِهِ خَدْلًا آدَمَ كَثِيرَ اللَّحْمِ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ اللَّهُمَّ بَيِّنْ فَوَضَعَتْ شَبِيهًا بِالرَّجُلِ الَّذِي ذَكَرَ زَوْجُهَا أَنَّهُ وَجَدَهُ عِنْدَهَا فَلَاعَنَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَيْنَهُمَا فَقَالَ رَجُلٌ لِابْنِ عَبَّاسٍ فِي الْمَجْلِسِ أَهِيَ الَّتِي قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَوْ رَجَمْتُ أَحَدًا بِغَيْرِ بَيِّنَةٍ رَجَمْتُ هَذِهِ. صحيح المسلم، كتاب اللعان، حديث 1497



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

کراوه بوو, ئەوه مندالّی هیلال خۆیەتی. ئەگەر چاوی رەش بوو، موو لوول بوو، قاچ باریك بوو، ئەوه مندالّی شورەیکەو زینایان کردووه. دەگێرنەوه لەداوییدا مندالّێکی چاورەش‌و موو لوولو قاچ باریك بووه.[113] واته هەرچەنده ژنەکه زینای کردووه, بەلاّم لەبەر نەبوونی چوار شاهید کەس بڕوای بە هیلال نەکردووه.

بۆ چارەسەری کێشەوگرفتی کاروباره سێکسیەکانی هاوسەرانو نەبوونی چوار شاهید، جیاکردنەوەی ژنو مێرد لە ئیسلامدا بە چاکترین چارەسەر دانراوه. بەلاّم لەپرۆسەیەکدا کە پێی دەلّێن مولاعەنە. چەند ئایەتێك هەن بەدرشتی باس لەم یاسایه دەکات:

وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُن لَّهُمْ شُهَدَاء إِلَّا أَنفُسُهُمْ فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ، وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَتَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِنْ كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ. وَيَدْرَأُ عَنْهَا الْعَذَابَ أَنْ تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ، وَالْخَامِسَةَ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِنْ كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ.[114]

ئەو کەسانەی ژنەکانیان بەزینا تۆمەتبار دەکەنو جگە لە خۆیان چوار شاهیدیان نییه، دەبێ هەریەکەیان (پیاوەکەش‌و ژنەکەش) چوار جار بەخوای گەوره سوێندبخۆن کە ئەوەی دەیلێت راست دەکات. لەپێنجهەمین سوێندیدا ئەوه بلّێ کە: نەفرەتی خوای لەسەر بێت ئەگەر درۆی کردبێت. ژنەکەش لە ئەشکەنجه رزگاری دەبێت کە ئەویش چوار جار سوێندبخوات کە مێردەکەی لە درۆزنەکانه، لەپێنجهەمین جاریشدا بلّێت: غەزەبی خوای لەسەر ئەگەر مێردەکەی لەراستگۆکان بێت.

چیرۆکێك هەیه، دەبێته نموونەیەکی باش بۆ ئەم باسەمان:

صەحابەیەك بە موحەممەد دەلّێ: ئەی پەیامبەری خوا گەر یەکێك زینای لە ژنەکەی بینیو شاهیدی نەبوو، ئەگەر قسە بکات ئەوه لەسەر شتێکی گەوره قسە دەکات، ئەگەر قسە نەکات ئەوه لەسەر شتێکی گەوره بێدەنگ دەبێ! موحەممەد بێدەنگ دەبێو وەلاّمی ناداتەوه.

---

113 صحيح البخاري, كتاب التفسير, باب: ويدرأ عنها العذاب أن تشهد.و.و حديث4470
لە صەحیحەکەی موسلمیشدا بە شێوەیەکی دیکە هاتوه: صحيح المسلم، كتاب اللعان، حديث1496

114 النور 6-9

جارێکی دیکە صەحابەکە ئەم مەسەلەیە دووبارە دەکاتەوە, موحەممەدیش ئایەتەکانی بۆ دەخوێنێتەوەو ئامۆژگاری دەکات کە دەبێت چوار شاهید بۆ سەلماندنی قسەکانی ئامادە بکات. پیاوەکەش، لەبەر ئەوەی شاهیدی نەبوو، دەڵێت: سوێند بەو کەسەی تۆی بە هەق ناردووە درۆی لەسەر ناکەم. موحەممەدیش دەنێرێت بە شوێن ژنەکەیداو ئامۆژگاری دەکات‌و رۆژی قیامەتی بیر دەخاتەوە بەشێوەیەك کە ئەشکەنجەی ئەم دونیا لە ئەشکەنجەی ئەو دونیا ئەهوەنترە. ژنەکەش دەڵێت: سوێند بەو کەسەی تۆی بە هەق ناردووە مێردەکەم درۆ دەکات.

موحەممەد سوێندیدان. سەرەتا بە پیاوەکە دەستی پێکرد ، ئەویش چوار جار سوێندیخوارد کە راست دەکات، بۆ سوێندی پێنجەمیش نەفرەتی خوای خستە ئەستۆی خۆی کە ئەگەر درۆی کردبێت. دوایش ژنەکە بە هەمان شێوە سوێندیخوارد. دواتر موحەممەد لێکی جیا کردەنەوە.[115]

ئەم چارەسەرە میتافیزیکییە, سوێندخواردن, زۆرێك لە کاری زینای صەحابەو ژنانی پەردەپۆش کردبوو. چەندین رووداو هەن باس لە چەمکی مولاعەنە دەکەن، بەڵام ناوەرۆکی چیرۆکەکان کردەی زینای صەحابەو موسڵمانانمان نیشان دەدەن.

---

115 قَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَرَأَيْتَ أَنْ لَوْ وَجَدَ أَحَدُنَا امْرَأَتَهُ عَلَى فَاحِشَةٍ كَيْفَ يَصْنَعُ إِنْ تَكَلَّمَ تَكَلَّمَ بِأَمْرٍ عَظِيمٍ وَإِنْ سَكَتَ سَكَتَ عَلَى مِثْلِ ذَلِكَ قَالَ فَسَكَتَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَلَمْ يُجِبْهُ فَلَمَّا كَانَ بَعْدَ ذَلِكَ أَتَاهُ فَقَالَ إِنَّ الَّذِي سَأَلْتُكَ عَنْهُ قَدْ ابْتُلِيتُ بِهِ فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ هَؤُلَاءِ الْآيَاتِ فِي سُورَةِ النُّورِ (وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ) فَتَلَاهُنَّ عَلَيْهِ وَوَعَظَهُ وَذَكَّرَهُ وَأَخْبَرَهُ أَنَّ عَذَابَ الدُّنْيَا أَهْوَنُ مِنْ عَذَابِ الْآخِرَةِ قَالَ لَا وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ مَا كَذَبْتُ عَلَيْهَا ثُمَّ دَعَاهَا فَوَعَظَهَا وَذَكَّرَهَا وَأَخْبَرَهَا أَنَّ عَذَابَ الدُّنْيَا أَهْوَنُ مِنْ عَذَابِ الْآخِرَةِ قَالَتْ لَا وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ إِنَّهُ لَكَاذِبٌ فَبَدَأَ بِالرَّجُلِ فَشَهِدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنْ الصَّادِقِينَ وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَةَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِنْ كَانَ مِنْ الْكَاذِبِينَ ثُمَّ ثَنَّى بِالْمَرْأَةِ فَشَهِدَتْ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنْ الْكَاذِبِينَ وَالْخَامِسَةُ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِنْ كَانَ مِنْ الصَّادِقِينَ ثُمَّ فَرَّقَ بَيْنَهُمَا. صحيح مسلم: كتاب اللعان حديث1493

www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

مەسەلەی کوشتنی ژنان لەسەر مەسەلەی ناموسپەرستی و پاراستنی شەرەفی پیاوان و بنەماڵەو خێڵ و عەشرەت، کەئێستا لەکۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا باوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی چارەسەرکردنی مولاعەنەیان بە چارەسەرکردنێکی لۆژیکی نەزانیوە، نەنگ بووە بەلایانەوە ژنەکانیان ببینن لەگەڵ کەسانی دیکەدا سێکس دەکەن بەلاَم قسە نەکەن و بچن بەشوێن چوار شاهیددا بگەڕێن. پیاوانی موسڵمان، وەك ڕاهاتنێکی کلتووری‌و نەریتی کۆنی خۆیان، کوشتنی ژنەکانیان وەك شەهامەت‌و پیاوەتی خۆیان بە باشترین چارەسەر زانیوە. بەڵگەی ئەمەش ئەم ڕووداوەیە کە مێژوونوسە باوەڕپێکراوەکانی ئیسلام تۆماریان کردووە. صەحابەیەك, کە باسی مولاعەنەی دەکرد, بە موحەممەدی وتووە:

كَلَّا وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ إِنْ كُنْتُ لَأُعَاجِلُهُ بِالسَّيْفِ قَبْلَ ذَلِكَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ اسْمَعُوا إِلَى مَا يَقُولُ سَيِّدُكُمْ إِنَّهُ لَغَيُورٌ وَأَنَا أَغْيَرُ مِنْهُ وَاللَّهُ أَغْيَرُ مِنِّي.[116]

نەخێر, سوێند بەو کەسەی تۆی بە هەق ناردووە ئەوە من بومایە پێش هەموو شتێك خۆم بە شمشێر چارەسەرم دەکرد. (واتە دەمکوشت) موحەممەدیش بە ئامادەبووان دەڵێت: گوێبگرن لەو قسانەی کە گەورەکەتان دەیلێت، ئەو غیرەتی هەیە (پێی ناخۆشە ژنەکەی زینا دەکات بۆیە ئاوا دەکات)، من لەو زیاتر غیرەتم هەیە، خواش لە من بەغیرەتترە.

موحەممەدیش پشتگیری لەم بیرۆکەیە کردو لێرەوە یاسا ڕەشۆکییەکەی پێش هاتنی ئیسلام, کوشتنی ژنان لەسەر شەرەف, بوو بەیاسایەکی کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا. هەر ئەم نەریتە کۆنە ڕەشۆکییەیە بۆ ئێستای پیاوە موسڵمانەکان ماوەتەوەو لەبەر چەند هۆیەکی نادیار, بێ ئامادەکردنی بەڵگە, بە پاساوی پاراستنی شەرەفیان ژنەکانیان دەکوژن. لەجیهاندا کۆمەڵگایەکی ئیسلامی شك نابەین ژنان‌و کچانیان لەسەر ناموسپەرستی تیرۆرو سەنگسار نەکردبێت. زۆر جار تەنها لەبەر تانەوتەشەر, تەنها لەبەر ئەوەی بەپیاوەکان بوترێت (پیاوەو شەرەفی هەیە) ژنان کەوتونەتە بەر لێشاوی بەزەیی پیاوەکان, یاخود تەنها لەبەر ئەوەی ژنان ملکەچی داخوازییەکانی پیاوان نابن ڕووبەڕووی هەڕەشەی کوشتن دەبنەوە. ئەوەش زانراوە بەشی هەرە زۆری کوشتنەکان پەیوەندی بە مەسەلەی شەرەفەوە نییە، بەڵکو زۆرجار

---

116 صحيح المسلم، كتاب اللعان. حديث1498



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

پەیوەندی بەکێشەی دیکەی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری، سیاسی و ئازادییە تایبەتییەکانەوە هەیە، بەڵام پیاوان دەتوانن پاساوی نامۆسپەرستی بکەنە بەهانەو لەغەفڵەتێکدا ژنەکانیان بکوژن یان لەحەمامدا بیانسوتێنن.

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین کە پرۆسەی بەردبارانکردنی ژنان، بەو شێوە کلاسیکییەی کەکۆمەڵێك باوەڕدار لەپێگەیەکی جوگرافیدا کۆببنەوەو بەیارمەتی یەکتر، تاك تاك و کۆمەڵ کۆمەڵ پێکەوە ژنێك بەبەرد خەڵتانی خوێن بکەن، جۆرێکە لەئامادەکردنی سایکۆلۆژییەت و ڕاهێنانی جەستەی موسڵمانان لەسەر کوشتنی ئینسانەکان، بەتایبەتی توێژی ژنان.

ئەوەی تێبینی کراوە ئەو هەقەی بەپیاو دراوە مولاعەنە لەژنەکەی بگرێت هەمان ئەو هەقە بەژن نەدراوە لە مێردەکەی بگرێت.

هەروەها سزای ئەو کەسانەش دیاریکراوە کە حەز دەکەن کاری زینا بڵاوبکەنەوە. سزای بەردبارانکردن (الرجم) واتە بەردبارانکردنی زیناکەر تا مردن. ئەم سزا سەختە، بۆ تۆقاندنو چاوشکاندنی زیناکەران داهێنراوە.

بەردبارانکردن داهێنانێکی ئیسلامی نییە، بەڵکو پێش سەرهەڵدانی ئیسلام ئەم دیاردەیە پەیڕەوکراوە. خەڵکانی ناوچەکە، بەهۆی ئایینی یەهوودییەوە، بەم شەرعە بەئاگابوون. لەتەوراتدا نوسراوە: ئەگەر ژنێك لەپیاوێك نیشانە بکرێت، بەڵام یەکێکی دیکەی لەشاردا بینیو لەگەڵی جووت بوو، ئەوا هەردووکیان لەدەروازەی شار بەرنەدەرەوەو بەردبارانیان بکەن.[117] لە مزگێنیشدا (الانجیل) نوسراوە: ژنێکیان لەکاتی زینادا گرتبوو، بردیانە لای عیساو پێیان گوت: موسا فەرمانی پێکردوین کەئەم ژنانە بەردباران بکەین، تۆ دەڵێی چی؟ عیساش گوتی: ئێوەش وەها بکەن.

ئیسلام، وەك زۆربەی ئەو ڕێورەسمانەی کە لە ئایینەکانو دابونەریتە کۆنەکانی پێش خۆی چەندین ئاکاری وەرگرتووە. ڕەجمی زیناشی لە یەهودییەکانەوە گواستەوە بۆ ناو ئیسلام,

117 سفر تثنية، باب 2، 23-24



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

بێئەوەی هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا بکات, بەیاسایەکی نوێی ئیسلامی ناساندووەتەوە, خۆشیان دان بەم راستییەدا دەنێن.[118]

ئەو ئایەتەی کە بۆ یەکەمجار باسی بەردبارانی کردووە، لەم قورئانەی ئێستادا واتە مەصحەفەکەی عوسمان کەلەبەردەستدایە، نەماوە، بەڵام لە قورئانەکەی ئوبەی کوڕی کەعب‌و عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودو عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسدا هەیە. زۆر سەرچاوە, بۆ نموونە بوخاری‌و موسلیم‌و ئەبی داود, پێ ٚلەسەر ئەم راستییە دادەگرن. بوخاری نوسیویێتی:
رۆژێکیان (عومەری کوڕی خەتتاب روویکردە مزگەوتەکەو لە مینبەرەوە وتی: ئێستا شتێکتان بۆ باس دەکەم، ناچارم کە باسی بکەم، کێ دەزانێت وا نییە، رەنگە مردنم نزیك بوبێتەوە. کێ ئەقڵی گرتی‌و باوەڕی کرد، لەهەر شوێنێك بوو باسی بکات، هەر کەسێکیش ترسا لەوەی باوەڕی پێناکات با بۆ کەسی نەگێڕێتەوەو درۆ بەناوی منەوە نەکات. خوا، پەیامبەری بە هەق ناردووەو کتێبێکیشی لەسەر دابەزاندووە. یەکێك لەو ئایەتانەی کەخوا داییەزاندبوو، ئایەتی بەردبارانکردنە. کاتی خۆی خوێندومانەتەوەو شەرعمان لێوەرگرتوەو بەباشمان زانیوەو چەسپاندومانە. پەیامبەری خواش بەو شەرعە بەردبارانی زیناکەری کردووەو ئێمەش لەدوای ئەو زیناکەرمان بەردباران کردووە. ئێستا ئەو ئایەتە لەقورئاندا نابینم، زۆر لەوە دەترسم رۆژانێك بێت خەڵکی بڵێن (ئەوە چییە ئایەتی بەردبارانکردن لەقورئاندا نابینین) بەمەش واز لەئەرکێکی خوای گەورە بهێنن کەلەسەر موسڵمانان فەرز کراوە. بەردباران لە قورئاندا نوسراوێکی هەق‌و راستە لەسەر هەر پیاوو ژنێك کە زینا بکەن.[119]

---

118 السنن لأبي داود، باب، في رجم اليهوديين حديث4446

119 عمر بن الخطاب مقبلا على المنبر ثم قال فَإِنِّي قَائِلٌ لَكُمْ مَقَالَةً قَدْ قُدِّرَ لِي أَنْ أَقُولَهَا لَا أَدْرِي لَعَلَّهَا بَيْنَ يَدَيْ أَجَلِي فَمَنْ عَقَلَهَا وَوَعَاهَا فَلْيُحَدِّثْ بِهَا حَيْثُ انْتَهَتْ بِهِ رَاحِلَتُهُ وَمَنْ خَشِيَ أَنْ لَا يَعْقِلَهَا فَلَا أُحِلُّ لِأَحَدٍ أَنْ يَكْذِبَ عَلَيَّ إِنَّ اللَّهَ بَعَثَ مُحَمَّدًا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِالْحَقِّ وَأَنْزَلَ عَلَيْهِ الْكِتَابَ فَكَانَ مِمَّا أَنْزَلَ اللَّهُ آيَةُ الرَّجْمِ فَقَرَأْنَاهَا وَعَقَلْنَاهَا وَوَعَيْنَاهَا رَجَمَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَرَجَمْنَا بَعْدَهُ فَأَخْشَى إِنْ طَالَ بِالنَّاسِ زَمَانٌ أَنْ يَقُولَ قَائِلٌ وَاللَّهِ مَا نَجِدُ آيَةَ الرَّجْمِ فِي كِتَابِ اللَّهِ فَيَضِلُّوا بِتَرْكِ فَرِيضَةٍ أَنْزَلَهَا اللَّهُ وَالرَّجْمُ فِي كِتَابِ اللَّهِ حَقٌّ عَلَى مَنْ زَنَى إِذَا أُحْصِنَ مِنْ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ. صحيح البخاري، كتاب الحدود، باب رجم



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

(ذر بن حبش)یش دەڵێ: ئوبەی کوڕی کەعب (ئەم ناوە یەکێکە لەکاتب وەحییە بەناوبانگە باوەڕپێکراوەکان) پێی وتم: ئەی زەڕ، چەند لەسورەتی ئەحزاب دەخوێنیتەوە؟ منیش وتم: حەفتاوسێ ئایەت. ئوبەی وتی: ئەو سورەتە زۆر لەوە درێژتر بووە، هیچی وای نەمابوو بگاتە درێژی سورەتی بەقەرە یان زیاتریش، وەئایەتی بەردبارانیشی تێدابوو، کە لە کۆتاییەکەیدا دەڵێت: (الشیخ والشیخة إذا زنیا فارجموهما البتة نکالا من الله والله عزیز حکیم).[120]

دیارە سورەتی بەقەرە 286 ئایەتەو سورەتی ئەحزابیش 73 ئایەتە، بەم پێیە، نزیکەی 200 ئایەت لە سورەتی ئەحزاب دیار نەماونو ئایەتی بەردبارانکردنیشی تێدابووە.

ئەگەرچی ئەم ئایەتە لە قورئانەکەدا نەماوە بەڵام یاسای خۆی وەرگرتووە. عومەریش راست دەکات، چونکە یاسای بەردبارانکردن کە لە زۆر وڵاتە ئیسلامییەکاندا بەرێوەدەچێت، لەم ئایەتە بزربووەوە وەرگیراوە. هەروەها چەندین صەحابە زینایان کردووەو لەلایەن موحەممەدەوە بەیاسای ئەم ئایەتە بەردباران کراون.[121]

نەبوونی ئەم ئایەتە لەقورئاندا دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەیەکی خۆی. پێش کۆکردنەوەی هەموو ئایەتەکان لە یەك بەرگدا، بە شێوەیەکی بەربڵاو هەر کۆمەڵە ئایەتێك لای چەند کەسێك مابوونەوە. بزربوونی ئەم ئایەتەو ئایەتێکی تریش لە قورئاندا دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەر. دوو ئایەت، یەکێکیان دەربارەی شیردەراییە، ئەوی دیکەیان ئایەتی بەردبارانکردنە، لەماڵەکەی موحەممەددا تیاچووە. عائیشە دەڵێت:

---

الحبلي من زنا اذا احصنت. حدیث6442. صحیح المسلم، کتاب الحدود باب رجم الثیب في الزنی. حدیث1691.السنن للإمام أبي داود, کتاب الحدود کتاب الحدود باب في الرّجم 4418. الموطأ. کتاب الحدود، باب مَا جَاءَ فِي الرَّجْمِ. حدیث2405

120 لە تەفسیرەکەی (أبن کثیر)یشدا نووسراوە، کەئوبەی کوڕی کەعب وتوویەتی: سورەتی ئەحزاب، وەك سورەتی بەقەرە درێژ بووەو ئەم ئایەتەشی تێدابووە (الشیخ والشیخة إذا زنیا فارجموهما البتة) بڕوانە سەرەتای تەفسیری سورەتی ئەحزاب. هەروەها بڕوانە: السیوطي: الاتقان في علوم القرآن. ج1ص25. هبة الله بن سلامة. الناسخ والمنسوخ،ص28

121 هەر لەم بەشەدا کۆمەڵێك نموونە لەسەر زینای صەحابەو موسڵمانان دەخوێنینەوە.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

لَقَدْ نَزَلَتْ آيَةُ الرَّجْمِ وَرَضَاعَةُ الْكَبِيرِ عَشْرًا وَلَقَدْ كَانَ فِي صَحِيفَةٍ تَحْتَ سَرِيرِي فَلَمَّا مَاتَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَتَشَاغَلْنَا بِمَوْتِهِ دَخَلَ دَاجِنٌ فَأَكَلَهَا.[122]

ئایەتی بەردبارانکردن دابەزیوە، هەروەها ئایەتی دەجار شیردان بە کەسانی گەورەش. لە گەڵاخورمایەکدا لەژێر جێنوێنەکەم دانرابوو. کاتێك کە پەیامبەری خوا مردوو بە مردنییەکەیەوە سەرقاڵبووین، گوێرەکەیەك هاتە ژوورەوەو خواردی.

لە ئایەتێکی دیکەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە ژنانی زیناکەر بۆیان نییە بگەرێنەوە ناو کۆمەڵگاو ببنە کەسێکی ئاساییو بە خواستی خۆیان شوو بکەن, بەڵکو دەبنە کەسێکی پەراوێزکراوی سەرشۆڕو چۆنایەتی شووکردنەکەشیان تەسك دەبێتەوە. بۆ پیاویش بەهەمان شێوە:

الزَّانِي لَا يَنْكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لَا يَنْكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ وَحُرِّمَ ذَلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ.[123]

زیناکەری نێر تەنها زیناکەری مێ یاخود مێیەکی بێباوەڕ مارە دەکات. زیناکەری (مێ)ش تەنها بە زیناکەری نێر یاخود بە نێرێکی بێباوەڕ شوو دەکات, ئەمەش لەسەر باوەڕداران حەرام کراوە.

سەرچاوە مێژووییەکانی ئیسلام باس لە ژنێکی زیناکەر بە ناوی (ام مهزول) دەکەن, پاش سەرهەڵدانی ئیسلامو موسڵمانبووی, دەست لەکاری زینا هەڵدەگرێت. موسڵمانێك دەیخوازێت تا بیکاتە هاوسەری خۆی، بەڵام موحەممەد رازی نەبووە، بەڵکو بە خوێندنەوەی ئایەتەکە پێی لەسەر ئەم یاسایە داگرتووە.[124]

---

122 ابن ماجة, كتاب النكاح، باب، رضاع الكبير حديث1943

123 النور 3

124 (عَنْ عَبْد اللَّه بْن عَمْرو" أَنَّ رَجُلًا مِنْ الْمُؤْمِنِينَ اِسْتَأْذَنَ رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي اِمْرَأَة يُقَال لَهَا أُمّ مَهْزُول كَانَتْ تُسَافِح وَتَشْتَرِط لَهُ أَنْ تُنْفِق عَلَيْهِ قَالَ فَاسْتَأْذَنَ رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَوْ ذَكَرَ لَهُ أَمْرهَا قَالَ فَقَرَأَ عَلَيْهِ رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ" الزَّانِي لَا يَنْكِح إِلَّا زَانِيَة أَوْ مُشْرِكَة وَالزَّانِيَة لَا يَنْكِحهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِك وَحُرِّمَ ذَلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ.) تفسير ابن كثير، النور 3



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

گەر بەراوردێکی تەواوی ئایەتەکانی دەربارەی ئەم مەسەلەیە بکەین, پریشکی یاساکان زیاتر چینە هەژارو کۆیلەیەکان دەگرێتەوەو ئەرستۆکراتو سەرمایەدارەکان بەچەندین شێوە خۆیان لەسزاکانی زینا دەرباز کردووە, دیارە ئایەتەکانیش پاڵپشتیان دەکەن. بۆ نموونە هەژارەکان بەهۆی نەبوونی داراییانەوە نەیانتوانیوە ببنە خاوەنی کەنیزەك. ئەگەر سێکسیان لەگەڵ ژنە ئازادو کەنیزەکەکانیشدا کردبێت بەزینا دانراوەو سزایان داون, لەوانە بەردبارانکردن تا مردن. بەڵام سەرمایەدارەکان بەهۆی ئەوەی خاوەنی چەندین ژنو کەنیزەك بوون, بەتایبەتی کەنیزەکەکان کە مارەیان نەدەکردن, توانیبویان سێکس لەگەڵ سەدان ژندا بکەن, کارەکەشیان زینا نەبووەو دیاردەیەکی لەم شێوەیە حەرام نەکراوە. دەربارەی کەنیزەك سەرگوزشتەیەك هەیە دەڵێت:

أَنَّ رَجُلًا أَتَى رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ إِنَّ لِي جَارِيَةً هِيَ خَادِمُنَا وَسَانِيَتُنَا وَأَنَا أَطُوفُ عَلَيْهَا وَأَنَا أَكْرَهُ أَنْ تَحْمِلَ فَقَالَ اعْزِلْ عَنْهَا إِنْ شِئْتَ.[125]

لە جابرەوە دەگێڕنەوە: پیاوێك هاتە لای پەیامبەری خواو پێی وت: من کەنیزەکێکم هەیە, خزمەتمان دەکاو ئاومان بۆ دەکێشێت, حەز ناکەم دووگیان بێت. موحەممەدیش پێی دەڵێت: جا ئەگەر پێتخۆشە مەچۆ بەلایدا (یاخود لەڕشتنی شەهوەتەکەتدا خۆتی لێ بپارێزە).

گەر لەشەڕەکاندا ئافرەتیان بەدیل بگرتایە ئیغتیصابیان دەکردنو ئەم کارەش بە زینا دانەنراوە. ئیمامی موسلیم سەرگوزشتەیەکی بەم شێوەیە نوسیوەتەوە:

غَزَوْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ غَزْوَةَ بَلْمُصْطَلِقِ فَسَبَيْنَا كَرَائِمَ الْعَرَبِ فَطَالَتْ عَلَيْنَا الْعُزْبَةُ وَرَغِبْنَا فِي الْفِدَاءِ فَأَرَدْنَا أَنْ نَسْتَمْتِعَ وَنَعْزِلَ فَقُلْنَا نَفْعَلُ وَرَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَيْنَ أَظْهُرِنَا لَا نَسْأَلُهُ فَسَأَلْنَا رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ لَا عَلَيْكُمْ أَنْ لَا تَفْعَلُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ خَلْقَ نَسَمَةٍ هِيَ كَائِنَةٌ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ إِلَّا سَتَكُونُ.[126]

صەحابەیەك گێڕاویەتیەوە: لەگەڵ پەیامبەردا چووین بۆ غەزای بەنی موستەلیق, لەو شەڕەدا ئافرەتانی عەرەبمان بەتاڵانی دەستکەوت. بێ ژنیو دووری لە ژنەکانمانەوە درێژەی کێشابوو,

---

125 صحيح مسلم, كتاب النكاح, باب, حكم العزل. حديث1439

126 صحيح البخاري, كتاب المغازي, باب: غزوة بني المصطلق من خزاعة، وهي غزوة المريسيع. حديث3907 صحيح مسلم, كتاب النكاح, باب, حكم العزل



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

حەزمان لەسێکس دەکرد بەڵام دەمانویست خۆمان لەدانانی شەهوەتەکانمان بپارێزین, (مەبەستیان لە دروستکردنی منداڵ بوو) ئێمە بڕیارماندا وابکەین, پەیامبەر لە نێوانماندا دانیشتبوو, پرسیارمان لە پەیامبەر کرد, ئەویش پێی وتین: خۆپاراستنی ناوێت چونکە چارەنوسی خودایی ڕەتبوونەوەی نییە, هەر چارەنوسێك خودای گەورە نوسیبێتی هەتا ڕۆژی قیامەت هەر دێتەدیو گەر لەچارەی کەسێکی نوسیبێت دروست ببێت هەر دروست دەبێت.

لەڕووداوێکی وەهادا هەموو مرۆڤێك لەچاوەڕێی ئەوەدایە موحەممەد ڕێگربێت لەبەردەم کلتورێکی کۆنی خەڵکانی ڕەشۆکەوە کەپێش ئیسلام لەناوچەکەدا مومارەسە دەکرا. بەپێچەوانەوە خودی خۆی ڕێنیشاندەرو ئامۆژگار بووە بەدرێژەدانی ئەم جۆرە ئیغتیصاباتەو لەیاساکەیدا ئەم جۆرە سێکسەی بە حەرامو زینا نەزانیوە.

لەیاسایەکی دیکەی قورئاندا هاتووە ئەگەر کۆیلەو کەنیزەك لەنێوان خۆیاندا سێکس بکەن حەرامەو سزای لەسەرە, بەڵام نیو ئەوەندەی سزای ژنە ئازادەکان سزایان بۆ دیاری کراوە:

فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ.[127]

خۆ ئەگەر هاتوو کەنیزەکەکان زینایان کرد ئەوە نیوەی سزای ژنە موحسەنەکان (ژنی داوێنپاکو ئازادو مێردار) دەدرێن.

ئەبو هورەیرەش دەڵێ پەیامبەری خوا فەرمانی دەرکردووە، گەر کەنیزەکێك زینای کرد شوولی لێبدەن. ئەگەر کردی بەدوو هەر شوولی لێبدەن، ئەگەر کردی بەسێ یان بەچوار، بیفرۆشن، ئەگەر بەنرخی پەتێکی (موو)ش بێت.[128] بە واتایەکی تر، کۆیلەو کەنیزەك بەردبارارن ناکرێن بەڵکو سزایەکی ئەهوەنتریان هەیە. عەلی کوڕی ئەبی تاڵب، پاڵپشت بەم ئایەتەو قسەکەی موحەممەد، بیری موسڵمانانی خستتووەتەوە کە دەبێت شووڵ لە کەنیزەك بدرێت نەك بەردباران. وەك نموونە باسی زیناکردنی کەنیزەکێکی موحەممەدمان بۆ دەکات

---

127 النساء 25

128 (عن أبا هريرة رضي الله عنه وزيد بن خالد عن النبي صلى الله عليه وسلم قال ثم إذا زنت الأمة فاجلدوها ثم إذا زنت فاجلدوها ثم إذا زنت فاجلدوها في الثالثة أو الرابعة بيعوها ولو بضفير). صحيح مسلم، كتاب الحدود باب رجم اليهود، أهل الذمة، في الزنى. حديث1703



www.xwdakan.com net org

(بەم سەرگوزشتەیە دەردەکەوێت کە کەنیزەکەکانی موحەممەدیش تێیاندا هەبووە زینایان کردووە) عەلی دەڵێ:

فَإِنَّ أَمَةً لِرَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زَنَتْ فَأَمَرَنِي أَنْ أَجْلِدَهَا.[129]

کەنیزەکێکی پەیامبەری خوا زینای کردبوو، فەرمانی پێکردم کە شوولی لێبدەم.

گەر ئەم ئایەتە (النساء25) بەتەواوی بخوێنینەوە یاساگەلێکی زۆرمان بۆ روون دەبێتەوە:

وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ مِنْكُمْ طَوْلًا أَنْ يَنْكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِنْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ مِنْ فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِكُمْ بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ فَانْكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ وَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ مُحْصَنَاتٍ غَيْرَ مُسَافِحَاتٍ وَلَا مُتَّخِذَاتِ أَخْدَانٍ فَإِذَا أُحْصِنَّ فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ ذَلِكَ لِمَنْ خَشِيَ الْعَنَتَ مِنْكُمْ وَأَنْ تَصْبِرُوا خَيْرٌ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ.

گەر کەسێك لە ئێوە توانای مارەیی نەبوو نەیتوانی لە ئافرەتانی داوێنپاکی ئازادی باوەڕدار بۆ خۆی مارە بکات, ئەوە لەو کچە باوەڕدارە کەنیزەکانە مارە بکەن کە لە شەڕگەکاندا بەتاڵانی چنگتان کەوتوون, هەر خواش دەزانێ بە باوەڕتانو باشتان دەناسێت, بە ڕەزامەندی خاوەنەکانیان مارەیان بکەنو کرێکەیان بەباشیو بێ کەموکوڕی بدەنێ, بەو مەرجەی (کەنیزەکەکان) داوێنیاك بنو بەنهێنی دۆستو خۆشەویست نەگرن, جا ئەگەر لەوەو دوا داوێنپیسیان کرد ئەوە نیو ئەوەندەی سزای ئافرەتە ئازادەکانیان لەسەرە, هێنانی ئەم کەنیزەکانەش بۆ کەسانێکە کە بزانێت توشی گوناهـ دەبێت, خۆ ئەگەر ئارام بگرن ئەوە باشترەو خواش بەبەزەییو دلۆڤانە.

یاساکانی ئەم ئایەتە روونن. لەم حوکمە ئیلاهییەدا ئەم چەند خاڵە دەخوێنینەوە:

1- ئەرکە لەسەرشانی پیاوی موسڵمان دەبێ لە ئافرەتە ئازادەکان ژن بهێنێت.

2- خۆ ئەگەر, لەبەر هەژاریو نەداری نەیتوانی مارەییو داواکارییەکانی ژنی ئازاد دابین بکات, ئەو کاتە بۆی هەیە ئەو ئافرەتانە بخوازن کە لە شەڕگەکاندا بە تاڵانی چنگیان کەوتوون (کەنیزەکەکان). کەواتە ئافرەتی ئازاد پێشترە لەکەنیزەك.

129 صحيح مسلم: كتاب الحدود، باب، تأخير الحد عن النفساء. حديث1705



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

3- دەشبێ لەو کەنیزەکانە بکاتە ژنی خۆی کە باوەڕدارن.

4- ناشبێت ئەو کەنیزەکانە دۆستگرو خۆشەویستدار بن, خۆ ئەگەر کارێکی لەو شێوەیەیان کرد, یان داوێنپیسیان کرد ئەوە نیوەی ئەو سزایەیان لەسەرە کە بۆ ئافرەتە ئازادەکان دانراوە. واتە, لەبەر ئەوەی ئافرەتە ئازادەکان پلە دوون, ئەوا ئافرەتە دیلکراوەکان دەبنە پلە چوار.

5- ژنهێنان لە ئافرەتی کەنیزەك کاتێك حەڵاڵە ئەگەر پیاوەکە گومانی لەوە هەبوو کەناتوانێت خۆڕاگر بێت, واتە بەبێ ژنو سێکسکردن بژی. بەواتایەکی دی ئەگەر گومانی هەبوو توشی زیناکردن دەبێت ئەوسا بۆی هەیە لەو کەنیزەکانە بهێنێت بۆ ئەوەی زینا نەکات.

6- ئەگەر پیاو توانی ئارام بگرێو سێکس نەکات ئەوە باشترە کە زەواج لەگەڵ ئافرەتە کەنیزەکەکاندا بکات.

7- ئەم یاسایە بۆ هەژارەکانە, لەبەرئەوەی دەوڵەمەندەکان خاوەنی چەندین کەنیزەك بوونو هەرکات ئارەزوویان هەبوبێت سێکسیان لەگەڵ کردوون. ئەمەش بەپێی یاسای ئایەتی 24ی ژنان ڕێگەی پێ دراوە.[130]

کۆی گشتی یاساکانی قورئان بۆ زینا وابووە کە بەردباران سزای سەرەکی کەسە ئازادەکان بێت. زیادەڕەویش لەجێبەجێکردنیدا کراوەو دوو سزا پێکەوە, شووڵلێدانو بەردبارانکردن, لەبەرامبەر یەك کەسی ئازاددا پیادەکراوە. بەمەش ئیجتیهاد کراوەو زیادە خراوەتە سەر یاسایەکی خوا.

عَلِيّ بْن أَبِي طَالِب لَا اِخْتِلَاف عَنْهُ فِي ذَلِكَ , وَأَنَّهُ جَلَدَ شُرَاحَة الْهَمْدَانِيَّة مِائَة وَرَجَمَهَا بَعْد ذَلِك, وَقَالَ: جَلَدْتهَا بِكِتَابِ اللَّه وَرَجَمْتهَا بِسُنَّةِ رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ .

هیچ ناکۆکییەك نییە لەسەر ئەوەی کە عەلی کوڕی ئەبی تالب، لەسەر زینا سەد شووڵی لە (شراحة الهمداني) داوەو دوایش بەردبارانی کردووە. لەسەر ئەمەش پرسیاریان لێکردووە:

130 لەبەشی موتعەی ژناندا بەدرێژی باسی ئەم ئایەتە کراوە.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

بۆ دوو جۆر سزات داوە؟ لەوەڵامدا وتویەتی: بەکتێبی خوا شوولّم لێداوەو بەسوونەتی پەیامبەری خواش بەردبارانم کردووە.[131]

جگە لەو سزایەی ئیسلام دیاریکردووە نابێت هیچ شێوە سزایەکی دیکە، وەك بەدیلێك بۆی، ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە نێوانی دوو پیاو تێکدەچی‌و دەچنە لای موحەممەد. یەکێکیان پێی دەلّێت: کوڕێکی من لای ئەم پیاوە، بۆ کارکردن بەکرێگیرابوو، زینای لەگەڵ ژنەکەیدا کرد. ئەم پێی وتم کە دەبێت کوڕەکەم ڕەجم بکرێت. منیش بە شێوەیکی تر لەگەڵی ڕێککەوتم‌و سەد مەڕو کەنیزەکێکی خۆمم دایە. دواتر پرسیارم لە شارەزایان کرد وتیان ئەوەی لەسەر کوڕەکەمە سەد شوولّ‌و دوورخستنەوەیە بۆ ماوەی سالّێك، ڕەجمیش لەسەر ژنەکەیە نەك کوڕەکەی من. ئێستا هاتوین بە کتێبی خوا کێشەی نێوانمان چارەسەر بکەیت. موحەممەدیش پێیان دەلّێت: سوێند بە خوا ئێستا کێشەی نێوانتان بە کتێبی خوا چارەسەر دەکەم: کەنیزەك‌و مەڕەکانی گێڕایەوە بۆ باوکی کوڕەکە، سەد شوولّی لە کوڕەکەی داو بۆ ماوەی سالّێکیش دووری خستەوە، ژنەکەشیان هێناو بەردبارانیان کرد.[132]

ژنی بێ مێردیش یەکێکە لەو مەسەلانەی کە لای ئیسلام بووە بە کێشە. پێی وایە بێوەژن بیر لە هیچ ناکاتەوە سێکس نەبێت! یاسیەکی بۆ ئەمەش داناوە, هەر ژنێك تەڵاق بدرێت نابێت لە مالّەکەیدا دەربکرێتە دەرەوەو نابێت خۆیشی بچێتە دەرەوە، تا ماوەیەکی دیاریکراو، کە ئەویش سێ تەرییە.

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ.[133]

ئەی موحەممەد گەر ژنەکانتان تەڵاقدا, ئەوە لەماوەی دیاریکراوی تەریدا تەڵاقیان بدەن, ماوەکەش بژمێرن, لەخواش بترسن چون هەر ئەو پەروەردگارتانە, لە مالّەکانیاندا دەریان مەکەنە دەرەوە، ژنەکانیش دەرنەچنە دەرەوە، گەر بچنە دەرەوە ئەوە کاری خراپەو زینایەکی روونو ئاشکرا لەگەڵ خۆیاندا دەهێننەوە، ئەوە سنووری خوایە نابێت ببەزێنرێت.

---

131 تفسير القرطبي: في تفسير الاية16 من سورة النساء.

132 الموطأ. كتاب الحدود، باب مَا جَاءَ فِي الرَّجْمِ. حديث2401

133 الطلاق 1



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

قورئان ئامۆژگاری پیاوە دەوڵەمەندە موسڵمانەکانی کردووە کە بە زۆر لەشفرۆشی بە کەنیزەکەکانیان نەکەن, هەر کەنیزەکێکیش بەزۆر ئەم کارەی پێبکرێت خوا سزای نادات:

وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّى يُغْنِيَهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَالَّذِينَ يَبْتَغُونَ الْكِتَابَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا وَآتُوهُمْ مِنْ مَالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِتَبْتَغُوا عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَنْ يُكْرِهُّنَّ فَإِنَّ اللَّهَ مِنْ بَعْدِ إِكْرَاهِهِنَّ غَفُورٌ رَحِيمٌ.[134]

ئەوانەی ژنی مارەبڕیان دەست ناکەوێت با خۆیان بگرن تا خوا لە چاکەی خۆی دەوڵەمەندیان دەکات. ئەو کۆیلەو کەنیزەکانەی هەتانن‌و دەیانەوێت مەرجنامەیەك (نوسراوێکی مەرجدار)تان لەگەڵ بکەن تا ڕزگاریان ببێت, ئەگەر زانیتان کاری چاکی تێدایە ئێوەش لەگەڵیان بیکەن‌و شتێکیش لەو سامانەی خوا پێی بەخشیون بیاندەنێ. ئەو کەنیزەکانەی هەتانن‌و دەیانەوێت داوێنپاك بن ئێوە بۆ خۆشی‌و ڕازاوەییەکانی دونیا ناچاریان مەکەن لەشفرۆشی بکەن, هەرکەسێکیش ناچاریان بکات خوا لە بەرامبەریاندا لێخۆشبوو میهرەبانە.

خاوەنداران، پاڵپشت بە سامان‌و سەرداریيەکەیان، دەیانتوانی کەنیزەکی خۆیان لەناو چەندین یاسای جۆراو جۆری پیاوسالارانەی خۆیاندا ببیننەوە. لەبەرامبەر هەموو بەخشینێکی هێزی کارو دەروونی نێرینەو مێینەیاندا، کرێی کۆیلەو کەنیزەك تەنها جلوبەرگی کۆنەو خواردنی ئاردو خورماو شوێنی خەوتن‌و پشودانیان بوو، دەیانتوانی لەگەڵ کەینزەکدا رابوێرن، لەگەڵ ئەو کەنیزەکانەشدا سێکس بکەن کە هاوسەریان هەبووە، نێربازی لەگەڵ نێرە لوسەکانیان (غیلمان) بکەن‌و گەر ئارەزوشیان کرد بیانخەسێنن، دەسەڵاتیان هەبووە لێیان بدەن، کاریان پێبکەن، وەچەیان پێبخەنەوە. بەدەر لەمانەش، لە پێناو کەڵەکەکردنی زیاتری سامانیان، لەشفرۆشییان پێکردوون‌و توشی چەوساندنەوەیەکی دیکەی لەشدەروونیان کردوون. ئەم ئاکارانە، پێش سەرهەڵدانی ئیسلام، کلتوری نیوە دوورگە بوون، پاشتر ئیسلام کردنی بەرێورەسمێکی شیاوی ئاسمانی‌و ئایینی خۆی!

---

134 النور 33



www.xwdakan.com net org

صەحابەیەك لەشاری مەدینەدا هەبوو بە ناوی (عَبْداللّٰه بْن أُبَيّ بْن سَلُول) كەنیزەكێكی هەبوو بە ناوی موعازە. هەر كەسێك بوایەتە میوانی، وەك پێشكەشكردنی میوەو شیرینیو شەربەت، ئەم كەنیزەكەی دەناردە لایان تا سێكسیان لەگەڵ بكات. كەنیزەكەكەش، شكایەتی خۆی دەگەیەنێتە موحەممەدو ئەویش ئەو ئایەتەی لەسەر دەنوسێت كە دەڵێت بەزۆر زینا بە كەنیزەكەكانتان مەكەن.[135]

موسڵمانانی ئەمرۆ، لە كاتی خوێندنەوەی چیرۆكێكی لەم شێوەیە چاوەڕێی ئەوەیان دەكرد كە موحەممەد سزای عەبدوڵڵای دابێت، چونكە ئایەتی 19ی سورەتی نور باس لە سزای ئەو كەسانەش دەكات كە كەنیزەكی خۆیان بەزۆر دووچاری زینا دەكەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی كە لە چیرۆكەكەدا كەنیزەك هەیە نەك ژنی سەربەست، یاسای قورئان تەنها بەوەوە وەستاوە كەئامۆژگاری خاوەن كەنیزەكەكان بكاتو داوای بەزەییان لێبكات. زانایانی ئیسلامیش شەرمیان لە نوسینەوەی ئەو رووداوە نەكردووە، تەنها ئەوەندەیە عەبدوڵڵایان ناوزەند كردووە بە دووڕوو. لەكاتێكدا خودی موحەممەد بە هاوەڵ واتە بەصەحابەی خۆی زانیوە.[136]

صەحابەیەكی تریش، عەبدوڵڵای كوڕی ئوبەی، شەش دانە لە كەنیزەكەكانی خۆی هەڵبژاردبوو لەشفرۆشی پێدەكردن.[137] ئەم كارەش لەلایەن كوڕی ئوبەیەوە، بەپێی شەرع كراوە، چونكە زۆرلێكردنی تێدا نەبووەو رەزامەندی كەنیزەكەكانی تێدا بووە.

لە كاتی كڕینی كەنیزەكدا كڕیار دەیتوانی, لەبەرامبەر بڕێك پارە, لەگەڵ ئەو كەنیزەكەدا سێكس بكات كە دەیویست بیكڕێت, بۆ ئەوەی بزانێت بەكەڵكی جووتبوونو چێژی سێكس دێت یان نا. كوڕی عومەر, هەر كاتێك ویستبێتی كەنیزەكێك بكڕێت, سەرەتا بە

135 تفسير ابن كثير، في تفسير الاية 33 النور.

136 لەغەزای بەنی موستەڵقدا قسەیەكی موحەممەد دەربارەی صەحابەیی عەبدوڵڵا نوسراوە. السيرة النبوية, ابن هشام, الجزء الرابع, غزوة بني المصطلق

137 عادل عبالمنعم: الزواج والعلاقات الجنسية في الاعلام. ص 13



سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

پارە لەگەڵی جووت دەبوو, دەستیشی دەهێنا بە سمتو سكو زیڕو رانیدا.[138] دوای ئەو كارەی مامەڵەی لەگەڵ خاوەنەكەی دەكرد. ئەم كارانە لە ئیسلامدا بە زینا دانەنراون.

لە یاسای ئایەتەكەدا (النور33) ئەوە دەبینین كە سزای كەنیزەكەكان نادرێت، چونكە (بە زۆر) لەشفرۆشییان پێدەكرێت، هەروەها سزای ئەو خاوەن كۆیلانەشی تێدا نییە كە (بە زۆر) لەشفرۆشی بە كەنیزەكانیان دەكەن. ئایەتەكە باس لە لەشفرۆشی كەنیزەك دەكات، چاوەڕوان دەكرا یاسایەك دەربارەی خاوەن كەنیزەكانیش لە ئایەتەكەدا هەبوایە.

ئیمامی موسلیم لە ئەبوهورەیرەوە سەرگوزشتەیەكی موحەممەدی نوسیوە:

مَنْ قَذَفَ مَمْلُوكَهُ بِالزِّنَا يُقَامُ عَلَيْهِ الْحَدُّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ.[139]

گەر خاوەندارێك كۆیلەی خۆی لەسەر زینا سزا داو دوایش دەركەوت كەكۆیلەكە بێتاوان بوو، ئەوە خوا لەو دونیا داركاری خاوەنەكەی دەكات.

ئەگەر هاتوو كۆیلەو كەنیزەكێك، بەمانایەكی دیكە، هەژاران, كە بەهۆی سیستەمی ئابوورییەوە بوونەتە ژێردەستە، لەگەڵ خۆشەویستەكەی خۆیاندا سێكس بكەن، هەر لەم دونیا شووڵیان لێ هەڵدەگرنو ئازار دەگەیەننە جەستەیان، لەو دونیاش، بەئاگری دۆزەخ، جارێكی دیكە ئەشكەنجە دەدرێنەوە. بەم پێیەش خەتاباری هەژار لەئیسلامدا، لەهەردوو دونیادا سزا دەدرێ. لەبەرامبەریشدا ئەگەر موڵكدارێك، كە بەهۆی سیستەمی ئابوورییەوە بووەتە خاوەندارو سەرمایەدار، خەتایەك بكات، یاخود كۆیلەیەكی بێتاوان سزا بدات، یان بكوژێ، ئەوە لەم دونیایە وازی لێدەهێنرێ لەناو خۆشییەكانو نازو نیعمەتی سەرمایەو دەسەڵاتی خۆیدا بگەوزێ، تەنها لەو دونیا لێپرسینەوەی لەگەڵ دەكرێ، لێپرسینەوەكەش داركارییە! شەرعیەتدان بەجیاوازی چینایەتی، وای لەدانەری شەرع كردووە كەلێپرسینەوەی چینە باڵاكان لەچینە ژێردەستەكان جیاوازتر بێت. بۆ نموونە ئەو سزایەی بەسەر ژنە ئازادەكاندا سەپێنرابوو، بەڕەوا نەبینراوە بەسەر كەنیزەكیشدا بسەپێنرێت، چونكە پلەیەك

---

138 منتخب كنز العمال في سنن الاقوال والافعال للشيخ العلامة علي المتقي الهندي, باب في احكام البيع. (لە كتێبی المجهول في حياة الرسول وەرگیراوە)

139 صحيح مسلم: كتاب الايمان. باب، التغليظ على من قذف مملوكه بالزنى. حديث1660

خوارتر تەماشا کراون. ڕەنگە ئەمە تاکە بەختێك بووبێت کە کەنیزەکەکان بەر هەڕەشەی بەردباران نەکەوتن.

لەگەڵ هەبوونی ئەم حوکمە گەورەو توندو دڕندانەیەدا (بەردباران) ئیسلام نەیتوانی بنەبڕی گەندەڵییە سێکسیەکانی کۆمەڵگاکەی بکات. حەزو خرۆشاندنی سێکس بەسەر عەقیدەی موسڵمانانادا زاڵ بووەو هەڕەشەی بەردبارانکردن نەیترساندوون. گەر بۆیان کرابێت, ئەگەر لە جیهادیشدا بووبن, لەپێناوی شاردنەوەی حەزو غەریزەکانیاندا درۆیان لەگەڵ موحەممەد کردووە. صەحابەیەك دەگێڕێتەوە: لەگەڵ پەیامبەر چوومە غەزایەك, لەکاتی هاتنە دەرەوەمدا لە خێمەکەم بینیم چەند ژنێك لەدەوروبەرمدان, گەڕامەوە بۆ ناو خێمەکەمو پۆشاکێکم لەبەرکردو ئینجا هاتمەوە بۆ لایان, لەناویاندا دانیشتمو قسەم لەگەڵ دەکردن, پەیامبەر هاتو وتی: ئەی جبیر چییە وا لێرە دانیشتویت.؟ وتم: حوشترەکەم لێ بەلەسە بووە. بەشوێنیدا دەگەڕێم[140]

لەدوا پلەی جیهاددا سێکسو هەوەسەکانی وەك مەسەلەیەکی گرنگ ماونەتەوە. صەحابەیەو لە جیهاددایە, بەڵام کە ژنان دەبینێ, هەوەسی سێکسی دەجولێتو ئەرکی ئیمانداریێتی لەبیر دەچێتەوەو شوێن ئارەزووەکانی خۆی دەکەوێت. سێکس کە دیاردەیەکی سروشتیە لە کلتوری دانیشتوانی نیوە دورگەدا مانای تری هەبووە. ئەمەش ڕاستە, چونکە سێکس لێکدانەوەی میتافیزیکی نییە تا بەئایینەوە ببەسترێتەوە. دیاردە سروشتییەکانیش پەیوەندییان بە گوتاری میتافیزیکییەوە نییە. توندوتیژی میتافیزیکیش ناتوانێ بەر بەو شێوەو شێوازە لە گەندەڵی سێکسی بگرێت, بۆیە هەڕەشەکانی موحەممەد بەری بەزینا نەگرت, بەڵکو زیناکردن بەشێك بووە لەکاروکردەوەی موسڵمانانو صەحابەکانیش بەشداربوون. ئەو چەند ڕووداوەی کە پێشتر وەك نموونە هێناومانەتەوەو لە زینا دەدوێن، بەراورد بەو گەندەڵییەی لە زەمەنی حوکمڕانی ئیسلامدا هەبوون، ژمارەیەکی تا بڵێی کەمو نەبینراون, یەك لە سەدانی ئەو ڕووداوانەش نین کە مێژووی ئیسلام تۆماری کردوون. ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکی دیکەن:

140 ابن اثير: اسد الغابة فی معرفة الصحابة 324/1 باب الجيم (جبير بن النعمان)



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

یەکەم: لەسەردەمی موحەممەددا (نضرة بن اکثم) کچێك مارە دەکات و دەیگوازێتەوە. کاتێك بۆی دەچێتە پەردەوە، دەبینێت کچێنی لەدەست داوەو دووگیانە! موحەممەد بە بڕیارێك منداڵی ژنەکە دەکاتە کۆیلەی نەزرەو لەژن و مێردایەتیش جیایان دەکاتەوە.[141]

دووهەم: پیاوێك دەچێتە لای موحەممەدو پێی دەڵێ: ژنەکەم کوڕێکی بووە ڕەنگی ڕەشەو بەهی خۆمی نازانم. موحەممەدیش پێی دەڵێت: حوشترت هەیە؟ دەڵێ: بەڵێ. موحەممەد پێی دەڵێ: ڕەنگیان چۆنە؟ پیاوەکە دەڵێ: سوورن. موحەممەد پرسیاری لێدەکات: ئایا ڕەنگی تاڵەیان تێدایە؟ پیاوەکە دەڵێ: بەڵێ. موحەممەد دەڵێ: ئەو ڕەنگەیان لەچییەوە پەیدا بووە؟ پیاوەکە دەڵێ: ڕەنگە لە بنەچەیدا هەبوبێت و بۆخۆی چڕی بێت. موحەممەدیش پێی دەڵێت: ڕەنگە کوڕەکەی تۆش لە بنەچەیدا ئەو ڕەنگەی هەبوبێت و بۆخۆی چڕی بێت.[142]

سێهەم: ئەسلەمی هات بۆ لای پەیامبەری خواو چوار جار شاهیدی لەسەر خۆیدا کە زینای لەگەڵ ئافرەتێکدا کردووە. موحەممەدیش ڕووی خۆی لێوەرگێڕاوە. لە جاری پێنجەمدا موحەممەد پێی گوت: ئافرەتەکەت گا.؟ وتی: بەڵێ. موحەممەد پێی وت: هەتا ئەوەی تۆ لە ناو ئەوەی ئەودا ون بوو.؟ وتی بەڵێ. موحەممەد پێی وت: وەك ئەوەی ملچێوك لەناو کلدانو گوریس لەناو بیردا ون دەبێت.؟ وتی بەڵێ. موحەممەد پێی وت: ئایا تۆ دەزانی زینا چییە.؟ وتی: بەڵێ، ئەو کارەم بە حەرامی کردووە کە پیاو بە حەڵاڵی لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا دەیکات. موحەممەد پێی وت: جا تۆ بەم قسانەت دەتەوێ چی بڵێیت.؟ وتی: دەمەوێ پاکم

141 (نضرة بن أكثم أنه نكح امرأة بكرا ودخل بها فوجدها حبلى فجعل النبي صلى الله عليه وسلم ولدها عبدا له وفرق بينهما). المستدرك على الصحيحين. كتاب النكاح. حديث2747

فَقَالَ إِنَّ امْرَأَتِي وَلَدَتْ غُلَامًا أَسْوَدَ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هَلْ لَكَ مِنْ إِبِلٍ قَالَ نَعَمْ قَالَ فَمَا أَلْوَانُهَا قَالَ حُمْرٌ قَالَ هَلْ فِيهَا مِنْ أَوْرَقَ قَالَ إِنَّ فِيهَا لَوُرْقًا قَالَ فَأَنَّى أَتَاهَا ذَلِكَ قَالَ عَسَى أَنْ يَكُونَ نَزَعَهُ عِرْقٌ قَالَ وَهَذَا عَسَى أَنْ يَكُونَ نَزَعَهُ عِرْقٌ. صحيح مسلم. كتاب اللعان، حديث1500 صحيح البخاري، كتاب الطلاق. باب: إذا عرض بنفي الولد. حديث4999



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

بکەیتەوە. موحەممەدیش فەرمانی دەرکردو بەردبارانیان کرد. دوو پیاو لە صەحابەکانی پەیامبەر قسەیان دەکرد، موحەممەد گوێی لێ بوو یەکیان بە ئەوی دی گوت: (بڕوانە ئەو کەسەی خوا نهێییەکەی بۆ شاردبۆوە کەچی وازی لەخۆی نەهێنا تا وەك سەگ بەربارانیان کرد.) موحەممەد لێیان بێدەنگ بوو. ڕۆیشت تا پاش ماوەیەك بەلای تەرسی کەرێکدا تێپەڕ بوو کە بە قاچییەوە نوسابوو، موحەممەد وتی: کوا فلاّنو فلاّن. وتیان ئەوەتاین گوێمان لێتە ئەی پەیامبەری خوا, موحەممەدیش پێی وتن: لەسواری دابەزنو لە تەرسی ئەو کەرە بخۆن.[143]

چوارەم: پیاوێك هاتە لای موحەممەدو وتی: ژنێکم هەیە یەکێکە لە خۆشەویستترین کەس لەلام، کەچی دەست لەکەس ناگێڕێتەوە. (واتە سێکس لەگەڵ هەموو کەس دەکات) موحەممەد پێی دەڵێت: تەلاّقی بدە. پیاوەکە دەڵێت: ناتوانم ئارامیی دووری ئەو بگرم. موحەممەدیش پێی دەڵێت دە برۆ چێژی لێوەربگرەو تێریکە.[144]

پێنجەم: موسڵمانێك چووەتە لای موحەممەدو دانی بەوەداناوە کەزینای کردووە. موحەممەدیش رووی لێوەرگێڕاو وەلاّمی نەداوەتەوە. موسڵمانەکە تاچوار جار پێی وتووەتەوە، موحەممەدیش پێی وتووە ئەوە تۆ دەماری شێتیت تێدایە؟ ئەویش دەڵێ: نەخێر. موحەممەد پێی دەڵێت: لەوەوپێش ژنت هێناوە؟ دەڵێ: بەڵێ. موحەممەدیش فەرمانی بەردبارنکردنی دەدات. موسڵمانانیش بردویانەو بەردبارانیان کردووە. کاتێك ئازار زۆری بۆ موسڵمانەکە هێناوەو لەوەدا بووە هەموو گۆشتەکەی بەبەرد بدرێ، لەدەستی بەردبارانکەران رایکردوە، ئەوانیش شوێنی کەوتنو گرتویانەتەوەو بەردبارانیان کردووە تا مردووە.[145]

---

143 سنن ابي داود. كتاب الحدود، باب، رجم ماعز بن مالك. حديث4428.

144 (جَاءَ رَجُل إِلَى رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ : إِنَّ عِنْدِي اِمْرَأَة مِنْ أَحَبّ النَّاس إِلَيَّ وَهِيَ لَا تَمْنَع يَد لَامِس قَالَ : " طَلِّقْهَا " قَالَ : لَا صَبْر لِي عَنْهَا قَالَ" اِسْتَمْتِعْ بِهَا.) تفسير ابن كثير، النور 3

145 صحيح البخاري، كتاب المحاربين من أهل الكفر والردة. باب، الرجم بالمصلى. حديث6434. صحيح مسلم، كتاب الحدود. باب، من اعترف على نفسه حديث 1691



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

شەشهەم: ماعز بن مالك چووەتە لای موحەممەدو پێی وتووە پاکم کەرەوە (واتە زینام کردووەو بەردبارانم بکە) سەرەتا موحەممەد پێی وتووە: ئاگات لەخۆت بێت، برۆ تەوبەو ئەستەغفیرەڵڵا بکە. ئەویش رۆشتووەو ماوەیەکی زۆری پێچووە، گەڕاوەتەوەو بەموحەممەدی گوتووە: ئەی پەیامبەری خوا پاکمکەرەوە. بەم شێوەیە چوار جار دێتە لای موحەممەدو داوای پاکبوونەوەی لێدەکات. لەچوارهەم جاردا موحەممەد پێی دەڵێت لەچی پاکت بکەمەوە؟ ئەویش دەڵێت لەزینا! موحەممەد پرسیار لەدانیشتوان دەکات: ئایا ئەمە شێت نییە؟ ئەوەی لەوێ دەبێت دەڵێن: نەخێر. موحەممەد پرسیاری کردووە: ئەی مەشروبی نەخواردووەتەوە؟ هەر لەوێدا یەکێك هەڵساوەو بۆنی دەمی کردووەو بە موحەممەدی وتووە: نەخێر سەرخۆشیش نییە. ئینجا پرسیاری لە صەحابەکە کردووە: تۆ زینات کردووە؟ ئەویش دەڵێت: بەڵێ. موحەممەدیش فرمان دەداو بەردبارانی دەکەن.[146] دواتر ئەو ژنە موسڵمانەش بەردباران دەکەن کە زیناکەی لەگەڵ صەحابەکەدا کردووە.[147]

ئەمانەی باسمان کردن چەند سەرگوزشتەیەکن کەباس لەیاسای سزای زینا دەکەن, کە لەناویاندا چەندین زینای صەحابەو ئیماندارەکانی سەردەمی موحەممەد دەخوێنینەوە. لە کتێبەکەی مالکدا (الموطأ) لە سی‌و یەك سەرگوزشتەدا باسی چەندین زینای صەحابەو موسڵمانانی کردووە.[148] بەدەر لەوەی هەر یەك لەم رووداوانە چیرۆکی تایبەت بە خۆی هەبووە، بەڵام ئەنجام هەر ئەوەیە کە ئیسلامو هەڕەشە توندو جەرگبڕەکانی، وەك سوتاندن لە دۆزەخی ئەو دونیاو بەردبارانکردن تا مردنی ئەم دونیا، نەیتوانیوە چارەسەری گەندەڵی سێکس بکات. زانایانی ئیسلام، بەشێوەیەکی نالۆژیکی، دوور لە خوێندنەوەی کاریگەرە سروشتییەکان، ئافرەتیان بە تاوانباری یەکەمو سەرەکی داناوە. دوور لە شیکردنەوەی زانستی پێیانوایە، لە کردەی زیناکردندا، ژن لە پیاو لەپێشترو بەهێزترە.[149]

---

146 صحيح مسلم: كتاب الحدود. باب، من اعترف على نفسه بالزنى. حديث1695

147 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

148 بڕوانە الموطأ. كتاب الحدود، باب مَا جَاءَ فِي الرَّجْمِ.

149 (فعل المرأة في الزنا أقوى، وحيلتها فيه أسبق. لأنها تحتوي على إثم الفعل وإثم المواطأة). هبة الله بن السلامة, الناسخ والمنسوخ. ص104-105



www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

زانستی ئەمڕۆ چارەسەری زۆرێك لەو یاسایانە دەکات کە موحەممەد لە ئایینەکەیدا دایناوە.

لە تاقیگەی پزیشکیداو لە ماوەی پێنج خولەکدا ئەو راستییانە دەردەکەون کە لە ئسلامدا بە سوێندخواردنو چوار شاهیدە تەواو دەبێت. نەبوونی زانست لە ئایینی ئیسلامدا وای لە خەلیفە عوسمان کرد، بەبێ هیچ بەڵگەیەك، فەرمانی بەردبارانکردنی ژنێك بدات تەنها لەبەر ئەوەی لە شەش مانگیدا منداڵێکی بووە. دواتر پەشیمان بووەتەوەو ناردویەتی بەشوێنیدا تا بەردباران نەکرێت، بەڵام کار لەکار ترازابوو، چونکە بە بەرد ژنەکەیان کوشتبوو.[150]

ژنەکانی موحەممەدیش بەشداربوون لە یاساکانی سەبارەت بە زینا. هەڕەشەو گوڕەشەی توندیش لەوان کراوە.

يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ مَنْ يَأْتِ مِنْكُنَّ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ يُضَاعَفْ لَهَا الْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ.[151]

ئەی ژنانی پەیامبەر، هەرکام لە ئێوە بە کاری زینا هەڵسێت ئەشکەنجەکەی بە دوو ئەوەندە بۆ زیاد دەکرێت.

جێی پرسیارە کە بۆچی ئایەتێکی لەم چەشنە لە قورئاندا هەیە! وەك مێژووی ئیسلامو موسڵمانان باسی دەکەن، ژنانی موحەممەد لە پاکترین ژنانی سەر رووی زەوی بوون. لە هەڵە بێگەرد بوونو بە دیدی ئەوان شیاوی ئەوە نەبوون تاوانێکی گەورەی وەك زینا ئەنجام بدەن. ئەو باوەڕەی موسڵمانان شانازی پێوە دەکەن، پێمان دەڵێت: ئایەتێك ژنانی موحەممەدو ژنای خەڵکانی ئاسایی، لەکاری زینادا، وەك یەك تەماشا بکات، پێویست نەبوو لە قورئاندا هەبێت. جگە لەمەش ئێستا یاسای ئەم ئایەتە راوەستاوەو بە مردنی ژنەکانی موحەممەد سوودی نەماوە.[152]

150 (أَنَّ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ أُتِيَ بِامْرَأَةٍ قَدْ وَلَدَتْ فِي سِتَّةِ أَشْهُرٍ، فَأَمَرَ بِهَا أَنْ تُرْجَمَ، فَقَالَ عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ : لَيْسَ ذَلِكَ عَلَيْهَا.و.و.فَلاَ رَجْمَ عَلَيْهَا. فَبَعَثَ عُثْمَانُ بْنُ عَفَّانَ فِي أَثَرِهَا، فَوَجَدَهَا قَدْ رُجِمَتْ). موطأ، كتاب الحدود، باب مَا جَاءَ فِي الرَّجْمِ. حديث2406

151 الاحزاب 30

152 لێرەوە دەردەکەوێت کە ئایەتەکە کاریگەرە یاساییەکەی تا ئەبەد حوکمی نەکرد. ئەمەش لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی قورئانو ئیسلامدا ناگونجێت کە دەڵێن: یاساکانی ئیسلام لە



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Marwan Halabjee www.xwdakan.com

## بەشی دووهەم

## عائیشە و
## ڕووداوی بوختان

گەر موحەممەد بیزانیبایە قسەکردنی ئایینی لەسەر سێکس هێندە ئاڵۆزە، بەتایبەتی کە شارەزایی لێی نییە، نەیدەکردە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئاوها قەبە کەبۆی چارەسەر نەکرێ. بەپێچەوانەوە کارێکی دەکرد، سێکس لەڕووناکیدا بەچاکی پراکتیك بکرێ، نەك لە تاریکیداو بەرێگەیەکی چەوت.

ڕووداوێك کە لە مێژووی ئیسلامدا بە(بوختان، الافك) ناسراوە، یەکێکە لە چیرۆکە سەرسوڕهێنەرەکانی ژیانی جنسی عائیشەو کێشە کۆمەڵایەتییەکانی موحەممەد. ئەم ڕووداوە، لەکاتی خۆیدا، کێشەیەکی گەورەی بۆ (موحەممەد) وەك پەیامبەرێك دروست کردو سەرهەڵدانو کۆتاییهاتنی نزیکەی مانگێکی خایاند. کورتەی ڕووداوەکەش ئەوەیە کە عائیشە لە غەزایەکدا بەتەنیا جێدەمێنێت. کاتێك دەبینرێتەوە لەگەڵ کەسێکدایە بە ناوی صەفوانو لەچۆڵەوانیەوە دەگەڕێنەوە. بەم هۆیەوە سیناریۆیەك ئەم دووانە لەپەڕاوەکانی مێژووی ئیسلامدا نوسراونەتەوە چونکە قسەو باسی زیناکردنیان لە شاری مەدینەو دەورووبەری, بەبێ شەرمی ئەوەی کە باسی یەکێك لە ژنەکانی پەیامبەر دەکەن, زور بەخێرایی تەشەنەی سەندو بە ئاشکرا قسەوباسی زینای عائیشەو صەفوانیان دووبارە دەکردەوە. بەشێوەیەك گەورە کرابوو کەچەندین ئایەتی لەناو قورئاندا بۆ تەرخان کراو بەم شێوەیەش تا ئیسلام مابێت

ئەزەلەوە نوسراوەنو تا ئەبەدیش درێژە دەکێشن. ئەو پرسیارەی لێرەدا سەرهەڵدەدات ئەوەیە: ئایا، لە خۆڕا، ئایەتێکی لەم چەشنە دێتە قورئانەوە؟ وەلاّ ئەوەیە کە ژنانی موحەممەدیش لە کردەی زینا بەدەر نەبوون. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەشمان باسی ڕووداوێکی گەورەی یەکێك لە ژنەکانی موحەممەد دەکەین



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

لەبیرناچێتەوە. ئێمە دەقی رووداوەکە لەسەرچاوەی رەسەنی ئیسلامەوە (بوخاری) وەردەگرین کەخودی عائیشە حیکایەتخوانەکەیەتی:

(بەکورتی) عائیشە دەڵێت: ئەگەر پەیامبەری خوا بەنیازی سەفەر بڕۆیشتایەتە دەرەوەی شار، دەو (تیرووپشك)ی بۆ ژنەکانی دەکردو یەکێکیانی لەگەڵ خۆی دەبرد. لەیەکێك لەغەزاکاندا دەوی کردوو من دەرچووموو لەگەڵی چووم. ئەمەش پاش هاتنی فەرمانی حیجاب بوو. لەکەژاوەیەکدا بووم, پاش ئەوەی پەیامبەری خوا لە غەزاکەی بووەوە، باروبارگەمان پێچایەوەو رووومان لە مەدینە کرد. شەومان بەسەرهاتو لە رێگە لاماندا. کاتێك فەرمان درا بکەوینە رێ، بە نیازی دەستبەئاوگەیاندن لە لەشکرەکە دوور کەوتمەوە. کە تەواو بوومو گەڕامەوە، دەستم برد بۆ سنگم، زانیم کە ملوانکەکەم پچڕاوەو لێم کەوتووە. گەڕامەوەو بەشوێن ملوانکەکەمدا گەڕامو کاتێکی زۆری پێ بەسەربردم. (عائیشە هەر وەك ژنێکی دی بە پیادە یان بە سواری نەبوو، بەڵکو لەسەر حوشترێکی گەورە کەژاوەیەکیان بۆ دروست کردبوو، وەك خۆی دەڵێت:) کەژاوەکە لە حوشترەکە بارکرابوو، کەوتبوونەرێ، وایان زانیبوو منی تێدام. لەو زەمانەدا ژنان کێشیان سووك بوو، لاواز بوونو گۆشتن نەبوون، منیش منداڵو بچووك بووم. کاتێك کەژاوەکەم دەخەنە سەر حوشترەکە، وایانزانیبوو منی تێدام. کە ملوانکەکەم دۆزییەوەو گەڕامەوە، بینیم شوێنەکە چۆڵ بووە. هاوارم کرد، کەس وەڵامی نەدامەوە. کەمێك بەرەو پێش چوومو دواتر گەڕامەوە شوێنی خۆم، وامزانی لەو شوێنەدا بمێنمەوە باشترە، بەو هیوایەی بگەڕێنەوەو هەر لەوێدا بمدۆزنەوە. ئیتر لەوێدا دانیشتمو خەوم لێکەوت.

صەفوانی کوڕی موعەتتەڵی سەلەمی (خزمەتکاری موحەممەد لە ماڵی عائیشەدا) ئەویش لە لەشکرەکە بەجێمابوو، تارمایی کەسێکی خەوتووی بینی، هات بۆ لامو منی ناسییەوەو وتی (إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ). سواری حوشترەکەی کردم, یەك وشە قسەم لەگەڵ نەکرد, بەرەو مەدینە کەوتینە رێ، تا گەیشتینەوە مەدینە, ئیتر بوختانی زینایان بۆ کردین. ئەو کەسەی کە

دەستپێشخەری بوختانەکە بوو (عَبْدُاللّٰهِ بْنُ أُبَيّ ابْنُ سَلُول) بوو.[153] نەخۆش کەوتم. خەڵکانیش قسەی بوختانچیەکانیان دەکرد. نەخۆشیەکەم درێژەی کێشاو لە ئازاردا بووم. هیچ شتێکم لەو سۆزەی پەیامبەری خوا نەدەدی کە پێشتر لە کاتی نەخۆشیدا لێم بینیبوو. من بوختانەکەم نەبیستبوو, رۆژێکیان بە هۆی چوونەدەرەوەم بۆ دەستبەئاوگەیاندن بیستم. بەم هۆیەوە نەخۆشییەکەم زیادی کرد. رۆژێك پەیامبەری خوا هاتەوەو داوام لێکرد مۆڵەتم بدا بچم سەردانی باوكو دایکم بکەم، بەڵکو لەوێ هەموو هەواڵەکە بزانم. ئەویش مۆڵەتی دامو چوومە لای باوكو دایکم. دایکم هەموو شتێکی بۆ گێرامەوە. منیش ئەو شەوە لەوێ مامەوە، چاوانم لە فرمێسکدا وشکیان نەدەکرد تا رۆژ بووەوە.

پەیامبەری خوا، عەلی کوڕی ئەبی تاڵبو ئوسامەی کوڕی زەیدی بانگ کرد، دەربارەی جیابوونەوەی لە من، راوبۆچوونی لێوەرگرتن. ئوسامە بە پەیامبەری خوای وت: عائیشە کەسوکاری خۆتەو من تەنها شتی باشم لێبیستووە. بەڵام عەلی پێیوتووە: ئەوەندە خۆت نارەحەت مەکە، تەلاقی بدە، ژنی وەك ئەو زۆرە! پرسیارێکیش لە کەنیزەکەکەی بکە بزانە چی دەڵێت. کە پرسیاریان لە کەنیزەکەکە کرد، وتی جگە لە باشە شتم لێنەدیوە. ئیتر پەیامبەری خوا دەچێ بۆ مزگەوتو لە دوای نوێژ خوتبەیەك دەداو لەخوتبەکەیدا دەڵێت: کێ لەدەست پیاوێك رزگارم دەکات کەلەناو کەسوکارەکەمدا دوچاری ئازاری کردووم؟! (مەبەستی لە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول بوو, چونکە ئەو وتبووی عائیشەو صەفوان زینایان کردووە). سوێند بەخوا شتی چاك نەبێت لەکەسوکاری خۆمم نەبیستووە، باسی پیاوێکیش دەکەن (مەبەستی لە صەفوانە) جگە لەشتی چاك هیچم لێنەبیستووەو لەگەڵ مندا نەبێت نەچووەتە ماڵمەوە. هەر لەوێدا سەعدی کوڕی مەعاز سەرەك هۆزی (ئەوس) لەناو نوێژکەراندا هەڵدەستێو دەڵێ: رێگەم بدە، ئەگەر ئەو پیاوە لە هۆزی (ئەوس) بێت، بدەم لە گەردنیو بیکوژم، بەڵام ئەگەر لە هۆزی (خەزرەج) بێت، خۆت فەرمان بدە با جێبەجێی بکەین. سەعدی کوڕی عوبادە کەگەورەی خەزرەجییەکان بوو، لەو کاتەدا

153 لەگەڵ چەند کەسانێکی دیکەدا: پیاوێك لە بني عوف, مالك بن أبي قَوْقَل، سُوَيْد، دَاعس.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

هەڵساو لە سەعدی کوڕی مەعاز توورەبوو، پێی وت: درۆت کرد، سوێند بە خوا نایکوژیو ناشتوانی بیکوژی. هەر لەوێدا (أُسَيْدُ بْنُ حُضَيْرٍ) هەڵساو ڕووی کردە گەورەی خەزرەجییەکانو پێیوت: بەخودا درۆت کرد، سوێند بە خوا دەیکوژینو تۆش منافقیت بۆیە وا بەرگری لەمنافق دەکەیت. بەم شێوەیە هەردوو هۆزی ئەوسو خەزرەج بوو بەشەڕە قسەیانو هیچی وای نەمابوو پێکداهەڵپژێن، پەیامبەری خوا هێوری کردنەوەو بێدەنگی کردن.

منیش ئەو ڕۆژانە هەر دەگریام. پەیامبەری خوا کە تائەوکاتە لەم بارەیەوە وەحی بۆ نەهاتبوو (نزیکەی مانگێکی خایاند) هاتەوە بۆ ماڵەوەو پێی وتم: ئەگەر بێتاوانیت ئەوا خوا فریات دەکەوێت ئەگەر گوناهت کردووە پەشیمان بەرەوە چونکە خوا پەشیمانی لەتۆ قبوڵ دەکات. منیش پێم وت: سوێند بەخوا ئەزانم هەمووتان بڕواتان کردووە کە من زینام کردووە، ئەگەر بڵێم بێتاوانم کەستان بڕوام پێناکەن ئەگەر بڵێم ئەم گوناهەم کردووە ئەوا خوا دەزانێ نەمکردووە، ئێوەش بڕوا دەکەن کە کردوومە، تەنها ئارام بگرم باشە، بەڵکو خوا فریام کەوێت. ئیتر منیش لەجێگەی نەخۆشییەکەم هەڵسامەوە، تکاکاربووم خوا پاکێتیم دەرخات، بەڵام سوێند بەخوا نەمدەزانی خوا لەسەر من وەحی دادەبەزێنێت. من زۆر لەوە کەمترم خوا دەربارەی من شتێك بڵێت. هیواخوازبووم کە پەیامبەری خوا لەو بارەیەوە بەخەوبینینێك پاکیزەیی منی بۆ دەرکەوێت, لە چاوەڕواننەکراوێکدا پەیامبەری خوا بەپێکەنینەوە پێی وتم: ئەی عائیشە، سوپاسی خوا بکە ئەوە خوا پاکێتی تۆی دەرخست.[154]

پاکیزەیی عائیشەش بەم چەند ئایەتە باس کراوە:

(إِنَّ الَّذِينَ جَاؤُوا بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِّنكُمْ لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَّكُم بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُم مَّا اكْتَسَبَ مِنَ الْإِثْمِ وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ لَوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ الْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بِأَنفُسِهِمْ خَيْرًا وَقَالُوا هَذَا إِفْكٌ مُّبِينٌ لَوْلَا جَاؤُوا عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاء فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا

---

154 **بۆ تەواوی ڕووداوەکە بڕوانە** صحيح البخاري، كتاب الشهادات، باب تعديل النساء بعضهن بعضا. حديث2518 صحيح المسلم. كتاب التوبة، باب في حديث الإفك وقبول توبة القاذف. حديث2770 **لەسەر هێڵی ئینتەرنێتنیش بروانە ئەم ماڵپەڕە بە سەرگوزشتەی بوخاری ژمارە** (2467)

بِالشُّهَدَاء فَأُوْلَئِكَ عِندَ اللَّهِ هُمُ الْكَاذِبُونَ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ لَمَسَّكُمْ فِي مَا أَفَضْتُمْ فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ إِذْ تَلَقَّوْنَهُ بِأَلْسِنَتِكُمْ وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُم مَّا لَيْسَ لَكُم بِهِ عِلْمٌ وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّنًا وَهُوَ عِندَ اللَّهِ عَظِيمٌ وَلَوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ قُلْتُم مَّا يَكُونُ لَنَا أَن نَّتَكَلَّمَ بِهَذَا سُبْحَانَكَ هَذَا بُهْتَانٌ عَظِيمٌ يَعِظُكُمُ اللَّهُ أَن تَعُودُوا لِمِثْلِهِ أَبَدًا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ).[155]

(ئەوانەی بوختانەکەیان هەڵبەستبوو گرووپێك بوون لەخۆتان. وانەزانن بۆ ئێوە خراپ بوو، بەڵکو مایەی خێرە بۆتان. تاوانی هەر یەك لەوانە لەگەردنی خۆیانە. ئەو کەسەش کەبوختانەکەی گەورە کرد سزایەکی سەختی دەگاتێ. دەبوایە پیاوانو ژنانی ئیماندار، بەگوێبیستی دەنگوباسەکە، بەچاکی لێکیان بدایەتەوەو بیانوتایە ئەمە بوختانێکی ئاشکرایە, دەبوو چوار شاهیدیان بهێنایە، ئەگەر چوار شاهیدیان نەهێنا، ئەوە لەلای خوا درۆزنن. ئەگەر فەزڵو بەزەیی خوا لەم دونیاو ئەو دونیا نەبوایە دوچاری سزایەکی گەورە دەبوون. دەماودەم شت دەڵێنەوەو باسی شتێك دەکەن کەئاگاتان لێی نییە، وادەزانن هەروا شتێکی سادەو ئاسانە، لەکاتێکدا لای خوا زۆر گەورەیە. کاتێك گوێتان لە دەنگۆکە بوو، دەبوو بتانوتایە ئێمە قسەی وا ناکەین، ئەمە بوختانێکی گەورەیە. خوا تەمبێتان دەکات، ئەگەر باوەڕدارن هەرگیز بوختانی لەو شێوەیە دووبارە نەکەنەوە.و.)



موحەممەد, بەهێنانی ئەم چەند ئایەتە، عائیشە لە کێشەو بەردبارانکردنی ئایینەکەی رزگار دەکات. قسەو باسیش لەناو خەڵکیدا نامێنێو چیتر کەس باسی ناکات. هەر ئەمەش وای لە موسڵمانان کرد شەوێك ناو بنێن بە شەوی بەرات، تا هەموو ساڵێك لە یادەوەری ئەو

155 النور 11 وما بعدها



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

رووداوە تاڵەیاندا شیرینی بەسەر منداڵەکاندا ببەخشنەوە، بەو هیوایەی لەم رێگەیەوە پاکیزەیی عائیشە بۆ منداڵەکان بسەلمێنن، تا لەگەورەبوونیاندا بەرگری لە یەکێك لە ژنەکانی موحەممەد بکەنو بڵێن زینای نەکردووە. چونکە منداڵ لەتەمەنی پەروەردەکردندایەو ئاستی هوشیاری کەمە. نازانێ راستو دروست کامەیەو پرسیار دەربارەی ئەو جۆرە رووداوانە ناکات کە پرسیاری لۆژیکی دروست دەکەن. بۆیە زۆر بەئاسانی دەبنە هەڵگری بیروبۆچوونی قسەکەر.

ئێمەش قەرزداری مێژوونووسانی ئیسلامین کەبەهۆی ئەوانەوە ئەم چیرۆکەمان زانی. چیرۆکێك بەشێوەیەکی دروست باس لەواقیعیەتی ژنێك دەکات کە بەهۆی دەستوری رەشۆکیەوە، لەتەمەنی نۆ ساڵیدا، دەبێتە ژنی کەسێکی تەمەن پەنجاو چوار ساڵ. بەتێپەڕبوونی چەند ساڵێك گەورە دەبێو تێدەگاو هۆشداری ئەوەی لا دروست دەبێت کە خاوەنی کەسایەتیو هەستو غەریزەی سێکسیە. پێشوەخت هیچ کەسێك، تەنانەت باوكو دایکیشی، رێزیان لەم حەزو ئارەزووانەی نەگرتووە، بەڵکو دوچاری چارەنوسێکیان کردووە کەلەتەمەنی هەژدە ساڵییەوە مێردەکەی بمرێو تا مردنی بە بێوەژنی بمێنێتەوە. لە هەموو مافە سەرەتاییو ئارەزووەکانیشی بێبەش بێت. هەر ئەم راستیانەشە وای لە عائیشە کردووە لەناو رووداوێکی لەم شێوەیەدا بژیو بەچیرۆکێکیش بەرگری لە خۆی بکات کە زیاتر لە پاساوهێنانەوە دەچێت نەك نکوڵی لێکردن.

گەر کەمێك لە عائیشە دوور بکەوینەوەو بێینەوە لای موحەممەد. عائیشە زینای کردبێت یان..نا موحەممەد بە لایەکدا تاوانبار دەردەچێت. ئەگەر زینای نەکردبێت ئەوە کاتێك موحەممەد کە لە مزگەوتەکانەوە باسی پاکیزەیی عائیشەی کردووە, راستی کردوە بەڵام لەگەڵ خودی عائیشەدا تاوانبارە چونکە لەگەڵی باش نەبووەو ماوەی مانگێکیش لێی دوورکەوتووەتەوەو قسەی لەگەڵ نەکردووە, لەکاتێکدا عائیشە نەخۆشیش بووە. لێرەدا دادپەروەری موحەممەد دیار نییەو بۆ یەکێك لە ژنەکانی بە نادادپەروەرو بەدگومان تاوانبار دەکرێت, پێی وتووە (گەر زینات کردووە تەوبە بکە چونکە خوا تەوبە لەتۆ قبوڵ دەکات) عائیشەش زینای نەکردووەو بێتاوانە! ئەی دادپەروەری موحەممەد کوا!؟ خۆ ئەگەر عائیشە

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

زینای کردبێت, ئەوە موحەممەد درۆزنە, چونکە لە مزگەوت باسی لە پاکیزەیی عائیشە کردووەو کردەی زینای داپۆشیوە.

لەکاتی خۆیدا راستیو حەقیقەتی ئەم رووداوە لای صەحابەیەك بەناوی حسان بن ثابت یەکلایی بووەتەوە. دوای قسەوباسی پاکیزەیی عائیشە لەکاری زینا، ئەم صەحابەیە بڕوای نەکردووەو سووربووە لەسەر ئەوەی عائیشە زینای کردووەو هەروەها صەفوانیش وەك خزمەتکارێك خیانەتی لەموحەممەد کردووە. بۆیە صەفوان بەرەنگاری حەسسان بووەتەوە, شەڕ لەنێوانیاندا روویداوەو حەسسان بریندار بووەو داوای خوێنی کردووە. لەبەر ئەوەی صەفوان خزمەتکاری موحەممەد بووە, کێشەکەیان بەوە چارەسەر بووە کە موحەممەد کەنیزەکێکی خۆی بەناوی سیرین ببەخشێت بە حەسسان.[156] ئەم سیرینە خوشکی ئەو مارییەیە کە لەگەڵ مابووردا، هەرسێکیان وەك دیارییەك لەلایەن پادشایەکەوە بۆ موحەممەدی پەیامبەر نێردرابوون.

جێی خۆیەتی کە بڵێین ئەم نەریتە ڕەشۆکییە, کە بۆ کپکردنەوەی ئاژاوەیەك ئافرەتێك پێشکەش بکرێت, تا ئێستاش لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا ماوەتەوەو بەشێوەیەکی زۆر بێزراوانە سوکایەتی بە ژنان بەردەوامە. لە ئەنجامی شەڕی خوێناوی نێوان دوو بنەماڵە یاخود کەسوکار, هۆز, خێڵو عەشرەت وا ڕوویداوە کە لەکاتی ئاشتبوونەوەیاندا لایەنێکیان ئافرەتێك یان زیاتر ببەخشێت بەلایەنەکەی تر. ئەم کارەش دوو دەرئەنجامی بەدیهێناوە, یەکەمیان ئەوەی نیشانداوە کە ئەو لایەنەی ئافرەتەکەی بەخشیوە, بەپێی ڕێکەوتنامەکە, خەتابار بووە. جا ئەگەر دەستی لە هەڵگیرساندنی شەڕەکە هەبوبێت یاخود لەکاتی شەڕەکەدا خوێنی زیاتری لە لایەنەکەی تر ڕشتبێت. دەرئەنجامی دووهەم ئەوەیە کەبەخشینی ئافرەت لە دوای ئاشتبوونەوە خزمایەتیو هاتووچۆو تێکەڵاوی لە نێوان شەڕکەرەکاندا دروست دەکات, ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی متمانە لەدووبارەنەبوونەوەی شەڕ لە نێوانیاندا. بەم شێوەیە کلتورێکی دەشتەکی کە موحەممەد پیادەی کردوو بەهۆی ئافرەتێکەوە

---

156 سيرة ابن هشام ، الجزء الثاني في مسألة الافك، هەروەها ابن الاثير، أسد الغابة في معرفة الصحابة، باب، الصّاد والألِف ذكر، صفوان بن المعطّل.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

خزمەتکارێکی خۆی لە کوشتن رزگار کرد, لە ئیسلامدا بووە بە ڕێورەسمێکی شایستە. بەمانایەکی دیکە ناوگەڵی ئافرەت لە ئیسلامدا پشکی سەرەکی لە ئاشبوونەوە یان شەڕی خوێناوی نێوان موجاهیدەکانی ئیسلامدا دەبینێت.

ئیسلام پاساوی جۆراوجۆر بۆ ئەم جۆرە چیرۆکانەی ژیانی موحەممەد دەهێنێتە ئاراوە. بەناوی بەرژوەندی کۆمەڵایەتی، سیاسی، شەرعی، حەڵاڵو حەرام، دڵڕاگرتنی کەسایەتییەکان، ئەم کێشەیەی بە ئایەت چارەسەر کردووە. زۆر بە ئاسانی دەتوانین لە ڕێی ئەو پاساوانەوە بەنێو ڕەهەندی ژیانی سێکسیی عائیشە ڕۆبچینە خوارەوەو زۆرێك لە نهێنییەکانی ئاشکرا بکەین.

بۆ ئەوەی بۆچوونەکەمان دەربارەی ئەم ڕووداوەی عائیشە جێی خۆی بگرێت، پێویستە کەمێك بەسەر ئەو ئایەتانەدا بچینەوە کە پاکیزەیی عائیشە دەردەخەن. وردبیینەوە قورئان چۆن چارەسەری مەسەلەیەکی وەها گرنگی مێژوویی کردووە. سەرەتا بۆ جارێکی دیکە ئایەتەکان دەخوێنینەوە:

(ئەوانەی بوختانەکەیان هەڵبەست دەستەیەك بوون لەخۆتان. وانەزانن کەوا ئەو بوختانە خراپ بوو بۆتان، بەڵکو مایەی خێر بوو. تاوانی هەر یەك لەبوختانکەران لەگەردنی خۆیانە. ئەو کەسەش کەبوختانەکەی گەورە کرد سزایەکی سەختو گەورەی بۆ ئامادەکراوە. دەبوایە هەر دوای بوختانەکە ئیماندارانی پیاوانو ژنان گومانیان لەپاکیو چاکی خۆیان نەبوایەو بیانوتایە ئەمە بوختانێکی ئاشکرایە. دەبوو بوختانچییەکان چوار شاهیدیان بهێنایە بۆ سەلماندنی قسەکانیان، ئەگەر چوار شاهیدیان نەهێنا ئەوە ئیتر لەلای خوا لەدرۆزنەکانن. ئەگەر فەزڵی خوا لەم دونیاو ئەو دونیا نەبوایە دوچاری سزایەکی گەورە دەبوون. ئەوە بۆچی دەماودەم شت دەڵێنەوەو باسی شتێك دەکەن کەئاگاتان لێی نییە؟ ئایا وادەزانن ئەو بوختانە هەرئاوا شتێکی سادەو ئاسانە، لەکاتێکدا ئەوە لای خوا زۆر گەورەیە؟ دەبوو کاتێك گوێتان لەبوختانێکی وەها بوو، بتانوتایە ئێمە قسەی وا ناکەین، ئەمە بوختانێکی گەورەیە. خوا ئامۆژگاریتان دەکات ئەگەر باوەڕدارن هەرگیزاو هەرگیز شتی وەها دووبارە نەکەنەوە..و..و.)



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

جگە لە هەردوو کتێبە مێژووییە بەناوبانگەکەی دونیای ئیسلام (اسباب النزول)ی جەلالەینو واحدی، راڤەکارە گەورەکانی مێژووی ئیسلامیش، وەك: ابن كثير[157] و القرطبي[158] و الطبري[159] لە کاتی راڤەکردنی ئەم ئایەتانەدا بەراشکاوانە باس لە رووداوی زیناکە دەکەنو هۆکاری دەرکەوتنی ئایەتەکان دەبەستنەوە بە بەسەرهاتەکەی عائیشەوە. لێرەوە نابێت گومانمان لە مەبەستی دەرکەوتنی ئایەتەکان بۆ ئەو رووداوە هەبێت.[160]

وەك لە سەرەتاکەیدا دیارە، بێ ئەوەی هیچ زانیارییەکمان لەسەر رووداوەکە بداتێ یەکسەر دەڵێ ئەم رووداوە بوختانە. سەرەتاو کۆتایی رووداوەکە رەت کراوەتەوە. لێرەوە دەگەینە ئەو ئامانجەی کە موحەممەد مەبەستێتی، ئەویش رەتکردنەوەی یەکلەبەری رووداوەکەیەو تاوانبارکردنی چەند کەسانێکیشە بە دروستکردنی بوختانەکە. دوابەدوای ئەوەش، بەشێوەیەکی تایبەتی، سزایەکی سەخت بۆ دروستکەرانی بوختانەکە دیاریدەکات، بە شێوەیەکی گشتیش موسڵمانان تاوانبار دەکاتو لە رێی قورئانەوە داوای هەڵوێستیان لێدەکات. بە موسڵمانان دەڵێت: (بەبێ ئەوەی ئاگاداری رووداوەکە بن، دەماودەم بوختانەکەتان گێڕاوەتەوە. دەبوو رووداوەکەتان بە راست نەزانیبایە، بۆیە پێویستە سزا بدرێن، چونکە بوختانێکی لەو شێوەیە بەلای خواوە تا بڵێی گەورەیە.) بەم جۆرە موحەممەد سەرنجی موسڵمانان بۆلای کێشەی خۆیان رادەکێشێت نەك کێشەی زینای ژنەکەی خۆی! بەڵام لەبەر ئەوەی لەو دەمەدا نەیتوانیوە سزای گشت خەڵکی بدات، باسی بەزەیی خوایان بۆ دەکاو پێیان دەڵێت: (ئەگەر رەحمی خوا نەبوایە ئەوا دووچاری سزایەکی زۆر توند دەبوون.) بەڵام لەبەر ئەوەی بوختانچییە سەرەکییەکان چەند دانەیەکنو دیارن، دەڵێ: (لەم

---

157 هذه العشر آيات كلها نزلت في شأن عائشة, تفسير ابن كثير, النور 11

158 سبب نزولها ما رواه الأئمة من حديث الإفك الطويل في قصة عائشة. تفسير القرطبي: النور 11-22

159 الَّذِينَ جاءُوا بالإِفْكِ عُصْبَةٌ مِنْكُمْ الذين قالوا لعائشة الإفك والبهتان. تفسير الطبري, النور 11

**160 خوێنەر دەتوانێت بڕوانێتە تەفسیرەکان، بۆ هەر یەکەیان لە سورەتی النور ئایەتی 11 بە دواوە.**



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

سزایە رزگاریان نابێت). جا لەبەر ئەوەی سەرەکیترین کەسیش لە بوختانچییەکان عەبدوڵڵایەو ئەم ناوبراوە ئەندامی هۆزێکی گەورەی ناو مەدینەیەو پشتی دەگرن، ناتوانێت سزای بدات. بۆیە پاڵپشت بە قورئان، داوا لە بوختانچییەکان دەکات چوار شاهید ئامادە بکەن تا قسەکانیان بسەلمێنن. خۆ ئەگەر چوار شاهید ئامادە نەکەن ئەوە وەك درۆزن تەماشا دەکرێن. ئەگەر جارێکی تر بوختانێکی لەو شێوەیە دووبارە ببێتەوە خوا لێیان نابورێتو کارەساتێکی گەورەیان بەسەر دەهێنێت).

حوکمەکانی ئەم ئایەتە تا بڵێی زۆرن. پوختەی چیرۆکەکەش پێمان دەڵێت عائیشە زینای کردووە. ئەو پاساوانەی عائیشە بۆ نەکردنی زینا هێناونی، لاوازن. بۆ روونکردنەوەو بە ئەنجام گەیشتنی ئەم راستیانە پێویستە چەند لایەنێك روون بکەینەوە کە پەیوەندییان بە کاتو شوێنەوە هەیە:

سەردەمی رووداوەکە هەزارو چوار سەد ساڵ زیاترەو کاتەکەی شەوە، تاریکە، لەباسکردنی رووداوەکەدا ئەوە روون نەکراوەتەوە مانگەشەو بووە یان..نا تا بتوانین بەشێوەیەکی زانستی بەرچاوروونی شەوەکە دیاری بکەین. کاتەکەی پشوودانی ئیماندارەکانی ئیسلامە، لەئەنجامی شەڕو داگیرکردنو قەتلوعامکردنی هۆزێك توشی هیلاکیو برسێتی هاتوون. لەشوێنێکدا لایانداوەو بۆ ماوەیەکی کەم پشوو دەدەنو بەرەو شاری مەدینە بەرێدەکەونەوە.

شوێنەکەش بیابانە. دوور لە ئاوەدانییە. وەك هەموو ناوچەکانی دیکە شوێنی دەستبەئاوگەیاندنی تێدا نییە. کاروانو جەنگاوەرانی سوپای ئیسلام بڵاوەیان کردووە. هەر کۆمەڵەو لە شوێنێکدا خەریکی دابینکردنی خواردنو جێبەجێکردنی پێداویستییەکانیانن. بەرنامەیان وایە دوای خواردنو پشوودان خۆیان کۆدەکەنەوەو بەرێدەکەون.

دوو کەس لە سوپاکە جێدەمێننو شانۆنامەیەك بۆ مێژووی ئیسلام دەنوسنەوە. ئەکتەرەکانی پەردەی یەکەمی ئەم شانۆییە تەنها دوو قارەمانن، یەکێکیان کەسێکی ناوداری مێژووی ئیسلامە، کە ئەویش عائیشەی ژنی موحەممەدە، یەکێکی دیکەش، کە لەمێژووی ئیسلامدا جگە لە دەورێکی کۆمبارس هیچ شتێکی دیکەی لێ نەزانراوە. جگە لەم رووداوە کە کردییە یەکێك لە ناودارەکانی مێژوو، شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەنوسراوەو سێ



www.xwdakan.com net org

سەرگوزشتەی باوەڕپێکراوی ئەم ناوبراوە لەپەڕتووکە ناودارە باوەڕپێکراوەکاندا نییە. شەڕکەرو موجاهیدو کاتب وەحی نەبووە. تەنانەت ماوەیەك پێش شەڕی بەنی موصتەلیق، یان پێش شەڕی خەندەق بووەتە موسڵمان. واتە چەند ساڵێك دوای کۆچو[161] هەرزەکاریش بووە!

بەپێی ئەوەی عائیشە خۆی باسی دەکات صەفوان, کە یەکێك دەبێت لەو گەنجانەی پێش ئەوەی حیجاب بەسەر ژنە ئازادەکانی موسڵماناندا بسەپێت، عائیشەی دیوە. واتە بەسەرو ملو شانی رووتەوە دیویتی. هاتووچۆی ماڵیانی کردووە. وەك موحەممەد لەناو رووداوەکەدا باسی دەکات، خزمەتی ماڵەکەی کردووەو پێداویستییەکانی جێبەجێ کردووە.

صەفوان گەنجەو[162] عائیشەش کیژۆڵەیەکی کەم تەمەن. صەفوان هەژارە، بۆیە خزمەتکارە. عائیشەش لە صەفوان بچوکترە, تەمەنی لەنێوان دوانزە تا چواردە ساڵاندایە. ژنی پادشایەکی روولەدەرە, مێردەکەی پێشەوایەکە بەلایەنی کەمەوە تەمەنی لە پەنجاو حەوت ساڵ تێپەڕی کردووە. جگە لە ناسینو هاتوچۆکردنی لەگەڵ صەفواندا، پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیو خزمایەتی لە نێوانیاندا نییە. لەبەر ئەوەی صەفوان، لە رووی داراییەوە هەژارە، کەنیزەکی نەبووەو خزمەتکاریشی نەبووە، بەڵکو خۆی کۆیلەو خۆی خزمەتکار بووە. گەنجێکی لەم شێوەیە، لە ناو کۆمەڵگایەکی گەرمنشینی پڕ لە سێکسو پڕ لە دەستکەوتی کەنیزەك، بێ سێکس ئاوێتە نابن.

عائیشە ژنی کەسێکی پیرە. مێردەکەی، بە لایەنی کەمەوە لە پانزە شەودا یەك جار دێتە لای و جووتبوونی سێکسی لەگەڵ دەکات.[163] ئەویش ئەگەر وای دابنێین لەو هەژدە ژنەی

---

161ابن الاثیر، أسد الغابة في معرفة الصحابة، باب، الصّاد والألِف ذکر، صفوان بن المعطّل.

162 دەڵێن لە ئەنجامی بریندارببوونی لە ساڵی پەنجاو هەشتی کۆچیدا مردووە، کەواتە لەکاتی چیرۆکەکەدا هەرزەکار بووە. بڕوانە: ابن الاثیر، أسد الغابة في معرفة الصحابة، باب، الصّاد والألِف ذکر، صفوان بن المعطّل.

163 لەبەشی موحەممەدو سێکسدا بەوردی باسمان لەم چەمکە کردووەو ئاماژەمان بەسەرچاوەکەی داوە.

لەبەشی موحەممەدو سێکسدا ژماردمانن کەمتری هێنابێت. کیژۆڵەیەکی گەنج، دوور لە هەموو کێشەیەکی ئابووریو کۆمەلایەتی, خزمەتکاری هەبووەو بە فەرمانکردن کاری بۆ جێبەجێ بووە. بەلاَم لە هەموو خۆشییەکانی ژیانی سێکسی دوور خراوەتەوەو حیجابی بەسەردا سەپاوە, بە حوکمی ئیسلام, بۆ گۆڕەکەیو مالّی باوکی نەبێت, نابێت لەمالّەکەی خۆی بچێتە دەرەوە.

عائیشە باس لەوە دەکات لەکاتی سەروبەندی رۆشتندا بۆ دەست بەئاوگەیاندن دوور کەوتووەتەوە. ئەمەش پاساوێکی لاوازە. ئایا لە شەوێکی تاریکدا دەهێێت ئەوەندە دوور بکەوێتەوە؟ ئەی ئەوە چۆن بوو زۆری پێچوو؟ ئایا ماوەی دەستبەئاوگەیاندن زۆرترە یاخود کۆکردنەوەی شتومەکی سوپایەك کە چەندین ولاَخو حوشتری بارهەلّگری تێدا بووە؟

ئەی ئەو هەموو پاکانەیە چییە عائیشە بۆ خۆی دەیکات: (کەژاوەکە لە حوشترەکە بارکرابوو، کەوتبوونەرێ، وایان زانیبوو منی تێدام. لەو کاتەدا ژنان کێشیان سووك بوو، لاواز بوونو گۆشتن نەبوون، منیش مندالّو بچووك بووم. کاتێك کەژاوەکەم دەخەنە سەر حوشترەکە، وایانزانیبوو منی تێدام. یەك وشە قسەم لەگەلّ صەفوان نەکردووە.) گەر یەکێك بەرگری لەخۆی بکات, بەلّگە دەخاتە روو یاخود پاکانە بۆ خۆی دەکات؟؟.

دواتر باسی بزربوونی ملوانکەیەکمان بۆ دەکات. ئەم پاساوەش لاوازە. مێژوونووسانی ئیسلام باسی هەژارىو نەداری ژنانی موحەممەدی ئیسلامان بۆ دەکەن بەشێوەیەك کە لەگەلّ موسلّماناندا یەکسان بوونو باری داراییان لە لێواری برسێتیدا بووە. ئەم ملوانکەیە چیی بوو لەم چیرۆکەدا دەردەکەوێت؟ ئەو رێکەوتە چی بوو عائیشە ملوانکەکەی ون بکات؟ یاخود ئەو ماوە زۆرە بۆ دۆزینەوەی ملوانکەکە بۆ؟

عائیشە کەژاوەی هەبووە. خزمەتکارەکانی، بەتایبەتی کەنیزەکەکانی خۆی، لەکاتی چاکردنو بارکردنی کەژاوەکەدا ئەوە چۆن بوو نەیانزانی عائیشەی تێدایە یان نا؟ ئەو رێکەوتە چۆن لێکبدەینەوە کەژاوەکەی بخرێتە سەر حوشترەکەی بێئەوەی ئاگایان لە عائیشە بێت؟!

ئەوە چۆن بوو صەفوانیش لە کاروانەکە بەجێ مابوو؟ بۆ صەفوان بوو، کە پێشتر هاتووچۆی عائیشەی کردووە، بۆ موسلّمانێکی تر نەبوو؟ ئەو پاساوە نالۆژیکییە چییە کە



www.xwdakan.com  net  org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

دەڵێن بۆ كۆكردنەوەی كەلوپەلە بەجێماوەكان مابووەوە؟ بۆ لە ڕووداوەكانی تردا باسی بەجێمانی صەفوان نەكراوە؟ ئەم كەسە نەناسراوە, كە تازە موسڵمان بووە, چی بوو وا كردیانە موجاهیدێكی متمانەپێكراوی ناوداری مێژووی ئیسلام؟ ئەی ئەوە چۆن بوو موحەممەد عائیشەی لەبیرچوو بوو؟ ئایا سەركردە، بەشێك لە ژیانی خۆی، هاوسەری خۆی، خۆشەویستترین ژنی خۆی لەبیر دەكات؟

لەراستیدا لەم پێودانگەی خوارەوە دەتوانین بگەینە ئەو بڕیارەی كە عائیشە زینای كردووە یان نا: موحەممەد لەگەڵ عائیشەی ژنیو سوپایەكی گەورە بەرەو شەڕی بەنی موستەلیق چووە. لەو شەڕەدا ناوچەو هۆزە نەیارەكانی ئیسلام كاولو كۆمەڵكوژ كراون. موحەممەدو موسڵمانان، جگە لەدەستكەوتی ماڵی، چەندین ژنیشیان بەدیل گرتووەو لەنێو خۆیاندا دابەشیان كرووە. موحەممەد لەم جۆرە شەڕو كارو كردەیەدا ئەزموونی هەیە. لە شەڕگەكانی دیكەدا, ژنانی وەك ڕێحانە لە بەنی قورەیزەو صەفییەی لە خەیبەر, دەستكەوت بووەو هەر ئەو شەوەش لەگەڵیان جووت بووە. لەم شەڕەشدا, كە دەكاتە شەڕی بەنی موستەلیق, جوانێكی ناودار بەناوی جوەیرییە دەبێتە دیلی سابت ناوێكو دواتر موحەممەد هەر لەو ڕۆژەدا بە پارە لێی كڕیوەتەوە.

عائیشەش كەسێكی سێكسی بووە. بۆ نموونە جارێكیان لەگەڵ حەفصەدا نەخشەی پیلانێك لە موحەممەد دەكێشن كە نۆبە شەوی یەكتریان بگۆڕنەوە بێئەوەی موحەممەد بزانێت, هەر یەكەو شەوێك بچێتە لای. بەرێكەوت یەكەم شەو وابووە كە حەفصە بچێتە لای, لەشەوی درەنگدا عائیشە لەپیلانەكەی پەشیمان دەبێتەوە, هەست بە بێ موحەممەدی دەكات, لەهەراسانیداو بێئارامیدا هەردوو قاچی دەخاتە ناو گژوگیاو دڕكو داڵەوەو دەڵێت: خوایە لەتۆڵەی ئەم هەڵەیەی كە كردمو ئەمشەو لەهاودەمی موحەممەد دابڕام, دووپشكێك یان مارێكم بۆ بڕەخسێنە با پێمەوە بدات.[164] سێكس هەرەسی بۆ هێنابوو, لەبری ئەوەی ئەو

164 فقالت حفصة: ألا تركبين الليلة بعيري وأركب بعيرك، تنظرين وأنظر؟ فقالت: بلى، فركبت، فجاء النبي صلى الله عليه وسلم إلى جمل عائشة وعليه حفصة، فسلم عليها، ثم سار حتى نزلوا، وافتقدته عائشة، فلما نزلوا جعلت رجليها بين الإذخر وتقول، يا رب سلط



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

شەوە لە سێکس دابڕابوو, حەزی لە مردن کردبوو. کەسێکی سێکسی لەم چەشنە ئارام ناگرێت مێردەکەی بەو شێوەیەی لەگەڵ بکات.

دیمەنەکان بەرەو روونبوونو ئاشکراتر دەچن. رەنگە هەر لەو شەوەدا بوو بێت کە موحەممەد لە عائیشە دوور کەوتۆتەوەو لەگەڵ جوەیرییەی جوانی ناودارا جووتبووبێت کە لە مەیدانی شەڕدا چنگی کەوتبوو. لەکاتی بارپێچانەوەشدا خەمی عائیشەی نەبووەو لە گەڕانەوەشیدا لەبیری کردووە. خودی عائیشە دەڵێ: جوەیرییە ژنێکی روخسار جوان بووەو رقم لێی بووەتەوە.[165] نەیویستووە ئەم غەدرە گەورەیەی کە موحەممەد لێی کردووە هەروا بە ئاسانی بەسەریدا تێپەڕ ببێت. لە پەرچەکردارێکدا لەگەڵ صەفواندا رێکدەکەونو لەکاتی پشووداندا، لە شوێنی نیشتەجێی سوپاکە دوور دەکەونەوەو لێکدەئاڵێن. بەم هۆیە ماوەیەکی زۆر ماونەتەوەو کاتێك بەخۆیان زانیوە لە تاریکیدا کاروانەکە بەجێی هێشتوونو بەجێماون.

قورئان دەڵێت عائیشە پاکەو زینای نەکردووە. تێڕوانینی ئەمەش پەیوەندی بە دوو لایەنەوە هەیە، عەقیدەو لۆژیك. هەر موسڵمانێك باوەڕی پتەوی بە ئیسلام هەبێت، دەبێ باوەڕ بەوە بکات کەبنەمای رووداوەکە لە سەر چیرۆکێکی پڕ لە بوختان وەستاوە. لەئاست رووداوێکی مێژوویی وەها گەورەدا کەڕو کوێرو هیچنەزان بێتو پرسیار نەکاو بەشوێن راستییەکاندا نەگەڕێت. ئەو تاکە پاساوەی کە قورئان بۆ پاکێتی عائیشە لە کاری زینا نیشان دەدات ئەوەیە لە کاتی جووتبوونی عائیشەو صەفواندا چوار کەس، وەك شاهید، ئامادە نەبوون!

فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا بِالشُّهَدَاء فَأُوْلَئِكَ عِندَ اللَّهِ هُمُ الْكَاذِبُونَ.[166]

ئەگەر چوار شاهیدیان نەهێنا، ئەوە لەلای خوا درۆزنن.

لێرەدا قورئان داوای چوار شاهید دەکات. چوار پیاو، هەر چواریان، لە نزیکەوەو بە چاوی خۆیان، عائیشەو صەفوانیان بەرووتیو بە جووتی بینیبێت. هەرکات توانرا چوار

---

علي عقربا أو حية تلدغني، ولا أستطيع أن أقول له شئيا. صحيح البخاري, كتاب النكاح, باب: القرعة بين النساء إذا أراد سفرا.حديث4913

165 سيرة النبوية. ابن هشام , غزوة بني المصطلق.

166 النور 13



www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

شاهیدەکە ئامادە بکرێت، ئەو کاتە ڕووداوەکە بە ڕاست دادەنرێت، ئەگەر نا، ئەوە ڕاست نییەو بوختان بۆ عائیشە کراوە.

لایەنەکەی دیکەش لۆژیکە، پاش وردبوونەوەمان لە چیرۆکەکە، پێویستمان بەبەڵگەی زیاتر نییە. ئامادەبوونی چوار شاهید، نەك لەلای ئێمەو لەم سەردەمەدا، بەڵکو لەسەردەمی موحەممەدیشدا، بۆتە مایەی ڕەخنەو خودی موحەممەدیان ڕووبەڕووی چەندین پرسیار کردۆتەوە کە نەیتوانیوە وەڵامیان بداتەوە. دەگێڕنەوە صەحابەیەك بەناوی (سعد) بە موحەممەد دەڵێت: ئەی پەیامبەری خوا، سوێندم بەگەورەیی خوا دەزانم ئەم ئایەتە لەخواوەیە، بەڵام سەرم سوڕماوە، ئەگەر من ژنەکەی خۆم ببینم کابرایەك لەنێوان هەردوو ڕانیدا بوو، ئەبێ لێیان تێکنەدەمو نەیانجوڵێنم تا دەچم چوار شاهید ئامادە دەکەم، جا هەتا من چوار شاهیدەکە دەهێنم ئەوان ئیشی خۆیان تەواو دەکەن![167]

صەحابەیەکی تر (هلال بن امیة) دەڵێ: من لەوەختی عیشادا چوومەوە بۆ ماڵەوە، بەم گوێیانەی خۆم لێم بیستن و بەم چاوانەی خۆم بینیمن پیاوێك لەگەڵ ژنەکەمدا بوو. یەکسەر موحەممەد یاسای چوار شاهیدەکەی بیر دەخاتەوە. هیلالیش بەمە نارەحەت دەبێ.[168]

لە سەرگوزشتەیەکی تردا واهاتووە هیلالی صەحابی، پیاوێکی بەسەر ژنەکەی خۆیەوە بینیبوو، چووبووە لای موحەممەدو شکایەتی لێکردبوو، موحەممەدیش پێی وتووە: ئەی هیلال یان بەڵگەم بدەرێ کەراست دەکەیت یان دارکاریت دەکەم. ئەویش پێی وتووە: ئەی

---

167 (والله يا رسول الله إني لأعلم أنها حق وأنها من عند الله ولكن قد تعجبت أن لو وجدت لكاع قد تفخذها رجل لم يكن لي أن أهيجه ولا أحركه حتى آتي بأربعة شهداء فوالله إني لا آتي بهم حتى يقضي حاجته). الواحدي النيسابوري: أسباب النزول، **لەباسکردنی ئایەتی 4ی نوردا**

168 (جاء هلال بن أمية من أرضه عشياً فوجد عند أهله رجلاً فرأى بعينه وسمع بأذنه فلم يهيجه حتى أصبح وغدا على رسول الله صلى الله عليه وسلم فقال يا رسول الله فقال إني جئت أهلي عشياً فوجدت عندها رجلاً فرأيت بعيني وسمعت بأذني فكره رسول الله صلى الله عليه وسلم ما جاء به واشتد عليه.) الواحدي النيسابوري: اسباب النزول. **هەمان سەرچاوە لەباسکردنی ئایەتی 4ی نوردا**



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

پەیامبەری خوا ئەگەر پیاوێك کەسێك بەسەر ژنەکەیەوە ببینێت ئەبێ دوای ئەوە بکەوێت کەچۆن بەڵگە پەیدا بکات؟؟.[169]

جا ئایا ژنەکەی هیلالی صەحابی زینای کردووە یان..نا؟ بێگومان زینای کردووە، بەڵام موحەممەد ناتوانێت هیچ کارێك لەگەڵ ئەم روداوەدا بکات، چونکە مەسەلەکەی عائیشە دێتەوە گۆڕێ و رووبەرووی پرسیارگەلێکی زۆری دەکەنەوە. هێنانی چوار شاهید لەگەڵ لۆژیکی ئەو سەردەمەشدا نەدەهاتەوە. موسڵمانان ناچار بوون، بە رووکەش ملکەچی فەرمانەکانی موحەممەد بن، بەڵام لەپشت پەردەوە خۆیان چارەسەری کێشەکانیان بکەن. بۆ نموونە صەحابیەك بەناوی عوەیمیری عەجلانی بە صەحابیەکی تر (عاصم کوڕی عەدیی) دەڵێ: ئەی عاصم پێم بڵێ ئەگەر پیاوێ بێگانەیەکی لەگەڵ ژنەکەی بینی، ئەگەر بیکوژێ ئێوەش دەیکوژنەوە؟ ئەگەر نا، ئەی چی بکات؟ پرسم بۆ بکە.[170]

لەڕاستیدا ژنەکەی عومەر زینای کردووە بەڵام نەبوونی چوار شاهید زیناکەی بۆ پەردەپۆش کردووە. لەباسێکی ئیمامی بوخاریدا وا هاتووە کە موحەممەد وتویەتی: سەرنج بدەن, ئەگەر منداڵەکەی عوەیمیری, رەشکەڵەیەکی چاورەشی تۆخ بوو, سمتەو پوز ئەستوور بوو, ئەوە وای دەبینم کە عوەیمیری راست دەکات, (واتە ژنەکە زینای کردووە) ئەگەر منداڵەکە سوکەڵە بوو, ئەوە وای دەبینم عوەیمیری بوختانی بۆ کردووە, (واتە ژنەکە زینای

169 صحيح البخاري: كتاب التفسير, باب, ويدرأ عنها العذاب أن تشهد أربع شهادات بالله إنه لمن الكاذبين. 4470

170 (أَنَّ عُوَيْمِرًا الْعَجْلَانِيَّ جَاءَ إِلَى عَاصِمِ بْنِ عَدِيٍّ الْأَنْصَارِيِّ فَقَالَ لَهُ يَا عَاصِمُ أَرَأَيْتَ رَجُلًا وَجَدَ مَعَ امْرَأَتِهِ رَجُلًا أَيَقْتُلُهُ فَتَقْتُلُونَهُ أَمْ كَيْفَ يَفْعَلُ سَلْ لِي يَا عَاصِمُ عَنْ ذَلِكَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَسَأَلَ عَاصِمٌ عَنْ ذَلِكَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَكَرِهَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْمَسَائِلَ.و) صحيح البخاري، كتاب الطلاق، باب، من أجاز طلاق الثلاث. حديث4959



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

نەکردووە). کاتێك کە ژنەکە منداڵی بوو, شێوەی لەو پیاوە دەچوو کە عومەیری دەیوت بەسەر ژنەکەمەوە گرتوومە. لەبەر ئەم هۆیە منداڵەکەیان بەناوی دایکیەوە بانگ دەکرد.[171]

نەبوونی چوار شاهید موسڵمانان پەلکێشو ناچار دەکات کردەوەی دیکە ئەنجام بدەن, لێرەوەیە کە بیرۆکەی کوشتنی ژنان لە ئیسلامدا سەریهەڵداوە. ئەبوهورەیرە دەیگێڕێتەوە: سەعدی کوری عبادە، پرسیاری لە موحەممەد کردووە: ئەگەر پیاوێك بەسەر ژنەکەمەوە ببینم، نابێ دەستیان بۆ ببەم تا چوار شاهید پەیدا دەکەم؟ موحەممەدیش لە وەڵامدا دەڵێت: بەڵێ. سەعد دەڵێ: نەخێر، سوێند بە خوا، پێش ئەوەی شاهیدەکان ئامادە بکەم خۆم بە شمشێر چارەیان دەکەم.[172]

کەسانی هۆشیار، کە لۆژیکانە دەڕواننە رووداوەکانو بەشوێن حەقیقەتدا دەگەڕێن، وەڵامی ئەو رەخنەو پرسیارەیان دەوێتەوە کە قورئان هێناویەتیە گۆڕێو عائیشە لە کاری زینا پاك دەکاتەوە. ئایا داواکردنی چوار شاهید، کە لەو کاتەدا مەحاڵە، بەڵگەیە بۆ پاکێتی عائیشە لە کاری زینا؟ قورئان کە وەك موعجیزەیەك بۆ موسڵمانان دەرکەوتووە، دەخوازرا بە موعجیزەیەك بەڵگەیەکی روونو ئاشکرای بهێنایەو پاکیزەیی عائیشەی دەرخستایە، نەك خەڵکی رووبەرووی بەڵگەیەك بکاتەوە کە لەتوانای ئامادەکردنیدا نین. مەگەر رێکەوت، دەنا هیچ کەسێك ناتوانێت چوار شاهید بۆ زینایەك, کە بەنهێنی ئەنجام دەدرێت, ئامادە بکات. قورئان بە یەكو دوان تەنانەت بە سێ شاهیدیش رازی نابێو بەروونی داوای چوار دەکات. بەڵگەی لەم شێوەیەش بە دەگمەن لە دونیادا هەڵدەکەویت. زینا, بەشێوەیەکی گشتی, بە نهێنی ئەنجام دەدرێت نەك بە ئاشکرا. بەم هۆیەوە کەس ناتوانێت شاهیدی لەسەر روداوەکەی عائیشە بدات. دوو بە دوو، تەنها عائیشەو صەفوان, لە کاتێکی تاریكو لە

171 صحيح البخاري، كتاب التفسير, باب: قوله عز وجل: (والذين يرمون أزواجهم..الاية) حديث4468

172 (قَالَ سَعْدُ بْنُ عُبَادَةَ يَا رَسُولَ اللَّهِ لَوْ وَجَدْتُ مَعَ أَهْلِي رَجُلًا لَمْ أَمَسَّهُ حَتَّى آتِيَ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَعَمْ قَالَ كَلَّا وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ إِنْ كُنْتُ لَأُعَاجِلُهُ بِالسَّيْفِ قَبْلَ ذَلِكَ). صحيح المسلم. كتاب اللعان. حديث1498

شوێنێکی چۆڵەوانیدا بوون. کەواتە پاساوەکانی قورئان بۆ پاکیزەیی عائیشە لاوازنو جێی بایەخ نین.

## دەرگای دووهەم

### تەڵاق

تەڵاق, کەمانایەکی ئایینی هەیە, ڕێسایەکە, لە ئەنجامی دروستبوونی گرێبەستی شەرعی نێوان ژنو مێرد لە ئیسلامدا, دێتە کایەوە. هەر ژنو مێردێك بەپێی شەرعی ئیسلام لەیەك جیابکرێن، پیاوەکە دەبێتە خاوەنی ئەو مافە کە پێی دەوترێت تەڵاق.

ئەم وشەیە عەرەبییەو پیتەکانی (ط.ل.ق) چەندین مرادیفیان لە زمانی عەرەبیدا هەیە, کە مانای هەموویان دەچنەوە نزیك یەك:

طَلق، طُلق، طَليق: بەرەڵا، سەربەست، ئازاد.

طَلَّقَ: بەرەڵای کرد، وازی لێهێنا، سەربەستی کرد.

طَلُقَ: بەرەڵابوو.

أطلقَ: بەرەڵا کرا، وازی لێهێنرا.

أطلقَ: تەقاندی.

أطلقَ مُسرِعاً: فرتەی کرد. بە خێرایی بۆی دەرچوو.

طَلاقَة: ئاشکرایی.

إنطلاق: دەرپەڕین، دەرچوون.

مُطلَقاً: هەرگیزاو هەرگیز، بڕای بڕ. بەیەکجاری.

کۆی وشەکان لە چەند مانایەکی بنەڕەتی پێکهاتووە: (بەرەڵاکردن, وازهێنان, دەرچوون, بەخێرایی، بە کتوپڕی, بەئاشکرایی و بەیەکجاری.) هێزی ئەم مانایانەش لەم وشە ئایینیەدا لای پیاوە، چونکە پیاوی موسڵمان دەتوانێت ئەم وشەیە بەکار بهێنێت نەك ژن. ئەمەش دەلالەتی خۆی هەیە. پێش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام، دەسەڵات لای پیاو بووە. دواتر کەئیسلام



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

سەریهەڵدا، ئەم دەسەڵاتەی لێنەسەندەوە، چونکە خودی ئایینەکە هەڵگری هەمان بیروتێزی ئەو کلتوررو دابونەریتە بوو کە دانیشتوانی ناوچەکە پراکتیکیان دەکرد. لەبەر ئەم هۆیەش پیاوانی موسڵمان, توانیویانە زۆر بەئاسانی ئەم وشەیە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکار بهێنن.

لە کلتووری ئیسلامدا بۆ دوو مەبەستی سەرەکی بەکارهێنانی وشەی تەڵاق بەکارهاتووە. یەکێکیان بۆ سوێندخواردن. بۆ نموونە: لەجیاتی ئەوەی بڵێن (سوێند بە خوا من ئەو کارەم نەکردوە)، دەوترێت (بە تەڵاقم ئەو کارەم نەکردووە). هەروەك چۆن سوێندخواردن بە خوا، لە ئیسلامدا سوێندێکی یەکلاکەرەوەی هەبووە ، بەهەمان شێوەش سوێندخواردن بەتەڵاق، لە بیری موسڵمانانا‌دا یەکلاکەرەوەیە. بە مانایەکی تر، کاتێك پیاو سوێن بە تەڵاقی دەخوات کە کارێکی دیاریکراوی نەکردووە، ماناکەی بەو شێوەیەی لێدێت کە بڵێت: (بەو هەقو گرێبەستەی مافی شەرعی داوە بە من کە لەگەڵ ژنەکەمدا سێکس بکەم، ئەو کارەم نەکردووە، ئەگەر ئەو کارەم کردبێت ئەوە جووتبوونی ژنەکەم لیَ حەرام بێت). ئەمە مانای گشتیی سوێندە بە تەڵاق.

ئەم جۆرە سوێندە ، پەیوەندی هەیە بە تێکەڵبوونی حەڵاڵیو حەرامیی سێکسی ژنو مێردی موسڵمان. بە کورتی، سوێندی تەڵاق، لە چواردەوری ناوگەڵی هەردووکیاندا، چ ژن بێتو چ پیاو، کۆ دەبێتەوە. ئەگەرچی ژن مافی هەیە ئەم وشەیە بەکار بهێنێت، بەڵام بە پێچەوانەی پیاوەوە، نە وشەکەی بەکارهێناوە، نە باوەڕیشیان پێکردوە. پەروەردەی کۆمەڵایەتی ئیسلام کارێکی وای کردووە ژنان لەبەکارهێنانی ئەم وشەیە دووربکەونەوەو خۆیانی لیَ بپارێزنو بە مافی خۆیانی نەزانن.

تەڵاق لە نەریتی پیاوانی موسڵماندا زۆر بەکاردێتو باوەڕیان بەم شێوە سوێندە هەیە. پیاو بەژنەکەی خۆی وتووە (تۆ لەجێی دایکمیت). زێی ژنەکەی خۆی بەزێی دایکی خۆی لێکچواندووە, بەو مانایەی کە زێی ژنەکەی وەك ئەوەی دایکی وایەو ئیتر سێکسی لەگەڵ ناکات, ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ژنەکەی تەڵاق بدات. ئەم جۆرە سوێندە جاران لەناو موسڵمانانا‌دا باو بوو, بەڵام ئایەتێك لەقورئاندا نوسرا, ئەگەر پیاوێك زێی ژنەکەی بەزێی دایکی لێکچواند, ئەوە تەڵاقی ناکەوێت, بەڵام لێی حەرام دەبێتو نابێت پێکەوە سێکس بکەن, تا لەبری ئەو سوێنخواردنە پیاوەکە سزا بدرێت, ئەوسا بۆ ئەو ژنو مێردە هەیە ببنەوە



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Marivan Halabjaee
www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

بە هاوسەری یەکتر:

الّذِين يُظَاهِرُونَ مِنكُم مِنْ نِسَائِهِمْ مَا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ إنْ أُمَّهَاتُهُمْ إلّا اللّائِي وَلَدْنَهُمْ وَإنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنْكَرًا مِنَ الْقَوْلِ وَزُورًا وَإنَّ اللّهَ لَعَفُوٌّ غفُورٌ. وَالّذِين يُظَاهِرُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتماسَّا ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ. فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتمَاسَّا فَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَإطْعَامُ سِتِّين مِسْكِينًا.[173]

ئەو پیاوانەی بە ژنەکانیان دەڵێن تۆ لەجێی دایکمانیت, بەو قسەیەیان ژنەکانیان نابنە دایکیان, چونکە تەنها ئەوانە دایکیانن کە ئەوانیان لێ بووە, ئەوانە قسەیەکی نابەجێو ناپەسەند دەکەن, بێگومان خواش چاوپۆشی دەکاتو لێیان خۆش دەبێت. ئەوانەی بە ژنەکانیان دەڵێن تۆ لەجێی دایکمانیتو دوایی لەو قسەو هەڵوێستەیان پەشیمان دەبنەوە, پێش ئەوەی ئەو ژنو مێردە بەیەك بگەنەوە, دەبێت کۆیلەیەك ئازاد بکرێت, ئەوەش بۆ تەمبێکردنتانە, خواش ئاگادارە بەو کارو رەفتارەتان کە ئەنجامی دەدەن. ئەوەی کۆیلە شك نابات تا رزگاری بکات, پێش ئەوەی ئەو ژنو مێردە بەیەك بگەنەوە, دەبێت دوو مانگی لەسەریەك رۆژوو بگرێت, ئەوەشی کە توانای ئەم کارەی نەبوو ئەوە با ژەمێك خواردن بدات بە شەست کەسی هەژار.

دەروونی موسڵمانان, وەك دەستوورێکی کۆمەڵایەتی, ئامادەی هەڵگرتنی کلتووری سوێندخواردن بە تەڵاق. وەك لەمانای وشەو مرادیفەکانی تەڵاق دیاریمانکردوون، بۆ یەکلاییکردنەوەی دەرئەنجامەکان بەکاریان هێناوە. هەبوونی باوەڕی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بە سوێندی تەڵاق لەلای پیاوەوە، وای کردووە، لە هەر شوێنو لە هەر کاتێکدا پیاو ئارەزووی کرد، شەرم نەکاو سوێند بە تەڵاق بخوات. کلتوریان ، کە لەسەر هێزو دەسەڵاتی پیاو بەرێوەچووەو دەچێت، ئەنجامێکی بەرهەم هێناوە پیاوان شەرم نەکەنو ئەم سوێندە زۆر بەکار بهێنن. کلتوری تەڵاقدان, پێش سەرهەڵدانی ئیسلام، هەبووەو لەسەر کاری ڕاستو ناڕاست، هەرکات مەیلیان هەبوبێت ئەم سوێندەیانخواردووەو زیاد لە چەند جارێك ژنەکانیان تەڵاقداوە. ئیسلامیش بووە هەڵگری هەمان ڕێچکە.

هەڵەی پیاوو پینەپەڕۆکردنی بە وشەی تەڵاق, موسڵمانانی دووچاری چەندین گێچەڵی

---

173 المجادلة 2-4

شەرعی کردووەتەوە. ڕۆژانە لە مزگەوتو شوێنە ئایینیەکاندا چەندین کێشەی لەم جۆرە ڕووبەڕووی پیاوانی ئایین دەبنەوەو ئەوانیش بەپێی شەرع چارەسەری گرفتەکان دەکەن. هەندێك جاریش نەیانتوانیوە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەم درۆکردنو چاکردنەوەی تەڵاقە بدۆزنەوەو چەندین شەڕی خوێناوی ڕووی داوە.

جۆری دووهەم، وشەی تەڵاق، بۆ جیاکردنەوەی ژنو مێردایەتی موسڵمان بەکارهێنراوە. لەبەر ئەوەی تەڵاقەکەش بەدەست پیاو بووە، دوا بڕیاری تەڵاقدانی ژن لای پیاوەوە دەستی پێکردووە.

لە دەقە سەرەکییەکانی ئیسلامدا هیچ مافێك نەدراوە بە ژن مێردەکەی تەڵاق بدات. پیاو دەتوانێت ڕاستەوخۆ ژنەکەی تەڵاق بدات. ئەگەر ژن ویستی لە مێردەکەی جیابێتەوە، دەبێت ڕوو لە پیاوانی ئایینی شارەزا بکاو شکایەت بکات. ئەوانیش، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆرو دۆزینەوەی پاساوێك کە لەگەڵ خواستی پیاوانەیاندا بگونجێت، لێکیان جیادەکەنەوە. زۆرینەی جاریش، ئەگەر ماف لای ژن بووبێت، بەختی ئەوەی نەبووە بگاتە مافەکانی. بۆ نموونە جارێکیان ژنێك لای عومەری کوڕی خەتتاب شکایەت لە مێردەکەی دەکات, گوایە ئەم مێردەی بە ڕێژەیەکی کەم سێکسی لەگەڵ ئەنجام دەدات. (عومەر)یش کە بە دادپەروەر بەناوبانگە, بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە:

أنّ الرّجل إذا أتى امرأته في كلّ طهرٍ فقد أدّى حقّها.[174]

گەر پیاو، لە هەموو پاکبوونەیەکی تەڕیدا (واتە لە نێوان دوو تەڕیدا) بچێتە لای ژنەکەی، ئەوە هەقی ژنەکەی داوە.

ئیتر عومەر ژمارەی چوونەلای پیاوی بۆلای ژنەکەی دیاری نەکردووەو موسڵمانان وا لەم سەرگوزشتەیە تێگەیشتوون کە لەنێوان دوو تەڕیدا, پیاو یەکجار بچێتە لای ژنەکی, ئەوە مافی ژنەکەی داوە, لەڕاستیشدا سەرگوزشتەکە وادەگەیەنێت. بەم شێوەیە, ئەگەرچی ماف لای ژن بووە, بەڵام ژنەکە نەیتوانیوە بەرگری لەم مافە زەوتکراوەی بکاتو شکایەتەکەی بگەیەنێتە جێگەی خۆی.

174 ابن قيم الجوزية: اخبار النساء. ص11



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

داواکردنی جیابوونەوە لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا، لە لایەن ژنەوە، ئەوەندە کەم بووە، بەراورد بەرێژەی داواکارییەکانی پیاو، دەتوانین بڵێین نییە! ئەم تێگەیشتنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو یاسایانەی کە لە قورئاندا بەسەر ژناندا سەپاون. دیارە عومەریش پاڵپشت بە گوتەکانی موحەممەد ئەم دادوەرییەی کردووە:

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَيُّمَا امْرَأَةٍ سَأَلَتْ زَوْجَهَا طَلَاقًا فِي غَيْرِ مَا بَأْسٍ فَحَرَامٌ عَلَيْهَا رَائِحَةُ الْجَنَّةِ.[175]

موحەممەد وتویەتی: هەر ئافرەتێك داوای تەڵاق لەمێردەکەی بکات, داواکەی لەجێی خۆیدا نەبێ, ئەوە بۆنی بەهەشتی لێ حەرامە.

هەر ژنێك داوای جیابوونەوەی لە مێردەکەی کردبێت بە چاوێکی بێڕێز تەماشا کراوە. وای لە ئافرەتانی موسڵمان کردووە بەردەوام بێبەهاو ڕەزیلو سەرشۆڕی مێردو کۆمەڵگەکەیان بن. لەبەر ئەم هۆیانە ئافرەتان, نەك نەیانتوانیوە داوای ژیانی خۆشو مافە سەرەتاییەکانو جیابوونەوەیان (تەڵاق) بکەن، بەڵکو هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی کوشتنو ئەتککردنو تەڵاقدانی مێردەکانیاندا بوون. بەلای پیاویشەوە گرنگ نەبوو لە یەك جاردا چەندین ژنی خۆی تەڵاق بدات، دەسەڵاتی ئایینەکەی ئەم هێزەی پێ بەخشیبوو. زۆربەی جار لەسەر کاروباری زۆر سادەو ئاسانو بچووکترین هۆ، ژنان ڕووبەڕووی ئازاری دەروونیو تەڵاقدان بوونەتەوە. (ابن قیم) خاتیرەکمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ژنێك لەگەڵ مێردەکەیدا دەبێتە دەمەبۆڵەیان, ژنەکە بە مێردەکەی دەڵێت: ئەی موفلسیی شاخ ڕواوی (واتە هەمیشە بێپارەیتو ئەوەندە گەمژەیت، بەوێنەی ئاژەڵ، شاخ لەسەرت ڕوواوە) پیاوەکەش پێی دەڵێت:

إن كان ما ذكرت حقاً فواحدةٌ من الله، وأخرى منك، يا زانية، وأنت طالقٌ ثلاثاً.[176]

ئەوەی باست کرد ئەگەر ڕاست بێت، یەکێکیان بێ پارەییمە, ئەوە لەخواوەیە، ئەوی دیکەشیان (ڕواندنی دوو شاخ لەکەللەمدا) ئەوە لە تۆوەیە، ئەی زیناکەر، بڕۆ سێ بەسێ تەڵاقت کەوتبێت.

---

175 سنن ابي داود, كتاب الطلاق, باب في الخلع, حديث2226.
176 ابن قيم الجوزية: اخبار النساء. ص88



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

هەروەها دەگێڕنەوە ژنێك هەبووە زوو زوو شووی کردووەو زوو زووش تەڵاق دراوە. لێیان پرسیوە: ئەوە بۆ ئەوەندە تەڵاق دەدرێیت؟ بۆ کارێك ناکەیت تەڵاق نەدرێیت؟ ئەویش لەوەڵامدا وتویەتی: زێی تەسكو تروسكیان لەمن دەوێت، خوا گۆڕەکەیان لێ تەسكو تروسك بکات.[177]

هەروەها دەگێڕنەوە ژنێك لەمێردەکەی زویر دەبێو رووی ناداتێ، پیاوەکەش، ئەم فرسەتە لەدەست نادات‌و یەکسەر تەڵاقی دەدات. ژنەکە ئەم کارەی زۆر پێ سەیر دەبێو پێی دەڵێ: ئەوە بۆ تەڵاقت دام؟؟ ئەی من بۆ تۆ ئامۆژگار نەبووم؟ بەرەحم نەبووم بۆت؟ من چ عەیبێکم هەبوو جگە لەوەی کەمێك خۆمم تەسك کردەوە؟؟

مێردەکەشی پێی دەڵێت:

لو كان الضيّق في حرك ما طلّقتك أبداً!

گەر تەسکیی لە زێتدا بوایە هەرگیز تەڵاقم نەدەدای.[178]

بەهۆی زۆریی کێشەی تەڵاقەوە, کە گرنگەکانیان لەبەشی فرەژنیدا باس کراون, موحەممد لایەکی لە ئەنجامەکانی ئەم کلتورە کۆنە کۆمەڵایەتییەی نیوە دوورگەی عەرەبیش کردووەتەوە, چەندین رێساو یاسای لە قورئاندا بۆ دارشتووە. قورئان روو دەکاتە پیاوانو دەڵێت:

لاَّ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن طَلَّقْتُمُ النِّسَاء مَا لَمْ تَمَسُّوهُنُّ أَوْ تَفْرِضُواْ لَهُنَّ فَرِيضَةً وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدْرُهُ مَتَاعًا بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُحْسِنِينَ[179]

گوناهتان لەسەر نییە ئەگەر ژنانێك تەڵاق بدەن کەهێشتا نەچووبنە لایانو مارەییتان بۆ دیاری نەکردبن. وا چاکترە هەندێك سامانیان بدەنێ بەو جۆرەی کە پێویستیتی، هەرکەس بەپێی توانای خۆی، ئەمەش ئەرکێکی پێویستە لەسەر چاکەکاران.

پێش ئیسلام پیاو لە توانایدا هەبووە گەمە بە چارەنووسی ئافرەت بکات. بەبێ ئەوەی

177 يريدون الضيّق، ضيّق الله عليهم قبورهم. ابن قيم الجوزية: اخبار النساء. ص241ص91

178 ابن قيم الجوزية، اخبار النساء ص88

179 البقرة 236



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Marwan Halabjaee www.xwdakan.com

ڕێگریێك هەبێت بە ئارەزووی خۆیان ئافرەتیان مارە كردووەو دوایش تەڵاقیان داون.
ئابووریو سەرمایە لەلای پیاو بووەو هەر ئەو بڕیاری درێژەدانی ژیانی هاوسەریێتی ژنەكانی كردووە. مەبەستی ئایەتەكەش ئەوەیە: گەر پیاوێك ژنێكی مارە كردو پێش ئەوەی لەگەڵی جووت ببێت تەڵاقی دا، دەبێ پارە، یان هەر شتێكی دیكە كە بۆ ماوەیەك ژیان بەڕێوە بات، لەلایەن پیاوەكەوە بدرێت بە ژنەكە. بۆ ئەوەی ژنەكە بەو پارەو شتومەكە چەند مانگێك ژیانی خۆی مسۆگەر بكات. بەڵام لەم بارەیەوە هیچ ئایەتێك نییە ڕوو بكاتە ئافرەتانو كۆمەڵێك مافیان بۆ دیاری بكات, یاخود ئامۆژگارییان بكات.

چاوەڕواندەكرا ئایینی ئیسلام، وەك دەركەوتەیەكی مێژوویی, پێش سەردەمەكەی خۆی بكەوتایەو چارەسەرێكی گونجاوی بۆ ئەم بێڕێزییە بە ئافرەت بنوسیبایە، بەپێچەوانەوە ڕێورەسمی سەردەمێكی زۆر كۆنی دووبارە كردووەتەوەو بڕیارەكانی هاوسەرگیریو دەسەڵاتی تەڵاقدانی تەنها لەلای پیاو هێشتوەتەوە. ئەو ئەركەی بۆ پیاو دیاریكراوە، كە بڕێك پارە، یان شمەك، بدات بە ئافرەتەكە، بۆ سەركزو بێدەنگكردنی ئافرەتانە لەئاست ماف سەندنو نارەزایەتییان. ئەم حوكمەی ئیسلام، كە پیاو بڕیار بداتو ئافرەتیش سەركز بێت، دەگەڕێتەوە بۆ ماسولكەی گرژو زبری جەستەو سەرمایەو دەسەڵاتی پیاوسالاریی، نەك لۆژیكو دادپەروەری كۆمەڵایەتی.

لە ئایەتێكی دیكەدا لەم ڕاستییەمان دڵنیا دەبینەوە, ئەوەتا بەپیاوان دەڵێت:

وَلِلْمُطَلَّقَاتِ مَتَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ.[180]

لەسەر پیاوانی لەخواترس بۆ ژنانی تەڵاقدراو بڕێك سامانو پارە پێویستە كە بیاندەنێ.

جارێكی دیكەش بە پیاوان دەڵێت:

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا.[181]

ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە كاتێك ئافرەتانی ئیماندارتان مارەكرد، گەر, پێش ئەوەی بچنە لایان, تەڵاقتاندان، ئەوە هیچ تەڕی ناوێت تاحسابی بۆ بكەن (ئەوەی ئافرەتەی, كە

180 البقرة 241

181 الاحزاب 49



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

دەیەوێت دوای تەڵاقدانی شوو بكات بەكەسێكی دی, ماوەی چاوەڕوانی ناوێت) لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك شتیان بدەنیو بەجوانی دەستبەرداریان بن.

تەنانەت خودی موحەممەدیش ئەم هەڵوێستەی لەگەڵ ژنەكانی خۆی هەبووە. هەندێك لە ژنەكانی لەسەر كێشەیەك نارەزایەتی دەردەبڕن، ئەو بە ئایەت، بەم شێوەیە وەڵامیان دەداتەوە:

إِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا.[182]

گەر ئێوە ژیانی دنیاو رازاوەییەكەیتان دەوێت، وەرن با هەندێك پێداویستیتان بدەمێ، لەوەو دواش تەڵاقتان بدەمو بەجوانی دەستبەردارتان ببم.

ئیسلام، سەندنی پارە لە پیاوو بەخشینی ئەم پارەیە بە ژن، بە خۆشیو چاكە بۆ ژن دادەنێت، بۆیە لەئایەتەكاندا ناوی ناوە (موتعە). پێی وایە راستیو دادپەروەری لە خێزاندا لە قسەی جوانو بەزەییو پێدانی پارەدایە نەك لە دادپەروەری كۆمەڵایەتیو دەستەبەركردنی مافە بنەڕتییەكانیان.

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ.[183]

ئەی موحەممەد گەر ژنەكانتان تەڵاقدا, ئەوە لە ماوەی دیاریكراوی تەریاندا تەڵاقیان بدەن, ماوەكەش بژمێرن.

پیاو بۆی هەبووە لەسەر هەوەسو ئارەزووەكانی خۆی ژن تەڵاق بداتو ژنی دیكە بخاتە شوێنی. بەئایەتێك ئەم هەقە بەپیاو دراوە:

وَإِنْ أَرَدْتُمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا.[184]

گەر ویستان ژنێك بگۆڕن بە ژنێكی دیكە, ئەگەر مارەییەكی زۆریشتان پێ دابوو, ئەوە هیچیان لێوەرمەگرنەوە.

---

182 الاحزاب 28

183 الطلاق 1

184 النساء 20



سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

## دەرگای سێهەم

### مارەبەجاش

الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَان.[185]

تەڵاقدان دووجارە، یان ئەوەتا بۆ لەوەو دوا بە باشی بژین، یا ئەوتا بە خۆشی دەستبەرداری یەکتر بن.

واتە پیاو دەتوانێت دووجار ژنی خۆی تەڵاق بدات. لەو دووجارەدا دەتوانێت ژنەکەی بگێڕێتەوە بۆلای خۆیو درێژە بەژیانی خۆیان بدەن، یاخود بەپێچەوانەوە پیاو بڕیاری کۆتایی بداتو ژنەکەی نەگێڕێتەوە بۆلای خۆی. ئەگەر دووجارەکە بوو بە سێ، یاسایەکی دیکە بەسەریاندا جێبەجێ دەبێت کە لە کۆمەڵگای کوردیدا بە مارەبەجاش بەناوبانگەو لە زمانی عەرەبیدا پێی دەگوترێت (محلل):

فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يَتَرَاجَعَا إِنْ ظَنَّا أَنْ يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ.[186]

ئەگەر بۆ جاری سێهەم پیاوێك ژنەکەی خۆی تەڵاق دا، ئەوە بۆی حەڵاڵ نییە ئەو ژنە لەخۆی مارە بکاتەوە تا ژنەکە لە پیاوێکی تر مارە نەکرێت. جا ئەگەر لە پیاوێکی تر مارەکراو ئەویش تەڵاقی دا، ئینجا زانییان دەتوانن پێکەوە سنورەکانی خوا جێبەجێ بکەن ئەوە هیچ گوناهێکیان لەسەر نییە بگەڕێنەوە بۆلای یەکتر.

لێرەدا چەمکی مارەبەجاشی ئیسلام بە روونی دەرکەوتووە. پیاوی موسڵمان تا دوو جار دەتوانێت ژنەکەی تەڵاق بدات. چونکە لە هەردوو جارەکەدا دەتوانێت لەگەڵی ڕێکبکەوێتەوەو ببنەوە بە ژنو مێردی یەکتری. دەبێ هەردوو جارەکەش، لای شارەزایەکی

185 البقرة 229
186 البقرة230

ئایینی (وەك مەلا) چارەسەری شەرعییانە بۆ چۆنێتی سوێندی تەڵاقەکە بدۆزرێتەوە. پاش چارەسەرکردنەکە، پیاوەکە برێك پارە دەدات بە مەلا, ئیتر ژنو مێردەکە دەگەڕێنەوە لای یەکتری. گەر جاری سێهەم مێردەکە ژنەکەی تەڵاق دایەوە، لێرەدا سوێندی تەڵاقەکە چارەسەر نابێتو ناتوانن بگەڕێنەوە لای یەکتر. ئەگەر مێرد، لەبەر خۆشەویستی بۆ ژنەکەی، سوور بوو لەسەر گێڕانەوەی، هەروەها ژنەکەش سووربوو لەسەر گەڕانەوەی بۆلای مێردەکەی, تاکە چارەسەری ئایینی ئیسلام ئەوەیە کە ژنەکە شوویەکی تر بە پیاوێکی تر بکات. واتە بە رێگەیەکی شەرعی لە پیاوێکی دیکە مارەی بکرێو ماوەیەك ژنی بێت, ئەگەر بۆ یەك کاتژمێریش بێت. دواتر ئەم مێردە تازەیە ژنەکە تەڵاق بدات، ئینجا مێردە کۆنەکەی بۆی هەیە بیگێڕێتەوە لای خۆی. ئەویش ئەگەر مێردە تازەکە تەڵاقی بدات، چونکە هەندێك جار، لە مارەبڕینێکی وەهادا، ژنو مێردە تازەکە یەکترییان بەدڵ بووەو بڕیاریانداوە لای یەکتر بمێننەوە. هەندێك جاریش روویداوە (ژنەکە) بۆ ئەوە شووی کردووەتەوە تا تەڵاق بدرێتەوەو بگەڕێتەوە بۆلای مێردە کۆنەکەی, خۆشیویستووەو نەیتوانیوە بەبێ ئەو بژی، چاوەڕێی ئەوە بووە مێردە تازەکەی تەڵاقی بدات، بەڵام ئەو تەڵاقی نەداوە، بەڵکو داگیری کردووە, ئەم کارەش بەپێی شەرع بۆ پیاوەکە حەڵاڵە. زۆرینەی جاریش بە ئاسانی کۆتایی هاتووە.

ئەوەی گرنگ بێت لەم مارە بڕینو تەڵاقدانەدا (مارەبەجاش) دەبێت ژنەکە بۆ یەك شەو یان زیاتر, یاخود یەك کاتژمێر لای مێردە تازەکەی بمێنێتەوەو پێکەوە سێکس بکەن. دەبێ لە سێکسەکەشدا هەردووکیان بگەنە ئۆرگازم. (رەحەتبوونی تەواو, چەشتنی خۆشاوی سێکس) دوای چێژوەرگرتنی خۆشاویەکە لە هەردووکیاندا, ژنەکە تەڵاق بدرێت, پاش سێ تەڕی, مێردە کۆنەکەی مارەی بکاتەوە.

هەندێك لەپیاوانی ئایین دەڵێن مارەبەجاش حەرامەو بەنەفرەتی دەکەن، هەندێکیش دەڵێن حەڵاڵەو لەمزگەوتەکاندا جێبەجێی دەکەن. لەڕاستیدا یەکێك لەو هۆکارانەی کەموسڵمانان دەخاتە گێژاوی بیرکردنەوەو دڵەڕاوکێوە بەرامبەر بەمانا ڕاستەقینەکانی شەرعی ئیسلام هەبوونی کۆمەڵێك دژەوانەیە لەناو ئایەتو سەرگوزشتەکاندا. ئایەتگەلو سەرگوزشتەگەلێك هەن ماناو دارڕشتنیان تەواو جیاوازە لەگەڵ ئایەتو سەرگوزشتگەلێکی دیکەدا کەلەهەمان

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

خولگەدا دەخولێنەوەو لەهەمان مەبەست دەدوێن. لەبەشی فرەژنیدا نموونەیەکی زۆر سادەو ساکارو سەرەتاییمان لەم جۆرە دژەوانەیە خوێندەوە. لەویَ لەلایەکەوە ڕێگە دراوە بەپیاوان کەفرەژنی بکەن، ئەمەش بەئایەتی سێی ژنان، ئەویش بەمەرجی هەبوونی دادپەروەری لەنێوان ژنەکاندا، لەلایەکی دیکەوەو لەیاسایەکی دیکەی قورئاندا نوسراوە کەپیاو نییە لەجیهاندا بتوانێت دادپەروەر بێت لەنێوان ژنەکانیدا، ئەمەش بەئایەتی ١٢٩ لەسورەتی ژنان، واتە هەمان سورەت. کەواتە فرەژنی حەرامە.! ئانزاکانی ئیسلام، لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا توانیویانە فرەژنی بەحەلاڵی بهێڵنەوە. لەم سەردەمەدا دەسەلاَتیان هەیە کەفرەژنی بەئاتی سیَ حەلاڵ بکەن، ڕۆژگارێکیش دێت کەناتوانن لەبەردەم ڕەخنە فەرهەنگیو شارستانییەکاندا خۆیان بگرن زۆر بەئاسانی دەتوانن ئایەتی ١٢٩ی هەمان سورەت بهێننو فرەژنی حەرام بکەن، دواتر دەڵێن قورئان باسی هەموو شتێکی کردووەو چارەسەری بۆ هەموو شتی داناوە.[187] بێگومان ڕەفتاری موسڵمانان لەسەر ئەم دووڕوویيە پەروەوەردە دەکرێن. بۆ مەسەلەی مارەبەجاشیش بەهەمان شێوەیە.! وەك لەئایەتەکەدا دیارە مارەبەجاش کارێکی حەلاڵەو لەپێناو ڕوخاندنو سوکایەتی کەسێتی ژنان ئەم شەرعە نوسراوەو بۆ بەجێگەیاندنی خواستەکانی پیاو بووە بەیەکێك لەئایەتەکانی قورئان، ئەمە لەکاتێکدا ئاینزاکان، پشتبەست بەسەرگوزشتەکانی موحەممەد دەتوانن مارەبەجاش حەرام بکەن. بەلاَم هەموو هەوڵەکانیان کورت دەهێنێت، بۆ نموونە لێرەدا باس لەیەکێك لەو بەهانانەیان دەکەینو وەلاَمیان دەدەینەوە:

ئایینزاکان دەڵێن: مارەبەجاش حەرامەو پێغەمبەری خوا نەفرەتی لەو کەسانە کردووە کەتێیدا بەشدارن. (دیارە سەرگوزشتەیەکی صەحیحیش بۆ ئەم مەسەلەیە هەیە). نابێت ژنەکە بۆ ئەوە شوو بەیەکێکی دیکە بکات کەپاش ماوەیەك تەلاَق بدرێتو مێردە کۆنەکەی مارەی بکاتەوە، بەڵکو دەبێت وەك هەر هاوسەرگیرییەکی ئاسایی مارە بکرێتو ژیانی لەگەڵ مێردە تازەکەیدا بباتەسەر، دوای ئەوەی کەزانیان ناتوانن پێکەوە بژینو وەك هەر خێزانێکی تر کێشە کەوتە نێوانیانەوەو تەلاَق درا، ئەوسا مێردە کۆنەکەی دەتوانێت سەرلەنویَ بچێتەوە

---

187بۆ زانیاری زیاتر بڕواننە کتێبی وەرگێڕاومان (خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ ئیسلام نوسینی دکتۆر کامل النجار، وەرگێڕانی مەریوان هەڵەبجەیی، بەشی دژەوانەکان لە قورئاندا)



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

خوازبێنی.

بەهۆی ئەوەی کەسەرگوزشتە هەیەو ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکات، بەلاَم ئایینزاکان بیانەوێت یان نا هەر خودی موحەممەد لەسەرگوزشتە ئەسلَەکەدا زۆر بەڕوونی باس لەحەقیقەتی مارەبەجاش دەکاتو ڕێگەی پێدەدات. لێرەدا پێویستە بەڕوونی باسی بکەین:

عن عائشة قالت: طلق رجل امرأته، فتزوجت رجلا غيره فطلقها، وكانت معه مثل الهدبة، فلم تصل منه إلى شيء تريده، فلم يلبث أن طلقها، فأتت النبي صلى الله عليه وسلم فقالت: يا رسول الله إن زوجي طلقني، وإني تزوجت زوجا غيره فدخل بي، ولم يكن معه إلا مثل الهدبة، فلم يقربني إلا هنة واحدة، لم يصل مني إلى شيء، فأحل لزوجي الأول؟ فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم: (لا تحلين لزوجك الأول حتى يذوق الآخر عسيلتك وتذوقي عسيلته

لەسەردەمی موحەممەددا پیاوێك بۆ جاری سێهەم ژنەکەی خۆی تەلاَق دابوو، ژنەکەش شووی بە پیاوێکی دیکە کردبوو. ڕێکەت وابووە کە زاوای تازە چووکی بچووك بێتو لەکاتی سێکسکردنیاندا ژنەکە نەگەیشتبووە چێژی تەواو. دواتر پیاوەکە تەلاَقی دابوو. ژنەکە چووبوو بۆلای موحەممەدو پێی وتبوو: ئەی پەیامبەری خوا مێردەکەم تەلاَقی دام، منیش شووم بە مێردێکی تر کردوو هات لەگەلَم جووت بوو، بەلاَم ئەوەی ئەو هەیبوو (چووکی پیاوەکە) وەك ئەم گولَینکەیە وابوو (لە جلەکانیدا چەند گولَینەیەك دووراىبوو، دانەیەکی بچووکی نیشانی موحەممەد دابوو، گوایە چووکی مێردە تازەکەی بە ئەندازەی ئەو گولَێنکەیە نەرمو شل بووە. ژنەکە بەردەوام دەبێتو دەلَێت:) یەك جاریش نەبێت نەهاتووە بەلامدا، ئەویش منی نەگەیاندە هیچ شتێك (واتە خۆشاویم لیَ نەدی) ئایا ئێستا بۆ مێردە کۆنەکەم حەلاَلَم؟ موحەممەدیش پێی دەلَێت: بۆ مێردە کۆنەکەت حەلاَڵ نیت تا مێردە تازەکەت لە خۆشاوییەکەت نەچێژیَو تۆش لە خۆشاوییەکەی نەچێژیت.[188]

---

188 صحيح البخاري، كتاب الطلاق باب: من قال لامرأته: أنت على حرام. حديث4964 لە سەرگوزشتەیەکی تردا بەم شێوەیە هاتووە: (جَاءَتْ امْرَأَةُ رِفَاعَةَ الْقُرَظِيِّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَتْ كُنْتُ عِنْدَ رِفَاعَةَ فَطَلَّقَنِي فَأَبَتَّ طَلَاقِي فَتَزَوَّجْتُ عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ الزَّبِيرِ



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

گەر بیروبۆچوونی موحەممەد وا بوایە کەئەو دوو کەسە هاوسەرگیرییەکی ئاساییان کردووەو دواتر جیابوونەوەکەشیان ئاساییە، بەئاسانی بەژنەکەی دەگوت بەڵێ جیابوونەوەتان شەرعییەو دەکرێت بگەڕێیتەوە بۆلای مێردە کۆنەکەت چونکە تۆ بۆ مارەبەجاش ئەم هاوسەرگیرییەت نەکردووەو بەر نەفرەتییەکەی من ناکەویت..! بەڵام ئەوە ڕووی نەدا.! بەڵکو دەقی ئایەتەکەی زیاتر شی کردووەتەوەو ڕوونکردنەوەی زیاتری داوەو بەزمانێکی سێکسی تەفسیری ئایەتەکەی بۆ کردوون ئەویش ئەوەیە کەهەر دەبێت لەخۆشاوی یەکتر بچێژن ئینجا بۆی هەیە بگەڕێتەوە بۆلای مێردە کۆنەکەی. بەزمانێکی تر دەتوانین بڵێین لەکاتێکی وەهادا هەردەبێت سوکایەتیکردن بەکەرامەتی ژنەکە بەڕێوەبچێت. کەواتە پاساوی پیاوانی ئایین بەهیچ چوو.!

لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا پیاوێك ژنەکەی تەڵاق دابوو، ژنەکەش شووی کردبوو بە کەسێکی ترو خۆشاویی لێنەدیبوو، ئەویش تەڵاقی دابوو. پرسیار لە موحەممەد کرا: بۆ لای مێردی یەکەمی بگەڕێتەوە حەڵاڵە؟ موحەممەدیش وتبووی: نەخێر، دەبێت وەك مێردەکەی یەکەمی خۆشاوییەکەی لێ بچێژێت.[189]

ئەمەیە مارەبەجاش. ئەمە چارەسەرێکی ئیلاهییانەی ئیسلامە بۆ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نێوان دوو هاوسەر. بە باوەڕی موسڵمانان ئەم یاسایە لە ئەزەلەزە نوسراوەو دەبێت تا ئەبەدیش مرۆڤایەتی پیادەی بکات. لەسەر ڕۆشنایی ئەم ئایەتە (ژن) لەسەر حسابی کەرامەتی خۆی باجی هەڵەکانی (پیاو) دەدات. لە ئەنجامی هەڵەکانی پیاودا ژن تەڵاق دەدرێ، بە فەرمانی خواو پەیامبەریش ژن سزا دەدرێت نەك پیاو! دەبێت ژن، بۆ یەك جاریش بێت، لەگەڵ

---

إِنَّمَا مَعَهُ مِثْلُ هُدْبَةِ الثَّوْبِ فَقَالَ أَتُرِيدِينَ أَنْ تَرْجِعِي إِلَى رِفَاعَةَ لَا حَتَّى تَذُوقِي عُسَيْلَتَهُ وَيَذُوقَ عُسَيْلَتَكِ. صحيح البخاري، كتاب الشهادات، باب شهادة المختبي. حديث2496. سنن الترمذي. كتاب النكاح عن رسول الله. ما جاء فيمن يطلق امرأته ثلاثا فيتزوجها آخر فيطلقها.)

189 (أن رجلا طلق امرأته ثلاثا، فتزوجت فطلق، فسئل النبي صلى الله عليه وسلم: أتحل للأول؟ قال: لا، حتى يذوق عسيلتها كما ذاق الأول). صحيح البخاري، كتاب الطلاق، باب: من أجاز طلاق الثلاث. حديث4961



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
MarivanHalabaee www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

کەسێکی دیکە جووت ببێت ئەو کات بۆی هەیە بگەڕێتەوە لای مێردە کۆنەکەی. جووتبوونی ژن لەگەڵ کەسێکی دیکە، مەرجێکی بنەڕەتییە لە گەڕانەوەیدا بۆ لای مێردە خۆشەویستەکەی.

لەڕوانگەی ئیسلامەوە مارەبەجاش یاسایەکە بۆ بەختەوەرکردنی مرۆڤایەتیو ڕێزگرتنی دوو خۆشەویستە کە دەیانەوێت پێکەوە بژین، ڕاستکردنەوەی هەڵەی پیاوە تا جارێکی دیکە هەڵە نەکاتەوە. بەڵام لەڕاستیدا کردەی مارەبەجاش ئەتککردنی شەرعیانەی ژنە لە ئیسلامدا, ئەوپەڕی بێبایەخکردنو لەبەرچاوخستنی ئینسانو کەرامەتشکاندنی ژنانە.

لە ئێستادا مارەبەجاش بەرەو نەمان چووەو ڕێژەیەکی زۆر کەم نەبێت پەیڕەو ناکرێت. ئەو ڕێژە کەمەش لە مزگەوتەکانەوە بەنهێنی ئەنجام دەدرێ. بێئەوەی کەس بزانێت, خودی مەلاو پیاوانی ئایینیو فەقێو خزمەتکاری مزگەوتەکان دەبنە زاوای یەك شەوە.

ئەو ژنانەی بڕوایان بە ئیسلام هەیە، پێیانخۆش بێت یان نا، دەبێت هەمیشە ملکەچی ئەم یاسایانە بنو لە چاوەڕێی ئەوەدا نەبن ئەم ئایینە گۆڕانکاری جددی بە خۆوە ببینێت! کەرامەتی شکاوی ژنان لەم ئایینەدا بەپاساوی هەندێك لە شارەزایانی ئایین پینەپەڕۆ ناکرێت, لەبەر ئەوەی ئەم یاسایانە لە قورئاندا هەن. بە واتایەکی تر تا ئیسلام دەسەڵاتی هەبێت، دەبێت ئافرەتانی موسڵمان هەمیشە ملشۆڕو خزمەتکاری مێردەکانیان بن. بە پێچەوانەوە تەڵاق دەدرێن، یا ژنیان بەسەردا دەهێنرێت، یان سێکسیان لەگەڵ ناکرێت، یاخود لێیان دەدرێت، ئەمە جگە لەو سزا سەختو بەئەندێشەی کە لە ڕۆژی قیامەتدا چاوەڕێیان دەکات.

نەك هەر لەم سەردەمەشدا بەڵکو لەسەردەمی موحەممەدشداو لەکاریگەری ئەم هۆکارانە, کەڵە ژنێك بڕیار دەدات هەرگیز نەکەوێتە بەر بەزەییەکانی مێردو لە ژێر سێبەری یاساکانی ئیسلامو مێردە موسڵمانەکەیەوە ئیهانە نەکرێت.

عن أبي هريرة رضى الله تعالى عنه قال جاءت امرأة إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم فقالت يا رسول الله أنا فلانة بنت فلان قال قد عرفتك فما حاجتك قالت حاجتي إلى بن عمي فلان العابد قال رسول الله صلى الله عليه وسلم قد عرفته قالت يخطبني فأخبرني ما حق الزوج

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

على الزوجة فإن كان شيئا أطيقه تزوجته وإن لم أطق لا أتزوج قال من حق الزوج على الزوجة أن لو سألت منخراه دما وقيحا وصديدا فلحسته بلسانها ما أدت حقه لو كان ينبغي لبشر أن يسجد لبشر لأمرت المرأة أن تسجد لزوجها إذا دخل عليها لما فضله الله عليها قالت والذي بعثك بالحق لا أتزوج ما بقيت في الدنيا هذا.[190]

لە ئەبو هورەیرەوە دەگێڕنەوە: ڕۆژێك ژنێك هاتە لای پەیامبەرو وتی: ئەی پەیامبەری خوا من فلاّنی کچی فلاّنم. پەیامبەر وتی: وا تۆم ناسی، پێویستیت بەچییە؟ ژنەکە وتی: شتێکم دەربارەی ئامۆزاکەم هەیە، کەفلاّنە بەندەیە. پەیامبەر وتی: وا ئەوم ناسی. ژنەکە وتی: ئەو داوام دەکا شووی پێبکەم، پێم بلّێ هەقی مێرد بەسەر ژنەوە چییە، ئەگەر لە توانامدا هەبوو ئەوە شووی پێدەکەم، ئەگەر..نا ئەوە شووی پێناکەم. پەیامبەریش پێی دەلّێت: هەقی مێرد بەسەر ژنەوە ئەوەیە ئەگەر مێرد داوای کردو ژنەکەش زمانی لەناو کێمو جەراعەت (زوخی پیسی تێکەڵ بەخوێن)و پیسایی کونە لووتیدا بۆ مێردەکەی بگێڕێ، هێشتا هەقی مێردەکەی نەداوە. ئەگەر پێویست بوایە ئادەمیزاد کڕنوش بۆ ئادەمیزاد ببات، ئەوە کاتەی پیاو کە دەچێتە لای ژنەکەی، فەرمانم بە ژن دەکرد کڕنوش بۆ مێردەکەی ببات. ئەویش لەبەر ئەوەی خوا فەزلّی مێردەکەی بەسەردا داوە.

ژنەکەش وتی: سوێند بەوەی تۆی بۆ ئێمە بەهەق ناردووە، هەتا لە دونیادا بمێنم شوو ناکەم.

## دەرگای چوارهەم

## مافە ئەزەلی و ئەبەدییەکانی ژن لە ئیسلامدا

بێگومان ئەم لێکولّینەوەیەی ئێمە ناتوانێت ڕامان لەهەموو دەروازەیەکانی مەسەلەی ژنان لە ئیسلامدا بکاتو باس لە هەموو لایەنەکانی ئایەتی قورئان و سەرگوزشتەی پەیامبەری موسلّمانان بکات، بەڕاستی کارێکی لەم شێوەیە سەختەو پرۆسەیەکی درێژ خایەنە. بەلاّم بۆ

---

190 الحاكم، المستدرك على الصحيحين. كتاب النكاح، حديث2768 مجمع الزوائد – الهيثمى ج 4 ص 307

ئەوەی بتوانین ڕاستییەکانمان بسەلمێنین دەکرێت کۆمەڵێك نموونە بۆ خوێنەران بهێنینەوە تابۆمان دەربکەوێت ئیسلام، بەدەر لەو گوتارە سواوەی کە ڕۆژانە دەیبیستین، پڕیەتی لەبێبەهاکردنو ستەملێکردنی ژنان، بەتایبەت ئەو نموونانەی کەڕۆژانە گوێبیستی دەبین و دەبنە جێی قسەوباسمان.

## یەکەم

## هەندێک لەو ئایەتانەی لە فەسڵەکانی دیکەدا باسیان نەهاتووە

ژنان لە ریزی ئەسپو مەڕو ماڵاتدا دانراونو بۆ خۆشیو رابواردنەکانی پیاو دروست بوون:

زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ.[191]

ئارەزووی سێکسی لە ژنانو زۆربوونی نەوەی کوڕو دەستکەوتی زۆری زێڕو زیوو ئاڵتونی زۆرو ڕەوە ئەسپی ڕەسەنو مەڕوماڵاتو زەویوزاری کشتوکاڵ, بۆ خەڵکی رازێنراوەتەوەو لە ژیانی دونیاياندا مایەی خۆشیو خۆشگوزەرانین, (خوا)ش لەوە زۆر باشتری هەیە.

نەك تەنها وەك ئەسپو مەڕوماڵات, بەڵکو جەستەی ژنی وەك کێڵگەیەك بۆ پیاو وێنا کردووە. لە ئایەتێکدا بە پیاوان دەڵێت:

نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ.[192]

ژنەکانتان کێڵگەتانن, چۆنتان دەوێت بیانکێڵن.

لە ئایەتێکی دیکەدا ژنانی تەڕ ناپاکنو دەبێت پیاو نەچێت بە لایاندا, لە کاتی تەڕییاندا خوا خۆشی ناوێن:

فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ.[193]

---

191 آل عمران 14

192 البقرة 223

193 البقرة 222



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

لەکاتی تەرِیدا (سورِی خوێنی مانگانەی ژنان) نزیکی ژنان مەبنەوە (دووربکەونەوە، خۆپارێزی بکەن) هەتا پاك دەبنەوە

بۆ پاڵپشتی ئەم ئایەتەش, کە ئافرەتان پیسن, پرسیاریان لە موحەممەد کردووە:

سألت رسول الله صلى الله عليه وسلم قلت: الرجل يجامع أهله فلا ينزل قال: يغسل ما مس المرأة منه ويوضأ ويصلي.[194]

پرسیم لە نێرداوی خواو وتم: ئەگەر پیاوێك لەگەڵ ژنەکەیدا رابوێرێت بەڵام شەهوەتەکەی دانەبەزێت (نەگاتە ئۆرگازم) پێویست بە خۆشوشتن دەکات؟ (موحەممەدیش لە وەڵامدا) پێی دەڵێت: ئەو شوێنانەی دەشوات کەبەر لەشی ئافرەتەکە کەوتوون, ئینجا دەستنوێژ دەگرێو نوێژەکەی دەکات.

ئیمامی شافعی, لە شیکردنەوەی فتوایەکیدا باسی مژینیشمان بۆ دەکاتو دەنوسێت: ئەگەر یەکێك چووکی خۆی لە ناو زێی ئافرەتدا, یان لەکونی دواوەی ئافرەتدا ون کرد, پێویستە خۆی بشوات, بەڵام بیکات بە دەمیدا یاخود شوێنی تر, ئەگەر شەهوەت دانەبەزێت, خۆشوشتنی واجب نییە. ئەگەر دڵنیا نەبوو لەوەی شەهوەتەکەی دابەزیوە یان نا, خۆشووشتنی لەسەر واجب نییە, ئەگەر خۆی بشوات باشترە.[195]

لە ئایەتێکی دیکەدا نابێت ژن لە ماڵەکەی خۆی بچێتە دەرەوەو لەسەر ئارەزوو پۆشاك بپۆشێت:

وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى.[196]

---

194 المسند احمد بن حنبل, المجلد الخامس, حديث أبي أيوب الأنصاري رضي الله تعالى عنه.

195 (ولا نوجب الغسل إلا أن يغيبه في الفرج نفسه أو الدبر فأما الفم أو غير ذلك من جسدها فلا يوجب غسلا إذا لم يُنزل.و.و ولو شك رجل أنزل أو لم ينزل، لم يجب عليه الغسل حتى يستيقن بالإنزال، والاحتياط أن يغتسل). الشافعي: كتاب الأم، باب ما يوجب الغسل

196 الاحزاب 33



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

لەماڵەکانتاندا گۆشەگیر بن و وەك سەردەمی سەرەتاکانی گێلی مەپۆشن و خۆتان دەرمەخەن.

لە میراتیشدا نیو ئەوەندەی پیاوی بەردەکەوێت:

لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ.[197]

نێرینە دوو ئەوەندەی مێینە (میرات)ی بەردەکەوێت.

لە شاهیدیدانیشدا دوو ئافرەت لە ئاستی یەك پیاودا دانراوە, لەبەر ئەوەی وەك پیاو دانا نین و ئەقڵیان نوقسانە, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئایەتەکە کەئاماژە بۆ ژنان دەکات گوایە شتیان لەبیردەچێتەوەو بەهەردووکیانەوە تواناو بیرکردنەوەی یەك پیاویان هەیە:

وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَى.[198]

(لە کاتی شاهیدیداندا) دوو شاهید لە پیاو بگرن, ئەگەر دوو پیاو دەست نەکەوت ئەوە پیاوێك و دوو ئافرەت لەو ئافرەتانەی کە ئێوە لە شاهیدیان رازین, تا ئەگەر یەکێکیان گومڕابوو یان لەبیری چوو, ئەوە ئەوی دیکە وەبیری بخاتەوە.

ئەم ئایەتە بەسە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە ئیسلام ئافرەتی بە کەم ئەقڵ زانیوە.

الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ اللّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَآ أَنْفَقُواْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللّهُ وَاللاَّتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلاَ تَبْغُواْ عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً.[199]

پیاوان لەژنان بالادەستترن, ئەمەش بەهۆی ئەو ڕێزەو بەخشندەیەی کەخوا بەخشیوێتی بەهەندێك (پیاو) بەسەر هەندێکی تردا (ئافرەت), پیاوان سامانیان هەیەو خەرجیی ماڵیان دەکەن, ژنانی چاك و باشیش ئەوانەن کە هەمیشە گوێڕایەڵ و ملکەچی مێردەکانیانن, لەکاتی ئامادەنەبوونی مێردەکانیاندا داوێنی خۆیان دەپارێزن, کە خوا پاراستوویەتی. (ئەی پیاوان) ئەو ئافرەتانەی کە یاخی و بەلەسە دەبن و ترستان لەسەرپێچیان هەیەو ملکەچتان نین,

197 النساء 11

198 البقرة 282

199 النساء 34



www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

(تەمبێ)یان بکەن, لە جێگەی رابواردنیان دوور بکەونەوە, لێیان بدەن. خۆ ئەگەر ملکەچتان بوون, ئێوەش ستەمیان لێمەکەنو رێگەی تر مەگرنە بەر.

وەك بلێی ئەم ئایەتە کەمی وتبێت, راڤەکاری ناسراوو باوەڕپێکراوی ئیسلام، ئیبن کەسیر، زانیاری زیاترمان دەداتێو لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا نوسیویێتی:

الرَّجُل قَيِّم عَلَى الْمَرْأَة أَيْ هُوَ رَئِيسهَا وَكَبِيرهَا وَالْحَاكِم عَلَيْهَا وَمُؤَدِّبهَا إِذَا اِعْوَجَّتْ، لِأَنَّ الرِّجَال أَفْضَل مِنْ النِّسَاء وَالرَّجُل خَيْر مِنْ الْمَرْأَة وَلِهَذَا كَانَتْ النُّبُوَّة مُخْتَصَّة بِالرِّجَال.[200]

(پیاو بالآدەستە بەسەر ژنانەوە، ئەگەر ژن خوارو خێچی نواند، ئەوە پیاو گەورەو سەرۆکو دادوەرو تەمبێکەریێتی، چونکە پیاوان لە ژنان باشترو بەرێزترن, پیاو لە ئافرەت چاکترە, لەبەر ئەوەشە کە پەیامبەرایەتی تایبەتمەند بووە بە پیاوان.

لەدرێژەی تەفسیرەکەدا ئەم چەند دێڕەش دەخوێنینەوە:

جَاءَتْ اِمْرَأَة إِلَى النَّبِيّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَشْكُو أَنَّ زَوْجهَا لَطَمَهَا فَقَالَ رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَآله وَسَلَّمَ " الْقِصَاص " فَأَنْزَلَ اللَّه عَزَّ وَجَلَّ : الرِّجَال قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاء " الْآيَة . فَرَجَعَتْ بِغَيْرِ قِصَاص

ئافرەتێك هاتە لای پەیامبەر, شکایەتی لە مێردەکەی هەبوو چونکە مستەکۆلەیەکی کێشابوو بە دەموچاویدا, پەیامبەریش دەلێت: (تۆلە). واتە تۆلەت بۆ دەکەمەوە. ئیتر خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند (پیاوان لە ژنان بالآدەستترن). ئیتر ئافرەتەکە گەڕایەوە بێئەوەی تۆلەی بۆ وەربگرێتەوە.

لەکاتی باسکردنی ئەم ئایەتەدا ئیسلامییەکان سەرزارەکی دەلێن: سەرەتا دەبێ پیاوان ئامۆژگاری ژنانیان بکەن, ئەگەر یاخیبوونو بەلەسەییەکەیان چاك نەبوو ئەوجا لەجێگەی رابواردن لێیان دوور بکەونەوە, لەدوای قۆناغێکی دیکە ئینجا لێیان بدرێت. هەندێکیش پێیانوایە پیاوان بۆیان هەیە لەیەك کاتدا ئامۆژگاریشیان بکەن, سێکسیان لەگەڵ نەکەن, لێشیان بدەن, بەو بەڵگەیەی لەئایەتەکەدا باسی رێزبەندی سزاکان نەکراوە. خۆ ئەگەر بوترێت: ئیعجازی قورئان لەوەدایە کە بەپرِیو چرِی لەشتەکان دواوە, پێویست بەدرێژدادرِی ناکات. دەلێین: ئەم پاساوە لاوازە, چونکە ئەم جۆرە ئیعجازە (چرِیو پرِی لە

200 تفسير ابن كثير النساء 34



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

مانادا) دەبوو لە هەموو ئایەتەکاندا هەبوایە نەك لەکۆمەڵێك ئایەتی کەمدا هەبن و لەزۆربەی هەرەزۆری ئایەتەکانی دیکەدا نەبن. گەلێك ئایەت هەن خوێنەر زۆر بەئاسانی دەتوانێت درێژدادڕی پێوە ببینێت. بۆ نموونە:

وَهُوَ الَّذِي أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ نَبَاتَ كُلِّ شَيْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا نُخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُتَرَاكِبًا.[201]

لەم ئایەتەدا سێ جار ئاماژە بە وشەی دەرهێنان (فَأَخْرَجْنَا, فَأَخْرَجْنَا, نُخْرِجُ) کراوە, کە لە بنەڕەتدا زیادەن و دووانیان پێویست نەبوو بنوسرێن. ئەگەرچی لەم ئایەتەدا تێکەڵاوییەك لەنێوان کەسی یەکەمو دووهەمو سێهەمدا هەیە, ئەوەی ئێمە مەبەستمان بێت و لێی تێدەگەین ریزبەندیو یەك لەدوایەکی کارەکانەو هیچ کامیان پێش ئەوی دیکەیان ناکەوێت. ئەگەر قورئان مەبەستی هەبوایە ئامۆژگاریو نەکردنی سێکس و لێدان پێکەوە جێبەجێ نەکرێن, هیچی تێنەدەچوو لە ئایەتەکەدا بەیەك وشە, موعجیزەئاسا, ئاماژەی بۆ بکردایە. نەبوونی ئەو وشەیە لێکدانەوەی ئایەتەکەی شپرزە کردوەو بەم هۆیەوە ئیعجازی قورئانیشی بەرەو شپرزەیی بردووە.

ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە لێدان، بەهەر شێوەیەك بێت، بەهەر جۆرێك بێت، لەهەر کاتێکدا بێت، لەهەر شوێنێکدا بێت، ئیهانەکردنی کەسی لێدراوە جائەگەر ئەو لێدانە بەچەپکە گوڵێکیش بێت. هەبوونی ئەم جۆرە شەرعانە لەقورئاندا کەسوکایەتی بە مرۆڤایەتی نیسان دەدەن، ئەو ڕەخنانەمان پشتڕاست دەکەنەوە کە پێشتر نوسیبومان قورئان دەرکەوتەی زەمان و زەمینەی خۆیەتی.

لە ئایەتێکی دیکەدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە پیاوان پلەیەك لە ژنان بەرزترو باڵاترو لەپێشترن:

وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ.[202]

پیاوان پلەیەك لە سەروی ژنانەوەن.

لە ئایەتێکی دیکەدا ژنانی تەڵاقدراو تا تەواوبوونی سێ تەڕی ناتوانن شوو بکەنەوە:

---

201 الانعام 99
202 البقرة 228



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ.[203]

ژنانی تەڵاقدراو دەبێت تا سێ تەڕی چاوەڕێ بکەنو شوو نەکەنەوە.

ژنانی مێرد مردووش تا تەواوبوونی چوار مانگو دە ڕۆژ ناتوانن شوو بکەنەوە:

وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنْكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا.[204]

ئەو پیاوانەی دەمرنو ژنەکانیان جێدەمێنن, با ژنەکان تا چوار مانگو دە ڕۆژ (یان دە شەو) چاوەڕێ بنو شوو نەکەنەوە.

لە ئایەتێکی دیکەدا نوسراوە ژنانی تەڵاقدراو لەماڵ بچنە دەرەوە ئەوە زیناو خراپە دەکەن.

قورئان, لەرێی موحەممەدەوە ڕوو دەکاتە پیاوانو دەڵێت:

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ.[205]

ئەی پەیامبەر, ئەگەر ژنانتان تەڵاق دا لەکاتی دیاریکراوی تەرِییاندا تەڵاقیان بدەنو ماوەکە بژێرنو لە خوای پەروەردگارتان شەرمو ترستان هەبێت, لە ماڵەکانیاندا دەریان مەکەنە دەرەوە، خۆشیان نەچنە دەرەوە، ئەگەر..نا ئەوە کاری بەدڕەوشتیی بە ئاشکرا ئەنجام دەدەن، ئەوە سنووری خوایە, ئەوەی سنووری خوا ببەزێنێت ناهەقی لە خۆی کردووە.

هەر ژنێکیش ڕەچاوی ئەم یاسایانە نەکات سزایەکی سەخت لە ڕۆژی قیامەتدا چاوەڕێی دەکات. قیامەتیش لە ئەفسانەی ئیسلامدا ئاگرێکی تێدایە مەگەر هەر موحەممەد قووڵیو گەرمی ئەو ئاگرەمان بۆ دیاری بکات! صەحابەیەك دەگێڕێتەوە: ئێمە لەگەڵ پەیامبەردا بووین، گوێبیستی گرمەیەك بوین. پەیامبەر وتی: ئایا دەزانن ئەوە چی بوو؟ وتمان ئێمە نایزانین، خواو پەیامبەرەکەی دەزانن. پەیامبەر وتی: ئەوە بەردێك بوو، حەفتا پاییزە (حەفتا

---

203 البقرة 228

204 البقرة (234)

205 الطلاق 1



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

ساڵە) فڕێ دراوەتە ئاگری دۆزەخەوە، لەو کاتەوە بەردەکە شۆڕ دەبێتەوە، ئەوە ئێستا گەیشتە بنەکەی.[206]

بۆ گەرمییەکەشی موحەممەد وتویەتی: گەرمی ئاگری دۆزەخ حەفتا جار گەرمترە لەم ئاگرە ئاساییەی کە رۆژانە مرۆڤ بەکاری دێنێت.[207]

## دووهەم

## هەندێک لەو سەرگوزشتانەی لە فەسڵەکانی دیکەدا باسیان نەهاتووە

نموونەی 1

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

لَوْ كُنْتَ آمِرًا أَحَدًا أَنْ يَسْجُدَ لِأَحَدٍ لَأَمَرْتَ الْمَرْأَةَ أَنْ تَسْجُدَ لِزَوْجِهَا لِعِظَمِ حَقّه عَلَيْهَا.[208]

ئەوەندە هەقی مێرد بەسەر ژنەکەیەوە گەورەیە، گەر فەرمانم بەکەسێك بکردایە کڕنووشی بۆ کەسێك ببردایە، فەرمانم بەژن دەکرد کڕنوشی بۆ مێردەکەی ببردایە).

نموونەی 2

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

وَلَا تُنْفِقُ الْمَرْأَةُ شَيْئًا مِنْ بَيْتِهَا إِلَّا بِإِذْنِ زَوْجِهَا.[209]

ئافرەت, بەبێ مۆڵەتی مێردەکەی, نابێ لە ماڵەکەیدا خەرجی بکات.

206 صحيح مسلم. كتاب الجنة، وصفة نعيمها وأهلها. باب في شدة حر نار جهنم، وبعد قعرها، وما تأخذ من المعذبين. حديث2844

207 صحيح البخاري. كتاب بدء الخلق، باب: صفة النار، وأنها مخلوقة. حديث3092

208 المستدرك على الصحيحين. الحاكم النيسابوري. كتاب البر والصلة حديث7325.

تفسير ابن كثير يوسف100 هەروەها لە ئایەتی 34ی النساء

209 سنن ابي داود, البيوع, في تضمين العور, حديث3565



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee.com
www.xwdakan.com

نموونەی 3

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

إِذَا دَعَا الرَّجُل اِمْرَأَته إِلَى فِرَاشه فَأَبَتْ عَلَيْهِ لَعَنَتْهَا الْمَلَائِكَة حَتَّى تُصْبِح.[210]

ئەگەر پیاوێك ژنەكەی بانگ كرد بۆ سەر جێخەوتنەكەی، ژنەكەش سەرپێچی كرد، تا ڕۆژ دەبێتەوە مەلائیكەتەكان نەفرەتی لێدەكەن.

نموونەی 4

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

لَا يَحِلُّ لِلْمَرْأَةِ أَنْ تَصُومَ وَزَوْجُهَا شَاهِدٌ إِلَّا بِإِذْنِهِ وَلَا تَأْذَنَ فِي بَيْتِهِ إِلَّا بِإِذْنِهِ.[211]

هەر ژنێ مێردەكەی لەژیاندا بوو، بۆی حەڵاڵ نییە بەبێ مۆڵەتی مێردەكەی ڕۆژوو بگرێت. هەروەها بۆی حەڵاڵ نییە بەبێ مۆڵەتی مێردەكەی لەماڵ بچێتە دەرەوە.

نموونەی 5

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

إِذَا صَلَّتْ الْمَرْأَة خَمْسهَا وَصَامَتْ شَهْرهَا وَحَفِظَتْ فَرْجهَا وَأَطَاعَتْ زَوْجهَا قِيلَ لَهَا اُدْخُلِي الْجَنَّة مِنْ أَيّ الْأَبْوَاب شِئْت.[212]

ئەگەر ئافرەتێك ڕۆژانە پێنج نوێژەكەی خۆی جێبەجێكرد، مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بوو، داوێنی خۆی لەكاری حەرام پاراست، ملكەچی مێردەكەی بوو، لەو دونیا پێی دەڵێن: لەهەر دەرگایەكەوە خۆت ئارەزووی دەكەیت بچۆرە بەهەشتەوە.

نموونەی 6

---

210 تفسير ابن كثير. النساء 34

211 صحيح البخاري. كتاب النكاح. باب لا تأذن المرأة في بيت زوجها لأحد إلا بإذنه. حديث4899

212 تفسير ابن كثير النساء 34. المسند للإمام أحمد بن حنبل. المجلد الاول حديث عبد الرحمن بن عوف الزهري رضي الله عنه



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
MarwanHalabjaee.com
www.xwdakan.com

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

امْرَأَةٌ غَابَ عَنْهَا زَوْجُهَا قَدْ كَفَاهَا مُؤْنَةَ الدُّنْيَا فَتَبَرَّجَتْ بَعْدَهُ فَلَا تَسْأَلْ عَنْهَا.[213]

ئافرەتێك, پیاوەکەی سەفەری کردبێتو هەموو پێویستیەکانی بۆ دابینکردبێت, کەچی خۆی بگۆڕێتو بچێتە دەرەوە, لە رۆژی قیامەتدا لێی ناپرسرێتەوە.

نموونەی 7

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

أَيُّمَا امْرَأَةٍ تَطَيَّبَتْ، ثُمَّ خَرَجَتْ إِلَى الْمَسْجِدِ، لَمْ تُقْبَلْ لَهَا صلاةٌ، حَتَى تَغْتَسِلَ.[214]

هەر ئافرەتێك خوی بۆنخۆش کردو چووە دەرەوە بۆ مزگەوت, ئەوا نوێژی قبوڵ نییە تا خۆی دەشوات.

تەنانەت جیاکاریشی لە نێوان مافەکانی کچو بێوەژندا کردووەو مافی بێوەژنی خستۆتە خوار کچێنییەوە:

نموونەی 8

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

السُّنَّةُ إِذَا تَزَوَّجَ الرَّجُلُ الْبِكْرَ عَلَى امْرَأَتِهِ أَقَامَ عِنْدَهَا سَبْعًا وَإِذَا تَزَوَّجَ الثَّيِّبَ عَلَى امْرَأَتِهِ أَقَامَ عِنْدَهَا ثَلَاثًا.[215]

سوننەتی من وایە, ئەگەر پیاوێك کچێکی خواست بەسەر ژنەکەیدا ئەوە حەوت رۆژ لەلای بمێنێتەوە. خۆ ئەگەر بێوەژنێکی بەسەر ژنەکەیدا هێنا سێ رۆژ لای بمێنێتەوە.

نموونەی 9

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

---

213 المسند للإمام أحمد بن حنبل, باقي مسند الأنصار, مسند فضالة بن عبيد الأنصاري رضي الله عنه.

214 سنن ابن ماجة , كتاب الفتن, باب فتنة النساء, حديث4002

215سنن الترمذي, النكاح عن رسول الله باب ما جاء في القسمة للبكر والثيب



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

خَيْر النِّسَاء اِمْرَأَة إِذَا نَظَرْت إِلَيْهَا سَرَّتْك وَإِذَا أَمَرْتهَا أَطَاعَتْك وَإِذَا غِبْت عَنْهَا حَفِظَتْك فِي نَفْسهَا وَمَالِك.[216]

باشترین ژن ئافرەتێكە كە تەماشات كرد دڵت خۆش بكات, كە فەرمانت پێ كرد ملكەچیت بكات, گەر لێی دوور كەوتیتەوە ماڵتو داوێنی خۆی بپارێزێت.

نموونەی 10

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

لَا يَحِلُّ الْكَذِبُ إِلَّا فِي ثَلَاثٍ يُحَدِّثُ الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ لِيُرْضِيَهَا وَالْكَذِبُ فِي الْحَرْبِ وَالْكَذِبُ لِيُصْلِحَ بَيْنَ النَّاسِ.[217]

درۆكردن لە سێ حاڵەتدا نەبێت حەڵاڵ نییە. درۆیەك كە مێرد بۆ رازیبوونی ژنەكەی بیكات، درۆیەك لە جەنگدا بكرێت، درۆیەك نێوانی خەڵكی چاك بكات.

نموونەی 11

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

لَنْ يُفْلِحَ قَوْمٌ وَلَّوْا أَمْرَهُمْ امْرَأَةً.[218]

هەر نەتەوەیەك ژن سەرداری بكات رزگاری نابێت, یان سەركەوتوو نابێت.

ئەمە لەكاتێكدا كە قورئان باسی داناییو توانایی ئافرەتێكمان بۆ دەكات, كە ناوی بەڵقیس بووە. بەم شێوەیەش دژایەتی لەنێوان دەقو سوننەتدا دەبینین.

نموونەی 12

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

216 تفسير ابن كثير النساء 34

217 سنن الترمذي. كتاب البر و الصلة عن رسول الله. باب ما جاء في إصلاح ذات البين. حديث2003

218 صحيح البخاري. كتاب الفتن, باب باب: الفتنة التي تموج كموج البحر. حديث6686



سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

مَا تَرَكْتُ بَعْدِي فِتْنَةً أَضَرَّ عَلَى الرِّجَالِ مِنْ النِّسَاءِ.[219]

لە دوای خۆم هیچ ئاشووبێکم بۆ پیاو جێنەهێشتووە زەرەرو زیانی زۆری لێبدات, ژن نەبێت.

نموونەی 13

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

إِنْ كَانَ الشُّؤْمُ فِي شَيْءٍ فَفِي الدَّارِ وَالْمَرْأَةِ وَالْفَرَسِ.[220]

ئەگەر نەگبەتی لە شتێکدا هەبێت ئەوە لە خانوو ئافرەتو ئەسپدایە.

نموونەی 14

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

الْمَرْأَةُ كَالضِّلَعِ إِنْ أَقَمْتَهَا كَسَرْتَهَا وَإِنْ اسْتَمْتَعْتَ بِهَا اسْتَمْتَعْتَ بِهَا وَفِيهَا عِوَجٌ.[221]

ئافرەت وەك پەراسوو وایە (خوارە), گەر راستی بکەیتەوە دەشکێت, ئەگەر دەتەوێت خۆشیو لەزەتی لێ بچێژیت هەر بەو خوارییە لێی بچێژە.

نموونەی 15

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

أَيُّمَا امْرَأَةٍ اسْتَعْطَرَتْ فَمَرَّتْ بِقَوْمٍ لِيَجِدُوا رِيحَهَا فَهِيَ زَانِيَةٌ.[222]

---

219 . صحيح البخاري, كتاب النكاح, باب ما يتقى من شؤم المرأة. حديث4808

220 صحيح البخاري. كتاب النكاح, باب ما يتقى من شؤم المرأة. حديث4806

221 صحيح البخاري, كتاب النكاح, باب: المداراة مع النساء، وقول النبي صلى الله عليه وسلم إنما المرأة كالضلع.حديث4889

222 مسند احمد بن حنبل, أول مسند الكوفيين, حديث أبي موسى الأشعري رضي الله تعالى عنه



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

هەر ئافرەتێك خۆی بۆندار کردو بەلای کۆمەڵێکدا تێپەڕی بۆ ئەوەی بە بۆنەکەی بزانن, ئەو ئافرەتە بەدڕەوشتە.

نموونەی 16

أنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

أَيُّمَا امْرَأَةٍ نَكَحَتْ بِغَيْرِ إِذْنِ وَلِيِّهَا فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ.[223]

هەر ئافرەتێك بەبێ مۆڵەتی بەخێوکەرەکەی (سەردارەکەی, بەرپرسیارەکەی) مارە بکرێت، ئەو مارەکردنەی بەتاڵە, (جارێکی تریش) ئەو مارەکردنەی بەتاڵە, (جارێکی تریش) ئەو مارەکردنەی بەتاڵە.

نموونەی 17

أنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

لَيَكُونَنَّ مِنْ أُمَّتِي أَقْوَامٌ يَسْتَحِلُّونَ الْحِرَ وَالْحَرِيرَ وَالْخَمْرَ وَالْمَعَازِفَ.[224]

لە نیشانەکانی نزیکبوونەوەی رۆژی قیامەت ئەوەیە کە بەشێك لە نەتەوەکەم زێی ژنە ئازادەکانو قوماشی ئاوریشمو مەشروبو ئامێری مۆسیقا حەڵاڵ دەکەن.

نموونەی 18

أنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

لَا يَحِلُّ لِامْرَأَةٍ تُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ تُسَافِرُ مَسِيرَةَ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ إِلَّا مَعَ ذِي مَحْرَمٍ عَلَيْهَا.[225]

---

223سنن الترمذي, النكاح عن رسول الله, ما جاء لا نكاح إلا بولي

224 صحيح البخاري, كتاب الاشربة, باب, ما جاء فيمن يستحل الخمر ويسميه بغير اسمه. حديث5268

225 صحيح البخاري, أبواب تقصير الصلاة, باب: في كم يقصر الصلاة. حديث1038



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

بۆ ئافرەت حەڵاڵ نییە کەباوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەبێت, ڕۆژو شەویك سەفەر بکاتو یەکێك لە مەحرەمەکانی لەگەڵ نەبێت.

(مەحرەم ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە سێکسکردن لەگەڵیاندا حەرامە, وەك باوك, برا, مام..تاد).

نموونەی 19

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:
لَا يَخْلُوَنَّ رَجُلٌ بِامْرَأَةٍ.[226]
پیاوو ئافرەت بەتەنیا گۆشەگیر نەبن.

نموونەی 20

خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى الْمُصَلَّى فَمَرَّ عَلَى النِّسَاءِ فَقَالَ يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ تَصَدَّقْنَ فَإِنِّي أُرِيتُكُنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ فَقُلْنَ وَبِمَ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ تُكْثِرْنَ اللَّعْنَ وَتَكْفُرْنَ الْعَشِيرَ مَا رَأَيْتُ مِنْ نَاقِصَاتِ عَقْلٍ وَدِينٍ أَذْهَبَ لِلُبِّ الرَّجُلِ الْحَازِمِ مِنْ إِحْدَاكُنَّ قُلْنَ وَمَا نُقْصَانُ دِينِنَا وَعَقْلِنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ أَلَيْسَ شَهَادَةُ الْمَرْأَةِ مِثْلَ نِصْفِ شَهَادَةِ الرَّجُلِ قُلْنَ بَلَى قَالَ فَذَلِكِ مِنْ نُقْصَانِ عَقْلِهَا أَلَيْسَ إِذَا حَاضَتْ لَمْ تُصَلِّ وَلَمْ تَصُمْ قُلْنَ بَلَى قَالَ فَذَلِكِ مِنْ نُقْصَانِ دِينِهَا.[227]

پوختەی ئەم سەرگوزشتەیە ئاوایە:

موحەممەد بۆ شوێنگەنوێژ چووە دەرەوە, بەلای چەند ژنێکدا تێپەڕی, پێیانی وت: ئەی ژنینە صەدەقە بکەن چونکە واتان دەبینم کەبەشی زۆری ئەهلی دۆزەخ لەئێوە بن. ژنەکان پێیان وت: جا بۆ ئەی پەیامبەری خوا؟ پێی وتن: نەفرەت زۆر دەکەنو ناشوکری مێردو کەسوکار

226 صحيح البخاري, كتاب النكاح, باب: لا يخلون رجل بامرأة إلا ذو محرم والدخول على المغيبة.

227 صحيح البخاري, كتاب الحيض, باب, ترك الحائض الصوم, حديث298. صحيح مسلم, كتاب الايمان , باب, بيان نقصان الإيمان بنقص الطاعات وبيان إطلاق, حديث79



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Marwan Halabjaee
www.xwdakan.com

زۆر دەکەن, لەوانەی کەئەقڵ و دینیان نوقصانە نەمدیوە لەئێوە زیاتر ئەقڵی پیاوی ئاقڵ لاببات. ژنەکان وتیان: ئەی پەیامبەری خوا ئەبێ نوقصانی ئەقڵی ئێمە لەچیدا بێت؟ موحەممەدیش پێی وتن: ئایا بەدوو ژن یەك شاهێدی پیاو وەرناگیرێت؟ وتیان: با. موحەممەد وتی: ئەوە لەنوقصانی ئەقڵەکەیەتی. ئەی ئەگەر کەوتە تەرییەوە واز لەنوێژو ڕۆژوو ناهێنێت؟ ژنەکان وتیان: با. پێی وتن: ئەوەش لەنوقصانی دینەکەیەتی.

نموونەی 21

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:

اسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ فَإِنَّ الْمَرْأَةَ خُلِقَتْ مِنْ ضِلَعٍ وَإِنَّ أَعْوَجَ شَيْءٍ فِي الضِّلَعِ أَعْلَاهُ[228]

ئاگاتان لە ژنان بێت و چاکەیان لەگەڵ بکەن, چونکە ئافرەت لە پەراسوو دروستکراوە, ئەگەر خوارییەکی تێدابێت ئەوە لەو پەراسووە خوارەوەیە.

نموونەی 22

عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

إِذَا تَزَوَّجَ أَحَدُكُمْ امْرَأَةً أَوْ اشْتَرَى خَادِمًا فَلْيَقُلْ اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَيْرَهَا وَخَيْرَ مَا جَبَلْتَهَا عَلَيْهِ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا وَمِنْ شَرِّ مَا جَبَلْتَهَا عَلَيْهِ وَإِذَا اشْتَرَى بَعِيرًا فَلْيَأْخُذْ بِذِرْوَةِ سَنَامِهِ وَلْيَقُلْ مِثْلَ ذَلِكَ[229]

گەر یەکێك لە ئێوە ژنێکی هێنا یاخود خزمەتکارێکی کڕی (نێر بێت یان مێ) بالەخوا بپاڕێتەوەو بلێت: پەروەردگارم داوای چاکەی ئەم ژنەو ڕەفتارە باشەکانیت لێ دەکەم، هەروەها پەنات لێ دەگرم لەخراپی ئەم ژنەو ڕەفتارە نەشیاوەکانی، وەئەگەر حوشترێکیشی کڕی دەست بخاتە سەروی تەوێڵیەوەو هەمان شت بلێت.

228 صحيح البخاري. كتاب الانبياء, باب قول الله تعالى: وإذ قال ربك للملائكة إني جاعل في الأرض خليفة حديث3153

229 سنن أبي داود. كتاب النكاح، باب في جامع النكاح، حديث 2160



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjee www.xwdakan.com

## دەرگای پێنجهەم
## خەتەنەکردن

خەتەنەکردن، بڕینی گۆشتی سەری چوکی پیاوانو قیتکەی ئافرەتانە. بۆ نێر، سەری چووك زیاتر دەخرۆشێنێو چێژی سێکس زیاتر دەکات، بۆ (مێ)ش دەبێتە هۆی دامرکاندنەوەی خرۆشاندنی زێو کوشتنی یان کەمکردنەوەی چێژەکەی بەرێژەیەکی زۆر. خەتەنەکردن، پیاوان بێت یان ژنان، لە ئیسلامو یەهودیەتدا بەکارێکی زۆر باش دانراوە.

خەتەنەکردن داهێنانێکی ئیسلامی نییەو نەریتێکی زۆر کۆنترە. جگە لەوەی لە ئیسلامدا کۆمەڵێك پاساوی فیزیکی بۆ خەتەنەکردن هەیە، هەروەها مانایەکی میتافیزیکیشی هەیە کە جگە لەوەی لە ئایینی یەهودیدا باسکراوە نازانین چییەو چۆنە. لەئایینی یەهودیدا، یەکێك لەو دیارییە باشانەی کە خوا بەئیبراهیمی پەیامبەری بەخشیوەو بۆ موسڵمانان ماوەتەوە خەتەنە کردنە. لەتەوراتدا، یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی یەهوە (خوا) خەتەنەکردنە. لە پەیمانی کۆندا نوسراوە: خوا پەیمان دەدات بەئیبراهیم، لەبەرامبەر خەتەنەکردنی کورەکانی، بەئەندازەیەکی زۆر زەوی پێببەخشێتو نەوەکانیشی لەم بەخشینە کەمیان نەداتێ. لەسفری خولقاندندا نوسراوە:

خوداوەند خۆی نیشانی ئیبراهیم داو گوتی: تۆ زۆر دەبیتو دەبیتە باوکی چەندین نەتەوە، هەموو زەویەکانی کەنعان دەبەخشمە تۆو نەوەکەتو بۆ هەتا هەتایە دەبنە موڵکتان. لەبەرامبەر ئەمەشدا دەبێ پەیمانی من بەجێ بهێنیت، ئەویش ئەوەیە کە هەموو نێرینەی گەلەکەت خەتەنە بکەیتو سەری چووکیان ببڕیت. لەدوای ئەمە هەر نێرینەیەك خەتەنە نەکرابێتو گۆشتی سەری چووکی نەبڕابێت، ئەو کەسە لەقەومەکەی دادەبڕێت، (واتە دەیکوژین) چونکە پەیمانی ئێمەی شکاندووە.[230]

230 سفری خوڵقاندن، بابی حەڤدەهەم 14-5 هەروەها بابی سی و چوارهەم 14-17 وەرگێڕانەکەی وەرگیراوە لە: شوجاعەتدینی شەفا, پیامبران در آین های توحيدي, وەرگێڕانی لەفارسییەوە: شازین هێرش, گۆڤاری ریفۆرم, ژمارە7, بەهاری2005 لاپەرەکانی 22-105



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

ئەوەی لە یەهودیدا هەیە خەتەنەی پیاوانە نەك ئافرەتان. بەڵام لە ئیسلامدا ئافرەتانیش دووچاری ئەم دیاردەیە بوونەتەوە. ئەگەرچی لەقورئاندا ئایەتێك بۆ ئەم کردارە نابینین، بەڵام لە ئیسلامدا، لەبەر قسەیەکی موحەممەد، وەك ئەرکو کارێکی (زۆرباش) دانراوەو پەیڕەوی لێکراوە. چ پیاوانو چ ژنان دەبێت خەتەنە بکرێن.[231] مانای فیزیکی خەتەنە لە ئیسلامدا، لە قسەیەکی موحەممەددا دەخوێنینەوە.

الْفِطْرَةُ خَمْسٌ أَوْ خَمْسٌ مِنْ الْفِطْرَةِ الْخِتَانُ وَالِاسْتِحْدَادُ وَنَتْفُ الْإِبْطِ وَتَقْلِيمُ الْأَظْفَارِ وَقَصُّ الشَّارِبِ.[232]

ئەو پێی وایە: پێنج خەسڵەت هەن سوودبەخشنو خاوێنی بە مرۆڤ دەدەن: خەتەنەکردن، لابردنی تووکەبەر، هەڵکێشانی مووی بنباڵ، قرتاندنی نینۆك، بەرسمێڵکردن. لەبەر ئەم خەسڵەتانەیە وەك سووننەتێکی باش موسڵمانەکان پەیڕەوی لێدەکەن.

لە ژیانی موحەممەددا ژنێك لە شاری مەدینەدا کاری خەتەنەکردنی جێبەجێ کردووە. ئەم ژنە، زۆر بێبەزەییانە لە بندا قیتکەکەی بڕیوە. دیارە ئەم شێوەیەش بەتەواوی چێژی سێکس لەلای ئافرەت ناهێڵێت.

أَنَّ امْرَأَةً كَانَتْ تَخْتِنُ بِالْمَدِينَةِ فَقَالَ لَهَا النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَا تُنْهِكِي فَإِنَّ ذَلِكَ أَحْظَى لِلْمَرْأَةِ وَأَحَبُّ إِلَى الْبَعْلِ.[233]

موحەممەدیش پێی وتووە لەکاتی خەتەنەکردنەکەدا کەمێك دەست بەرز بکاتەوەو تەواو لە بندا نەیبڕێت، چونکە بۆ ئافرەت چاکترەو بۆ پیاویش خۆشترە. ئەم قسەیەی موحەممەد وای لە ئیبن تەیمییە، فتوادەری بەناوبانگی ئیسلامی، کردووە فتوا بدات کە دەبێت ئافرەتان خەتەنە بکرێن.[234]

وَاجِب عِنْد الشَّافِعِيّ وَكَثِير مِنْ الْعُلَمَاء , وَسُنَّة عِنْد مَالِك وَأَكْثَر الْعُلَمَاء , وَهُوَ عِنْد

231 ابن تميمة: فتاوي النساء. ص8
232 صحيح البخاري. كتاب اللباس باب، قص الشارب. حديث5550 صحيح مسلم، كتاب الطهارة، باب خصال الفطرة حديث257 سنن ابن ماجة، كتاب الطهارة وسننها. بَاب الفطرة حديث294
233 سنن ابي داود، كتاب الادب، باب ما جاء في الختان، حديث5271
234 ابن تيمية، مجموعة الفتاوى، م11 فقه الطهارة والصلاة، ص68



www.xwdakan.com  net  org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

الشَّافِعِيّ وَاجِب عَلَى الرِّجَال وَالنِّسَاء جَمِيعًا , ثُمَّ إِنَّ الْوَاجِب فِي الرَّجُل أَنْ يَقْطَع جَمِيع الْجِلْدَة الَّتِي تُغَطِّي الْحَشَفَة حَتَّى يَنْكَشِف جَمِيع الْحَشَفَة , وَفِي الْمَرْأَة يَجِب قَطْع أَدْنَى جُزْء مِنْ الْجَلْدَة الَّتِي فِي أَعْلَى الْفَرْج.[235]

لای شافعی و زۆرێك لە زانایانی ئیسلام خەتەنە واجبە. لای مالکی زۆربەی زانایانیش سوننەتە. لای شافعی, (کە بەشی زۆری موسڵمانانی ناوچەکەی ئێمە لەسەر مەزهەبی ئەون) چ پیاوان بن یان ژنان, لەسەر هەموو پیاوو ژنێك واجبە. لەسەر پیاوان پێویستە هەموو ئەو پێستەی کەسەری چووك دادەپۆشێت, ببرێت تا هەموو سەری چووك دەرکەوێت. لە ئافرەتانیشدا پێویستە لە بندا ئەو قیتکەیە ببڕدرێت کە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی زێ.

مانای میتافیزیکی خەتەنەکردنیش لەوەدایە کە خوا قسەی لەسەر کردووەو داوای لە ئیبراهیم کردووە لەوەودوا نەوەکانی خەتەنە بکات. کەواتە خەتەنەکردن بەلای خواوە گەورەیە بۆیە لەبەرامبەر جێبەجێکردنیدا دیاری گەورە پێشکەش بە ئیبراهیمو نەوەکانی دەکات. بەگوتەی موحەممەد، ئیبراهیم لەتەمەنی سەدو بیستساڵیدا خەتەنە کراوە. دوای خەتەنەکردنیشی هەشتا ساڵی دیکە ژیاوە.[236] لەبەر ئەم هۆیە دەبێت موسڵمانان ڕێچکەی ئیبراهیم بگرنەبەر، چونکە ئایەتێك هەیە باس لەوە دەکات کە شوێنکەوتەی ئایینی ئیبراهیم کارێکی پەسەندە، لەبەر ئەوەی خوا ئیبراهیمی کردۆتە ڕێزدارو خۆشەویستی خۆی.[237] لە چیرۆکێکی ئەفسانەیشدا دەڵێن: پەیامبەری ئیسلام بەخەتەنەکراوی لەدایك بووە.[238]

خودی موحەممەد دەربارەی خەتەنەکردن وتویەتی:

أَنَّ رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : (الْخِتَان سُنَّة لِلرِّجَالِ مَكْرُمَة لِلنِّسَاءِ).[239]

خەتەنەکردن بۆ پیاو سوننەتەو بۆ ژنانیش شکۆمەندییە.

235 صحيح مسلم بشرح النووي، كتاب الطهارة، باب خصال الفطرة

236 (قال رسول الله صلى الله عليه وسلم اختتن إبراهيم عليه السلام وهو ابن مائة وعشرين سنة ثم عاش بعد ذلك ثمانين سنة). تفسير القرطبـي في تفسير البقرة124

237 (وَاتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا) (وَاتَّخَذَ اللَّهُ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلًا). النساء:125. النحل: 123

238 (أن النبي صلى الله عليه وسلم ولد مختونا). تفسير القرطبـي البقرة124

239 تفسير القرطبـي البقرة124, مسند أحمد أول مسند البصريين, حديث أسامة الهذلي رضي الله تعالى عنه



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
لێرەوە خەتەنەکردن قودسییەتو شەرعییەتی خۆی وەردەگرێتو جێبەجێ دەکرێت. چونکە لە باوەڕی موسڵمانانداا گوتەو ڕەفتارەکانی موحەممەد دەبێت وەك یاساکانی قورئان بەرێوەبچێت. بۆ پشتگیری ئەم بۆچوونەش چەندین ئایەت هەن فەرمان بە موسڵمانان دەدات یاساکانی ئەو وەك یاساکانی قورئان جێبەجێ بکرێن. لەوانە:

مَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا.[240]

ئەوەی پەیامبەر (موحەممەد) بۆی هێناون لێوەی وەرگرنو ئەوەی ئەو نەهیتان لێ دەکات ئێوەش وەلاوەی نێنو بەلایدا نەچن.

خەتەنەکردنی پیاو، سەری چووکی تیژ دەکات, بەم هۆیەوە هەست بەچێژی زیاتر دەکات. بەڵام خەتەنەکردنی ژن، کەبرینی قیتکەیەو دەکەوێتە بەشی سەرەوەی زێ, جۆرێکە لەکوشتنی چێژی سێکسو هەڵکۆڵینی جەستەیان. برینی بەشێك لەم پارچە هەستوەرە ، مانایەکی ڕوونو ئاشکرای هەیە, ئەویش سەربڕینی چێژی سێکسو کوشتنی حەزەکانی خرۆشاندنو دامرکانەوەی ئارەزووە. بەمانایەکی دیکە تیرۆرکردنی بەشێکە لە ژیانی ئافرەت، کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ژیانیدا، هەر لە منداڵییەوە جێبەجێ دەکرێت. ئەم دیاردەیەش لەپێناو بنبڕکردنی گەندەڵی سێکسی کۆمەڵگا ئایینیەکان هاتۆتە ئاراوە، کە پێیان وایە ڕەگەزی مێ دەوری سەرەکی لەم گەندەڵییەدا دەبینێت, بۆیە دەبێت ئەو دەورەی لەکار بخرێت تا گەندەڵی نەمێنێت. ئەم حوکمە ڕەقە بەرامبەر بەژن بەوپەڕی سوکایەتی بەم توێژە دەژمێردرێت. خەتەنەکردن یەکێکە لەداهێنانەکانی ئایین بۆ بێڕێزکردنو تیرۆرکردنی ڕەگەزی مێ، ئایینزاکانی ئیسلام دەوری سەرەکیان بۆ پەیڕەوکردنو بەردەوامبوونی بینیوەو بەشی شێریان لەم جۆرە تیرۆرکردنەی ئافرەتان بەرکەوتووە.

## دەرگای شەشهەم
## دەرپێ و ئەوانی دیکە

جیاوازیو شێوەکانی پۆشینی جلوبەرگ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ داپۆشینی لەش.

240 الحشر 7

پۆشینی جلوبەرگیش، وەك هۆكاری یەكەم، پاراستنی جەستەیە لەكاریگەرییە سروشتییەكان. گەرمیی تیشكی خۆر یەكێكە لەو كاریگەرییە بنەڕەتییانە. لەنیوە دوورگەی عەرەبدا، گەرمیی خۆر زۆر لەوە بە تینتربوو كەسێك بتوانێت بەڕوتی بجولّێو لەبیابانەكاندا بسوڕێتەوە. بۆ كەمكردنەوەی تینی خۆر بەپۆشاكێك لاشەیان داپۆشیوە, هەر لەتەپلّی سەرەوە تا خوارەوە, جۆرەها شێوازیان بەكارهێناوە, بەلاّم لە جۆرەكاندا دەرپێی تێدا نەبووە.[241]

عەرەبەكانی نیوە دورگە، لەسەردەمی سەرهەلّدانو گەشەكردنی ئیسلامدا دەرپێیان بەكار نەهێناوە. مێژوونوسان ناسینو پۆشینی دەرپێیان گەڕاندووەتەوە بۆ سەردەمی خەلافەتی ئەمەوی. بەهۆی نەریتو كلتووری كۆمەلّگای (شام) ئەم پۆشینە سەریهەلّداوەو بلاّوبۆتەوە.[242] (د.عبدالحمید) دەلّێ: لە هیچ یەكێك لە كتێبە مێژووییەكانی كۆنی ئیسلامدا باس لەپۆشینی دەرپێی كۆمەلّگای نیوەدورگەی عەرەب نەكراوە، نە لەپێش ئیسلامو نە لەكاتی دەولّەتەكەی موحەممەدیشدا.[243] لەلای هەردوو ڕەگەزیش وەك یەك وابووەو تەنها پۆشینەكانی سەرەوە هەموو لەشی داپۆشیون.

مێژوونوسان باسی كلتووری ئیسلام دەكەنو دەلّێن لەكاتی نوێژی جەماعەتدا پیاوان لە پێشەوەو ژنان لەدواوە ریزیان بەستووە. پیاوەكان، بۆ ئەوەی هەلّسوكەوتی چەمینەوەو هەلّسانەوەی نوێژكردنیان ئاسایی بێت، كەمێك دزداشەكانیان بەرز كردەوەتەوەو بە گرێیەك بەستویانە تا نوێژەكانیان تەواو كردووە. بەم شێوەیە لەكاتی كڕنوشدا ڕانو سمتو گونی شۆڕیان لە دواوە دەركەوتووە. ئایینزایەكی ئیسلام لەزەمەنی موحەممەددا بۆمان دەگێڕێتەوەو دەلّێت: ڕۆژێكیان لەبەر شارەزایم لە ئیسلام ئامادەبوان داوایان لێكردم پێشنوێژییان بۆ بكەم. منیش كردم. كراسێكم لەبەردا بوو، كە كڕنوشم دەبرد پاشەلّم دەردەكەوت. ژنێك بە خەلّكی گەڕەكی وتبوو: ئەوە قنگی ئەو قورئان خوێندنەتان لەبەر چاومان داناپۆشن؟[244]

---

241 دەرپێی كورت، ژێردەرپێ.

242 السیسلي: سایكولوجیة الاخلاق. ص95

243 نفس المصدر ل30

244 (وكانت علي بردة، كنت إذا سجدت تقلصت عني، فقالت امرأة من الحي: ألا تغطون عنا است قارئكم؟). صحیح البخاري، كتاب المغازي، باب: من شهد الفتح. حدیث4051



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org


موحەممەد ئامۆژگاری موسڵمانانی پیاوی کردووە داوێنی خۆیان داپۆشن. نارازیش بووە بەو کەسانەی ئەم کارە ناکەن.[245] مەلاکان، پێش ئەوەی نوێژ دابەستن، کردبویان بە خوو, هەموو جارێك لەپێش نوێژکردندا هاواریان دەکرد: (لەکاتی تەواو بوونی کڕنوشدا، هەتا پیاوەکان سەر هەڵنەبڕن، ژنەکان سەر هەڵنەبڕن) بۆ ئەوەی ئافرەتان دیمەنی رووتی دواوەی پیاوەکان نەبینن. ئەم قسەیەشیان لە ئامۆژگارییەکی موحەممەدەوە وەرگرتبوو، چونکە کەسێك لە کاتی نوێژداو بە ئامادەبوونی خودی موحەممەد وتبووی:

يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ لَا تَرْفَعْنَ رُءُوسَكُنَّ حَتَّى يَرْفَعَ الرِّجَالُ.[246]

ئەی ژنگەل, لە کڕنوشدا سەرتان بەرز نەکەنەوە تا پیاوەکان بەرز دەبنەوە.

لە پێش ئیسلامدا، ئەو خەڵکانەی حەجیان دەکرد، هیچ جۆرە پۆشاکێکیان لەبەر نەبووەو بە رووتو قووتی بەچواردەوری کەعبەدا سوڕاونەتەوە. ئەم نەریتە تا دوا ساڵەکانی ژیانی موحەممەدیش درێژەی کێشاوە. تا لە دواجاردا بڕیاری دا بەپارچە قوماشێك لەشیان داپۆشن.[247]

نەبوونی دەرپێ، وەك نەریتێکی نیوە دوورگە، دیاردەیەکی ئاسایی بوو. بەم هۆیەشەوە دەرکەوتنی ناوگەڵ دیاردەیەکی رۆژانەی خەڵکەکە بووە. ئیسلام، کە بە شێوەیەکی زۆر توند باسی لە داپۆسینی ناوگەڵ کردووە, لەگەڵ ئەوەشدا بەدیلێکی بۆ نەبوونی ئەم شێوەپۆشینە نەبووە. لە شوێنە گشتییەکاندا زۆر بە خێرایی سێکس ئەنجام دراوە. ژن بۆ کڕینی شمەك چووە، کەچی هەر لەبەردەم دوکانەکەدا، بەهۆی نەبوونی دەرپێوە، زۆر بەخێرایی لاقە کراوە. دەگێڕنەوە کە ئافرەتێك بۆ کڕینی خورما دەچێتە دوکاندارێکی

---

245 (نهى رسول الله صلى الله عليه وسلم.و.و أن يحتبي الرجل في ثوب واحد ليس على فرجه منه شيء). صحيح البخاري، كتاب الصلاة، أبواب الصلاة في الثياب.، باب، ما يستر من العورة. حديث365

246 صحيح مسلم، كتاب الصلاة باب أمر النساء المصليات وراء الرجال أن لا يرفعن رؤوسهن من السجود حتى يرفع الرجال. حديث441

247 (لا يحج بعد العام مشرك، ولا يطوف بالبيت عريان.) صحيح البخاري، أبواب الجزية والموادعة، باب: كيف ينبذ إلى أهل العهد حديث3006

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

خورمافرۆش بەناوی (نبهان التمار). ئەم پیاوە زەوقی سێکسی دەچێتەسەر. هەر لەبەردەم دوکانەکەدا جلبابەکەی هەڵدەداتەوەو خۆی بە ژنەکەوە جووت دەکات. ئەم رووداوە دەگاتە لای موحەممەدو ئەویش ئایەتێکی بۆ نازڵ دەکات.[248]

لەکۆمەڵکوژییەکەی بەنی قورەیزەدا، ئەو قەصابخانەیەی کە موحەممەد لەدژی جولەکەکانی بەنی قورەیزە هەڵیگیرساندبوو, بەحوکمی خواو پەیامبەر، هەر گەنجێك توکەبەری هەبوایە وەك بەرخ سارپانبڕیوە. بە هۆی نەبوونی دەرپێوە زۆر بەئاسانی توانراوە بزانرێت گەنجو لاوەکان تووکەبەریان هەبووە یان..نا. سەرەتا هەموو دیلەکانیان ریز کردوونو یەکەیەکە دشداشەکانیان هەڵبڕیوە، پاش تەماشاکردنی ناوگەڵیان، شمشێریان دەدا لەگەردنی ئەوانەی تووکەبەریان دەرکردبوو.[249]

لەگەڵ ئەمەشدا کرداری خەساندنیان بەکارهێناوە. وەك سزا چووکی کۆیلەکانیان بڕیوەو گونیان تەقاندوون. ئایینزاکانی ئیسلام, لەلایەکەوە چووکو گونیان کردووەتە پیرۆزترین دیمەنو روخساری مزگەوتەکانیان پێ نەخشاندووە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە لەبەرامبەر هەژارو کۆیلەدا بۆ ئەوپەڕی ئەتکردن بەکاریان هێناوە. جارێکیان (خەلیفە سلێمان کوڕی عەبدولمەلیك) لەدەشتێکدا گەشتو سەیرانی دەکرد، گوێی لەدەنگێك بوو، دەنگێکی نەرمو گۆرانی بێژانە. خەلیفە لەبیستنی ئەم دەنگە خرۆشاوییەدا توڕە دەبێو ئەو دەنگە لەسەر پاکداوێنی ژنان وەك هۆیەکی لەخشتەبردنیان بەمەترسی دەزانێ. هەر بۆیە فەرمان دەدا گۆرانیبێژەکە بخەسێنن. ئەوە بوو گونی ئەو هەژارەیان دەرهێناو خەساندیان.[250]

مەسەلەی دەرکەوتنی گەڵوگون لەکلتووری ئیسلامدا, سەرباری کردەی خەساندن کەلە سەردەمی موحەممەدو دوای ئەویش لەبەرامبەر ئینسانەکاندا بەڕێوەدەچوو, لێکۆڵینەوەیەکی

---

248 الواحدي: اسباب النزول / ص 82

249 تأريخ الطبري، غزوة بني قريظة، هەروەها السيرة النبوية، ابن هشام. الروض الأنف، ج3ص445-446 لەبەشی موحەممەدو سێکسدا بەدرێژی باسی ئەم رووداوە کراوە.

250 الوردي. د.علي الوردي، وعاظ السلاطين. الطبعة الثانية، دار الكوفان – لندن 1995.ص10

وردو گەورەی دەوێت. خوازیارم کەسێك توانای ئەم کارەی هەبێتو بەلاپەرە خوێناوییەکانی ئەم دیاردەیە ئاشنامان بکات.

## دەرگای حەوتهەم

### مەمك و مژین

دیمەنو مژینو گوشینی مەمکی ئافرەت، شێوازێکە لە شێوازەکانی خرۆشاندنی سێکسو کردەیەکو دیاردەیەکی جیهانییە. بەڵام شێوەو روخسار، جۆرو رەنگ، یاریکردنو لێساندنەوەو مژینی گۆی مەمك، گوشینو هەڵگلۆفین، بە پێی خواستو ئارەزووی کۆمەڵگەکان گۆڕاون. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە هەندێك هەن، نێر بن یان مێ، تێڕوانینی جیاوازیان هەیەو هەر کۆمەڵەو بە شێوەی جیاواز بە بینینو یاری پێکردنی مەمك چێژی سێکس وەردەگرن.

لە نەرێتی نیوە دورگەی عەرەبدا، کلتوریان وابوو هەر ژنێك مەمکی گەورەو سمتی بەرز بوایە، بەختی شووکردنی باشتر بووە.[251] ئەو کەنیزەکانەی مەمکی گەورەیان بوو، لەبازاڕەکاندا نرخی فرۆشتنیان زیاتری کردووە.[252] مەمك، جێی سەرنجو خرۆشاندنی عەرەبەکانی نیوە دوورگە بووە. لە ئەدەبی عەرەبدا چەندین شیعر لەم بارەیەوە دەدۆزینەوە. چیرۆکی والیو سەرکردە بەناوبانگەکانی جیهانی ئیسلام لەم بارەیەوە زۆرن. بۆ نموونە: حەججاجی کوڕی یوسفی سەقەفی نامەیەکی بۆ مەروانی کوڕی حەکەم نوسیوە, لەو نامەیەدا داوای لێکردووە ژنێکی بۆ بدۆزێتەوە لە دوورەوە جوان بێتو لەنزیکەوە نەرمو نیان بێت, لەنەتەوەکەی خۆیدا شەریف بێتو لەدەروونی خۆیدا زەلیل بێت, خزمەتکاری مێرد بێت.

---

251 السیسلي: د. عبدالحمید السیسلي: سایکولوجیة الاخلاق . الطبعة الثانیة، 1980دار الکتب الاسلامیة، مصر .ص507

252 هەمان سەرچاوەی پێشوو 517



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

مەروانیش لەوەڵامی نامەکەیدا دەڵێ: بەراستی پێکاتو ئەوەی تۆ دەتەوێ ئەوە (خولة بنت مسمع)ـە مەمکی زۆر زلو گەورەیە. حەجاجیش لەنامەی دووهەمدا بۆی دەنووسێ: ژن بەبێ مەمکی گەورە باش نییە, مەمکی گەورە پیاو گەرم دەکاتەوەو منداڵیش تێر دەکات.[253]

گەر بێتەوە بیرمان، لەبەشی حیجابدا، باسمان لە شاردنەوەی درزی نێوان هەردوو مەمك کردووە. قورئان زۆر بە ڕوونی باسی ئەو شوێنەی کردووە، کە بە وشەی (جُيُوبِهِنَّ) لە ئایەتەکەدا هاتووە.[254] واتە سەروی نێوان هەردوو مەمك. لە ئایەتێکی دیکەدا پێناسەی مەمکی تێدا دەبینین. (وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا.[255] پۆلە کیژی مەمك خڕی هاوتەمەن).[256] هەبوونی ئایەتێکی لەم چەشنە، جگە لە نیشاندانی هەوەسی سێکسی پیاوی ئەو ناوچەیە بۆ مەمكو درزەکەی، هەروەها ئاماژەیەکە بۆ گرنگی ئەم دیمەنەی ئافرەتان بۆ جوڵاندنی هەوەسی پیاو لە قورئاندا. ئەمەش نیوە دوورگەی عەرەبی پێ لەکەدار ناکرێت، یاخود ئەوان داهێنەری ئەم شێوە چێژە نین، بەڵام ئەوە مایەی سەرنجە کە قورئان، بە گوتەی ئیسلامییەکان لە خواوە دابەزیوە، لە ئەزەلەوە نوسراوە، دەشبێ بۆ هەتا هەتا یاسای لێوەردەگیرێت، کەچی باسی ئەم شتە لاوەکیانە بکات! لەگەڵ ئەوەشدا، نەك هەر لەناو کۆمەڵگە بێباوەڕەکان بە ئیسلام، بەڵکو لەناو موسڵمانانیشدا قورئان نەیتوانیوە یاساکە بەرقەرار بکات.

ئاشکرایە مەمك، جگە لە دیمەنە سێکسییەکەی، بەرهەمهێنی شیرە. لە سەردەمی کۆنی نیوە دوورگەدا وا باو بووە، زۆربەی ئەو منداڵانەی کە لە خێزانە سەرمایەدارەکاندا لەدایکدەبوون، لەرێی ژنێکی شیردەرەوە بەخێو دەکرانو گەشەیان دەکرد. موحەممەد یەکێك بووە لەو منداڵانەی ماوەیەك لەلایەن دایەنەوە شیری پێدراوە. ئەو ژنە شیردەرانەی کە لەو سەردەمەدا بۆ ئەو مەبەستە هەبوون، بەناوبانگ بوونو زۆربەشیان هەژار بوون. لەپێناوی دەستکەوتی ئابووریدا شیردەرایی منداڵیان کردووە.[257]

---

253 ابن قيم الجوزية: أخبار النساء ص 267

254 النور 31

255 النبأ 33.

256 بۆ بە کوردی کردنی ئەم ئایەتە سوودم لە وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژار وەرگرتووە.

257 السيسلي: 767



www.xwdakan.com net org

نەریتی پێش ئیسلام وابووە، ئەو منداڵانەی لای یەك دایەن شیریان پێدەدرا، نەدەبوونە خوشكو برای یەکتر، بەڵام ئیسلام ئەم نەریتەی گۆڕیو منداڵی شیردەرایی کردنە خوشكو برا. بەم هۆیەوە کاریگەری بەسەر تەواوی بنەماڵەوە دانا.[258] ئەو دەوڵەمەندانەی منداڵەکانیان دەناردە لای دایەن، ناچاربوون بیانێرنە لای ئەو ژنانەی کە زۆر چاك دەیانناسین، بۆ ئەوەی لەگەورە بوونیاندا ئەو ژنانە بەسەر بکەنەوەو توشی کێشەی کۆمەڵایەتی نەبن.

ئەوەی شایانی باسە ئیسلام داهێنانێکی نوێی بۆ ئەنجامدانی مژینی مەمك هێناوەتە ئاراوە. نەك بۆ سێکس، بەڵکو بۆ خزمایەتیو چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی. ئەو یاسایەش مژینی مەمکی ئافرەتانە لەلایەن پیاوانەوە بە حەڵاڵی. گەر پیاوێك ویستی ژنێکی بێگانە لە خۆی حەرام بکاتو ژنەکە وەك دایکی یاخود وەك خوشکی ببینێت، ئەوە پێویستە مەمکی ژنێکی ئەو خێزانە بمژێت. گەر ئەمە روویدا، ئەگەر رۆژێك لە رۆژان، ئەو پیاوە لەگەڵ ژنێکی ئەو خێزانەدا پێکەوە بینرانو کەسیان لەگەڵ نەبوو، گومانی سێکسبازییان لێناکرێت.

لە عائیشەوەی ژنی موحەممەدەوە دەگێڕنەوە: (أَبَا حُذَيْفَةَ بْنَ عُتْبَةَ بْنِ رَبِيعَةَ) یەکێك دەبێت لە صەحابەکانی موحەممەد، منداڵێکی بە ناوی (سالم) کردبوو بە کوڕی خۆی. بەخێوی کردبوو تا گەورە بووبوو. ژنێکیشی بۆ هێنابوو کە برازای خۆی بوو بەناوی (فَاطِمَةَ بِنْتَ الْوَلِيدِ بْنِ عُتْبَةَ بْنِ رَبِيعَةَ). ئەم نەریتەش لە پێش سەرهەڵدانی ئیسلامدا هەبووەو هەر کەسێك منداڵێکی هەتیوو، یان هەژاری بەخێو بکردایە، وەك یەکێك لە کوڕەکانی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد, دەبووە کوڕی ڕاستەقینەی خۆی. لە خۆشیو ناخۆشیدا بەشدار بوو، بمردایە، یاخود باوکە بەخێوکەرەکەی بمردایە، وەك ئەندامانی خێزانەکە بەشە میراتی بەردەکەوت. خەڵکیش بەناوی باوکە بەخێوکەرەکەیەوە بانگیان دەکرد. پەیامبەری ئیسلام بەم ئەزموونەدا رۆشتووەو منداڵێکی بەخێو کردووە، بەناوی زەید. کچە پورزایەکی خۆشی بەناوی زەینەب کردە ژنی، کەنیزەکێکیشی پێداوە. ئەم پیاوەیان بەناوی باوکە رەسەنەکەی خۆیەوە بانگ نەدەکرد بەڵکو پێیان دەوت زەیدی کوڕی موحەممەد. بەڵام

258 هەمان سەرچاوەی پێشوو 767



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

ئیسلام، لەبەر کێشەو غەریزەی سێکسی خودی موحەممەد، کە لە بەشی ژنەکانی موحەممەددا باسمان کردووە، ئەم نەریتە جوانەی سڕییەوە، ئەویش بە ئایەت:

(ادْعُوهُمْ لآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِنْدَ اللَّهِ فَإِنْ لَمْ تَعْلَمُوا آبَاءَهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ وَمَوَالِيكُمْ)[259]

ئەو منداڵانە بەناوی باوکی خۆیانەوە بانگ بکەن، (واتە بەناوی ڕەسەنی باوانیانەوە) لای خوا ئەمە پەسەندترە، ئەگەر باوکیان لای ئێوە نەناسراون ئەوە برای دینیتانن‌و ئێوە بەرپرسی ئەوانن.

ئەم یاسایە, هەڵگرتنەوەی منداڵە هەتیوو بێکەسەکان‌و بەخێوکردنیان, کە دابونەریتێکی جوانی کۆمەڵایەتی‌و مرۆڤایەتی بوو، لەناو موسڵماناندا نەما. بۆ نموونە (أَبَا حُذَيْفَةَ)و ژنەکەشی (سَهْلَةُ بِنْتُ سُهَيْلٍ) (سالم)یان لە منداڵییەوە بەخێوکردووەو گەورەیان کردووەو ژنیشیان بۆ هێناوە، وەك کوڕی خۆیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردووە، کەچی بەهۆی ئەم ئایەتەوە باوك (أَبَا حُذَيْفَةَ) دڵی لە کوڕەکەی (سالم) پیس دەبێت، گوایە ئەم کوڕە بۆی هەیە لەگەڵ سەهلەدا سێکس بکات. ژنەکەش (سَهْلَة) بەم خانەگومانەی مێردەکەی دەزانێت. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە سەهلە دەچێتە لای موحەممەدو پێی دەڵێت: سالم گەورە بووەو بووە بە پیاو، جار جار کە دێتە ژوورەوە بۆ لامان وا هەست دەکەم کە مێردەکەم خانەگومان بێت. موحەممەدیش پێی دەڵێت: شیری بدەرێ بەم شێوەیە بۆی حەرام دەبێت‌و دڵپیسی مێردەکەشت نامێنێت. لە سەرگوزشتەیەکی تردا هاتووە کە موحەممەد پێی وتووە: شیری مەمکەکانتی بدەرێ. ژنەکە دەڵێت: جا چۆن شتی وا دەبێت، سالم پیاوێکی گەورەیە، ڕیش‌و سمێڵی هەیە!؟ موحەممەدیش بزە دەیگرێ‌و دەڵێت: ئەوەم ئەزانی کە

---

259 الاحزاب 5



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

گەورەیە، تەنانەت شەرِی بەدریشی بینیوە. ئیتر دەست دەکات بەپێکەنین.[260] ژنەکەش وەهای کردو مەمکی خستە دەمی پیاوەکەوە.

لەگەڵ ئەوەی پیاوان ڕیش و سمێڵیان هەبووەو تەمەنێکیان تێپەڕاندووە، بەڵام بەناوی ئەوەی ببنە کەسانی نزیك بە ژنەکە، واتە بە حیلەی شەرعی، مەمی ئافرەتانیان مژیوە! ئەم یاسایە تا ئێستاش بە حەڵاڵی ماوەتەوەو دەقێکی شەرعییە، واتە بکەر لە ڕووی عەقیدەوە دەتوانێت بە ئەنجامی بگەیەنێت. دەقێکیش نییە حەرامی کردبێت، بەڵام تەنها لە سەردەمی موحەممەددا بە زۆری ڕوویداوەو لەدوای ئەو بەرەو نەمان چووە، چونکە ئەم یاسایە لەگەڵ لۆژیکی مرۆڤایەتیدا یەکناگرێتەوە!

بەپێی یاساکە بە مژینێك و دووان کردارەکە ناگاتە ئەنجام،[261] بەڵکو زۆر لەوە زیاترە. کاتی خۆی لەقورئاندا ئایەت هاتبووە کە (دە) جار، لە (دە) کاتی جیاوازدا مژینەکە ئەنجام بدرێت ئەوسا کارەکە بەشێوەیەکی شەرعی ئەنجام دراوە.[262] هەر جارەی یەك خولەکیشی پێچووبێت، ماوەی مەمك مژینەکە، بۆ هەر (دە) جارەکە، دەکاتە دە خولەك. وا دیارە (دە) خولەك لە مژینی مەمك زۆر بووەو کێشەی سێکسی ناوەتەوە، ڕەنگە ژنانێك هەبن بەو ماوەیە چەند جارێك بگەنە ئۆگازم.! بەم هۆیەوە دە جارەکە کەم کراوەتەوە بۆ پێنج جار.[263] کەواتە ئێستا دەبێت پێنج جار کرداری مەمك مژین بگاتە ئەنجام. ئەگەر مژینی زیاتر ڕوو بدات، یاساکەی نازانم چۆنە، بەڵام کەمتر لە پێنج جار نابێت. بۆ بەڵگەش پیاوێك

260 صحيح مسلم، كتاب الرضاع، باب رضاعة الكبير. موطأ مالك، كتاب الرضاع، باب مَا جَاءَ فِي الرَّضَاعَةِ بَعْدَ الْكِبَرِ. حديث1781

261 ("لا تحرِّم المصة ولا المصتان"). سنن ابي داود، كتاب النكاح، باب، هل يحرم ما دون خمس رضعات. 2063

المستدرك على الصحيحين: باب / أيضا في الرضاعة.

262 (كان فيما أنزل اللّه عزوجل من القرآن: عشر رضعات يحرمن). صحيح مسلم، كتاب الرضاع، باب التحريم بخمس رضعات، حديث1452

263 (نسخن بخمس معلومات يُحَرِّمن فتوفي النبي صلى اللّه عليه وسلم وهنَّ مما يقرأ من القرآن). صحيح مسلم، كتاب الرضاع، باب التحريم بخمس رضعات، حديث1452. سنن ابي داود، كتاب النكاح، باب، هل يحرم ما دون خمس رضعات. حديث2062



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

دەگێڕێتەوەو دەڵێت: عائیشە ناردمی بۆ لای ئوم کەلسومی خوشکی، پێی وت: دە جار شیری بدەرێ تا بتوانێت بێتە لام. ئوم کەلسومیش سێ جار شیری دامێو ئیتر نەخۆش کەوت. جگە لەو سێ جارە ئیتر شیری نەدامێ، منیش نەدەچووم بۆ لای عائیشە، چونکە ئوم کەلسوم دە جار شیری نەدامێ.[264]

ڕەنگە ئەم مژینە لەلای کەسێکی وەك سالم ئاسایی بێت، بەتایبەت بۆ ژنێك کە لە منداڵییەوە بەخێوی کردووەو وەك دایکی ڕاستەقینەی دێتە بەرچاوی. بەڵام بۆ کەسانی نەناسراوو نەدیوی ناو کۆمەڵگەیەکی پڕ لە سێکس، تێگەیشتنو چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان نییە، بەڵکو لێکدانەوەیەکی سێکسی هەیە. لەسەردەمی موحەممەددا ئەم دیاردەیە زۆر بووە، بەڵام وردە وردە بەرەو نەمان چووە. بۆ ڕاستی ئەم بۆچوونەشمان زۆرێك لە موسڵمانان ئەم دیاردەیەیان پێ قبووڵ نەکراوە. بەتایبەت ژنەکانی موحەممەد. وتوویانە هەرگیز ئێمە شتی وا ناکەینو ئەم مەسەلەیە پەیوەندی تەنها بە کێشەکەی سالمەوە هەیە نەك هەموو کەس.[265] بەڵام لای عائیشەو حەفصە، کە هەردوکیان ژنی موحەممەد بوون، بە جۆرێکی تر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەم یاسا ئیسلامیەدا کردووە. باوەڕی تەواویان وا بووە ئەم یاسایە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەیەکی لەو جۆرەی کۆمەڵگەیە نەك تەنها بۆ کێشەی یەك کەس. لەبەر ئەم هۆیەش ڕێگەیان دەدا بە چەندین پیاو، لەهەر کاتێکدا بێت،

---

264 (أَنَّ عَائِشَةَ أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ، أَرْسَلَتْ بِهِ وَهُوَ يَرْضَعُ إِلَى أُخْتِهَا أُمِّ كُلْثُومٍ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ، فَقَالَتْ : أَرْضِعِيهِ عَشْرَ رَضَعَاتٍ، حَتَّى يَدْخُلَ عَلَيَّ. قَالَ سَالِمٌ : فَأَرْضَعَتْنِي أُمُّ كُلْثُومٍ ثَلاَثَ رَضَعَاتٍ، ثُمَّ مَرِضَتْ، فَلَمْ تُرْضِعْنِي غَيْرَ ثَلاَثِ رَضَعَاتٍ، فَلَمْ أَكُنْ أَدْخُلُ عَلَى عَائِشَةَ، مِنْ أَجْلِ أَنَّ أُمَّ كُلْثُومٍ لَمْ تُتِمَّ لِي عَشْرَ رَضَعَاتٍ.) موطأ مالك، كتاب الرضاع، باب رَضَاعَةِ الصَّغِيرِ. حديث1774

265 (وَأَبَى سَائِرُ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ، أَنْ يَدْخُلَ عَلَيْهِنَّ بِتِلْكَ الرَّضَاعَةِ أَحَدٌ مِنَ النَّاسِ، وَقُلْنَ : لاَ وَاللَّهِ مَا نَرَى الَّذِي أَمَرَ بِهِ رَسُولُ اللَّهِ سَهْلَةَ بِنْتَ سُهَيْلٍ، إِلاَّ رُخْصَةً مِنْ رَسُولِ اللَّهِ فِي رَضَاعَةِ سَالِمٍ وَحْدَهُ، لاَ وَاللَّهِ لاَ يَدْخُلُ عَلَيْنَا بِهَذِهِ الرَّضَاعَةِ أَحَدٌ). موطأ مالك، كتاب الرضاع، باب مَا جَاءَ فِي الرَّضَاعَةِ بَعْدَ الْكِبَرِ. حديث1781. سنن ابي داود، كتاب الرضاع، باب من حرَّم به.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
MariwanHalabjaee www.xwdakan.com

بۆیان هەیە بچنە لایانو دانیشنو قسە بکەن بێئەوەی کەس بیانبینێت، بەو مەرجەی لە رێگەی شیردەراییەوە ببنە کەسی یەکتری. جا لەبەر ئەوەی عائیشەو حەفصە منداڵ بوون، تەمەنیان لە نێوان (9) بۆ (26) ساڵ بوو، بەتایبەتی عائیشە کە مەمکەکانی بچوك بوون، فەرمانی بە خوشکەکەی خۆی (أُمَّ كُلْثُوم بِنْتَ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ)و کچانی براکەی کردبوو شیر بدەن بەو پیاوانەی کە دەیانەوێت بچنە لای.[266] حەفصەش صەحابەیەکی ناردووە بەناوی (عَاصِمِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ سَعْدٍ) بۆ لای خوشکەکەی (فَاطِمَةَ بِنْتِ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ) تا دە جار شیری بداتێ.[267] ئەو کەسانەی کە عائیشە ناردبوونی بۆ شیرخواردن لەلای خوشك و خوشکەزاو برازاکانی، زۆر بوون. لەبەر کێشەیەك، کە نازانین چییە، بڕیاری دابوو تەنها رێگە بەو پیاوانە بدات و لەگەڵیان دانیشێت کە خوشکەکەی و خوشکەزاکانی شیریان پێدابوو، ئەوانەشی رەت دەکردەوە کە ژنی براکانی شیردەراییان دەکرد.[268]

لەم رێگەیەوە عائیشە توانیبووی لەگەڵ چەندین پیاودا بە تەنیا دابنیشێت. خۆی و شیری. ئەم کارەی عائیشەش بەلای موحەممەدی مێردییەوە سەخت بووەو رۆژێك موحەممەد لەسەر ئەو مەسەلەیە لێی تورە دەبێت. سەرگوزشتەیەك لەم بارەیەوە هەیە کە رۆژێکیان موحەممەد دەچێتە ماڵەوە، دەبینێت عائیشە لەگەڵ پیاوێکدایە، دوو بە دوو دانیشتون. عائیشە خۆی

266 (فَأَخَذَتْ بِذَلِكَ عَائِشَةُ أُمُّ الْمُؤْمِنِينَ، فِيمَنْ كَانَتْ تُحِبُّ أَنْ يَدْخُلَ عَلَيْهَا مِنَ الرِّجَالِ، فَكَانَتْ تَأْمُرُ أُخْتَهَا أُمَّ كُلْثُوم بِنْتَ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ ، وَبَنَاتِ أَخِيهَا أَنْ يُرْضِعْنَ مَنْ أَحَبَّتْ أَنْ يَدْخُلَ عَلَيْهَا مِنَ الرِّجَالِ). موطأ مالك، كتاب الرضاع، باب مَا جَاءَ فِي الرَّضَاعَةِ بَعْدَ الْكِبَرِ. حديث1781. سنن ابي داود، كتاب الرضاع، باب من حرَّم به. حديث2061

267 (أَنَّ حَفْصَةَ أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ، أَرْسَلَتْ بِعَاصِمِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ سَعْدٍ، إِلَى أُخْتِهَا فَاطِمَةَ بِنْتِ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ تُرْضِعُهُ عَشْرَ رَضَعَاتٍ لِيَدْخُلَ عَلَيْهَا، وَهُوَ صَغِيرٌ يَرْضَعُ، فَفَعَلَتْ، فَكَانَ يَدْخُلُ عَلَيْهَا.) موطأ مالك، كتاب الرضاع، باب رَضَاعَةِ الصَّغِيرِ. حديث1775

268 (أَنَّ عَائِشَةَ زَوْجَ النَّبِيِّ، كَانَ يَدْخُلُ عَلَيْهَا مَنْ أَرْضَعَهُ أَخَوَاتُهَا، وَبَنَاتُ أَخِيهَا، وَلاَ يَدْخُلُ عَلَيْهَا مَنْ أَرْضَعَهُ نِسَاءُ إِخْوَتِهَا). موطأ مالك، كتاب الرضاع، باب مَا جَاءَ فِي الرَّضَاعَةِ بَعْدَ الْكِبَرِ. حديث1776



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

ڕووداوەکە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: کە ئیمەی بینی، تێکچوو، تووڕەبوونم لە دەموچاویدا بینی، منیش پێم وت: ئەی پەیامبەری خوا ئەم پیاوە برای شیریمە. موحەممەدیش پێی دەڵێت: باش تەماشای برای شیریتان بکەن، بشزانن کە شیردەرایی لە برسێتییەوەیە.[269]

بەپێی سەرگوزشتەکان کەسێك بەتەمەن بەناوی (عَبْدِ اللّٰهِ بْنِ يَزِيدَ), بۆ شیردەرایی, مەمکی عائیشەی مژیوەو بە برای شیری عائیشە بەناوبانگ بووە.[270]

مژینی مەمك بۆ خزمایەتی، دیاردەیەکی ڕزیوی لەم چەشنە، بۆ پینەپەڕۆکردنی ئەو متمانەیەیە کە پیاوی موسڵمان بە دایكو ژنو خوشكو کچەکانی خۆیان نیانە. ئیسلام ویستویەتی دیاردەیەکی ئاسایی بەرچاوی مرۆڤایەتی، کە دانیشتنو قسەکردنی نێوان بوونەوەرە ئاقڵەکانە، بکاتە جۆرێك لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان. لە کاتێکدا مژینی مەمك، جگە لە هێنانی کێشە، هیچ سوودێکی بۆ دیاردەو کێشە کۆمەڵایەتییەکان نەهێناوە. ئیسلام پێی وایە هەر نێرێك لەگەڵ هەر مێیەکی نەناسدا، پێکەوە دانیشتن، یاخود قسە بکەن، ئەوە باسی سێکس دەکەنو لەسەر کاتو شێوەی ڕابواردنیان ڕێکدەکەون. هەموو نزیکبوونەوەیەکی نێرو مێی بەستووەتەوە بە سێکسەوە.

## دەرگای هەشتەهەم

## هەڵکوتینەسەر

---

269 (قالت عائشة: دخل رسول الله صلى الله عليه وسلم وعندي رجل قاعد. فاشتد ذلك عليه. ورأيت الغضب في وجهه. قالت فقلت: يا رسول الله! إنه أخي من الرضاعة. قالت فقال "انظرن إخوتكن من الرضاعة. فإنما الرضاعة من المجاعة"). صحيح مسلم، كتاب الرضاع، باب إنما الرضاعة من المجاعة حديث1455

270مسند أحمد, باقي مسند الأنصار, حديث السيدة عائشة.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjee
www.xwdakan.com

پیاوان، بەپێی کلتووری کۆنو یاسای ئیسلام, خاوەنی چەندین ڕێگان بۆ تێربوونی سێکس. گەر سەفەریان کردبێت ، توانیویانە زەواجی کاتی بکەن، بۆ ماوەیەك لەگەڵ ژنە کاتییەکانیاندا سێکس بکەنو دوایی تەڵاقیان بدەن. گەر لە جیهادیش بن، چەندین ژنیان دەستکەوت بووەو سێکسیان کردووە. یاخود کەنیزەکیان کڕیوەو لەگەڵیان ڕایانبواردووە. ئەوانەی توانای ئەم کارانەیان نەبووەو مافیان نەبووە بەشێوەی پیاو لەسێکس خۆیان تێربکەن, هەروەها نەیانتوانیبێت لە ماڵەکانیان بچنە دەرەوە، تەنها توێژی ژنان بوون! لێرەدا دیاردەیەکی دیکە سەریهەڵداوە کە مێژووی ئیسلام زۆر بە لاوازی قسەی لەسەر کردووە، ئەویش ڕووداوەکانی هەڵکوتانەسەرە. هەڵکوتینەسەری پیاوان بە شەو، بۆ سەر ژنانێك کە مێردەکانیان لەماڵەوە نیین.

نێوان دوو ناوچە لە نیوە دوورگەی عەرەبدا ، بەلایەنی کەمەوە، هەشت ڕۆژ پیادە یان سواریی بووە. زۆرینەی جار موجاهیدەکان لەپێناوی بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی ئیسلامدا دەچوون بۆ شەڕی ناوچەکانی دیکەو زیاد لە مانگێك یان دووانیان پێچووە. یان وەك نێردراو بۆ چەند شارێك چوونو ماوەیەکی زۆر دوور کەوتونەتەوە. ژنانی ئەم موجاهیدانەش بە هۆی زۆرپێچوونی ماوەیەکی زۆری مێردەکانیانەوە لە سێکسبازیەوە دوور بوون، هەمیشە لەچاوەڕێی ئەوەدابوون بێنەوەو گڕی سێکسییان دامرکێننەوە.

ئەو موسڵمانانەی لەشارەکەدا دەمانەوە بەدەروونی شێواوی سێکسی ئەو ژنانەیان دەزانی. گەر موسڵمانێك بیویستایە لەگەڵ یەکێك لە جۆرە ژنانە ڕابوێرێت، بەشەو بۆی دەچووە ماڵەکەوەو خۆی دەدا بەسەر ژنەکەداو ڕایدەبوارد. بە شێوەیەکی تەقلیدیش وا بووە، ئەگەر پیاوێك خۆی کردبێت بە ماڵێکداو ویستبێتی لەگەڵ ژنێك ڕابوێرێت، ژنەکە قسەی نەکردووەو بۆی پاڵکەوتووەو خۆیان لە سێکس تێر کردووە. ئەم جۆرە ژنانە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەگوترێت (المغیبات).

زۆربەی بەسەرهاتەکان، لەبەرئەوەی ڕەزامەندی ژنەکەی لەگەڵدابووەو زیاتریش بەشەوو بەپەنهانی کراوە، لەسەرچاوەکاندا تۆمار نەکراون. بەڵام بەهۆی یاساکانی موحەممەدەوە بۆمان دەردەکەوێ کە دیاردەیەکی بەربڵاو بووەو تەشەنەی سەندووە. چونکە زیاد لەجارێك



www.xwdakan.com net org

دەخالەتی تێدا کردووە. ئیمامی بوخاری لەم بارەیەوە قسەیەکی موحەممەدی بۆ نوسیوینەتەوە کە دەڵێت:

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا أَطَالَ أَحَدُكُمْ الْغَيْبَةَ فَلَا يَطْرُقْ أَهْلَهُ لَيْلًا.[271]

موحەممەد وتویەتی: ئەگەر کەسێك لەئێوە (لەکۆچەکەیدا، بۆ غەزا، فتوحات، نێرراو، یان هەر شتێکی دی لەو بارەیەوە) نەهاتەوەو زۆری پێچوو، کەس بەشەو تەقە لەدەرگای ماڵەکەی نەدا.

ئیمامی موسلیمیش سەرگوزشتەیەك دەگێڕێتەوە کەتێیدا دەردەکەوێت کەموحەممەد بەئامۆژگاری ئەم گرفتەی بۆ چارەسەر نەکراوە، بۆیە لە وتەیەکی دیکەدا هەڕەشەی میتافیزیکی دەکات:

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ : حُرْمَةُ نِسَاءِ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ كَحُرْمَةِ أُمَّهَاتِهِمْ.[272]

حورمەتی ژنانی موجاهیدەکان وەك حورمەتی دایکی ئەوانە وەهایە کە لە ماڵەوە دانیشتوونو لەجیهاد نین.

وا دەرکەوتووە کە موحەممەد نەیتوانیبێت چارەسەری ئەم دیاردە پڕ لە گەندەڵییە بکات. بۆیە لەم قسەیەیدا جگە، لە تووڕەبوونو گرژبوونی دەمارەکانی، شتێکی ئەوتۆی دیکەی لێ ناخوێنینەوە. نەزانینو نەناسینی ئەو موسڵمانو صەحابانەی کە بە شەو هەڵیاندەکوتایە سەر ژنانی برا موجاهیدەکانیان، ترسو دڵەراوکێی خستبووە دڵی ئەو ژنانەی کە بە تەنیاو دوور لە ئاوەدانی دەژیان، نەکا ئەوانیش لەلایەن ئیماندارەکانی خواوە بکەونە بەر لێشاویان.

ئیمامی موسلیم نوسیوێتی: (فاطمة بنت قيس) کاتێك مێردەکەی سێ بە سێ تەڵاقی دەدا، زۆر لەوە ترساوە بە شەو هەڵبکوتنەسەری، چونکە بەتەنیا ژیاوە. چووەتە لای موحەممەدو پێی

271 صحيح البخاري. كتاب النكاح، باب: (لا يطرق أهله ليلا إذا أطال الغيبة، مخافة أن يخونهم أو يلتمس عثراتهم). حديث4946

272 (قَالَ رَسُولُ اللَّهِ : حُرْمَةُ نِسَاءِ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ كَحُرْمَةِ أُمَّهَاتِهِمْ وَمَا مِنْ رَجُلٍ يَخْلُفُ فِي امْرَأَةِ رَجُلٍ مِنَ الْمُجَاهِدِينَ فَيَخُونُهُ فِيهَا إِلاَّ وُقِفَ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَأَخَذَ مِنْ عَمَلِهِ مَا شَاءَ فَمَا ظَنُّكُمْ؟) صحيح مسلم كتاب الإمارة، باب: حرمة نساء المجاهدين، وإثم من خانهن فيهن. حديث1897 سنن ابي داود كتاب الجهاد باب في حرمة نساء المجاهدين على القاعدين2496، واحمد بن حنبل، وسنن النسائي، كتاب الجهاد، باب 47 حديث3189



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

وتووە: ئەی پەیامبەری خوا، زۆر دەترسم شەو هەڵبکوتنەسەرم. موحەممەدیش فەرمانی پێکردووە لەو شوێنە نەمێنێتەوە.[273]

مەلاو ئایینزاکانی ئیسلام، لە باسکردنی سەردەمی موحەممەدو دوای موحەممەدیشدا، بە چاکیو باشی باوەڕو پاکداوێنی صەحابەکانمان بۆ هەڵدەسەنگێنن. بەڵام کاتێك خۆمان مێژووەکە دەخوێنینەوە، کۆمەڵێك چیرۆك دەخوێنینەوە بەشێوەیەك کە پێشبینیمان نەکردبێت چۆن ژنانی صەحابی، لە دەستدرێژی پیاوانی صەحابی، ترساونو موحەممەدیش بە هەڕەشەو گوڕەشە نەیتوانیوە چارەسەریان بکات!

## دەرگای نۆهەم

### نێرەمووکی

نێرەمووکی، یا هەڵگری ئاکار، یاخود دەرکەوتنی پێکهاتەی لەشی نێرینەو مێینە لە رەگەزەکەی تردا، یەکێکە لەدیاردە سرووشتیەکانی ئادەمیزاد. بەهۆی تێکەڵبوونی کرۆمۆسۆماتەکانەوە (xx– xy) گۆڕانکاری لە پێکهاتەی لەش یاخود شێوەی رەفتاری مرۆڤ دروست دەبێو کاریگەری بایۆلۆژی جێدەهێڵێت. ئەو کەسانەی تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن کاریگەری لەسەر رەفتاریان دروست دەبێتو ئاکاری رەگەزی بەرامبەر هەڵدەگرن. بۆ نموونە نێرەو ئاکاری مێ دەنوێنێت، یاخود بە پێچەوانەوە. گۆڕانکاری بایۆلۆژیش گۆڕانکاری لە لاشەدا دروست دەکات. هەندێك جار نێرەکان زێیەکی بچوکیان پێوەیە، هەروەها بۆ مێینەکانیش چووکێکی بچووکیان پێوەیە. هەندێك جاریش قەبارەی چووكو زێ وەك یەك دەبن, یان قەبارەی جۆراوجۆریان دەبێت. هەروەها بۆ مەمکیش بە هەمان شێوە.

273 - (عن فاطمة بنت قيس. قالت: قلت: يا رسول الله ! زوجي طلقني ثلاثا. وأخاف أن يقتحم علي. قال: فأمرها فتحولت). صحيح مسلم. كتاب الطلاق، باب باب المطلقة ثلاثا لا نفقة لها حديث1482

www.xwdakan.com net org


دروستبوونی ئەم دیاردە سروشتییە، پەیوەندی بەو ساتە وەختەوە هەیە کە تێیدا ڕێژەو جۆرێتی خانەی شەهوەتی نێر تێکەڵ بە هێلکۆدانی مێ دەبێت.

ئەگەر کەسەکە نێر بێت ئەوا ڕەوشتو ئاکاری مێینەی تێدا دەبینرێت. جگە لە هەڵگرتنی خووڕەوشتی ئافرەتان، دەنگیان ناسكو پێستیان سافەو مووی کەم لە لەشیان دەڕوێت. لە ڕۆشتنو خەوو خواردنو پۆشینی جلوبەرگو کۆمەڵێك شتی دیکەدا وەك مێ ڕەفتار دەنوێنن. ئەم نێرینانە، لە کلتووری کوردیدا بە (ژنانی) ناسراون. هەندێك لەنێرەکان موو لە لەشیان دەرناکەوێتو دەبنە کۆسە.[274] ئەگەر مێ بوو، ئاکاری نێر تێیدا ڕەنگ دەداتەوە. زۆرینەی جاریش موو, وەك ڕیشو سمێڵ, لەڕوومەتو چەناگەیاندا دەڕوێت. دەنگیان گڕەو وەك نێر ڕەفتار دەنوێنن. ئەم جۆرەیان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بە (نێرەمووك) ناسراون.

سامی عبداللە لەکتێبی (النشاط الجنسي لدى الرجال والنساء في ظواهره السوية والشاذة) دەڵێت: پیاوێك نییە بەمانای تەواوی وشەکە پیاو یاخود نێر بێت، بۆ ژنیش بەهەمان شێوە مەسەلەکە وایە. واتە ڕێژەی نێرایەتیو مێیایەتی لای هیچیان لە100٪ نییەو هەریەکەیان بەشێك لەمو بەشێك لەوی تری تێدایە. بۆ نموونە پیاو هەیە ڕێژەی نێرایەتییەکەی لە85٪ـەو لە15٪ی تری مێینەیە. ڕێژە کەمیو زۆرییەکەی کاریگەری لەسەر ئارەزووو سروشتو ئاکاری سێکسی مرۆڤەکە دەکات. هەر بۆیە بوونی ئەندامی سێکسی نێرینە لەپیاوێکدا مەرجی پیاوەتی تەواوو کاملێی نێرینەیی سێکسی ئەو پیاوە ناگەیەنێت. زۆر ڕێدەکەوێت، کەسێکی وا لەشێوەی پیاوەتیدا، ئاکاری ژنانەی لەڕۆشتنو قسەکردنو جل لەبەرکردنو تەنانەت لە ئارەزووی سێکسیشدا هەبێت.[275] ڕێژەی ئەوانەی لە جیهاندا توشی دەبن، وەك بەچاوی ئاسایی دەبینرێن، زۆر کەمە. ڕێژەی ڕەگەزی مێ، کە کاریگەری نێرایەتی لەسەر بێت، زیاترە لەو نێرانەی کە کاریگەری مێینەیان لەسەرە.

ئەم دیاردە سروشتییە، ئەگەرچی تەواو تەواو پەیوەندی بە گۆڕانکارییە بایۆلۆژییەکانەوە هەیەو مرۆڤ، نێر بێت یاخود مێ، کە هیچ خەتایەکی لەم پێکهاتەیەی خۆیدا نییە، بەڵام ئیسلام شارەزایی لەم مەسەلەیەدا نەبووە. موحەممەد، درکی بەم ڕاستییە سروشتییە، یان بەم

274 مەرج نییە هەموو کۆسەیەك هۆرمۆنی زیادەی ژنانەی تێدا بێت.

275 لەکوردیارەوە، کورتە مێژوویەکی نێربازی لەڕۆژهەڵاتی ئیسلامدا، ل12-13

گۆرانکارییە بایۆلۆژیە نەکردووەو نەیزانیوە چییە. رەفتاری ئەوانەی لا پەسەند نەبووەو بە شورەیی داناوە. لەبەر ئەم هۆیەش یاسایەکی رەشۆکیانەی بەسەردا سەپاندن کەئەویش نەفرەت لێکردنیانە:

لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْمُتَشَبِّهِينَ مِنْ الرِّجَالِ بِالنِّسَاءِ وَالْمُتَشَبِّهَاتِ مِنْ النِّسَاءِ بِالرِّجَالِ.[276] وَقَالَ أَخْرِجُوهُمْ مِنْ بُيُوتِكُمْ.

موحەممەد نەفرەتی لەو پیاوانە کردووە کە خۆیان بە ئافرەت دەشوبهێنن, هەروەها نەفرەتی لەو ئافرەتانەش کردووە کە خۆیان بە پیاو دەشوبهێنن. گەر کەسی واتان دی نەهێڵن لەماڵەکانتاندا بمێننەوە بەڵکو شاربەدەریان بکەن. خودی موحەممەد، لەگەڵ خەلیفە عومەردا، یەکی کەسێکیان شاربەدەر کردووە. شاربەدەرکراوەکەی موحەممەد ژنانی بووەو شاربەدەرکراوەکەی عومەریش، هەندێك دەڵێن ژنانیو هەندێك دەڵێن نێرەمووك بووە.[277]

## دەرگای دەهەم

## باسەکەی عومەری کوڕی خەتتاب

عومەری کوڕی خەتتاب قارەمانی چەندین چیرۆکی سێکسییەو دەکرێت چەندین تەفسیری جیاوازیشیان بۆ بکەین. لەوانە ئایەتێك لە سورەتی بەقەرەدا هەیە دەمانباتە ناو باسێکی ئەم زاتەوە:

---

276صحيح البخاري, كتاب الباس, باب, المتشبهون بالنساء والمتشبهات بالرجال

277 (عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ أَنَّ النَّبِىَّ لَعَنَ الْمُخَنَّثِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالْمُتَرَجِّلاَتِ مِنَ النِّسَاءِ وَقَالَ « أَخْرِجُوهُمْ مِنْ بُيُوتِكُمْ » . قَالَ فَأَخْرَجَ النَّبِىُّ فُلاَنَاً وَأَخْرَجَ عُمَرُ فُلاَناً أَوْ فُلاَنَةً). سنن الدارمى. الاستئذان حديث2705 صحيح البخاري. كتاب اللباس، باب: إخراج المتشبهين بالنساء من البيوت. حديث5547 ابن ماجة. كتاب النكاح، باب، في المخنثين. حديث 1904 سنن الترمذي، أبواب الاستئذان والآداب، باب ما جاء في المتشبهات بالرجال من النساء. حديث2935 تفسير ابن كثير النور 31



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Marwan Halabjaee www.xwdakan.com

نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ.[278]

ژنەکانتان کێڵگەتانن, چۆنتان دەوێت بیانکێڵن.

هۆی هەبوونی ئەم ئایەتەش دەگەڕێتەوە بۆ یەکێك لەو ڕووداوە سێکسیەکانی عومەر کە لە دواوە لەگەڵ ژنەکیدا جووت بووە. چیرۆکەکەش بەم شێوەیەیە:

جَاءَ عُمَر بْن الْخَطَّاب إِلَى رَسُول اللَّه فَقَالَ يَا رَسُول اللَّه هَلَكْت قَالَ " وَمَا الَّذِي أَهْلَكَك " قَالَ : حَوَّلْت رَحْلِي الْبَارِحَة قَالَ فَلَمْ يَرُدّ عَلَيْهِ شَيْئًا قَالَ فَأَوْحَى اللَّه إِلَى رَسُوله – صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - هَذِهِ الْآيَة " نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ.[279]

لە ابن عباسەوە دەگێڕنەوە: عومەری کوڕی خەتتاب هاتە لای موحەممەدو وتی:

ئەی نێردراوی خوا سەرگەردان بووم!

موحەممەد پێی دەڵێ: چی سەرگەردانی کردیت؟

عومەر دەڵێ: ئەم شەوی ڕابردوو بارگەکەم بۆ شوێنێکی دیکە گواستەوە. (واتە لەشوێنێکی دیکەوە چوومە لای ژنەکەم)

موحەممەد هیچ وەڵامێکی ناداتەوە. ئیتر خوا بە وەحی ئەم ئایەتە دەنێرێت بۆ موحەممەد: ژنەکانتان کێڵگەتانن, چۆنتان دەوێت بیانکێڵن.

بەڵگە بۆ ڕوودانی ئەم چیرۆکە زۆرەو نکوڵی لە ڕوودانی ئەوە ناکرێت کە عومەر لە دواوە لەگەڵ ژنەکەی جووت بووە, بەڵام ئایینزاکان بە شێوەیەکی دیکە لێکدانەوەی بۆ دەکەنو دەڵێن: عومەر لە دواوە سێکسی لەگەڵ ژنەکەی کردووە بەڵام نەیکردووە بە کونی دواوەیدا بەڵکو کردویەتی بە زێیدا.

حەڵاڵو حەرام بوونی سێکس لە دواوەی ژن, تا ئێستا لەلای مەزهەبەکان یەکلایی نەبۆتەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئایەتەکە کە مانایەکی تەمومژاوی هەیە. دەتوانین بەدوو شێوە لێکیبدەینەوە. لەلایەکەوە وا لێکیبدەینەوە کە وشەی کێڵگە لە ئایەتەکەدا هاتووە (نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ, ژنەکانتان کێڵگەتانن) کێڵگە زەوییەکی کشتوکاڵییەو بەرهەمهێنە, لە پێشەوەش

278 البقرة 223

279 تفسير ابن كثير, في تفسيرالبقرة 223



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

(زێ) منداڵ لەدایکدەبێت, زێ, بە وێنەی کێڵگە, بەرهەمهێنە. هەندێك سەرگوزشتە هەن پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکەن. بۆ نموونە ئیبن عەبباس, پاڵپشت بەوشەی (حرث) دەڵێت: مەبەستی ئایەتەکە لە کونی پێشەوەیە, چونکە شوێنی منداڵ بوونە (موضع الولد). هەروەها دەڵێت: دەکرێت لە دواوە لەگەڵی جووت ببێت بەڵام دەبێت بیکات بە کونی پێشەوەیدا نەك بە کونی دواوەیدا.

لەلایەکی دیکەوە دەتوانین وا لێکیبدەینەوە کە پیاو چۆن ئارەزووی کرد دەتوانێت لەگەڵ ژنەکەی, کونی پێشەوە بێت یان دواوە, سێکس بکات. ئەم بۆچوونەش پاڵپشت بەو چەند وشەیەیە کەلە ئایەتەکەدا هاتووە (أنّى شِئْتُـمْ, هەرچۆنێك ئارەزووتان کرد) ئایەتەکە لەو مانایە نزیکترمان دەخاتەوە. جگە لەو رووداوەی عومەر, سەرگوزشتەی دیکەش لەو بارەیەوە هەیەو صەحابەیەك دەگێڕێتەوە:

أَنَّ رَجُلًا أَصابَ اِمْرَأَة فِي دُبُرهَا فَأَنْكَرَ النَّاس عَلَيْهِ ذَلِكَ فَأَنْزَلَ اللَّه "نِسَاؤُكُمْ حَرْث لَكُمْ.[280]

پیاوێك لە دواوە (دبر) لەگەڵ ژنەکەی جووت بووبوو, خەڵکیش لۆمەیان کرد. بەم هۆیەوە خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند کە دەڵێت: ژنەکانتان کێڵگەتانن, چۆنتان دەوێت بیانکێڵن.

راستییەکەشی ئەوەیە گەر کەسێك لەم بارەیەوە تەماشای راڤەکانی ئیبن کەسیرو قورتوبیو تەبەری بکات, سەرگوزشتەیەکی زۆرو بۆر دەخوێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا جووتبوون لە کونی دواوە لایان بێزراوە. بەڵام ئەوە راستە کە عومەری کوڕی خەتتابو بەشێك لە قورەیشییەکان لە کونی دواوە دەچوونە لای ژنەکانیان:

كَانَ هَذَا الْحَيّ مِنْ قُرَيْش يَشْرَحُونَ النِّسَاء شَرْحًا مُنْكَرًا، وَيَتَلَذَّذُونَ مِنْهُنَّ مُقْبِلَات وَمُدْبِرَات وَمُسْتَلْقِيَات، فَلَمَّا قَدِمَ الْمُهَاجِرُونَ الْمَدِينَة تَزَوَّجَ رَجُل مِنْهُمْ اِمْرَأَة مِنْ الْأَنْصَار، فَذَهَبَ يَصْنَع بِهَا ذَلِكَ فَأَنْكَرَتْهُ عَلَيْهِ.[281]

280 بروانة تفسير ابن كثير, تفسير الطبري, تفسيرالقرطبي, في تفسيرالبقرة 223

281 تفسير القرطبي. البقرة223



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

قورتوبی لەتەفسیرەکەیدا نوسیویتی: گەڕەکێك لە قورەیش بەشێوەیەکی قێزەون ژنیان یەکالاّ دەکردەوە, لە پێشەوەو لە دواوەو لە سەر پشتیش چێژیان لێ وەردەگرتن. کاتێك مەککیەکان کۆچیان کرد بۆ مەدینە, پیاوێك لە کۆچەرییەکان ئافرەتێکی لە ئەنصارەکان (نیشتەجێیانی مەدینە) هێنا, وەك کاری لەوەو پێشی ویستی لە دواوە لەگەڵی جووت ببێت, بەلاّم ئافرەتەکە ڕێگەی پێ نەدابوو.

نیوەدوورگەی عەرەبیش دیاردەیەکی بەربلاّوو کلتورێکی دەوڵەمەندی لە سێکسدا هەیە. کەسێکی وەك عومەریش ئەزمونێکی گەورەی لە سێکسدا هەبووە. بەپێی سەرچاوەکان نۆ ژنی هەبووە.[282] ئەو کاتەی عومەر داوای (ام کلثوم)ی کچی عەلی کوڕی ئەبی تالبی کردووە, جیاوازی نێوان تەمەنی ئەوو (ام کلثوم) نزیکەی پەنجا ساڵ بووە. عومەر چوار ساڵ لە موحەممەد بچووکتر بووە. (ام کلثوم)یش کچی کچی, واتە کچەزای موحەممەدەو کچی عەلییە. بەم هۆیەوە عەلیو بنەماڵەکەی داواکەی عومەر ڕەتدەکەنەوە. دواتر عومەر ئامادەی خۆی نیشاندەدا کە شیربایی‌یەکی زۆر گەورە وەك مارەیی بداتە عەلی.

عەلی (ام کلثوم)ی کچی دەنێرێ بۆلای عومەر تاببینێ چەند منداڵە. کە کچەکە دەگاتە لای عومەر, تەماشای دەکاتو دەستێك بۆ (ام کلثوم) درێژ دەکات. (أم کلثوم)یش بەو منداڵییەی خۆیەوە توڕە دەبێو دەڵێ: ئەوە بۆ وا دەکەیت؟ ئەگەر ئەمیری باوەڕداران نەبویتایە (لووت)م دەشکاندیت. دواتر کە (ام کلثوم) دەگەڕێتەوە لای باوکی, پێی دەڵێ: منت ناردە لای شێخێکی خراپ. عەلیش پێی دەڵێ: کچەکەم ئەوە مێردتە![283]

---

282 لە بەشی فرە ژنیدا ناوی ژنەکانمان نوسیوە.

283 (خطبها عُمر بن الخطاب إلى أبيها علي، قال: إنها صغيرة. فقال عُمر: زوِّجنيها يا أبا الحسن فإني أرصد من كرامتها ما لا يرصده أحد. فقال له علي: أن أبعثها إليك، فإن رضيتها فقد زوجتكها. فبعثها إليه ببُردٍ، وقال لها: قولي له: هذا البُرْد الذي قلت لك. فقالت ذلك لعُمر، فقال: قولي له: قد رضيت رضي الله عنك. ووضع يده عليها، فقالت: أتفعل هذا؟! لولا أنك أمير المؤمنين لكسرت أنفك. ثم جاءت أباها فأخبرته الخبر، وقالت له: بعثتني إلى شيخ سَوْءٍ. قال يا بنيّة إنه زوجك.) ابن أثير, كتاب النساء, حرف (ك) أم كُلْثُوم بِنْت علي بن أبي طالب.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Marivan Halabjaee www.xwdakan.com

دوای چارەسەرکردنی کێشەکانیان, ئیبن ئەسیری مێژوونوس نوسیویێتی: عومەر چل هەزار (درهەم)ی وەك شیربایی داوە بە عەلی.[284]

ئەزموونی عومەر زۆرن. کەسێکی سێکسی بووە. ناردوویانە بۆ خوازبێنی, بەڵام بۆ خۆی داوای کردووەو لە خۆی مارە کردووە. چەند کەسێك (جریر)و (مروان)و (عبدالله)ی کوڕی عومەری کوڕی خەتتاب, هەرسێکیان دەیانەوێت یەك ژن بخوازن، بەم هۆیەوە دەبێتە مشتومڕیان. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە نێوان خۆیاندا ڕێکدەکەون عومەری کوڕی خەتتاب بنێرنە داخوازی ژنەکەو ئەویش هەرکامیانی هەڵبژارد ئەمان ڕازی بن. کاتێ عومەر دەچێتە لای ژنەکە پێی دەڵێت: جورەیر دەتخوازێ‌و مەشروب خۆرە, مەروان دەتخوازێ‌و گەنجێکی قورەیشیە, عەبدوڵڵاش دەتخوازێ‌و یەکێکە لەوانەی خۆم پەروەردەم کردوون (واتە کوڕی خۆمە!) عومەری کوڕی خەتتابیش (واتە خۆم) دەتخوازێت، تۆ شوو بەکامیان دەکەی؟ ژنەکەش کە گوێی لە ناوی (عومەر) دەبێت دەڵێ: ئەوە بە ڕاستە؟ ئەوا شووم پێکردی.[285]

هەروەها لە چیرۆکێکی تردا عومەر دەستدرێژی دەکاتە سەر ژنێك: عاتِکَة بِنْت زید بن عَمْرو بن نُفیل القُرَشِیَّة. ژنی عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوبەکری صدیق بووە. خۆشەویستییەکی گەورە لە نێوان ئەم دووانەدا هەبووە, بە شێوەیەك عاشقی یەك بوون عەبدوڵڵا نەدەچووە شەڕو غەزاکانو هەر لەلای ئەم ژنەی ماوەتەوە. بەم هۆیەوە ئەبوبەکری باوکی ئەم ژنەی پێ تەڵاق داوە. پاش ماوەیەکیش عەبدوڵڵا لە شەڕێکدا کوژراوە.[286] ئەم عەشقە وا لە عاتیکە دەکات سوێند بخوات لە دوای ئەو شوو بە هیچ کەسێك نەکات. چەندین کەس دەچنە داوای‌و ڕەفزی کردوون. عومەری کوڕی خەتتابیش داوای کردووە, عاتیکە وەك هەموو کەسێکی تر ئەویشی ڕەفز کردووە. عومەر زۆر بەمە قاڵس بووە, بە بەخێوکەری عاتیکە

---

284 نفس المصدر والعنوان: فتزوجها على مهر أربعين ألفاً، فولدت له زيد بن عُمر الأكبر، ورقية.

285 ابن قدامة: م7 ص 585

286 (كانت امْرَأَة عَبْد الله بن أبي بكر الصديق، وكانت حسناء جميلة، فأحبها حباً شديداً حتى غلبت عليه وشغلته عن مغازيه وغيرها، فامره أبوه بطلاقها.) ابن اثير: كتاب النساء، حرف(ع) عاتِكَة بِنْت زيد.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

دەڵێت: تۆ عاتیکە لە من مارە بکە ئەوسا خۆم چارەی دەکەم. ئەویش عاتیکەی لێ مارە دەکات. دوای مارە کردنەکە رۆژێکیان عاتیکە لەماڵەوە دەبێت, کاتێك بەخۆی دەزانێت عومەر بۆی چووەتە ژوورەوە. ئەوەی لەو ژوورەدا رووی داوە مەگەر تەنها ئەو دوو دێڕە نوسراوەی ئیبن سەعد وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی, دەنا هەرچییەکی دیکە بنوسین زیادەیە:

فدخل عليها, فعاركها حتى غلبها على نفسها, فنكحها, فلما فرغ قال: أفّ أفّ أفّ, أفّفَ بها. ثم خرج من عندها وتركها لا يأتيها.[287]

بۆی چووە ژوورەوە, پەلاماری داو شەڕی لەگەڵ کرد تا عاتیکە ئاگای لە خۆی نەما (دیارە عاتیکە خۆی تەسلیم نەکردووە بۆیە عومەر پەلاماری دەدات, تا دواجار عاتیکە ئاگای لەخۆی نامێنێت), ئیتر عومەر لەگەڵی جووت بوو, کە (عومەر) تەواو بوو وتی: (ئیف, ئیف, ئیف) ئیف ئیفی لێکردووە. دوایی چووەتە دەرەوەو وازی لێهێناوەو بەسەری نەکردووەتەوە.


وتزوجي. فَفَعلت، فخطبها عمر فنكحها.

أخبرنا عفّان بن مسلم، حدّثنا حمّاد بن سلمة، أخبرنا عليّ بن زيد أن عاتكة بنت زيد كانت تحت عبد الله بن أبي بكر فمات عنها واشترط عليها أن لا تزوّج بعده، فتبتّلت وجعلت لا تزوّج، وجعل الرجال يخطبونها وجعلت تأبى، فقال عمر لوليّها: اذكرني لها. فذكره لها فأبت عمر أيضًا. فقال عمر: زوّجنيها. فزوّجه إيّاها فأتاها عمر فدخل عليها فعاركها حتى غلبها على نفسها فنكحها، فلمّا فرغ قال: افّ افّ افّ أفّف بها. ثمّ خرج من عندها وتركها لا يأتيها فأرسلت إليه مولاة لها أن تعال فإني سأتهيّأ لك.

أخبرنا عارم بن الفضل، حدّثنا حمّاد بن سلمة عن خالد بن سلمة أنّ عاتكة بنت زيد كانت تحت عبد الله بن أبي بكر وكان يحبّها فجعل لها بعض أرضيه على أن لا تزوّج بعده، فتزوّجها عمر بن الخطّاب فأرسلت إليها عائشة أن ردّي علينا أرضنا.

287 الطبقات الكبرى لابن سعد, الجزء السادس,ص195



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

بەڵگەی سێهەمیش دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی سەرگوزشتگەلێکی زۆر دەربارەی سێکسکردن لە کونی دوواوە. هەندێکیان باس لەوە دەکەن کە جووتبوون لە دواوە بەمەرجێك بیکات بە پێشەوەیدا حەڵاڵەو بیکات بەدواوەیدا حەرامە. هەندێکی دیکەش دەڵێن جووتبوون لە دواوە بۆ دواوە حەڵاڵە. ئەوەی جێی سەرنجی ئێمە بێت ئەو سەرگزوشتانەیە کە باس لە دواوە بۆ دواوە دەکەن, ئەمەش نموونەیەکە لەو سەرگزوشتانە کە ئیمامی سیوتی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (الدر المنثور في التفسير بالمأثور) نوسیوێتی:

پرسیارم لە مالکی کوڕی ئەنەس کرد دەربارەی حەڵاڵبوونی جووتبوون لەدواوە, ئەویش پێی وتم: ئێستا بەو جووتبوونە خۆمم شوشت. (واتە ئێستا لەو شێوە سێکسە, جووتبوون لە دواوە, تەواو بوومو لەشپیسی خۆمم بەشوشتن دەرکرد)[288]

عەبدوڵڵای کوڕی ئەلقاسمیش وتویەتی: کەسێك ناناسم لەسەر ئەم ئایینە بێتو شوێنکەوتەی بێ‌و گومانی لەحەڵاڵبوونی هەبێت. (واتە سواربوون لەدواوەی ئافرەت حەڵاڵە). دوایش ئەمەی خوێندەوە (نِساؤُكُم حَرْثٌ لَكُمْ فَأتُوا حَرْثَكُمْ أنّى شِئْتُمْ. ژنەکانتان کێڵگەتانن, چۆنتان دەوێت بیانکێڵن.) ئینجا وتی: ئایا هیچ شتێك لەم قسەیە روونتر هەیە؟[289]

بۆ بەئەنجامگەیشتنی ئەم مەسەلەیە دەتوانین لەرێی دواهەمین سەرگوزشتەوە بلێین لەشەرعی ئیسلامدا جووتبوون لە دواوە حەڵاڵە, کە ئەمیش هەر سیوتی بۆمان دەگێڕێتەوە:

دوو کەس, شافعی لەگەڵ کوڕی ئەلحەسەن لەسەر ئەم مەسەلەیە گفتوگۆیان کردووە, شافعی باسی حەڵاڵبوونی دواوەی کردووە, کوڕی ئەلحەسەنیش نارەزایی دەربڕیوەو پێی وتووە کێڵگە شوێنی چاندنەو مەبەستی لە (زێ)یە. شافعیش پێی وتووە: بەم قسەیەی تۆ بێت جگە لە (زێ) هەرچییەکی دیکە بکرێت حەرامە! ئەویش بێدەنگ بووەو وەڵامی نەداوەتەوە.

---

288 سألت مالك بن أنس عن وطء الحلائل في الدبر فقال لي: الساعة غسلت رأسي منه. السيوطي: الدر المنثور في التفسير بالمأثور.ج2 لەباسکردنی ئایەتی 223 البقرة

289 عبد الله بن القاسم قال: ما أدركت أحدا اقتدى به في ديني يشك في أنه حلال، يعني وطء المرأة في دبرها، ثم قرأ {نساؤكم حرث لكم} ثم قال: فأي شيء أبين من هذا. نفس المصدر



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

شافعی بەردەوام دەبێ‌و دەڵێت: ئەگەر لە نێوان رانی ژنەکەدا, یاخود لە شوێنە پێچاوپێچەکانیدا, جووتی ببێت, ئەوە حەرامە؟؟ عەبدوڵڵا وتی: نا. ئەویش پێی دەڵێت: ئەی چۆن پێ لەسەر شتێك دادەگریت کە وا نییە؟؟[290] مەبەستی ئەوەیە کە ئایەتەکە دەڵێت (لە هەر شوێنێکەوە ئارەزووتان بوو.)

ابن كثير نوسیوێتی:

حَكَى لَنَا مُحَمَّد بْن عَبْد اللَّه بْن عَبْد الْحَكَم أَنَّهُ سَمِعَ الشَّافِعِيّ يَقُول : مَا صَحَّ عَنْ النَّبِيّ – صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ – فِي تَحْلِيله وَلَا تَحْرِيمه شَيْء وَالْقِيَاس أَنَّهُ حَلَال.[291]

دەربارەی ئەم مەسەلەیە پرسیاریان لە شافعی کردووە, ئەویش وتویەتی: هیچ شتێکی باوەڕپێکراو لەلایەن پەیامبەرەوە بۆ حەڵاڵ‌و حەرامبوونی نییە. قیاسیش ئەوەیە کە حەڵاڵە.

سێکسکردن لە کونی دواوە پەیوەندی بەحەزو ئارەزووی چەند تاکێکەوە هەیە کە مومارەسەی دەکەن. خۆ ئەگەر حەرام بووبێت ئەوە لەرووی تەندروستییەوە کارێکی زۆر چاکە, بەڵام ئەوەی کە لەم سەرگوزشتانەدا دەردەکەونو بەروونی دیارن ئەوەیە کە ئیسلام بەئایەتێکی روونو ئاشکرا حەرام یان حەڵاڵی نەکردووە, بەڵکو ئایەتێکی تەمومژاوی هێناوە. ئێمە نابێت سەرمان بسوڕمێت لەوەی صەحابەکان لەکونی دواوە لەگەڵ ژنەکانیان رایانبواردووە, بەتایبەتی عومەر کە کەسێکی شارەزاو بە ئەزموون بووە. چوونە لای ژنیش لەکونی دواوە یەکێکە لەچەندین جۆری رابواردنی سێکسی. ئەو پاساوەی ئایینزاکان هێناویانەوە دەڵێن عومەر کاری وای نەکردووە, لاوازە! گەر کاری لەو شێوەیەی نەکردبێت, بەو هەموو ئەزموونەیەوە, پێویستی بەوە نەبوو بچێتە لای موحەممەدو پێی بڵێ سەرگەردان بووم, ئەویش ئایەتێکی بۆ بنوسێت! عومەر زۆر لەوە شارەزاتر بوو کە پرس بە موحەممەد بکات. چونکە لەزیرەکی‌و وردبینی ئەو بۆ کلتووری کۆمەڵگا, بەپێشنیاری ئەو چەند

---

290 الشافعي ناظر محمد بن الحسن في ذلك، فاحتج عليه ابن الحسن بأن الحرث إنما يكون في الفرج، فقال له فيكون ما سوى الفرج محرما، فالتزمه فقال: أرأيت لو وطئها بين ساقيها أو في أعكانها أفي ذلك حرث؟ قال: لا. قال: أفيحرم؟ قال: لا. قال: فكيف تحتج بما لا تقول به؟. نفس المصدر

291 تفسير ابن كثير : البقرة 223

یاسایەك لـە قورئاندا نوسراوە. راڤەكاران ئاماژەیان بۆ كردووەو خودی خۆشی وتویەتی: خواكەم لـە سێ شتدا هاورام بووە, بە پەیامبەرم وتووە باشوێنی ئیبراهیم (كەعبە) بكەینە شوێنگەی نوێژی خۆمان, ئیتر ئایەتێك دابەزیو بوو بە شوێنگەمان (وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى– البقرة125). بە پەیامبەرم وت با ژنەكانت لـەپشت پەردەوە لـەگەڵ خەڵكی قسە بكەن, چونكە خەڵكانی خراپ رووبان تێدەكەن, ئایەتێكیش بۆ ئەمە دابەزی, (فَاسْأَلُوهُنَّ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ– الاحزاب53) هەروەها وتومە پەیامبەر لـە توانایدا هەیەو دەتوانێ ژنەكانی تەڵاق بداتو لـەوان ژنی باشتر بهێنێت, ئیتر ئایەتیش لـەسەر ئەمە دابەزی (عَسَى رَبُّهُ إِنْ طَلَّقَكُنَّ أَنْ يُبْدِلَهُ أَزْوَاجًا خَيْرًا مِنْكُنَّ– التحريم5).[292]

## پاشكۆی سێكس و شەرع و ژن
## بەشی یەكەم

### خالیدو شەڕی هەڵگەڕاوەكان

مالك بن نويرة بن شداد بن عبد بن ثعلبة بن يربوع التميمي. سەرۆكایەتیو كەسایەتیەكی گرنگی هەبووە لـە هۆزی (تمیم)و (عرنین)دا. ئەم دوو ناوەش لـە هۆزە دیارەكانی عەرەبی ئەو كاتە بوون. كەسێكی بە بەزەییو پارێزكارو ئازاو چاونەترس بووە. بەم هۆیەوە چەندین پەندو شیعریان بەسەردا هەڵداوە. بە هۆی موسڵمانبوونی ئەم پیاوەوە هەموو هۆزی (یربوع) بوونەتە موسوڵمان. موحەممەدیش، لـە دەستپاكیدا، كردبووی بە بەرپرسی زەكاتو پارەو پولی موسوڵمانانی هۆزو ناوچەكەی.

لـە دوای مردنی موحەممەدو دانانی (أبوبكری صدیق) بەخەلیفەی یەكەم، چەندین هۆزو خێڵ لـە پێدانی زەكات پەشیمان بوونەوە. بەم هۆیەوە كێشەیەك پەیدابوو كە لـە مێژووی ئیسلامدا ناونراوە (حروب الردة) جەنگی هەڵگەڕاوەكان. یەكێك لـەو سەرۆك هۆزانە ئەم

292 صحيح البخاري. ابواب القبلة, باب: ما جاء في القبلة، ومن لا يرى الإعادة على من سها، فصلى إلى غير القبلة. حديث393/394



سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

مالکە بوو. رایگەیاند چیتر زەکات لە موسوڵمانان وەرناگرێو بەم شێوەیەش هیچ پارەو پولێك ناداتە خەلیفە.

خەلیفە ئەبو بەکر پێیوابوو بە هێزی شمشێر وەڵامی مالكو لایەنگرانی بداتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش کۆبونەوەی لەگەڵ صەحابەکاندا کرد. بەشی زۆری ئامادەبوانیش وایان بەباش زانیبوو جەنگ لەگەڵ ئەو کەسانەدا نەکرێت، ئەگەرچی زەکات نادەن بەڵام باوەڕیان بە خوای ئیسلامو پەیامبەرەکەی هەیەو موسڵمانن. یەکێك لەوانە عومەری کوڕی خەتتاب بوو. لە قسەیەکیدا بەخەلیفە ئەبوبەکری وتووە:

كَيْفَ تُقَاتِلُ النَّاسَ وَقَدْ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ فَمَنْ قَالَ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ فَقَدْ عَصَمَ مِنِّي مَالَهُ وَنَفْسَهُ إِلَّا بِحَقِّهِ وَحِسَابُهُ عَلَى اللَّهِ.

چۆن شەڕی خەڵکانێك دەکەیت کە دەربارەیان پەیامبەری خوا وتویەتی: فەرمانم پێکراوە شەڕی خەڵکی بکەم تا دەڵێن جگە لە خوا هیچ خوایەکی تر نییە, هەر کەسێکیش بڵێ جگە لە خوا هیچ خوایەکی تر نییە سەروو سامانی لە من حەرامە بە حەقی خۆی نەبێت، (واتە رۆژی لێپرسینەوەی لەو دونیا) هەموو لێپرسینەوەیەکیشی دەگەڕێتەوە بۆ خوا.

ئەبوبەکریش دەڵێت:

وَاللَّهِ لَأُقَاتِلَنَّ مَنْ فَرَّقَ بَيْنَ الصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ.

سوێند بە خوا شەڕی هەموو ئەوانە دەکەم کە جیاوازی دەخەنە نێوان نوێژو زەکاتەوە.

ئەنجامی کۆبوونەوەکە بە بڕیاری شەڕکردن کۆتایی دێت. بۆ ئەم مەبەستەش سوپایەکی زۆری چەکدار ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ دەکەن. جگە لە چەندین ناوچەی دیکە، سەرکردایەتی شەڕی مالكو ناوچەکەی بە(خالیدی کوڕی وەلید) دەسپێرن.

خالد بن الوليد بن المغيرة بن عبد الله بن عمر بن مخزوم. خوشکەزای یەکێك لە ژنەکانی موحەممەدە بە ناوی ميمونة بنت الحارث. یەکێك بووە لەناودارەکانی قورەیش. لەساڵی حەوتی کۆچیدا، واتە دوای سەرهەڵدانی ئیسلام بە بیست ساڵ، بووە بە موسڵمان. لە ئازایەتیدا موحەممەد وتبووی: خالید یەکێکە لە شمشێرەکانی خوا. لەدوای داگیرکردنی مەککە، لەسەر فەرمانی موحەممەد، شەڕی هۆزی (بني جذيمة من بني عامر بن لؤي) دەکاتو

کۆمەڵکوژییەکی گەورە ئەنجام دەدات. دەستی لە بێتاوانو منداڵەکانیش نەپاراستووەو هەموویانی کوشتووە. هەروەها کۆمەڵکوژییەکی دیکەی دژ بە (مسیلمة الحنفي) لە (یەمامە) ئەنجامداوە. دواتریش دەوری کاریگەری هەبوە لە شەڕی فارسو ڕۆمەکاندا. لەسەر دەستی ئەویش ناوچەی شام (دیمەشق) داگیر کراوە. ساڵی بیستو یەکی کۆچی، لەسەردەمی خەلافەتی عومەردا مردووە.

ئەم خالیدە رادەسپێرن بۆ بەگژاچوونەوەی مالیكو هۆزەكەی. هۆزەکەی مالك لەناوچەی (البطاح)دا دەژیان. هەواڵیان پێدەگات کە(خالید) بە سوپایەکی گەورەوە دێتە سەریان. مالكیش بڵاوە بە لایەنگرانی دەکات بۆ ئەوەی شەڕ نەکات. کە خالید دەگاتە ناوچەکە، کەس نابینێت ڕووبەڕووی ببێتەوە. چەند دەستەیەك دروست دەکات تا بەشوێن هەڵگەڕاوەکاندا بگەڕێن. لە بۆسەیەکدا مالكو لایەنگرەکانی دەستگیر دەکەن. دەستگیرکردنەکەش بە پیلان بوو. ئەو کاتەی دەستەکەی خالید لەگەڵ مالكو هاوەڵانی بەیەك دەگەن، بە شێوەیەك خۆیان بەیەکتر نیشان دەدەن کە هەردوولا موسڵمانن. لایەنگرانی خالید داوا لە مالكو چەکدارەکانی دەکەن کە چەکەکانیان دابنێنو لەگەڵیان نوێژێك بکەن. مالكو هاوەڵانی، لەبەر ئەوەی خۆیان بە موسڵمان زانیبوو، چەکەکانیان دادەنێنو نوێژەکەیان دەکەن. بە تەواوبوونی نوێژەکە پەلاماریان دەدەن، مالكو ئەوەی لەگەڵیدایە، قۆڵبەست دەکرێنو بە دیلی دەیانبەنە بەردەم خالید.

لەناو دیلەکاندا ئافرەتێك هەبووە بەناوی (لیلى بنت المنهال) هاوسەری مالك بوو. یەکێك بووە لەژنە جوانە بەناوبانگەکانی عەرەب. وەك باسیان کردووە پوزو چاوەکانی ئەم ژنە ئەوەندە جوان بووە چەندین شیعری لەسەر نوسراوە. بەپێی ئەو کورتە چیرۆکانەی لە مێژوودا نوسراونەتەوە، جوانیەکەی لەیلا سەرنجی خالیدی ڕاکێشاوەو لەسەر بڕیارەکانی ئەو کاریگەری دادەنێت.

وەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا هاتووە، بە ئامادەبوونی (لەیلا) خالیدو مالك دەکەونە گفتوگۆو خالد بە مالك دەڵێت: من بکوژی تۆم. لەبەر ئەوەی تۆ شوێنکەوتەی (سجاح)یت نەك پەیامبەری خوا.

(سجاح) کەسێك بوو بانگەوازی پەیامبەرایەتی بۆ خۆی کردبوو.

مالك دەڵێت: ئەو قسەیەی تۆ دەیکەیت کۆنە، کاتی خۆی هاوەڵەکەتان ئەم گومانەی بۆ دروست بووە. ئەمە راست نییە.

أنا على الإِسلام ما غيَّرت ولا بدّلت.

من لەسەر موسڵمانێتی خۆمەو نەگۆڕاوەو ئاینەکەشم نەگۆڕیوە.

خالید پێی دەڵێت: بۆ هاوەڵی ئێمە بە هاوەڵی خۆت نازانیت؟ کەواتە دەتکوژم.

(عبدالله بن عمر)و (ابوقتادة الانصاري) دوو صەحابەی ناوداری مێژووی ئیسلامن. لەگەڵ خالیددا چووبوونە ئەو شەڕەوە، لە کاتی گفتوگۆکەدا هەست دەکەن خالید دریغی لە مالك دەکات. بۆیە هەردووکیان پشتگیری لە مالك دەکەنو داوا لە خالد دەکەن نەیکوژێ. خالیدیش گوێ بە قسەیان نادات.

مالکیش پێی دەڵێ: بۆ تۆ دەمکوژیت، بمبە بۆ لای خەلیفە ئەبوبەکر با ئەو حوکم بدات.

خالید بەم پێشنیارە ڕازی نابێت، تەماشایەکی لەیلا دەکاتو بە مالك دەڵێت: خوا بمکوژێ ئەگەر نەتکوژم. ئینجا داوا لە(ضرار بن الازور الاسدي) دەکات مالك سەربڕێت.

مالك سەیری ژنەکەی خۆی دەکاتو روو دەکاتە خالیدو دەڵێت: ئەم ژنەم کوشتمی. (واتە جوانی ئەم ژنەم وای لێکردی بمکوژی، بۆ ئەوەی دەستی بەسەردا بگریت).

دوا بەدوای قسەکان (ضرار) دەدات لە گەردنی مالكو سەری دەبڕێ.

واصطفى خالد امرأة مالك بن نويرة وهي أم تميم ابنة المنهال وكانت جملية.

دوای سەربڕینەکە خالید دەست بەسەر ژنەکەی مالك دەگرێت، کەناوی (لیلی بنت المنهال) بووەو بە (أم تميم)یش دەناسرا، ئافرەتێکی جوان بوو.

قسەکەی مالك راست دەرچوو، کە بە خالیدی وتبوو (لەبەر جوانی ئەم ژنەم دەمکوژیت) چونکە خالید ئیغتیصابی ئەم ژنە دەکات. فەرمانیش دەدات هەموو چەکدارەکانی دیکە کۆمەڵکوژی بکەنو فەرمانەکەشی جێبەجێ بوو.

ئەم کۆمەڵکوژیو خیانەتەی خالید بەلای کەسێکی وەك ئەبو قیتادەوە ناخۆش دەبێت، بۆیە سوێند دەخوات کە چیتر لەژێر ئاڵای خالیددا شەڕی هیچ کەسێك نەکات. هەروەها عومەری کوڕی خەتتابیش بە خالیدی وتووە:

يا عدو الله، قتلت أمرأً مسلماً، ثم نزوت على امرأته، لأرجمنك.



www.xwdakan.com net org

ئەی دوژمنی خوا، کەسێکی موسڵمانت کوشت، دواتر ژنەکەیت لاقە کرد. بەردبارانت دەکەم. (واتە زینات کردووەو ڕەجمت دەکەم) بە خەلیفە ئەبوبەکر دەڵێت: ئەوە زینای کردووە، بەردبارانی بکە، یان بیکوژە، یاخود لەسەر کارەکەی لای ببە.

خەلیفە ئەبوبەکریش پشتگیری خالید دەکات‌و دەڵێت: خالید ئیجتیهادی کردووەو هەڵەی کردووە. نە ڕەجمی دەکەم‌و نە دەیکوژم‌و نە ئەو شمشێرەشی لێدەسێنمەوە کە خوا بەسەر کافراندا هەڵیکێشاوە.[293]

سیفەتەکانی موجاهیدێکی وەك خالید، لای موسڵمانان، چەند دانەیەکە: صەحابەیە، پێشنوێژی‌و ڕێنموویی موسڵمانان دەکات، موجاهیدێکی ئازاو نەترس، شمشێر وەشێنی خوایە. بەڵام لەلای ویژدانی مرۆڤایەتی، لەبەردەم ڕووداوێکی لەو شێوە کەرامەتشکاندنەدا، سەربڕینی مرۆڤێك‌و ئیغتیصاب کردنی ژنەکەی، پرسیارگەلێکی زۆر دروست کردووە. ئایا چاوەکانی خالید، لەکاتی سەربڕینی مرۆڤێکدا چۆن ڕووخساری جوانیی ئافرەتانی بینیوە؟ سەربڕین‌و فیچقەو ڕۆچوونی خوێن لە گەردنی مرۆڤێکەوە، دواتر کۆمەڵکوژیی عەشاماتێك لە موسڵمانان لەبەردەمیدا، چۆن ئارەزووە سێکسیەکەی جوڵاوەو چۆن چووەتە پەردەی ئیغتیصابکردنی ژنێکەوە کە بەفەرمان خۆی‌و هەر ئەو ڕۆژە مێردەکەیان سەربڕیوە؟ یان دیاردەیەکی سروشتی وەك سێکس لەم بەسەرهاتەدا، دەچێتە کوێی ئایین‌و باوەڕو بڕواهێنانی ئیسلامەوە؟ کەواتە خالیدی موجاهیدو شمشێرەکەی خوا, بەپێی ئەم بەڵگانە, لای ئێمە بوو

---

293 بۆ تەواوی ڕووداوەکە بڕوانە ئەم سەرچاوانە: صحيح المسلم، كتاب الإيمان، باب الأمر بقتال الناس حتى يقولوا لا إله إلا الله محمد رسول الله. ابن اثير: اسد الغابة في معرفة الصحابة، بەشی پیتی(خ) خالد بن الوليد، بەشی پیتی(م) مالك بن نويرة. حياة الصحابة، للكاندهلوى: قصة خالد بن الوليد ومالك بن نويرة. البداية والنهاية، ابن اثير. ج1 فصل في خبر مالك بن نويرة اليربوعي التميمي. ابن الحجر، العسقلاني: الإصابة في تمييز الصحابة.ج3ص337. العقاد فى عبقرية الصديق، الصديق ابوبكر، محمد حسين هيكل.ص143. الامام السيد عبدالحسين شرالدين: النص والاجتهاد، ص93-103. وفيات الاعيان 14/6



www.xwdakan.com .net .org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

بە حاکمێکی نادادپەروەرو جەللادێکی ئینسان سەربڕو پیاوسالارێکی ژن ئەتککەرو پاڵەوانێکی دیلکوژ.

## پاشکۆی سێکس و شەرع و ژن

## بەشی دووهەم

## کارەساتی حەڕڕە

ڕووداوێکی دڵتەزێن هەیە بە ناوی (حەڕڕە). ئەم ڕووداوە شایستەی توێژینەوەیەکی قووڵە، چونکە پەیوەندی بە کلتووری نیوە دورگەی عەرەبەوە هەیە، دەستووری ئەقڵی خێڵەکی، شەڕوشۆڕو وێرانکردن، کۆمەڵکوژی، دیلکردنو چینەوەی دەستکەوت، ڕقو کینە، کێبەرکێیو دژیایەتی دەسەڵات، بەرەورووبوونەوە لەگەڵ خەلیفەدا، داپڵۆسینو چەوسانەوەی کۆمەڵگە. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر بۆ ئەم نوسینەمان، پەیوەندی هەیە بە سێکس، بێبەهاکردنی ژنان، سەلماندنی حەقیقەتی باوەڕی پتەوی ئایینی ئیسلام بۆ ئیغتصابکردنی ئافرەت. هەر لێکۆڵینەوەیەکیش دەربارەی مێژووی ئیسلام سەرهەڵبدات، بەبێ باسکردنی ئەم ڕووداوە، بۆشایی دەکەوێتە نوسینەکەیەوە. هیوادارم کەسێکی بە توانا ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆو لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بۆ ئەم کارەساتە بکات. ڕووداوەکەش لە چەندین سەرچاوەدا هاتووە، بەڵام ئێمە مێژوونوسێکی گەورەی باوەڕپێکراوی ئیسلام ئیمامی (سیوطي) بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکە بە شایستەتر دەزانین، کە لە کتێبی (مێژووی خەلیفەکان، تأريخ الخلفاء) باسی کردووە.

(بەکورتی) یەزیدی کوڕی معاویە کوڕی ئەبی سوفیان، لە ساڵی (25) کۆچی لە دایك بووە. دوای مردنی باوکی (معاویە، دامەزرێنەری ئیمپراتۆرییەتی ئەمەوی ) لەساڵی (60)ی کۆچیدا، لەتەمەنی سیو پێنج ساڵیدا، دەبێتە خەلیفەی دووەهەمی دەوڵەت. کابرایەکی

کەتەو قەڵەوو قژ درێژ بووە. یەکەم خەلیفە بووە بە ئاشکرا ئەتکی سێکسبازی بکات، مەشروب بخواتەوە، یەکەم خەلیفەش بووە لەدیوەخانەکەیدا گۆرانیبێژ گۆرانی بلێتو مۆسیقا لەتەکییەکەیدا لیبدرێت. سەگێکی رەشیشی هەبووە هەمیشە یاری لەگەڵ کردووە.[294] بە بۆچوونی مێژوونوسە ئیسلامییەکان، دوو کەس خووی موسڵمانیان شرکردووە: ئەم خەلیفەیە یەکێکیانە.[295] مەشروب خۆر، سێکسبازو زیناکەر، بچربچریش نوێژی کردووە. خەڵکانی خۆشباوەڕیش لەوە ترساون کە خوا، لەبەر خراپی ئەم خەلیفەیە، لە ئاسمانەوە بەرد بارێنێ بەسەریاندا.[296]

لەبەر ئەم هۆیانەو چەندین هۆی دیکە، کە پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە نییە، ساڵی شەستو سێی کۆچی، کەسێك بەناوی (عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر) لە ناو شاری مەککەدا، لەم خەلیفەیە هەڵدەگەڕێتەوە. لەمینبەری مزگەوتەکانەوە، بەئاشکرا، خەلافەت لە یەزید دادەماڵێو خۆی دەکاتە خەلیفەی موسڵمانان. ئەم رووداوە چەند مانگێك دەخایەنێتو خەڵکانێکی زۆر، بەتایبەتی نیشتەجێیانی شاری مەککەو مەدینە، پاڵپشتی لێدەکەنو بەیعەتی دەدەنێ!

کاتێك هەواڵەکە دەگاتە خەلیفە یەزید، لەشکرێکی گەورەی پڕ چەك لە موجاهیدەکانی خوا دەنێرێتە سەریان. ئەم لەشکرە، پێش ئەوەی بگەنە مەککە، دەچنە ناو شاری مەدینەوەو

---

294 لەبۆچوونی ئیسلامدا ی ڕەش شەیتانە. صحيح مسلم كتاب الصلاة، باب، قدر ما يستر المصلي. حديث265 صحيح البخاري: أبواب سترة المصلي. باب، استقبال الرجل صاحبه أو غيره في صلاته وهو يصلي. حديث489.

295 ئەوی دیکەیان عمرو بن العاص. سيوطي، تأريخ الخلفاء ص 180-182

296 (والله ما خرجنا على يزيد حتى خفنا أن يرمى بالحجارة من السماء! إنه رجل ينكح أمهات الأولاد و البنات و الأخوات و يشرب الخمر و يدع الصلاة). سيوطي، تأريخ الخلفاء، خلافة يزيد بن معاوية بن أبي سفيان64.60ه ص180-182. ئیمامی (حوسێن) کوڕی خەلیفەی چوارەمی راشدین (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) بە فەرمانی ئەم یەزیدە سەربڕاوەو (سەر)ەکەیان لەسەر سینییەك بردووە بۆ شام تا خەلیفە معاویەو موجاهیدەکانی خوا بیبینن.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

لەگەڵ دانیشتوانی شارەكەدا ڕووبەڕوو دەبنەوە. لە شار مەدینەدا گەڕەكێك هەبووە بەناوی حەڕڕە (الحرّة). لەو گەڕەكەدا گۆمێك لەخوێن دروست دەبێ. دوای شەڕێكی خوێناویو سەخت، لەلایەن موجاهیدەكانی خەلیفەوە شاری مەدینە كۆنترۆڵ دەكەن.

چەندین جار ئیسلامگەراكان كارەساتی كۆمەڵكوژیان ئەنجام داوە. بۆ نموونە: خودی موحەممەد، لەناو شاری مەدینەدا، كردەی كۆمەڵكوژی لە دژی هۆزی بەنی قورەیزە ئەنجامدا، وەك لەبەشی سێكسو موحەممەددا باسمان كردووە. خەلیفە یەك لەدوایەكەكانیش لەدژی ئەو میللەتو نەتەوانەی كە بە ئایینی ئیسلام رازی نەبوونو بەزۆری شمشێر كراونەتە موسڵمان, ئەم كردەیەیان بەسەردا ئەنجامدراوە. بۆ نموونە موجاهیدەكانی سەلەفی صالەحو پاشماوەی خەلیفەو صەحابەكان لە كوردستانی عێراق, لە دژی میللەتی كورد، كردەیەكیان بەناوی ئەنفال ساڵی 1988 ئەنجامدا. لەو كۆمەڵكوژییەدا نزیكەی سەدو هەشتاو دوو هەزار لە پیاوو ژنو منداڵی كورد لەلایەن موجاهیدەكانی ئیسلامەوە زیندەبەچاڵ كران. ئەو كۆمەڵكوژییەی لەشاری مەدینەدا ئەنجامدرا، یەكێكە لە بەژانترین كارەسات كە لە سەردەمە سەرەتاییەكانی ئیسلامدا ڕووی داوە. ئیمامی (سیوطي) بەم دوو دێڕە لە سەر ئەو كارەساتە دەدوێت:

فأرسل إليهم جيشا كثيفا و أمرهم بقتالهم، ثم المسير إلى مكة لقتال ابن الزبير، فجاؤوا، وكانت وقعة الحرة، على باب طيبة، وما أدراك ما وقعة الحرة؟ ذكرها الحسن مرة فقال: والله ما كاد ينجوا منهم أحد، قتل فيها خلق من الصحابة رضي الله عنهم ومن غيرهم، ونهبت المدينة، وافتض فيه ألف عذراء. فإنا لله و إنا إليه راجعون!

واتە: یەزید لەشكرێكی پڕ چەكو گەورەی بۆ ناردن، فەرمانی پێكردن شەڕیان بكەن، دواتر بەرەو مەككە بڕۆن بۆ شەڕی عەبدوڵڵای كوڕی زوبێر. ئیتر هاتن! لەدەروازەی (طيبة) (دەروازەیەك بووە لە شاری مەدینە) چوونە ناو شارەكەوەو كارەساتی حەڕڕە ڕووی دا. تۆ چوزانی كارەساتی حەڕڕە چییە؟! جارێكیان ئەلحەسەن باسی كردووەو وتویەتی: بەگەورەیی خوا هیچی وای نەمابوو كەس لەو كوشتنو كوشتارە دەرچێ، تێیدا عەشاماتێك لەصەحابەو خەڵكانی دیكە كوژران، شاری مەدینەیان هەڵڵوشی، تێیدا هەزار پەردەی كچێنی درا.!



www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org


پاش ئەم قەسابخانەیە، لەشکرەکە بەرەو شاری مەککە بەرێکەوتووە. (عەبدوڵڵای کوڕی زبێر) تا بۆی کرا شەڕی کردن. دواتر زانی چاری ئەو هێزە گەورەیە ناکات، بە نیازی ڕزگاربوون، لە ناو کەعبەدا خۆی مەڵاس دا، پێی وابوو کەس جورئەتی ئەوە ناکات دەستدرێژی بکاتە سەر کەعبە چونکە پیرۆزترین ماڵی خوای موسڵمانانە. بە پێچەوانەی پێشبینییەکەیەوە، لەشکرەکە هێرشیان کردە سەری‌و برینداریان کرد، بەمەنجەنیقیش کەعبەیان سووتاند.[297]

هەتا ئێرە گێڕانەوەی ڕووداوەکەمان بەسە. تەنها ئەوەندە وەردەگرین کە لەم کارەساتەدا باسی دڕینی هەزار پەردەی کچێنی کراوە! ئێمە ناتوانین کردەیەکی لەم شێوەیە ناوی بنێین ئارەزووی سێکسی، یان هەوەس، یان سێکسبازی! یاخود هەڵکوتینەسەر، زینا، یان زەواجی هەمیشەیی یان کاتی‌و موتعە، بەڵکو ئەمە ئیغتیصاب کردنی ژنانە بەدەست ئیسلامگەراکانەوە کە بە چەندین ئایەت شەرعیەتی پێدراوە. لە پێش مێژووی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامدا، کارەساتی وەها جەرگبڕ تۆمار نەکراوە. جگە لە کۆمەڵکوژییەکانی بەنی قورەیزەو بەنی موستەلەق‌و شەڕە کاولکارییەکەی شاری خەیبرو چەندانی دیکە، ئەم ئیغتیصابکردنە بووە بەشێکی لەبیرنەچووەوەی مێژووی ئەو ئیمپراتۆرییەتەی کە دەسەڵاتی ئیسلامی لەسەر پێکهێنرا. قسەکردنیش لەسەر سووتاندنی کەعبە، کە موسڵمانەکان بە مەنجەنیق سووتانیان، کاری ئەم نووسینەمان نییە.

## سێکس لە پاڵ ئایەتە خوێناوییەکاندا

پیاوانی موسڵمان وافێرکراون لەئاست کوشتن‌و بۆنی خوێن‌و سەرگەردانیدا ئەقڵی

297 سیوطي: تأريخ الخلفاء هەمان ناونیشان‌و لاپەڕەکان.

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

خێڵەکیان بخەنە کارو هەوەسی سێکسبازیان لە داوێنییانەوە چۆرەچۆڕ بکات. فێرکراون هەمیشە لە سێکس خۆیان تێر بکەن. جا ئایا دەکرێت ڕێساو یاسای ئیسلام بەسەر ژیانی مرۆڤایەتی ئەم سەردەمەدا بسەپێت؟؟ ئەگەر ئێمە نەچینە ناو چۆنییەتی بیرکردنەوەو شێوازو ڕەفتاری ئیماندارانی ئیسلام، ناتوانین وێنەی بەسەرهاتەکانی مێژووی سێکسی ئەم ئایینە بگرین. جا بۆ ئەوەی بتوانین بڕوا بکەین کە کارەساتی وەها دڵتەزێن لە ئیسلامدا ڕوویانداوە، دەخوازرێت بچینە ناو ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییە زۆر ڕەشۆکیەوە کە بووە هۆی دامەزراندنی ئەم ئایینە، بەتایبەت سەردەمی موحەممەدو صەحابەکانی. بونیادێکی وەها ڕەشۆکی بیربکەینەوە کە لەگەڵ ئەقڵی سەردەمانی سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامدا یەکانگیر بێتەوە، دابونەرێتێکی کۆمەڵایەتی وەها ڕەشۆکی ببینین کە لەگەڵ ئەقڵو جەستەماندا ڕەگی داکوتابێت، ئەو کاتە ڕووداوە جەرگبڕەکانی جیهانی ئیسلام بەسەرماندا تێپەڕ دەبێت. بە بەڵگەی ئەم بەسەرهاتانەو ئەوانەشی لە سەدەکانی دیکەدا ڕوویانداوە، دەردەکەوێت کە ئیسلامگەراکان لە بێدەسەڵاتیدا زەلیلو لە دەسەڵاتیشدا گەورەترین جەللادن.

لای موجاهیدەکانی ئیسلام، بینینی کەسێکی لە خوێنگەوزاو، بەو مەرجەی خۆی کوشتبێتی، یەکسانە بە دیمەنی پڕ لە دەستکەوتە خرۆشە سێکسییەکان. هەشتهەم ژنی خەلیفەی سێهەم (عوسمانی کوڕی عەففان) کە ناوی (نائیلە) بووە، کەلەگەتو پانوپۆڕ، سمتی گەورەو بەرز بووە. ئەو ساتەوەختەی موجاهیدەکانی خوا چواردەوری ماڵی ئەم خەلیفەیەیان گرتو دواتر بە ئاشکرا کوشتیان، دەستی نائلەی ژنیشی بریندار بووەو خوێن بە لەشیدا هاتۆتە خوارەوە. مێژوونوسەکان بۆمان دەگێڕنەوە کە نائیلە، لەتاو کوژرانی مێردەکەیو ئازاری پەنجە قرتاوەکەی، بەژوورەکەدا خولاوەتەوەو هاوارو کرۆزانەوەی بووە، لەو کاتەدا، بکوژەکانی خەلیفە تەماشای دەکەنو یەکێکیان دەڵێت: تەماشا.. تەماشا.. سەیری سمتی بکەن چەند گەورەیە![298]

سیناریۆکەش روونەو پێویست بە لێکدانەوەی زیاتر ناکات! کوژراوێك لە خوێندا

---

298 بۆ زیاتر زانین دەربارەی ئەم ڕووداوە بڕوانە: الخالدي: د. صلاح عبدالفتاح الخالدي، الخلفاء الراشدون. دار الكتب للنشر، الطبعة الثالثة 1999 ص209

گەووزاوە، هاوسەری كوژراوەكەش لەئێشی پەنجەو خەمی كوژرانی مێردەكەیدا كرۆزانەوەیەتی، كەچی غەریزەی سێكسی بكوژان بەسەر هەموو سیفەتە ئینسانییەكانی دیكەیاندا زاڵەو پانتاییەكی گەورە لەناو بیركردنەوەیاندا داگیركراوە. مێژوونوسان باسی ئەوەمان بۆ ناكەن ئەو صەحابانەی كە خەلیفەیان كوشت، ئاخۆ نائیلەیان ئیغتیصاب كردوە یان نا، بەڵام ئەوە دەزانین ڕوانینو ترووسكی چاویان، لەو كاتە پڕ لە هەستوەرەدا، بۆ سمتی ژنێك ڕەوانە كردووە كە كۆستی كەوتووە. دیارە ئەم ئاكارەش لە كلتوری دێرینی نیوە دورگەی عەرەبو پێشەواكەیانەوە بۆیان ماوەتەوە.

لەباسكردنی داگیركردنی (فەزارە)دا، ئیمامی موسلیم نوسیویێتی: باوكی ئەیاس گێڕاویەتەوە: ئەوەی لەو شەڕەدا كوژرا كوژرا، هەندێك دیلیش هەبوون. كاتێك تەماشای ناو خەڵكەكەم كرد، بینیم چەندین كچیان تێدایە. ترسی ئەوەم هەبوو بگەنە چیاكەو دەرباز بن، تیرێكم گرتە نێوان ئەوانو چیاكە. كە تیرەكەی منیان بینی وەستان، هەموویانم هێناو پێش خۆمم دان، ئافرەتێك لە نێوانیاندا هەبوو لە خێڵی فەزارە بوو، كچێكیشی لەگەڵدا بوو لە باشترین كچانی عەرەب بوو. پێش خۆمم دان تا گەیاندمنە لای ئەبوبەكر، ئەویش كچەكەی پێدام (وا دیارە ژنەكەی لێ سەندووە) كاتێ گەیشتینەوە شاری مەدینە، هێشتا جلەكانیم لەبەر دانەكەندبوو (واتە هێشتا سێكس، باشتر بڵێین ئیغتیصابی نەكردبوو) پەیامبەری خوام بینی، پێی وتم: ئەی سەلمە ئەو ئافرەتەم پێ ببەخشە. منیش پێم وت: ئەی پەیامبەری خوا، سوێن بە خوا سەرنجی ڕاكێشاوم تا ئێستاش جلەكانیم لەبەر دانەكەندووە. بۆ بەیانی لە بازاڕدا پەیامبەرم بینیەوە، پێی وتم: ئەی سەلمە ئەو ئافرەتەم پێ ببەخشە بیكە بە خاتری باوكت، خوام كرد بەگژتا. منیش پێم وت ئەی پەیامبەر با بۆ تۆ بێت، سوێند بە خوا جلەكانیم دانەكەندووە. پەیامبەریش ئافرەتەكەی وەرگرتو ناردی بۆ شوێنی خۆی.[299]

299 (غزونا فزارة وعلينا أبو بكر. أمره رسول الله صلى الله عليه وسلم علينا. فلما كان بيننا وبين الماء ساعة، أمرنا أبو بكر فعرسنا. ثم شن الغارة. فورد الماء. فقتل من قتل عليه، وسبى. وأنظر إلى عنق من الناس. فيهم الذراري. فخشيت أن يسبقوني إلى الجبل. فرميت بسهم بينهم وبين الجبل. فلما رأوا السهم وقفوا. فجئت بهم أسوقهم. وفيهم امرأة من بني فزارة. معها ابنة لها من أحسن العرب. فسقتهم حتى أتيت بهم أبا بكر فنفلني أبو بكر ابنتها. فقدمنا



www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Marwan Halabjaee www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org


لە لایەکەوە: ژنێك خاکەکەی داگیرکراوە، ماڵو سامانی زەوت کراوە، خێڵەکەی کۆمەڵکوژ کراوە، کەسوکاری خەڵتانی خوێن کراوە، دایكو کچەکەی خەڵتانی خەفەت بوون، لە لایەکی ترەوە: سەرکردەی بەرەی جەنگ (ئەبوبەکر) لەگەڵ صەحابەیەکی موحەممەددا، دایكو کچ لەیەك جیادەکەنەوەو لەناو خۆیاندا دابەشی دەکەن، دواتر پەیامبەریش (خوا) دەکات بەگژ موجاهیدەکەدا تا پێی ببەخشێت، کەچی موجاهیدەکە باسی جلوبەرگو سێکسو رابواردنی کچی کۆسکەوتوو دەکات.

بۆ تێگەیشتن لەم بەسەرهاتانە پێویستە دەلاقەیەك بەناو قورئاندا بکەینو بزانین دەربارەی شەڕو کوشتار، خوێن ڕشتنو داگیرکردن، دەستکەوتی سەروو سامان، لە ئیسلامدا چی نوسراوەو حوکمی ئیسلام چۆنە، کە تەنها بە خوێندنەوەی ئایەتەکان دەگەینە مەبەست:

وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ.[300]

لە پێناوی خوادا شەڕو کوشتار بکەن، بشزانن خوا بیسەرو زانایە.

وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ فَإِنِ انْتَهَوْا فَلَا عُدْوَانَ إِلَّا عَلَى الظَّالِمِينَ.[301]

لەگەڵ دوژمنان بە شەڕ بێن تا ئاشووب نەمێنێتو ڕێساو یاسا تەنها بۆ خوا بێت، خۆ ئەگەر کۆڵیان دا، ئەوە جگە لە زاڵمەکان دژایەتی کەس ناکرێت.

إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ.[302]

---

المدينة وما كشفت لها ثوبا. فلقيني رسول الله صلى الله عليه وسلم في السوق. فقال (يا سلمة! هب لي المرأة). فقلت: يا رسول الله! والله! لقد أعجبتني. وما كشفت لها ثوبا. ثم لقيني رسول الله صلى الله عليه وسلم من الغد في السوق. فقال لي (يا سلمة! هب لي المرأة. لله أبوك!) فقلت: هي لك. يا رسول الله! فوالله! ما كشفت لها ثوبا. فبعث بها رسول.)
صحيح المسلم، كتاب الجهاد والسير، باب التنفيل وفداء المسلمين بالأسارى حديث1755

300 البقرة244

301 البقرة 193

302 المائدة 33

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

پاداشتی ئەو کەسانەی جەنگی خواو پەیامبەرەکەی دەکەنو هەوڵ دەدەن گەندەڵی لەسەر زەوی بڵاو بکەنەوە، ئەوەیە کە دەبێت بکوژرێن، لە مێخ بدرێنو هەڵواسرێن ( لە خاچدان یان دەستو قاچیان ببڕدرێتەوە بە پێچەوانەی یەکتر (واتە دەستی ڕاستو قاچی چەپ، دواتر دەستی چەپو قاچی ڕاست)، یا لەسەر زەوی دوور بخرێنەوە (نەفی بکرێن بەو مەرجەی لەسەر زەوی نەمێننەوە، لە بەرزاییدا یاخود لە ناو بیرو چاڵدا) ئەم سزایەش بۆ سەرشۆڕی ئەم دونیایەیانە، لەو دونیاش سزاو ئەشکەنجەی بەسوێو سەختیان هەیە.

سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ فَاضْرِبُوا فَوْقَ الْأَعْنَاقِ وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ.[303]

من (خوا) ترسو دڵەلەرزە دەخەمە نێو دڵی بێباوەڕانو ئێوەش لەسەروی گەردنیانەوە سەریان ببڕن، بدەن لە سەری پەنجەکانیانو بیانقرتێنن.

قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ.[304]

بکوژن ئەوانەی باوەڕیان بە خواو ڕۆژی قیامەت نییە، ئەوانەش حەرام ناکەن کە خواو پەیامبەرەکەی حەرامیان کردووە، ئەوانەیش کە کتێبیان پێدراوەو پەیڕەویی دینی ڕاست نابن (وەك یەهودیو مەسیحی) تا ئەو کاتەی بەسەر شۆڕیو دەستی درێژەوە سەرانە (پارە) دەدەن.

فَلْيُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يَشْرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالْآخِرَةِ وَمَنْ يُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيُقْتَلْ أَوْ يَغْلِبْ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا.[305]

ئەوانەی ژیانی ئەم دونیایە دەفرۆشن بۆ ژیانی ئەو دونیا با لە پێناوی خوادا شەڕو کوشتار بکەن. ئەوەی لە پێناوی خوادا شەڕو کوشتار دەکات، بکوژرێت یان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، پاداشتێکی گەورەی دەدەینێ.

فَقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ لَا تُكَلَّفُ إِلَّا نَفْسَكَ وَحَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَسَى اللَّهُ أَنْ يَكُفَّ بَأْسَ الَّذِينَ كَفَرُوا وَاللَّهُ أَشَدُّ بَأْسًا وَأَشَدُّ تَنْكِيلًا.[306]

---

303 الأنفال 12

304 التوبة 29

305 النساء 74

(ئەی موحەممەد) لە پێناوی خوادا شەڕو کوشتار بکە، ئەو ئەرکەت لەسەر شانە. ئیمانداروەکانیش هان بدە با شەڕو کوشتار بکەن، ئەو کاتە نزیك بووەتەوە کە خوا هێز لە بێباوەڕەکان بسەنێتەوە، چونکە خوا لەوان بەهێزترەو بە سەختیش تۆڵەیان لێدەسێنێت.

وَدُّوا لَوْ تَكْفُرُونَ كَمَا كَفَرُوا فَتَكُونُونَ سَوَاءً فَلَا تَتَّخِذُوا مِنْهُمْ أَوْلِيَاءَ حَتَّى يُهَاجِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَخُذُوهُمْ وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ وَجَدْتُمُوهُمْ وَلَا تَتَّخِذُوا مِنْهُمْ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا.[307]

بێباوەڕان ئاواتەخوازن ئێوەش وەك ئەوان بێباوەڕ بن، بەم شێوەیەش ئێوەو ئەوان وەك یەك دەبن، دەئێز پشتیوانییان مەکەن تا کۆچ دەکەن لە پێناوی خوادا، ئەو کاتە ئەگەر پشتیان لە ئێوە کرد، لە هەر شوێنێك بوو، بیانگرنو بیانکوژن، هەرگیز ئەوانە نەکەنە پشتو پەناو یاوەری خۆتان.

فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ قَتَلَهُمْ وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ رَمَى وَلِيُبْلِيَ الْمُؤْمِنِينَ مِنْهُ بَلَاءً حَسَنًا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ.[308]

ئێوە نایانکوژن، بەڵکو خوا دەیانکوژێت، (تۆش ئەی موحەممەد، ئەو کاتەی) مشتێك خۆڵت بە ڕووی کافراندا توردا، تۆ فرێت نەدا بەڵکو ئەوە خوا فرێی دا، تا بە تاقیکردنەوەیەکی چاك باوەڕداران تاقی بکاتەوە، بەراستی خوا بیسەرو زانایە.

وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تُظْلَمُونَ.[309]

هەرچی هێزو تواناتان هەیە کۆی بکەنەوەو بەگەڕی بخەن، هەروەها ئەسپیش ئامادە بکەن، دوژمنی خواو ئێوە بترسێننو توشی دڵەڕاوکێیان بکەن، تا ئەوانەش چاوترسێن بن کە ئێوە نازانن کێیەو نایانناسن، ئەوانە خوا دەیانناسێت، هەر شتێکیش ئێوە ببەخشن لە پێناوی خوادا بە زایە ناچێت، دەستتان دەکەوێتەوەو ستەمتان لێناکرێت.

---

306 النساء 84

307 النساء 89

308 الأنفال 17

309 الأنفال 60



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ إِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ وَإِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ مِائَةٌ يَغْلِبُوا أَلْفًا مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَفْقَهُونَ.[310]

ئەی پەیامبەر، هانی باوەڕداران بدە شەڕو کوشتار بکەن، گەر لە ناوتاندا بیست باوەڕداری خۆڕاگر هەبێت، ئەوە بەسەر دوو سەد کەسی بێباوەڕدا زاڵ دەبن. ئەگەر سەد خۆڕاگرتان تێدا بێت، بەسەر هەزار کەسی بێباوەڕدا زاڵ دەبن. چونکە ئەوان کەسانێکن بیر ناکەنەوەو تێناگەن.

فَإِذَا انْسَلَخَ الْأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدْتُمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُوا لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ فَإِنْ تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ.[311]

ئەگەر مانگە حەرامکراوەکان تەواو بوون (واتە دوای تێپەڕبوونی چوار مانگ کە ئەمانەن (ذو العقدة، ذو الحجة، محرم، رجب) لە هەر شوێنێك هاوەڵدارانتان بینیو دەستتان لێیان گیر بوو، بیانکوژن، دیلیان بکەنو بیانبەن، چواردەوریان بتەنن، بە هەموو شێوەو شێوازێك بۆسەیان بۆ دابنێن، جا ئەگەر هاتوو لە کارەکانیان پەشیمان بوونەوەو نوێژیان کردو زەکاتیان دا (واتە پارەیان دا) ئێوەش وازیان لێبهێنن چونکە خوا دلۆڤانو میهرەبانە.

قَاتِلُوهُمْ يُعَذِّبْهُمُ اللَّهُ بِأَيْدِيكُمْ وَيُخْزِهِمْ وَيَنْصُرْكُمْ عَلَيْهِمْ وَيَشْفِ صُدُورَ قَوْمٍ مُؤْمِنِينَ.[312]

بیانکوژن، خوا بە دەستەکانی ئێوە ئەشکەنجەیان ئەداتو سەرشۆڕیان ئەکات، ئێوەش بەسەریاندا زاڵ ئەکات، سینەو دەروونی باوەڕدارانیش سارێژو ئاسوودە دەکات.

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ جَاهِدِ الْكُفَّارَ وَالْمُنَافِقِينَ وَاغْلُظْ عَلَيْهِمْ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرِ.[313]

ئەی پەیامبەر جیهادی بێباوەڕانو دووڕووەکان بکە، دڵ ڕەقو توند بە لە سەریان، لە ئەنجامیشدا شوێنیان دۆزەخو چارەنووسێکی خراپو نەهامەتییە.

310 الأنفال65
311 التوبة 5
312 التوبة 14
313 التوبة 73



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

فَإِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّى إِذَا أَثْخَنْتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً حَتَّى تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ذَلِكَ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَانْتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَكِنْ لِيَبْلُوَ بَعْضَكُمْ بِبَعْضٍ وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَنْ يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ.[314]

ئەگەر گەیشتن بەو کەسانەی بێباوەڕن، بدەن لە گەردنیان (سەریان بڕن) تا زۆریان لێ دەکوژن، ئەوانی دیکە بە دیل بگرن، دەستو قاچیان ببەستنەوە، ئەوسا یان بە پیاوەتیو منەت، یاخود بە فدیە (پارە بێت یان هەرشتێکی تر) ئازادیان بکەن تا شەڕ تەواو دەبێتو ئاسەواری نامێنێت، ئەگەر خوا بیویستایە بەسەریاندا زاڵ دەبوو، بەڵام خۆی نەیکردو بە ئێوە کردی تا بە یەکتری تاقیتان بکاتەوە، ئەوانەشی لە پێناوی خوادا کوژران پاداشتو هەوڵیان ون نابێت.

فَلَا تَهِنُوا وَتَدْعُوا إِلَى السَّلْمِ وَأَنْتُمُ الْأَعْلَوْنَ وَاللَّهُ مَعَكُمْ وَلَنْ يَتِرَكُمْ أَعْمَالَكُمْ.[315]

(ئەی ئیمانداران) ئێوە سستی مەنوێننو داوای ئاشتی (لەگەڵ بێباوەڕاندا) مەکەن، چونکە هەر ئێوە سەرکەوتوو دەبن، خواش لەگەڵ ئێوەیە، کاروکردەوەشتان کەم ناکاتو بە زایە ناچێت.

سَنُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ بِمَا أَشْرَكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَمَأْوَاهُمُ النَّارُ وَبِئْسَ مَثْوَى الظَّالِمِينَ.[316]

ئێمە ترسو دڵەلەرزە دەخەینە دڵی ئەوانەوە کە باوەڕیان نەهێناوەو بێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکیان پێدرابێت هاوەڵیان بۆ خوا داناوە, شوێنگەی دوارۆژیشیان دۆزەخە, شوێنی ستەمکاران خراپترین جێگە دەبێت.

موحەممەدیش لە قسە بەناوبانگەکانیدا دەڵێت:

وَاعْلَمُوا أَنَّ الْجَنَّةَ تَحْتَ ظِلَالِ السُّيُوفِ.[317]

باش بزانن کە بەهەشت لە ژێر سێبەری شمشێردایە.

---

314 محمد 4

315 محمد 35

316 ال عمران 151

317صحيح البخاري, كتاب الجهاد والسير, باب, الجنة تحت بارقة السيوف. حديث 2663



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
MarwanHalabjaee
www.xwdakan.com

بُعِثْتُ بِجَوَامِعِ الْكَلِمِ  وَنُصِرْتُ بِالرُّعْبِ فَبَيْنَا أَنَا نَائِمٌ أُتِيتُ بِمَفَاتِيحِ خَزَائِنِ الْأَرْضِ فَوُضِعَتْ فِي يَدِي.[318]

من بەهەموو زانیارییەکەوە نێردراوم, بە ترسو تۆقینیش سەرکەوتنم بەدەست هێنا, لە کاتێکدا من خەوتبووم, کلیلی خەزێنەی هەموو زەوییان هێناو خستیانە چنگمەوە.

أمرت أن أقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا إله إلا الله. ويؤمنوا بي وبما جئت به. فإذا فعلوا ذلك عصموا مني دماءهم وأموالهم إلا بحقها. وحسابهم على الله.[319]

فەرمانم پێکراوە لەگەڵ خەڵکیدا شەڕ بکەم تا ئەو کاتەی گەواهی دەدەن کە جگە لە یەك خوا هیچ خوایەکی تر نییە، هەروەها باوەڕ بە خۆمو بە پەیامەکەشم بکەن، گەر وایان کرد سەروماڵیان لە من حەرامە مەگەر لە ڕۆژی حەقدا نەبێت، ئەو کاتەش لێپرسینەوەیان لای خودایە.

ئەوەی مایەی سەرنج بێت, ئەوەیە کە تەواوی شەڕو کوشتارەکان لە پێناوی خواو پەیامبەری خوادا دەکرێن!

يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأَنفَالِ قُلِ الأَنفَالُ لِلّهِ وَالرَّسُولِ.[320]

(ئەی موحەممەد) دەربارەی ئەنفال (تالآنی, چنینەوەی دەستکەوتەکانی جەنگ) پرسیارت لێدەکەن, تۆش پێیان بڵێ: هەموو تالآنییەك بۆ خواو پەیامبەرەکەیەتی.

هەردووکیشیان, خواو پەیامبەرەکەی, لەدەستکەوتەکاندا بەشدارن:

وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ.[321]

باش بزانن ئەو تالآنییانەی چنگتان دەکەوێ پێنج یەکی بۆ خواو پەیامبەرەکەیەتی.

---

318صحيح البخاري, كتاب الجهاد والسير, باب, قول النبي صلى الله عليه وسلم نصرت بالرعب مسيرة. حديث2815

319 صحيح مسلم كتاب الايمان، باب الأمر بقتال الناس حتى يقولوا لا إله إلا الله محمد رسول الله. حديث34

320 الانفال 1

321 الانفال41



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Marwan Halabjaee
www.xwdakan.com

هەبوونی ئایەتگەلێکی لەم چەشنە لە ناو قورئاندا ئەو حەقیقەتەمان لا دەسەلمێنن لە جیاتی ئەوەی وێنەی پەیامبەرێك ببینین، بە پێچەوانەوە سەرکردەیەکی بەرەی جەنگ یاخود پاشایەك دەبینین کە لەیەك کاتدا حەزو ئارەزووی لە سێکسو لە خوێنگەوزانی خەڵکییە. بەم پێیەش مانای سەرەکی بۆ چەمکی ئیسلام وێنەیەکە تایبەت بە ئارەزووەکانی پیاو: دەسەڵات هەر بۆ پیاو، ئابووری هەر بۆ پیاو، سێکسیش هەر بۆ پیاو. گرنگییەکی زۆریش بەم سێکوچکەیە دراوە. تێربوونی حەزو ویستو ئارەزووە سێکسییەکانی پیاو، لەسەر کەرامەتی ژن، هەر لەم بنەمایەوە سەرچاوەی گرتووە. بە هەبوونی ئەم ئایەتانە ناهەقی موحەممەدو خالیدو موجاهیدەکانی ئیسلام ناگرین بەناوی ئایینو یاساکانی ئاسمانەوە، بۆ رەزامەندیی خوای ئیسلامو بەرقەراربوونی دەسەڵات، لە لایەکەوە عەشاماتێك لە خەڵکی بکوژن، لە لایەکی ترەوە ئیغتیصابی ئافرەتان بکەن.

هەموو مرۆڤێك، حەزو ئارەزووی سێکسی هەیەو مافی چەشتنی هەیە، بەڵام ئەو کوشتنو خوێنرێژیو دەستدرێژیە سێکسیانەی پێشەواو موسڵمانانو ئایینزاکانی ئیسلام نواندویانە، موحەممەد, وەك پەیامبەرێك, بەرامبەر بە ژنانێکی وەك رێحانەو صەفییەو جوەیرییە، عومەریش, وەك خەلیفەیەك, بەرامبەر بە عاتیکەی کچی زەید, خالیدیش, وەك صەحابەیەك, بەرامبەر بە لەیلای ژنی مالك، تاکەکانی کۆمەڵگای ئیسلامیش, وەك باوەڕدارێکی موجاهید, بەرامبەر بە کۆیلەو کەنیزەكو ژنە دیلکراوەکان، وەك شەرەکەی ئەوتاس[322] و کارەساتی حەڕڕە، پێی ناگوترێ لادانی سێکسی، یاخود گەیشتن بە چێژی سێکس لە رێگەی چەوتەوە، بەڵکو ئەم دیاردانە کلتورێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی پێش سەرهەڵدانی ئیسلام بوون، دواتر، وەك دیاردەو رەفتارێکی زۆر باشو یاسایەکی هەمیشەیی هاتونەتە ناو ئیسلامەوە. ئەو پلەو بەهایەی کە بە پیاوماقوڵانی ئیسلام دراوە، ئەو هێزو شەهامەتی بۆ سێکسبازانی موسڵمان نیشانکراوە، بیرکردنەوەیەکی رەشۆکیانەمان نیشان دەدەن کە لە نیوەی دوورگەی عەرەبدا پێش ئیسلام هەبوون. لەم کلتووردەدا، هەر پیاوێك توانایەکی باشی سێکسی نەبوبێت پلەو بەهای کۆمەڵایەتیشی نەبووە. سێکس، لەپاڵ ئابووریدا، دەسەڵاتو هێزو شەهامەتو پلەو پایەیەکی گەورەی بە ژیانی کۆمەڵایەتی پیاو بەخشیوە. دەرخستنی تواناکانی سێکس لە ئەقڵی موسڵماناندا فاکتەرێکی سەرەکیە بۆ نیشاندانی بیرکردنەوەیان.

---

322 هەر لەم کتێبە، لەبەشی (سێکس و موتعەدا) باسی ئەم شەڕە کراوە



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

ئەم دەستورو کلتورانەی لەم نوسینانەدا بەرچاومان کەوتوون, ئەو یاساو ڕێساو ڕێبازانەن کە ئیسلامگەراکان دەیانەوێت بەسەر ژیانی مرۆڤایەتیو خەڵکانی ژیرو هوشیاردا بیسەپێنێت. بەسەرهاتەکانی مێژووی ئیسلام لەو چیرۆکە دێرینانە دەچن کە دەیان هەزار ساڵ بەر لە ئێستاو لەناو کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا ڕوویانداوە. گەر بکرێنە فیلمێکی سینەمایی، پڕاوپڕ دەبن لەکەرامەتشکاندنی بەهای مرۆڤایەتی، بە تایبەتی ئافرەتان.

## فەسڵی حەوتهەم

## موتعە یان

## لەشفرۆشی لە ئیسلامدا

تا ئایین لە دەسەڵاتدا بمێنێت توێژی ئافرەتان زۆرترین پریشکی چەوساندنەوەو سەرکوتکردن و قوربانیدانیان بەردەکەوێت.



ئەگەرچی ئارەزووی سێکس دیاردەیەکی سروشتی ئادەمیزادە، بەڵام هۆکارە سروشتییەکان، کەشو هەوای ناوچەکە، دابونەرێتی کۆمەڵگەو کلتووری کۆمەڵایەتی

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

دانیشتوان، فاکتەرو یاریدەدەرێکی کاریگەرن بۆ خەفەکردن یاخود گەشەکردنی هێزی سێکس.

پاڵپشت بەو بەڵگانەی لەبەشەکانی پێشوودا نوسیومانن لە شەریعەتی ئیسلامدا هەموو لەشی ئافرەت کونە، داوێنە، عەیبەیە، مایەی سەرشۆڕی شەرەفە. بۆ شاردنەوەی ئەم سلبیاتانەش، پیاوی موسڵمان هەموو لەشی ئافرەتی حەرام کردو لەخۆڕا حیجابێکی بۆ دووری، جگە لە یەك چاو، هیچ شوێنێکی دەرنەکەوێت. بەم هۆیەوە ئافرەت لە ئیسلامدا بووە مایەی پاراستنی شەرەفو رێزو بەهایەکی گەورە بۆ پیاو. یاساکانی ئیسلام دەروازەی حەزو ئازادییەکانی ئافرەتی قفڵ کردو کلیلەکەی دایە دەست پیاو تا لەهەر کاتو شوێنێکدا ئارەزووی کرد دەست بنێتەسەر حەزو هەوەسو بەرژەوەندییەکانی خۆیو ژنەکانی، کام دەروازەی ویست ئاوەڵای بکات.

گەر خوێنەرێکی شارەزا بە یاساکانی هاوچەرخی مافی مرۆڤ، لەناو دەقەکانی ئیسلامدا بگەڕێت بۆ مافەکانی ئافرەتو بیەوێت ئایەتێك یان دەقێك ببینێت کە ئاماژەی بە مافە بنەڕەتییەکانی بۆ بەرژەوەندی ژنان کردووە، جگە لە چەند دەقێکی تەمومژاوی، شتێکی ئەوتۆ لەم ئایینەدا ناخوێنێتەوە. دەرئەنجامی نەبوونی یاساگەلێك بۆ بەرژەوەندییەکانی ژنان بارودۆخێکی هێناوەتە بەرهەم، لەجیاتی ئەوەی موسڵمانان بەئاشکراو لە رێگەی راستەوە سێکس بکەن، بە پێچەوانەوە بە نهێنیو لە رێی چەوتەوە مومارەسەیان کردووە. لەم هاوکێشەیەشدا ئەو لایەنەی باجی گەورەی هەڵەکانی پیاوی دابێت تەنهاو تەنها ئافرەت بووە. ئەم رەگەزە لە ئیسلامدا زەرەرمەندی سەرەکی سەرەتاو کۆتاییە.

ئیسلام لەسەرەتای سەرهەڵدانیدا هەوڵیدا سێکس خەفە بکات، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم هەوڵەی لەگەڵ ئارەزووەکانی پیاوی ئەو ناوچەیەدا ئاوێتە نەدەبوو، نەك تەنها لەناو خەڵکە ئاساییەکاندا بەڵکو لەناو کەسایەتییە ناودارەکانی ئیسلامیشدا سەرینەگرت. رێسای ژیانی کۆمەڵایەتی نیوە دورگەی عەرەب وابوو کە ئەو نەریتانەی پێش سەرهەڵدانی ئیسلام لە ناوچەکەدا هەبوون، لەئەقڵی خێڵەکیاندا بە خێرایی ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەیەت. خودی موحەممەدیش، لەبەر ئەوەی لەژێر کاریگەری ئەم دەستوورە خێڵەکییەدا بەشدارە، وەك

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

قارەمانێکی ئیسلام تەماشا کراوەو خەلیفەو صەحابەکانیش بوونەتە نموونەیەکی راستەقینەی مێژوو, چ بۆ پەیامبەرەکەیانو چ بۆ خوداکەیان.[323]

تاکە حاڵەتێك کە لۆژیك لەم سەردەمەدا لە ئایینێکی وەك ئیسلامی ویستبێت ئەوەیە کە دیاردەی لەشفرۆشی حەرام کردبێت. ئەمەش وا باوە کە حەرام کرابێت. لەرواڵەتیشدا هەموو ئایینزاکانی ئیسلام پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە لەشفرۆشی بەهەموو مانایەکییەوە لەم ئایینەدا حەرامە. بەڵام جێی سەرسوڕمانو پرسیارگەلێکی زۆر دەبینەوە کاتێك کە زانیمان لەم ئایینەدا لەشفرۆشی حەرام نەبووە، بەڵکو رێورەسمی بۆ دانراوەو لە ناو قورئانیشدا ئایەتی بۆ تەرخان کراوە. تەنها یەك گۆڕانکاری بەسەر ئەو شێوەو جۆرە لەشفرۆشیەدا هاتووە کە لە ناوچەکەدا باو بووە، ئەویش ناوەکەیەتی. پێش سەرهەڵدانی ئیسلام دیاردەکە ناوی لەشفرۆشی (البغاء) بووە، بەڵام لە ئیسلامدا نازناوی شەرعی بۆ دۆزرایەوە کە لە سێ وشەی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە: (متعة المؤقتة، زواج المؤقت، متعة النساء) واتە (رابواردنێکی کاتی، یان زەواجی کاتی، یاخود رابواردنی ژنان).

لەشفرۆشی, بەشێوەیەکی باو لەخانەکانی جیهاندا بەم شێوەیەیە: پیاوێك دەچێتە لای لەشفرۆشێکی ئافرەتو داوای لێدەکات بۆچەند ساتێك سێکسی لەگەڵ بکات تا ئارەزووەکانی دامرکێنێتەوە. ئافرەتە لەشفرۆشەکەش بەبڕێك پارە یان هەر بەهایەکی تر لەگەڵ پیاوەکە دەسازێتو دەچنە شوێنێکی تایبەت بۆ ئەنجامدانی کارەکەیان. پاش ئەوەی ڕابواردنەکە تەواو دەکەن، لەلایەن پیاوەکەوە پارە، یان بەها دیاریکراوەکە دەدرێتە ئافرەتەکەو لەیەکتری جیادەبنەوە. هەر کات سێکس پیاوەکەی خرۆشاندەوە، دەچێتەوە لای هەمان ئافرەتی لەشفرۆش، یان لەشفرۆشێکی دیکە, کەخۆی ئارەزووی دەکات, هەمان کار دووبارە دەکاتەوە. ئافرەتەکەش کەئارەزووی پیاوەکەی بۆچەند ساتێك کوشتو هەقی لەشفرۆشتنەکەی خۆی وەرگرت، چاوەڕێی هەمان پیاو یان پیاوێکی دی دەکاتەوە تا هەمان رێکەوتنو هەمان کردار دووبارە بکاتەوە.

---

323 لەسەر ئەم باسە، سەبارەت بە پەیامبەر، کۆمەڵێك بەڵگە لەبەشی (سێکسو موحەممەد لەنێوان مرۆڤایەتی و پەیامبەرایەتیدا) بخوێنەوە.

لە کۆمەڵگەی ئیسلامیو چینایەتیو دواکەتوودا، بەشێوەیەکی گشتیو لەزۆربەی کاتو شوێنەکاندا، ئافرەتان دەبنە فرۆشیار، پیاوانیش بەهۆی سەرمایەو هێزی بایۆلۆجییانەوە دەبنە کریار. شێوەیە کلاسیکییەکەی کاری لەش فرۆشتن وا باو بووە هەمیشە پیاو پارە بداتو لەسەرەوە بێت، ئافرەتیش وەربگرێو لەژێرەوە بێت.

لەبەر ئەوەی ئەم دیاردەیە پانتاییەکی بەرفراوانی لە بیری ئیسلامییەکاندا داگیر کردووەو جەدەلێکی زۆری لەسەرە، ئێمەش زۆر بە وردیو بە قووڵی لە لایەنە گرنگەکانی دەدوێین.

## جۆرەکانی موتعە لەئیسلامدا

بەشێوەیەکی گشتی (موتعە) واتە بەسەربردنی کاتێکی خۆش. بەڵام لە دەوڵەمەندی زمانی عەرەبیدا ماناگەلێکی زۆری هەیە. دەشێت ئەم وشەیە بۆ هەندێك حاڵەتی دیکە بەکار بهێنرێت. لە قورئاندا بەچەندین شێوەی جیاواز ئەم وشەیە نوسراوە.[324] و مانای جیاواز جیاوازیان هەڵگرتووە. وەك: سیفەتی کاڵاو جوانیو رازاوەیی،[325] زیادبوون،[326] بەسەربردنی کاتێکی کەم لە خۆشییەکانی ژیان،[327] نەفەقە،[328] سەندنو پێدان وەك ئەرکێکی ئایینی،[329] رابواردن،[330] کە ئەمەی دواهەمینیان مانایەکی سێکسیانەی هەیە.

بەڵام ئەم وشانە لەناو دەقەکانی ئیسلامدا لە دوو مانای تایبەتدا بەرچاو دەکەونو دابەشی دوو جۆری سەرەکی بەم باسەمان دەبن. موتعەی حەج، موتعەی ژن.

324 بۆ نموونە (المتعة، متاع، متعنا، متعتم، استمتعتم، متعوهن)

325 (متاع الحياة الدنيا). القصص 60

326 (مَتَاعاً لَكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ) المائدة96

327 (فَأُمَتِّعُهُ قَلِيلاً) البقرة126 هەروەها (وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ)هود48

328 (وَلِلْمُطَلَّقَاتِ مَتَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ) البقرة241

329 (وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ) البقرة236.

330 (فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ) النساء24



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

## جۆری یەكەم : موتعەی حەج

حەجكردن یەكێكە لەنەریتە هەرەكۆنەكانی زۆربەی ئایینەكان. نەك تەنها لە نیوە دورگەی عەرەبدا، بەڵكو زۆربەی كۆمەڵگە ئایینیە كۆنەكان ئەم نەریتەیان جێبەجێ كردووە. شوێنكەوتووانی ئایینەكان ساڵی جارێك لە یەك شوێنی تایبەت بە ئایینەكەی خۆیان كۆ بوونەتەوە. تێیدا پەشیمانییان لە كرداری رابردوویان دەربریوە، دواتر داوای بەزەیی و بەخشیشیان لە خواكەیان كردووە، دواجاریش پەیمانیان تازە كردووەتەوە كە هەتا لە ژیاندا بمێنن ئەركە ئاینییەكانیان بەباشی جێبەجێ بكەن. لە دوو هەزار ساڵی پێش زایینەوە ئەم نەریتە وەك ئایین سەریهەڵداوە.[331] كۆمەڵگەی ناوچەكانی هەرێمی (تبت) لەوڵاتی چین بەم دیاردەیە ئاشنابوون. هیندستانو پاكستانو ئێرانیش لێی بێبەش نەبوون. ئەم دیاردە مێژووكردە لە رێگەی ئاڵوگۆڕی ئابووری نێوان هیندو یەمەنەوە گەیشتۆتە نیوە دورگەی عەرەب. ئەگەرچی هەندێك شوێن لەكیشوەری ئەفریقا پەرستگای زۆری هەبووە، وەك پەرستگا بەناوبانگەكانی میسر، بەڵام وەك ئەوەی لە دونیادا باوە ئاكاری حەجی تێدا نەبووە. نەتەوە ئایینیەكان جۆرەها شێوەی حەجیان زانیوەو پەیڕەویان كردووە. هەر لەحەجكردنەوە بۆ بەردێك، درەختێك، ئاژەڵو ئەشكەوتێك، تادەگاتە لانەو پێگەیەكی گەورە.

لەهندستاندا، سێ هەزار ساڵ پێش زایین، هەزاران پەرستگا كرابوونە كەعبەو هەر ناوچەو هەر كۆمەڵگەیەك بۆ خۆی پەرستگاو كەعبەیەكی تایبەت بەخۆی هەبووە. بەپێی تێپەڕبوونی چەند قۆناغێكی زەمەنی هەموو كەعبەكانی هیندۆسی بەرەو كەمبوونەوەو گردبوونەوە چوون، تا لە ئەنجامدا ئاوی زەریای هیندی بووە شوێنی سەرەكی حەجكردنی حاجییەكانی هیندۆسی. ساڵانە بەملیۆنان هیندۆسی بەناوی حەجەوە دەچنە ناو زەریاكەو خۆیان لەئاوەكەی هەڵدەكێشن.[332]

---

331 بۆ شارەزایی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە لێكۆڵینەوەیەكمان (دەروازوكانی ئایین لەنێوان زەوی و ئاسماندا) بەرگی یەكەم.

332. بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

نیودورگەی عەرەبش، لەپێش سەرهەڵدانی ئیسلامدا (23) بیستو سێ کەعبەی تێدابووە. بەهۆی کۆنیو شەڕوشۆڕو زۆر هۆکاری ترەوە بەشی هەرە زۆریان رووخاونو نەماون. دواهەمین کەعبە ناوی (ذي الخلقة) بوو لە ولاّتی یەمەن، کەبەدەستی (جرير بن عبدالله الجبلي) لەرووداوێکی قەصابخانەییدا رووخێنرا.[333] ئێستا تەنها کەعبەی (شامية) لەشاری مەککەی ولاّتی سعوديیە ماوەتەوەو دوای سەرهەڵدانی ئیسلام کراوەتە رووگەی سەرەکی بۆ حەجکردنی موسڵمانان.

لەناو هەموو پەرستگاکانی جیهاندا هێمایەك هەبووە کە ئایینزاکان لەکاتی پاڕانەوەو کڕنوش بردندا روویان تێکردووە. شێوەی هێماکانیش جۆراوجۆر بوون. زۆرجار بووك یان بەردێك یاخود وێنەیەکی هەڵکۆڵراو بووە. لەناو کەعبەی (شامیە)شدا بەردێکی ڕەش هەبووە. لەراستیدا ئەوە نەزانراوە ئەو بەردە ڕەشە لەکوێوە گەیشتۆتە ئەو شوێنە بیاباناوییە. موسڵمانەکان بەبێ هیچ بەڵگەیەکی زانستی دەڵێن لە بەهەشتەوە هاتووەو پێشمان ناڵێن چۆن. بەلاّم شیکردنەوەی زانستی پێی وایە پارچەیەکە لە نەیزەکو لەزۆر شوێنی دونیادا هەیە. بۆ نموونە لە شاری هەولێری کوردستانی عێراق بەردێکی لەو چەشنە هەیەو وەك ئەوەی مەککە ڕەنگیشی ڕەشە. بۆ سەلماندنی راستییەکانیش موسڵمانان ناهێڵن شوێنەوارناسەکان توێژینەوەی دروستی بۆ بکەن. سەرباری ئەمەش کۆمەڵێك خورافەیان داوەتە پاڵ بەردەکە. مێژوونوسێکی ئیسلامی پاڵپشت بەئەفسانە باس لەو بەردە ڕەشەی ناو کەعبە دەکاو دەڵێ: بەردەکە لەسەرەتادا سپی سپی بووەو بەهۆی تەڕیی ئافرەتەوە بەو شێوەیە ڕەش بووە.[334] ئەم بۆچوونەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەفسانانەی کە پێش ئیسلام باسی لێوە کراوە. لە ئەفسانەیەکدا وا نوسراوە کە تەڕیی ئافرەت وەك لەدایکبوونێکی نوێ پیرۆزە. ئەگەر لە کێوی عەرەفات خوێنی تەڕیی ئافرەت لەگەڵ رۆحی خواو شەهوەتی پیاو تێکەڵ بکرێن دەبنە هۆی دروستبوونی رۆحێکی نوێ لە منداڵدا.[335]

---

333 العقيلي، ص445

334 السيسلي،. ص791

335 السيسلي، ص677



www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

شێوازی دروستکردنی کەعبەو ئاکاری حەجکردنیش لەعێراقو دەوروبەرییەوە بەرەو مەککە چووە. مێژوونوسەکان دەڵێن (عمرو بن لحي الخزاعي) ناوێك گەشتێکی بۆ شام کردووە، لەوێ بینیوێتی کەخەڵك خوایەکی لەبت دروستکراو وەك هێما دەپەرستن، ئەویش لەگەڵ خۆیدا سێ بت بەناوی (أساف)و (نائلة)و (هبل) دەباتەوە بۆ مەککە. هەندێك سەرچاوەش دەڵێن یەك بت بووە بەنێوی هبل.[336]

هەر یەك لەم بتانە لە شوێنێکی تایبەتدا دادەنرێن. (هبل) وەك خوای سەرەکی لەناو کەعبە، (اساف) وەك خوایەکی نێرینە لەبەرزایی صەفا، (نائلە) وەك خواییەکی مێینە لەبەرزایی مەروە. بە تێپەڕبوونی چەندین ساڵ چەندین ئەفسانەی گەورەو دێرینیان بۆ هۆنراوەتەوە. دیارترین ئەفسانەش لە وڵاتی یەمەنەوە سەریهەڵداوە. ئەفسانەکە دەڵێت: اسافو نائیلە دوو کەسی حەقیقی عاشق بەیەك بوون، ئەم دوو عاشقە لەناو کەعبەدا سێکسیان کردووە. لەبەر قوڵیی عەشقی نێوانیان خوا بڕیاری داوە نەمرن. پاش ئەوەی خوا دەیانکات بە بەرد، (اساف)ی لەسەفاو (نائلە)ی لەمەروە داناوە تا هەمیشە لەبەرچاوان بنو حکایەتی خۆشەویستیان بگێڕنەوەو هەرگیز لەیاد نەچن.[337] لە سیرەکەی ئیبن هیشامیشدا نوسراوە کە إساف کوڕی بەغیو نائیلە کچی دیك بووە, لەناو کەعبەدا سێکسیان کردووەو خوا کردوونی بەبەرد[338] بەم هۆیەوە ئەفسانەکە بوو بە موڵکی کەعبەو خودی کەعبەش بوو بە جێ نزرگە. هەرکەسێکیش بچوبایەتە صەفا دەبوو سەردانی مەروەش بکات تا لەنزیکەوە ئاسافو نائلە ببینێتو هەست بەعەشقە قوڵەکەیان بکات. هاتوچۆی نێوان ئەم دوانە پەرەی سەندو بۆ پیرۆزکردنیان ئەم هاتوچۆیە حەوت جار دووبارە کرانەوە.[339]

مێژوونوسەکانی ئیسلام ئاسافو نائلە بەئادەمو حەوا دەشوبهێننو[340] ئەم بیرۆکەیەیان خستە سەر ئەفسانەیەکی دێرینی سەردەمی کۆن. چیرۆکی ئادەمو حەواش بەم شێوەیە

---

336 سيرة ابن هشام, الجزء الأول, صفحة: جلب الأصنام من الشام إلى مكة

337 العقيلي، ص470-481

338 سيرة ابن هشام , الجزء الأول, صفحة: إساف ونائلة وحديث عائشة عنهما

339 العقيلي. ص499

340 السيسلي،. ص687

دەگێڕنەوە: کاتێك ئادەمو حەوا لەئاسمانەوە دابەزێنران، ئادەم لەصەفاو حەوا لەمەروە نیشتونەتەوەو لەکێوی عەرەفات بەیەك دەگەنو جووت دەبن. بە ئەفسانەیەکی تریش حەوتجارەی صەفاو مەروە دەبەنەوە سەر هاجەر، کەنیزەکی ئیبراهیمی پەیامبەر، کە دەکاتە دایکی ئیسماعیلی پەیامبەر.[341] هەندێك لەم چیرۆکەمان لە فەسڵی یەکەمدا باس کردووەو ئەم ڕووداوەمان پێ ڕاستەر.

وشەی عەرەفاتیش لەعەرەفەوە هاتووە، ئەم کۆیەش لەکۆی کۆمەڵەکانەوە هاتووە. تاکە کێوێکە لەناوچەکەدا ناوی کۆی هەبێت. وشەی عەرەفە لەتەوراتدا بەمانای کرداری سێکس، (جووت بوون) دێت. کە شەو تا بەیان کرداری سێکسەکە بەردەوام بێت. لەکاتی حەجکردنیشدا، وەستان لەسەر کێوی عەرەفات، یەکێکە لەرێورەسمەکانو دەبێ جێبەجێ بکرێ. لەپێش ئیسلامدا حاجیەکان کۆمەڵ کۆمەڵ لەسەر ئەم کێوە شەویان بەسەر بردووەو ئافرەتو پیاو بەناویەکدا تێکەڵ بوون. لەپێناو ڕازیبوونی خواو هەندێکی دی بۆ چاکبوونەوە لەنەخۆشیو هەندێکی دیکەش بۆ منداڵبوون سێکسیان کردووە.[342]

لە پێش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامدا حەجکردن بۆ کەعبەو هاتوچۆی صەفاو مەروە هەبووە, یەکێك بووە لەکلتووری پیرۆزە هەرە مەزنەکانیان. ساڵی جارێك، خەڵکانی ناوچە دووروو نزیکەکان ڕوویان لە مەککە ناوە حەجیان کردووە. زۆرجار تەواوی جلەکانیشیان داکەنیوەو ڕوتو قوت، نێرو مێ، پێکەوە بەدەوری کەعبەدا سوڕاونەتەوە. کەئیسلامیش سەریهەڵدا ئەم دیاردە کۆنەی پاراست. بەهۆی ئەو دەستکەوتە ئابورییەی کە ڕێورەسمی حەج بۆ دانیشتوانەکەی پەیدای دەکرد، نەك هەر پاراستی، بەڵکو پەرەی پێداو جوانکاری هەندێك لایەنی ئەم نەریتەشی کرد.

سەرەتا چیرۆکەکانی پەیوەست بە حەج لەگەڵ نەریتی هاتوچۆی صەفاو مەروە کە پەیوەندییان بەئەفسانەو خورافەوە هەبوو، بە هۆی کاریگەری باوەڕی ئایینیەوە بەراست زانراون. بۆ نموونە: هاتوچۆی صەفاو مەروە بەپێی ئەفسانە دێرینەکان، وەك کەمێك لەمەو پێش باسمان کرد، پەیوەندی بە سێکسەوە هەبووە. بەپێی ئەفسانەیەکی قورئانیش پەیوەندی بە

341 وەك لە لەبەشەکانی پێشووتردا باسمان کرد
342 العقيلي ص498



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

سەرگەردانی ئافرەتێکەوە هەبووە کە ناوی هاجەر بووە. ئەم ئافرەتە چەند جارێك بۆ کەمێك ئاوو خواردن هاتوچۆی صەفاو مەروەی کردووە. دواجار ئەم هاتوچۆیە لە ئیسلامدا بوو بە ئەرکێکی ئایینیو دەبێت بڕواداران ئەم نەریتە کۆنە دووبارە بکەنەوە. لێرەدا دەبینین خورافەی صەفاو مەروە بە هۆی عەقیدەوە بوو بە ڕێورەسمێکی شیاو.

لە ئیسلامدا نەك هەر ئەم دیاردەیە بەڵکو زۆر دیاردەی دیکە، کە پەیوەندی بە حەجو کەعبەوە هەبوو، بە کەمێك گۆڕانکارییەوە وەك خۆیان ماونەتەوە. بۆ نموونە: لە پێش سەرهەڵدانی ئیسلامدا حاجییەکان بەم شێوەیە پیاهەڵدانیان بەسەر بتەکانی ناو کەعبەدا هەبووە:

(لبيك اللهم لبيك، لبيك لاشريك لك لبيك، الا شريك هو لك، تملكه وما ملك)[343]

لە ئیسلامیشدا ئاوای لێهاتووە:

لبيك اللهم لبيك لبيك لا شريك لك لبيك إن الحمد والنعمة لك والملك لا شريك لك.[344]

ئەو بەردە ڕەشەش کە لە ناو کەعبەدا پیرۆز کرابوو، حەجکەران ماچیان دەکرد، ئیسلام بە پیرۆزی هێشتییەوە. لەناو کەعبەدا تا ئێستاش ماوەتەوە. تەنانەت خودی موحەممەدیش زۆر جار ماچی کردووە. ڕاستیو پیرۆزی ئەم بەردەش لەلای یەکێکی وەك عومەری کوڕی خەتتاب (خەلیفەی دووهەمی موسڵمانان) بووەتە مایەی پرسیارو گومانی لەوە هەبووە کە لە بەهەشتەوە هاتبێت، بەڵکو بە بەردێکی ئاسایی زانیوە. ڕۆژێك دەچێتە لای بەردە ڕەشەکەو ماچێکی دەکاتو دەڵێت: من دەزانم تۆ بەردیت، نە سوودت هەیەو نە زەرەر، ئەگەر خۆم نەمدیبایە کە موحەممەد ماچی دەکردیت، ئەوە من ماچم نەدەکردیت.[345]

---

343 بڕوانە کتێبی (خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ ئیسلام القراءة النقدية للاسلام) نوسینی د. كامل النجار، وەرگێڕنی مەریوان هەڵەبجەیی، پێداچوونەوەی مەحمود محمد عوسمان. لەم بارەیەوە زۆر بابەتی دیکە هەیە.

344 صحيح البخاري: كتاب الحج، باب التلبية. حديث1474

345 عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّهُ جَاءَ إِلَى الْحَجَرِ الْأَسْوَدِ فَقَبَّلَهُ فَقَالَ إِنِّي أَعْلَمُ أَنَّكَ حَجَرٌ لَا تَضُرُّ وَلَا تَنْفَعُ وَلَوْلَا أَنِّي رَأَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُقَبِّلُكَ مَا قَبَّلْتُكَ. صحيح البخاري، كتاب الحج ، باب ما ذكر في الحجر الأسود. حديث1520



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

ئەو ئایەتە قورئانییەی هاتوچۆی صەفاو مەروەی کردە دروشمێکی شیاو ئەمەیە:

إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَنْ تَطَوَّعَ خَيْراً فَإِنَّ اللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ.[346]

صەفاو مەروە لەدروشمەکانی خوان، ئەوەی حەج دەکات یان عەمرە بەجێدەگەیەنێت ئەوە هیچ گوناهێکی تێدا نییە گەر هاتوچۆیان بکات، ئەوەش عەمرەو تەوافی زیاتر بکات خوا سوپاسگوزارو زانایە.

لە زەمەنێکدا کە هێشتا موحەممەد لە ژیاندا مابوو، کۆمەڵێك لە موسڵمانان لۆژیکانە بیریان لەم مەسەلەیە کردووەتەوەو هاتوچۆی صەفاو مەروەیان بەدیاردەیەکی کۆنو کلتووری سەردەمێکی گێلیو نەفامی زانیوە. لەم بارەیەوە ئیمامی بوخاری رووداوێکی بۆ نوسیوینەتەوە:

أَخْبَرَنَا عَاصِمٌ قَالَ: قُلْتُ لِأَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: أَكُنْتُمْ تَكْرَهُونَ السَّعْيَ بَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ.؟ قَالَ نَعَمْ، لِأَنَّهَا كَانَتْ مِنْ شَعَائِرِ الْجَاهِلِيَّةِ.[347]

عاصم بۆی گێڕاینەوەو وتی بە ئەنەسی کوڕی مالیکم وتووە: ئایا ئێوە رقتان لە هاتوچۆی صەفاو مەروە دەبووەوە؟ (ئەنەسیش لە وەڵامدا وتویەتی): بەڵێ چونکە لەدروشمەکانی سەردەمی نەفامی بوو.

لەگەڵ ئەوەی کە موسڵمانان بە کلتورێکی کۆنو نەفامییان زانیوە بەڵام ئیسلام بە ئایەتی(158) لە سورەتی بەقەرە (مانگا) کردیە کارێکی زۆر باش.

موحەممەد، لە هەنگاوێکی دیکەیدا، حەجو عەمرەی لە هەموو کەسێکی دیکەی حەرام کردو تەنها بۆ موسڵمانانی تاپۆ کرد. لە فەرمانێکیدا ئەم دێڕەی وتووە:

أَلَا لَا يَحُجَّ بَعْدَ الْعَامِ مُشْرِكٌ وَلَا يَطُوفُ بِالْبَيْتِ عُرْيَانٌ.[348]

---

346 البقرة 158

347 صحيح البخاري: كتاب النكاح، باب ما جاء في السعي بين الصفا والمروة. 1565

348 أَلَا لَا يَحُجُّ بَعْدَ الْعَامِ مُشْرِكٌ وَلَا يَطُوفُ بِالْبَيْتِ عُرْيَانٌ. صحيح البخاري: كتاب الحج، باب لا يطوف بالبيت عريان ولا يحج مشرك.1543



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee.com
www.xwdakan.com

لە دوای ئەمساڵەوە نابێت هیچ کەس لە موشریکەکان حەج بکەنو کەسیش بە رووتی تەوافی کەعبە نەکات.

رووتوقووتی ئەو حاجییانەی کە بەدەوری کەعبەدا دەسوڕانەوە، وەك خۆی نەمایەوە، فەرماندرا پارچە قوماشێك بدەن بەسەر لاشەیاندا.[349]

هەروەها ئەو ئایەتەی بەڕاشکاوانە باس لەعەمرەو موتعەی حەج دەکاتو ئەم نەریتە کۆنەی وەك دیاردەیەکی جوانو شایستە بە ئیسلام هێشتەوە، ئەمەیە:

وَأَتِمُّواْ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلّهِ فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ وَلاَ تَحْلِقُواْ رُؤُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضاً أَوْ بِهِ أَذًى مِّن رَّأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ فَإِذَا أَمِنتُمْ فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ذَلِكَ لِمَن لَّمْ يَكُنْ أَهْلُهُ حَاضِرِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ.[350]

حەجو عەمرە بۆ خوا ئەنجام بدەن، جا ئەگەر بۆتان ئەنجام نەدرا ئەوەندەی دەتوانن ئاژەڵ بکەن بە قوربانی، تا قوربانییەکە بەجێی خۆی نەگات قژی سەرتان مەتاشن، هەرکەسێکتان نەخۆش بوو یان ئازارێك لەسەریدا هەبوو، با بەڕۆژوو بێت یان خێرێك یان قوربانیەك ببەخشێت، هەر کاتێکیش ترس نەما، ئەوە قوربانی خۆی  پێشکەش بکاو موتعەی عەمرە بکاتو حەج بکات، ئەوەشی نەیبوو کە قوربانی بدات، با سێ ڕۆژ لەحەج بەڕۆژوو بێت لەگەڵ حەوت ڕۆژیش کەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، ئەوە دەکاتە (دە) ڕۆژی تەواو، قوربانیدان بۆ ئەو کەسانەیە کە خەڵکی مەککەو دەوروبەری نین، دەبێت لەخوا بترسن، خوا سزاو تۆڵەی زۆر سەختە.

---

349 أَنَّ رَجُلًا قَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا يَلْبَسُ الْمُحْرِمُ مِنْ الثِّيَابِ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ  صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ  لَا يَلْبَسُ الْقُمُصَ وَلَا الْعَمَائِمَ وَلَا السَّرَاوِيلَاتِ وَلَا  الْبَرَانِسَ وَلَا الْخِفَافَ إِلَّا أَحَدٌ لَا يَجِدُ نَعْلَيْنِ فَلْيَلْبَسْ خُفَّيْنِ وَلْيَقْطَعْهُمَا أَسْفَلَ مِنْ الْكَعْبَيْنِ وَلَا تَلْبَسُوا مِنْ الثِّيَابِ شَيْئًا مَسَّهُ الزَّعْفَرَانُ أَوْ وَرْسٌ. صحيح البخاري: كتاب الحج، باب ما لا يلبس المحرم من الثياب.1468

350 البقرة 196



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjee www.xwdakan.com

مانەوەو پیرۆزکردنو تەشەنەسەندنی ئەم دیاردە کۆنانە، مانایەکی میتافیزیکی دەداتە کلتورێك کە لێکدانەوەکانی زانستی دەرناچن! حاجییەکانی کەعبە لە پێش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامدا، جگە لە هاتوچۆیەکی بێ مانا بۆ صەفاو مەروە، لەگەڵ ئافرەتانیشدا سێکسیان دەکرد. لۆژیك بۆ ئەو حاڵەتەمان دەبات کە ئیسلام، وەك دەرکەوتەیەکی نوێی ئایینی لەو سەردەمەدا، ئەم نەریتە نەهێڵێت، بەڵام بە پێچەوانەوە وەك خۆی هێشتیەوە!. بەڵگەی یەکەم ئەوەیە، لە هیچ یەکێك لە دەقە ڕەسەنەکانی ئیسلامدا، چ قورئان بێتو چ فەرموودە، موتعەی حەج حەرام نەکراوە. موتعەی حەجیش ئەوەیە کە حاجییەکان, بە ژنو پیاوەوە, بۆ ماوەیەکی کورت خۆیان لەیەکتر مارە دەکردو خۆیان لە سێکس تێر دەکرد, دواتر جیادەبوونەوە. ئێستا هەندێك فەرموودەی تەمووژاوی هەن ئاماژە بۆ بەردەوامی ئەم کردارە دەدەن. ئەو کاتانەی موحەممەد دەگەیشتە شاری مەککە فەرمانی بە صەحابەکان دەکرد تەوافی کەعبە بکەن، هاتوچۆی صەفاو مەروە بکەن، حەرامەکان حەڵاڵ بکەنو سەریان بتاشن یان کورتی بکەنەوە.[351]

(حەڵاڵکردنی حەرامەکان) مانای زۆری هەیەو یەکەمین ئاماژەشی بۆ سێکس دەگەڕێتەوە. تەنها یەك گۆڕانکاری لە سیناریۆکەدا ڕووی داوە، ئەویش زیادکردنی دیاردەی مارەبڕینی ئافرەتەکان بووە.

باشترین بەڵگەش بۆ ئەوەی بیسەلمێنین موتعەی ژنان لە کاتی حەجکردندا حەڵاڵ بووە، سەرگوزشتەیەکە کە ئیمامی گەورەی ئیسلام (جلال الدين السيوطي) بۆمانی گواستۆتەوە:

عن جابر قال: كثرت القالة من الناس، فخرجنا حجاجا حتى إذا لم يكن بيننا وبين أن نحل إلا ليال قلائل أمرنا بالإحلال، فقلنا: أيروح أحدنا إلى عرفة وفرجه يقطر منيا؟ فبلغ ذلك رسول الله صلى الله عليه وسلم فقام خطيبا فقال "أبالله تعلموني أيها الناس، فأنا والله أعلمكم بالله وأتقاكم له.[352]

---

351 لمَّا قَدِمَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَكَّةَ أَمَرَ أَصْحَابَهُ أَنْ يَطُوفُوا بِالْبَيْتِ وَبِالصَّفَا وَالْمَرْوَةِ ثُمَّ يَحِلُّوا وَيَحْلِقُوا أَوْ يُقَصِّرُوا. صحيح البخاري: كتاب الحج، باب تقصير المتمتع بعد العمرة.1644

352 السيوطي، الدر المنثور في التفسير بالمأثور.. لەباسکردنی ئایەتەکەدا، 24 النساء

(لە جابرەوە وتراوە: لەنێو خەڵكیدا لەسەر ئەم مەسەلەیە قسە زۆر بوو. ئێمەش بەنیازی حەج ڕۆشتینو هیچی وای نەمابوو بگەینەوە بە حەڵاڵەكانی خۆمان چەند شەوێك نەبێت، (واتە پاش چەند شەوێكی دیكە دەگەیشتینەوە لای ژنەكانی خۆیان) پەیامبەر فەرمانی پێكردین كە حەرامەكان حەڵاڵ بكەین. ئێمەش وتمان: ئایا ئەمە دەبێت كەسێك لە ئێمە بچێت بۆ عەرەفەو شەهوەتیش لە چووكیەوە بچۆڕێت؟ ئەم قسەیە گەیشتەوە بە پەیامبەر، ئەویش خوتبەیەكی داو وتی: ئێوە فێری كارەكانی خوام دەكەن؟ سوێند بە خوا من لە هەمووتان باشترم بە كارەكانی خواو لە هەمووشتان بە تەقواترم بۆی.)

بەڵگەی دووهەمیش، ئەم گەندەڵییە سێكسییە بەلای عومەری كوڕی خەتتابەوە دیاردەیەكی قێزەون بووە، لەبەر ئەم هۆیەش لە خەلافەتی خۆیدا حەرامی كرد. مێژوونوسان بۆمان دەگێڕنەوە كە لەناو موسڵمانانىدا دوو بەرەی دژ بە یەك هەبوون، هەندێكیان بەباشیان زانیوەو هەندێكیش بە خراپ، دەرئەنجام حەرام كراوە. بۆ بەڵگەش با سەرگوزشتەیەك لەم بارەیەوە بخوێنینەوە:

كَانَ ابْنُ عَبَّاسٍ يَأْمُرُ بِالْمُتْعَةِ وَكَانَ ابْنُ الزُّبَيْرِ يَنْهَى عَنْهَا قَالَ فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِجَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ فَقَالَ عَلَى يَدَيَّ دَارَ الْحَدِيثُ تَمَتَّعْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَلَمَّا قَامَ عُمَرُ قَالَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ يُحِلُّ لِرَسُولِهِ مَا شَاءَ بِمَا شَاءَ وَإِنَّ الْقُرْآنَ قَدْ نَزَلَ مَنَازِلَهُ فَ(أَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ) كَمَا أَمَرَكُمْ اللَّهُ وَأَبِتُّوا نِكَاحَ هَذِهِ النِّسَاءِ فَلَنْ أُوتَى بِرَجُلٍ نَكَحَ امْرَأَةً إِلَى أَجَلٍ إِلَّا رَجَمْتُهُ بِالْحِجَارَةِ.[353]

(ریوایەتخوانەكە دەڵێت) كوڕی عەبباس فەرمانی بە موتعە دەكرد، كوڕی زوبەیریش نەهی لێ دەكرد، منیش ئەمەم بۆ جابری كوڕی عەبدوڵڵا باس كرد، ئەویش وتی: لە لای مندا باسی موتعە كراوەو لەگەڵ پەیامبەریشدا كردومانە، بەڵام كاتێك عومەر (كە بوو بە خەلیفە) هەڵساو وتی: خوا بە ئارەزووی خۆی شتی بۆ خواستەكانی پەیامبەر حەڵاڵ كردووە، قورئانیش گەیشتۆتە شوێنگەی خۆی، ئێوەش حەجو عەمرە بۆ خوا بەجێ بگەیەنن، وەك

353 صحيح المسلم، كتاب النكاح، باب في المتعة بالحج والعمرة.1217

فەرمانتان پێکراوە، بەڵام خۆتان لە مارەکردنی ئەم جۆرە ژنانە بپارێزن، هەر پیاوێکیش بگاتە لای منو ئافرەتێکی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو مارە کردبێت بە بەرد رەجمی دەکەم.

لە سەرگوزشتەیەکی تریشدا لەوە دڵنیا دەبینەوە کە خودی عومەر حەرامی کرد نەك قورئانو موحەممەد:

عمر رضي الله عنه خطب الناس فقال: إن رسول الله (صلى الله عليه وآله) هذا الرسول، وإن هذا القرآن هذا القرآن، وإنهما كانتا متعتان على عهد رسول الله (صلى الله عليه وآله)، وأنا أنهى عنهما، وأعاقب عليهما: إحداهما: متعة النساء، ولا أقدر على رجل تزوج امرأة إلى أجل إلا غيبته بالحجارة، والأخرى متعة الحج.[354]

عومەری کوڕی خەتتاب خوتبەی بۆ خەڵکە داو وتی: پەیامبەر، ئەوە پەیامبەر. قورئانیش، ئەوە قورئان. دوو جۆر موتعە لە سەردەمی پەیامبەردا هەبوون، من لێرەدا کۆتایی پێ دەهێنمو سزای لەسەر دەدەم. یەکێکیان موتعەی ژنانە، بەرگەی ئەوە ناگرم پیاوێك، ژنێکی بۆ ماوەیەك مارە بڕی بێتو من لەناو بەرددا نەیشارمەوە. ئەوی تریشیان (موتعەی حەج)ـە.

حەرامکردنی موتعەی حەج لەلایەن عومەرەوە جێی رەزامەندی هەندێك لە زانایانو شارەزایانی ئیسلام نەبووە. ئەوان دەیانویست ئەم دیاردەیە بمێنێو پیاو روو لە هەر کوێ بکات بتوانێت سێکس بکات. هەر بۆیە جێبەجێکردنی فەرمانی عومەریان پشتگوێ خستووەو وتویانە: ئایەتی موتعەی حەج دابەزیوەو لە قورئاندا هەیە، پەیامبەریش فەرمانی پێ کردووەو دوایش هیچ ئایەتێك دانەبەزیوە ئایەتی موتعەی حەج نەسخ بکاتەوە، پەیامبەریش هەتا مرد نەهی لێ نەکردووە، ئەو پیاوە (عومەر) بە بۆچوونی خۆی ئەو شتانە دەڵێت.[355]

بەم پێیە دەرکەوت بەشی زۆری ئەو نەریتو باوەڕە خورافییانەی پێش سەردەمی ئیسلام هەبوون جارێکی دیکە لە ئیسلامدا مانەوەو بوونە رێوڕەسمێکی شایستە بۆ ئوممەتی ئیسلام.

354 مسند احمد بن حنبل، المجلد الأول, مسند عمر بن خطاب, ج1ص52

355 (نَزَلَتْ آيَةُ الْمُتْعَةِ فِي كِتَابِ اللَّهِ (يَعْنِي مُتْعَةَ الْحَجِّ) ثُمَّ لَمْ يَنْزِلْ قرآن يحرمه وَلَمْ يَنْهَ عَنْهَا حَتَّى مَاتَ, قَالَ رَجُلٌ بِرَأْيِهِ بَعْدُ مَا شَاءَ.) كتاب التفسير, باب: {فمن تمتع بالعمرة إلى الحج} /البقرة:196/حديث4246



www.xwdakan.com net org

لە ڕوانگەی ئێمەوە یەکێك لەو کارە جوانانەی خەلیفە عومەر لە خەلافەتی خۆیدا کردبێتی، حەرامکردنی ئەم گەندەڵییە سێکسییە بووە. ئەم دیاردەیە جگە لە کەرامەتشکاندنی ئافرەتان، جگە لە پەرەدان بە نەریتێکی کۆنو جۆرو شێوازەکانی خاڵیکردنەوەی هەوەسی سێکسی پیاو، هیچ شتێکی دیکەی بەرهەم نەهێناوە.

## جۆری دووهەم : موتعەی ژن

لە دیدی ئیسلامدا، کێشەیەك کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە خواستو ئارەزووەکانی پیاوی ڕەشۆکیو ئینسانەوە هەبێت، دەبێ چارەسەرێکی وەهای بۆ بدۆزرێتەوە کە لە بەرژەوەندی پیاودا بگونجێت. نیوە دورگەی عەرەب لە پێش سەرهەڵدانی ئیسلامدا، وەك هەموو ناوچەکانی دونیا، دیاردەی لەشفرۆشی تێدا بووە. لەشفرۆشی کلتورێکی کۆنی ناوچەکە بووەو پیاوانی ئەو ناوچەیە بە کردەکەی ڕاهاتبوون. لەبەر ئەم هۆیەو لە پێناوی دڵڕاگرتنی پیاودا دیاردەی لەشفرۆشی ژنانی گواستەوە بۆ ناو شەریعەتەکانی خۆی. چەند ڕێوڕەسمێکی بچوکی بۆ زیادکردو بەئایەت حەڵاڵی کرد. کە لە قورئاندا پێی دەگوترێت زەواجی موتعە.

چەند وشەیەك لە قورئاندا دەمانبەنە نێو قوڵایی چەمکی زەواجی موتعەوە:

(فَمَا اسْتَمْتَعْتُم بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ)

(لەپاش ئەو لەزەتو خۆشییەی ئێوە لە ژنان دەیبینن، کرێکەیان بدەنێ)

ئەم چەند وشەیە کەباس لەموتعەی ژن دەکات، دەروازەیەکی سەرەکی ئێمەیە بۆ تێگەیشتنمان لە دیاردەی لەشفرۆشی لە ئیسلامدا. بۆیە پێویستە، هەر چەمکێك پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەم وشانەوە هەبێت، بەقوڵیو وردی باسی بکەینو لایەنەکانی شیی بکەینەوە.

## دەقی ئایەتەکە

وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاء إِلاَّ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ كِتَابَ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَاء ذَلِكُمْ أَن تَبْتَغُواْ بِأَمْوَالِكُم مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ فَمَا اسْتَمْتَعْتُم بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً وَلاَ

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُم بِهِ مِن بَعْدِ الْفَرِيضَةِ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا.[356]

مانای سەرەکی ئایەتەکە:

ژنی مێرددارتان پێ حەرامە، مەگەر ئەوانەی کە بوونەتە مولْکتان. فەرمانی خواتان لەسەرە جگە لەوانی تر کە بۆتان حەلاڵ کراوە، بە پارەکانتان ژن بهێنن، بە داوێنپاکی نەك بە داوێنپیسی. لەپاش ئەو لەزەتو خۆشییەی لێیان دەبینن پێویستو ئەرکە لەسەرتان ئەو کرێیەیان بدەنێ کە بڕیاری لەسەر دراوە. لە دوای جێبەجێکردنی ئەرکەکە لەناو خۆتاندا پێکهاتنەوە هیچ گوناحێکتان لەسەر نییە. خواش زاناو دانایە.[357]

356 النساء 24

357 لە تەرجەمەکەی مامۆستا هەژاردا بەم شێوەیە نوسراوە: (ژنی بە شووتان پێ ناشێ، مەگین ئەوانەی بوونەتە ماڵی خۆتان. لە خوداوە ئەم بڕیارەو بۆ نوسراوە. جیا لەمە رێ دراوە بە دراوی خۆتان ژن بێنن، بەڵام بە پاکی بێت نە بە داوێنپیسی. لەبەرامبەر ئەو لەزەتەی لەژنەکانی دەبینن ئەو ماڵەی بدەنێ کە خودا بۆیانی بڕیار داوە، کرێی خۆیانە لەسەرتان ئێوەیە بیدەن. لەناو خۆتاندا پێکهاتن هیچ گوناهێکو ناگاتێ‌و خودا زانای لەکارزانە). هەروەها لە تەرجەمەکەی تەفسیری ئاسانیشدا بەم شێوەیە نوسراوە (،هەروەها حەرامە، لێتان ئەو ئافرەتانەی کە مێردیان هەیە جگە لە کەنیزەکەکانتان (لەو زەمانەدا باو بووە، جا ئەم سنوورانە) خوا بڕیاریداوە لە سەرتان، جگە لەوانەی کە باس کران حەڵاڵە بۆتان بەهۆی ماڵو دارایینانەوە هاوسەر بگرن (تا چوار ئافرەت) تا داوێنپاك بن‌و لە سنووری ڕەوشتی بەرز دەرنەچن، جا لەگەڵ هەر ئافرەتێکدا هاوسەریتان گرت ئەوە فەرزە کە مارەییەکەیان بدەنێ‌و هیچ گوناهیش نییە لە سەرتان لە کەمکردنەوەی ئەو مارەییەی لەسەری ڕێککەوتبوون لە دوای دیاریکردنی، بەراستی خوا هەمیشەو بەردەوام زاناو دانایە.) بەبۆچوونی من لەتەرجەمەکەی تەفسیری ئاساندا درێژدادڕی‌و زیادەڕەویی تێدایەو تەرجەمەکەی مامۆستا هەژار زۆر باشترو ڕوونتر، دەقاودەق پێکاوێتی. منیش سوودم لەوەی مامۆستا هەژار وەرگرتووە.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

## خوێندنەوەی ئایەتەکە

شێوەی نوسینی ئەم ئایەتە لەم قورئانەی ئێستا وەرگیراوە. ئەم قورئانەش بریتییە لە مەصحەفەکەی خەلیفەی سێیەمی خەلافەتی ڕاشدین (عوسمانی کوڕی عەففان) کە لە جیهاندا بە مەصحەفەکەی عوسمان ناسراوە. ئەم ناوبراوە، لەسەردەمی خەلافەتی خۆیدا، بۆ دواجار قورئانی کۆکردۆتەوەو هەموو قورئانەکانی دیکەی قەدەغەکردنو زۆربەشیانی سوتاند.

مێژوونوسان دەڵێن لە مەصحەفەکانی دیکەدا ئەم ئایەتە بە جۆرێکی دیکە نوسراوەتەوەو خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. بۆ نموونە لە کتێبەکەی ئیمامی سیوطیدا نوسراوە: وشەی (وَأُحِلَّ) لە مەصحەفەکانی تردا بەم شێوەیە خوێندراوەتەوە (وَاَحَلَّ) واتە بە فەتحەی سەر پیتەکانی (أ–ح).[358]

لەئایەتەکەدا سێ وشەی تری تێدایە کە ئێستا لێی دەرهاتوون. ئەو سیانەش بریتین لە (إِلَى أَجَل مُسَمًّى). زۆرێك لە موسڵمانان لەکاتی خوێندنەوەی ئایەتەکەدا ئەو سێ وشەیەشیان خوێندووەتەوەو بە بەشێکی ئایەتەکەیان داناوە.[359] بەڵام لەکاتی کۆکردنەوەی قورئاندا ئەم سێ وشەیە لە ئایەتەکە پەڕیوەو ئێستا موسڵمانان بەبێ ئەم سێ وشەیە ئایەتەکە دەخوێننەوە.

---

358 وأخرج عن عاصم. أنه قرأ {وأحل لكم} بالنصب. السيوطي: الدر المنثور في التفسير بالمأثور. ج2 لەباسکردنی ئایەتی 24النساء

359 عَنْ أَبِي نَضْرَة ، قَالَ : سَأَلْت اِبْن عَبَّاس عَنْ مُتْعَة النِّسَاء ، قَالَ : أَمَا تَقْرَأ سُورَة النِّسَاء ؟ قَالَ : قُلْت بَلَى . قَالَ : فَمَا تَقْرَأ فِيهَا : " فَمَا اِسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ إِلَى أَجَل مُسَمًّى " ؟ قُلْت : لَا ، لَوْ قَرَأْتهَا هَكَذَا مَا سَأَلْتُك ! قَالَ : فَإِنَّهَا كَذَا. قَالَ: سَأَلْت اِبْن عَبَّاس عَنْ مُتْعَة النِّسَاء ، قَالَ: أَمَا تَقْرَأ سُورَة النِّسَاء ؟ قَالَ: قُلْت بَلَى . قَالَ: فَمَا تَقْرَأ فِيهَا: فَمَا اِسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ إِلَى أَجَل مُسَمًّى؟ قُلْت: لَا ، لَوْ قَرَأْتهَا هَكَذَا مَا سَأَلْتُك ! قَالَ: فَإِنَّهَا كَذَا... پرسیارم لەعبداللە بن عباس کرد دەربارەی موتعە ئەویش وتی: باشە تۆ سورەتی نیسا و ناخوێنیتەوە؟؟ وتم:..با. وتی ئەی ئەوەت نەخوێندووەتەوە کەدەڵێت (ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لەگەڵ ژنەکاندا



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

ابن كثير لە تەفسیرەکەی خۆیدا نوسیویێتی کە عەبدوڵای کوڕی عەبباس‌و ئوبەی کوڕی کەعب‌و سەعیدی کوڕی جوبەیر لەکاتی خوێندنەوەی ئایەتەکەدا ئەو سێ وشەیەیان خوێندووەتەوە.[360] ئەم سیانەش چەند دانەیەکن لە ناوسراوترین‌و شارەزاترین کەسایەتی مێژووی ئیسلام. بەتایبەتی عەبدوڵای کوڕی عەبباس‌و ئوبەی کوڕی کەعب لە قورئانەکەی خۆیاندا ئەم سێ وشەیەیان نوسیبوو. ئیمامی قورتوبیش لە راڤەکەی خۆیدا، پاڵپشت بە صەحابەکان ئاماژەی بەم راستییە داوە.[361] ئیمامی تەبەریش هەمان بۆچوونی نوسیوە.[362] ئیمامی سیوطیش بە شەش ریوایەتی جیاواز باسی ئەم راستییەی کردووە.[363] مێژوونوسێکی وەك (حاکم)یش بە هەمان شێوە.[364] کەواتە سێ وشە لەم ئایەتە پەڕیوەو ئێستا لە قورئاندا نەماوە. ئەگەر عوسمانی کوڕی عەفان لەکاتی کۆکردنەوەی قورئاندا ئەو سێ وشەیەیەی لا نەبردایە ئایەتەکە بەم شێوەیە دەخوێنرایەوە:

وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاء إِلاَّ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ كِتَابَ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَاء ذَلِكُمْ أَن تَبْتَغُواْ بِأَمْوَالِكُم مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ فَمَا اسْتَمْتَعْتُم بِهِ مِنْهُنَّ إِلَى أَجَل مُسَمًّى فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُم بِهِ مِن بَعْدِ الْفَرِيضَةِ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا.

---

راتانبوارد)؟؟ وتم: نەخێر، ئەگەر ئاوا بمخوێندایەتەوە پرسیارم لەتۆ نەدەکرد. وتی: دە بزانە ئەوە ئاوایە. بڕوانە تفسير الطبري، 24 النساء.

360 وَكَانَ اِبْن عَبَّاس وَأُبَيّ بْن كَعْب وَسَعِيد بْن جُبَيْر وَالسُّدِّيّ يَقْرَءُونَ " فَمَا اِسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ إِلَى أَجَل مُسَمًّى فَآتُوهُنَّ أُجُورهنَّ فَرِيضَة تفسير ابن كثير في تفسير الاية 24 النساء.

361 وَقَرَأَ اِبْن عَبَّاس وَأُبَيّ وَابْن جُبَيْر " فَمَا اِسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ. تفسير القرطبي في تفسير الاية 24 النساء

362 عَنْ السُّدِّيّ : " فَمَا اِسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ إِلَى أَجَل مُسَمًّى فَآتُوهُنَّ أُجُورهنَّ فَرِيضَة. تفسير الطبري في تفسير الاية 24 النساء.

363 وكانوا يقرأون هذه الآية (فَمَا اِسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ إِلَى أَجَل مُسَمًّى) السيوطي: الدر المنثور في التفسير بالمأثور.ج2 لەباسکردنی ئایەتی 24النساء.

364 قال بن عباس فَمَا اِسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ إِلَى أَجَل مُسَمًّى: المستدرك على الصحيحين. الحاكم النيسابوري. حديث3192



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org
سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

ماناكەشی بەم جۆرەی لێدێت:

ژنی مێرددارتان پێ حەرامە، مەگەر ئەوانەی كە بوونەتە موڵكتان. فەرمانی خواتان لەسەرە جگە لەوانی تر بۆتان حەڵاڵ كراوە بە پارەكانتان ژن بهێنن، بە داوێنپاكی نەك بە داوێنپیسی. لەپاش ئەو لەزەتو خۆشییەی لێیان دەبینن تا كاتێكی دیاریكراو پێویستو ئەركە لەسەرتان ئەو كرێیەیان بدەنێ كە بڕیاری لەسەر دراوە. لە دوای جێبەجێكردنی ئەركەكە لەناو خۆتاندا پێكهاتنەوە هیچ گوناحێكتان لەسەر نییە. خواش زاناو دانایە.

## ڕاڤەی ئایەتەكە

(وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاء).

ئەو ژنانەی كە شوویان كردووەو مێردیان هەیەو داوێنی خۆیان لە كاری حەرام پاراستووە بۆتان حەڵاڵ نییە بیانهێنن، بەڵكو حەرامە.

ئیمامی قورتوبی لە تەفسیرەكەی خۆیدا نوسیوێتی: ئافرەتی موحصەن واتە ئافرەتێكی مێرددار, ئافرەتێكی ئازادو سەربەست.[365] لە ڕاڤەكەی تەبەریشدا نوسراوە: ئەو ژنەی زێی خۆی لە كاری حەرام پاراستبێت موحصەنە.[366] هەروەها نوسیوێتی ئەم جۆرە ژنانە بەكەسانی دیكە حەرامن.[367] كەواتە ژنێكی مێرددار، ئازادو سەربەست، خاوەن مێردێكی موسڵمان، داوێنپاكو دوور لە زینا. جا لەبەر ئەوەی ئەم ژنانە مێردیان هەیە بە هەموو كەسێكی دیكە حەرامن.

(إِلاَّ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ).

جگە لەو ژنانەی كە بوونەتە موڵكتان. (كەنیزەك، كۆیلەی مێ، جاریە) كە لە شەڕگەكاندا دەستتان كەوتوون، ئەمانە بۆتان حەڵاڵن. مێردیان هەبووبێت یان نا، دەتوانن بیانكەن بە ژنی خۆتان.

---

365 اِمرَأة مُحصَنَة أيْ مُتَزَوِّجَة ، وَمُحْصَنَة أيْ حُرَّة. تفسير القرطبي، في تفسير الاية.

366 قَدْ أَحْصَنَتْ فَرْجهَا فَهِيَ مُحْصَنَة. تفسير الطبري تفسير 24 النساء

367 (حَرَّمَتْ عَلَيْكُمْ الْمُحْصَنَات مِنْ النِّسَاء) (كُلّ اِمْرَأَة لَهَا زَوْج فَهِيَ عَلَيْك حَرَام) (اِمْرَأَة مُحْصَنَة لَهَا زَوْج فَهِيَ مُحَرَّمَة) تفسير الطبري، في تفسير الاية.

لە راڤەکەی ئیمامی تەبەریدا نوسراوە:

(إذَا سُبِيَتْ الْمَرْأَة وَلَهَا زَوْج فِي قَوْمهَا، فَلَا بَأْس أَنْ تطَأهَا

ئەگەر ئافرەتێك دەستگیر کراو لە هۆزەکەیدا مێردی هەبوو هیچ گوناهێکی تێدا نییە لێی خورێت.[368] (لێخورین، لەم دەقەدا بەو مانایە هاتووە کە: چۆن پیاو سواری ئاژەڵێك دەبێت و لەکاتی رۆشتندا (کەمەر)ی تەکان تەکان بۆ پێشەوە لێدەدات، ئاواش بە نیازی جووتبوون بچێتە سەر ژنەکەو تەکان بدات.)

(كِتَابَ اللّهِ عَلَيْكُمْ)

یاساو رێسای خواتان لەسەرە کە لەم قورئانەدا بۆتان روون کراوەتەوەو پێویستە جێبەجێی بکەن.

(وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَاء ذَلِكُمْ)

جگە لەوەی لەوەوپێش بۆتان دیاریکراوە, ژنانی ترتان بۆ حەڵاڵ کراوەو دەتوانن هەموو جۆرە ژنێکی دیکە بهێنن.

لێرەدا پێویستمان بە کەمێك روونکردنەوە هەیە. لەئایەتی پێشووتری هەمان سورەت، ی23 ژنان، کۆمەڵێك ژن بۆ پیاو دیاریکراوە کە بۆیان حەرامەو نابێت هاوسەرگیریان لەگەڵ ئەنجام بدرێت، لەوانە: دایك، کچ، خوشك، پوور واتە خوشکی باوکو دایك، برازا، خوشکەزا، دایەنی شیردەر، خوشکی شیری، خەسوو، زڕکچ، بووك، دوو خوشکیش پێکەوە. ئایەتەکەش مەبەستی لەوەیە کە جگە لەم جۆرە ژنانە ژنانی ترتان بۆ حەڵاڵ کراوەو دەتوانن هەموو جۆرە ژنێکی دیکە بهێنن.

(أَن تَبْتَغُواْ بِأَمْوَالِكُم مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ).

---

368 (إِذَا سُبِيَتْ الْمَرْأَة وَلَهَا زَوْج فِي قَوْمهَا ، فَلَا بَأْس أَنْ تَطَأَهَا) (أَمَة مَلَكْتهَا وَلَهَا زَوْج بِأَرْضِ الْحَرْب ، فَهِيَ لَك حَلَال) (وَمِلْك الْيَمِين: السَّبَايَا اللَّوَاتِي فَرَّق بَيْنهنَّ وَبَيْن أَزْوَاجهنَّ السِّبَاء ، فَحَلَلْنَ لِمَنْ صِرْنَ لَهُ بِمِلْكِ الْيَمِين مِنْ غَيْر طَلَاق). تفسير الطبري، في الاية24 النساء. (مَا مَلَكَتْ الْيَمِين بِالسَّبْيِ مِنْ أَرْض الْحَرْب ، فَإِنَّ تِلْك حَلَال لِلَّذِي تَقَع فِي سَهْمه وَإِنْ كَانَ لَهَا زَوْج .) (مَا مَلَكَتْ أَيْمَانكُمْ". أَيْ فَهُنَّ لَكُمْ حَلَال). تفسير القرطبي، في تفسير الاية24 النساء.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

ئەو پارەیەی کە هەتانە لەگەڵ داوێنپاکەکاندا نەك داوێنپیسەکان خەرجی بکەن.

(فَمَا اسْتَمْتَعْتُم بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ).

لەدوای ئەوەی ڕابواردنو لەزەتو خۆشیتان لەژنەکان وەرگرت، کرێکەیان بدەنێ.

(فَرِيضَةً).

ئەمەش ئەرکەو پێویستە.

(وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُم بِهِ مِن بَعْدِ الْفَرِيضَةِ).

هیچ خەتایەك، گوناهێك، ڕێگرییەك نییە ئەگەر لەنێوان خۆتاندا جارێکی دی ڕێکبکەونەوەو ڕێکەوتنەکە تازە بکەنەوە.

(إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا).

خواش زانایە بە هەموو شتێكو دانایە لە دانانی هەموو یاسایەکدا.

کۆی گشتی تەفسیری ئایەتەکە بەم شێوەیەی لیدێت:

ئەو ژنانەی مێرددارو سەربەستو خاوەن مێردێکی موسڵمانن، داوێنپاكو دوور لە زینان، لەبەر ئەوەی مێردیان هەیە بە هەموو کەسێکی دیکە حەرامە. جگە لەو کەنیزەکانە (کۆیلەی مێ، جاریە)ی کە لە شەڕگەکاندا دەستتان کەوتوون ئەمانە حەڵاڵن، مێردیان هەبوبێت یاننا، دەتوانن بیانکەن بە ژنی خۆتان. هیچ گوناهێکی تێدا نییە جووتیان ببن. یاساو ڕێسای خواتان لەسەرە کە لەم قورئانەدا بۆتان روون کراوەتەوەو پێویستە جێبەجێی بکەن. جگە لەوانەی لەوەوپێش بۆتان دیاریکراوە کە پێتان حەرامن ژنانی ترتان بۆ حەڵاڵ کراوەو دەتوانن هەموو جۆرە ژنێکی دیکە بهێنن. بەهۆی ئەو پارەیەی کە هەتانە خەرجی بکەن، بە داوێنپاکی نەك بە داوێنپیسی ژن بهێنن. لەدوای ئەوەی ڕابواردنو لەزەتو خۆشیتان لەژنەکان وەرگرت، کرێکەیان بدەنێ. ئەمەش ئەرکەو پێویستە. هیچ گوناهێك، ڕێگرییەك نییە ئەگەر لەنێوان خۆتاندا جارێکی دی ڕێکبکەونەوەو ڕێکەوتنەکە تازە بکەنەوە. لە دوای ئەوە ڕێکبکەونەوە. خواش زانایە بە هەموو شتێكو دانایە لە دانانی هەموو یاسایەکانیدا.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

## مانایەك بۆ

## (مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ)

(مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ) واتە: ئەو دەستکەوتە بەشەرییانەی بوونەتە موڵکتان.

پێش سەرهەڵدانی ئیسلام شەڕوشۆڕ لە نێوان خێڵەکانی عەرەبدا بەبەردەوامی هەبووە. هەر خێڵێك بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵ بوایە سەرو ماڵو سامانی خێڵە دۆڕاوەکە دەکەوتە ژێردەست براوەکە. بەپێی کلتورو نەریتی سەردەمی کۆن، پیاوانی خێڵەکە دەستکەوتەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردووە. لە نێو ئەو دەستکەوتانەدا، وەك پارەو ئاڵتوونو ئەسپو حوشترو هەر موڵكو سامانێکی دیکە، پیاوو ئافرەت، گەورەو منداڵ دەبوونە موڵکیانو لەناو خۆیاندا دابەشیان دەکردن. دواتر دەبوونە ژێردەستەو کۆیلەو کەنیزەك. کریکاریو جوتیاریو شوانیو خزمەتکارییان پێدەکردن. مامەڵەی تریشیان لەگەڵ دەکردن، چ بە فرۆشتن بێت یان گۆڕینەوەیان بە شتی دیکە. لەو کارە نامرۆڤانەیەی کە بەرامبەر بە دیلەکان دەکرا، بە تایبەتی ئافرەت، لاقە کردنیان بوو (الاغتصاب).

هەمان ئەم کلتوورو نەریتە کۆنانە لە ئیسلامیشدا دووبارە بوونەوە. بەتایبەت دوو کلتووری بنەڕەتی. یەکەمیان مەسەلەی ئەو دیلانەیە کە لە شەڕەکاندا بەردەست موجاهیدەکانی ئیسلام دەکەوتن، بەپێی یاسای ئیسلام دەبێت دیلەپیاوەکان بکوژرێن:

{مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَكُونَ لَهُ أَسْرَى}. [369]

بۆ هیچ پەیامبەرێك نەبووە دیلی هەبێت.

بە حوکمی ئەم ئایەتە پەیامبەری ئیسلام ئەو پیاوە دیلکراوانەی دەکوشت کە لەشەڕەکاندا دستگیری دەکردن. بۆ نموونە بەفەرمانی خودی موحەممەد، هەموو پیاوە دیلەکانی شەڕی بەنی قورەیزەیان سەربڕی، کە ژمارەیان لە نێوان 600 تا 900 کەس مەزەندە کراوە. [370]

---

369 سورة الأنفال 67

370 لەبەشەکانی پێشوودا باسمان کردووە. بڕوانە چیرۆکی زەواجی پەیامبەرو ڕێحانە.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

دووهەمیش مەسەلەی کۆیلایەتییە، کە لە ئیسلامدا حەرام نەکراوەو هەبوونو کڕینو فرۆشتنی کۆیلە بەرێگە پێدراوی ماوەتەوە.[371]

371 ئاشکرایە دیاردەی کۆیلایەتی لەسەر سێ بنەما سەرچاوەی گرتووە، یەکەم: ئەو دیلانەی لەجەنگەکاندا چنگ دەکەوتن. دووهەم: ئەوانەی دەکڕردران. سێهەم: ئەو منداڵانەی کە لە بەرهەمی خێزانە کۆیلەکان لەدایکدەبوون. ڕیشەی هەر سێ بنەماکەش بۆ دوو سەرچاوە دەگەڕێتەوە، کە ئەویش ئابووریو جەنگە. لەبەرامبەر جەنگدا، یان تێکچوونی باری ئابووری، کۆیلە بەرهەمهاتووە. نیوە دوورگەی عەرەب لە پێش ئیسلامدا کۆیلەو کۆیلەداری هەبووە. لە ئایینی ئیسلامیشدا، بێ گۆڕانکاری، درێژە بەم کلتورە دراوە. ئەوەی مێژووی نیوە دوورگەی عەرەبی خوێندبێتەوە، ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە شەڕو کوشتارو دەستکەوتو کۆیلایەتی هۆکاری گرنگ بوون بۆ بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام. ئیسلام پێی وایە ئەو جەنگانەی کردوونیو ئەو کۆیلانەی لەشەڕگەکاندا چنگی کەوتوون حەڵاڵن، چونکە جیهادی موسڵمانانی ئیسلامە دژ بە هەموو ئەو کەسانەی باوەڕ بەم ئایینە ناهێنن. لەئەنجامی جەنگێکی ئیلاهییانەی وەهاشدا ئازادییەکانی مرۆڤایەتی سەرکوت دەکرێنو دەبنە کۆیلە. دەشفرۆشرێنو بەرگی کۆیلایەتیش دەکەنە بەری وەچەکانیشیان. ئەوەی شایەنی باسە ئایەتێك یاخود فەرموودەیەکی صەحیح، یا هەر دەقێکی ڕوونی باوەڕپێکراو، لە ئیسلامدا نییە کۆیلەو کۆیلەداری حەرام کردبێت. مەگەر لەبەرامبەر سزایەکدا جاروبار، تاكو تەرا لێیان ئازاد کرابێت. لەشارستانییەتەکانی میسر، کلدانی، بابل، سۆمەر، ئاشوور، فینیقی، هندستان، تبتو یۆنان، منداڵە کۆیلەکانیان بەئازاد دادەنا، بەو مەرجەی دایكو باوك پەروەردەیان بکەنو خەرجیی ئابووریان بخەنە سەر شانی خۆیان. لە زۆربەیاندا، منداڵو مۆسیقا، بەپیرۆز دانراوە. لەم ڕۆژگارەشداو لەمەراسیمەکانی ئایینی زەردەشتی، بووزی، هیندۆسی، داوی، شنتۆیی. جینی، مانیو مەسیحیدا، بەئاهەنگی مۆسیقا منداڵە تازەلەدایکبووەکان ناودەنێنو مۆسیقا بە بەشێکی جیانەکراوەی منداڵو ئایینەکانیان دەزانن. بەڵام لەئایینی ئیسلامدا مۆسیقا نەك تەنها ڕەهەندێکی ئایینیو مەزهەبی نییە بەڵکو، بەدرێژایی مێژووی خۆی، دوژمنایەتییەکی سەرسەختیشی لەگەڵ هەبووە. لەئیسلامدا میوزك ژەنەکان لەگوناهبارانو ئەوەی بەو ڕێگایەدا بڕوات، لەڕۆژی قیامەتدا لەگەڵ زیناکەرو وێنەکێش، کەرو کوێرو شەل، لەگۆڕەکانیان دێنە دەهێنرێنە دەرەوەو وەك سەگ ئەقروسکێنن. پەیامبەر دەربارەی میوزەك ژەنەکان وتوویەتی:

www.xwdakan.com net org


مەبەستی ڕوونی ئایەتەکەش بۆ ئەم ئافرەتە کۆیلانە (کەنیزەك) ئەوەیە: هەر ژنێك لەشەڕدا بەدیلیێتی بکەوێتە ژێر دەستی موسڵمانێکەوە، ئەو موسڵمانە دەبێتە خاوەنی ئەو ژنەو دەشتوانێ یەکسەر لەگەڵی جووت ببێت. . ژنەکەش مێردی هەبووبێت یان نا، ئەم مێردەی تەڵاقی دابێت یان نا، کوژرابێت یان بە دیلێتی دەستبەسەر کرابێت یاخود هەڵاتبێتو خۆی شاردبێتەوە، گرنگ نییەو بەپێی یاسای ئەم ئایەتە ژنەکە دەبێتە موڵکی موسڵمانەکە.[372] لەدوای ئەوەش کە دەبوونە موڵك، بەپێی مافی موڵکداری، لە لایەن خاوەنەکانیانەوە, جگە لە لاقەکردنیان, دەفرۆشران. جگە لەوەی لە مێردە کۆنەکەی، تەڵاق دەدرا، بەچەندین شێوەی دیکەش لەلایەن خاوەنەکانیانەوە تەڵاق دراون. ابن کثیر لە تەفسیرەکەی خۆیدا لە زمانی ابن عباسەوە نوسیوێتی کە بەشەش شێوە کەنیزەکەکان تەڵاق دەدران. دوو جۆریان زۆر سەرنج ڕاکێشە، یەکەم: ئەگەر بەکەسێکی تر فرۆشرا. دووهەم: ئەگەر خاوەنەکەی پێشکەشی کرد بە کەسێکی تر. لەم دوو حاڵەتەدا تەڵاقی ژنەکە لە خاوەنەکەی کەوتووەو مارەیی لە خاوەنە تازەکەی هاتووە. ئەمەش سەرگوڤزشتەکەیە: بَيْعها طَلَاقها وَعِتْقها طَلَاقها وَهِبَتها طَلَاقها وَبَرَاءَتها طَلَاقها وَطَلَاق زَوْجها طَلَاقها.[373] هەر لەو بارەیەوە ئیبن کەسیرو تەبەریو قورتوبی زۆر ریوایەتی دیکە باس دەکەن[374]

ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ بێت دەقی ئایەتەکەیە کە پێمان دەڵێت ئەو ژنانەی لە پاشماوەی شەڕدا دەکەونە ژێردەست، بۆ پیاوە موسڵمانەکان حەڵاڵن.

چەندین بەڵگەی تری قورئانیش هەن پاڵپشتی ئەم ڕاستییەمانن. بۆ نموونە لەتەفسیری ئایەتی تەوبە45دا ئیمامی تەبەری نوسیوێتی

---

(هەرکەسێك درهەمێك بەئەهلی سازو ئاواز بدات، گوناهی ئەو کەسە لەلای خوا، قورسترە لەگوناهی ئەو کەسەی کەحەفتا جار لگەڵ دایکی خۆیدا جووت بوبێت.) العقیلي 741

372 تفسير الطبري، في تفسير الاية24 النساء. تفسير القرطبي، في تفسير الاية24 النساء.

373 تفسير ابن كثير، في تفسير الاية 24 النساء

374 بڕوانە تەفسیرەکەی ابن کثیر لە ئایەتی 24 النساء

قَالَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهِ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : اُغْزُوا تَبُوك تَغْنَمُوا بَنَات الْأَصْفَر وَنِسَاء الرُّوم.[375]

موحەممەد بە موسڵمانەکانی وتووە: بڕۆن (تەبوك) داگیر بکەنو کچانی زەردپێستو ژنی ڕۆمەکان بۆ خۆتان دەستکەوت بخەن.

دەبوو ئێمە بەدرێژی لەسەر ئەم گوتەیەی موحەممەد بدواینایە، بەڵام ناوەڕۆك و دەقی گوتەکە پێویستی بەلێدوان نییەو ماناو چەمکەکەی ئەوەندە ئاشکرایە کەپێویست بەڕوونکردنەوە نەکات و تەنها پرسیارێك ئاراستەی ڕای گشتی بکەین و بنوسین: ئەریٚ بەڕاست ئەم گوتەیە گوتەی کەسێکە کەخۆی بەپەیامبەری خودا دەزانییّ یان گوتەی ڕێگرو چەتەکانی زەمانی بەردە کەتێیدا نوقم و نغرۆی سێکس بوون.؟؟

## هۆی دەرکەوتنی ئایەتەکە

هۆکاری دەرکەوتنی ئایەتەکە بە پێی ریوایەتو ڕاڤەکاندوو هۆکاری سەرەکین. هۆکاری یەکەمی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕێك کە تێیدا موسڵمانەکان بەسەر بێباوەڕاندا زاڵ دەبنو ژمارەیەکی زۆر لە ژن بە دیل دەگرن. بەپێی کلتورە کۆنەکەی پێش سەرهەڵدانی ئیسلام، ئەم ژنە دیلانە بوبوونە موڵکی شەڕکەرە سەرکەوتووەکان. موسڵمانان ویستیان کلتوورە دێرینەکەیان دووبارە بکەنەوەو ژنەکان بکەنە موڵکی خۆیانو لاقیان بکەن, بەپێی گوتەی خۆیان سواریان ببنو لێیان بخوڕن. هەندێك لە موسڵمانەکانیش ئەم کارەیان پێناخۆش بووە, پێیان وابووە ئیسلام ئەم کارە بە حەرام دەزانێت، چونکە نەرێتێکی کۆنی ڕەشۆکیە. بۆ ئەوە هاتووە کە گوایە ئەتکی مێردە کۆنەکانیان دەکەن. هەر بۆیە ئەم مەسەلەیەیان ڕووبەڕووی موحەممەد کردەوە. موحەممەدیش لە کارێکی چاوەڕواننەکراودا کلتورە کۆنەکە وەك خۆی دەهێڵێتەوەو فەرمانی ئەوە دەدات ژنە دیلەکان بە موسڵمانان حەڵاڵن. ئەمەش ریوایەتەکەیە کە صەحابەیەك دەیگێڕێتەوە:

---

375 تفسير الطبري, التوبة 49 , تفسير القرطبي 49 التوبة. السيوطي, الدر المنثور في التفسير بالمأثور الاية 49 التوبة



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

أَصبْنَا سَبْيًا مِنْ سَبْي أَوْطَاس وَلَهُنَّ أَزْوَاج فَكَرِهْنَا أَنْ نَقع عَلَيْهِنَّ وَلَهُنَّ أَزْوَاج فَسَأَلْنَا النَّبِيّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَآله وَسَلَّمَ فَنَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَة " وَالْمُحْصَنَات مِنْ النِّسَاء إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانكُمْ " فَاسْتَحْلَلْنَا فروجهنَّ.[376]

چەند ژنێکمان لە ژنەکانی (ئەوتاس)[377] بەتاڵانی دەستکەوت مێردیان هەبوو، پێمان ناخۆش بوو لەگەڵ ئەو ژنانەدا جووت ببین, لەبەر ئەوەی مێردیان هەبوو. ئێمەش پرسیارمان لە پەیامبەر کرد، ئیتر ئەم ئایەتە دابەزی (..و.. ئەو ژنانەی دەبنە موڵکتان بۆتان حەڵاڵن) ئیتر ئێمەش ناوگەڵی ژنانمان بۆ خۆمان حەڵاڵ کرد.

بەچەندین شێوەی دیکەش ئەم ریوایەتە لەلایەن مێژوونوسانەوە نوسراوەتەوە.[378] هەر هەموویان ڕاستی ڕووداوەکەو هۆکارەکەی دەسەلمێنن. ئەوەی بەلای ئێمەشەوە گرنگ بێت

---

376 ئەم ریوایەتە لە (أَبِي سَعِيد الْخُدْرِيّ)وە وەرگیراوە. ابن كثير 24 النساء

377 ناوچەیەکە لە نیوە دوورگەی عەرەب.

378عن أبي سعيد الخدري قال: أصبنا سبايا يوم أوطاس لهن أزواج فكرهنا أن نقع عليهن فسألنا النبي عليه الصلاة والسلام فنزلت (وَالمُحصَنَاتُ مِنَ النِساءِ إلاّ ما مَلَكَت أيمانُكُم) فاستحللناهن. هەروەها عن أبي سعيد قال: لما سبا رسول الله صلى الله عليه وسلم أهل أوطاس قلنا يا نبي الله كيف نقع على نساء قد عرفنا أنسابهن وأزواجهن فنزلت هذه الآية (وَالمُحصَنَاتُ مِنَ النِساءِ إلاّ ما مَلَكَت أيمانُكُم). بڕوانە الواحدي النيسابوري: أسباب النزول،. لەباسکردنی ئایەتی 24ی ژنان. هەروەها قوله تعالى : والمحصنات الآية روى مسلم و أبو داود و الترمذي و النسائي عن أبي سعيد الخدري قال: أصبنا سبايا من سبي أوطاس لهن أزواج فكرهن أن نقع عليهن ، ولهن أزواج، فسألنا النبي صلى الله عليه وسلم ، فنزلت والمحصنات من النساء إلا ما ملكت أيمانكم يقول إلا ما أفاء الله عليكم فاستحللنا بها فروجهن. هەروەها وأخرج الطبراني عن ابن عباس قال: نزلت يوم حنين لما فتح الله حنينا أصاب المسلمون نساء من نساء أهل الكتاب لهن أزواج ، وكان الرجل إذا أراد أن يأتي المرأة قالت : إن لي زوجا ، فسئل صلى الله عليه وسلم عن ذلك ، فأنزل الله والمحصنات من النساء الآية. بڕوانە السيوطي: لباب النقول في أسباب النزول. بڕوانە ئایەتی 24ی



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org

ئەوەیە کە لەشەریعەتی ئیسلامدا ئەوە چەسپاوە: هەر موسڵمانێك لەشەڕدا ژنی بە دیل گرت، دەتوانێت ئیغتصابی بکات چونکە بەپێی دەق بۆی حەڵاڵە.

هۆکاری دووهەمی دەرکەوتنی ئەم ئایەتە دەگێڕنەوە بۆ زەواجێك کە لە ئیسلامدا بە زەواجی موتعە ناسراوە.

ئەو کاتانەی موحەممەد بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی دەوروبەری خۆی بەرێ دەکەوت، لەگەڵ خۆیدا لەشکرێکی گەورەی لە موسڵمانان دەبرد. جگە لە پیادەو بەکارهێنانی ئەسپو حوشتر، هۆکاری گواستنەوەی دیکەیان نەبووە. بەم هۆیەوە زۆر جار، لە ڕۆشتن بۆ شوێنێكو گەڕانەوەیاندا بۆ ناوچەکەی خۆیان، زیاد لەمانگێکیان پێ چووە. شێوەی جەنگیش وایە کە شەڕکەران هاوسەریان لەگەڵ نەبێت. ئەمەش لەگەڵ هێزو خرۆشی سێکسیی ئەواندا نەدەهاتەوەو نەیاندەتوانی ماوەیەکی زۆر بەبێ سێکس بژین. جا بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا خۆیان لە سێکس خاڵی بکەنەوە دەچوون لەگەڵ ژنانی تردا رایاندەبوارد. ئەو ژنانەش بریتیبوون لە ژنە دیلەکان یاخود ئەو ژنانەی لەشفرۆشییان دەکرد. پێش ئیسلام ئەم کێشەیە ئاسایی بووەو بە پارەو بۆ چەند کاتژمێرێك چارەسەری غەریزەی سێکسییان لەگەڵ ژنە لەشفرۆشەکاندا کردووە. کە ئیسلامیش سەریهەڵدا هەمان شت دووبارە بووەوە، بەڵام شتێکی نوێی بۆ زیاد کرا. بۆ ئەوەی ئەم کارە بە ڕێگەیەکی شەرعی بکرێت، ئەم ئایەتەی لە قورئاندا بۆ نوسراو ناونرا بە زەواجی موتعە، یان زەواجی کاتی، یاخود موتعەی ژن. ئەو چەند وشەیەی کە لە ئایەتەکەدا هەیەو ئاماژە بەم راستییە بدات ئەمەیە:

(فَمَا اسْتَمْتَعْتُم بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ).

لەدوای ئەوەی ڕابواردنو لەزەتو خۆشیتان لەژنەکان وەرگرت، کرێکەیان بدەنێ.

چەندین ریوایەتیش ئەم بۆچوونەمان دەسەلمێنن کە ئەم جۆرە زەواجە بۆ ماوەیەکی کورت ئەنجام دەدرا. هەر سێ ئیمامە ناسراوە گەورەکەی ئیسلام، قورتوبیو تەبەریو ئیبن کەسیر، لە زمانی چەندین زانای ئیسلامەوە، چەندین ریوایەتیان لەم بارەیەوە نوسیوەتەوە, تێیدا

---

ژنان. هەروەها لە تەفسیرەکە تەبەریدا نوسراوە: أَنَّ هَذِهِ الْآيَة نَزَلَتْ فِيمَنْ سُبِيَ مِنْ أَوْطَاس.

بڕوانە تفسير الطبري، 24 النساء.



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

پاڵپشتی لەم بۆچوونەی ئێمە دەکەنو دەڵێن مەبەستی ئەم چەند وشەیە بۆ زەواجی موتعەیە.[379] وەك لە پێشتریشدا ئاماژەمان پێدا سێ وشە لە ئایەتەکە هەبوو (إِلَى أَجَل مُسَمًّى) ئەمەش مەزنترە بۆ ئەوەی ئەم ئایەتە لەسەر زەواجی موتعە نوسراوە.

## چۆنایەتی زەواجی موتعە

### کاتەکانی موتعە

بەپێی دەق، هەموو ئەو کاتو بارودۆخانەی کە مانای موتعە لە دونیای فیزیك دەیانگرێتەوە, بۆ کاتێکی کەمە، واتە بۆ ماوەیەکە نەك هەتا سەر بێت. لە قورئاندا چەندین جار ئاماژە بۆ راستی ئەم لێکدانەوەیەمان کراوە:

1- قُلْ مَتَاعُ الدَّنْيَا قَلِيلٌ.[380] وشەی (قَلِيلٌ،کەم) دیاریکردنی کاتەکەیە.

2- وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ[381] وشەی (حِينٍ، بۆ ماوەیەك) دیاریکردنی کاتەکەیە.

3-قُلْ تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلًا.[382] وشەی (قَلِيلًا، کەم) دیاریکردنی کاتەکەیە.

4- تَمَتَّعُواْ فِي دَارِكُمْ ثَلاثَةَ أَيَّامٍ.[383] (ثَلاثَةَ أَيَّامٍ، سێ رۆژ) دیاریکردنی کاتەکەیە.

5- وَتَمَتَّعُوا قَلِيلًا[384] وشەی (قَلِيلًا، کەم) دیاریکردنی کاتەکەیە.

---

379 وَقَالَ الْقَائِلُونَ بِأَنَّ الْآيَة فِي الْمُتْعَة. تفسير القرطبي 24 النساء. فَهَذِهِ الْمُتْعَة الرَّجُل يَنْكِح الْمَرْأَة بِشَرْطٍ إِلَى أَجَل مُسَمًّى ، وَيُشْهِد شَاهِدَيْنِ ، وَيَنْكِح بِإِذْنِ وَلِيّهَا ، وَإِذَا اِنْقَضَتْ الْمُدَّة فَلَيْسَ لَهُ عَلَيْهَا سَبِيل وَهِيَ مِنْهُ بَرِيَّة ، وَعَلَيْهَا أَنْ تَسْتَبْرِئ مَا فِي رَحِمهَا ، وَلَيْسَ بَيْنهمَا مِيرَاث ، لَيْسَ يَرِث وَاحِد مِنْهُمَا صَاحِبه. هەروەها { فَمَا اِسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ } قَالَ : يَعْنِي نِكَاح الْمُتْعَة. تفسير الطبري. 24 النساء. وَقَالَ مُجَاهِد : نَزَلَتْ فِي نِكَاح الْمُتْعَة. تفسير ابن كثير. 24 النساء. هەر لەم بەشەدا باسی چەند نموونەیەك دەکەین.

380 النساء 77

381 الاعراف 24

382 الزمر 8

383 هود 65

384 المرسلات 46



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

6- وَمَن كَفَرَ فَأُمَتِّعُهُ قَلِيلاً.[385] وشەی (قَلِيلاً، کەم) دیاریکردنی کاتەکەیە.

لە دونیای فیزیکیشدا هەموو موتعەیەك کاتییەو تا سەر نییە. لۆژیكو شێوەی ژیانی بوونەوەرەکانی دونیاش پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەنو پێچەوانەی ئەمەش خورافەیە.

بەم پێیەش, زەواجی کاتی یاخود موتعەی ژن, کاتییە. (إِلَى أَجَل مُسَمًّى) واتە بۆ کاتێکی دیاریکراو. ئەوەی بەروونی دیار بێت ئەوەیە لەسەر ویستو ئارەزووی ژنو پیاوەکە (ماوە) بۆ زەواجەکەیان دیاری دەکرێو دواتر جیا دەبنەوە. بۆ نموونە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر، یا هەفتەیەك، یاخود مانگو زیاتر، ڕێکدەکەونو بە کۆتایی ماوەکەیان بەپێی شەرع تەلاقیان لەیەکتر دەکەوێت. ئەگەر ویستیشیان نوێی بکەنەوە، ئازادن، وەك لە ئایەتەکەدا هاتووە.[386] بەلاَم دەبێت بۆ جارێکی دیکە ماوەی پێکەوەژیان دیاری بکەنەوە.[387]

## مەرجەکانی موتعە

لەلایەن زانایانی ئیسلامەوە یاساو ڕێسای تابەت بۆ ئەم جۆرە زەواجە دیاریکراوە. ئەو مەرجانەی کەدەبنە هۆی دروستبوونو بەحەلاَڵکردنی ئەم زەواجە کاتییە، شێوەی مارە برینەکەیە. چۆنێتی مارەکردنەکە ئەم جۆرە زەواجە لە زەواجی هەمیشەیی جیا دەکاتەوە. ئەمەش بۆ ئەوەیە هەردوولا باش بزانن کە زەواجێکی لەم چەشنە هەمیشەیی نییە، بەڵکو بۆ ڕابواردنێکی کاتییە. لەیاساکەشدا دوو خاڵی گرنگ دیاری کراوە:

1-دیاریکردنی کرێکەی. گرنگ نییە کرێکە چەند بێو چی بێت، بەلاَم گرنگە دیاری بکرێت کە چییەو چۆنە.

---

385 البقرة 126

386 وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُم بِهِ مِن بَعْدِ الْفَرِيضَةِ. 24النساء

387 فَإِنَّهُ كَانَ يَتَزَوَّج الرَّجُل الْمَرْأَة شَهْرًا عَلَى دِينَار مَثَلًا ، فَإِذَا اِنْقَضَى الشَّهْر فَرُبَّمَا كَانَ يَقُول : زِدِينِي فِي الْأَجَل أَزِدْك فِي الْمَهْر. فَبَيَّنَ أَنَّ ذَلِكَ كَانَ جَائِزًا عِنْد التَّرَاضِي . تفسير القرطبي 24 النساء



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org


2- دیاریکردنی کات. گرنگ نییە کاتەکەی چەند بێت، هەرلە کاتژمێریکەوە تا دەگاتە ساڵۆ پەنجا ساڵو زیاتریش. بەڵام گرنگە کاتەکە دیاری بکرێت, لەکەیەوە دەست پێدەکاتو لەکەیدا کۆتایی پێدێت.

لەکاتی مارەبڕینەکەدا دەبێ پیاوەکە بڵێت:

من قبوڵم کرد کەتۆ لەخۆم مارەببڕم بە ئەوەندە مارەیی‌و بۆ ئەوەندە کات.

بۆ نموونە بە سەد دۆلار بۆ ماوەی چلو هەشت سەعات.

هەروەها ژنەکە بڵێت:

منیش قبوڵم کرد خۆم لەتۆ مارە ببڕم بە ئەوەندە مارەیی‌و بۆ ئەوەندە کات.

بەو نموونەیەی سەرەوە دەبێت بڵێت: بە سەد دۆلار بۆ ماوەی چلو هەشت سەعات.

بەپێی راڤەکەی ئیمامی تەبەری، دەبێت گەورەیەکی ژنەکەو دوو شاهید ئامادەو ئاگاداری ئەم زەواجە کاتییە بن.[388] بەڵام لە مەزهەبی شیعەدا ئامادەبوونی ئەو شاهیدانە مەرج نین، بەڵکو ژنو پیاوەکە بە تەنها دەتوانن لە نێوان خۆیاندا رێکبکەون.

هەر کاتێك ژنو پیاوێك زەواجێکی لەم شێوەیەیان کردو کاتەکەیان تەواو بوو، دەتوانن جارێکی دیکە لە نێوان خۆیاندا رێکبکەونەوەو دووبارەی بکەنەوە. گرنگ ئەوەیە ئەرکی یەکەم جار بگاتە شوێنی خۆی. پیاوەکە کرێکە بداتو ژنەکە وەریبگرێت. لە تەفسیرەکەی تەبەریشدا چەند دێڕێك نوسراوە پشتگیری ئەم راستییە دەکەن.[389]

ئەو کێشانەی کە لە ئەنجامی ئەم جۆرە زەواجەشدا دروست دەبن، وەك مردن، میرات، نەخۆشی، سەفەر، دروستبوونی منداڵ..تاد پەیوەندییان بە رێکەوتنی ژنو پیاوەکەوە هەیە.

---

388 فَهَذِهِ الْمُتْعَة الرَّجُل يَنْكِح الْمَرْأَة بِشَرْطٍ إِلَى أَجَل مُسَمًّى ، وَيُشْهِد شَاهِدَيْنِ ، وَيَنْكِح بِإِذْنِ وَلِيّهَا. تفسير الطبري 24 النساء

389 (وَإِذَا انْقَضَتْ الْمُدَّة فَلَيْسَ لَهُ عَلَيْهَا سَبِيل وَهِيَ مِنْهُ بَرِيَّة) هەروەها (وَقَالَ آخَرُونَ : مَعْنَى ذَلِكَ : وَلَا جُنَاح عَلَيْكُمْ أَيّهَا النَّاس فِيمَا تَرَاضَيْتُمْ أَنْتُمْ وَالنِّسَاء وَاللَّوَاتِي اِسْتَمْتَعْتُمْ بِهِنَّ إِلَى أَجَل مُسَمًّى ، إِذَا انْقَضَى الْأَجَل الَّذِي أَجَّلْتُمُوهُ بَيْنكُمْ وَبَيْنهمْ فِي الْفِرَاق ، أَنْ يَزِدْنَكُمْ فِي الْأَجَل وَتَزِيدُوا مِنْ الْأَجْر). تفسير الطبري، 24 النساء

پێش مارە کردنەکە دەتوانن لەسەری ڕێکبکەون. هەندێك لە زانایانی ئیسلامیش پێیان وایە میرات لەم زەواجەدا نییە.[390]

وا دەردەکەوێت هەندێك لەوانەی ئەم موتعەیەیان کردووە لە بێئاگایی خۆیان، یاخود لەپەلەپەلی جووتبوونیاندا لەبیریان چوویێت کە کاتەکەیان دیاری بکەن. یاخود دیارییان کردووەو دواتر لەبیریان چووەتەوە کە چەند بووە. بۆیە لە مێژووەکەی بوخاریدا نوسراوە کە موحەممەد وتویەتی:

أَيُّمَا رَجُلٍ وَامْرَأَةٍ تَوَافَقَا فَعِشْرَةُ مَا بَيْنَهُمَا ثَلَاثُ لَيَالٍ فَإِنْ أَحَبَّا أَنْ يَتَزَايَدَا أَوْ يَتَتَارَكَا تَتَارَكَا.[391]

هەر پیاوو ژنێك بەیەك ڕازی بوونو ماوەکەیان دیاری نەکردبوو ئەوە ماوەی موتعەکەیان سێ شەوە. لە دوای ئەوە ئەگەر پێیان خۆش بوو کە ماوەکە زیاد بکەن با بیکەن، گەر ویستیان دەست لەیەکتر بەربدەن با دەست لەیەکتر بەربدەن.

## نەسخی ئایەتەکە لەقورئاندا

ئایەتەکە لەسورەتی (النساء) ئایەتی (24) هاتووە. مێژووی دەرکەوتنی ئەم ئایەتە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی مەدینەو دوادوایەکانی تەمەنی موحەممەد.[392]

چەندین ئایەت هەن باس لە زەواجی هەمیشەیی دەکەن، بەڵام جگە لەم ئایەتە هیچ کام لە ئایەتەکانی دی، بەڕوونیو بە ئاشکرا، باسی موتعەیان نەکردووە. ئایەتەکانی دیکەش لەدوای ئایەتی موتعەوە نەهاتوون، بگرە پێش ئایەتەکە نووسراون. بەمەش ناکرێ ئایەتێك ئایەتێك حوکمی ئایەتێکی دیکە بسڕێتەوە کەلەدوای خۆی دەرکەوتووە. لەزانستی ناسخو مەنسوخدا ئەو ڕاستیە هەیە کە، ئەگەر ئایەتێك حوکمی ئایەتێکی دی هەڵبوەشێنێتەوە، دەبێ ئەو ئایەتە کە

---

[390] وَعَلَى أَنْ لَا مِيرَاث بَيْنهمَا ، وَيُعْطِيهَا مَا اِتَّفَقَا عَلَيْهِ. تفسير القرطبي 24 النساء

391 عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ . صحيح البخاري، كتاب النكاح، باب نهي رسول الله صلى الله عليه وسلم عن نكاح المتعة

392 الزنجاني: ابي عبدالله الزنجاني / تاريخ القرآن, ص 64



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

ناو دەبرێت بە (ناسخ) لەدوای ئەوئایەتەوە دەرکەوتبێت کە دەیسڕێتەوەو ناو دەبرێت بە(مەنسوخ).[393]

بۆ نەسخ بوون، واتە بۆ لەکارکەوتنی حوکمی ئەم ئایەتە، لە تەواوی قورئاندا یەك ئایەت نابینین بەروونیو بە ئاشکرا زەواجی موتعەی حەرام کردبێت. لێرەوە دەتوانین بڵێین بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە لەبەشی هۆکاری دووهەمی دەرکەوتنی ئایەتەکە باسمان کردوون، زەواجی موتعە لە قورئاندا بە حەڵاڵی ماوەتەوە.

## نەسخی ئایەتەکە لە سوننەتدا

لە راستیدا گەر کەسێك مێژووی ئیسلام بخوێنێتەوە، لە زۆریو ڕای جیاوازی زانایانی ئیسلامو زۆرو بۆری سەرگوزشتەکان، خوێنەر سەری لێ تێکدەچێو ئەنجام ناتوانێت بگاتە ئەو مەبەستەی بزانێت زەواجی موتعە بە فەرمانی موحەممەد بە حەڵاڵی ماوەتەوە یان حەرام کراوە. چەندین سەرگوزشتە هەن باس لە نەسخ بوون یان مانەوەی حوکمەکەی دەکەن. هەندێکیان پێیان وایە، ئەگەرچی بۆ ماوەیەك حەڵاڵ بووە، بەڵام دواتر حەرامکراوە. هەندێکی دیکەش پێیان وایە، بۆ هەمیشە حەڵاڵە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بە دوو تەوەرەی جیاواز نموونەکان دەهێنینەوە.

## حەرامکردنی زەواجی موتعە

393 بڕوانە ئەم کتێبانە: (البغدادي، هبة الله بن سلامة البغدادي. الناسخ والمنسوخ. دراسة وتحقيق: د.موس ناي علوان.) (الهمداني.. الاعتبار في الناسخ والمنسوخ في الآثار. أبي بكر بن موسى بن عثمان بن حازم الهمداني) (النحاس. الناسخ والمنسوخ في القرآن الكريم، أبي جعفر النحاس.) (العتائقي. الناسخ والمنسوخ. كمال الدين عبدالحمن العتائقي.)



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Marwan Halabjaee
www.xwdakan.com

یەکەم: باوکی جوهەنی لە سەرگوزشتەیەکدا باس لەوە دەکات کە لەگەڵ موحەممەددا لەشەڕی مەککەدا بوون، پاش ئەوەی موحەممەد ڕێگەی بە موسڵمانان دابوو موتعە بکەن، پێی وتوون: ئەی خەڵکی لەوەو پێش ڕێگەم پێدابوون موتعەی ژنان بکەن، ئەوە خوا تا ڕۆژی قیامەت حەرامی کرد. هەرکەس ژنی لەلایە با وازی لێ بهێنێو ئەوەی پێی داوە لێی نەسەنێتەوە..تاد.[394]

دووهەم: صەحابەیەك بە ابن عباسی وتووتوە کە لە زەمەنی خەیبەردا پەیامبەر نەهی لە موتعەی ژنانو خواردنی گۆشتی گوێدرێژی ماڵی کردووە.[395]

سێهەم: لە سەرگوزشتەیەکی تردا هاتووە کە پەیامبەر لە شەڕی ئەوتاسدا (أَوْطَاس) ڕێگەی داوە بە موتعەو دوایش نەهی لێکردووە.[396]

لێرەدا دەبینین لەسەردەمی موحەممەددا چەند جارێك حەرام کراوە. ئەوەی جێی تێبینی بێت ئەوەیە کە سەرگوزشتەکان, جگە لەیەك دانەیان, باس لە یەك کاتو یەك حاڵەتی حەرامکردنەکە ناکەن، بەڵکو هەر دانەوە ئاماژە بۆ باروودۆخێکی تایبەت دەکات. یەکێکیان

394 عَنْ الرَّبِيع بْن سَبْرَة بْن مَعْبَد الْجُهَنِيّ عَنْ أَبِيهِ أَنَّهُ غَزَا مَعَ رَسُول اللَّه صَلَّى يَوْم فَتْح مَكَّة فَقَالَ " يَا أَيّهَا النَّاس إِنِّي كُنْت أَذِنْت لَكُمْ فِي الِاسْتِمْتَاع مِنْ النِّسَاء وَإِنَّ اللَّه قَدْ حَرَّمَ ذَلِكَ إِلَى يَوْم الْقِيَامَة فَمَنْ كَانَ عِنْده مِنْهُنَّ شَيْء فَلْيُخْلِ سَبِيله وَلَا تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا. ابن كثير، 24 النساء. **هەروەها بڕوانە** صحيح مسلم، كتاب النكاح، باب نكاح المتعة وبيان أنه أبيح ثم نسخ ثم أبيح ثم نسخ. حديث1406

395 قَالَ لِابْنِ عَبَّاسٍ إِنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنْ الْمُتْعَةِ وَعَنْ لُحُومِ الْحُمُرِ الْأَهْلِيَّةِ زَمَنَ خَيْبَرَ. صحيح البخاري، كتاب النكاح، نهي رسول الله صلى الله عليه وسلم عن نكاح المتعة. حيث4825 صحيح مسلم، كتاب النكاح، باب نكاح المتعة وبيان أنه أبيح ثم نسخ ثم أبيح ثم نسخ.حديث1407

396 رَخَّصَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَامَ أَوْطَاسٍ فِي الْمُتْعَةِ ثَلَاثًا ثُمَّ نَهَى عَنْهَ. صحيح مسلم، كتاب النكاح، باب نكاح المتعة وبيان أنه أبيح ثم نسخ ثم أبيح ثم نسخ. حديث1405



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەڵێ لە شەڕی مەککەدا حەرام کراوە، یەکێکی دیکەیان دەڵێت لەشەڕی خەیبەردا بووە، ئەوی دیکەیان دەڵێت لەشەڕی ئەوتاسدا بووە. ئەمەش گومان لە راستیو دروستی حەرامکردنەکە دەکەن. ئەمەش بەلای ئێمەوە راستە، چونکە لەسەردەمی موحەممەددا چەندین جار حەلاڵ کراوەو حەرام کراوەتەوە. ئیمامی گەورەی ئیسلام (شافعی)و کۆمەڵێك لەزانایانی ئیسلام وای بۆ دەچن دووجار حەلاڵو حەرام کراوبێت. هەندێکی تر دەڵێن لەوە زیاترەو هەندێکی دیکەش دەڵێن لە کاتی پێویستدا حەلاڵە.[397] بۆ نموونە:

صەحابەیەك دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ پەیامبەردا غەزامان دەکرد، ژنمان لەگەڵ نەبوو، بە پەیامبەرمان وت: خۆمان نەخەسێنین؟ (واتە لە غەریزەی سێکسی خۆمان خالّینەکەینەوە؟) ئەویش نەهی لێکردین. دوایی رێگەی پێداین بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ژن بهێنین. ئینجا عبدالله ئەم ئایەتەی بۆ خوێندینەوە:

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ. (المائدة87)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەو شتە باشانە لە خۆتان حەرام مەکەن کە خوا بۆی حەلاڵ کردوون، بەلام دەستدرێژی مەکەن چونکە خوا دەستدرێژیکەری خۆش ناوێت.[398]

## حەلاڵکردنی موتعە

---

397 وَقَدْ اُسْتُدِلَّ بِعُمُومِ هَذِهِ الْآيَة عَلَى نِكَاح الْمُتْعَة وَلَا شَكَّ أَنَّهُ كَانَ مَشْرُوعًا فِي اِبْتِدَاء الْإِسْلَام ثُمَّ نُسِخَ بَعْد ذَلِكَ وَقَدْ ذَهَبَ الشَّافِعِيّ وَطَائِفَة مِنْ الْعُلَمَاء إِلَى أَنَّهُ أُبِيحَ ثُمَّ نُسِخَ ثُمَّ أُبِيحَ ثُمَّ نُسِخَ مَرَّتَيْنِ وَقَالَ آخَرُونَ : أَكْثَر مِنْ ذَلِكَ . وَقَالَ آخَرُونَ : إِنَّمَا أُبِيحَ مَرَّة ثُمَّ نُسِخَ وَلَمْ يُبَحْ بَعْد ذَلِكَ وَقَدْ رُوِيَ عَنْ اِبْن عَبَّاس وَطَائِفَة مِنْ الصَّحَابَة الْقَوْل بِإِبَاحَتِهَا لِلضَّرُورَةِ. تفسير ابن كثير في تفسير الاية 24 النساء

398 كُنَّا نَغْزُو مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَيْسَ لَنَا نِسَاءٌ فَقُلْنَا أَلَا نَسْتَخْصِي فَنَهَانَا عَنْ ذَلِكَ ثُمَّ رَخَّصَ لَنَا أَنْ نَنْكِحَ الْمَرْأَةَ بِالثَّوْبِ إِلَى أَجَلٍ. ثُمَّ قَرَأَ عَبْدُ اللَّهِ: يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ. صحيح مسلم، كتاب النكاح، باب نكاح المتعة وبيان أنه أبيح ثم نسخ ثم أبيح ثم نسخ. حديث1404

www.xwdakan.com net org

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

کۆمەڵێك سەرگوزشتە هەن بەڵگەن بۆ ئەوەی کە لە دوای مردنی موحەممەدو لەسەر دەستی خەلیفەی دووهەمی راشدین (عومەری کوڕی خەتتاب) حەرام کراوە. ئەمەش چەند بەڵگەیەکە:

یەکەم: ابن عباس وتویەتی: موتعە، جگە لە رەحمی خوا هیچ شتێکی تر نەبوو. خوا بەموتعە رەحمی بە پەرستگارانی خۆی کرد. ئەگەر عومەری کوڕی خەتتاب نەبوایە بەرەڵاکان نەبونایە کەس زینای نەدەکرد.[399]

دووهەم: ئیمامی عەلی (مەبەستی لە عەلی کوڕی ئەبی تالبە، خەلیفەی چوارهەم) وتوویەتی: ئەگەر عومەر نەهی لە موتعە نەکردایە بەرەڵاکان نەبونایە کەس زینای نەدەکرد.[400]

سێهەم: لەسەردەمی پەیامبەرو ئەبوبەکردا موتعەمان دەکرد، تا ئەو کاتەی عومەر بەهۆی (عَمْرِو بْنِ حُرَيْثٍ) حەرامی کرد.[401] واتە دوای مردنی پەیامبەر خەلیفە عومەر حەرامی کرد.

چوارهەم: عومەری کوڕی خەتتاب، لەسەردەمی خەلافەتی خۆیدا وتوویەتی: گەر هەر کەسێك بگاتە لامو موتعەی کردبێت لەژێر بەرددا بێ هۆشی دەکەم. (واتە رەجمی دەکەم).[402]

ئەو بەڵگەیەی بە تەواوەتی گومانی خوێنەر لا دەباتو بۆی دەردەکەوێت کە موحەممەد موتعەی حەرام نەکردووە بەڵکو خەلیفە عومەر حەرامی کردووە ئەم ریوایەتەیە کە لە چەندین سەرچاوەدا هەیە:

---

399 عَنْ اِبْن عَبَّاس قَالَ : مَا كَانَتْ الْمُتْعَة إِلَّا رَحْمَة مِنْ اللَّه تَعَالَى رَحِمَ بِهَا عِبَادَهُ وَلَوْلَا نَهْي عُمَر عَنْهَا مَا زَنَى إِلَّا شَقِيٌّ. تفسير القرطبي، في تفسير الاية 24 النساء

400 قَالَ الْحَكَم : قَالَ عَلِيّ رَضِيَ اللَّه عَنْهُ : لَوْلَا أَنَّ عُمَر رَضِيَ اللَّه عَنْهُ نَهَى عَنْ الْمُتْعَة مَا زَنَى إِلَّا شَقِيّ . تفسير الطبري 24 النساء

401 كُنَّا نَسْتَمْتِعُ..و..وعلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَبِي بَكْرٍ حَتَّى نَهَى عَنْهُ عُمَرُ فِي شَأْنِ عَمْرِو بْنِ حُرَيْثٍ. صحيح مسلم، كتاب النكاح، باب نكاح المتعة وبيان أنه أبيح ثم نسخ ثم أبيح ثم نسخ. حديث1405

402 قَالَ عُمَر : لَا أُوتَى بِرَجُلٍ تَزَوَّجَ مُتْعَة إِلَّا غَيَّبْته تَحْت الْحِجَارَة . تفسير القرطبي 24 النساء

عمر رضي الله عنه خطب الناس فقال: إن رسول الله (صلى الله عليه وآله) هذا الرسول، وإن هذا القرآن هذا القرآن، وإنهما كانتا متعتان على عهد رسول الله (صلى الله عليه وآله)، وأنا أنهى عنهما، وأعاقب عليهما: إحداهما: متعة النساء، ولا أقدر على رجل تزوج امرأة إلى أجل إلا غيبته بالحجارة، والأخرى متعة الحج.[403]

عومەر خوتبەی بۆ خەڵکەکە داو وتی: پەیامبەر ئەوە پەیامبەر، قورئانیش ئەوە قورئان، دوو موتعە لەسەردەمی پەیامبەردا هەبوون من نەهییان لێ دەکەمو سزایان لەسەر دەدەم، یەکێکیان موتعەی ژنەو بەرگەی ئەوە ناگرم کە پیاوێك بۆ ماوەیەکی دیاری کراو ژن بهێنێتو لەژێر بەرددا بێ هۆشی نەکەم، ئەوی دیکەشیان موتعەی حەجە.

هەروەها ئیمامی سیوطي لەکتێبەکەیدا (مێژووی خەلیفەکان) نوسیویتی: یەکەمین کەسێك موتعەی حەرام کرد، عومەری کوڕی خەتتاب بوو[404]

یاخود دەگێڕنەوە: (خولة بنت حكيم) دەچێتە لای عومەرو پێی دەڵێ: (ربيعة) موتعەی کردووەو ئێستا (ربيعة) دووگیانە، عومەریش دەڵێ: ئەگەر پێشتر حەرامم بکردایە ڕەجم دەکرد[405]

کەواتە تا موحەممەد لە ژیاندا مابوو موتعە حەرام نەکرابوو. ئەوەی حەرامی کرد بێگومان عومەر بووە.

حەرامکردنی موتعە هۆکاری پێگەیشتنی ئەقڵی مرۆڤانەی ئیمانداریکی ئیسلام نەبووە بە گۆڕانکارییەکانی سەردەم، بەڵکو لەئەنجامی کێشە ئەخلاقیو کۆمەڵایەتییەکاندا بووە. ئەوەی زانراوە عومەر لە زۆر مەسەلەدا گیر بووە. وەك لە بەشی حیجابدا باسمان کرد، بە قامچی لە کەنیزەکەکانی داوە کە حیجاب نەپۆشن. ئەمەش توندڕەویی عومەرمان نیشان دەدات لەبەرامبەر جیبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئایەتەکە وەك خۆی. پەیوەند بە موتعەش کە حەرامی

---

403 مسند احمد بن حنبل، المجلد الأول, مسند عمر بن خطاب, ج1ص52

404 بڕوانە السيوطي، تأريخ الخلفاء. ص122-124

405 أَنَّ خَوْلَةَ بِنْتَ حَكِيمٍ دَخَلَتْ عَلَى عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ، فَقَالَتْ : إِنَّ رَبِيعَةَ بْنَ أُمَيَّةَ اسْتَمْتَعَ بِامْرَأَةٍ فَحَمَلَتْ مِنْهُ. فَخَرَجَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ فَزِعاً يَجُرُّ رِدَاءَهُ، فَقَالَ : هَذِهِ الْمُتْعَةُ, وَلَوْ كُنْتُ تَقَدَّمْتُ فِيهَا لَرَجَمْتُ. الموطاء, كتاب النكاح باب نِكَاحِ الْمُتْعَةِ حديث1565



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org

سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

دەكات، پاڵپشت بە بۆچوونی خۆی هەڵەیەكی ئاسمانی ڕاست دەكاتەوە. ئەمەش یەكەم جاری نییە كاری وا بكات، بەڵكو چەند جارێكی دیكە دەخالەتی لە كۆمەڵێك ڕووداودا كردووە. تەنانەت هەندێك چارەسەری بۆ ئەو گرفتانەش داناوە كە پێشتر لە قورئانو فەرموودەدا باس نەكرابوونو وای لە موحەممەد كردووە لە قورئاندا بیانكاتە یاسا. دواتر شێوە چارەسەرەكەی بووە بە یاسای ئیلاهیو وەك ئایەتێك لە قورئاندا نوسراوە. بۆ نموونە یەكێك لە هۆكارەكانی دەركەوتنی ئایەتی (الاحزاب 59) سەبارەت بە حیجاب دەگەڕێتەوە بۆ داوایەكی عومەر.[406] بۆ موتعەش، كێشەی كۆمەڵایەتی وای لەعومەر كرد ئەم جۆرە زەواجە حەرام بكات.

ئەگەر لە ڕووی عەقیدەوە بڕوانینە ئەم حەرامكردنە، دەڵێین: عومەر توانای حەرامكردنی نییە. عومەر مرۆڤە. بەپێی عەقیدەی ئایینی ئیسلام، مرۆڤ یەكێكە لەدروستكراوەكانی خواو ناتوانێ شتێك حەرام بكات كەخوا خۆی حەڵاڵی كردووەو پەیامبەرەكەشی پەیڕەوی لێكردووە. ئەم ڕاستیەش دەتوانین بەسەر هەموو مەزهەبو مەرجەعیەتو پیاوە ئایینزاو زاناكانی ئیسلامدا لەیەك ئاستدا دابنێین. كەواتە دروست نییە هیچ كام لەحەڵاڵ یان حەرام كردنی زەواجی موتعە لەفتوای ئەواندا بەڕاست بزانین. زەواجی موتعە دەقێكە لەقورئاندا هاتووەو قسەی خوایە نەك مرۆڤ.

## ئەنجام

وەك پێشتر بەڵگەكانمان دیاریكرد، زۆربەی زانایانی ئیسلام لەسەر ئەوە هاودەنگن كەئەم جۆرە زەواجە بۆ موتعە واتە بۆ ڕابواردنێكی (كاتی) بووە. یەكێك بووە لەحوكمە شەرعییەكانو لە سەردەمی موحەممەدیشدا پەیڕەو كراوە. واتە یەكێك بووە لە سوننەتە باشە ناسراوەكانی موحەممەد. بەڵام لەبواری نەسخ بوونەوەیدا ناكۆكی لەنێوان زانایانو مەزهەبەكاندا هەیە

---

406 صحيح البخاري، كتاب الوضوء، باب: خروج النساء لحوائجهن. حديث4939. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بەشی حیجابی ئەم كتێبە.

لە ئیسلامدا هیچ مەسەلەیەك وەك زەواجی موتعە جێی مشتومڕ نەبووە.!! موتعە، زنجیرەیەكە لەلێكنەچواندنو دژایەتیكردنی تەوەرە گرنگەكانی بنەماكانی روالّەتی ئیسلام، كە بانگەشەی حەرامكردنی داوێنپیسی دەكات, بەلاّم بە حەلاّلی. خواستو ئارەزووە ناوەكییەكانی پیاوی موسلّمانمان نیشان دەدات، كە كاریگەری ئەم پیاوانە لە ناو یاساكانی قورئاندا رەنگی داوەتەوە. هەندێك لەسوننە مەزهەبەكان بەحەرامی دەزانن‌و نزیكترین‌و شیاوترین دەقو فەرموودە بۆ سەلماندنی راستییەكانیان بەبەلّگە دەهێننەوە. لەلایەكی دیكەشەوە شیعە مەزهەبەكان بەحەلاّلی دەزانن. ئەوانیش بەدەقو فەرموودە، موتعە حەلاّل دەكەن‌و بەشیاوترین پەروەردەی كۆمەلاّیەتی‌و رێورەسمی سێكسی دەزانن، هەروەها، پالّپشت بەدەقی قورئان، جارِی گەردوونی جیهانیی بۆ دەدەن.

لەلای هەندێك لە سوننە مەزهەبەكان، موتعە بووە بە حەرامێكی گەورەو زینایەكی رەسمی‌و لای شیعەش بە خێرێكی تا بلێی گەورە. لەم بارەیەوە یەكێك لە ئیمامە گەورەكان، ئیمامی جەعفەری صادق، وتوویەتی: هەر پیاوێك موتعە بكاو دوایی خۆی بشوات، هەر دلّۆپە ئاوێك كە لە لەشی دێتە خوارەوە، لەرۆژی قیامەتدا دەبێتە حەفتا فریشتەو شایەتی ئەوە دەدەن كەپیاوچاك بووە![407]

لەم زانایەیان پرسیوە: ئایا كەسێك موتعە بكات چاكەو خێری تا چەند بۆ دەنوسرێت؟ لەوەلاّمدا وتویەتی: ئەوەی لەبەر خاتری خواو رەزامەندی پەیامبەر، لەگەلّ ژنێكدا موتعە بكات، بەرێژەی ئەو پیتو وشانەی لەگەلّ ژنەكەدا قسەی پێدەكەن، چاكەو خێری بۆ دەنوسرێ. ئەو كاتەی دەست بۆ ژنەكە دەبات خێری زیاتری بۆ دەنوسرێ. ئەو كاتەشی لەگەلّی جووت دەبێت خوا لەهەموو گوناهێكی خۆشدەبێت. ئەو كاتەش كەخۆی دەشوات، بەرێژەی تالّە تەرِەكانی لەشی خوا رەحمی بەسەردا دەبارێنێ.[408]

بەدەر لەپێگەو رِەهەندەكانی ئایین، وشەی موتعە لەم باسەماندا، كە مانایە بۆ چێژوەرگرتنی پێكهاتە جەستەیی‌و كاریگەرییە دەروونییەكانی سێكس، پەیوەندییەكی توندوتۆلّی بەئارەزووە

407 العقيلي ص354

408 العقيلي ص 356



www.xwdakan.com net org

سێکسیەکانی تەنها پیاوەوە هەیە. موتعە لە ئیسلامدا، ئەگەر چی لەزمانی عەرەبییدا دەلالاتی زۆر بەدەستەوە دەدات، بەلاّم گرنگترینیان لەهەموو ئاماژەکانیدا خۆخالّیکردنەوەیە لەهەلّچوونی حەزە شاراوەکانی سێکسی پیاوی موسلّمان. ئارەزووەکانی مرۆڤ، کە بەهۆی هەستیارەکانی لەشەوە (بینین، بیستن، بۆن، تام، لەمس) دروست دەبن، هەرە گرنگەکەیان سەرنجڕاکێشانی جوانیەکانە. بەتایبەت ئەو لەش و جولّە جوانانەی کە غەریزەی سێکسی دەخرۆشێنن. لێرەدا موتعە دەبێتە وەلاّمدەرەوەی خواستەکانی ئیماندار.

موتعەی ژن (متعة النساء)، یان ڕابواردنی کاتی، (متعة المؤقتة) یاخود زەواجی کاتی (زواج المؤقت)، بۆماوەیەکی دیاریکراو، بەپارەیەکی دیاریکراو، بەرێێکەوتنێکی دیاریکراو، لەسەر رێکەوتنی خۆیان بۆ کاتژمێرێك، کەمتر یان زیاتر، بۆرۆژو هەفتەو مانگو سالّو زیاتر، لەئایینی ئیسلامدا دیاردەیەك بووە تا بلّێی شەرعیو حەلاّل. گرنگ ئەوەیە ژن رازی بێتو پیاویش کرێکەی بدات! کاتب وەحییەکی موحەممەد (ئوبەی) لەگەلّ ئیبن عەبباسو خەلیفەیەکی وەك (علي بن ابي طالب) پییان وایە: ئەگەر عومەر ئەم حەلاّلەی حەرام نەکردایە کەس سێکسی حەرامی نەدەکرد. هەر بەم ناونیشانە (لولا نهى عمر ما زنى الا شقي) کتێبێکی قەبە لەلایەن شیعە مەزهەبەکانەوە دەرچووە. بۆیە هەموو خەلّکەکە بەگوێی خەلیفە عومەریان نەکردووەو لەسەر موتعە بەردەوام بوون، بەلاّم نەیانهێشتووە بیزانێت، موحەممەد بە هەردوو خەلیفەی موسلّمانان، ابوبکری صدیقو عومەری کوڕی خەتتابی وتووە: عبداللە بن عباس (کە بەناوێکی دیکەش بانگ دەکرا، ابن ام عبد) چاکترینو شارەزاترین کەسە بۆ خوێندنەوەی قورئانو ئەگەر پرسیارتان دەربارەی خوێندنەوەی قورئان هەبوو، لەوی بکەن.[409] ابن عباس چاکترین ڕاڤەکاری قورئان بووە ئەم زاتە هەمیشە فتوای ئەوەی داوە موتعە حەلاّلە. هەر لەسەر فتوای ئەمەو زۆر لەزانایانی دیکە، لەدوای عومەر (موتعە) سەریهەلّداوەتەوەو بەردەوام بووە هەتا سەرهەلّدانی کۆمەلّێك مەزهەب. دیارترینیان مەزهەبی شافعییە، کە وەك مەزهەبێکی توندو وشکی سوننە حەرامی دەکات. هەروەها مەزهەبی دوانزە ئیمامی وەك مەزهەبێکی توندی شیعە حەلاّلی دەکات. ئێستاش لەسەر ئەم

409 المسند أحمد بن حنبل المجلد الأول مسند أبي بكر الصديق.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

دوو ڕێگەیە ماوەتەوە، کە لای سوننە حەرامو لای شیعە حەڵاڵ بێت.

سوننییەکان دەڵێن: موتعە ئەگەر چی حەڵاڵ بووە، بەڵام بۆ سەردەمێکی تایبەت بووەو خەلیفە عومەر حەرامی کردوە. ئەوسا پێویستیمان پێی هەبووەو ئێستا پێویستیمان پێی نییە. ئێمەش لەسەر ئیجتیهادی عومەرین.

شیعەش دەڵێ: عومەر مرۆڤەو مرۆڤیش ناتوانێ یاسایەك هەڵبوەشێنێتەوە کەخوا بەئایەت لە قورئاندا نوسیوێتی. ئێمەش لەسەر حوکمی خوا یاساکانی خواین نەك عومەر.[410]

دیاردەی موتعە، وەك ئاکارێکی شەرعی، ئەگەر بۆ یەك جارو بۆ یەك رۆژو بۆ یەك کاتژمێریش ئەم دیاردەیە لە ئیسلامدا حەڵاڵ کرابێت، هەماهەنگە لەگەڵ کلتوری سەردەمی جاهیلی. ئاماژەیە بۆ هێزی سێکسی نیوە دورگەو ئەوپەڕی سوکایەتیو ئەتککردنی ئافرەت. کاتێك خوێنەر ئەم باسەمان دەخوێنێتەوە، تارادەیەکی باش ئەو ڕاستییانەی بۆ دەردەکەوێت کە نەمانویستووە بۆچوونی خۆمان بۆ مەسەلەی حەرامو حەڵاڵی موتعە لەلایەن مەزهەبەکانەوە بچەسپێنین. بەبۆچوونی من حەڵاڵیو حەرامی ئەم دیاردەیە هیچ لەو مەبەستەمان ناگۆڕێت کەهەنگاومان بۆ ناوە. دیاردەی گەندەڵی سێکسیو حەڵاڵکردنی لەشفرۆشی لە ئیسلامدا، ئەگەر بۆ ساتێکی زۆر کەمیش بێت حەڵاڵ بووەو ئەمەش مانای وایە ئیسلام بڕوای بە لەشفرۆشی هەبووە. زەواجی موتعە واتە لەشفرۆشی. بەبەڵگەی هەبوونی ئایەتەکە، خوای ئیسلام باوەڕی بە لەشفرۆشتنی ژنان هەبووەو درێژەی داوە بەچەوساندنەوەیان.

چێژوەرگرتنی سێکسو دامرکاندنەوەی هەوەس بەشێکە لەپێکهاتەی ژیانی هەموو بوونەوەرێك. کرداری زەواجی موتعە بریتییە لەو لەشفرۆشیەی کە لە یانەکانی جیهاندا بەڕێوەدەچێ. بەشێوەیەکی گشتی، گەر کەسێك ئارەزووی سێکسی جوڵاو هاوسەری نەبوو، یاخود دوور بوو لەهاوسەرەکەیەوە، بۆ خەفەکردنی پاڵنەرە پەنگخواردووە سێکسییەکەی، ڕوودەکاتە یەکێك لەیانەکانو یەکێك لە لەشفرۆشەکان هەڵدەبژێرێ تا لەگەڵی رابوێرێت. پاش ئەوەی لەسەر بڕی پارە ڕێکدەکەون، ئەو شەوە هەردووکیان ڕادەبوێرنو ماوەیەك

---

410 بڕوانە لێکۆڵینەوەکەی خلیفات ، قسم النكاح المتعة.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Marwan Halabjaee
www.xwdakan.com

خۆیان لەیەك هەڵدەسوون. دواتر پیاوەکە کرێی رابواردنەکە دەداتە ژنەکەو هەریەك لەلایەن خۆیانەوە بەرەو ژیانی ئاسایی بەرێدەکەون. پیاوەکە بۆسەر ژیانو کاروباری ئاسایی خۆی، کە رەنگە فەرمانبەرێك، کرێکارێك، شوفێرێك، کاسبکارێك بێت. ژنەکەش بۆکاری لەشفرۆشتنی خۆیو لەچاوەڕێی ئەوەدایە کێی دیکە دێتو لەشی خۆی تێدا خاڵی دەکاتەوەو برێك پارەی دیکەی دەستدەکەوێت. ئەم سیناریۆیە، هەروەك خۆی، بۆ ناو ئیسلام هەیە. لەم ئایینە ئاسمانییەدا پیاوی موسڵمان، جگە لەچوار ژنو کەنیزەکەکانی، هەر کاتێك ئارەزووی سێکسی جولابێت، زۆر بەئاسانی ژنێکی دۆزیوەتەوە، چۆتە مزگەوتەکانو لە رێی مەلاکانەوە مارەی کردووەو پێکەوە رایانبواردووە. بە تەواوبوونیان پیاوی موسڵمان کرێی داوەتە ژنی موسڵمانو دواتر چوون بەلای کاروباری خۆیانەوە. پیاوەکە بۆسەر ژیانی ئاسایی خۆی کەرەنگە فەرمانبەرێك، دادوەرێك، فەقێیەك، مەلایەکی مزگەوت بوبێتو چووە پێشنوێژی بۆ موسوڵمانان کردووەو وەعزی داداوە. ژنەکەش بۆکاری موتعەیەکی دیکە ملی ناوە. داخۆ ئەو موسڵمانەی دیکە کێیەو بەبڕی چەند شەوێکی دی لەگەڵی رابوێری.

رەنگە ئەم مەسەلەیە بەلای کۆمەڵگە شافعی مەزهەبەکانەوە، مەسەلەیەکی ناماقوڵو سەمەرە بێتو شوێنکەوتووانی ئەم ئایینە بڕوا نەکەن ئایەتێکی لەم چەشنە لە قورئاندا هەبێت. بەڵام ئەمە پەیوەندی بەخواستو حەزو شارەزایی، یان بەبێئاگایی ئێمەو ئیجتیهادی مەزهەبەکانەوە نییە. ئەو موتعەیەی لەلای شافعی حەرامە، لەلای حەنەفی حەڵاڵە! لای مالکی حەرامە، لای ئەوزاعی حەڵاڵە! لەکاتێکدا هەموویان لەسەر سوننە دەژمێردێن! یان لای مەزهەبی دوانزە ئیمامی شیعەکان حەڵاڵەو بەسەدەها کتێبیان لەسەر بڵاوکردووەتەوەو بەتوندی بەرگری لێدەکەن. لە وڵاتێکی وەك ئێراندا، کە یاساکانی ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی تەشریعو رێچکەی شیعەگەرایی بە رەسمی لە دەوڵەتدا ناسراوە، رێگە دراوە بە پەیڕەوکردنی ئەم لەشفرۆشییە. هەر لە نیوەی یەکەمی ساڵانی سەدەی بیستەوە، لە ماددەو بڕگەی یاساکانی ئێراندا ئاماژەیان بۆ کردووەو رێورەسمیان بۆ داناوە. بۆ نموونە لەساڵانی 1933، 1934، 1935ی زایینیدا مادەکانی 1075، 1076، 1077، 1095، 1096، 1097،

1098ی بۆ تەرخان کراوە.[411] و ئێستاش لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئیسلامدا (جمهوری ئیسلامی ئێران) برەوی پێدراوە.

حەرامکردنی زەواجی موتعە لەلایەن خەلیفە عومەرەوە، رەنگە یەکێك بێت لەکارە هەرە جوانەکانی ئەم مرۆڤە، کە بەدرێژای تەمەنو خەلافەتی خۆی کردبێتی. بەڵام سەرهەڵدانی بیرۆکەی حەرامکردنەکە پێزانین نەبووە بە بەهاو مافە هەرە سەرەتاییەکانی ژن، بەڵکو کێشەی کۆمەڵایەتی بیرۆکەی حەرامکردنی ئەم دیاردەیەی لەلای عومەر دروست کرد. مەزهەبەکانی شیعەش، لەبەر رقو ئەو ململانێ سیاسییە مێژووییەی لەنێوان خەلیفە عەلیو خەلیفە عومەردا هەبووە، هیچ بەهایەك بۆ ئیجتیهادی عومەر دانانێن. سەرباری ئەوەش بەهانەی شەرعی دەهێننەوەو دەڵێن: عومەر بەشەرەو زەواجی موتعەش حوکمێکی ئیلاهییە، بۆ عومەر نییە دەست لەکاری خودا وەردات. بەپێی عەقیدەی ئایینیش ئەمە راستە.

حەرامکردنی موتعە کارێکی ئیجابیە. ململانێی شیعەو شوێنکەوتوانی مەزهەبی شافعی، لەگەڵ ئیجتیهادی عومەردا دەیکەنو رکەبەرایەتی یەکتر دەکەن، بەرژەوەندییەکی سیاسی لەپشتەوەیە نەك ئینسانیو ئەخلاقی. لێرەدا ئاستی بیرو زادەی گەشەسەندنی ئەقڵی مرۆڤایەتی کەسێکی وەك عومەر، لە خورافەی زانیارییەکانی ئاسمان، باشترو روونترو ئینسانیانەتر دەبینین. ئایینی ئیسلام، کە باس لە ئەبەدی بوونی یاساکانی خۆی دەکات، وا پێویستی دەکرد دەخالەتی لە کارێکدا نەکردایە کە شارەزایی لێی نییە، ئەگەرنا، هیچ نەبا لە کەسێکی وەك خەلیفە عومەر قووڵتر قسەی لەسەر دیاردە سروشتییەکان بکردایەو چارەسەرێکی پێشنیار بکردایە کە لە هەموو زەمەنو شوێنێکدا بگونجایە.

411 توفيق الفكيكى.. المتعة واثرها فى الاصلاح الاجتماعي. مطبوعات النجاح بالقاهرة (السنة مجهولة) ص76



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

## پاشکۆی موتعە

دەسەڵاتە یەك لەدوا یەکەکانی دوای خەلافەتی عومەر, ڕێخۆشکەر بوون بۆ مانەوەو درێژەدان بە زەواجی موتعە. بەتایبەت لە دەوڵەتی عەباسیدا موتعەیان حەڵاڵو مومارەسە کردووە. بەسەرهاتی صەحابەو ئیماندارە ناودارەکانی مێژووی ئیسلام لەم بارەیەوە زۆرن. دەگێڕنەوە: لەسەردەمی خەلافەتی سێهەمی زێڕیندا (ولید بن عقبة بن ابي معيط) والی شاری کوفە بووە, والییەکی سێکسبازو مەشروبخۆر بووە, ئێواران تاشەوانی درەنگ بەسێکسو مەشروبەوە لەگەڵ کەنیزەکدا خەریك بووە, لە درەنگانێکدا خەوی لێکەوتووە, جاری واهەبوو هەتا بەیانی لەسەر سفرەی مەشروب دانیشتووە. بەیانییەکیان بۆ پێشنوێژی جەماعەت بەسەرخۆشی دەچێتە مزگەوتو پێشنوێژی بۆ خەڵکی دەکات, لەجیاتی دوو ڕکات دەیکات بەسیانو سەلامیش ناداتەوە, سەیرێکی دواوەی خۆی دەکاو بەنوێژکەرەکان دەڵێ: ئەگەر پێتان خۆشە دەیکەم بەچوار. لەسەر ئەم بەزمەی, بە فەرمانی خەلیفە(عوسمان), عەلی کوڕکی ئەبی تالب (40) شوولی لێداوە.[412]

لەشاری مەککەدا پیاوێکی قوڕەیشی ماڵەکەی خۆی تەرخان کردبوو بۆ ئەم جۆرە لەشفرۆشیە. بە دزییەوە پیاوانو ئافرەتانی شارەکەی بۆ یەکتر کۆدەکردنەوە. خەڵکی شکایەتی خۆیان گەیاندە والی‌و لە شارەکە دەریانکرد. ئەویش لەعەرەفات نیشتەجێ بوو. لەوێش وازی نەهێناوە, ڕۆژانە بە سواری کەر, نەفەری بە دوو درهەم, لەمەککەوە پیاوانو ژنانی دەبرد بۆ عەرەفات, پاش ڕابواردنیان دەیگێڕانەوە بۆ مەککە, ڕۆژانە بە سواری کەرەکەی چەندین سەفەری بۆ کێوی عەرەفات کردووەو گەڕاوەتەوە. بەمەش پارەی باشتری دەستدەکەوت. جارێکی دیکە خەڵکەکە شکایەتی لێدەکەنەوە. دەیگرنو دەیهێننەوە بۆ لای والی. والی لێی تورە دەبێتو پێی دەڵێت: تۆم لە نزیك ماڵی خوا دەرکرد, چویت لە کێوێکی پیرۆزدا ماڵت پێکەوە ناوەو کاری خراپ دەکەیت؟؟ ئەویش وەڵامی دەداتەوە: قوربان درۆ دەکەنو حەسودیم پێ دەبەن. شکاتکەران هاتنە قسەو وتیان: ئێمە بەڵگەمان

---

412 لەم سەرچاوەیەدا ئاماژە بۆ شوولێ لێدانەکەی کراوە: صحيح البخاري, كتاب فضائل الصحابة. باب: هجرة الحبشة. حديث3659



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

هەیە, کەرێك هەیە بەڵەدی ڕێگەکە بووە, بەرەڵای بکەن, ئەگەر یەکسەر چووە ماڵی ئەووەوە, ئەوە ئێمە ڕاست دەکەین. والیش بەم بەڵگەیە قایل دەبێو کەرەکە بەرەڵا دەکەنو ئەویش ڕێك دەچێتە ماڵی کابراوە. بەمە والی فەرمان دەکات شووڵی لێ بدەن. کابراش دەست دەکات بەگریان. والی پێی دەڵێت: ئەوە بۆ دەگریت؟ ئەویش دەڵێت: بڕوات هەبێت لەبەر لێدانەکە بێتاقەت نیم, من بێتاقەتی ئەوەم کە خەڵکی عێراق گاڵتەمان پێ بکەنو بڵێن خەڵکی مەککە ڕێگەیان بە شاهیدی کەر داوە.[413]

ئیمامی گەورەی موسڵمانان, سیوتی, لەباسکردنی خەلیفەی موسڵمانانی دەوڵەتی ئەمەویدا (الولید بن یزید بن عبد الملك بن مروان بن الحكم 125,126هـ) باسی کۆمەڵێك ئاکاری زۆر سەرسوڕهێنەر دەکات, لەوانە: (گەنجێکی زۆر جوان بووە بەڵام خەلیفەیەکی فاسق, نێرباز, مێباز, دەستدرێژی کردووەتە سەر ئافرەتان, باوەژنەکانی خۆی مارە کردووەتەوە, کفری خواو قورئانی کردووە). سیوتی لە دێڕێکدا دەڵێ:

وكان فاسقا شريبا للخمر منتهكا حرمات الله أراد الحج ليشرب فوق ظهر الكعبة.[414]

هەروەها فاسقو مەشروبخۆر بووە, سنووری حەرامەکانی خوای بەزاندبوو, ویستی حەجێك بکات تا لە سەربانی کەعبەدا مەشروب بخواتەوە.

لە دەستپێکردنی تاریکی دوای ئێوارە وەختانەوە تا بەرەبەیان, لەحەرامسەرای ئەم خەلیفەیەدا, دەگەو ڕەقسو خواردنەوەو سێکس بەردەوام بووە. لە شەوێکدا زیاتر لە پێنج زەواجی موتعە جێبەجێ بووە.

لەسەردەمی خەلافەتی عەباسیدا کار گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی وەك (د.سلیمان) دەڵێ: زۆربەی هەرە زۆری حانەکان (نادیەکان) ئافرەت بەڕێوەیدەبردن, بەتایبەتی کچان. هەر کەسێکیان بناسیایە دەرگایان لێدەکردنەوەو میوانەکانیش هەتا بەیانی خەریکی مەشروبو موتعە دەبوون.[415] زۆر لەو حانانەش ناسراو بوون. لەوانە: حانەی بستان صباح[416], باري,

---

413 ابن قيم الجوزية: أخبار النساء ص 235

414 بروانە جلاالدين السيوطي, تأريخ الخلفاء. لەباسی ژیاننامەی ئەم خەلیفەیەدا.

415 حريتاني: د. سليمان الحريتاني, الخمرة. دار الحصاد للنشر – سورية, دمشق. طبعة 1996 ص 81و82

416 هەمان سەرچاوە ل 108



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

بني, كلواذي, قطربل, طير ناباد, القفص..و زۆری دیکە.[417]

لەناو ئەم نادیانەدا لەشفرۆشەکان بەناوی موتعەوە سێکسبازیان کردووەو پیاوە گەورەکانی شارو (قاضی)یەکان دەچوونە لایان وەك هەرسێ (قاضی)یە ناسراوەکەی سەردەمی عەباسی (ابن قريعة, ابن معروف, التنوخی).[418]

ئافرەتیش بۆخۆی دەوری لە مەشروبو سێکسبازیدا هەبووە. کتێبی (کتاب الاغاني) باس لە ژنی خەلیفە (هیشام بن عبدالملك) دەکات کە بە (ام حکیم) ناسراو بوو. ئەم ژنە لەسەر مەشروب خواردنەوە ڕاهاتبوو, نەیدەتوانی بەبێ مەشروب بژی, بەگۆرانیو خواردنەوەی مەشروب شەوانی دەبردەسەر. لەپەرداخێکدا مەشروبی دەخواردەوە کە لە ئاڵتوونو بەقەبارەیەکی گەورە دروستکرابوو, کێشی ئاڵتوونەکەش نزیکەی هەشتا مسقاڵ بووە. ئەم پەرداخە ناوبانگی بەڕادەیەك دەرکردبوو لەدوای مردنی خەلیفەی مێردی, خەلیفە (ولید بن یزید) شانازی پێوەدەکردو هەر لەو پەرداخە مەشروبی دەخواردەوە.[419]

هارونە ڕەشیدیش یەکێکە لەمەشروبخۆرو سێکسبازە سەرسوڕهێنەرەکانو لەم بارەیەوە ناوبانگی دەرکردبوو, تەنانەت (د.شوقی ضیف)یش لەکتێبە نایابەکەیدا لە یەکێکی وەك ئیبن خەلدونەوە دەربارەی ئەم زاتە نوسیویەتیو دەڵێ: ئیبن خەلدون بۆ شەرعیبوونی مەشروب خواردنەوەو سێکسبازی هارونە ڕەشید دەڵێ: (هاروونە ڕەشید ئەو کارەی لەسەر فتواو مەزهەبی ئەهلی عێراق کردووە.) ئەم قسەیەی (ابن خلدون) جێی سەرسوڕمانە, با ئێمە وەك ئەو هەڵنەخەڵەتێینو کارەکانی هاروونە ڕەشیدو ڕەشیدییەکانو خەلیفەکانی دیکە ئاوا باس نەکەین کە ڕۆژانە سەد نوێژیان کردووەو هەموو ساڵێ حەجو عەمرەیان بەجێهێناوە, بەڵکو با باسی ڕابواردنو مەشروب خواردنەوەکەیان بکەینو ڕاستگۆیانە بڵێین پیاوانێکی هەوەسباز بوون! ئەوەتا خەلیفە (ئەمین) کۆشکی خەلیفایەتی بۆ دەگەو سەماو ڕابواردنو مەشروب خواردنەوە بەکارهێناوەو لەبری ئەوەی پێی بڵێین کۆشکی خەلافەت پێیان گوتووە کۆشکی

---

417 هەمان سەرچاوە ل 109

418 هەمان سەرچاوە ل 91

419 اصفهاني: ابو فرح الاصفهاني, كتاب الاغاني. ط 1974 م 3 ص 347-351



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

شەوانی نەزاهەت.[420]

## کۆتایی

سێکس‌و غەریزەکانی, جیاوازیی رەگەزەکانی, دیاردەیەکی سروشتکردن. پاڵنەری سێکس‌و کێشەکانی, پەیوەندییە رەگەزەکانی, نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی, دیاردەیەکی مێژووکردن. ئایینەکان, بەشێوەیەکی گشتی, قسەیان لەسەر ئەم چەمکانە کردووەو کۆمەڵێك بۆچوونی خۆیان لەسەر بنیاتناوە. بەراورد بە ئایینەکانی دیکە, ئایینی ئیسلام زۆرترین دەخالەتی تێدا کردووە. بەشێوەیەك چووەتە ناو هاوکێشەکانەوە, کە ببێتە کێشەیەکی گرنگ‌و بنەڕەتی بۆ ئایینەکەو بۆ شوێنکەوتوانیشی.

پاڵپشت بە بەرهەمە مێژووییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست, نەریت‌و کلتووری نیوە دورگەی عەرەب, کە ئیسلام تێیدا سەریهەڵدا, کاریگەری گرنگیان هەبووە لە گەشەسەندنی ئایینەکەو مانەوەی ئەو کێشانەی کە ئێستا لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا بەرچاون. ئەو یاسایانەی لە ئیسلامدا هەڵقولاّن, سەرەتای سەرهەڵدانیان دەگەڕێنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو ساتە وەختانەی کە ئیسلام تێیدا گەشەی کرد. ئیسلام, 23ساڵ لەنیوە دوورگەی عەرەبدا ژیا. کلتورەکەی, یاساکەی, نەریتەکەی, هەلومەرجە ئابووریەکەی, تێڕوانینیان بۆ داهاتوو, جیاوازی چینایەتی, لەگەڵ گۆڕانکارییەکی زۆر کەمدا, بوونە بەشێکی گەورە لە یاساو رێسای ئیسلام. لەبەر ئەوەی موحەممەد, لەماوەی ئەو بیست‌و سێ ساڵەدا, نەیتوانی لە دەرەوەی نیوە دورگەی عەرەبدا ژیان بباتەسەر. جگە لە نەریت‌و فەرهەنگی کۆمەڵگەکەی, نەیتوانی یاسایەك لە قورئاندا داهێنێت کە لەگەڵ نەریتی ناوچەکەیدا یەکنەگرێتەوە. گەر سەردانێکی کورتخایەنی دەرەوەی دوورگەی بکردایەو لە نزیکەوە شارەزای شارستانیەتی ناوچەکانی دەوروبەری بوایە, رەنگ بوو رێکەوت گۆڕانێکی بنەڕەتی لەم ئایینەدا دروستبکردایە. بەپێچەوانەوە, بەشی زۆری یاساکانی لەبەرهەمی نەریتی خێڵە عەرەبەکانی

420 ضيف: د. شوقي ضيف, العصر العباسي الاول, ط 1995 بيروت , لبنان. ص225 .



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

مەککەو مەدینەو ئارەزووەکانی ئەقڵی خەڵکە ڕەشۆکەکە بوون.

ناوەڕۆکی ئەم ئایینە وابەستەیە بە کۆمەڵێك گرفتی ناوچەیەکی دیاریکراو. جەنگ بۆ دەستکەوتو دەسەڵات, بازرگانی بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە, سەرکوتکردنی ئافرەتان بۆ تێربوونی غەریزەی سێکسو مانەوەی ئەقڵی پیاوسالاری. ئەم نەریتانە لە هەرە دیارەکانیان بوو. ئیسلام زۆرترین قسەوباسی لەسەر چەمکەکانی حوکمڕانی, ئابووری, چینایەتی هەیە. سەدان ئایەتو قسەی موحەممەد لەسەر ئەم سێ کوچکەیە نوسراون, کە لە عەقیدەی موسڵمانەکاندا قابیلی گۆڕان نین. یاسایەکیش قابیلی گۆڕان نەبێت, لە توانایدا نییە کاریگەری ئیجابی لەسەر چارەسەرکردنی کێشە نوێیەکان هەبێت. ئەنجام زۆرترین کێشەش دەخوڵقێنێت. ئاوێتە نەبوونی یاسا لەگەڵ سەردەمدا کێشەکانی ڕۆژانە زیاتر دەکات, بەرە بەرە بەشێك لەکێشەکانیش گەورە دەبنو لە کۆنترۆڵ دەردەچن. مێژووی ئیسلامیش بەم ڕەوتەدا تێپەڕ بووە.

یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی ئایینی ئیسلام, لەپاڵ چارەسەرنەکردنی کێشەکانی پایەی دەوڵەتو حوکمڕانیو تێزی موسەیەرو موخەییەر ومەسەلەی چینایەتی..تاد, چارەسەرنەکردنی کێشەی سێکسو سەرکوتکردنی ئافرەتانە. باوەڕهێنان بەئیسلام واتە باوەڕهێنان بەجەنگ بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتەکانی پیاو. بە ناوی غەزاوە, بۆ دەستکەوتو کەڵەکەکردنی سەرمایەی پیاو, ناوچەکانیان داگیرکردووەو مێژوویان پڕ کردووە لە گۆمی خوێن. لەوەتەی هێزیان پێکهێناوە لە شەڕو کوشتاردان. چەوساندنەوەی ڕەگەزیو سەرکوتکردنی ئافرەتیش بۆ خزمەتکردنو خاڵیکردنەوەی ئارەزووەکانی سێکسی پیاو, یەکێکی دیکەیە لە یاسا هەرە دیارەکانی ئەم ئایینە تا پیاو بتوانێت هەمیشە لە ئامادەباشیدا بێت بۆ ئەم جۆرە جەنگە.

توانیمان ئەو بەڵگانە بخەینە ڕوو کە ئیسلام چەوساندنەوەی بەردەوامی بۆ ئافرەت هەیە. مەعریفەیان لەسەر سێکسو ئافرەت وەك دیاردەو بوونەوەرێکی سروشتی نەبووە, لە بەرامبەریشدا سەدان هەزار ئافرەتیان لەسەر سێکسو مافە سەرەتاییەکانیان خەڵتانی خوێن کردووە. تەنانەت زانیاری هەڵەیان لەسەر مێژووی پێش خۆیان هەبووەو بەشی زۆری

ڕووداوەکانیشیان دەستکاری کردووە.[421] سایکۆلۆژییەتی ئەقڵی پیاوی موسڵمان وا پەروەردە کراوە کە دەسەڵاتو سامانو غەریزە سێکسییەکانی هەمیشە لە لێواری دارمانو برسێتیدابن, ئەرکی هەموو تاکێکی موسڵمانە هەوڵی پاراستنیان بداو لە پێناویاندا جەنگو کوشتاریان بۆ بکات. بە بۆچوونی موسڵمانەکان, ئایینی ئیسلام وەك یاسایەك بۆ تەواوی مرۆڤایەتی هاتووەو تا هەتایە دەبێ بەرقەرار بێت:

مَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ.[422]

مَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ.[423]

مَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ.[424]

هەرکەسێك, بەو یاسایانەی خوا دایبەزاندوون, حوکم نەکات کافرو زۆردارو فاسقە.

لەم ئایینەدا پلەو پایەی ئافرەتان, لەگەڵ پیاواندا, یەکسان نییە, لە نەریتی ئەو کاتەو ئایینو لۆژیکی موحەممەددا نەگونجاوەو باش نەبووە ئەم دوو ڕەگەزە ببنە هاوشانی یەکتر, بە پێچەوانەوە ئایینەکەی سەرنەدەکەوت. ئایینزاکانی ئیسلام لە درکاندنی ئەم ڕاستییەدا شەرم دەکەنو لەگەڵ خۆیانو خەڵکیدا ڕاستگۆ نین. لەبەر ئەوەی ئەم ئایینە لە هێزو سامانو تێرکردنی غەریزەو کلتورەوە ڕوانیویەتە ژیانی مرۆڤایەتی, لە بیرکردنەوەیاندا (هێز) لای ئەو ماسولکانە بووە کە جەنگاوەرو مرۆڤ کوژن, (سامان) لە دەستکەوتەکانی شەڕو بازرگانیەو پێویستی بە هێزی ماسولکەی بەهێزە بۆ پەیداکردنی. ئەم جۆرە هێزو ماسولکەیەش لای پیاوە نەك ئافرەت. ئەوەی شمشێری دەوەشێنێ پیاوە نەك ئافرەت. غەریزەی سێکسیش پیاو هەیەتی نەك ئافرەت. جا بۆ ئەوەی ئەم ماسولکەیە, هەمیشە ئامادەباش بێت تا پارێزگاری لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی ئایینەکەی بکات, پێویستە هەرچی خولقێنەری خوا هەیە لەخزمەتی

---

421 ئەو چیرۆکانەی لە قورئاندا نوسراون, وەك چیرۆکەکانی ئیبراهیمو سلێمانو لووتو زۆری دیکە, لە ئایینەکانی دیکەوە وەریگرتوون, بەتایبەت تەورات, کۆمەڵێك بەسەرهاتی تێدا گۆڕیوە. خوێنەر دەتوانێت یەك لەو چیرۆکانە هەڵبژێرێتو بەراوردی بکات.

422 المائدة 44

423 المائدة 45

424 المائدة 47



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

پیاودا بێت. ئافرەت توانای ئەم کارانەی نییە بۆیە دەبێت سەرشۆڕو ملکەچی فەرمانەکانی پیاو بێت. هەر داواکارییەکیان هەبوو, ئەرکی یەکەمیانە بۆیان جێبجێ بکەنو سەرپێچیان نەکەن. جگە لەوەی وەسیلەیەکن بۆ خاڵیکردنەوەی هەوەسی پیاو هەروەها کارگەیەکیشن بۆ وەچەخستنەوەو بەخێوکردنی منداڵ. ئەم تێگەیشتنانە لە ئیسلامدا بنەمایەکی نەگۆڕن. پێچەوانەی ئەم ڕاستییانەش دەقێك لە ئیسلامدا تۆمار نەکراوە.

لە ئیسلامدا ئافرەت مافی نییە بە ئارەزووی خۆی چێژ لە هەوەسە سێکسییەکانی وەرگرێت, بەڵام پیاو بۆی هەیە زێی ئافرەت, بەپێی عەقدێك بکڕێ, گوایە مارەی دەکات. تا هێزو تەمەنی تێدابێت, بۆ خاڵیکردنەوەی ئارەزووەکانو پاڵنەرە سێکسییەکانی خۆی بەکاری دەهێنێت. گەر ئارەزووی کرد دووانو سیانی دیکەش, یان دەیان کەنیزەك بکڕێو بەهەمان شێوە سوودیان لێوەربگرێت. لە ئیسلامدا نرخی ئافرەت جیاوازی هەیە. هەرزانەکانی ئەو ئافرەتانەن کە خواکەیان بە ناشیرینی یاخود بە هەژاری دروستی کردوون. کرێی ڕابواردنیان نرخێکی دیاریکراو دەهێنێت, هەرزانن. گرانەکانیش ئەو ئافرەتانەن کە جوانن, یاخود لە خێڵێکی کاربەدەستو دەوڵەمەندن, نرخی بازاڕیان زیاترە. لە ڕوانینی پیاوەکانی خوادا جیاوازی لە نێوان لاشەی ئافرەتدا هەیەو کرێی مارەییان لە مستیلەیەکی ئاسنەوە دەست پێدەکات بۆ یەك تەویلە, یان یەك ئەسپ, یەك حوشتر, یەك مسقاڵ ئاڵتوون, تا دەگاتە کاروانێك, شمەکی بازرگانی, بە سەدان حوشترو سەدان لیرەی ڕەشادی کۆتایی دێت. پارەو شمەکەکانیش بۆ گەورەو سەرداری ئافرەتەکانن. ئافرەتان مافیان نییە لەم سەوداو مامەڵەیەدا قسەیان هەبێت. لەچەندین سوڵحی خێڵەکیدا ئافرەت لەبری خوێن پێشکەش بە پیاوی موسڵمان کراوە. لەناو پیاوە موسڵمانەکاندا, چەندین جار لەسەر کێشەیەکی ڕۆژانەی ئاسایی, کەسێك کوژراوە, زێی ئافرەت دەوری باش لە خۆشکردنەوەی ئەو خوێنەدا بینیوەو دوژمنایەتی نێوان پیاوەکانی کپ کردۆتەوە. ئەم حەوت سانتیمەترە لە گۆشتی ئافرەت بووە بە شەرەفی پیاوانو وەك دیارییەك پێشکەش بە پیاوانی دیکە کراوە بۆ ئەوەی خوێنی دیکە نەڕژێت.

پیاوی موسڵمان دەتوانێ یەك یەکو کۆمەڵ کۆمەڵ ئافرەت بکڕێو بفرۆشێو مەنزڵگا بۆ لەشفرۆشییان دروست بکاو دەستکەوتیشی هەبێ. لەسعودییە بەناوی زەواجی مسیارەوە,

لەمیسر بەناوی زەواجی عورفییەوە, لەئێران بەناوی زەواجی موتعەوە, لەشفرشی بە ئافرەتان دەکەن. ئەم ئاکارانەش, لەبەر ئەوەی خودی پیاو سەرپەرشتیان دەکات, لەئیسلامدا حەڵاڵن. پیاو هەرچییەك بکات حەڵاڵەو گرنگ دوو خاڵە, یەکەمیان بەسەرپەرشتی خۆی بەرێوەبچێ نەك ئافرەت, دووهەمیان دەستکەوتێکی ماددی بەناوی کرێ (أجر)ەوە تێیدا بێت. چونکە لەئەزەلەوە هەر پیاو بووە یاسای داناوە, هەر ئەویش بەهای ناوگەڵی ئافرەتەکان دەزانێت نەك ئافرەت. هەر گۆڕانکارییەکیش روودبدات دەبێ پیاوی لێی ئاگادار بکرێتەوەو رەزامەندی پیاوی تێدا بێت, دوابڕیار لای جێنشینەکانی خوا بێت نەك ئافرەت.

کاتێك ئافرەت هەست بەبوونی خۆی دەکاو لەم کلتوورە رەشۆکیە رادەپەرێت, ئەم راپەرینە لە قورئاندا ناونراوە بەلەسەبوون یان یاخی بوونو دەکەونە بەر هەرەشەی تەمبێ کردنو لێدان.[425] سەرپەشتیکردنی ئافرەت لە لایەن خۆیەوە لە حەرامەکانە. گەر خۆی خاوەنی خۆی بوو, بەویستی خۆی سێکسی کرد, بەئارەزووی خۆی زەواجی کرد, کرێ وەربگرێت یان..نا, لەئیسلامدا حەرامە. شەرەفو ناموسی پیاوەکان ئەوە قبوڵ ناکەن ئافرەت ئازاد بێو ناوگەڵی ژنەکەی یان کچو دایكو خوشکەکەی بەدەست خۆیانەوە بن. ئازادیی ئافرەت, لە بیری خێڵەکیو دەستوری رەشۆکیو یاساکانی خواو پەیامبەرەکەیدا, قابیلی قبوڵ نییەو ناشبێت. هەر ئافرەتێك لەم یاسایە دەرچوو بێشەرەفو بێناموسە, هەر ئافرەتێکیش ئەمەی بەرەوا بینی ئەوە لەخواترسێکی بەوەفاو ملکەچێکی چاکی خواو پەیامبەرەکەیەتی, بەبەهەشتی بەرینی خەیاڵ شادی دەکەن.

پیاو, لافو گەزاف لێدەداو بەسەربەرزییەوە باسی پەیوەندییە سێکسییەکانی خۆی لەگەڵ ئافرەتاندا دەکات. ئافرەتانیش باجی شەهامەتی پیاوەکان دەدەن. ئیهانە دەکرێن, بەسەرشۆڕ ناویان دەبەن. ئایینزاکانی ئایینی ئیسلام بەناوی شەرەفو ناموسەوە کچو ئافرەتو خوشكو دایکی خۆیان دەکوژن تەنها بۆ ئەوەی بەخەڵکی بلێن خاوەن شەرەفین. بەمانایەکی دی, بۆ پاراستنی شەرەفی ئایینی ئیسلام (ئافرەت) لەکەدار دەکەنو سەریان دەبڕن. چەمکەکانی ئازادی ئافرەت, بۆ پیاو, مایەی ترسناکییە, دیمەنەکانی ئازادیش, مایەی

425 النساء 34

سەرشۆڕیو بێشەرەفییە. هەر كامێكیان بێت، بۆ پیاو مایەی لەدەستدانی دەسەڵاتو شەهامەتو ئەقڵی پیاوسالارییە. كەواتە پیاو هەوڵدەدات لەكاروبارەكانی ئافرەتدا ئامادە بێت تا دوا بڕیار لەلای خۆیەوە دەرچێتو پارێزگاری لە شەرەفەكەی بكات. نەهێڵێ ئەم شەرەفە لە ناوگەڵی ئافرەتەكە بكەوێتە خوارەوە. گەر موسڵمانێك بینی یەكێك لە ئافرەتە نزیكەكانی خۆی، سێكس لەگەڵ كەسێك دەكات، مەمكەكانی هەڵدەگلۆفێ، لێوەكانی دەلیسێتەوە، قسەی خۆشەویستیو دەستبازی دەكەن، نامە بۆ یەكتر دەنێرن، یەكسەر ئافرەتەكە دەكوژێت. لە یاسای دەوڵەتە ئیسلامییەكاندا، گەر پیاوێك لەسەر شەرەف ئافرەتێكی نزیك لەخۆی كوشت، بەمرۆڤكوژ تەماشا ناكرێتو سزای بەسەردا جێبەجێ نابێت. بەڵكو وەك پیاوێكی شەهیم ناوبانگ پەیدا دەكات، كە تانەیەكی ڕەشی بەتەوێڵی ئیسلامەوە سڕیوەتەوە. ئەو شەرەفە گەورەیەی خوا بە پیاوی موسڵمانی بەخشیوە، بەسەر دایكو خوشكو ژنو كچی موسڵمانەكاندا دابەش بووە، شوێنی هەڵگرتنی شەرەفەكەش، لەبۆچوونی موسڵمانەكاندا، لەناوگەڵیاندایەو درێژیەكەی لە پێنج سانتیمەترەوە دەست پێدەكات تا دەگاتە نۆ سانتیمەتر. دەبوو پیاوە موسڵمانەكان لە كاتی نوسینەوەی وەحیی پەیامبەرەكەیاندا لە مەحەممەدیان بپرسیایە: گەر موسڵمانێك دایكو خوشكو ژنو كچی نەبوو، شەرەفەكەی لە كوێدایەو چۆن پەیدای بكات؟!

لە ڕاستیدا جێی سەرسوڕمانە كە موسڵمانەكان بە شێوەیەكی گشتیو ئافرەتان بە تایبەتی، ئایینو مێژووی سەرهەڵدانی ئایینەكەیان ناخوێننەوە، گوێبیستی عەمامەبەسەرەكانی مزگەوتو تەكییەكان دەبن. گەر ئافرەتان، نەك لە ڕێی مەلاو ئاینزاكانەوە، بەڵكو خۆیان سەرچاوە باوەڕپێكراوی ئیسلام بخوێننەوەو لێی تێبگەن، قێز لە بیركردنەوەی خۆیانو لەو ئایینەش دەكەنەوە كە ئەم جۆرە یاسایانەی داناوە.

ئەم تێگەیشتنە هەڵانەی ئیسلام، بەرامبەر بە ئافرەت، یەكێكە لەو بەرهەمە تاڵانەی كە لە كلتوری خێڵەكانی نیوە دورگەی عەرەبەوە بۆ كۆمەڵگەكانی دیكە ماونەتەوە. حیجابیان بەسەردا سەپێنراوە، مێردەكانیان مافیان هەیە تەڵاقیان بدەنو دواتر مارەبەجاشیان پێ بكەن، ژنیان بەسەردا بهێنن، مافیان هەیە درۆیان لەگەڵ بكەن، گەر مێردەكانیان لە سێكس تێر نەكەن مەلائیكەتەكان لەعنەتیان لێ دەكەن، تا ئارەزووی مێردەكانیان جێبەجێ نەكەن ئەركی

سێكس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

خوایان جێبەجێ نەکردووە, هەرئافرەتێك مردو مێردەکەی لێی رازی نەبوو، ناچێتە بەهەشتەوە, بە رەزامەندیو ئاگاداری مێردەکەی نەبێت نابێت لەماڵەکەی بچێتە دەرەوە, تەنانەت نابێت رۆژووش بگرێت, گەر چووە دەرەوە زیناکەرە, بۆنی خۆش لە خۆی بدات زیناکەرە, ببێتە بەرپرسو سەرداری شوێنێك ڕووداوی ناخۆش دروست دەبێت, بەئارەزووی خۆیان شوو ناکەنو مارەییەکەیان بەتاڵە, گەورەترین فیتنەی سەر زەوین, لە نەگبەتییەکانی پیاون, لە پەراسوویەکی خوار دروست کراون, بۆ خۆشییەکانی پیاو دروست کراون, کێڵگەی پیاوانن, لەپێشەوە بوو, لەپاشەوە بوو, دەبێ دڵی مێردەکانیان رازی بکەن, لە میراتدا نیوەیان بەردەکەوێت, پلەیەك لەخوار پیاوەوەن, ناقص ئەقڵن, ناقص دینن, خەتەنە دەکرێن, ئەوانەشی نێرەمووکن, یاخود رەوشتی پیاوانەیان هەیە شاربەدەر دەکرێن, لە هەر هێرشێکدا بە دیلی بگیرێن دەبنە کەنیزەکو بۆ خاوەنەکانیان حەڵاڵە جووتیان بن, لەسەر ماچێك, سەد شوولّیان لیّ دەدرێت, لەسەر سێکسێك بەردباران دەکرێن, گەر پیسایی مێردەکانیان بلێسنەوە هێشتا هەقی مێردیان نەداوە, لەو دنیاش کەمترین مافیان پێ نادرێو دەگەڕێنەوە بۆلای مێردە کۆنەکانیان, گەر ئەم یاسانەیان قبوڵ نەبوو دونیا ژێراوژوور دەبێ و قیامەت روو دەدات, ئەمانە مافە بنەڕەتییەکانی ئافرەتە لە ئایینی ئیسلامدا.

دەقەکانی ئیسلام رەنگدانەوەی ئەو رەهەندە کۆمەڵایەتیو ئایدۆلۆژیانەن کە هەمیشە لە هەوڵی بەرزڕاگرتنی پێگەی پیاواندان. ئەو پیرۆزییەی لە ئیسلامدا بە پیاو دراوە, لە دەرئەنجامی کێشمەکێشی چینایەتیو خێڵایەتییەکانی نیوە دوورگەی عەرەب بەرهەم هاتووە. لە یاسای کۆمەڵگا دیموکراتیو مەدەنییەکاندا, لەنێوان ئەو پیاوە ئیماندارەی, بەبێ رەزامەندی, کچەکەی دەدات بەشوو, لەگەڵ ئەو گەووادە بێ ئیمانەی کەئافرەت بۆ رابواردنی پیاوێك ئامادە دەکات, جیاوازییان نییە. هەردوولایان پارە وەردەگرن. ئەوەی تێیدا هاوبەشن ئامانجو دەستکەوتە, ئەوەی جیایان دەکاتەوە نرخەکەیەتی. لەهەردوو لاشدا پیاو سەرپەرشیاری یەکەمو کۆتاییە. ئافرەتیش سوتێنەری حەزەکانی هەردوولایە.

ناساندنی ئیسلام وەك خۆیو بەراوردکردنی لەگەڵ لۆژیکی سەردەمدا, شیکردنەوەی دەقەکانی ئیسلام, دوور لە وەرگێڕە ئایینزاکان, مایەی دارمانی ئەم کلتورە رەشۆکیەیە. هەرکاتێك تاك یاخود کۆمەڵگە توانی بەبێ وەرگێڕ راڤەی راستەقینەی دەقەکانی ئیسلام

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

بکات, لەهەموو کۆمەڵگەیەکی دی زووتر لەم کلتووره سواوه تەقلیدییه رزگاری دەبێت. رەهەندە مەعریفییەکانی ژیانیش پێمان دەڵێن: ئافرەت بەشێکی گرنگ بووه لەرابردوو. بەشێکی گرنگیش دەبێت بۆ داهاتوو. داهاتووی گەشی ئافرەت, چارەنووسی گەشی ژیانی گشت مرۆڤایەتییه.

وا دەخوازرێت بە زمانێکی سادە لە ئیسلام بدوێین. بەشی زۆری شوێنکەوتووانی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لەرێی زانستو زانیارییەوە نەگەیشتوونەتە باوەڕیان بە ئایینەکە, بەڵکو شوێنکەوتەی نەریتو کلتوری باووباپیریان بوون, یاخود هەر لە منداڵییەوە رایانهێناونو مێشکیان پڕ کردوون لەخورافەی موقەددەس. لێرەدا زمانێك پێویستە کە کۆمەڵگایەکی لەم چەشنە لێی تێبگات. پێکەوە ئەو کۆتو زنجیرانە بپچڕێنین کەبیرکردنەوەی خەڵکە سادەکەی شێواندووە, ئەو دەروازانە بشکێنین کە بینینی ئەقڵە سادەکانی بۆ ژیانو گەردوونو چارەنووس تەڵخو بێمانا کردووە, ئەو ئەقڵە دۆگماکراوانە راچڵەکێنین کە نەشارەزایانەو موتڵەقانە دەڕواننە گوتارو یاساکانی ئایین. ئایینێکی وەك ئیسلام, کە لە سەردەمانی زوودا هۆکارێك بوبێت بۆ یەکخستنی خێڵە پەرشو بڵاوەکانی نیوە دوورگەی عەرەبو گۆڕانکارییەکی کەمی لە ژیانی شپرزەیی ئەو ناوچەیە دروست کردبێت, ئەوا لەم سەردەمەدا بووتە مایەی سەرلێشێواندنو ترسو بیمو تێکدانو کوشتنو پێداگرتن لەسەر جیاوازی چینایەتی. کاتی ئەوە هاتووە, ئەو تێگەیشتنە تەقلیدییە خەیاڵییەی ئیماندار بۆ ئیسلام هەیەتی, بیگۆڕین بۆ واقیعبینییەکی زانستی.

بەبۆچوونی من سێ رێگە هەیە کە بتوانین ئایینی ئیسلامی پێ بپوکێنینەوە, یەکەم: خودی ئەم ئایینە پڕە لە خورافەو هەڵەی ژمارەییو مێژوویيو رێزمانیو دژەوانە, سەرباری جیاوازی چینایەتی, دەکرێت دەقەکانی ئەم ئایینە وەك خۆی وەرگیڕینە سەر زمانە جیاوازەکانی دیکە, کاریش بکرێت بۆ بڵاوبوونەوەی تا لە نزیکەوە کۆمەڵگا ئاشنایەتی لەگەڵیاندا ببەستێت. دووهەم: دەتوانین بەزانستو زانیاری بۆچوونەکانی ئیسلام سفر بکەینەوە. کە ئەمەیان رێگەیەکی تەواو سەرکەوتووە بۆ تواندنەوەی خورافە. رێگەی سێهەم هێزە. هێز دەتوانێت لەماوەیەکی دیاریکراودا ئایین بنێرێتەوە شوێنو دۆخی حەقیقی خۆی کە ئەشکەوتەکانە.

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی

ئەقڵ و زانست و هێز, پێکەوە وەك سێ کوچکەی هەرە دیارو ئاشکرا, هۆکاری سەرەکی گۆڕانکاریی کۆمەڵگە ئایینیەکانن.

## سەرچاوەکان

**یەکەم**

**کتێبە یەکانەییەکان**

١ – التورات

٢ – الاناجيل

٣ – القرآن

**دووهەم**

**گرنگترین و باوەڕپێکراوترین ئەو کتێبانەی کە حەدیسەکانیان گواستووەتەوە** (الاحاديث):

١ – صحيح البخاري: تأليف: أبو عبد الله محمد بن إسماعيل بن إبراهيم بن المغيرة بن بردزبة البخاري, تاريخ المولد 194 :هـ تاريخ الوفاة 256 :هـ. ارتحل بين عدة بلدان" طلبًا للحديث، ولينهل من كبار علماء وشيوخ عصره في بخارى وغيرها. وكان يحفظ مائة ألف حديث صحيح، ومائتي ألف حديث غير صحيح. وتوفي ليلة عيد الفطر سنة ست وخمسين ومائتين وقد بلغ اثنتين وستين سنة. أول مصنف في الحديث الصحيح المجرد، وجاء مبوبًا على الموضوعات الفقهية. وجملة أحاديث كتابه: سبعة آلاف ومائتان وخمسة وسبعون حديثًا بالمكرر، ومن غير المكرر أربعة آلاف حديث. واسمه" :الجامع الصحيح المسند المختصر من حديث رسول، وهو أصح الكتب بعد القرآن.

٢– صحيح مسلم: تأليف :أبو الحسين مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري وُلِدَ سنة 204هـ بنيسابور، وتُوفِّيَ سنة 261هـ. رحل إلى العراق، والحجاز، ومصر، والشام، وسمع من علمائها، وشارك البخاري في بعض شيوخه، كتاب نفيس جمع فيه مؤلفه 3033حديثًا، واشترط فيها الصحة من ثلاثمائة ألف حديث مسموعة، واختار منها 3033 حديثًا فقط صحيحة، أجمعت الأمة على صحته وهو ثاني الصحيحين، ورتبه على الأبواب الفقهية، وهو كتاب جامع للأحكام، والآداب، والأخلاق، والعقائد، وغير ذلك

٣ – سنن أبي داود, تأليف :سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير بن شداد بن عمر الأزدي السجستاني وُلد في إقليم متاخم بالهند سنة 202هـ، ثم رحل إلى الشام، ومصر، وبغداد، تاريخ الوفاة 275 :هـ, كتاب جمع أبو داود فيه السنن والأحكام، ولَمَّا صنفه عرضه على أحمد بن حنبل فاستحسنه. ولم يقصر أبو داود سننه على الصحيح، بل خَرَّجَ فيه الصحيح، والحسن، والضعيف، والمحتمل، وما لم يجمع على تركه. ويُعد الكتاب من مظان الحديث الحسن، حيث جمعه من خمسمائة ألف حديث، انتقى منها 4800، ومن أحسن شراحه الإمام الخطابي في كتاب معالم السنن. وقبلته الأمة بالرضا فرض الله عنه وجزاه خير الجزاء.

٤ – الترمذي، تأليف :أبو عيسى محمد بن عيسى بن سورة بن موسى بن الضحاك السلمي الترمذي وُلِدَ سنة 209هـ، في مدينة ترمذ، وبها تُوفى سنة 279هـ. رحل إلى الحجاز، والعراق، وخُراسان، وَجَمَعَ وصنف ودرس، ثم رجع إلى ترمذ، مات سنة

279هـ.  يُعد الكتاب كتابُ فقهٍ وحديث، ولم يقصره على الصحيح، بل فيه الصحيح وغيره، واشترط على نفسه أن لا يُخَرِّج حديثًا، إلا وقد عمل به فقيه، أو احتج به محتج.

٥ – مسند أحمد : تأليف  :أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال بن أسد الشيباني , تاريخ المولد 164 :هـ تاريخ الوفاة 241 :هـ. ولد ببغداد ونشأ بها ومات بها، وطاف البلاد في طلب العلم، ودخل الكوفة والبصرة ومكة والمدينة واليمن والشام والجزيرة. جمع ما يزيد على ثمانمائة من الصحابة، وقد اتبع الإمام أحمد في كتابه الترتيب على المسانيد، فكان يأتي بأحاديث الصحابي، وبدأه المؤلف بمسانيدَ العشرةِ المبشرين بالجنة، ، وكان من منهجه الذي اتبعه في اختيار الأحاديث هو الأخذ عمن يثبت عنده صدقه وديانته، والمشهور أن أحمد انتقى أحايث المسند من بين سبعمائة ألف حديث وخمسين ألفًا حفظها.  وبالجملة فالكتاب من مظان الحديث الحسن.

٦ – سنن ابن ماجه, تأليف  :أبو عبد الله محمد بن يزيد بن ماجه الربعي القزويني تاريخ المولد209 :, تاريخ الوفاة273 : ارتحل إلى مكة، والعراق، الشام، ومصر، وقد رتبها على الكتب والأبواب، وقد اختلف العلماء حول منزلتها من كتب السنة.  منها: الصحيح، والحسن، والضعيف، بل والمنكر والموضوع على قلة.  ومهما يكن من شيء، فالأحاديث الموضوعة قليلة بالنسبة إلى جملة أحاديث الكتاب، التي تزيد عن أربعة آلاف حديث، فهي لم تَغُضَّ من قيمة الكتاب، وسنن ابن ماجه أصل من أصول السنة، وينبوع من ينابيعها.

٧– موطأ المالك تأليف  :أبو عبد الله مالك بن أنس بن مالك بن أبي عامر بن عمرو بن الحارث بن غيمان بن خثيل بن عمرو بن الحارث، الأصبحي المدني, صاحب أحد المذاهب الفقهية الأربعة،ومات في صفر سنة تسع وسبعين قال فيه الشافعي ـ رحمه الله ـ :"ما ظهر على الأرض كتاب بعد كتاب الله، أصح من كتاب مالك".  وقال البخاري عن الموطأ: "من أصح الأسانيد مالك عن نافع عن ابن عمر".  وقال الإمام مالك نفسه عن كتابه هذا: "عرضت كتابي هذا على سبعين فقيهًا من فقهاء المدينة ، فكلهم واطأني عليه فسميته الموطأ".

٨ – سنن النسائي: تأليف  :أبو عبد الرحمن أحمد بن على بن شعيب بن على بن سنان بن البحر الخراساني ولد في مدينة نساء سنة 215هـ، وفاته سنة 303هـ.  وكان شافعيَ المذهب.

٩– سنن الدارمي تأليف  :أبو محمد عبد الله بن عبد الرحمن بن برهام الدارمي السمرقندي , وُلِدَ في سنة 181هـ في سمرقند، ومات سنة255 هـ عن خمسة وسبعين سنة.

١٠ – المستدرك على الصحيحين.  الحاكم النيسابوري، محمد بن عبدالله أبو عبدالله الحاكم النيسابوري.  المستدرك على الصحيحين، ولادة المؤلف321وفاة المؤلف405 دار الكتب العلمية بيروت.  1411–1990 الطبعة الأولى عدد الأجزاء4 المحقق مصطفى عبد القادر عطا.

**سێهەم**

**بەناوبانگترین کتێب دەربارەی سیرەو بەسەرهاتەکانی ژیانی موحەممەدو هاوڕێکانی**

١/ زاد المعاد في هدي خير العباد, تأليف  :الإمام شمس الدين أبي عبد الله بن قيم الجوزية , كتاب زاد المعاد لصاحبه ابن القيم. الفقه وأصوله : السيرة والتاريخ.   الذي اشتهر بفهمه العميق ودقة صياغة عباراته ذكر فيه سيرة خير العباد محمد في غزواته وحياته وبين هديه في معيشته وعباداته ومعاملته لأصحابه وأعدائه.

٢/ **الروض الأنف: أبو القاسم عبد الرحمن بن عبد الله بن أحمد السهيلي (المتوفى : 581هـ**, دار إحياء التراث العربي، بيروت, الطبعة : الطبعة الأولى، 1421هـ/ 2000م

٣/ السيرة والتاريخ, بن هيشام ,  الامام ابى محمد بن عبدالملك بن هشام.  تقديم وتعليق طه عبدالرؤوف سعد, مطبعة الحاج عبدالسلام محمد بن شقرون مصر1971



سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com  net  org
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

٤/ الطبقات الكبرى.  البصري الزهري , محمد بن سعد بن منيع أبو عبدالله البصري الزهري.  ولادة المؤلف168 وفاة المؤلف230  دار صادر بـيروت عدد الأجزاء8
٥/ الطبري, محمد بن جرير الطبري أبو جعفري, تأريخ الطبري, تاريخ الأمم والملوك, ولادة المؤلف224 وفاة المؤلف310, الطبعة:الأولى عدد الأجزاء5, دار الكتب العلمية, بـيروت1407
٦/ ابن كثير , البداية والنهاية.  الطبعة الثالثة , دار الكتب العلمية , بـيروت 1987.
٧/ العسقلاني , أحمد بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني  الإصابة في تمييز الصحابة.  ولادة المؤلف773 وفاة المؤلف852 دار الجيل بـيروت 1412 – 1992 الطبعة الأولى عدد الأجزاء8  المحقق علي محمد البجاوي.
٨/ الجاحظ , المحاسن والاضداد, الشركة اللبنانية للنشر, طبعة 1969 فصل– محاسن التزويج
٩/ البلاذري , احمد بن يحى بن جابر البلاذري.  فتوح البلدان مطبعة القاهرة – الطبعة الثانية1956
**چوارەم : باوەڕپێکراوترین چوار ڕاڤەکارەکەی جیهانی ئیسلام (التفسير)**
١ – تفسير ابن كثير, إسماعيل بن عمر بن كثير الدمشقي أبو الفداء: تفسير القرآن العظيم, وفاة المؤلف774, عدد الأجزاء4 دار الفكر بـيروت1401.
٢ – تفسير القرطبـي، محمد بن أحمد بن أبـي بكر بن فرح أبو عبد الله القرطبـي: الجامع لأحكام القرآن.  وفاة المؤلف671، عدد الأجزاء20 المحقق أحمد عبد العليم البردوني، الطبعة الثانية، دار الشعب، القاهرة 1372.
٣ – تفسير الجلالين, السيوطي, جلال الدين محمد بن أحمد عبدالرحمن بن أبـي بكر المحلي, عدد الأجزاء:1
٤– تفسير الطبري, جامع البيان عن تأويل آي القرآن تأليف أبي جعفر محمد بن جرير الطبري المتوفى سنة 310 هـ,  قدم له الشيخ خليل الميس, ضبط وتوثيق وتخريج صدقي جميل العطار, دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع, جميع حقوق إعادة الطبع محفوظة للناشر 1415 هـ / 1995 م
**پێنجەم : سەرچاوەی هەمەجۆر**
١– السيوطي , جلال الدين محمد بن أحمد عبدالرحمن بن أبـي بكر المحلي, الاتقان في علوم القرآن, مطبعة الازهرية – قاهرة– 1318هـ.
٢– السيوطي, جلال الدين محمد بن أحمد عبدالرحمن بن أبـي بكر المحلي, تأريخ الخلفاء الطبعة الثالثة 1997 , دار المعرفة – بـيروت لبنان
٣– السيوطي, جلال الدين محمد بن أحمد عبدالرحمن بن أبـي بكر المحلي, الدر المنثور في التفسير بالمأثور منشورات مكتبة المرعشي , 1404 هـ.
٤- الواحدي، اسباب النـزول، ابو الحسن الواحدي النيسابوري، مؤسسة الحلبى بالقاهرة طبعة 1968
٥- ابن قيم الجوزية: اخبار النساء.  دار المدى للثقافة والنشر سوريا، دمشق2001ص11
٦- العسقلاني: أحمد بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني الإصابة في تمييز الصحابة.  ولادة المؤلف773 وفاة المؤلف852
٧- الشافعي, محمد بن إدريس أبو عبد الله الشافعي, أحكام القرآن, وفاة المؤلف204, عدد الأجزاء2, المحقق: عبد الغني عبد الخالق دار النشر, دار الكتب العلمية, بيروت, 1400.
٨– الشافعي, محمد بن إدريس أبو عبد الله الشافعي, مسند الشافعي, عدد الأجزاء1, دار الكتب العلمية بـيروت سنة النشر ()
٩- المنتخب من كتاب أزواج النبـي صلى الله عليه وسلم,ابوعبدالله, الزبـير بن بكار بن عبد الله بن مصعب الزبـيري أبوعبدالله وفاة المؤلف256 مؤسسة الرسالة بـيروت1403 الطبعة الأولى عدد الأجزاء 1 المحقق سكينة الشهابـي
١٠- د.  احمد عبالكريم: القلق وبعد الجنسي.  طبعة بـيروت–لبنان1996

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com  net  org
Marwan Halabjaee
www.xwdakan

١١- الفاكهي، محمد بن إسحاق بن العباس الفاكهي أبو عبد الله: مكة في قديم الدهر وحديثه. ولادة المؤلف217 وفاة المؤلف275، الطبعة الثانية عدد الأجزاء6 المحقق د. عبد الملك عبد الله دهيش، دار خضر بـيروت1414.
١٢- خليل عبداالكريم: مجتمع يثرب، العلاقة بـين الرجل والمرأة في عهدين المحمدي والخليفي. مؤسسة الانتشار العربى، بـيروت. الطبعة الثانية 1997 القاهرة، الطبعة الثانية
١٣- خليل عبداالكريم، الصحابة والصحابة، السفر الثاني، مطبعة السيناء ، القاهرة، الطبعة الاولى1997ص
١٤- عادل عبالمنعم ابو العباس: الزواج والعلاقات الجنسية في الاعلام. مكتبة القرآن للطبع والنشر– القاهرة1987
١٥- خليفات ، مروان خليفات. وركبت السفينة. مركز الغدير للدراسات الاسلامية – الطبعة الاولى1985
١٦- د. هلال عبدالحسين السلامة: القديم في الحاضر. الطبعة الثانية 2000, جامعة القاهرة, مصر
السيسلي, د. عبدالحميد السيسلي: سايكولوجية الاخلاق. الطبعة الثانية, 1980دار الكتب الاسلامية, مصر
١٧- العقيلي, شيخ سيف الدين محى الدين العقيلي: الحجاب. الطبعة السادسة, 1998 دار الكتب للطباعة والنشر, دمشق
١٨- ابن اثير: اسد الغابة في معرفة الصحابة, دار الشعب الطباعة الفنية / القاهرة 1966:
١٩- البغدادي الناسخ والمنسوخ هبة الله بن سلامة البغدادي دراسة وتحقيق: د. موس ناي علوان. دار العربـية للموسوعات– بـيروت–1989
٢٠- توفيق الفكيكى المتعة واثرها فى الاصلاح الاجتماعي. مطبوعات النجاح بالقاهرة (السنة مجهولة)
٢١- الزنجاني, تأريخ القرآن. ابي عبدالله الزنجاني. منظمة الاعلام الاسلامي. الطبعة الاولى1984.
٢٢- ابن تيمية, حجاب المرأة ولباسها في الصلاة, تحقيق محمد ناصر الدين الألبانى, المكتب الإسلامى
٢٣- عاطف سلام: فقيهات بـين السنة والشيعة، مركز الغدير للدراسات الاسلامية طبعة 2000
٢٤– د. يوسف مراد: مبادىء علم النفس العام. دارالمعارف بمصر الطبعة الثانية 1957
٢٥– المنجد , الدكتور صلاح الدين. الجنس عند العرب بغداد. طبعة الرابعة 2002
٢٦– الخالدى , د. صلاح عبدالفتاح. الخلفاء الراشدون بـين الاسقلاف والاستشهاد. دار القلم, دمشق1999
٢٧– حريتاني , د. سليمان حريتاني. الخمرة الموقف من الخمرة. دار الحصاد للنشر سوريا دمشق الطبعة الاولى 1996
٢٨– الشريف , د. محمود بن الشريف. الاسلام والحياة الجنسية. دراسة تحليلية مستمدة من قرآن الكريم مكتبة دار الكتب العلمية بـيروت, لبنان. طبعة 1988
٢٩– رضا , د. فؤاد علي رضا. من علوم القرآن. مكتبة مدبولي في القاهرة الطبعة الاولى
٣٠– النهيوم , الصادق النيهوم. الاسلام ضد الاسلام. مكتبة الاسد الوطنية , الطبعة الثانية1995
٣١– سليمان المظهر: قصة الديانات. مكتبة مدبولي , الطبعة الثانية1998
٣٢– الوردي , د. علي , وعاظ السلاطين. الطبعة الثانية, دار الكوفان – لندن 1995.
٣٣ – فيليث كامبـي: العشق الجنسى والمقدس، ترجمة: عبدالهادي عباس, الطبعة الثانية 1995, دار الحصاد للنشر والتوزيع, دمشق.

**سەرچاوە کوردییەکان**

109– شوجاعەتدینی شەفا, پيامبران در آين هاى توحيدي, وەرگێڕانی لەفارسییەوە: شازین هێرش, گۆڤاری ریفۆرم , ژمارە 7, بەهاری2005 لاپەڕەکانی22–105
110– زەردەشتی , خوێننامە. چاپی دووهەم 2004 شوێن و ساڵی چاپو چاپخانەو ناوی نوسەرەکەی دیار خواستراوە.



www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan

111 – هەڵەبجەیی , مەریوان هەڵەبجەیی, دەروازەکانی ئایین لەنێوان زەوی‌و ئاسماندا. چاپو پەخشی سەردەم , بەرگی یەکەم .2001
112 – کوردیار, کورتە مێژوویەکی نێربازی لەرۆژهەڵاتی ئیسلامدا

**فەهرەست**

چەند دێرێک سەبارەت بە چاپی هەشتەم ٣
ژن و شەرع یاخود شەرع و ژن،
دەروازەیەک بۆ سێکس و شەرع و ژن ١٢
**فەسڵی یەکەم**
**لاپەڕەکانی ٢٠ تا ٤٢**
دەرگای یەکەم : پێشدەست
دەرگای دووهەم . پیاوەکانی خودا وێنەیەک لە سێکسبازیی ئایینی:
ئیبراهیم . لووت . یەهودا حزقیال . داوود . هوشع . سلێمان .
**فەسڵی دووهەم**
**لە لاپەڕە ٤٧ تا ٧٨**
دەرگای یەکەم: گوتارەکانی سێکس و ژن لە قۆناغی مەککەدا:
دەرگای دووهەم : ئەفسانەی ئادەم و حەوا .
دەرگای سێهەم: یوسف و سیناریۆی سێکس .
دەرگای چوارهەم : هاجەر خانم .
دەرگای پێنجهەم : نەتەوەی لووت .
پاشکۆی فەسڵی دووهەم : سێکس لە بەهەشتدا .
**فەسڵی سێهەم**
**لاپەڕەکانی ٧٩ تا ١١٣**
حیجاب لەنێوان ئاکارو باوەڕی ئیسلامدا .
**فەسڵی چوارهەم**
**لە لاپەڕە ١١٤ تا ١٧٢**
دەرگای یەکەم:
هاوسەرگیری و فرەژنی وەک ئەزموونی ئیسلامی .
دەرگای دووهەم: سێکس و هاوسەرگیری پێش ئیسلام .
دەرگای سێهەم : هاوسەرگیری لە ئیسلامدا .
دەرگای چوارهەم: فرەژنی لە کلتووری ئیسلامدا .
پاشکۆی فەسڵی چوارهەم:
دادپەروەری و فرەژنی لە نێوان نەسخبوون و مانەوەی یاساکەیدا .

**فەسڵی پێنجهەم : سێکس و موحەممەد**

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا. مەریوان هەڵەبجەیی تایبەت بە کوردیپێدیا
www.kurdipedia.org

**لاپەڕەکانی ١٧٣ تا ٢٦٦**

دەرگای یەکەم:
موحەممەد لەنێوان مرۆڤایەتی و پەیامبەرایەتیدا
دەرگای دووهەم،
چەند زانیارییەکی سەرەتایی دەربارەی هەندێک لەژنەکانی موحەممەد: بەشی یەکەم
ئەو ژنانەی مارەی کردوون و لەگەڵیان جووت بووە
خەدیجە . سەودە عائیشە . حەفصە . زەینەبی کچی خوزەیمە . ئوم سەلەمە . جوەیرییە .
ڕەیحانە . ئوم حەبیبە . زەینەب، بووک و پورزای مەحەممەد . صەفییە . خەولەی کچی حەکیم .
مەیمونە . عمرە .
کۆی ئەو ژنانەی مارەی کردوون و لەگەڵیان جووت بووە
دەرگای دووهەم، بەشی دووهەم:
ئەو ژنانەی مارەی کردوون و لەگەڵیان جووەت نەبووە
ئەسماء . قوتەیلە . مەلیکە .
کۆی ئەو ژنانەی مارەی کردوون و لەگەڵیان جووت نەبووە
دەرگای دووهەم، بەشی سێهەم: کۆی ئەو ژنانەی داوای کردوون و بە هەر هۆکارێک بێت نەبوونەتە مارەبڕی موحەممەد
دەرگای دووهەم، بەشی چوارەم: خۆبەخشینی ژن بە موحەممەد
دەرگای سێهەم، بەشی یەکەم: دایکانی بڕواداران و نادیارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی موحەممەد .
دەرگای سێهەم، بەشی دووهەم : ڕووداوەکەی ماریەی قیبتی

**فەسڵی شەشەم سێکس و شەرع و ژن**

**لاپەڕەکانی ٢٦٧ تا ٣٩٧**

دەرگای یەکەم :
چەمکی زینا و پێگەی کۆمەڵایەتی و سێکسیی عائیشە
دەرگای یەکەم، بەشی یەکەم: زینا لەئیسلامدا
دەرگای یەکەم، بەشی دووهەم: عائیشەو ڕووداوی بوختان
دەرگای دووهەم: تەڵاق .
دەرگای سێهەم: مارەبەجاش
دەرگای چوارەم: ماف
دەرگای پێنجەم: دیاردەی خەتەنەکردن
دەرگای شەشەم دەرپێ و ئەوانی دیکە
دەرگای حەوتەم : مەمک و مژین
دەرگای هەشتەم: هەڵکوتینەسەر
دەرگای نۆهەم : نێرەمووکی
دەرگای دەهەم : باسەکەی عومەری کوڕی خەتتاب
پاشکۆی سێکس و شەرع و ژن
بەشی یەکەم : خالیدو شەڕی هەڵگەڕاوەکان .

سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com

بەشی دووهەم : کارەساتی حەڕڕە .

ئەنجام لە ئایەتە خوێناوییەکاندا .

**فەسڵی حەوتهەم**

**لاپەڕەکانی ٣٩٨ تا ٤٥٣**

سێکس و موتعە, وێنە نادیارەکانی لەشفرۆشی لە ئیسلامدا
جۆرەکانی موتعە لەئیسلامدا
جۆری یەکەم : موتعەی حەج
جۆری دووهەم : موتعەی ژن
چۆنایەتی زەواجی موتعە
نەسخی ئایەتەکە لەقورئاندا
نەسخی ئەیەتەکە لەسوننەدا
ئەنجام
پاشکۆی موتعە
کۆتایی
دەروازەی یەکەم ..دەروازەی دووهەم ..دەروازەی سێهەم

سەرچاوەکان و فەهرەست لاپەڕەکانی

**لەبەرهەمەکانی نوسەر**

1- وتووێژ . شیعر .
2- نامۆیی شیعر .
3- هێزە نامۆکان کتێب، لێکۆڵینەوەی پاراسایکۆلۆژی .
4- بووزا لەنێوان ئایین و فەلسەفەدا کتێب، زانستی ئایینەکان
5- حەرامەکان . قەسیدە .
6- دەروازەکانی ئایین کتێب زانستی ئایینەکان .
7- ئەشکەنجە کتێب سایکۆلۆژی بەناوی خواستراوەوە بڵاوکراونەتەوە
8- پرووپاگەندەو راگەیاندن نامیلکە، نوسین .
9- خورافە لەکۆمەڵگادا . کتێب . لێکۆڵینەوە .
10- دەرمان دەق، شانۆیی .
11 سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا کتێب، لێکۆڵینەوە .
12- خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە بۆ ئیسلام . وەرگێران .
13- خوێننامە . بەناوی خواستراوەوە بڵاوکراونەتەوە

لەگەڵ کۆمەڵێک کتێبی تر

www.xwdakan.com net org
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا . مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee www.xwdakan.com